هەر بابەتەی ئاورێك

# ئاوەژۆ

## ڕۆمان



سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

هەولێر- ٢٠١٣

ئاوەژۆ

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

هەولێر
٢٠١٣

"ئاوەژوو"پەنجاو سێییەمین پەرتووك و سێیەمین ڕۆمانی مامۆستا سەدرەدینە چاپ دەکرێت، پیت بە پیت، پڕ بە پێست، بە مەبەستی هەر حەوت پیتەکەی )گەندەژە( هاتووە، دوای "شەخەڵی داربەڕوو 4002" و "ژانی ژینگە 6002"، دێت کە بە دەگمەن لە بازاڕدا دیتران و چاپیش نەکرانەوە، بەڵام نووسەرانی لێزان لە گۆڤارەکانی ڕامان و کاروان و نووسەری نوێدا، بە باشی دەربارەیان نووسی. هەرچەندە بابەتی ناوەڕۆکی هەر سێ ڕۆمانەکەی لە یەك نزیك نین، بە دیدی من دەکرێت بڵێین لە هەرسێکیاندا ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی گرتووە، دەنگ و ڕەنگێکی ناباو، شەقڵێکی جودا و شێواز و شێوەزارێکی جیاوازی داخمە کردووە. هزری چەلەنگ و خەیاڵی شەنگ و شلکی دیارە. بیر پوخت و ناوەڕۆك نایاب و خامە بە بڕیارە. شۆخترین تایبەتمەندی، کە لە ڕۆمانەکانیدا بە ئاشکرا دەبیندرێت، زمانێکی پوخت و پەتی و پاراوە، لە ڕەوانبێژیی و جوانکاریشدا وەستایەکی هۆشیارە. لە پەیوەستکردنی دوێنی و ئەمڕۆ و بەیانیدا کارامە و بەکارە، ئاگاداری زانستی سەردەم و فۆلکلۆر و دیرۆك و شوێنەوارە. ڕەنگە بڵێم: کۆنە حەز و ئێستا کارا و دوور ڕوان و گەشبینە پترلەگوین بێت. دەستڕەنگینێکی بەستەری بیرۆکە و پاژ و سیلەکانی ڕۆمانەکانییەتی، هەر سێ ڕۆمانیشی پڕاوپڕن لە بابەتی زانیاری مرۆیی و پەیڤی نەستەق، وشەی دوو دیو، ڕستەی سێ سوو، پەڕەگرافی چوار چاو، وێڕای ئاخنینی نێوان دێرەکان بە ناوکاری تۆکمە، وەشاندنی گورزی ڕەخنەی تفت و توونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە ڕوونی پێوە دەبریسکێتەوە. بۆ چێژی مەزەداری تایبەتی کورتبڕی و درێژدادڕی دەکاتە خۆشاوی سرکەی ترشەهەناری ڕۆژ و دۆشاوی ترێی ڕەزی کۆنەساڵی قەدپاڵ. کە نووسەرێك یەك دوو بەرهەمی ناوبراو بخوێنێتەوە، بەرهەمەکانی دیکەی بەبێ ناو دەناسێتەوە.

بە دیدی من، مامۆستا لە بەیەکەوە شێلانی هزر و سۆز، لە ئاوێتەکردنی ئەندێشە و ڕاستەقینەدا لێزانە. هەرچۆنێك بێت! زۆرینەی نەهامەتی و گەرمەکێشە و ساردە دەردەکانی کۆمەڵگەی خۆمان و بڕێکی جیهانیش لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

بە هزری من ئەوەی پتر خۆشی بەخشە لەم نووسینەیدا، بینینی سیناریۆی کۆمیدی تراژیدیی، یا تراژیدیایەکی کۆمیدییە. زۆرتریش لە فیلمی بیندراو دەکات. وادەزانم ئەمەیانی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و پاراسایکۆلۆژی و ئابووری و هۆشیاری گشتی، دۆزینەوە و نۆژەنکرنەوەی زاراوەی ڕەسەندا باڵا بڵندە. ناوی کارەکتەرەکانیشی بە سەلیقەیەکی کەم وێنە هەڵبژاردووە.

پ. د. عومەر پەتی
21 /21/ 2102- هەولێر

هەربابەتەی ئاوڕێك

رۆمـــان

# ئاوەژۆ

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

هەولێر- ٢٠١٣

نـــــــــــــــاوی پـــەرتـــووك: رۆمانی: ئاوەژۆ
نـــــــــــــــــــــــووسەر: سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر
پیتچن، هەڵەبڕ، نەخشەسازی: نووسەر
ئەرکی چـــــــــاپکردنی: نووسەر
تـــــــــــــــــــــــیراژ: ٢٠٠٠
چـــــــــــاپخـــانەی: رۆژهەڵات
نـــــــــــــــــــــــرخ: ٤٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٥٤) ی ساڵی ٢٠١٣ی پێ دراوە

## پەیڤێک

"ئاوەژوو"، پەنجا و سێیەمین پەرتووك و سـێیەمین ڕۆمـانی مامۆسـتا سـەدرەدینە چـاپ دەکرێت، پیت بە پیت، پڕ بە پێست، بە مەبەستی هەر حـەوت پیتەکـەی (گەنـدەژە) هـاتووە، دوای "شەخەڵی داربەڕوو ٢٠٠٤" و "ژوانی ژینگە ٢٠٠٦"دێت، کە بـە دەگمـەن لـە بـازاڕدا دیتران و چاپیش نەکرانەوە، بەڵام نووسەرانی لێزان لە گۆڤارەکانی رامان و کـاروان و نووسـەری نوێدا، بە باشی دەربارەیان نووسی.

هەرچەندە بابەتی ناوەرۆکی هەر سێ ڕۆمانەکەی لە یەك نزیك نین، بە دیدی مـن دەکرێـت بڵێین لە هەرسێکیاندا ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی گرتووە، دەنگ و رەنگێکی ناباو، شەقڵێکی جودا و شێواز و شێوەزارێکی جیاوازی داخمـە کـردووە. هـزری چـەلەنگ و خـەیاڵی شـەنگ و شلکی دیارە. بیر پوخـت و نـاوەرۆك نـایاب و خامـە بـە بڕیـارە. بابـەتی بایەخـدار دەکاتـە دەستکەلا و لە هیری خۆیدا بە پل راستی (تکە)کان هەڵدەگرێت. شۆخترین تایبەتمەندی، کە لـە ڕۆمانەکانیدا بە ئاشکرا دەبیندرێت، زمانێکی تا بڵێی پوخت و پەتی و پاراوە، لە رەوانبێژیی و جوانکاریشدا وەستایەکی هۆشیارە. لە پەیوەستکردنی دوێنـی و ئـەمڕۆ و بەیانیـدا کارامـە و بەکارە، ئاگاداری زانستی سەردەم و فۆلکلۆر و دێرۆك و شوێنەوارە. رەنگە بڵێم: کۆنـە حـەز و ئێستا کارا و دوور روان و گەشبینە پترلەگوین بێت. دەسترەنگینێکی بەستەری بیرۆکە و پـاژ و سیلەکانی ڕۆمانەکانییەتی، هەر سێ ڕۆمانیشی پڕاوپڕن لە بابـەتی زانیـاری مرۆیـی و پـەیڤی نەستەق، وشەی دوو دیو، رستەی سێ سـوو، پـەرەگرافی چـوار چـاو، وێـرای ئـاخنینی نێـوان دێرەکـان بـە ناوکـاری تۆکمـە، وەشـاندنی گـورزی رەخنـەی تفـت و تـوونی راسـتەوخۆ و ناراستەوخۆیان بـە روونـی پێـوە دەبریسـکێتەوە. بـۆ چـێژی مـەزەداری تایبـەتی کـورتبڕی و درێژدادڕی دەکاتـە خـۆشاوی سـرکەی ترشـەهەناری رۆژ و دۆشـاوی ترێـی رەزی کۆنەسـاڵی قەدپاڵ. کـە نـووسەرێك یەك دوو بـەرهەمی ناوبراو بخـوێنێتەوە، بەرهەمەکـانی دیکـەی بەبـێ نـاو دەناسێتەوە.

به دیدی من، مامۆستا ئـــاگاداری هونەری چنینی رۆمانە. لە بەیەکـەوە شـێلانی هـزر و سۆز، لە ئاوێتەکردنی ئەندێشە و راستەقینەدا لێزانە. هـەر بەشـێکی رۆمانـەکانی چـیرۆکێکی سەربەخۆیە، کەچی تەواو کەری یەکدیشن. هەرچەندە ئەو خۆی پشوودرێژ دەردەخات، بەڵام ناوە ناوە خۆشرەوی و بەلەزی و هەڵچوونی پێـوە دیـارە. هەرچـۆنێك بێـت! زۆرینـەی نەهامـەتی و گەرمەکێشە و ساردە دەردەکانی کۆمەڵگەی خۆمـان و برێکـی جیهـانیش لـە بەرهەمەکانیـدا رەنگدەداتەوە. ناوی کارەکتەرەکانیشی بە سەلیقەیەکی کەم وێنە هەڵبژاردووە.

بە هزری من ئەوەی پتر خۆشـی بەخشـە لـەم نووسـینەیدا، بینینـی سـیناریۆی کۆمیـدی تراژیدیی، یا تراژیدیایەکی کۆمیدییە. زۆرتریش لە فیلمی بیندراو دەکـات. وادەزانم ئەمـەیانی لە بوارەکـانی کۆمەڵناسـی و دەروونزانـی و پاراسـایکۆلۆژی و ئـابووری و هۆشـیاری گشـتی، دۆزینەوە و نۆژەنکرنەوەی زاراوەی رەسەندا گەلێك باڵا بڵندترە، بە کوردییەکەی خۆمان:

"دانسقەیەکی گەوهەرین، خەنجەرێکی جەوهەرداری نەترس، کەشتییەکی گشتگرترە"

ئەوەش بخەینەوە بەرچاو کە لە پەرتووکی "بـەرکوتێکی مەتـەڵی فۆلکلـۆری کـوردی" دا سەرچاوەیەکی نایابی خستۆتە پەرتووکخانەی کوردییەوە. "مرۆڤاو"یشی لە بابـەتی پەخشـانی کوردیدا درەوشاوەیە، وێڕای پەرتووکی "هونەری یـادەوەریی تۆمـارکردن"، ((هونـەری رۆمـان نووسین) . ((هونەری نووسینی چیرۆکی منداڵان)) ی لە گۆڤاری رامان بە زنجیرە، چەندین دەق و پەیجۆری[1] فۆلکلۆری، لـە گۆڤـاری ئاسـۆی فۆلکلـۆردا بڵاوکراوەتـەوە. لـە چـاپکردنی بابەتـە زانستییەکانیشدا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی " دەرد و نەخۆشییەکانی رووەك"،" هـەنگ بەخێوکردن"... لە دەیان سەرچـاوەی دیکـەی ئەکادیمیـدا، پێشـەنگە. دەستخۆشـی لـە کـاك سەدرەدین دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە بەپێزەی، خوازیارین ئەمەیان دوایین بەرهـەمی نـەبێت. لـە کارە پێشەنگەکانی، لە رەوانبێژی و رۆشـنکاریدا هەمیشـە کـارا و بـەکار بێـت. لـە یـەکتای بێهاوتایش دەپارێینەوە تەندروست و تەمەندرێژی بکات.

پ. د. عومەر پەتی
١٢ /١٢/ ٢٠١٢- هەولێر

---

١ - پەیجۆری: تۆژینەوە، لێکۆڵینەوە.

# ١- دەردە داڵ

د. شالیار کالیار کەمۆ، دکتۆرێکی زانکۆیە. لە یەکەم ساتی ساڵی نوێی خوێندندا، وەك کەسایەتییەکی جیهانی دەردەکەوێت. ساڵانە، بۆ ئەوەی خوێندکارە نوێیەکانی بە نوێخوازی و نوێکاری و نوێپەروەری پەروەردە بکات. لە سەرەتای کردنەوەی هۆڵ و پۆڵی قۆناغەکانی خوێندن، بە تایبەتی لە قۆناغی یەکەمدا، گورجوگۆڵ و زۆر کار و کەم کات و کشت و وشت و وریا و زێدە ژیر دەکەوێتە بەرچاو.

دکتۆری نوێخواز لە هۆڵی خوێندندا بە دەنگێکی نێرانەوە: "لەم سەردەمە پڕ زانستییەدا، کە خێرایی نوێ و نوێ بوونەوەی زانستەکان بێئەندازە تیژباڵ و رەوهان و خۆشڕەون. ئەم زانستەی دوێنێ کەوتە بازاڕەوە ئەمڕۆ پەڕپووت و گەنیوە. بۆ کۆنە فەرمانگە و کارمەندە کلاسیکییەکان و نیوداشتگێڕ و لەنگە فرۆشان نەبێت، بۆ کەسی دیکە دەست نادات. هەرگیزاوهەرگیز نابێت دکتۆرانی ئەکادیمی و پرۆفیسۆرانی زانکۆ لەم رەوتی نوێگەری و تیژڕەوییەوە دابڕێن.

دەبێت رۆژ و شەو بە دوای زانستی نوێدا بگەڕێن، نوێ و نوێ... نوێ و نوێخوازی. ئەگەر سەرچاوەی زانستی زۆر زۆر... گەلێك گەلێك... فرە فرە... مشە مشە نوێ و تاك و پاك و بەڵگەداری پشتەستوور و بڕوا پێکراو نەبێت، لە سەرچاوەی زانکۆیەکی جیهانی ناودارەوە هەڵنەقولابێت، لە ژێر سەرپەرشتی پ.د. (پرۆفیسۆرێکی دکتۆر)ی بلیمەت و ناوداری وەك خۆم، لیژنەیەکی ئەکادیمی هۆشیار هەڵبژ و دابڕ نەکرابێت، ئەوا، من، من... بە سەرچاوەی دانانێم و ناشیخوێنمەوە. (بە مکوڕییەوە[٢]) سەردەمی نوێ واتە: سەرچاوەی نوێ... سەروچاوی نوێ، وزە و توانا و تابشتی نوێ، کار و داهێنان و بەرهەمی نوێ و نوێتر. وەك دەڵێن ((باشتر لە پاشتر)). ئەگەر زانکۆ لە داهێنانی نوێ و پیر گەنجکردنەوە، نوێ و نوێخوازی دواکەوت، ئەوا دەبێتە کۆنە پەرۆ و کلاشی پەڕۆیین و لەپێدەکرێت. بۆیە دابخرێت گەلێك باشترە.".

---

٢ - بە مکوڕییەوە: بە پێداگرییەوە، بە دڵنیاییەوە. بە رشتییەوە. مکورتر: سووربوونتر لەسەر.

د. (دکتۆر) بە موکڕی دووپات و دەپاتی دەکردەوە و دەیفەرموو: "بڕوانامەی دکتۆرا و پلەی پرۆفیسۆری (د. پ.) پێوەرن. (پ. د.) پێ و داڵ (پرۆفیسور دکتۆر)، چاو و دڵ و سەرمایەی هیشکە[3] و چەکی تەڕدەست و بەردەستن، ڕووناکین، کلیلن، شەش دەرگەی زانست و حەوت دەرگەی بەهەشت دەکەنەوە. داڵ و پا، دایك و باوکی گشت پیتەکانی ناو پەرتووکانن.

بۆ بەرژەوەندی خۆتان و دەوروبەر و وڵاتەکەتان داواتان لێ دەکەم: بە وشتی و وشیاری چاوتان بکەنەوە، دەوروبەرتان ببینن! سەیری ڕۆشنایی و رووناکبیری و پێشکەوتنی گەلان بکەن. ئەوان لەنێو هەسارەکاندا گەشت و گەشتیاری دەکەن، کەچی ئێوەی میزە حوشتر، هەمیشە ڕووەو پاشەوەن، ئاوڕێکیش لە پاشەڵی خۆتان نادەنەوە. ئەوەی داڵی نەبێ، چۆن نرخی داڵ دەدات؟ کووکوویی داڵپەروەر و داڵدەدەر و داڵگە و داڵ و پا ناس دەبێت؟".

(باسی نوێژ و ڕۆژوو و حەج و ئایین و ئاییندارى، ڕۆژی پسلان و پردی سیڕات، پێکهاتە و توێژ و چینەکانی زەوی، ئەتۆم، ناوکە خانە، شانە، پێکهاتە و توێکاری و کار ئەندامی و کۆئەندامەکانی لەشی مرۆ، ڕووەك، بەکتریا، ڤایرۆس بوایە، باسی گەردوون، دەروونزانی، کۆمەڵناسی بخوێندرابوایەوە. دکتۆریش پەشتەکەی[4] خۆی کشت[5] و کشتر دەکردەوە، نەك لە دووبارە و دوولا[6] و سێ لا کردنەوەی بۆ چوونەکانی وەڕس نەدەبوو، بەڵکو جار لە دوای جار لەسەری مکوڕتریش دەبوو. رشت و رشتتر ڕستەکانی خۆی بە باریکان و بە ئەستوورانەوە دەڕستەوە. لەکەڵی شەیتان نەدەهاتە خوارەوە. بەبڕواوە، دووبارە و سێ بارە سوورتر جەختی لەسەر بۆچوونی خۆی دەکردەوە.

دکتۆر خوازیاربوو نازناوی (د. شالیاری نوێخواز)ی پێوە بلکێنن. ئەگەر بە تیز و تەوسەوە، بە مێخ و مێخزنجیر داکوتان و تەوردان[7] و پەلار لێدانیش بوایە، هەر حەزی دەکرد ڕۆژانە چەند جارێك پێی بڵێن: "پرۆفیسۆری نوێزان، دکتۆری نوێخواز.".

---

٣- سەرمایەی هیشکە: دراوی کاش. زێڕ و پارەی شیکی بەردەست.

٤- پەشتەك: پەشت، ریس، بەن، خوری رستراو.

٥- کشت: دژی خاو. ریس و بەنی زۆر بادراو. چوست وچالاك.

٦- دوولا : ریس و داوێك کە دوو داو بەیەکەوە بادرابنەوە و هەڵکرابنەوە.

٧ - تەوردان: راتەوراندن. بەستنەوەی ولاخ بە گوریس، بۆ ئەوەی لە رووبەرێکی دیاریکراودا بلەوەڕێت. بە ویستی خۆی نەلەوەڕێت و نەروات.

بۆ بەدبەختی دکتۆر، هەر لە هەفتــەی یەکەمــدا، خوێنــدکارانی ســاڵانی پێشــتر، خۆیــان دەگەیاندە نوێیەکان و مێشکیان ئاوددان. نوێخوازییەکانی دکتۆریان دەخستە خانەی کۆنینە و لەنگە بە نــوێ فرۆشی. دکتــۆریان بە سەربەتاڵ و زمــان کورت و رەنج بە (با) دەردەخست.

دکتۆریش لە لاڕا دەیبیستەوە، کە لە ناو خوێنکاراندا نازناوی بووەتە "چـوار رووی نـوێ، جـوامێری هـەرزەکار، نەخوێنـدەواری نائاگـا، فیشـۆ و فشـەکەری نـوێزاد، دەم تـەوری تیـژ، مامۆستای درۆزان، سەروەستای ماستاوزان، چواڵەی پووچەڵ، بەردە مـردە[8]، پیـاوە پووکەکـە. مێشك کۆڵ و کوژایەوە، شێتۆکەی خۆ بە زانا دانا، پفدانکی سەردەم.".

ئەگەر هەر یەکێکی دیکە لە جێگـەی ئـەو بوایـە، ئـەوا زمـانی خـۆی دەبـڕی، کەچـی جوامێری زانست ویست و نەبەز و نوێکـار، خـووی پێوەگرتبـوو، سـارد بوونـەوەی نـەبوو. لـە تەنیاییدا هەمیشـە مێشـکی خـەریکی پـلان و ڕاو و ڕاوە و تەپکـە دانانـەوە و نێچـیر گـرتن و سەربـڕین و رووتـاندنەوە بوو... رووبەڕووش گلەیی لە دەسـت ارزۆری و کەمکاتی دەردەبڕی.

خوێندکارانی گەپچاڕیش لابەلا: "داڵ (د. دکتۆر)، ڕاست دەفەرمووێت، چـونکە هەمیشـە سەرقاڵ و پڕکار و گرانبار دیارە. گازانـدە لـە کـات و لـە بێکـاتی دەکـات. کاتەکـەی بەشـی پیلانگێڕان و تەپکـە دانانـەوە و پاشـگری و پێشـگری و پانکردنـەوە و زمـان سـووین و چـاڵ هەڵکەندن و بەربەست دامەزراندن، کۆسپ چەسپاندن و هەڵبەستە و تـەون هەڵبەسـتن و رایـەخ راخستن و تەڕەساز و پیرخەنی و مادە[9] دروستکردن و مادەلایی و بەردبژێری ناکات."

دکتۆر بە کشتی دەردەکەوێت، لەبەر خۆیەوە: ئەوەی (پ.د.)ی نەبێت، تاوانە، گومڕییە. نەك هەر دزی و ڕێگری و جەردەییە، بەڵکو کۆمەڵ کـوژی و زنـدوو نێژییـە، لـە خـودا یـاخی بوونە. خۆنەناسی و بێ شەرمییەکی گەورە دەکات، ئەگەر خۆی بە خوێندەوار بزانێت، نەخاسمـە دەست بکاتە پێنووس و دەم لە نووسین بکوتێت.

---

٨ – بەردەمــــردە: تــۆوی جۆرە رووەکێکی وەك گۆرمزەیە. جۆرە بەردێکی وەك تەمۆخ وایە لــە کەســتەك رەقــتر و لــە بــەرد ناسکترە. نەخۆڵ و نە بەرد.

٩ – مــــادە: ئەستوورکە تەندوری، کولێرە. نان.

دکتۆری دێوانەی (داڵ)ی شیرینی دڵبەر و شـەیدای (پـا)ی پایەبـەرزی و رووەتیـی[10]، لـە هەموو ژوورەکانی ماڵەوەیاندا، چەندین ئاوێنەی باڵانوێنی بەرامبەر داڵی مـەزنی هەڵواسـراوی بە جۆرێك دانابوو، داڵیان لە یەکدی وەردەگرت و دوور و نزیك و گەورە و بچووکیان دەکـردەوە. شـالیاری لێواولێو ئومێد، ئەویندار و دینی داڵ، ئەو داڵەی لە خۆی و لـە هـەموو کەسـوکاری پتر خۆشدەویست. داڵی دڵخۆشی و خۆشەوی، داپۆشەری کەم و کورتی ناخ، دالی باڵایی، داڵـی ناوداریی، داڵی نان و گیرفان و داڵی مەتاڵی نەزانی و تاڵی... لە قـووڵایی دڵـەوە دەیفـەرموو: "دەبێت دۆست و دوژمـن بـزانن مـن داڵی مـەزنم و داڵـدار و خـاوەن داڵم.". نـاوی خـۆی بە گەورەیی، بە داڵی ئەستوور و خاڵدارەوە... داڵی بە وێنە و بـە پیـت و بـە وشـە، لـە سـەر ملپێچ و گوڵەکـوتاڵی ئەرخەوانی بان بەرکە چـکۆلەی سـەردڵی، مـەدالیای دەسـتی، لەسـەر جانتا و شەپقە و کڵاوی سەری نووسیبوو، بە جـوان نووسـییەکی دەگمـەنیش لەسـەر کێلێکـی مەرمەری ڕێرێـی سـەوزباو هەڵکەنـدبوو، بەردەنووسـراوەکە لەسـەر تەنیشـتەوە، سـێ بەشـی مێزەکەی داگیر کردبوو، دەپی ڕاگەیاندنی، دالانی کۆلیژەکەیشی بە داڵان نەخشـاندبوو. لەسـەر دیواری خانووی پێشەوەی گەڕەك و سـەرەتای کۆڵانەکـەیان، لەسـەر دەرگـای مـاڵ، لـە ژووری میوانان و هۆدەی نووستن و ناندین و سەرشۆرك و لە سەر دەستشـۆر، لـە دەرگـای بانـەوە، لـە تەنیشتی هەموو پایەکانی پەیژەی ژوورەوەدا (د.) نووسرابوو.

داڵ و ناوی خـۆی لەسـەر پارچـە کانزایـەکی هێنـدەی ناولـەپێك نووسـیبوو، کردبوویـە ملوانکەو هەمیشە لە ملی بوو. بۆ هەر شوێنێك بڕۆیشتایە، لەهەر جێگەیەك دانیشـتایە، بـە دەستی گەمەی بە داڵەکەی ملی دەکرد و بە خەڵکی پیشان دەدا.

زۆر بە تاسەبوو، داڵ بە چەندین شێواز و چەندین زمانی جیهانی و ناوچەیی لەسـەر پارچـە کوتاڵی گەورە و ڕەنگاوڕەنگ بنووسرێت و بە دوو کەس هەڵیبگرن و لە پێشی بە شـەقامەکاندا بڕۆن. هەرچەندە ئەم کـارە کەس نەکردە بوو، بەڵام ئـەو بـە ڕەوا و شـایان، بـە مەزنایـەتی و ئازایی و ئازادی ڕادەربڕین و نیشانەی زانسـتپەروەری و ڕۆشـنبیری خـۆی و هۆشـیارکردنەوەی دەوروبەری دەزانی. بیرۆکەکەی بۆ ئەو کاتە هەڵگرتبوو، تا لەم نزیکانـە(پ.: پرۆفیسـۆر) پێیـە

[10] - رووەتی: رووسووری، سەربەرزی.

زێڕینەکەش دابین دەکات، ئینجا... مەرج نییە هەر ئەو چاو لە خەڵك بکات. ئەو داڵدارە، بۆیە دەبێت خەڵکی خاکی و پارەدارە بێداڵەکان چاو لە ئەو بکەن و شوێن پێی ئـەو بگـرن. کەسـێك داڵی هەبێت، نابێت کەس قسە لە قسەی بکات. گەلێك لەوە گەورەترە کـە هەرچـی و پەرچـی هیچ و پووچ، رەخنەی لێبگرن. نەخاسمە لەگەڵ رەش و رووتاندا بکەوێتە گفتوگۆ.

داڵ، داڵی ئەفسوناوی، لە ئەندازە بەدەر، دڵی دکتۆری خۆش دەکـرد. لـەلای ئـەو، (د.) تەلەسمی بەختیاری و بەختەوەری و خەمڕەوێن بوو. لـەو بڕوایـەدا بـوو لـە ڕۆژی پەسلاّنیشـدا، داڵدارەکان پێشگەلەن و پردی سیراتیان بۆ پان و بەرین دەکرێت... "ئەدی ئەوە نییە خـودا بـە گەورەیی خۆی، لە کتێبە پیرۆزەکانیدا، زانایان بە چراو و رابەر و چاکساز ناودێنێت، نەزانانیش بە کوێر و مێشك تاریك... کەچی ئەم پیسکە و پووتـە و پووچـانەی خۆمـان، داڵـی زانـایی و خاوەنەکەی بچکۆلە دەکەنەوە. پزیشکۆڵەی ژن و منداڵان، ددانساز و دەرمانفرۆشانیش، لـەبری بەیتار و نوشدار و دەرمانفرۆشی (د.) پیرۆز لەپێش ناوە زڕاوەکانیان دەنووسن.".

جار جارە، بەبزە و ڕووگەشییەوە، داڵە گەورە و پیرۆزەکەی کردبوویـە گەردانـەی گـەردنی، بەرزی دەکردەوە و ماچی دەکرد، بـە شـادییەکی لـە رادەبـەدەر: " نـەزانن، ((نرخـی زێـر لای زێڕینگرە)). چی بکەم، ئێمە هەیاسێك، دوڕ و ئەڵماس ناسێکمان نییە.".

هەندێك جاریش لە تەنیاییدا، لە ناخـەوە بـۆ سەرشـینی [11] و بـەخت نـەیاری خـۆی، بـۆ شینە[12] داڵەکەی شینی دەگێڕا.

زۆر جار هەر لە خۆیەوە، بێپێویستی و بێپەیوەست، بە دەنگـی بـەرز، لـە بنـی سـکیەوە دەیگوت: "من دکتۆرم. منی دکتۆر. ئێمـەی دکتـۆرانی زانکـۆ. مـەمانانی ئـەکادیمی... لـە هەندەران، لە زانکۆ هەرە پێشکەوتووە پڕشنگدارەکان، لە وڵاتە زلهێز و هـەرە پێشـەنگەکاندا، سەرۆك کۆمار، سەر بۆ دکتۆری زانکۆ دادەنەوێنێـت. لە شەقامە گشتیی و ڕێگـا خێراکانـدا، خەڵك بۆ دکتۆرانی ئەکادیمی. بۆ توێژەرانی وەك مـەمانان، دەسـت لەسـەر سـنگ دەوەسـتن و گڵۆپی سووری تێپەڕین لە شەشریان دادەگیرسێنن، تا خاوەن (داڵ و پێیەکان) تێـــدەپەڕن.".

---

١١- بـۆ سەرشینی: بۆ چارەڕەشی، بۆ سەر بەقوڕی. سەربەشین: خەمگین و پرسەدار.

١٢- شـینەپیـــاو: پیاوێکی زل، زەبەلاح. فیلە پیاو، حوجە پیاو.

لەبەر کلك و سەری کەسانی دەستداری دکتۆر، کەس نەدەوێرا لە پاشملەیشی بڵێت: "ئەم پیاوە لێی گۆڕاوە، ئەم دکتۆرە تێك چووە، ئەم بەڵایە لابەلایە، لەمە چیتر دەستیان لێ وەشاندووە، ژنی لێیان هێناوە[13]. بەم شێت و شوورییەیەوە خەریکە خۆی و دەوروبەرەکەی ئاگردەدات. ئەگەر دەرمانی هەبێت، ئەوا هەر چەند زووتر چارەی بکرێت هێشتا هەر درەنگە.".

چەندین جار لە گۆڕەپانی زانکۆدا، خوێندکارێك بە بەرچاوی ئەوانی دیکەوە، بە بیانووی جۆراوجۆر ڕێی بە دکتۆر دەگرت و لەبری بڵێت (دکتۆر) بە ئەنقەست بە دەنگی بەرز دەیگوت: "د. مامۆستا، دکتۆری پادار". جارێك دکتۆر دەروەستی خۆی نەهات، زۆر بە زەقی چاوی لێی سوورکردەوە و نەڕاندی: "هەی کەمزادەی بێشەرم... هەی بێنرخی ناوەرۆك پووچ، هەی...". خوێندکارێکی دیکە بە دڵ پاکی نواندنەوە، دەیگوت: "ئەگەر بزانین بە داڵ و بە دکتۆر پێت خۆش نەبێت، ئەوا دەبێت بڵێین ((مامۆستا)). تۆ ڕابەر و گەورەمانی، کامەیانت لە لا خۆشە؟ بەو ناوە ناوت دێنین.".

دکتۆر نەیدەتوانی بە وشەی مامۆستا ڕازی بێت، لە دڵەوە: "گەر بڵێن مامۆستا، ئەوا مەبەستیانە دکتۆرایەکەی من بشارنەوە، من گەلێك لە مامۆستایانی تەکیە و مزگەوت و خوێندنگە و ماستەرەکانی زانکۆ، مەزنترم.". دکتۆری دانا، بێ وەڵام دانەوە ڕووی گرژی وەردەگێڕا و تێدەپەڕی. لەبەر خۆیەوە بە دەنگی بەرز: "ئەوەی لەگەڵ سەردەم هەڵنەکات و نرخی کات نەزانێت، دۆڕاوە. دوارۆژی مرۆی بێپاو بێداڵیش ... سەر و پا پەڕاوە!".

د. شالیار لە ژووری وانەدا بە فیزێکەوە: "من لە یۆنان و ئیتالیا و فەرەنگستان و بەریتانیای مەزندا ژیاوم. لەوێ... لای ئەوان، دکتۆر لە تاوەری ئیڤل بەرزتر و لە دێر و پردی کەڤنار پیرۆزترە، بیر ڕۆشنکەر و ڕێپیشاندەر و پایەی پێگەیاندن و پردی گەیاندنی زانستە. چرای نەکوژاوەیە، ئەوەی بە هۆش سەرنەکەوێتە سەر تاوەر و بەسەر بەرزە پردی زانست تێنەپەڕێت، شوێنەوارەکانی یۆنان و ڕۆمان نەبینێت، ئەوا ماڵی گۆڕە و دانیشتووی گەرەکێکی گۆڕستانە. خۆم ئاگادارم لە کالیفۆرنیا و ئۆتاوا و بەرلین و دبلن و ڕۆما و سویسلاند و

---

13- ژنی لێیان هێناوە: بووەتە خزمی جنۆکان، ئیتر ناگەڕێتەوە سەر دۆخی مرۆڤان، چاك نابێتەوە.

ستۆكهۆلم و ئەسینا و لینینگرادا، سێبەری هیچ كەسێك هێنـدەی سـێبەری دكتـۆری ئـەكادیمی مەزن و پانوپۆڕ نییە!. كە گوتت ((ئەكادیمیكار)) هیچ كەسێك بەرامبەرت نایەتە گۆ. قسە لـە قسەی ئەكادیمیكاران ناكرێت.".

خویندكارێك بە گێلی نواندنەوە: "ئێ ئێ... ئێستا زانیم بۆچـی لـە كاوڵگەكـەی ئێمـەدا تاوەری بەرز دروست ناكەن! چونكە.".

یەكێكی دیكە: "دكتۆر لە هەڵاتنی خۆرەوە تاكو ئاوابوونی، لە هـەموو كـاتێكی رۆژدا ئـەوان سێبەرەكانیان هەر گەورەیە؟ یا سەر لە بەیانی خۆیـان مـەزن دەبیـنن و لـە نیـوەڕۆدا بچـووك دەبنەوە؟".

دكتۆری گرگرتوو: "تا ئەم گـەورە، بیرگـەنیوی ورگـن و كورتـە بنـەی بابردەڵـە و لـۆقنی سەربەتاڵی تێدابێت، لەمە باشتر نابێت. (چاوی بە چاوی یەكەیەكەیاندا دەخشاند. بە دەنگێكی پڕ كەسەرەوە) ئاخۆ لە تاریكە شەودا سێبەری حوج و خێویش دەردەكەوێت؟... كەر و شـێر لـە یەكدی جوودادەكرێنەوە؟".

باری دەروونی شالیار گەلێك جـێگیر نـەبوو، وادەبـوو لەگـەڵ خۆشـی دووشـكدەبوو. بـە پەشێوی و پشوو هەڵماوییەوە لەبەرخۆیەوە: "ئـەو هـەتیوە ماسـتەر و دكتـۆرە نەدیوبدیانـەی ئێستا بـەرێوەن، خـەریكن... ئەگـەر پێبگـەن، ئـەوا ئێمـە باومـان نامێنێـت. خۆرمـان لـە چێشتەنگاوەوە لێ ئاوادەبێت. ئێكسپایەر و حەمبارەسۆت دەبین. لە شوێنی خۆمانـەوە دەبینـە جۆكەری تۆپیو. لام روونە بـە رووبارانمـان دادەدەن. بۆیـە نابێـت زیـرەك و لێ هـــاتووەكانیان بگەنە سەر كورسی خوێندنی باڵا. ئەگەر گای ملەوەزیشیان پشت بوو و وەرگیران، ئەوا دەبێـت بیانخەینە سەر بابەتی بێ كاكڵ و و بێكەلك و رۆژ بەسەرچووی، وەك:

((چی لەسەر كێڵی گۆڕ و لە گۆڕستانەكاندا نووسـراوە. گووخلێنـە[١٤] كـەی و چـۆن زاوزێ دەكات. رۆڵی نزا و نووشـتەكاری لـە چـاككردنەوەی نەخۆشـییە بـێ چـارەكاندا.)) تابكرێـت بڕوانامە بدرێتە نەخوێندەوار و مێشك داخراوەكانیـان، پاشـەڵ پـیس و پێگـە شـل و پـــاشۆل

١٤- گـووخلێنە: قالۆنچەی ریخ و تەرس و پیسایی. أبو جعل المقدس.

کونەکانیان بگەن[15]. بۆ ئەوەی نەتوانن پێگە و جێگەمان پێ لەق بکەن. چونکە ئـەوان نـاتوانن پێ بنێنە سەر شان و سەری ئێمە و ببنە چاوساغی کەر و گـــوێرەکان.".

شالیار: زۆرجار لـە بۆنـەکانی بەیـەك گەیشـتن و کۆبوونـەوەی دەر و دراوسـێ و کـەس و ناسیاوانیدا، ئەگەر ئاگادارێکی ئاست بەرز لەوێ نەبوایە، هەلەکەی دەقۆسـتەوە، دەرفـەتی بـۆ هیچ کەس نەدەهێشتەوە. دەستی بە داڵەکەی ملی دادەهێنا و بـە دڵنیاییـەوە هـەرجارەی بـە جۆرێك دەیفەرموو: "من ئەو کەتە هەڵکەوتووەم، لە هەڵکـەوتێکی هـەموار، لـە دەرفـەتێکی لەباردا، هەر بە چەرخەڵەکردنێك، بە چەکماخەدانی داهێنانێکی بچووك، گۆڕانکارییەکی هێندە مەزن و پڕگوڕ لە کۆمەڵگەدا دێنمە کایەوە، کە بەگەنجینە و لەشکر و کۆششی وڵاتێکی گـەورە لە ماوەی چـەرخێکدا نـەکرێت. (زۆر جـاریش بـە بـزەی بـزۆت و قسـەی نـاخ بزوێنـەوە، بـە فەلسەفەوە دەیفـەرموو): پەیـدابوون و سـەرهەڵدان و هەڵچـوون، کـەوتن و رابوونـەوەی مـرۆ، پەیوەستە بە ((ئاو و ئاگر و (با) و گڵ))ەوە... ئەمرۆ ئێمە لە ئاسمـان و زەوی خۆمانـدا ئـاو و ئاگر و گڵ و (با)مان هەیە، تەنیا گرتنـەوە و تێـك شـێلان و دروسـتکردنەوەکەی وەسـتایەکی زانای دەوێت. (بەزەردەخەنەی سەرکەوتن و شادیی بردنەوە): هەندە کارەکە رایی دەبێت[16].".

شالیاری داڵباز و خولیای نوێخوازی، دەیان جار بە گوێی خزمانی دادابوو، کە ئەو وێڵـی کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانستیە. بە تەمای چەندین پرۆژەی زۆر مەزنە. ئەگەر چاوگ و ژێدەری باشی دەست بکەوێت و هاندەری دڵسوزی هەبێت، ئەوا ئەو لە میانی زانستەوە، لە زانکۆ و لـە دەرەوەشیدا، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی زۆر گەورە لە رێرەوی بیرکردنەوە و هزر بـەکارهێنان، لـە کۆمەڵگەکەیدا، لە چەندین بواردا دێنێتەکایەوە.

پیاوێکی پڕ بەهرە و بیر فراوانە، تارمایی گەلێك بچووك، شتی زۆر درشت و گـەلێك ورد، لە دوور و لە نزیکەوە بە روونـی دەبینێـت. هـــەستی شـــەشەمی لـــە رادەبـــەدەر ئەنگێوەیـە. سادەیی و خۆشکاندنەوەی رەچاو نەکردابوایە، دەیگوت هەستی حەوتەم و هەشتەمیشـم هەیـە. ئەگەر دەوروبەری نارێك، ژیان و ژینگەی تاریك نەکەن و سەری لێ تێك نەدەن، بەربەسـتی بـۆ

---

١٥- بگـــــەن: پێبگەن.

١٦- رایی دەبێت: پێکدێت، رێکدەکەوێت. هەڵدەسوورێت.

نەنێنەوە، ئەوا ئەو هیچی لەوانە کەمتر نییە کە ڕەوتی کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری هەر حەوت کێشوەردا دەگۆڕن. ئەگەر بە ئێرەیی، تەگەرەی بۆ دروست نەکەن، ئەوا ئەو تەقینەوەیەك دەتەقێتەوە کە کۆمەڵگە سەراوبن بکات. کۆنینە و داب و نەریت و نەخۆشی و نەداری و نەخوێندەواری و کەرایەتی ژێر دەخات. کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ، هاوچەرخ بە هەموو ماناکانیەوە، هاوچەرخی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بە گۆڕستانیشەوە، هاوچەرخییەك کە دەوروبەر و خزم و هاوشاری و هاوولاتیانی لە خەونی شەوانیش نەیان بینیبێت. ئەو کۆڵێکی گەلێك گرانی بە کۆڵی داداوە و ئاڵەرکێکی پیرۆز و فەرمانێکی سەوزی خستۆتە ئەستۆی خۆیەوە.

خزم و هاوڕێ و ناسیاوە نزیکەکانی، دەیانزانی (د.) لەگەڵ کار و زانست و خوێندنەوەدا، بە گشتی و بابەتە زانستیە مرۆییەکان بە تایبەتی، تا بڵێی پتر دژ و دڕدۆنگە. لەو دیوی زاراوە زلەکانی داڵی ڕێزداردا لە (کا) و کاوانەوە بترازێت هیچی دیکە بەدی ناکرێت، بەڵام ئەوانەی لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵیان دەبیست، بە داڵ و بە ناوەکەی و گوتەی ورگن و خەیاڵپڵاوی سەربەگۆشت و فووی هەمبانەکەی هەڵخەڵەتابوون. بە خۆشییەوە ئاوازی زووڕناکەیان هەڵدەگرت، دەیانکوتا و پێی هەڵدەپەڕین. خزمێکی دیار و ناوداری خەسووی دکتۆری نازدار، لە دوورەوە شایی بۆ دابەستابوو. بەرێزیان بۆ (لێزانی دوور و دوورناس) وەك شاباش و خەڵات بۆ هاندانی زانایانی لێهاتوو و پشتگوێ خراوەکان، دوو پەرتووکی نایاب و دانسقەی بە دیاری بۆ هێنابوو.

دوو پەرتووکی زەردی پەڕپووتی شڕ و وڕ و گەچراوی بێبەرگ، لە چەندین شوێندا هەر دووکیان وەك یەك، شوێنەواری کرتاندنی مشك و مۆرانەیان پێوە دیار بوو. لە کۆتایی پێشەکیە نیوە دڕاوەکەیەوە، دەردەکەوت کە هەردووکییان لەبەرگیراوەی دەست نووسی بەر لە سێ سەدەیەکن. مامۆستای خەڵاتکار و نیاز پاك، پێشتر پەرتوکەکانی لە کوڕێکی بڵح و شەگاری[17] خانەدانێکی باوك مردوو دەستکەوتبوو.

---

١٧- شەگار: لاسار. ئەحمەق. هار و گوێ نەگر. گوێ نەکەر، بزێو و چەتوون. (هەریر)

پەرتووکە تەمەن دارەکـان کـە دووسـەدە پتربـوو مـرۆی هاوتەمـەنیان نـەمابوو، دکتـۆر جزوبەنـدی کـردن، بـەرگی زۆر نایـاب و سـەردەمی تێگـرتن. لـە پۆلّـدا، هـەر لـە دوورەوە، دووربەدووری، بە خۆشییەکی "خەنی لە خۆم". پێشانی خەلّکی دەدا و دەیگوت: "ئـا ئەمانـە سەرچاوەی نوێی زانستی سەردەمن". وەرزانە جارێك بەرگی پەرتوکەکانی دەگۆڕی، بـە هـەمان شێواز پێشانی دەدانەوە و پەتەی هەمان پەتکی پسپسی دەکـردەوە و دەیڕسـتەوە. چـەند پێـدا هەلّگوتنێکی نوێشی دەخستە سەر تـراویلکەکانی. وەك: "سەرچـاوەی دوێنیّ ئێـوارە بۆ ئەمڕۆ بەیانی، لای منی بەهرەمەند و نوێخواز، کۆن و بەسەرچـووە... پسـپۆڕی و بلیمـەتی مـن لـە زانکۆ ناودارە جیهانییەکاندا ئەسـتێرەیەکی گەشـاوەیە. بـە رۆژی روونـاکیش دەدرەوشـێتەوە، خواخوایانە لەگەلّیان بکارێم. نایابترین و نوێترین سەرچاوە، کە هێشتا هەلّمی لیّ هەلّدەسـتێت و پەرتووکخانە جیهانیەکانیش نەیان دیوە، بە مەمنوونییـەوە بـۆمی دەنێـرن، داوای تێبینیـە زانسـتییەکانم دەکـەن. بـەلاّم تـــۆژینەوە و وانــە گوتنــەوە و خــۆ نوێکردنــەوە، دەرفـــەتی خـوێندنـــەوەیان بــۆ نەهێشــتوومەتەوە.". شــەونم خــانی هاوســەری دکتــۆر، بــە دەســت شانۆگەریەکەی دکتۆرەوە هێندە بێزار نەبووبوو کەس بزانێت. رۆژێك لە دلّپڕی خۆیـەوە، لـەلای هاوڕازێکی گوتبووی: "دکتۆر راستی فەرمووە. دلّگران مەبن، دەسخەرۆتان نادەم! پەرتوکـەکان هێندە کۆنە و کەس نەدیون، لە مۆزەخانەکـانیشدا نەبینراون، کەلەپووری دەگمەنن، بـــۆیە بـە دۆزینەوەی نویّ دەخـوێندرێنەوە.".

دووەم پەرتووکیان کە بە قەبارە کەمێك گەورەتر بوو، شالیار پتری پێیـدا هەلّـدەگوت. لـە راستیدا دکتۆر بە خۆیشی نەیدەزانی بـەچ رەنووسـێك نووسـراوە. کۆنـە هاوڕێیـەکی، کـە لـە خوێندنی بالاّ بە یەکەوە دالّـەکانیان لەسـەر دوو نامـەی بڕوانامـەی بـالاّی کـۆنی میسـرییان گرتبۆوە و دالّەکەیان پیّ وەرگرتبـوو. پەرتووکەکـەی بـۆ هەفتەیـەك لێخواسـتبوو، دوای پێـنج حەفتــە بــۆی هێنایــەوە، ئــەویش نــەك هــەر ســەرەدەری لێدەرنــەکردبوو، بــەلّکو زمــانی نووسینەکەیشی نە ناسیبوو، بەلاّم لە هەلّسەنگاندنی نرخی سەرچاوەکەدا، لە پێـدا هەلّگوتنـدا درێخی نەکرد، گەلّێك لە دکتۆری نوێخوازیشی رەتدا.

## ٢- نەفرەت لەم دەرفەتە

هەر ئەو خزمەی کە دوو پەرتووکە دانسقەکانی بە دیاری بۆ دکتۆری زانا ناردبوو. نیوە شەوێك، بە تەلەفۆن ئاگاداری دەکاتەوە، کە "دووشەممەی داهاتوو، لە ڕێککەوتی ../../.... لە کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ، لە دەڤەری... لە شارەدێی... لە دیوەخانی مام ئاغای دێ، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی گەڵاڵەکردنی پێشنووسی پلانی پێنج پڕۆژەی ستراتیژی ئامادەبێت. بڕیارە لە گوندی ناوبراو و دوو دێی دیکەی دەوروبەری دایان بمەزرێنن. گوژمەی تێچوونەکەیشی لە لایەن دوو (ڕێکخراوی نافەرمی- ئێن گی ئۆ)ی مرۆ دۆستی دەوڵەمەندی ئەوروپییەوە تەرخان کراوە. وێڕای ئەوەیش ئەوان بۆ بارسووکی و سەرپەرشتی ئەنجامدانی کارەکانیان، پێویستیان بە بەڕێوەبەر و کارزانی ئاست بەرز و سەرکاری زیرەك هەیە". لەم ڕوانگەوە دەبوو دکتۆر بەر لە کاتی گفتوگۆیەکەدا، بیرۆکەی چەندین پڕۆژەی گونجاو، بۆ ئاوەدان کردنەوە و پەرەپێدانی باری ئابووری و تەندروستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، لەم ماوە کەمەدا بنووسێت. ئەگەر پڕۆژەکان لە سەر زەوی ڕاستەقینەدا ئەنجامیان باشبێت، ئەوا دەبێتە دەستپێکی دەرفەتێکی چاك. لە ئایندەیەکی نزیکدا لە چەندین شوێنی دیکەی دەڤەرەکە پڕۆژەکان دووبارە دەکرێنەوە. ئەمەیش دەرفەتی کەوتنە کار و دەرکەوتن و هەڵستانن و یاربەختیی دکتۆری بەدواوەیە.

شەش ڕۆژی پڕ، د. شالیار خەریکی پرسین و خۆ تاسولووسکردن و سازدان بوو. بە دڵوداو[18] لە خۆی دەخەفتی، جلوبەرگی ڕێك و زاراوەی سەرنجکێشی هەڵدەبژارد... دکتۆر خۆی بە پلاندانەر و نیشانە شکێنێکی بێهاوتا دادەنا. هزری دەگێڕا، بیری کۆدەکردەوە، بیرۆکەی جیاجیا و جۆراوجۆری تاوتوودەکرد. بیست و چوار رووپەڕی بۆ چوار پڕۆژە، بە ئینگلیزییەکی ئاڵۆز و شەپرێو ئامادەکرد. مەبەستی بوو بە گفتار و ڕەفتار و کردار، خۆی ئەوروپاییانی هەڵبخات. لە کلاوڕۆژنەی بیرۆکە بژاردەکانییەوە[19]، لێهاتوویی ئەو بخوێننەوە. لە

---

١٨- بە دڵوداو: بە دڵ ویست. بە حەزی خۆی.

١٩- بژاردە: دەستەبژێر.

خۆشیاندا، لەم ماوەیەدا گەلێك ئاگای لە زانكۆ نەمابوو، نەشی دەویست كەس ئاگاداری كـاری زێڕین و سەردانی فریشتەی كامرانی[20] و دەرفەتی تەوێڵ درەوشانەوەی بێت!.

دكتۆری مەزن بە تەنیا كەوتە ڕێ، لەبەرخۆیەوە: "هەرە زانا و پڕاوپڕ زانستـەكان، گـەورە پیاوانی نێودەوڵەتی نەبێت نازانێت نرخی من و داڵی مـن چـییە؟ شـورەییە داڵ و ئـەزموون و كارامەیی من هەرزانفرۆش بكرێت. ئەگەر خەڵكی بێسەروبەر و بێ بڕوانامەی بـەرز، بـە نـاوی شارەزا و لێزانیی، كرێی كارێكی دوو مانگی، بیست گەلاییێك وەربگرن، گومان نییە كە من بە داڵەوە بۆ هەمان كار لە پێنج دەفتەر[21] كـەمتر وەربگـرم، نرخـی لێهـاتوویی خـۆم و كـــار و كارامەیی (پ.د.) زانكۆ دەشكێنم. ئەدی داڵ مانای چییە؟ چۆن و لە كـوێ و كـەی بـەراوردی كەر و گوێرەكە و تانجی و توولان لەگەڵ بێچووە داڵێـك دەكرێـت؟ د. داڵـی پلـە هـەرە بـەرزی زانستی، مرۆی داڵدار، ئادەمیزادی داڵدەدەر. بە چ پێوەرێك لە بازاڕی سەگ و گورگ و بەراز و كەمتیاراندا هەڵدەسەنگێندرێن؟. لەم وڵاتەدا كە كەمینـەی خوێنـدەوارە، خوێندەوارەكانیشـی ئەكادیمی نین، هەر شەگەوبەگەن، هی ئەوە نین لە گەڵیان دانیشـیت. یـا لەگـەڵیان بـە ڕێگـەدا بڕۆیت. بگرە سڵاویشیان لێ بكەیت، خۆت سووك دەكەیت، ڕەشدەبیت.

من دكتـۆرم. مـن ئـەكادیمیم. مـن لـە كـردار و زانـایی و دانـایی خـۆم بەرپرسـم. هـەر پرسیارێكی زانستی، بەڵام زانستی ئـەكادیمی بێـت! نـەك جـاش پرسـیار و مـاش مسـیار!... هەندێك دكتۆری كۆلیژ هەن سەر شێت و گێلۆكەن، یان ئاست نزم و بێبڕوانامەن. ئەگـەرنا ئـەم (پ.د.)انەی هەن چۆن وایان نەكردووە تاكو ئێستا جیهان بیان ناسێت؟ چۆن دەبێت، ئەم گـەڕ و گولانە، ئەم كەللە بەتاڵ و سەڵكە بێچاوانە، نرخی (د.) و (پ.د.) نەزانن و نەزانن چییە؟ هـەر بۆیەشە من ئەم كاتە زێڕین و داڵە دەگمەن و تێر ئەزموونەم بە خۆڕایی لە دەست نادەم. تـەنها لە ناو چوار چێوەی زانكۆشدا خۆم بەند ناكەم. ئەم بلیمەتییەی من، بەتـەنها هـی خـۆم نییـە، بەشی گەل و نیشتیمان و مرۆڤایەتیشی پێوەیە. من چـاوگەورە و دوورنۆڕ و بەرز و بڵنـدبینم. بـڕیارم داوە لە كۆڕ و كۆبوونەوەكانی لە ئاستی جڤاتی باڵا و پلاندانانی وەزیـران نـزمتر بێـت،

---

۲۰- كامرانی: ناكامی، بە ئاوات نەگەیشتوو. خۆشی و كامەرانی نەدیو.

۲۱- دەفتەرێك سەد گەلایە، هەر گەلایەكیش سەد دۆلارە

ئامادەی نەبم. من لێزانــی تایبەتمەنــد و راوێــژکارم. مــن زانــام. مــن نــوێزانی ســەردەمم. لــە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی یاسادانان و ترۆپکی دادوەری نەبێت بەشدارنابم.".

د. شالیار دوای شەکەتییەکی زۆر، ســەرەڕای دڵەڕاوکێ و ترسی باران و بەفر بــارین و رێ گیران، کاتژمێرێك بەر لە کاتی دیاریکراودا گەیشتە شوێنی مەبەست... لە بەرزاییەکــەی رووی پێشەوەی گوندەکەدا ئۆتۆمبێلەکەی راگرت. لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە ســەیری خــۆی کــرد. دەستێکی بە سەر و پرچی خۆی داهێنا، ملپێچ و یەخەی کراســەکەی رێکخســتەوە. چــاوی بــە رووی خۆیدا خشاندەوە. کەمێك گــوڵاوی نایــابی لــە خۆیــدا. سمێڵەخرتکــەی هــاتێ. دابــەزی. دووربەدووری روانیە تابلۆی ناوی خوێندنگەی گوندەکە. هەناســەیەکی خۆشــی هەڵمــژی. چــەند هەنگاوێك بە کشی و بێخوستی بەرەو دەرگایەکی دوودەری نیوە کراوەی باخێکی گــەورە چــوو. بە هێوری و ورە بەرزییەوە لــە دەرگــای دا. ســەیری کاتژمێرەکــەی دەســتی کــرد. کــە ســەری بڵندکرد، لووتی لە لووتی پیرێکی چوارشــانەی ســوور و ســپی، رێکپــۆش، خــاوێن و بۆنخــۆش، هــەوری[۲۲] لەسەری چاویلکە لە چــاو چەقی. پیرە بە دڵگەشی و خۆشەویستی نواندنەوە: "هەلاو مستەر!".

دکتۆری جانتا بە دەست و سنگ دەرپەڕیو، شەپقە لەســەر، دەســتی چــەپی بــە رشــتەی داڵەکەی ملییەوە داهێنا، لە شوێنی خۆیەوە بە دەم و بە سەر: "هەلۆ مــامۆ... (بــە زەردەوە) هەلۆ، هەلۆ مامۆ.".

پیرەپیاو بە دەنگی بەرز و بە پێکەنینــەوە، بــە دەســت و بــە زار: "مســتەر ئــەوە بــۆ بــە تەنیایت؟ ئەدی لە نیوەڕۆی دوێنێوە نەتانگوتووە کاتەکەتان گۆڕیوە؟! یەکێکتان بەر لــە تــۆ... (دکتۆر گەلێك بایەخی بە گوتەکانی نەدا. پیرە بە نیمچە بێزارییەکەوە) مستەر ئەمن نــەختێك نەخــۆشم. نــاتوانم لە گەڵتان بــگەڕێمەوە. تێمگەیشتیت یان کوردی نازانیت؟".

دکتۆر، بە سەر: "تێگەیشتم." بە دەستیش سوپاسی کرد.

---

**۲۲- هەوری: شەدەی ئارمووشینی پیاوانە. هەوری ژنانەش هەیە. شەدە لار. هەوری سوور، هەوری رەشبەڵەك، سرکەیی.**

دوو سێ مێرمنداڵی زیتەڵە پەیدابوون. دکتۆریان بەرەو دیوەخـان بـرد. هـەر لـە دوورەوە: "دڕدەن هات... ڕێکەن هات... کوڕینە مستە هـات. مسـتەی سـەر بـە تەپڵـەك و مـل بـە خـەناوکە هات.".

ڕووی پێشەوەی دیوەخانەکە دار و سابات و گوڵزار و چـیمەن و دارەمێوبـوو، دەرگایـەکی دار ساجی نەخشێندراو و دوو پەنجەرەی هەمان شێوە دیمەنی دیوەخانیان دڵگیرترکردبـوو. خێـرا بەردەرگەی دیوەخانیان بەردا، دیوەخان مۆنجەی دەهات.

خەڵکەکە بە کپیێ هەڵستانە سەر پێیان، دووکەڵی جگـەرە و بـۆنی ئارەقـە و قرقێنـەی توور و پیواز و تسی تسنان و ژاوەژاو، گێژ و کاسیان کرد. دیوەخان نەبوو، کورەی زەردەواڵـەی نێو گەوڕ بوو. لە ژوورەوە، لە تەك دیوار، لەبری کورسی، لەسەر سەکۆی قوڕینی دانیشتن کە بە ڕایەخی جوان رووپۆشکرابوو. ناوە ناوەشی سەرینی باگوردانانی پەڕە قازە. دەرگایەکیش بـەرەو بەرپێی[٢٣] ماڵی خـاوەنەکەی دەکرایەوە. بە رووی گەشەوە: "فەرمـوو مسـتە!. فـەرموو!". بـە ڕێز و شکۆدارییەوە، لە لای بانەوە، لە تەك شوێنی خاوەن دیوەخانیان دانا. ئـەویش بـە کنگـە خشکە نەختێك لە شوێی خۆیەوە تێپەڕی.

مستەر گـرژییەوە. بە کشتی چـاوی بە گشـتیاندا خشـاند. ئـەوانیش بـە سەیـرییەوە سەیری سەروسەکوت و شەپقە و داڵی مل و جانتای دەستیان کرد. چاوە زیتەکان لەو ئـاڵابوون. یەك دوو خـوولەك بێـدەنگ لـەو رامـان. چـەندین سـەر بەیەکـەوە کـردیانە پستەپسـت، چرپەچرپ پەرەی سەند. بوو بە منجەمنج. گەیشتە بۆڵەبۆڵ. تەنیا دەمی دکتۆری حەپەساو لـە ناویاندا قرمسابـوو.

هەندێکیان ئومێدی باشیان بە دکتۆر هەبوو. هەندێکی دیکە بە کلاوفـڕێن و دەسـتبڕیان دانا. کەمێکیان بە بڵمە بڵم جنێویان هەڵدەڕشت. بـڕێکیش ناڕەزاییـان دەردەبـڕی. بـە چـاوی سیخوڕی و دژە ئاییـنیان دەبینی. هەر چۆنێك بێت دکتۆریان هێنایە قسە.

کە دکتۆر بە ئەنقەست بە کوردییەکی بێسەرو پێ و دانە دانە وشەی ئینگلیـزی بێکلـك و گوێ دوا، ئەوانەی بە کوردی جنێویان لـە دەم دەرچـووبوو، زەرد هەڵگـەڕان و پەنجـەی خۆیـان

---

٢٣- بەرپێ: حەوشە. شوێنێك کە دەرفەتی هەڵسوکەوت بدات.

گەستەوە. حەزیان دەکرد ببنە دلۆپە ئاوێك و بچنە ناخی ئاخەوە. ئەوان زمانیان بەسترا، ئەوانەی دیکە، پەیتا پەیتا بە چاو و بە زار کەوتنەوە گفتوگۆ.

دکتۆر: "من دکتۆۆۆرم... من دکتۆرێکی لێزانی کوردم، من خزمەتانم. بە خزمەتکردنی وڵات و هاووڵاتیانی خۆم، گیانم ئاسوودە دەبێت، گەورە و پایەدارتر دەبم.".

چەند زار و زمانێك بەیەکەوە: "گەورەم لە چی بوارێکدا دکتۆریت؟. چ پرۆژەیەکت بۆ دێیەکەمان هێناوە؟. ئاخۆ دێیەکەمان وەك هەندەران دەبووژێننەوە و خەڵکە نەدار و بێکارەکەی دەخەنە کار؟"، ئەمە و چەندین پرسیاری دیکەی ئامادەکراویان بە رووی دکتۆری بێوەڵامدا تەقاندەوە.

دکتۆریش لە وەڵامی گشت پرسیارەکاندا، دەستی بە داڵەکەی ملی دادەهێنا و ئاماژەی بۆ داڵەکانی سەر جانتا و ملپێچ و شەپقەکەی دەکرد. بە زەردەخەنەیەکی زەردەوە، تاکە وەڵامی: "من دکتۆۆری ئەکادیمیم. داڵەکەی من ئەکادیمییە.".

دەنگێکی گڕ لە پەناوە: "ئەکادیمی، واتە دێمی ئەکات. کاری کشتوکاڵی دێمەکارە. کارای دیاری چێنەری پشتاوە.".

رەقەڵەیەکی رووتەڵەی لووتە: "نا نا، لەوانەیە ئەکادیمی نەخۆشیەکی ترسناکی سەردەم بێت، وەك نەخۆشییەکانی ئایدز و مایدز و هەڵامەتی باڵندەکانی هەندەران وایە، گەندە و مەندە بۆخۆیان پێی دەخۆن. با بزانین نەخۆشەکان بە چ دەرمانێك چاك دەبنەوە؟".

دکتۆر گرژ بوو، دەستی بە ملوانکەی ملی داهێنا، جانتاکەی بەرزترکردەوە، بە قەڵسییەوە: "دکتۆری ئەکادیمی، دکتۆری نەخۆشی ژن و منداڵان نییە، ددانساز و نوژداری نەخۆشخانە و پەرستیار نییە!".

بوودەڵەکە بە خەندەی سەرکەوتنەوە: "کوڕینە دەترسم دکتۆری کەران بێت، سەگکوژبێت! شارییە، شەرمن و روو تەنکە! لە رووی نایەت بڵێت.".

دکتۆر بە واقوڕمانەوە: "نا نا... دکتۆری ئەکادیمی زۆر گەورەیە، کەری دکتۆران چییە!". کەنین بە هەڵەکەی دکتۆری تەقییەوە.

هەر رەقەڵەی جەڤەنگکار بە گاڵتە و تیز پێکردنێکی ئاشکراوە: "دکتۆری دەرمان رشاندنیٚ؟ دکتۆری مێش و مێشوولە و کێچ و ئەسپیٚ و مشك کوژیت؟".

دکتۆر بە سەرسووڕان و حەپەسانەوە: "ئێوە کوردی نازانن؟ بە کوردییەکەی خۆتان دەڵێم دکتۆری ئەکادیمیم!. دکتۆرای زانکۆم. چینی سەرەوەی کۆمەڵگەم... دکتۆرام لە زانستی ورد و رەسەندا هەیە. کەستان نەچۆتە زانکۆ؟ نازانن نرخی دکتۆری زانکۆ چییە؟".

دەنگێکی گڕ: "کوڕینە ئەو شارییە حەوابیە، شەکە گێژە، هەڵۆ لێیداوە. سەیری کەللە و مل و جانتای دەستی و دووڕ چاوی بکەن. وا دەقارێنێ و دەڵێت ((دکتۆری خەتەنە کردنێم))".

دکتۆر سەری هەموانی پەلبدابوایە ئۆخەی نەدەهات. لە دڵی خۆیەوە: "گەلێك کەرم دیون دەزەڕن، بەڵام نەبیستراوە کەرسەگ هەبێت، بزەڕێت و بوەڕێت و گاڵتە جاریش بێت! بەخوا بابە ئەمانە پیسکە و بێدەرفەتن". تا توانای هەبوو جڵەوی هەستی خۆی دەکێشا، هێشتا دەروەستی خۆی نەدەهات. ناوە ناوە هێندە هەڵدەچوو، لە مشت و شاپ- وەشاندن و تێکشکاندن بترازێت، بیرێکی دیکەی بۆ نەدەهات.

هەموویان لێی هێسبووبوونەوە[٢٤]. بە دانبەخۆداگرتنەوە: "من دکتۆرێکم، وانە بە مامۆستا بەرزەکانتان دەڵێم. ئێوە خەڵکی کام هەسارە و کامە سەدەن؟. شار و ژیارتان نەدیوە؟ شارستانیەتتان نەبیستووە؟".

کۆسەیەکی پیرۆنەی دەنگ نەرم، پووتەکەی حەنەکباز. لە لای دەرگاوە. چاوەڕوانی کەوەڕێ[٢٥] و دووکەڵی جگەرەش هەراسان و جاوەجاویش تەواو بێزاری کردبوو، بە دەم کۆخینەوە: "ئەوە بۆیە، ئحم ئحم، ئحم... جاش مامۆستاکانی ئێستا بێچاوینی بن، ئحم ئحم ئحم... چوار ناڵیی چوار بەندیین[٢٦]. ئحم ئحم ئحم... هڕە لە بڕە دەرناکەن. گەوجە و چوێڕ[٢٧] و

---

٢٤- هێسبوونەوە: مڕدامان و مل خوار کردنەوە، مل خوارکردنەوەی بە کینەوە. هێس: خوار

٢٥- کەوەڕێ : بێزار و دڵتەنگ بە دەست چاوەڕوانییەوە.

٢٦- چوار ناڵیی چوار بەندیین: وڵاخی چوار پەل ناڵکراوی تەمەن چوار ساڵان.

٢٧- چوێڕ: گۆد و پەل خوار. لەرۆیشتند لاقەکانی بەر یەك دەکەون.

چۆپیکێشن، چنگن و چنکخۆر[28] و چنکچـنکانه[29]. جۆرکێکـت بـه دەسـتەوە ببیـنن، کـورش کورشیان[30] بۆ بکەیت، بە دوات دەکەون. ئحم ئحم ئحم.

ریش سپییەکی کەرك لەبەر، چاو بە کلی شـەدە لەسـەر، کـەلۆس و دەمقۆپـاوی ردێـن و قەڵەم کراو. سمێڵ زەردبووی جگەرە لە دەم ، بە نەرمە کەنین و دەنگـی بـەرزەوە وەری گرتـەوە: "ئەم هەتیوە کرە بنەبرە لە باوکی خۆی تێپەڕاندووە. بە رووناسی و زمـان خۆشـییەوە، قسـەی قوت و کوتکی بەوەج بەیەکەوە دەوەشێنێت. وەستای دەستڕاسـت! هـەمووومان بـە دوای کـووچ کووچی[31] جۆرکی بەتاڵ و سەروگوێلاکی شەپقە بەسەران، بـە دوای لووسـکە و بێسـمێڵان، بـە دوای نەژن و نەمێردان، بە دوای ژنمێرد و مێردژنان کـەوتووین.". هەنـدێك لـە دانیشـتووەکان مرپوون و هەندێکیشیان شاد.

دکتۆر لە ناخەوە: "ئەمانە و خوێندکارە بۆقەمارەکانی خۆم، هەمان تیرەن. لە سەرەتادا بە رووخسار، بۆقی شڕ و وڕی رووتی بەستەزمانن. کە بەکۆمەڵ دەقیرێنن، دەبنـە گەلـە گامێشـی شاخدار. بە مار وەبدەن یەکەویەك گیانی لەبەر دەبڕن.". دیوەخان دەنگـی بـڕا، کـپ و مـات، گشتیان بەدیار دامان و وڕێنەکردنی دکتۆرەوە حەپەسابـوون.

شالیار لەبەر خۆیەوە: "ئێستا دەزانم بۆچی چەنەبازە گلاۆەکانم هێنـدە بـە شـادییەوە، لـە دڵەوە بە دەنگی بەرز قاقایان بوو، منیش مێروولەی خۆشی بە ناو دەمـار و هەسـت و هۆشمـدا دەگەڕا. چۆن ئێوەی سەگەگێل، لەم تەمەنەدا هێندە زۆڵ و کەللەباز و ئەستۆ شـکێن و دەسـتبڕ بن؟ چەند بە هێمنی!... بە خەندە فرۆشی و شنەی شادییەوە. بـە شـێنەیی و مۆرانانـەیی، بـە نەرمییەوە دەیانگوت: ((دکتۆر... دکتۆر...، تۆ دالّداریت، خاوەن پلـەی دالّـی زانسـتیت، تـۆ دالّیت، تـۆ... تۆ بە تەنها، دالّ و شایستەی دالّ نیت، تۆ (پ. د.)یت، تۆ شایسـتەی چـەندین پـاو پـایەیت)).

---

28- چنکخۆر: بۆری پارچە نانی پاشماوە، چنکەنان خۆر.

29- چنکچنکـانە: دەرۆزە کـردن بۆ نـان. سواڵی نان.

30- کـورش کـورش: وشـەی بـانگ کـردنی ولاغانە.

31- کـووچ کووچ: بـۆ بانگکردنی سەگان بەکاردێ.

ئەی زۆڵی زۆڵزادەینە! هەی لەوچەی دایك دێرەکەرینە. هەبێت نەبێت ئەمانە بێچووی ڕێوی و چەقەلاْنن، شینۆی دەڵەگورگ و باوك گەماڵن. من... منی دکتۆر، خاوەن دکتۆرا، دکتۆری زانکۆ... شایستەی چەندین پێیانم؟ هەی کەری کەرزادەینە. هەی چوار پێی گولەکەینە[٣٢]!. ئەگەر ئەمجارە پۆڵەکەتان، پۆڵی بێچووە سەگسار و گوجیلە تاژی و کودەڵە بەرازان، ێکڕا نەخەم. سەگ بە حەسارێتان پیٚ نەکەم. من دکتۆر شالیاری نوێخواز و ئەکادیمی ناودار نیم. ئاخخخ... چەند دڵپڕ و گەروو وشکم. چەند بیٚ یار و یاوەر و تەنیام. بە دەردی کەژەخان دەڵێت: ((لەخۆم بێکەس و بەدبەخت و چارەڕەشیٚ.)) وانەیشتان لە لای من نەماوە... لە دەست من دەرچوون!. مەگەر لە سزای ئێوە، تۆڵە لە هاوڕێیە هەرەپاسەکانتان، باسکە سەگەکانی پاشگر[٣٣]، گوجیلەکانی دێڵە خوێڕییٚ بکەمەوە. هەموویان یەك گوون، یەك گووکاریش دەکەن. خوێندکاری ئێستا لە کویٚ. و هی سەردەمی ئێمە لە کویٚ!؟ (هەناسەیەکی پڕ کەسەری هەڵکێشا).

ئەمە چەندەمین جارە منی داڵدار و داڵدەدار، بە زمانی هەرزەکارانی نەخوێندەوار، بە ڕواڵەتی سادەیان فریودەخۆم، بە داڵەوە تێدەکەوم. هەی دایك و خوشك و سواندووکەی سەر سواندەتان...!. هەی باوك و باپیر و ڕیٚ و ڕەچەڵەکتان... هەی داڵگەی هەژدە داپیرتان... خەلیسینە! دەڵێنە دکتۆری زانستی سەردەم، شایستەی چەند پێیانی؟ بە جاشوولەیی خۆتان قاشوانیٚ بە گۆی کەللەم و غەننە بە هەست و بیرم دەکەن؟ هۆیها و هیٚ هێتانە؟. لێم دەبەنەوە؟.

ئەمانەی ئەمساڵ هاتوونە، گەلێك لەوانەی پار و پێرار زۆڵ و بیژۆکتر دەردەچن. لە پێشدا هەموویان بە رووخسار ساکار و ئابڕومەندن. هەموویان هەر هەموویان بێدابڕین و هاوێرکردن، هەر هەندە شەرمەی دایکییان دڕا و شەرمیان شکا، خوییز[٣٤] لە دەمی یەکدی دەکەن.

ئاوا بڕوات سیٚ ساڵی دیکە نابات کە بە دەستیانەو سیلاك دەبم، شێتم دەکەن و داڵە زێڕینەکەم حەمبارەسۆتی و زانکۆیەکەم فلیٚ دەکەن. چۆن ئەم خەڵکە؟ ئەم دەوروبەرەی من

٣٢- گولە: پووتە، پووخە، بێبەژن و نابود، کورتەبنە، گولە پیاو، کەرە گولە.

٣٣- پاشگر: سەگێك لە دواوە بە بێحەپین بە دزییەوە خەڵك بگرێت. بە بی حەپە بگەزێت.

٣٤- خوییز: تف، لیك. خویزاو: لیك و خوێن. شلەی خوێن، پلازمای خوێن.

ئەوها خێرا خوێڕی بوون؟ بــە دکـــــتۆر و پــێ و داڵ و خوێنــدکار و سەردەســتە و بەردەســت و خاکییەکەی شەقام و بازاڕیشەوە، ڕێزی خۆم و بڕوانامە بەرزە بێهاوشانەکەم نــاگرن. ڕێــزی ئــەم داڵە گەورەیە! ئەم بڕوانامە دەگمەنە!. ڕێزی کاری پیرۆزی من نازانن!. هــەموویان هــەر کــەم و کەمهۆشن؟. مێشك کۆنینــەن، بــەخیلیم پــێ دەبــەن. چــونکە داڵــە وانەبێــژە نــرخ نزمــەکان، پوولەکین. لە نێو خۆیاندا بۆ ناو و ناودان، بۆ کورســی و بــۆ دراوی وانــەکان، بــۆ کــارکردن لــە ڕێکخراوە جیهانی و بیانی و نامیرییەکان، جووجەڵەی لە دایك دابڕاو ئاسا، دەندووك لە یەکدی دەدەن. حاپوولی[٣٥] خۆیان و هەموو داڵە مەزنەکان، داڵــە زێڕنــەکانی مــەمانیش دەبــەن. ئــەو (عەلی وەردی)یەیش لای خۆی وابێت پاو داڵدارێکی دیار و بەناو بووە. شفتوشۆی هەموو داڵ و پادارەکانی شکاندووە. لووتی خۆی و لووتی هەموو خاوەن پاو داڵەکانی کردۆتە گوواوەوە.

بەبێ جیاوازی، ئەم مارە پێ لە سکانە، ئەم میمك و نەنك سۆزانیانە. چەند بە نەرمی! بە شەرمێکی بە ڕووخسار منداڵانەوە (بە دەمەلاسکە کردنەوە): دکتۆر! تۆ داڵــی و داڵــت هەیــە. (بە دەم کوڵانەوە) ئاخ خ خ، شیر حیزینە! گوجیلەی گەڕی دێڵە گەڕۆکی بنکلك تەڕ. باوك ڕەوە گۆردە و گەماڵی گەڕ... لێرەش لە باوك نادیارییانەوە، مەبەستی ژێرەوەیان، داڵی ئاست بەرز. داڵی ئەکادیمی، داڵی کۆڕی زانست و ناوداران نەبوو... ئەم گلاوانە مەبەســتیان داڵــە لاکخــۆرە بوو، سیساڵکەکەچڵی مردارخۆرەیان مەبەست بوو. هەموویان دەیانزانی، بۆیە لە ژێرەوە بزەیــان دەهاتێ. منیش بە درەنگەوە تێیگەیشتم،. ئــەم سەرســەریانە چــییان لــە ژێرســەردا بــوو. لــە میهرەبانی و نیازپاکی خۆمدا. وا ئێستا بە ئاگادێمەوە. بە چاوی ئەوان، کــەمی و ســووکایەتی کەسایەتی خــۆم و داڵە نازدارکەم دەبینم. هێڕ و هوڕی و پـــووچی و هیچــی و هــیچ زادەییــی خۆم دەدۆزمەوە.

بەر چاو لێڵ، بە شپرزەیی چاویلکە ڕەشەکەی داکەند، دوو کۆڵە مستی لە تەك خۆیەوە لە سەکۆیەکە کوتا، شەقا زللەیەکیشی لە تەوێڵیدا. بــە گــەرووی وشــك و هەســتی جۆشــدراویەوە دەستی بۆ بەرداخی ئاوەکە درێژ کرد، بەرزی کردەوە ئاوی تێدانەبوو. خەڵکەکە پێــی پێکــەنین.

٣٥- حاپوول: حامپوول، حەیا. حامپوولی برد: حەیای برد، شفتۆشۆی شکاند. شەرمەزاری کرد.

دەردی گرانــی تــەڕتر، قــورگی ئــارامی تەریفــە، ڕێــز و ریــز ســووتاو[36]، کــەس بــە هانــای تینووەتییەکەی نەهات.

(بە گلەیی لە خۆکردنەوە) ئەگەر نەختێك ئەکادیمیانە بیر بکەمەوە، تێکەوتنــەکانم تــاوانی خۆمن. خەرمانی هەڵەکانی خۆمن هەڵیان دەگرمەوە. ئەگەر بــە دەم خوێنــدکارەکان رووگــەش نەبوومایــە، دەرفــەتی هــۆری[37] کردنیــان نــەدەبوو. ئەگــەر ڕێــزی خــۆم بزانیبوایــە هێنــدە دانەبەزیبوومایە و خۆم لەم هەرچــی و پەرچییانە نزیــك نەکردبوایــەوە، ئــەوا نــەیان دەتــوانی سوکایەتی... من خۆم، خۆمم چر ووك و چوار رووکرد... بۆ خۆگونجاندن لە شاری کــوێران خــۆم کوێرکرد و لەگەڵ چوار ریزان، ریز بووم. لێرە بە دواوە، تەنیا لەگەڵ ریزی خۆم، ریزی پایەدارانی ئەکادیمی ڕێزدار دەوەســتم. ئــای کــە هەڵەیــەکی مێــژوویی بــوو. لــەم کۆمەڵگەیــەدا، راســت کردنەوەی چەوتییەکی بێئەنقەست کە لە چــەند چــرکەیەك یــا لــە خولەکێکــدا تــەوێلمان رەش دەکات، بە تەمەنێك نا، بەڵکو بە چوار پێنج پشتان، هێشتا هەر کاڵنابێتەوە.".

شانی هەڵتەکاند و چاوی گێڕا. دەستی بۆ بەرداخەکە درێژ کردەوە، لە نیوەی ڕێگا وەبــیری هاتەوە ئاوی تێدانەماوە. بە گەرووی وشك و چاوی تەڕەوە، دانیشتووەکانی یەکە یەکــە بەســەر کردەوە. دەرگاکە سیخناخ بوو، کەسێکی دیکەی وەبەر نەدەچوو: "وا بە داڵەوە دەکارم، دەڵــێم تێنوومە. ئەوانیش پێم پێدەکەنن!. دەی ڕۆژەکەی وایە. هەر یەکەو شــتەکان بــە پێــی پێــوەر و ویستی خۆی لێك دەداتەوە. کەی کەر و گوێرەکەی ئەم وڵاتە ئاودەست خانەیــە، دەگەنــە ریــزی ڕێزداران؟. ئەمانە ســەگ و گوفــەکن، مانگــا و مۆڵگــەن، کــەر و کەرگــەوزن. کــەری دێــزەی غەزرۆکن. باری زێڕ و زانستیان لێ بنێیت، لە بەدی و لا ملی و کەرایەتی خۆیان ناکەون. رەوە کەر و گامێش گەل و کۆمەڵە کسۆکن، گاڕانن، کە گوتت گاڕان دەبڕێتەوە.

بەچاو دەپاڕایەوە و داوای ئاوی دەکــرد. بــە مێشــکیش مەبەســتی دارکــاری و تەپانــدن و تۆپاندنی سەر و پێیانی بوو.

لێوی خۆی گەستەوە، ماوەیەك چاو لە مۆلەق، فرمێسك لە چاو قــەتیس مــاو، نێوچــەوان گرژ و بێن تەنگ، بە دڵی پڕەوە: "بەو دەلێم بیــان ســوتێنێت". لــە نائاگایــدا وەك لــە خــەودا

٣٦- ریز سووتاو: دۆڕاو لە یاریدا، بەتایبەتی لە سێرێزی و نۆرچکانێدا.

٣٧- هــــــۆری: هۆڵی، گــۆل، هــۆریکردن، گــۆلکردن، بــردنەوە.

قسەبکات، گوتەکانی داپیرە ئامانێی دەگوت و دەیگوتەوە: "هەر دەتتەپێنم هەتا دەتتۆپێنم. هێندەت دەکوتم هەتا کوت کوت دەبیت."

چاوزیتێکی لووسکەی بزێو: "مامۆستا کێ بیان سوتێنێ؟ کێ دەکوتی؟ ناوی ئەجندەکانت بلێی، شێخ دەیان سووتێنێت. لە جۆنیدا دەیانکوتێت.". کاتێك شالیار وەئاگا هاتەوە و رەشکە[٣٨]ی خەمەکانی لەسەر پشتی خۆی داگرت. چاوی بە ناویاندا گێڕا، چەندێکیان دەمیان داپچڕیبوو. گوێیان دابووە گوتە بازارییەکانی، هەندێکیش دەسرۆکیان پەستابووە دەمیانەوە هێشتا کەنینیان نەدەوەستا. چەند مێرد منداڵێك لە ناو دەرگادا قەرەپەستانێیان[٣٩]بوو. هەندێکیان گرژ و هەندێکیان رووگەش و چاوبزی بزە لەسەر لێو بوون.

شالیار لە دڵەوە: "خوا بکات لەناو ئەم کوندەبۆ و دووبرا و داڵە کەلاکخۆرانەدا پەیامنێرێك، دۆست و ناسیاوی خوێندکارەکانم، کەسێکی (پ.د.)ەکانی کۆلیژەکەمان، خزمێکی خەزوورانم، پیسکەیەکی گەڕەك نەبێت. لە خوایەکیان دەوێت!. لە ئاسمان دەیقۆزنەوە. بێکار و بەکات، دۆڕاوەکان، بەند و بالۆرەم بەسەردا هەڵدەڵێن و دەیکەنە شاکاری ئەدەبی و شانۆنامە و پێی هەڵدەپەڕن. ئەم چرووك و زار و سك رەشانە، شەو و رۆژ لەبەر یەکدی دەگێڕن. رووبەرووی من، بۆ یەکدی دەیلێنەوە. لە مۆزەخانە بەڵگەنامەکان و تۆمارگەکانی مێژوودا تۆماری دەکەن. پشتاوپشت دەیخوێننەوە.

(خۆشیەکی فێنك دەرونی سارد کردەوە و ورەپێوی بەرز و رووخساری گەشاندەوە) من دکتۆرم! هەر شتێك من بیلێم، کەس بۆی نیە، بلێت لەپشتی چاوت برۆیە. دەبێت رەشۆکی و خاکی و بەڵەك، بێ یەك و دووکردن، بێ لێکدانەوە، بە بابەتی زانستی ئەکادیمی و پیرۆزی تێبگەن. وای بۆ بچن کە لە ئاستی ئەوان دانییە، ئەوان تێی ناگەن. ئەدی داڵ یانی چی؟. ئاخ خ خ... داڵ ... داڵ. هەی چل هەزار جار لە داڵگەی داپیرە گەورەتان وەکەم. هەی لە دۆڵ و دۆڵکەی دایك و داپیرەی هەموانتان...

---

٣٨ - رەشـــــکە: شەڵتە، داو، تۆڕی کاکێشان·بە زۆری لە مووی بزن دەچندرێت و رەنگی رەشە.

٣٩- قەرەپەستانێ: پاڵدانی یەکدی بە شان، لە شوێنی تەنگدا خۆی بپەستێتە نیوان خەڵکەوە، پاڵپالانێ، یارییەکی منداڵانە کە لە تەك دیوارێکدا بە ریز بەیەکەوە دەنووسێن و یەکدی پاڵدەدەن، ئەوەی لە ریز دەرکرا ئەو دۆڕاوە.

کێ دەتوانێت بەرامبەر داڵێکی ئەکادیمی، داڵی درووە، داڵی دەماغی بلیمەتان و پسپۆڕانی تایبەتمەند، داڵی دڵی گەورە بڵێت نق؟ کێ دەکارێت رووبەرووی داڵەکانی: داد و دادوەری، دەرمان و دەرمانسازی، داڵاندار و داڵدەدەران بوەستێت؟.

داڵ تێپەڕنامەیە[٤٠]، دەرفەتدانی چوونە[٤١] هەر حەوت کێشوەرانە، ناسنامەی مەزنانە، لێپرسینەوەی نییە. داڵ پیرۆزترین پلەی زانستی و بەرزی و بەخشندەییە. لە ئەمەریکا و ئەورووپادا، فیل و کەرکەدەن و دەسەڵاتدارانی بێداڵ، خاشاکی ژێر پێی پێدار و داڵدارانن! کەچی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، لە کەرخانە و لە کاولگەکاندا، شرەبۆر و بۆرەپیاو و خاکییەکان، پاڵەوانی دێو بەزێنن!. سەر و سەرتوێژن، خاوەن داڵەکانیش دوورە پەرێز و پەراوێز و پەڕگەگر، خوساو و خەمسارد و بێباك، ئەگینا... رێکخراوێکی ((پێدار و داڵدار-پ.د.)) دادەمەزرێنن، خۆیان لەم گاڕانە گەرە دادەبرن. بە بنلێوەوە[٤٢]: ئاخ دەبێت رۆژێك نەیەت ئەم مۆرانە و دووپشکانە. لە کۆلیژەکەم وەربگیرێن و بمناسنەوە؟!.

ئەم چرگ و قەلانە، شەو بە دوای شکانی من دادەگەرێن. دەڵێن: ((کەسانی سەربەتاڵی دەستکورت و بێکار، زەردەواڵەی کۆمەڵگەن. لە خواردن و پێوەدان بترازێت کارێکی دیکەیان لە دەست نایەت. ئەوانەی دەیانەوێت زەردەواڵە بکەنە هەنگ، هەڵەن، تاوان بەرامبەر پوورە هەنگ دەکەن. چونکە ئەگەر زەردەواڵەکان بگۆڕێن، ئەوا دەبنە هەنگەچنە. بە رووخسار رەنگاڵەی جوان و بە کردار هەنگ خۆرەن)).

لە دڵەوە: لە کۆمەڵگەی کلکدار و کۆلەوار و کۆڵکە خوێندەواردا، لە چوار پێیانی خۆنەناس و رێزنەزان، چاوەڕێی چی دەکرێت؟. ئەمانە ورگی گامێش و مێشکی سیخوڕ و پەل و لمبووزی شامبازی و درێشووکی دووفلیقانی[٤٣] مار و رەفتاری هرسی هار و گوێی کەر و شاخی گایان هەیە.".

پێچێکی توند و ژانێکی تیژ بە سکی داهات. موچڕکێك هەژاندی.

---

٤٠- تێپەڕنامەیە: پاسپۆرتە.

٤١- دەرفەتدانی چوون: ڤیزەیە.

٤٢- بنلێوە: قسەکردن بەلێو، لێو جووڵاندنی بێدەنگ. پتر جنێودان و ناڕەزایی دەربڕینی بێ دەسەڵاتانەیە.

٤٣- درێشووکی دووفلیقانی مار: زمانی دوو لکی مار.

بە توونذی لە دەرگا بچکۆلەکەی دیوەخان درا، دیوەخان بوو بە گۆڕستان، یەك پێ هەموان هەڵستانە سەر پێیان.

دکتۆر وایزانی شاندەکە گەیشت.

کوڕی خاوەن دیوەخان دەرگای لای ماڵەوەیانی کۆدەوە و ماوەیەك لە دەرەوە وەستا، دواتر هاتە ژوورەوە. لەگەڵ کردنەوەی دەرگایەکەدا کۆمەڵە سەلکێك لە دەرگا گەورەکە دەرپەڕینە دەرەوە. بە هاتنە ژوورەوەی میرزادە هەوایەکی فێنك و بۆنێکی خۆش ژوورەکەی بووژاندەوە. میرزادە بە روو ترشاوییەوە چوو لە بان سەری[٤٤] دکتۆر وەستا. دکتۆر هەڵستایەوە. دەستی یەکدیان بە ساردی گوشی. کوڕە بە قینەوە، فەرمووی لە خەڵکەکە کرد: "دانیشن". دکتۆر بە نیگەرانییەوە لە شوێنی خۆی دانیشتەوە. ئەوانەیش کە نەچوونە دەرەوە بە وەستاوی مانەوە.

هاونشینان، ناوچەوانی میرزادەیان خوێندەوە. زانیان بە دانیشتنی ئەفەندی لە نزیك شوێنی میری گەورە، قەڵسە. سەرکارە ریش سپییەکە بە نەرمییەوە لە کاتی خۆیدا: "ببوورن گەورەم! نەزان و ناشارەزایە، کە هاتە ژوورەوە لە خۆیەوە چوو لەوێ دانیشت. لەپێشدا نەمانزانی کوردی دەزانێت. دواتریش لە روومان نەهات...".

میرزادە بە فیزێکەوە فەرمووی دانیشتنی دووبارە کردەوە. قەرەپەستانەی پێشتر، بە شاشی دانیشتنەوە. بەشێکی زۆری دووکەڵ و بۆن گرمحاو لەگەڵ زۆر و بۆر و هەرزەکان دەرچوو.

دکتۆر رەنگ و رووی پەڕیبوو، کەلکی دانیشتن و بیستنی بڕابوو. ئەوەندە هۆشەی هەیبوو، تەنگاوی گەورە ئەویشی لە کەللەی بە شەپقەی دەرکردبوو. تێنوەتیش زمانی بە مەلاشوویەوە نووساندبوو.

تەنگاویی تەنگەتاوی[٤٥] کرد و زۆری بۆ هێنا. هەڵستایە سەرپێیان. خۆی کووڕکردەوە. دەستێکی بە سکی و یەکێکی بە کنگییەوە گرت. بە شەرمەوە، بێ زمان، بەدەست و بە چاو تێیگەیاندن کە تێنووەتی زمانی شکاندووە و تەنگاوی گەوەرەیش پەلی.

میرزادە گوتیە چڵکنێکی جل شڕ: "ئەسپێون! بیبە ئاوی بدە! لە ئاودەستخانەکەی تەك تەویلەش لەسەر پێیانی دانێ هەتا تەرس و سەخوڕەکەی هەڵدەڕێژێت. رشکن[٤٦]! ئاگاداربە

٤٤- لە بان سەری: یەکێکی بە پێوە لەتەك یەکێکی دانیشتوو بوەستێت.

٤٥- تەنگاویی تەنگەتاوی کرد: پێشاوی گەورە زۆری بۆ هێنا. خەریك بوو بە خۆی دابڕیەت.

نـەفێرکێنێت! خەریکـە بـە ریشـی بـــاوکی دابـــڕێت، حەوسـەڵەی بـەزموڕەزمی ریخانـدنی ئەفەندیانمان نییە.".

ئەفەندی بە دەستەکەی سەر کنگی جانتاکەی وا هەڵگرت کـە داڵـە رەنگینەکـەی روو لـە دانیشتووەکان بێت. بە خۆ کوشینەوە بە کورتە هەنگاوی خێرا خێرا کەوتـە دوای ئەسـپێونەوە. کابرای کۆسە: "دوێنێ کسکە و ئـەمڕۆش سـەرۆپێ! ئەگـەر نـۆ نـان و رۆن، دە دەسـکەوت و خواردن و لادانی بۆتۆ تێدانەبێت، خۆڕا بەم جانتا و شـەپقە زلـەوە رێگـەی گونـدت دەگـرت؟. شلەشاری دەست و پێ سپیی خۆش لەوەڕ.".

کـە لـە دەرگاکـە دەرکـەوتن، ئەفەنـدی داوای کـرد تـا بەخۆیـدا نـەرپیاوە بـە خێرایـی ئاودەستەکەی پیشان بدات، دواتر ئاوەکە دەخواتەوە.

دیوەخان کڕوکپە. میرزادە بە فیزەوە: "باوکم فەرمووی ((چرگە گێـژێکی بێئاگـا هـاتووە، شلەشارییەکی رەسەنی نارەسەنە. واپێدەچێت کەسی لەخۆی بەسەرەوەتر نەدیتبێت. دەبـوو کـە منی بینی بگەڕابوایەوە. بەزمان و بە دەست تێمگەیاند، کەچی ئەو هێندەی کەرە کێوییەکیش گوێ و چاوی نەبوو.".

فەرمووی: "ســـەیری ســـەر و کەللەی بکەن، ئەگەر بە هێلکە نییە. لە خـۆڕا راوکـەی[٤٧] بـۆ مەدۆڕێنن!))."

جوامێرێکی خڕکەڵەی خاوێن بە مادەلاییەوە: "کوا سەرناس و دوورناسی وەك مـیر مـەزنی باوکت؟. ئەگەر دوو سەرڕاست و کەللە ناسێکی وەك مـیری گـەورە لـە نـاو سـەرگەورەکانماندا هەبوایە، بۆرەی بێسەر نەدەبوونـە پێشـنوێژ و چـۆپیکێش، بنـی دیـوان و سـەری مەیـدانێیان نـــەدەگـــرت!".

مێردمنداڵێکی شێتۆکەی خاوێنوباوێن، جلوبەرگ رێك و تەمیز، کە لە دەرگـا بچـووکەکە هاتبووە ژوورەوە. بە خەنـدەوە روانیـە مـیرزادە، چـووە کـن خڕکەڵەکـە، دەسـتی گـرت و بـە ناورانەوە: "مامە جانتا و کڵاوی ئەم پیاوەم بۆ بکڕە! هێلکـەتان بـۆ دێـنم، ماسـت و پـەنیر و هەنگوین و بەرختان دەدەمێ!".

---

٤٦- رشـك: گەرای ئەسپێ.

٤٧- راوکە: هێلکە یا پیازێکی شێوە رەنگ هێلکەییە بۆ مریشك دادەندرێت تا هێلکەی دیکەی لە تەك بکات.

میرزاده قاقا پێکەنی، ئەوانیش لە خۆشی کەنینی میرزادە بە کپی دەمیان بەشکردەوە.

خڕە، کوڕەی ماچکرد و دەستی بەسەری داهێنا، دەمی بردە بن گوێی:" شەپقە و جانتاکەی بۆتۆ بچووکن، کۆنەن، پیسن، بردنیە ئاودەستخانە. ئەمجارە بچمەوە شار، بۆ خۆم و بۆ تۆ... مامە (سەرکۆ)، هی نوێ و جوانتر بۆ تۆ و بۆ (ساهی) کوڕیشم دەکڕم.

بێدەنگیەکی مردوو، باڵی بەسەر داکێشان.".

کۆسە، بێدەنگیەکەی هێنایەوە دوان، کە رووی کردە میرزادە، بە نواندنەوە: "من کەسم لەم شەمووڵەیە، بێ سەروپێتر نەدیوە، گوێدرێژ لە هۆشە و حەچە دەگات، وەك باوکت فەرمووی: ئەمە ئەوەیش نازانێت. (بانگی شێتۆکەکەی کرد) وەرە سەرکۆ گیان، وەرە هەی باوکەکەی باوکم! تەنیا هێلکە و هەنگوینەکە بۆمن بێنە، ئەوانەی تۆ دەتەوێت، من بۆ تۆ لێی دەستێنم. ئافەرین. ئەگەر ئەمانەی ئەو بۆ مامە سەرکۆ نەبن، ئەوا بۆ هیچ کەسێکی دیکە نابن.". دووبارە میرزادە زەردەیەکی گەشاوەی نواندەوە.

ورگنێکی کورتەباڵا: "خۆزگە میرزادە نەختێك زووتر دەهاتی و ئەم راوە بەرازەت بە چاوی خۆت دەدیت. لە سینەمەی سینەمەتر ئەمەیە. بە چاوی تۆ! خزمانی هەر سێ دێ، بەشی حەوت ساڵ پێکەنیون.".

میرزادە: "میر مەزن فەرمووی : بیانییەکان، تەلەفۆنیان بۆکردم، گوتیان: ((بەهۆی چەند هۆیەکی هونەرییەوە ئەمڕۆ لێژنەکە ناتوانێت بێت)). دواتر میری گەورە ئاگادار دەکەنەوە. ئێمەیش ئەوکاتە وەك ئەمجارە بە دوای ماقووڵانی هەرسێ دێیەکەدا دەنێرین.".

دکتۆر، کە رۆژی دواتر لە زانکۆ چووە ژوورەکەی خۆی. پەڕەیەکی بینی بە بەردە مەرمەڕەکەی سەر مێزەکەی لکێندراوە، لێی نووسراوە: "د. شالیاری مەزن و رێزدار، ببوورن کاتی گفتوگۆیەکە گۆڕاوە، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی نۆزدەی مانگی گوڵان، لە هەمان کات و هەمان شوێندا بۆ هەمان مەبەست دادەنیشن. خوازیاری دروستی و تەمەن درێژی و پلە بەرزیتین. هیواداریـن دەرفەتەکە لەدەست نەدەیت. تاسەی بینین و سەرکەوتن و ناو دەرکەوتنتین.".

دکتۆر: "پیرە مێردی نەخوێندەوار بە راشکاوی گوتی کاتەکە گۆڕاوە. گرفتی من لەوەدایە بە درەنگەوە بەئاگادێم و ناشزانم لەگەڵ چ سەگەلێك کەوتوومەتە نێو چاڵ. ئەگەر ئەمە دەرفەتی دەرکەتن و سەرکەتن بێت، سەد نەفرەت لەم دەرفەتە.".

## ٣- درۆی ئەکادیمی و هەرزەیی مەزنان

هەردی هەژی، خوێندکارێکی زیرەك و بەرززەوشت بوو، گەلێك جار لە ماڵەوە، دڵتەنگی و نائارامی خۆی لە هەڵسوکەوت و گرژی پەیوەندی نێوان مامۆستاکان لە لایەك، لە نێوان مامۆستا و خوێندکارانیش لە لای دووەمەوە دەردەبڕی. گەلێك گلەیی تایبەتیشی لە دکتۆر شالیار کالیار هەبوو. ئەوەیش کە پتر هێمنی هەردی دەتواندەوە ئەوەبوو: خوێندکارانی نەخوێن و شەگار کە لەگەڵ ئەودا هاوپۆل بوون، شالیار خۆی لێ لاکەلی دەکردن[٤٨] و لە کۆتاییساڵیشدا دەری دەچواندن.

هەردی هەڤاڵی رێکوپێکی هەبوو، ئەوەی ناشرینی کردبوو زارپەل و راز و نەهێنی رانەگربوو، زۆرجار هاوڕێیانی ئەمەیان لە چاوی دەکووتایەوە. وەڵامی هەردیش ئەمە بوو: "ژیان و تەمەنی مرۆ پێنج و دوو رۆژێکە، وەبەر ناسین و خۆشویستنی یەکدی راناگەین، چ جای مەبەست شاردنەوە و شت لە دڵگرتن و ئالۆزی و بالۆزیی و رکنی و کینەبەرییە. من تاریکپۆشی ناخم ناکەم، ئەوەی هەمە لە گفتارم، لە کردار و رەفتارمدا، راست و راست بە ئاشکرا دەری دەخەم.".

بەرێکەوت ئەو رۆژە (هەرمان)ی کوڕە خاڵی (هەردی) لە ماڵی (هەژی) دەبێت. هەرمان بە بەرچاوی هەژییەوە دەڵێتە هەردی: "تۆ بە هەڵەدا چوویت!. من لە نزیکەوە شالیار کالیار کەمۆ دەناسم. تابڵێیت رووخۆش و خاکییە. لە ئامادەکردنی هەردوو نامەکانی خوێندنی باڵایدا، من نەك هەر یارمەتییەکی زۆر چاکم داوە، بگرە من بۆیم کردووە و ئەویش بەردەستی کردووم. برێکیش بە زمان و بیر کۆڵە. نازانم چۆن وەڵامی پرسیارەکانی هەڵسەنگاندنی تێزەکەی

٤٨- خۆی لێ لاکەلی کرد: خۆی لێ لادا.

دایەوە. چەندین جار بە هێندە سوێند و هێندە قورئانە، بەزۆر بۆ نـانخواردن دەیبردمـەوە مـاڵی خۆیان. بە میوان نا، بەڵکە وەك برا گەورەی خۆی، لە نێوان خۆی و خێزانەکەی دایدەنام. خـودا هەڵناگرێت خێزانێکی ریکـوپێکن. ژنەکـەی تابلێیـت ژیـر و چـاوبڵند و میواندۆسـت و گفـت شیرینە. تەمەنێکە دەیانناسم. بەڵام لەم ماوەیەدا بە هۆی گرانـی و هەراکەراکـەی ژیانـەوە... زۆر لەمێژنییە جارێك بە رێرەوی لە بازاڕ لە یەکدی هەڵەنگوتین. وابزانم ئەو منی نەبینی. بینیم سمێڵی تراشیوە، بارووکە لەسەر و چاویلکەیەکی رەشی لە چاودابوو. ویسـتم خـۆی تێبگەیـەنم. بەڵام زۆر بە پەلە دیاربوو. هێندەش گۆڕابوو، گومانی نەناسینەوە و بە هەڵەچوونم لەخۆم کـرد. ئەوەی تۆ دەڵێیت، بە ناو هەوە! بـەڵام ئـەو رەفتـارەی باسـی دەکـەیت لـەو ناوەشـێتەوە. بـە متمانەوە دەڵێم هەونییە، یا تۆ بەهەڵە نرخاندووتە!".

پیرە هەژی، تاکو ئێستا خۆی لە خوێندنەوە نەکردبوو، پەرتووکەکەی داخست. رووی کـردە کوڕەکەی، بە نەرمە گلەییەوە: "پێشتر چوار جار وەڵامم دایتەوە. مـن گـەلێك سـەرەدەری لـە کاری ئەم سەردەمە دەرناکەم، بەڵام بە مکوڕییەوە دەیڵێم: چارەی باشترمان دەسـت ناکـەوێت. (رووی کردە هەرمان) ئەوەی من بزانم، دەبێت پەیوەندییەکی چاك و پتەو لە نێوان مامۆسـتا و خـوێندکاردا هەبێت. گـریمان مـــامۆستا رەچـــاوی ئـەم پەیـــوەندییەی نەکـــــرد. وا دابنـێ کۆسپ و تەگەرە و تێك نەگەیشتن و بابەتی نائاسایی هاتە کایەوە. ئەوا بـۆ ئـەوەی خوێنـدکار بەرژەوەندی و داهـاتووی خـۆی بپارێزێـت، دەبێـت ئـەو پەرۆشـی پەیوەندییەکـەی بێـت. ئـەو سووربێت بۆ ئەوەی نەهێڵێت گرفتی تێبکەوێت. دەبێـت بـە نـەرمی و لـە کـاتی خۆیـدا و بـە شێوازی گونجاو، هۆکارەکان بدۆزێتەوە و بەر لە ترازان، بە گەرمی چارەی سـاردییەکان بکـات. ئەوەی باوە مامۆستا و خوێندکار، باوك و کوڕن، دەبێت هەردوو لایان کلیلی یەکدی کردنەوە و خوێندنەوەی یەکدییان هەبێت، ئەگینا خوێندکارەکە دەشکێت و مامۆسـتایەکەیش بـێ بـەر و سێبەر لار دەردەچێت.".

جارێك هەردی هەژی بە زمانی سووتاوی لەپۆڵدا، بـە بەرچـاوی خوێندکارەکانـەوە لـەبری ئەوەی بڵێت "دکتۆر" بێ مەبەسـت و بێئاگـا، لـەزاری دەرچـوو بـوو، گوتبـووی "مامۆسـتا شالیار". ساڵی یەکەم هیچ، ساڵی دووەمیش هێدی زمان شکاو لە تەڵەی دکتـۆری تۆڵەسـتێن بەرنەبوو. دواتر هەردی خزم و دۆست و هاوڕێی دوور و نزیکی، بە گژەوەنا. دوو جار بـە تـەنیا،

چوار جاریش لەگەڵ کەسە هەرە خۆشەویستەکانی چووبووە لای. پاڕابۆوە، پاکانەی کردبوو، کە ئەو بە نائەنقەست و بەبێ مەبەست، بۆ دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی، وشەی "مامۆستا"ی بەزاری داهاتووە.

هەردی زمان پەل، لە کاتی پاڕانەوەشیدا، بیّ ویستی خۆی دووبارە لە دەمی دەردەچێت و دەڵێت: "مامۆستا"، هەستیشی پێنەکردبوو، بەلاّم کە دالّدانی دکتۆر گڕی گرت، نێوچەوانی ترشفرۆش، ترش و گرژ و گەرم داگەڕا، خەریك بوو دلّی لە لێدان بکەوێت. هەردی بە حەپەساوی و خۆ تواندنەوەوە: "سوێند بەو شتە پیرۆزانەی کە لە قووڵایی ناخمانەوە بڕوامان پێیەتی!. ساڵی پار، راگری کۆلیژەکەمان، کە ئێستاکە گۆڕاوە. سێ پرۆفیسۆریش: فلان و فیسکە و فیسار، لە ئاهەنگی یەکدی ناسیندا.. کە چەند جارێك هاوڕێیانمان پێیان گوتن: دکتۆر! پرۆفیسۆر!. پرۆفیسۆری دکتۆر!. ئەوان بە بەرچاوی هەموو خوێندکارەکان و بە دڵنیاییەوە گوتیان: ((ناخوازین گەلێك بە پرۆفیسۆری دکتۆر بانگمان بکەن. ئێمە مامۆستاین. مامۆستایەتی پیرۆزترین پیشەیە. ئێمەی مامۆستا، بە چاوی جگەرگۆشەی خۆمانەوە سەیرتان دەکەین، دەبێت ئێوەش بیر لە ئێمە و لە داهاتووی خۆتان و لە نەوەکانی دوای خۆتان بکەنەوە. دەبێت بزانن کار و بار و ئەرکی ئێستای ئێمە، بەیانی دەکەوێتە ئەستۆی ئێوەوە. دەبێت لە خەباتکاریدا ماندوونەناس بن. ئەرکەکانتان وا دەخوازێت زانیاری پوخت و بە کەلك کۆبکەنەوە. تەبایی و خۆشەویستی ئاو بدەن. چاکسازی و پاکسازی چاوەڕوانتانن.

ئێمە لە کار و ئەرك و کەسایەتی خۆمان و حەزی ڕۆڵە و هاوهەوارانمان گوماندارنین. ئێمە دکتۆر و سەردەستە و ژێردەستە و شوان و پالّە و خاشاکمالّی گەل و ولاّتی خۆمان و مرۆڤایەتین. دەبێت ئێوەش وا بیربکەنەوە. زۆر پێویستە زوو پێبگەن و ئاگردانمان سارد نەکەنەوە. ئێمە باوك و برا و هەڤاڵتانین، ئێوەیش ڕۆڵەی جگەرسۆزی ئێستا و خەباتگێڕ و جێگرەوە و ئایندەمانن.".

ناورانەوە و نموونە هێنانەوە بۆ دکتۆری بێهەدا[49]، هیچ دادێکی هەردی نەدا.

---

٤٩ - بێهەدا: بێئۆقرە، بێئارام.

یەکێکی دیکەش بە بەرچاوی دوو برادەرییەوە سێ جار سوێندی بۆ خواردبوو، شەش تەلاقی باوکیشی فڕێدابوو! بەڵام شالیار هیچی لێی نەبیست.

هەژی هاژۆ شێرەوان، باوکی هەردی، بەهرەمەند، هێمن و لێزانی ژیانی دێرین، شارەزای ژیاری سەردەم، پیرێکی چاوگەورە و ئەزموونـدار و نوێ بین، گفتارلەبار و نایابکردار، دەستبارگر و بەخشندە و دلۆڤان. ژێدەرێکی ژەنگ نەگرتوو، سەرتاپای لە زاخ و ژیری و میهرەبانی داڕژا بوو. پیرێکی کشت و بیرمەندێکی وشت. ئەگەر بڵێم بەکاڵی لەگەڵ زەقنەبووت و قوزەڵقورتدا دەخورا، هێشتا ستەمم لیێی کردووە و مافی خۆیم نەداوەتێ.

هەژی دۆستێکی نزیکی کالیاری باوکی شالیاربوو. ویستبووی، کوڕەکەی لەم کێشەیە دەرباز بکات و گرێکوێرەکانی دەروونی داڵ و زانای سەردەمیش، لە نزیکەوە بدۆزێتەوە و هەتوانییان بکات. بەهێمنی و بەبێ ئاگای نەخۆشەکە، کرمی هەستکردنی بە کەمایەتی و بێ بڕوایی بکوژێت. سادیزم و نێرگزیزم شیزۆفرینیا و گرێی پاڵاوتەکانی، کە بەرنامەی مێشکیان شێواندووە، شوێن چووزەکانی هەستیان هەراسان کردووە، بە ئارامییەوە نەشتەرگەری بۆ بکات. بە نەرمی و دڵنەرمییەوە تیمار و هێور و هەداریی[50] بکاتەوە. تیزاندن[51] و زمان سووین و گەزگرتن و هەڵپە هەڵپ و بێ حەجمانییەکەیشی وەك گرێی شێرپەنجە لە دەروونی نەخۆشییەوە بە ڕەگوڕیشەوە ببڕێت و دەری بکات.

هەژی لە دەرفەتێکدا دەچێتە لای د.شالیار. دوو بە دوو لە ژوورێکی تەنیا و لابەلا دادەنیشن. دوای خۆ ناساندن و خواردنەوەی قاوەی تاڵ و کرتاندنی گوتەی کاکڵە شەکرە باوی. کەوتنە گفتوگۆی ڕاستەخۆ. پیرە لە پێشدا، دڵسۆزی و خۆشویستنی کالیاری باوکی شالیاری ڕێزدار، کالیاری یەکبار و ئەمەکدار، کالیاری جوانکار، شیرین ڕەوشت و بەرز ڕەفتار. خاوەن شاکاری دیار و نادیار، بۆ دکتۆری پایە لەند دەخاتە بەرچاو.

هەژی وردە وردە زۆر بە دڵنەرمییەوە ڕووەو مەبەست داژوات: "دکتۆری چاك و مامۆستای باش، سەرکردە و بنکردە و شوان و بەرخەوان و باخەوانی لێهاتوو پێدەگەیەنن. هەتا مامۆستای دڵسۆز بمێنێت، ئەوا بەها بەرزەکان لە کۆمەڵگەدا هەرەس ناهێنن. نۆژەنکردنەوەی تەلاری

---

٥٠- هەدار: دڵنیا، خاترجەم

٥١- تیزاندن: تێوەرینان، تووڕەبوون، لووشکە هاوێشتنی وڵاخ.

کەلاوە و شاری وێران و ئـابووری داتـەپیو، گـەلێك سـاناترە لـە راسـتکردنەوە و پێگەیانـدنی کۆمەڵگەی رەوشت خێچ و ناخ دارِوخاو.".

دکتۆر، لە خۆشیانا شاگەشکە دەبیت. سات لە دوای سات خۆی گەورەتر دەبینێت. هێندە هەڵدەکشێت بە خۆیشی خۆی نەناسێتەوە: "بەختم هاتۆتەوە".

پیرە هەژی بەنەرمییەوە: "دکتۆر!... دکتۆر!... دکتۆر! کەبیستم. برازام، کـوڕی گـەورە و خانەدانی باوکی، برازای خۆشەویستم... بوەتە دکتۆری زانکۆ، لـە ترۆپکـەی هـەرە سـەرەوەی کۆمەڵدا جێی خۆی گرتووە. بۆ من و بۆ باوکی بەهەشتیت شانازی و سەربەرزییێکە، بـە زمـان دەرنابڕێت. هەزار هەزار سوپاس بۆ خودای مەزن، کە من و باوکت، هەردوو لامـان، بـە تـۆوە ئاگردانمان ئاوەدانە. جێگرەوەمان، شەخەڵمان لەخۆمان بەرزتـر هەڵچووە.".

(دکتۆر لـە شـوێنی خـــۆیدا نەدەقـــرقرا، سـات دوای سـات بڵنـدتر هەڵـدەفڕی و نـوی بـوونەوەی نەدەزانی).

هەژی: "ویستم بە برازای خۆم بڵێم: تەمەن و پیشە و کارەکانی من و کالیاری بەهەشتی، وابوو، گەڕان و سەربردە و ڕووداوی گەورە ببێنین، تاڵ و سوێری ژیـان، نوێشـکی ئـەزموونێکی زۆری لەمێشکماندا زەنگ کرد. لە گەڵێ شوێندا شوێنپێی کەمال بەگی باپیرتـان پڕکردۆتـەوە. دکتۆر... ئەکادیمییەکی پەسند و رەسەنی وەك جـەنابتان، هەڵۆیـەکی بـەرزەفڕی وەك ئێوە، گەلێك لەوە بڵند و چاوتیژترن، کە قەلە بەڵەکێکی وەك ئێمەومانان قسەتان بۆ بکات.".

شـالیار لـە دڵـەوە : "گوتـەکانی ئـەم ئەزموونـدار و زۆرزان و ئێسـك سـووك و خـوێن هەنگوینـە، بروانامـەی زینـدووی دێـرینی مـاقووڵی و بلیمـەتی و پایـەداری و پلـە بـەرزی بنەماڵەکەمانە. کۆنە کتێبێکی دەگمەنە، دیرۆك زانێکی کەڤنار و زیندوو، بـە وشـیاری و بـیر قووڵیی و شارەزاییەوە، تۆمارگەی پەسندی و ڕەسەنایەتیمانی پاراسـتووە. (بـە دەنگێکـی پـڕ سۆزەوە): مامە!. مخابنە زێڕ و گەوهەرەکانی مێشکتان، بکەونە ژێر گڵـی رۆژگـار و بفـەوتێن. کۆمەڵناس و دەروونزان و دیرۆك پەروەران و جوان پەرستانی دێوانە لێی بێ بەش بن.".

هەژی بە رووی گەش و زمانی تەڕترەوە: "دکتۆری مەزن، ئەگەر چەند تێبینییەکی چـکۆلە بە بیرتان بێنینەوە، چونکە بەهۆی سەرقاڵی و زۆرکاری و کـەمکاتی و ڕاکـە ڕاکـەی دکتـۆری زاناوە، شەکەتی و نەپرژان، وای لێ دەکات لە هەموو کات و سـاتێکدا بـۆی نـەکرێت بـەوردی

دابوەڕێتە سەر هەموو کاروبارە زۆر و ئاڵۆزەکانی سەردەم. دەنا ئێوە... ئێوە پایە بڵند و پاکژ و پاکڕێزن. هەر کەسێکی دیکە لە تەبارەکەی ئێوەدا، دەرەوبکات، بیست هێنەدەی ئێوە داوەل و گوڵی لێ بەجێ دەمێنێت. دەبێت پێنج شەش وشیکار[٥٢] بەدوایانەوەبێت. مالّم گۆڕ و شارم گلکۆستانە... لە خۆشەویستیان، هەر لە سایەی مام و برازایەتییەوە، شتەکان بە گوێی ئێوەدا دەچرپێنم.

هەرچەندە من لە باوکی بەهەشتیت بە تەمەنترم، بەڵام ئەو زووتر ژنی هێنا و منیش بە درەنگەوە. لە دووربینی و کردار چاکیدا، ئەو پێشڕەوی هەموومان بوو. ئەوەی باوکتی دیتبێت، هەر لە دوورەوە بە بینینی رووخسارتان دەزانێت، تۆ کوڕی ئەویت. دڵنیام بە ڕەفتاریش هەر کوڕی ئەویت. بەهەشتی باوکت زۆرجار دەیگوتە ئێمە ((دەبێت سەری گەورە، پتر بەرگەی ژانە سەر بگرێت)).

ئەو دەیفەرموو (( تابکرێت پشوو فراوان و دڵ گەورە و زمان شیرین بین، هاوتەریبیش دوژمنی توندوتیژی و گرژی و ئاڵۆزی ناو خێزان و کۆلان و دەوروبەر بین. ئامانجمان ڕێخۆشکەری و چاکەچێنی بێت.)). هەر ئەویش دەیگوت: ((نەخۆشی و نەداری و نەزانی سیانەی کوشندەی تاك و کۆمەڵگەن. کەچی بە پێی تۆژینەوە روونبووەتەوە کە: نەزانی، دایکی دوانەکەی دیکەیە. لە سەرچاوەی زانستیشدا دەرکەوتووە کە: ڤایرۆسی دەرد و ئازار، لە منداڵدانی سۆز و ئارەزووی شێتانەوە، دەگاتە مەڵبەندی مۆخ، بنکەی هۆش تووشی چەندین دەرد و دەردەسەری و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و هەڵەی کوشندە دەکات. کارەساتی هەرەگەورە ئەوەیە هەرسێك لە یەکێکدا کۆببنەوە. دەوڵەمەند بوونی نەزانانیش بەربادی و ماڵوێرانی کەسەکە و دەوروبەری پێوەیە.)).

هەر لە خۆیم بیست فەرمووی: ((گێل بە چەوتی لە شتە ئاشکراکان دەگات، مرۆی ئاسایی کات و رووداوی بەرچاوانی دەخوێنێتەوە، بەڵام بڵێمەتان بە بینینی شوێن سێبەر، شتە دیار و نادیارەکان دەدۆزنەوە.))".

---

٥٢- وشی کردن: کۆکردنەوەی گوڵی گەنم و جۆی جێماو لە پەرێزدا. خڕکردنەوەی شتی جێماو. هێمایە بۆ هەژاری و بەرهەم کەمی.

شالیار، له هەندێك وشه و ڕسته و دەستەواژە دوو سێ ڕووەكانی پیرە هەژی نەدەگەیشت، بەڵام هەستی دەكرد كه پیری بیر ڕوون و تەوێل سپی، خۆی و كالیاری باوكی و كەمال بەگی باپیری خۆشدەوێت. نرخی لێزانی و پسپۆڕی داڵە مەزنەكەیشی دەزانێت. بە بیستنی نوقڵە گوتەكان، هێند گەورەبوو، ڕەنگە له چوونه دەرەوەدا بەدەرگای ژوورەكەی وەنەچێت.

پێشتر شالیار له سۆنگەی خوولەیی[٥٣]، له بەر ئارداوێژی تفت و قسەی زەقن و زەقوومی خۆیەوە، لەماڵ و زانكۆ و له دەرەوەدا، بەدرێژایی تەمەنی، ڕۆژانە، هەر نەقیزەیان دەخێوانده هزر و هەستی شلۆقی.

هەژی: "ژیری و شیر پاكی و ڕەسەنایەتی دكتۆری برازام لەوەدایە: كە... كە له كۆمەڵگەیەكی كەنارگر و دواكەوتوودا، بێ دەسكەوتی شایسته و بێویستنی پێزانین، هەر له خۆیەوە و بۆ خۆیەوە ئارەق دەڕێژێت. خەخۆری پێگەیاندنی كەلكدارانی دەوروبەری نزیك و دووری خۆیەتی. ئەم كردەوە خۆنەویست و خودا ویسته و پیرۆزەیش، لەناو چاوی كۆمەڵگە و تاكەكانیدا مەزنترتان دەكات. ببوورن كه كاتە نرخدارەكەتانم بە كێردكولیی مرداركردەوە. دەبوو له ڕووی بەڕێزتان پتر كورت بڕ و خۆشڕەوتر بوومایە، ڕاستەوڕاست، وردە تێبینییەكانم به گەرماوگەرمییەوە بۆت هەڵڕشتایە. بەڵام خۆشی دیدەنیتان مەستی كردم. من و بەهەشتی زۆر گەڕاوین، زۆریش بەوردی لەشت ورد دەبووینەوە. له خڕ كۆمەڵگەكانی سەر خڕۆكەی زەمیندا، بەوەی خۆشمانیشەوە، پێویستمان به كار و خزمەتگوزاری تێكڕای هاووڵاتیان، گشت تاكەكانی كۆمەڵ، بەگەورە و بچووكیانەوە هەیە.".

شالیار خوازیاربوو هەژی پرشنگدار بابەتەكە نەگۆڕێت و لەم گوتانەشیدا درێژبڕ و جوان دادڕتربێت. به ڕووگەشییەوە: "مامە هەژی! تۆ مامی گەورەمی. لە خۆم و باوكم باشتر شارەزامانی. له باشبەختیدا ئەمڕۆ كاتێكی چاكمان بەدەستەوەیە. دەرفەتەكەمان لەبارە و گوته نوقڵەكانی تۆش...".

هەژی به زمانێكی ڕەوانەوە: "هەر لەسەرۆك و پاشا و سەركردانەوە، تادەگاتە بەردەست و ماڵەر و پەین ڕێژانەوە. هەر كەسێك له شوێنی خۆیدا كارامه و دڵسۆز بێت، ئەو گەورەیە.

---

٥٣- خوولەیی: لاملی، لاساری. دەست به چاوەنان و نەگەڕانەوە.

ولاّتەکەمان هێندە فراوانە دە هێندەی دیکەش بین، هێشتا تێرای کارکردن و خزمەتکردن ناکەین. دکتۆری پایەدار، ئەتۆ پێشەنگی گەلی خۆتی. کە دەڵێن ((بەهەزار دەرزی، گاسنێکی تێنابێت)) منیش بەدڵنیاییەوە گوتوومە و دەیڵێمەوە کە بە هەزار گاسنان کاری دەرزییەکیان پێ ناکرێت.

سەرنجۆکەکەی دووەمم: مرۆڤ، بە نیازی پاك و خاوێنکاری و بەرهەم باشی و بەخشندەییەوە گەورە دەبێت. بەرز و بەرشیرین و سێبەردار دەکەوێتە بەر دڵان.

سێیەم: ئەوانەی خاوەنی خۆیان و شایستەی شوێنەکانیان نین، هەمیشە هەست بەسووکی و چرووکی و پووکانەوەی خۆیان دەکەن. هەر بەخۆیان، بۆخۆیان، هاوار دەکەن، دووزەلە[٥٤] بۆ گەورەیی خۆیان دەژەنن. بەتەنیا، بە سووێسکەییەکی سووك، بە سێپێیی تەپ و بە چوارپێیی گران هەڵدەپەڕن. ئەوانەی بەدەم و بە گوێ و بە چاوی خۆیان دەخوازن، بە چاوی گەورانیان ببینن. بە مەزن ناویان بێتن. ئەنجامەکەی کەمایەتی لێ دەکەوێتەوە. هیچ و پووچایەتی خۆیان ڕادەگەیەنن.

ئەگەر بپرسین: کێ مەزنە؟ مەزنتر کێیە؟

کار و کردەوە، دەوروبەر، کات و شوێن، دادپرس و گەواهیدەر بڕیاردەرن. نەك گفتار و دەربڕینی خودی خۆمان. ئەوانەی لە سایەی ناوبانگی باوانیان، لە پەناگەی کورسی و مێزی خزم و مزمان و شتی دیکەوە، دەخۆن و دەخەون، ئەوانە بۆ ئەوەی بە ناڕەوایی بکرێنە پێشەنگی کۆمەڵە و ناوچە و شارۆچکە و گوند و گەڕەك، بەشانازییەوە خۆیان دەکەنە ماڵەی ناهێژایان و ماڵەری ماڵە کێرکەرانی سەر گەڕ و چەپگەڕ. بۆ گیرفان و ورگ داگرتن، بۆ دابەستەیی، دەبنە بەردەست و بەرفەرمان و کلکە قوولەی سەرانی گوێ گیراو.

تا ئێوەش پیر نەبن، وەك مەمانان زۆرباش نازانن، دیتن و بیستنی بە پیری، وەك لاوان، لە ئامێزی بیری پیران داناوەرێنەوە و گیرنابن.

بەڕاست چاك بوو وەبیرم هاتەوە. مامۆستا هەرمان زۆر رێز و خۆشەویستی و سڵاوی تایبەتی بۆتۆ هەبوو، سڵاوی لە ماڵەوەشتان دەکرد. حەزی دەکرد بە دیدەنیتان شاد ببێتەوە،

---

٥٤- دووزەلە: پیك و دووزەلە. جووتە نای. لە قامیش دروست دەکرێت.

بەڵام کارێکی بە پەلە رووی تێکرد. داوای لێبووردنی کـرد: گوتیشـی لـە نـزیکترین دەرفەتـدا بەسەری دادەدەم و کۆنە شادیانەکەی لێ دەستێنم.".

دکتۆر بە سەرسوورمانێکی سەیرەوە: "هەرمان کێیە؟ چ کارەیە؟ خەڵکی کوێیە؟ لـە کـوێ من دەناسێت؟. (نەختـــۆکەك بیری کـــردەوە بە دڵنیاییەوە) هــەرگیز من بـــرادەر و ناســیاوی بەم ناوەم نەبووە!".

پیرە بە نابەدڵییەوە: "دەنا مامۆستا هەرمان، نەك هەر تۆی بە هاوڕێ و دۆسـتی دڵسـۆزی خۆی دادەنا، بەڵکو دەیگوت: برایەکی براو هاوکار و هـاوڕازی یەکدیشـین. رۆژگارێـك، پـازدە بیست ساڵێك لەمەوبەر، بەیەکەوە تاڵی و شیرینی ژیانمان چەشـتووە. لـە کـاتی ئامـادەکردنی نامەی بڕوانامە بەرزەکەی، گەورەی کردم، کە دوو سێ سەرنجی بچکۆلەی بەهەند وەرگرتم!".

دکتۆر، نەختێك بە پەشێوی راما. بۆ داپۆشـینی تێکەوتنەکـەی: "مامــە! ئـەو هاوڕێیــەی گوتت، ناوی ((هەرمان))! هەرمانی رووتە؟ ئەدی ناوی باوکی چییە؟ پلـە و نازنـاوی زانسـتی؟ تەمەنی؟ کاری؟ شوێنی؟. خەڵکێکی زۆر منی ئەکادیمی دەناسن، بەڵام منی کات کـەم، منـی سەرقـاڵ و نەپـرژاو.".

پـیرە بـە هێمنـی و بـە هـوردی، دوو پـێ تـەرازووی گوتـەکانی هـەردووکیانی بەیەکـەوە هەڵکێشان. ئەنجامەکـەی زۆر لاسـەنگ و نـا هاوسـەنگ کەوتـە بەرچـاو. بـە هـیچ پاسـاو و پارسەنگێکیش بەراورد لە نێوان دوو تایەکە نەدەکرا و نەدەکەوتنە بەرامبــەر یەکدیـەوە... بـە نیمچە کەنینێکی سەرسامیەوە: مامۆستا هەرمان کوڕی هەیاسـی هەباسـاغەیە. نـەختێك لـە جەنابتان تەمەندارترە."

دکتـۆر دووبـارە خـۆی خسـتەوە بـاری رامانـەوە. سـەری بـەرزکردەوە. روانییـە بنمیچـی ژوورەکەی. چـڵکی رۆژگـار، ژێربـانی ژوورەکـەی، گـووی مێشەڕەشـکەی شـەوگاریش پـەڕەی باوەشێنەکەی رەشکردبوو. بە خەیاڵەوە سەری داگرتەوە:

"ئا. خۆیــەتی!... دۆزیمــەوە... بـە نـاوی بـاوکی ناسـیمەوە. بـاوکی پیـاوێکی باشـبوو. هەرچەندە بەناو ئاغابوو، بەڵام بە بەرەباب نانیــان هــەر سـواربوو. بۆیــە بـە کـەمی دەکەوتـە ئاوەدانی. هەمیشە لەبەر خۆرەوە بەدوای نان و بەرگی خێزانــی رەشـوڕووتدا راکەڕاکـەی بـوو. کەچی لە چارەڕەشیان هێشتاش هەر پێڕا نەدەگەیشـت. راسـت دەفـەرمووی ئـەو لـە مـن بـە

تەمەنترە. منداڵانی گەڕەك بە (حەرمانۆك) و (حەرمان هەرەپاس) ناومـان دەهێنـا!. حەرمانـە چڵکن چۆن و لە کوێ تۆ دەناسێت؟

ئەو هێڕوهوڕەی، هڕە لە بڕە دەرناکات. بەچی هاریکـاری منـی کـردووە؟. ئـەو لۆقلۆقییـە ئەقڵ کورتە. زۆرجار ڕێگەی ماڵی خۆیانی نەدەناسییەوە. حەمـە حـۆلی حولحـولی دراوسـێیان دەیبردەوە. پەحـــــاااا... وەڵا بابە حەرمانۆك پیاوی خۆی دیتەوە، خـۆی باوێتـە سەرشـانی و لەوێوە خۆی بەرز بنوێنێت!. ئەگەر ئەو هێندە ئاست بەرزە، بـۆ یارمـەتی نامـەی دکتۆراکـەی من...؟ بۆ بۆخۆی ماستەرێکی...؟ دبلۆمێکی لەڕو لاوازی نەدەبینایەوە؟ ئینجا حەرمانە هێـڕ، بۆ ناڵێت: سەرپەرشتیار و راوێژکار و سەرۆکی لێژنەی هەڵسـەنگاندنی نامـەی دکتۆرایەکەیشـم بووە. حەرمانە گەوجی نەخوێنـدەوار!. بۆخـۆی چ شـتێك دەزانێـت، تـا یارمـەتی دکتـۆرێکی بلیمەتی ئەکادیمی بدات؟. بەخوا بابە ئەم فیلمە کۆنەی ئەمڕۆ خۆشە!؟ هەر لـە خۆیـەوە، بـەبێ بەڵگە و بێ بەڵگەنامە، بڵێیت دووڕڕڕڕڕڕ نەڕۆۆۆی شازدە!. هەموو خەڵك دەزانن، ئـەم پەتکـە هەڵبەستەی پەتە و پسۆکە... گەمشۆ و حیزۆی وەك خـۆی هـەرخۆی بـوو. منـداڵانی گـەڕەك کردبوویانە قالبی گۆپاڵان. ناکا کچێکی چارەڕەشیشیان لەگەڵدا کردبێتەچاڵ. ئەم کوردەوارییە، شتی ئەوەندە گونك و کەسنەکردە دەکات، باسی لێوە نەکرێت. هەر بە بیستنی پەتکەکانی ئەو پەتەرییە[٥٥]، پیاوی ئاقڵ ئارەقە دەکات. (بە بنی چاوییەوە روانییە قوولایی چاوی پـیرە) ئەگـەر نـەختێك هۆشـی هەبوایـە، درۆی هێنـدە تەمـەن کـورتی نـەدەکرد!. دەڵـێن: درۆ، دەروێشـی بێدەستە، هەموان پێی دەوێرن. هەن لەکاتی پێویستدا بە زیندوویی دەیخەنە بـەر گـوێ و پـێش چاوان. کە کاریان پێی نەما، لە گووفەکێك دەینێژن. زۆر لە مێژە، لـە تەمـەنی منداڵیمـەوە، چەند تۆم بینیـوە! ئـەو حەرمانـە درۆکـەرە نەزانـەیش هەرهێنـدە. بـڕوا بکـە ئێسـتا ببیـنم نایناسمەوە. ئەگینا دەمگوت: لە درۆ هەڵبەستنیشدا هـەر گـەلحۆ و گەمـژەیت. کـە دەتـەوێت درۆیەك ڕێکبخەیت، بڕۆ لای پەیکەرتاشێکی ئەکادیمی، با شتێکت بۆ دروسـت بکـات، بـاڵ و پێ و سەر و کلکی هەبێت. بـە لایـەنی هەرەکـەم، درۆیەکـە لـە بوونـەوەرێك بکـات. لـەلای جلدرووێکیش کراس و دەرپێی بۆ بەڕادان بدە، با بە ساوایی، لە سەرمـانا رەقێتـە دەرنـەکات.

---

٥٥- پەتەری: نەزان، گێلۆکە.

ئەم مالوێرانە، درۆیەکانیشی وەك خۆی رووت و رەجاڵ و بەستەزمانن. لێیان نابێتــەوە دەمــرن. دەبنە درۆی ساوای یەك شەوە، دەبێت بە راکردن لەبەر چاوان وەیشێرن. خــەلکی ســادەیش درۆ بکات، بە لایەنی کەمەوە درۆیەکە، سەر و کلك و دەم و گوێ و شان و باڵی دەبێت، نەختێك بە پا دەڕوات، هەڵدەفڕێت، چەند ساڵێك... خۆ باسی تەمەندرێژی درۆی ئــەکادیمیش هــەرناکرێت. توخوا مامە گیان! ئەگەر دەیبینی، بەناوی من ئامۆژگاری ئەو فیشاڵبازە راستنەبێژە درۆنەزانە بکە... لەوانەیە لە ئاست کۆلەوارانەدا خۆیشی بە بلیمەت و زانا بزانێت.".

پیرە هەژی سەری لە ڤڕە شــاخدارە ئامادەکراوەکانی دکتۆر سوڕما! پەشیمانی دەست و پێی بەست. ئاخۆ دەبێت ئەم مشتانە نموونەی خــەرواری پایــە بــەرزی و مامۆســتایانی پێگەیانــدنی نەوەی نــوێی ئــەمرۆی هــەوار بــن؟ ئــەم رالــەخۆ و بســتەبالاَیانە، بــۆ خۆدەرخســتن و نوانــدنی بەرزەبالاَییان بەدرۆ، بۆ پاکانە کردنێکی ناڕەوا، بە ڤڕ و هەڵبەســتەی هێنــدە قێــزەون، هێــرش بکەنە سەر هاوڕێ و هاریکارانیانەوە. بــە راســتی لــە تــانووت لێدانــدا دکتــۆرێکی بــەتوانا و ئەکادیمیەکی بێهاوتایە. بەزەیی بە لاڕێگری و هەڵەتەبوون و زۆردابـــەزی و زوو بـــەزینیان، بــە رۆژکوێری شــەونەبینی دوارۆژی نەوەکانی داهاتوو دا هاتەوە.

پیرە بە نیمچە پاڕانەوەوە: "دکتۆر! کوڕی باوکی خۆت و باوکی مــن! داخــی گــران و دەردی بێدەرمانمان لەوەدایە، کە هەمووومان لە سەرەتادا، یــەك دەســتپێکمان هەیــە. بــەلاَم گەنــدە و گەندەخۆران، لەترسی شەکەتی و ئێشدا رێگەی ئاسانی دابــەزین و شــۆڕبوونەوە دەگــرن، لافــی بەرزی و نەبەزیش لێ دەدەن، کەچی رەنجدەر و خەباتگێڕ و خەمخۆرانی گشتی، سەختی هــەلژنان بە هەورازی سەختەوە هەڵدەبژێرن. هەڵبەتە بە درێژایی رۆژگــار، گشــت قۆناغــەکانی تەمــەنی سەرتاپای توێژ و چینەکانی بەشی دووەم، بە منداڵی و جحێڵی و جوامێری و پیرییەوە، پڕیــەتی لە تفت و تاڵی، هەڵکشان و داکشان. لێوانلێو، کۆست و کســپە و کۆســپ و ســاتمە و نســکۆو دەست بە ڕوو-وەنانە. لەو کاتەوە، کە بەســەرپێ دەکــەوین. هــەر دەکــەوین و هەڵدەســتینەوە. کەوتەیی و گلاوی و گلانمان لەوەدایە: نەوێرین. ناتوانین ژیان بە راســتەقینەکەی خۆیــەوە: (کــە کەوتن و رابوونەوە و راکردن و کەوتنەوە و یەکدی بەرێکردنە)، ببینین!.

ژیان هەمیشە دیتنی تەرمی تـــارمایی و دەنگدانـــەوەی بێـدەنگی و فرمێـسکی سـوێر و بۆنی مەرگە. کەچی بە درێژایی تەمەن هەر خەریکین، سەرانگرێ بوونی خۆمـان داپۆشـین. بـە نووچدانی یەکدیش خۆشیمان دێت.

بلیمەت، کەسێکە بـەر لـە هەڵـەنگوتن و سـەرانگێوبوون، بـە بینینــی کـەوتنی گـەورە و بچووکانی دەوروبەری پەند خواردەبێت، نەك دڵگـەش. بـەر لـە خلیسـکان، بـیر لـە کـەوتن و هەڵسـتانەوەی خـۆی بکاتـەوە. نەخۆشـی و برسـیەتی و بێکـاری و کـورتبینی دەردی گرانـی کۆمەڵگە و تاکن. بە درێژایی مێژوو، خەباتکارانی زانا و نیازپاك، دەرفەت دەقۆزنەوە و دەبنـە هەتوانی چارەی دەردان، بەڵام مـن تـاکو ئێسـتا نەمبیسـتووە، خۆپەرسـتی و هەسـتکوێری و ئێرەیی، هەلی چـاکبوونەوەیان هـەبووبێت. زانایـانی رۆشـنبیر و دووربـین، کـە لـە دڵـەوە بـە مەبەستی پێگەیاندن و رووناککردنـەوەی شـەوگار، بێوچـان بـە کارامـەیی بـۆ وەرچـەرخاندی مێژوویی دەکارێن ئەوان بلیمەتترین توێژن.

(هەناسەیەکی پڕ لە سوێی هەڵکێشا، بە گفت نەرمییـەوە) دکتـۆری دانـا، بـرازای خـۆم و باپیرەم! هەرچەندە گەڕیدە و خوێندەوار و ئەزموونداربین، بەڵام هێشتا هەر کاڵ و کرچ و خـاو و نەخراوین. من پیربووم، خەریکم وردە وردە منداڵانی، دەم کەل و بیر کاڵ و کاڵکـارتر دەبمـەوە. لە زۆر هەڵوێستدا، سەردەکەم، سەرچیغ دەچم. دەخلیسـکێم، وەك ئـــەم خەڵکـە نـا نەبـەردە، نابێت و ناکرێت کە بکەوین دەست لەخۆ بەربدەین. لەبەر نەزانی نـاتوانین، ژیـان بـە زەلگـە و زەلین و دەستگرتن و رابوونەوە و راپەڕین دابنێین.".

دکتۆر، گەلێك بـە روونـی سـەری لـە گرێچـن و ریسـە ئالۆسـکاو و سەرەچـێرك[٥٦]ی پـیرە دەرنەدەچوو. وردە وردە سەری ئەستوور و هەستی پەست و پەرێشان دەبوو، بـۆ ئـەوەی دەمـی پیرەی دەمدرێژ بقرمسێنێت، ویستی گە بڕی بکات و بڵێت: کۆنینـەی بـاو نـەماو، وادەزانیـت ئێستاکەیش، سەردەم سەردەمی سیپارە و سین زەنە سینە[٥٧].! دوو پەند و سێ قسەی نەستەق و

---

**٥٦ – ســـەرەچێـرك: کورتە ریسێکە (لە دوای تەواو بوونی مافوورو و بەڕەی راچێندراو، کە لە داری تەوەن دەیـبڕن ئەو) دەمێنێتەوە،**

**٥٧– سین زەنە سین: پیتی سین کە سکونی لەسەربێت، خوێدننی مزگەوت بە حینجەیی، بە پیت لێکدانی مەلایانە.**

هەڵبەستێکی کلاسیکی قوندەی سەرواداری سەر بە پۆتت[58] قووتداوە، وانەی ئێمەمانانی ئەکادیمی پێ دەدەیت!؟. خۆی بەرزەوت کرد، کەمێك بە هێمنی راما. پیرەی بە سەرسامی کەوتە بەرچاو. رای خۆی گۆڕی، وای بە چاك زانی پیرە نەڕەنجێنێت. بەڵکو پەیوەندی نێوانیان توند و تۆکمەتر بکات. لەبری ئەوەی پیرە لە ناو خەڵکدا سووکی دەربخات، وا باشترە کە بە شان و باڵی شالیار و کالیار و کەمال و بنەماڵەکەیاندا هەڵبڵێت.

شالیار حەزی بوو پێدا هەڵگوتنەکەی پیرە، لە رووبەڕووی ناسیاوانی بێت. بەڵام هەستیشی دەکرد پێدا هەڵگوتنەکەی تیکەی نانی تیرییە و ناواخنەکەی قۆڕە و سماق و تاڵە سێوە. وتە رووخسار شیرینەکانی، ریزە رۆکێتن، تەوری ئێسك شکێنن. وردە تێبینییەکانی هەستی بە وردی دەهەنجنن و ویستەکەیشی لەتوپەت.

لە دڵەوە: "بەڕاستی هەڵنانی ئەم مام مۆتکە، مەزەدارە. وەستای هێندە دانان رێك، گفتولفت شیرین. بەڵگەنامە و سەرچاوە و ژێدەرێکی زیندووە. هەندێك زانیاری کۆمەڵایەتی و کەسایەتی پوخت و سەرەکی لێ وەربگرم. بۆخۆمیش زیرەکانە لە سەر جەمسەرەکانیانەوە شتی سەرنج کێشی بایەخدار و زۆر دڵگری تێدەئاخنم. دەیکەمە سەرجەلەیەکی رێکوپێکی بەرەباب و بنەماڵەیەکی ناودار و دێرین. ئەمەیش دەبێتە بەشێك لە مێژووی ئەکادیمیانی سەردەم... سەرجەلە و بنجەلەی ناودارانی جیهانیش بە زۆری هەر ئەوها دروستکراون. (بڕوای نەکرد هێندە بە سانایی بۆی بچێتە ژێربارەوە. بێدەنگیی دەروونی ساردی، خەریك بوو ئارەقەی گڕوگاڵی دڵی هەڵچنێت. دەستێکی کەوتە پێش و یەکێکی کەوتە پاش. تاوێك تێما[59]. پێی بە جگەری خۆیەوەنا... بابەتەکەی گۆڕی. بە رووبازییەوە):

داوا لە بەڕێزتان دەکەین، جارجارە لەم کاتانەی کە ئێمە کاتمان هەبێت، سەرمان لێ نەبڕن. بە دیدەنی مامەم و هاوڕێی باوکم، سەربەرز و بەرچاو روون دەبم. مامە نیگەران مەبە! لەوانەیە هەڵەیەك روویدابێت. رەنگە ئەو درۆکار و لمووز درێژ و دەستکورت و بیر تەسك و کلك پان بێت. لەوانەیە بەهەڵە چووبێت!. نەخۆش و دەروون ناسازبێت. دووریش نییە ئەو هەندێك راست بکات، من لە یادم نەمابێت. سەرقاڵی و پڕی لە ئەندازە بەدەر، پێکدادان لەگەڵ شەپۆلە

**٥٨ - سەر بە پۆت: پۆپن، مریشکی پۆپن. سەربەکڵاوە، کۆتری سەر بە کڵاوە، مەڕی سەربەپۆت.**

**٥٩- تاوێك تێما: ماوەیەك بە دوودڵی و بیرکردنەوە مایەوە.**

سەختەکانی رۆژگاردا... مـرۆی پرکـار، مەنجـەڵی پڕئـاوی سـەر ئـاگرە، بکوڵێـت، یـا پـتری تێبکرێت، ئەوا لەسەری دەرژێت!. هەرچۆنێك بێت، ئەمەیان گرفتێك نییـە مێشـکی خۆمـانی پێوە خەریك و تەریك بکەین. تکایە بە هەندی وەرمـەگرە!. گرفتـی ئێمـەمانانی رۆژهـەڵاتی، ئەوەیە کە لە خۆشباوەڕی و تێك نەگەیشتن و خێرا هەڵچـوون و هێرشـبردن و بەرگریکردنـدا... ئێمـە لـە منداڵییـەوە وا ڕاهـاتووین، لەسـەر شـتێکی کـەم هەڵدەچـین و گڕدەگـرین. دوای رەقەبژێربـــوون و کـــار لـە کـارترازان، هـــەردوو لامـان بـە ئـــاگادێینەوە. پەنجـــەکانمان دەکرۆژین بەڵام...".

## ٤- ئامان و ئامان (پیری هەرزەکار)

د. شالیار روانییە کاتژمێری سەر مێزەکەی، بە خەندەیەکی وەستایانەوە: "مام هەژی! زۆر شادم بەناسینەوە و بە بەسەرکردنەوەکەت، قسە شیرینەکانیشت شـادتریان کـردم. ئێسـتا مـن کاردارم. دوای چوار- پێنج خولەکی دیکە، کۆبوونەوەی دەسـتەی باڵامـان هەیـە. پـتر نـاتوانم گیربم. خوازیارم لە داهاتوودا، من و تۆ، سوودگۆڕکێ بکەین. ئەتۆ لـە مـن مـەزنتری و کـاتی پتریشت بە دەستەوەیە، ئەگەر بکرێت جارجارە لە شێنەییدا بەسەرمان بکەیتـەوە گـەورەدەبین، بەڵام ڕۆژی پێشتر ئاگاداربم! نەوەك زۆر سەرقاڵ و کـەم کـات بم! بـەڵکو شـیرنەمەنی نایـاب و کامیرای سینەمایی و یەك دوو دکتـۆری بلیمـەتی هاوتەمـەنت و شـتی دیکـەی پێویسـت بـۆ دانیشتنێکی خۆش و شایەستەی جەنابتان ئامادە بکەم.

(بۆ دڵنیابوون، بۆ بابەت گـۆڕین و پاسـاو هێنانـەوەی پـتر، بـۆ پاکانـە و پاککردنـەوەی رشانەوەکەی): ببوورن مامۆستا هەژی! نەنکمت (دایکی دایکم)ت دەناسی؟ دەتزانـی تەمـەنی چەندبوو؟ لە پیرییان پـڕ بـە چـەنگێك مـابۆوە، کەچـی چـاوی، ددانـی، بـیر و هـۆش و روو و رووخسارو پاکوخاوێنیی، دەتگوت هەژدە ساڵییە. لە بیرمە دەیگوت: ((ئەو منداڵانـەی شـیری قوتوویان دەدەنێ، خەسڵەتی جاشك و گوێرەکە دەگرن. جارێك دووجار شیری کەرێ، بە دەرمـان بدرێتە منداڵان باشە، بەرگەگر و خۆگریان دەکات. بە پێکەنینەوەش دەیگـوت: بـەڵام پتربێـت، ئەوا نە جاشکی پێدەشێن و نە بە مرۆیانیش دەشێن.)).

هەر داپیرەم دەیگوت: ((شیری ماینیش چاکترە، منداڵ باشتر پێـی هەڵـدەدات رەوهـانتری دەکات. بۆ درۆ و راستیش، بڕواننە جاش هێستری بەر ماینێ و ئەفنەس[٦٠]ی بـەر ماکـەرێ؟... من لێ نەگەڕام کچ و کوڕەکانم شیری قوتوو بدەنە منداڵەکانیان. پێشان ئەم ژەکـە کـەمتیارە و شیرە بەرازە نەبوو؟ ئەو منداڵەی لە دەرد و نەخۆشیان دەربازدەبوو، دەردەچوو. تۆکمەو تووند و تۆڵ، زاخدار و کارا و تێرئاقڵ.)).

نەنکم، منی لە هەموو نەوەکانی خۆی خۆشتر دەویست. دەیگوتە من: ((شێوە و هـەڵس و کەوتی تۆ لە رەفتاری باپیرەی بەهەشتیم دەکات))."

پیرە هەژیش وەك ئەوەی فشە بە گاڵتە بکـات: "نەنکت ئامان؟.. ئامان ئامان بــوو.".

دکتۆر: "تۆ لە کوێ ئەم پیرە بیر گەنجەت دیتبوو؟".

هەژی: "ئەگەر خوالێخۆشبوو بە پیری لەگەڵ تۆدا ژیابێت، ئەوا من لە هـەرەتی گەنجیـدا دەمناسی. ئامان سەرتۆپی جوانـان و کابـان و بنـەوان و گـەورەی بنـەگان بـوو، نـەك گەمـە. دەستکار رەنکین و جوانئاکار. بێندرێژ و بارقووڵ. دڵتەڕ و رووگەش. خزمدۆست و بزەفــــرۆش. هەندی بڵێیت چاوتێر و سەربڵند. ((نانێك و گایەکی لەلا یـەك بـوو.)). بـە کـار و بـە گفتـار ((لەناو ژنان ژن و لەگەڵ پیاوان پیاو.))

(لە دڵەوەیش): پیاوم دەویست خـۆی بەرامبەر بسـکی لـوول و چـاوی بـەکل و روومـەتی سوور و باخی هەنار و باڵای سەرووی ئامانێ ئەو کاتی بگرتایە!. کچەکانی خۆی کە لە قۆزی و تەڕی و بڕیدا هاوتایان نەبوو، بەڵام هێشتا بەخیلیان بـەو دەبـرد. سـەدان بەنـد و بـالۆرەی بـۆ هۆندرابۆوە. هەرگیز تێر منداڵ و تێر خۆشەویستی نەدەبوو. هەمیشە سکی لەبەر زاری بوو. بە سکێك سێ منداڵی دانابوو، کەچی هێشتا ئۆخـژنی نـەدەهات. ژنـان ناویـان نـابوو "سـکپڕی هەناوخرێن". لە بەر و بەرەکەتدا، تووڕەزەڵە[٦١]بوو. وەچە و نەوەکانی هێندە زۆر و پەرت و بڵاو بوون، نیوەیان یەکدیان نەبینی بوو، بگرە بەخۆیشی ناوی زۆرینەیانی نەدەزانی.

---

٦٠- ئەفنەس: کوشمە، لووت کورت. هێسترێك دایکی ماکەر و باوکی ئەسپ بێت.

٦١- تووڕەزڵە: رەزڕەزۆك، ترێ رێوی، رووکێکی (بژارێکی) وەرزی هاوینەیە، لە کێڵگەی شـینایيدا دەڕوێـت، تـۆوی زۆر دەخاتەوە و خێرا زۆر دەبێ.

پیره هەژی بە دەنگ کەوتەوە: نەنکت ئامان لە هەر کوێیەك منداڵێکی بدیتبایە، بە سۆزەوە ماچی دەکرد، دوو سێ دەنکە مێوژ، لەتکە هەنجیرێك و دانە بەڕوێك، کووتە گوێزێکی دەخستە دەستی.

بە دکتۆری خۆم بڵێم سەردەمی منداڵی من و باوکت، ژیان سەخت، کاری کارکەری هەژار زۆر و کەم دەرامەت. خوێندەواریش کەمینە بوو. بەڵام خوێندەوارەکان بە راستی خوێندەواربوون. زۆری و بۆری خوێندەواری ئێستا، لەگەڵ ئەوکاتە بەراورد ناکرێت. ئەوکات ئێمە فێری چەندین زمان و بابەت و کردنەوەی چەندین دەرگای گەورە گەورە دەبووین. مامۆستایانی ئەوکاتە دەیان فەرموو: پسپۆڕی و رۆشنبیری، مام و برازای یەکدین، لە یەکدی دابڕێن، بێپشت دەبن. دەبوو خوێندەوارانی ئەو کات، بە درێژایی تەمەنیان، رۆژانە چەندین تێبینی و بابەتی زانستی نوێ بە دیتن و بیستن و بە خوێندنەوە بئاخننە ناو مێشکیانەوە. مێشك بە کانیاو دادەندرا. دەبوو هەمیشە لێی هەڵبقوڵێت و لەبەریشی بڕوات. ئەگەر تێی نەکرێت و لێشیەوە دەرنەچێت، ئەوا گەناوە. بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی و کاری خۆی بناسێت، دەبێت بە لایەنی کەم، خودی خۆی و سروشتی دەوروبەری، بە گیاندار و بێگیانەوە، بە رووخسار و بەناخەوە، لە دێرین و لە ئێستاوە، بە وردی بخوێنێتەوە. بیرۆکەی ئەم داهێنان و دروستکراوانەی لە دوور و نزیکمانەوە دەیانبینین، گشتی لە ژیەوەرەوە هەڵێنجراون. ژینگە، دایەنگەیە، فێرگەیە، ئەزموونگەیە. دۆخ و کات و شوێنی کردۆتە سەرکار و جێگر و بریکاری خۆی. شەقڵ و بێژنگ و تەرازووی داوەتە دەستیان. چرکەیەك کات بوەستێت، یا لە خولگە و رەوتگەی خۆی بەکەلی بێت. دەزانی چی روودەدات؟

(مێردەزمەی پرسیارەکە خۆی هەڵدایە سەر ئەستۆی دکتۆر و دەمی پێداپچڕی. ددانەکانی دەرکەوتن. پیرە هەژی ددانەکانی دکتۆری ژماردن. بە زەردەخەنەی دڵەوە): بە باڵا و سەر و ریش و ددانەکانی تەفرەدەخۆین، کەچی هێشتا مێشکی پێی نەگرتووە.

(پیرە بە چاوگەشی و کەللە ساردییەوە) مامۆستایەکی وانەی جوانکاری، راست و رەوان و رەوابێژمان هەبوو. خودا بە بەهەشتی بەرینی شادکردبێت! پیاوێکی بێهاوتابوو. دۆست و دەستگر و خەمخۆری هەموومان. جارجارە دوو خولەك لە بازنەی بابەتی وانەکە دەردەچوو. لەم ماوە کورتەیەدا دوڕ و کلۆ شەکری دەدایێ. هزری دەمەزەرد و دەمی شیرین دەکردین. ئەم

چەند چرکە ساتەی ناونابوو ((وانەی گونجاندن و بەڕێوەچوون.))، لە بیرمە لە دوا ڕۆژانی خوێندندا گوتی: باڵتان گرتووە، زۆرتان نەماوە لە هێلانە دەربچن، پەرت و بڵاو دەبنەوە. ئیدی لێرە بەدواوە ڕۆڵی هونەری گونجاندن و بەڕێوەبردنە. بەڵام لە بیرتان نەچێت، لە ناو کۆمەڵدا خەڵکی جۆراو جۆر: دڕ و نەرم، بەرز و نزم، سەرگەرم و کەللەسارد، تێر ئاقڵ و کەم هۆش هەن. لەگەڵ کامەیان ببنە هاونشین، دەبنە ئاوکوفی ئەو. سێبەری خۆتان گەورە ببینن، لە خوێندن و فێربوون و فێرکردن دابڕێن، ئەوا لە خۆتان و دەوروبەرتان دادەبڕێن!.

مامۆستا دەیگوت: کۆمەڵگە و دارستان هێندە لە یەك دەکەن، بە ئاستەنگ لە یەکدی جیا دەکرێنەوە. بە کورتی و بە کوردی، چەند بەوردی لە خۆتان و ژینگەکەتانەوە ورد ببنەوە، هێشتا هەر درشتن. ئەو زانست و زانیارانەی لە منداڵییەوە تاکو ئێستا، لە کەللەتان ئاخنیوە، زۆر بە بایەخداری دەزانن و پێیەوە دەنازن. کە بەناو ساڵ کەوتن، ئەوکاتە دەزانن ئێوە چڵێکی بچووکی سەر لك و قەدی داری زەبەلاحی کۆمەڵگەن. قەد، بە ڕەگی بە هێز لە خاکدا چەسپاوە و ڕاگیرکراوە. لك بە قەدەوە لکاوە، چڵ لەسەر لکەوە وەستاوە. گەڵاش ئاوێزانی چڵە. لەم خوێ و مژاد و ئاوەی ڕەگ هەڵی دەمژێت، قەد و لك و چڵ دەست بە دەست، بە ناو بۆڕییەکانی دارکدا دەیگەیەننە گەڵا. گەڵای سەوز وەك کابانێکی چاك، بەهۆی تیشکی خۆرەوە لە ئاو و خوێیەکانەوە، خۆراك ئامادە دەکات. بەشی خۆی دادەکات و پشکی ئەوانی دیکەش بەبێ جیاوازی بە نەرم و نیانییەوە، بە نیاندا دەنێرێتە خوارەوە. لە سەرەتادا کە چڵەکان لە بانەوە خۆیان بەرز و کارا دەبینن. خۆیان بە گەورەی ڕەگ و قەد و شا لك دەزانن، بەڵام کە باوبۆران هەڵدەکات، چڵەکان هەڵدەلەرزن و دەهەژێن و بەریەك دەکەون، کە ئاو و خوێ و خۆراك دەبڕێت، ڕەوانیان دەگاتە سەری لووتیانەوە. ئەوکاتە دەزانن کە ڕەگ و قەد و لك و چڵ و گەڵا یەکدی ڕاگر و تەواوکەری یەکدین. دکتۆر شالیار! کاتەکەت پتر بە دەمساردی سەرنابرم. کرۆکی خواست و کاکلی مەبەستم لە وەڵامی ئەم کلکە پرسیارە دەخەمە پێش بەڕێزتان: ئەگەر گەڵاو لك و قەدو ڕەگ نەبن، ڕۆڵی چڵ چییە و شوێنگەکەی لە کوێیە؟.

دکتۆری برام! ئێوە بۆخۆتان، سەر و سەرپەل و شالك و بنلك و لك ڕاگر و جوانبڕبن. ئێمەیش بە دەستخۆشانەوە، چاوەڕوانی دەسکەوت و سەربڕانەتانین!. نەك سەربڕینی خۆمانە. باوکی بەهەشتیت لە دەمی باپیرتی گێڕایەوە و فەرمووی: بە منداڵی گوێبیستی باپیرەم بوویم

دەیگوت "گەر رۆژێك دەستدار بوویت، دەستی پۆلاینی رۆژگارت لە بەرچاودا لانەچێت. ئەگەر وابزانیت ئەوەی نەوەی ئەمرۆ رووباری نەبراوەیە و نابڕێت... بەیانی یا دوو سبەی لەهێکرا بە وەرز گۆڕانێك چك دەكات و لە سەروچاوەوە دەبڕێت. میر و میرزادەی شاماری تۆقێنەر رۆژێك خۆی لە سكی ژووژك یا چیكلدانەی لەقلەقێك دەدۆزێتەوە. تەمەنی نوح و دەسەلاتی فیرعەون مولكی سولێمان وكلیلەكانی قارون چیان بەسەرهات؟. سەر سەوز و مێزەر بەسەرانی نەكردە و بخۆر، سەركۆتانی سەركوتكەر، بیر تەنگانی ویست نەنگ و چەوتكار، لەنگرەوانی رەوەخۆر، رۆژێكیان دادێت كەسێكیان بە هانا ناگاتێ... هەرهەندە رۆژت لەكەلی كەوت و نسێ هات، خۆشت نازانی چۆن و كەی، بە كەلەپچە و پێبەندكراوییەوە دەكەوێتە تەپانی بنی هەزاری بەرهەزاری ئەشكەوتی نەهامەتییەوە، بەر چاوت چنۆك و ژیانت تنۆك و زارت تاڵ دەبێت. مخابن هەموومان بە گوتە ئەمە دەڵێین و بە كردەش حاشای لێ دەكەین.

دكتۆر شالیار! دەترسم لێم وەرنەگریت! یا پێی دڵگران بیت!. بەڵام لە سۆنگەی تەمەنداری و خۆشەویستی مام و برازایەتییەوە، بێپەروا بە برازای خۆم دەڵێم: دكتۆر! زۆرینەی خوێندەوارانی سەردەم، كە لە خوێندنگە دەردەچن، زمان و لووتیان زۆر گەشەدەكات، ئەویان درێژ و ئەمیشیان بەرز دەبێت. گوێیان گران و چاویشیان كزە. بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە لووتیان بەر چاویان دەگرێت، كە ئیدی بەرپێی خۆیان نابینن. مەگەر لە هەڵەنگوتنێكدا هەڵاوگێڕ و سەراوبن ببنەوە. ئەو كاتە دەزانن، بۆ كەللەیەكی خڕ و دوو چاو و دوو گوێ و لووتێك و زمانێك، لە ترۆپكی لەشی مرۆڤەوە داندراوە؟. بۆ لووت لە نێوان دوو چاو و لە بانی زارە؟ بۆ زمانێك ئاخنراوەتە نێوان ئەم هەموو هێسك و دیوار و ئەشكەوتە تاریكەی زارەوە؟.

دكتۆری رێزدار! هەرچەندە زانا و ئەزموونداریش بین، هێشتا وەك كۆنە تفەنگ هەر كورت دەكەین جارجارەیش سەر دەچین. راست و چەپ تۆز دەكەین. دەخلیسكێین. پشتاو پشت دەكەوین، یا لەناو دەقندا دەچەقین، كەچی ترسنۆكی ملكەچین، چونكە ژیان بە زەلگە و زەلین و رابوونەوە و پێداچوونەوە دانانێین. لەوكاتەوە بەسەرپێیان دەكەوین، هەر بەردەبینەوەو هەڵدەستینەوە. بە لاویەتی كەوتە و كەتنكەرین، بە پیریش بە چاوتەنگی لە تاودانی ئەسپی ویستەكانمان ناكەوین، تا دەپەڕین. هەمیشەش گلان و گڵبوونەوەی خۆمان دادەپۆشین، بە ئاوزنگدان و سەرانگێوبوونی یەكدیش، لە نەزانیدا شاد و شاگەشكە دەبین.

بەڵێ دکتۆر! برازای سەنگینم!. دکتۆری باوکم، باپیرەم، ئایندەم. (بە دەربڕینێکی توونـد و پشوویێکی هێمنەوە) هەر هەمان مامۆستامان، لە زمانی شێخێکی ئێرانییەوە گێڕایەوە، بـەڵام سەربردەکە دوورو درێژ و کاتگرە. بە ناچاری بە لابڕی لێـی دەدەم، بەربـەیار دەڕۆم. لاونیـویش هۆدەدەمەوە[٦٢]. ئەگەر لە بری گێڕانەوەی دەقەکەی ئەوەوە بڵێم: بەیانی هەشـت نـۆ دە گـوێزان بێنە! حەوتەیەك، ڕۆژانە لە بەیانییەوە تا ئێوارە، گوێزەکان یـەك لـە دوای یـەك، هەڵـدە سـەر گومەزی مزگەوتی گەورە.! بزانە تاکە گوێزێك بۆ تەنیا جاریك، بـۆ مـاوەی خولـەکێك بەسـەر گـومەزەکەوە گیردەبێت؟ دواتـریش من بۆ خاتری تـۆ و بـاوکی بەهەشـتیت، بیسـت گوێزێـك دێنم، حەڤدە ڕۆژان، بۆ جوانکیلەی تۆو، بیست وحـەوت ڕۆژیـش داڵـی بـەڕێزتان هـەڵ دەدەم، بمبوورە گوێزەکانت بۆ هەڵدەدەمە بان هـەمان گومـەزەوە، بزانـە ئەنجامەکـەی هـەر هەڵـدان و خلۆربوونەوە و هاتنەخوارەوە نییە؟ کەواتە با پتر زۆری بۆ کەمان نەڵێین، کاتی زێڕینی ناسـکی گەنجی تۆ و تەمەنی شەکەتی پیری من لە خـۆڕا نەفـەوتێنین. ئێسـتاش درکانـدت کـە کاتـت نـەماوە و کۆرکـردنەوە، بمبـوورە کـۆبوونەوەشت هەیـە". بـە نەرمییـەوە دەسـتی گوشـی، سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ چاکە کـاری بۆ خواست.

هەژی لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە کردبوویە خوو، ئەگەر ڕۆژانە، کارێکی بە دەستەوە بوایـە، پەرتووکێکی بخوێندبوایەوە، ئەوا هەموو ئێواران، یا لە دوای کۆتایی هاتنی کارەکەی، لـەخۆی دەپرسییەوە: ((چیم وەشاند و چیم چنییەوە؟)). وەك توێژەرێکی ورد و هەڵسەنگێنەرێکی ژیر و ئازا و ئازاد و بێلایەن، ئامانجی پلان و ئەنجامی کارەکانی بەبەر یەکدی هەڵدەکێشان.

ئەو ڕۆژە هەژی زۆر بە دڵتەنگی لـە ژووری شـالیار دەرکـەوت. بـەدەم بیرکردنـەوەوە، بـە شۆستەی شەقامێکی هێمندا، ڕووەو ماڵ، وردە وردە پێنگاوی بێئاگای نـا. بـە نیگەرانییـەوە کەوتە هەڵسەنگاندنی ئەنجامی سەردانەکەی، لە پێش خۆیەوە:

"من هاتبووم هێوری بکەمەوە، برینی دەروونی ئـەو سـاڕێژبکەم، کەچـی ئـەو گـڕی لـە هۆشی من بەردا!. منی دکتۆری نادکتۆریش خۆم لەدەست بـەربوو". بـە هەسـت زوخاڵییـەوە،

٦٢- هۆدانەوە: سووڕانەوە، وەرسووڕان،گەڕانەوە، بادانەوە. گەیشتنە سەرسەدە، شوێنی گەڕانەوە. گامەرز.

قسەکانی دکتۆری ئەمدیو و ئەودیو کرد. لە نائاگاییدا بۆ دڵدانەوەی خۆی بیری گێـڕا. گلـۆرەی تەمەنی رووەو رابردووی دوور خلۆر بووەوە. لە هەرەتی تاریك و روونی هەرزەکاریدا گیرسایەوە.

دارسمەیەکی رەنگین، دەندووکی لە یادگە و یادگارە خۆشـەکانی دا: لەگـەڵ کـوڕ و کچـان، نەونەمامانی شلك، لە رۆژانـی جـەژن و بۆنـەکان و وەرزی ئەوینـداری سروشـتدا، کـە گـوڵ و پەپوولە و باڵندە و شنەی دار و دەوەن و ماچماچانێ و دەستبازیان دەکـرد... کەوتـە جووڵـە و گەمەوە. جۆلانە و داردەلەمانە و حندلحۆپیان هەڵبەست. دواجار خـۆی لەگـەڵ ئامـانی داپـیری دکتۆری دۆزییەوە، کەوتنـە ((پشـتەرەقە و هێسترەشـەلە و مـەرِوگورگانێ و هەلیکسـە[٦٣] ..)) هەرچەندە تەمەن ناوبریان بوو، بەڵام ئەوگۆرانی و بالۆرەی ئـەو سـەردەم دەیـانگوت: بەسـتەی گەمەی کوڕ و کچانی پارچەڵە بە تێکەڵاوی:

"هەلیکسە بێریێ پـەزی... هەلیکسە زۆر دەبـەزی... هەلیکسە لـەنـاو رەزی... هەلیکسە دەستم تـەزی.
هەلیکسە بسك و کـەزی... هـەلیکسە داوە دەزی...هەلیکسە ئەمن و ئـایش... هەلیکسە دەرپێ قـایش.
هەلیکسە ئەمن و ئامـان.هەلیکسە لەنـاو پـەزان. هەلیکسە کـلچێو و کـلدان.هەلیکسە شـەو بـۆ بەیـان[٦٤]".

گۆرانی کوڕانە: ((هەستن هەستن لـە خەوێ، وەرنە گەمانی شەوێ.)).

بـــەدەم ئـــاوازی بردنەوە و دۆڕاندنەوە: ((تـاوە، تـاوە، تـاو نییە. پیرە مـام لە ماڵ نییە.))
((خەزەڵێ هەڵکەوتووە، پیرەمام دەرکەوتووە... خەجەرۆ پینە و پەرۆ، ئامەرۆ ماستی تام سۆ.)).
((ئامەکەم موورو مەرجان... خاتونێم سەریێ بەندان.))

هەڵی کردە بالۆرەی هەرزە کچان:

((هێی بالۆرێ ئامەم خاتوونە خانە، حیو حـیو حیو...
هێی بالۆرێ سوورە گوڵێ ناو باخانە، حیو حیو حیو...
هێی بالۆرێ سەرتۆپی گشت جوانانە، حیو حیو حیو...
هێی بالۆرێ دەرمانی حەفت دەردانە، حیو حیو حیو.))

بەستەی شایی خوێنگەرمان:

((هێ برا سەریێ من دێشی، دەردی لە دڵم دەنـاری[٦٥].

٦٣- گەمەی فۆلکلۆری منداڵانن.

٦٤- دەقەکان بە رووخسار وناوەرۆکەوە فۆلکلۆرین، یا فۆلکلۆرشێوەن.

ئاشقىٚ ئامانىٚ لێیدام، ماریان له سه‌ر رووباری.)).
((ئامەم خاتوونە خاتیٚ، لە ئێوارەی بەراتیٚ- ئەحمەد بەگی بگاتیٚ، دوو دەسرۆکی بداتیٚ.)).
((ئامانیٚ چاوجوانیٚ، هەر کەنگی هەتا کەنگی-ئامانیٚ خاتخانیٚ، چەندە شیرن و چەڵەنگی.
ئامانیٚ، کابانیٚ، سینگت سێویٚ فەرەنگی- حدودیٚ، شاتانیٚ، لە خرپان ناچنە چەنگی.
دەلالیٚ، شەپالیٚ، شەلەنگیٚ، چاو مەنگێم - گەزۆییٚ، هەنگوینیٚ، دلبەریٚ، لێو بەنگێم.
بەنازیٚ، چاوبازیٚ، رووخۆشیٚ، گوڵرەنگێم. کەوبارێ، نازداریٚ، جەڤەنگیٚ، سازدەنگێم.
شاجوانیٚ ئامۆکیٚ، کوێستانم دیتن دیتن... ئامۆکیٚ شیرنۆکیٚ، چەند بە شەختەو جلیتن.
ئامۆکیٚ، خانمۆکیٚ، سینگۆڵەت چەندە قیتن. شەکرۆکیٚ، ئامۆکیٚ، لە ژێر کراسییٚ چیتن.
ئامەکەم، ئامینیٚ لەسەر کانییٚ پیرزینی... ئامەکەم، ئامینیٚ سینگت شانەی هەنگوینی.
ئامەکەم، ئامینیٚ کور دەیخۆن لە خورینی... ئامەکەم، ئامینیٚ حەفت دەردان لەبن دینی.
ئامەکەم، ئامینیٚ دەستەگوڵم بردەوە... ئامەکەم، ئامینیٚ دوگمەم لە زییٚ کردەوە.
ئامەکەم، ئامینیٚ جۆت شەمامەم دیتەوە... ئامەکەم، ئامینیٚ هی خۆمە و ناسیمەوە.
ئاسکۆکیٚ، ناسکۆکیٚ،جووت مەمانت سیٚ پیتن.کۆترۆکیٚ، گزۆریٚ[٦٦]، زەوییٚ نەرمێن بە پیتن
کیژگۆکیٚ، نەینۆکیٚ، لاوکۆکیٚ مە چاوزیتن...لەیزۆکیٚ، لەیلۆکی، کیژ رەۆکیٚ رۆخ سیتن[٦٧].)).

حەیران و هەڵدان:

((هایە...هایە... هایە هاییٚ... حەیران نازداری: ئەورۆ ئێواریٚ. هەوری رشی دەێنا لە بناری بە پارانەوە رووەکەمە دەرگای باری... لۆ خاتریٚ ئاسکۆلان خۆشی بکەی و نەباری)).

بە ئاوازێکی ناوازەوە تا دەنگی تێدابوو:

((هایە هایە هاییٚ، هێییٚ هێییٚ هێییٚ حەیران دەڵێم:
دەڵێمە جحێلان ئەورۆ ئێواریٚ... وەرن بە چاویٚ من بروانن یاریٚ.
سینگیٚ ئامانۆکێمٚ پەنیریٚ بواریٚ... ناوەلا سێوە لاسوورەی سەرداریٚ.
رووومەتی کلۆکە و خوناوی لیٚ دەباریٚ. ناوەلا بەفرو خوینە. یان نیسانۆکی نساریٚ.
هایە هایە هاییٚ حەیران دەڵێم: ئەورۆ لۆ خاتریٚ حەیرانە تیلاك خواریٚ.)).

---

٦٥- دەناری: دەناڵێنێت.

٦٦- گزۆریٚ: شۆخ و شەنگیٚ.

٦٧- رۆخ سیتە: نزیك تەپکە، تەك تەڵە.

سەربەند و دوابەندی لاوك و حەیرانان، هەر ئامان ئامان و هـەی ئامـان و سـەد ئامـان و ئامان خان بوو. چەندین بەند و بالۆرەی تاڵ و شیرین، رووت و رووتکاوی ئەوکاتی لـە یادگـەی پیرە سەرەتاتکەیان بوو:

((لەبەر کۆکیێ ئـامانێ، تێکچوو نێوان مـامانێ... تەڕو بڕیێ ئـامانی، ئامان لە بەر ئامانێ.

بەرو کارگەی ئامانێ، هەتا رۆژێ نەمـانێ... زگ و زاری ئامانێ، هەر شەش مانگان مامانێ.)).

بە بۆچوونی ئێستای کەوتە هەڵسەنگاندنی دەقەکانی ئەو دەمی، دەرئەنجام:

((جوامێرانی ژیر و گیرۆدە و سەرمەست، دین و دێوانەی ئەویندارى ئەو کاتە، بە نـەهێنی بەندەکانیان هۆنیوەتـەوە و ئاوازیـان بـۆ دانـاوە. بەنـدەکان بـە دەم و دەنـگ و گـوڕ و سـۆزی هەرزەکارانەوە گوتراون، ئەوانیش رەندانە، بـە رەنـدی ویسـتی خۆیانـەوە، رەنـدەیان لێ داون و لووس و بێگرێیان کردوون. وردە وردەیش گۆرانییەکان، کەوتوونەتە سەر زمانـــان و لەگەڵ دڵی دڵداران و ســـەری سەرگەرمانەوە، چیا و دەشت و دۆڵ و رووباریان بڕیوە.)).

کاتێك پیرە وەئاگا هاتەوە، دوو چوارڕیان لە رێگەکەی ماڵی خۆیان تێپەڕیبوو. بە زمـان و بیرکردنەوەیش رێچکەی شالیاری گرتووە: "بەخوا بابـە ئـەنجامی چـاکم وەدەسـت هێنـا. ئـەی ئافەرین دکتۆری دانا! لە جیاتی چارە، دەردە هەرزەیی تۆ، منیشی کردەوە پیری هەرزەکار."

کە دکتۆر لە تەنیاییدا گوتە بە روو خوێنسووك و بە ناواخن بانگێڕ و لینگە دەسـتاڕەکانی پیرەی دەهاتـەوەیاد، بـە هێمنـی هێلکـە حوشـترملەکانی دەشـکاند، گوجیلـە گـورگ بێچـوە کەمتیاریان لەناو دەردەچوو. ئەویش شاپشکۆی ڕکی بە جگەری هەردی سـارد دەکـردەوە. لـەو رۆژەوەیش کە شالیار زانی هـەردی پەیوەنـدی لەگـەڵ مامۆسـتا هەرمانـدا هەیـە. پـتر بـووە تاسبی[٦٨]. لە هەرشوێنێك بکەوتابوایە بەر دیدی، بـە چـاو تیرەبـاران و بـە زمـانیش فەلاقـە و دارکاری دەکـــرد.

لە دوادوای دانیشتنی سێیەمیاندا، دکـــتۆر، بڕیـــــارەکەی خـــۆی دەربـارەی هـەردی بـۆ هەژی درکـــاند:

"مرۆی ئەکادیمی نابێـت بکەوێتـە ژێـر فشـاری تـرس و سـۆز و کاریگـەری جۆراوجـۆری دەوروبەرەوە. ئەکادیمی واتە زانست زان و ژیرکار، راست ویستی بە بەڵگـە چەسـپێن. کەسـێك

---

٦٨- تاسبی: دوژمنی، نەیاری، قاندڕی، مێملّی.

شایستەی دەرچوون نەبێت، من دەری بچوێنم، بـە هـۆی دەسـەلات و خاترانـەیش، شـوێنێکی هەستیار و ترسناك لە دەزگایەکی میری زەوت دەکات، ئەرکی گرنگ و ناسك دەگرێتە دەست. واتە من درۆم لەگەڵ ویژدانی خۆم و دالّی ئـەکادیمی و کۆمەلگەکـەم کـرد. بەرامبـەر ئـەرك و پیشە و رەوە و بێشەکەم ناپاك بووم. خەلکی ناشایسـتەم خسـتە شـوێنی شایسـتانەوە. کـرمم بەردایـە قاپـان و قـەدی کۆمەلگـە، گەنـدەڵ و سـەرلکیم وشـك کـرد. چارەنووسـی ئێسـتا و ئایندەکەیم سووتاند. ئەگەر لە دەستەك و کاریتە و کۆلەگـەی دووگـویّ و راگـران بپرسـین: بـۆ بڕوانامە بدەینە بارن و بابردەلان؟ سودی بڕوانامەی ناوداری بێنـاوك چـییە؟ ئـەوان ئـەمرۆ بـۆ بەرژەوەندی خۆیان، دەیانەوێت خەلکی پشـت پـەردە و بێئاگـا بـەناڕەوا، بـڕوا بـە بڕوانامـەی ناشیاویان بکەن. ئاخۆ بەیانی کەسـێك نابێـت بلێـت کـوانێ زاخ و شـیاویی و بڕوانامەکـەت؟ ناپرسـن: کامـە دکتـۆری نەخوێنـدەوار ئـەم کارمەنـدە ناکـــامە، ئـەم دەلییـە دەلەمەیـەی پێگەیاندووە؟ ئەمـــانە خاپەرۆك و ئایاخی چ باخێك و چ گـەلەیەکن؟".

شالیار سەد و یەك هەلە و هەڵبەستەی بۆ هەردی و هەژی و هـەرمان بـە داو وەدەکـرد و دەیکردە نەنگ و پەنگنامە. لە هەر شوێنێك دوو کەس بوەستابوونایە، ئەو دەبووە سێیەم، بـۆ سووك و چرووك کردنیان، ئەوەی خەلّك بە شوورەیی دەزانی و خودا بە تـاڵ و ناشـیاوی دانـاوە. ئەو بە جوان و فەریکە هەنگوینی تێدەگەیشت. پیرەیش گالتەی بـە رەفتـاری شـالیار دەهـات. پتریش سوێی باری دووکەسییەتی و دەروونـی شـێواوی بـوو. کـە پێیـان دەگـوت بـۆ وەلامـی نادەیتەوە؟ بۆ رووڕەش و ریسوای ناکەیت؟ ئەو دەیگوت:

"ئەگەر رووبەرووی ئەو بوەستم، ئەوا منیش دەچمە ریزی ئەوەوە. مرۆی کەللە مشـت[٦٩] و بڕوابەخۆ، بە پێی خۆی ناچێتە مەیدان و ریـزی ئاوەسـوو و لاسـاران. هـەژی لـە لای خۆیـەوە دەیگوتە شالیاری: مەمنوون و منەتباری ئـەوم، مـالّی ئاوابێـت. لـە بێکاریـان کـار بۆخـۆی دەدۆزێتەوە. رۆژگاری چەپگەڕ دەیهاڕێت. چەندی ئـەو هەڵبەسـتەم بـۆ هەڵبەسـتێت، جنێـوی مندالانەم بۆ بنێرێت. ئەوا من لە چاوی خەلّك گەورە و ئەویش چرووکتر دەبێت.".

---

**٦٩- کەللە مشت: کەللە لێوانلێو لە ژیری. پێوانی بە دارماڵ. "هەشت بێ مشت بێ، نەك نۆبێ نەبێ"**

شالیاریش لە لای خۆیەوە: "لەو ڕۆژەوە ئەو پـیرە خنۆکـەم دیـوە، ڕۆژانـە لـە ئاگاییـدا، ئازارێکی نوێ، شوێن کــوتان و جێگەی مێخێکی نوێ، لە سـەرجەم جەمسـەرەکانی هـۆش و جومگەکانی هەستمدا دەتریوێنێت. هەرچـەند گـڕی زمانـەی قەقنـەس و چـزووی دووپشـك و کەڵبەی کۆبرای دێنەوە بەرچاوم. لە سەر پشتی هەر دووپشکێك، ڕەوەیەك بیێچـوە دووپشـکی کلك ڕەپ و شەڕانگێز دەردەکەون. لەبەر چاومەوە گەورە دەبن و بە ڕوومەوە هەڵدەگـەڕێن. بـە کۆمەڵ بەسەری لووتمەوە وەدەدەن.

ئەم پیرە ئەهریمەنە کەللە بەسەرە[٧٠]، چووەتە پێست و بەرگی پەری و فریشتانەوە. ئەوەندەی دەمەوێت کاتە زێڕینەکەم بەم کۆنە گۆڕاوە نەدۆڕێنم. بەڵام دووپشکەکانی لە ناو بەرگ و کیفـی لوولپێچدا، لە کاتی خوێندنەوە، لە نان خواردن، لەناو نوێن، لە دامان و ڕامانـدا چـززەم لێـوە دێنن، ڕام دەچڵەکێنن، کسپە لە جگەرمەوە هەڵدەستێنن... لووتەی پیر، پـیرە لـۆتی!. لـووتی ئێمە بەرزە و دانابەزێت!؟ ئاوا لووتت لە گوو دەچەقێنم.".



٧٠-کەللە بەسەر: پێوانی سەر قووچ، کەللە پڕاوپڕی بەسەر. مێشکی هێندە زۆرە لە کاپێلکی سەری دەڕژێتەوە.

## ٥- گوێز و گومەز

دکتۆر شالیار، ئەو ڕۆژە خۆی رووگـەش و بـە دەمـاخ کەوتـە بەرچـاو. شـنەبای بـەختی کەروێشکەی بە زەمەندی بیرۆکـەکانی دەکـرد. سـەری لەبـەر خۆیـەوە بـوو. خەنـدەی خۆشـی ختۆکەی هەستی دەدا. بزەی دەهاتێ. بە نەرمی گۆرانییەکی ئاوازگـەرمی سـەردەمی لاویـەتی خۆی (ئەرێ بەبانەوە...) دەگوتەوە. زۆری حەز لە پێچە شـاییەکی تـەمبۆلێ بـوو. ئەگـەر لـە زانکۆ نەبوایە، ئەوا نەختێك بە یادی ئەو سەردەمیەوە هەڵدەپەڕی. مەبەستی بوو بزانێت ئـاخۆ شاییەکەی لە یاد ماوە؟ گوڕ و تابشتی ئەوکاتی لەبەر نەبڕاوە؟...

چەند ڕۆژێکە چاوەڕوانی گەیشتنی نووسراوە ئەفسووناوییەکەیەتی. دیاری و خەڵاتیشی بـۆ سەرانی پەیوەندیدار و دۆست و چەند ئاوکوفێکی نزیکی ئامادەکردووە.

جانتا جـوان و نرخدارەکـەی لـە دەسـتی راسـتەیدایە، هـەنگاو بـەرەو بەشـی راگرایـەتی کۆلێژەکەیان دەنێت. ناوە ناوەیش دەیڕوانییە (د.)ە ڕەنگینەکەی سەر جانتاکـەی. بێئاگـا لـەم جیهانە رادەما. داڵەکەی بچووك و بێنموود کەوتـە بەرچـاوی. پـتر تێـی ڕامـا. لەبەرخۆیـەوە: "هەزار ئافەرین بۆخۆم! چۆن ئەوەندە ساڵە بە تای (د.)ی بیٚ(پ.)م بەسەر برد. نا... نا... سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا، لە سەرۆکایەتی زانکۆوە پێیان گوتم: ((مژدانە و شیرینییەکان ئامادە بکـە!. لەم دوو ڕۆژەدا کار و کۆبوونەوە و چوونە هەنـدەران زۆربـوو. کـارە ئاسـاییەکان خەوێنـدراون. ئێێ... دوو ڕۆژ... ئەمە چەند ساڵ و مانگ و حەفتەیە، من بە تای تاکـە داڵێکـەوە لـە نـاو ژیلەمۆی چاوەڕوانیی (پ)دا دەبرژێم. با سێ چوار کاتژمێری دیکەش... ئەوپەڕی دانە ڕۆژێکی دیکە، بگرە با ڕۆژێکی دیکەیشی لەگەڵدابێت. منیش دەبمە (پـا و دال)، ئەوکاتـە سـاڵی سـێ جار بۆ کاری ئەکادیمی دەچمە هەندەران. ئاخۆ دەبێت تاکە نامەردێکی کارزان لە سـەرۆکایەتی زانکۆ نەمابێتەوە کارەکەی من بڕوێنێت؟ بەخۆم دەزانم. کاری پایە بەرزانیان هـەبێت، چـاو لـە کاری مەمانان ناکەن. دەڵێن ئەم وڵاتە کەرمیزە، ئەم گووخانەیە، لە ڕۆژی دروستبوونیەوە، لـە بەیەکەوە لکاندی پارچەکانی بە نارەوا و نارێکییەوە... تاکو ئێسـتایش، بـە هەڵـە ڕۆیشـتۆتە ڕێوە. ڕۆژانە وەك هێلکەی پیس، پیس و پیستر دەبێـت. هەڵـە هەڵـەی پاڵـداوە. یـەك یـەکی

بەلاناوە، یەك یەکی لەپێ کردووە، یا لە سەری ناوە. بە دوو سێ هەڵان، لە هەلێکدا هەڵەیەکی ملەوەزیان بەرەو سێدارە راکێشاوە. هەڵەکان بە پێی پلەی هەڵەیی و باڵا و کەللە و تابشتیان، یەکدی دەکرِن و دەفرۆشنەوە. زەبەلاحی پاشەڵپیسی دەستئەستوور، یەکبادی پووچەڵ و دەستکورت دەچنێتەوە. (لە گۆرِەپانە فراوانەکەوە. لابرِ رووەو ژووری راگر کەوتە رێ. لە دڵەوە): ئەم راگرە هەشت ئاشان لە یەك کاتدا بە درۆیان دەگێرِێت. (سەری هەلێنا. چاوی لە هەردی هەژی چەقی. وەك سرکەی هەناری ترشی خواردبێت، رووی ترش و گرژ داگەرا). ((مار، رکی لە سیر بوو، سیریش لە زارکی کونی و لە ژێر تفنکی دەروێت!)) جاوەرە دکتۆر! سەڵیقەت هەبێت گوێ بدەیتە ئەم گوجیلەیە و گەماڵەکەی باوکی!. مەردم دەوێت توانای بینینی سەروسەکوتی کورِی تۆرِی و بیستنی چەقە چەقی چەقەوانەی باوکی هەبێت!. بەراست ئەم هەتیوە منۆخە، بۆ دوێنێ هێندە گرژ و قەپۆز بڵند و کەللە رەق و چاو زەق بوو؟. بە راست گوتیان دوێنێ و پێرێ، پیرە ملۆزمەکەی باوکیشی لێرە ملۆمۆی بوو. دەڵێی ئەم هەتیوە سوورتکە، بەڵێنێك، مزگێنییەکی دراوەتێ!.

تۆ بڵێیت پیرە پیسکە، پشتێك، دەستێکی نادیاری لە پشت بێت؟. وای وای لە زمانی دوو لکی ئەم هەژیە هەژدیهایە!. چ هەژدیهایەکی زنجیر نەکراوی بەدفەرِی بێدەرفەتە!. خودا دەزانێت هەر لە شوێنی خۆیەوە، بە پەپکەکردنەوە بەبێ سەر بڵندکردن و گەردن هەڵکێشان، دەمی دابپچرِێت و بکیفێنێت، بە جارێك، گشت پا و داڵەکان بە خاوەنەکانیانەوە هەڵدەلووشێت!. بۆچی گوجیلە سەگە لاسار و سەرەرۆیەکەی، ئەمرۆ هێندە چاوسوور و بێ پەروایە!؟. لە چاویەوە دیارە مگێزی لە پشێوینییە!. کێ لەم پیرە گەماڵە رادەبێنێت، لەم تەمەنەدا، هێندە چاورِوون و خۆشبەز و کەڵبەتیژ و گورگخنکێن بێت؟. چۆن ئەم هەموو وشە و رستە رەوانانەی کردبووە کیفکە شیر و بەرگە گرِ؟. بە فلتەفلتی فێڵبازیشەوە بۆ تەفرەدانم، بە داڵی خۆم و پایەبەرزی باوکمی هەڵدەگوت!. چۆن باوکی هەژار و دەموپل ساردم، توانیویەتی تاکە قسەیەك رووبەرووی زمان و چاوی تۆ... ئەم تەلەسمکارە بۆخۆی وابێت! دەبێت مامۆستایەکەی چ ئەفلاتونێك بووبێت؟. ئاخۆ ئەو خوێندکارە دەبەنگانەی منیش لە داهاتوودا.؟. خۆم چاك چاك دەیان ناسم، رووزەردم دەکەن. وەی وەی وەی، ئەمەیە دەبانی زمان. چەند بە نەرمی و بە کپییەوە، بێهەست و خوست، چاومی بەست. بە وەستایی دەمی

دروویم. بە کرِی و بە سرکراوییەوە دەست و پێمی کەلەپچە و پێوەند... ئەم زمانە، زمانەی گڕ و گڕ پڕژێنە. ئەم کۆنە ساڵە خەنجەر وەشێنە!. چۆن بە بەنگکراوی لەت و پەتی کردم؟. وەی وەی وەی... چۆن بە ئەفسوون و تەلەسمی زەردەوە، بە دەم و زمانی دەمەزەرد کراوی، سەرتاپای گیانمی پشك پشك و ئەنجن ئەنجن کرد؟.

وای باوکە لەم دەستوپل راستە! چۆن بە تیرێك[٧١]، بە جووتکردنێك، بە هەڵگرتکەیەك[٧٢]، تێکرای سەرەکان لاردەکاتەوە و سەرتاپای تکە[٧٣] کان بۆخۆی هەڵدەگرێت؟. چەند بە هێمنی و بە هۆشمەندی، هۆشمی بە هەنگوین و گۆگەم و غەرەبەنگ[٧٤] هەنوی. سڕ و ئاگابڕاوی کردم. چ ئەنگێوەیەکە؟ هەموو جارێك جگەر و دڵ دەپێکێت. تەنیا جارێك نیشانەکەی نابوێرێت. نیو کەرەتێك ناخلچێت... بە وەرز و بەساڵیش تاکە هەلێك لە هەلیکانێدا [٧٥] خت ناکات[٧٦].

پەحەح، پەح ح ح ... پەحاا، ئێمەیش زار و زمانمان هەیە؟ سوێند بە داڵی دکتۆریی دڵگر و پای پرۆفیسۆری پڕ زانستیمەوە. بە گۆڕی باوك و داپیرەشمەوە! بەرزترین زانکۆی سەردەمی جیهانگەری، ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، دادگای لاهای وێنەی ئەم هەژدەرەیان بە خۆیانەوە نەدیوە!. چەندین ساڵە زلهێزەکان، بە لووشکە و شاخ و شەلڤە و کەڵبان، لە جەنگی سارد و گەرمدا لە یەکدی دەدەن. یەکدی هەڵدەدرن. فریودەر و پلانزان و زمان وەشێنی بە رووخسار وەها بەستەزمان، بە کردار وەها کارامە و لێزانیان، رووبەروو نەوەستاوەتەوە. ئەمە فاڵگرەوە و راوێژکاری ئەهریمەنە!؟ کەلوخوێنە؟ ئەستێرەناسە؟ کۆنی کۆنە و نوێ زانە؟ دوێنێ دیتە و هەنووکە خۆر و بەیانی بینە!؟. ئەوە چ یارا و یاریزان و

---

٧١- بە تیرێك: بە تێگرتنێك، بە نۆرەیەك. بە هەلێك، بەر چەندان بکەوێت هەموویانی بۆ دەژمێردرێت، دەیانباتەوە، بۆخۆیەتی.

٧٢- هەڵگرتکە: هاوێشتنی مات (کەلا) بەپل، کە بە هەوادا بڕوات و بەسەر زەویدا نەچێت تا بەر تکەکە دەکەوێت. پێچەوانە تیری بە خشۆکە.

٧٣- تکە: پارە یا بەرد یا هەرشتێکی دیکە لە زەوی دەیچەقێن و ماتانێی لەسەر دەکەن.

٧٤- گیا و دەوەنی سروشتی و ژەهراویین.

٧٥- هەلیکانێ: پەلووکانێ..

٧٦- خت ناکات: ناخچێت، ناخلچێ، نادۆڕێت. ناکەوێت.

پاڵەوانێکە!؟. بە تەنیا ((کێل و وێلێك[٧٧])) دەکات، بە خڕە بەردێك، هەموو کێلەکان بە مـەلاو مەلاژنەوە، لە خۆڵێ دەگەوزێنێت. کەللەبازێکە، بە کەللەشەکرێك شەست و نـۆ کەللـەت بـۆ کەلوکۆم دەکات. چ کەومارێکە!؟ ئەی شلەقوڕی شـەوی، بەسـەری ئـەو نەگبەتـەی دەکەوێتـە دەمی ئەم حەزیا حەوت سەرە. ئەمەیە ئەکوانی دێو. ئـا ئەمەیە دێوەوانی دێوشکێن. دەڵێن:

((زۆردیتـەنی و تەمـەن درێـژی و ڕۆژگـاری چـەتوون فێـری زۆر شـتت دەکـەن))، بـەڵام هەڵکەوتی ئەوهات بۆ هەڵنەکەوێت، تەمەنت هەزار و سەدو بیست ساڵ بێت هـەر بەسـاوایی و بە هەرزەیی دەمێنیتەوە!.

دەمزانی ئەم گەماڵە دەمگەرمە، سەر گەوران دەناسێت. گوێی بـۆ رادەدێـرن. بـە نـاڕەوا راپـۆرتی لێ نووسـیوم. دەڵـێن راپـۆرت نووسـێکی نـەبینراوە. شـارەزای کـون و کەلەبـەری قانوونانیشە. بۆیە وا زووو... (بزەیەکی مردار لە لێویـەوە کەوتـە ژێـر پێیـەوە... بـە هەناسـە ساردییەوە) منیش دەزانم راپۆرتان بنووسم؟. ئەم هەموو راپۆرتانەم بە گـەرمی نووسـیون، لـێم بێزاربوون. بـاوەڕم پێ ناکـەن؟ بـە سـاردیش نایـان خوێننـەوە؟. چـەندین نووشـتە و وانـەکی کەمتیاریشم خستە باخەڵم. کاریان نەکرد. لـە نێوچـەوانی ڕەشمـدا (پ. د.)ەکـەم یەکـدی گـر نەبوون و نەبوون. هەندێك خەمســاردی خـۆمیشی تێدایـە، دەبـوو هەمیشـە بـە دواوەی بم، کـلکی بەرنەدەم.".

هەژی لە دوایین سەردانیدا چووبووە لای دکتۆر ئەبرەش بارێژە بابۆك، راگری کۆلێژەکە. بـە رشتییەوە داوای لێکردبوو کە لارییان نەبێت لە گـــواستنەوەی هـەردی کـوری بـۆ کۆلیـژێکی ئـاست نـزمتر.

بە رێکەوت راگر لەم بەیانییەدا بە خۆهەڵکێشانەوە، دەمەتەقەی نێوان خۆی و پیرە هەژی، بۆ د. فاروق فەیسەڵ پێستە خۆر (هاریکار و جێگری راگـر) و (د.جۆمـەرد جمـدان کـافرۆش)ی حەنەکباز دەگێڕایەوە: "کوتانێك هەژیە پیرەم کوتـا، خـۆی بەسـەر پێیـەوە نـەگرێت. پـەرکۆم

---

٧٧- کێلووێل: وەك جووتکردنی کەلایانەیە، بـەڵام ئـەوەیان لـە یـاری کێلکێلانـە (کێلەبـەردانێ، کێلەبەردینـە)، (یارییەکی هەرزە و گەنجانەیە، بەرد دەچەقێنن و لە دوورەوە بە پەلاری بەرد دەیخەن.

کرد[78]. مەبەستم بوو پیرە هەژی هاژۆ شیرەوان و هاوتەمەن و هاوڕەفتارانی، هەست بە خەزان و پەراوێز بوون و کۆتایی هاتنی خۆیان بکەن. چی دیکە کاتی ناسکی گەنجان بـە نـاوی لێزانـی و راوێژ و کاوێژ و ئەزموونداری رۆژگارەوە، بە ئامۆژگاری ژەنگداریانـەوە، بێهـوودە نەسـووتێنن. دەبێت ئەم زمـــان درێژانە بزانن، نـەوەی ئێسـتا، تـەنیا گـوێی نییـە. بـەڵکو دەم و لـووت و چاویشی هەیە. نایشارمەوە کە خۆگرییەکەی حەپەساندمی. لـە کاتێکـدا گـڕم لـە ئارامـدانی بـەردەدا. لـە پێشـدا لـە تەمەنەکـەی دەترسـام، ترسـام نەخۆشـی گەنـدەڵی کردبێـت. لـە نەخۆشییەکانی فشار و شەکرە و چەوری و دڵەکوتە و جامکردنی مێشك و جامی سەری ترسام. لەو باوەڕەدابووم ئەگەر بە خێرایی خـووی خـۆی نـەگۆڕێت... بـەڵام ئـەو لەوپـەڕی سـووتان و گڕگرتندا، ساردە بزەی دەهاتێ!. منیش کوێی ناسك و کول و پڕئێشـە، بـە هـەموو هێزمـەوە نـەقیزەم لـەوێی دەکوتـا. بـە ئـاگر و هەنبانـەدەمێن هۆشـیم سـوور دەکـردەوە. کاردانـەوەی هەڵکڕوزاندنەکەیم نەبینی. بە ماوەری[79] پۆڵا، کەللەی سەریم کوتا. نەشتەرم لە چاوی هەسـتی راکرد. خۆم لەگەڵیا رادەچەنیم، کەچی ئەو خۆی لە گوورە نەدەبرد[80]!. ئەگەر بڵێم سات لە دوای ساتدا، ئەم پێست ئەستوور و کەللە پتەوە، رووگەشتر دەبوو!. گەواڵـەی سـۆز و سـووێ و رك و خۆشەویستی، لە ناو چاویدا دایدایە باران. خۆشاوێکی ترش و شیرین لە رستەکانی دەچۆڕایەوە. گوێم لە قاقای پێکەنینی دڵی بوو. (راگـر توورەگەیـەکی لـە گیرفـانی چـاکەتەکەی دەرکـرد و پێیانی پیشاندا) کە ئـەم گـوێزەی دانایـە سـەر مێزەکـەم. هەسـتم کـرد، تەلـەسمێك لـە نـاو توورەگەکەی دەستی دەردەکات. ئەویش هەستی بەم بارە دەروونییەی من کرد. کـە گوێزەکـەی دەرکرد، پیشانی دام و خستیەوە شوێنەکەی خۆیەوە. گوتی:

((ئەمە بدە دکتۆر شاالییارڕ، ببوورە! کاتەکەتم بە بادا. پێشتریش یەکدیمان نەخوێندبۆوە. دەنا کوێرە گوێزێکیشم بۆتۆ دەهێنا. بە یادی منداڵیمان گوێزگوێزانەیەکمان دەکرد. بەخوا بابـە منداڵی خۆشە! جگجگانێ دەزانیت؟ جگە پسـوولکی سـواوی بـەرانان، دەسـتە جـگ، مـیری

٧٨- پەرکـۆ: پەڵکۆ، کوتانی گەنم و ساوارن لە جۆنی، بەکوتك و لە دینگدا، یا بە کڕانـدن و لابردنـی تـوێکلی دەرەوەی دانەوێڵەکە بە ئاش.

٧٩- مـاوەر: کوتکی یا چەکوشی ئاسنینی بەردشکاندن و بەردتاشی.

٨٠ - خۆی لە گوورە نەدەبرد: بەسەرەخۆی نەدەهێنا. خۆی نائاگا دەنواند.

جگانیَ دەناسیت؟ تاکە شتێك کەخۆشمەندی مرۆڤی تێدابێت و سەراوژێر نەکرابایە، ئەوەبوو کـە بەپیری لە دایك ببووینایە و بە منداڵی بچووبووینایەتە گۆڕستانەوە.)).

پیرە هەڵستابوو بڕوات. رووبـەرووم وەسـتا. بـە وردی روو و رووخسـاری دیـار و نـاواخنی نادیاریم پشکنی. شوێنەواری ماوەر و خەنجەرم لە هەستیدا بەدی نەکرد!. ویستم شاگورزمی لە چرکەساتی خواحافیزیدا لیَ بوەشێنم. گوتم:

مامە! بۆ دەربڕینی نانبدەری و دڵئاوایی خۆت، جەواڵە گوێزێك بکە کۆڵی کۆڵبـەرێك! بـا بەدواتدا بڕوات، ئەتۆش! بەخشندە و میهرەبان و جیهانگەڕ و ئەزمووندار، بـە ویسـتی خـۆت، لێرە و لەویَ، گوێزەکان ببەشەوە.

مامە، هەنگاوێك لێم هاتە پێش. دەستی چەپی خستە سەرگوێزەکەی. راستەیشـی خسـتە سەر شانم. بە دەستی سێیەمینی، بە گویزانێکی ئەڵماسبڕ، زمانمی بڕی کە گوتی:

((دڵگرانی و نیگەرانیم بۆخۆم نییە!. خەزەڵوەر بەبـەر چـاومەوەیە. لـە کـەنار کەنـدەڵانی گەورەدا وەستاوم. (خەزنە و شاخبێزی)[81]م بۆ خەڵات داناوە. باکم بـە سـووتانی خـۆم نـەماوە، بەڵام دەروەستی جگەرسووتانم نایەم. من لە سوویَ و سفتوسۆی ئێوە خۆناگرم، ئەگینا زۆر چاك دەزانم کە گوێزێکی پووچـەڵی رۆژگـار، تێـرای پەنـددانی شـارێکتان دەکـات. دەزانم زیـوانن، قوڕشۆرتان[82] دەوێت. وا بە هەموو هەستەکانمەوە دەبینم، کەتە هەرەگران و سـەنگینەکەتان بـا بردەڵەیە. گەردی (کا)ن، بەکاری (کا)ی قوڕیش نایـەن. (هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشـاو بـە گازاندەوە) کە باوبۆران هەڵ دەکات و رەهێڵە و رێژنە دای دەکوتێت، لێشاو هەڵدەسـتیَ.سـێڵاو داری کلۆر و کرمن دەشکێنیَ، خڵتە و خاشاك و ئاومالَك، سـەربەرەوژێر لـەو لێـژاییی بـۆ ئـەم لێـژایی لەگـەڵ لێمشـتدا رادەماڵێـت. گـەردەلوول، کـزە گڕەیـەکی کێشـتانیش، قەلقەلاشـك دەگەیەنێتە بنمیچی ئاسمان، بەڵام هەرچەند رەشەبای شێت و لێزمـاوی هـار هـاتوون، هـەرگیز نەیانتوانیوە دار گوێزێکی دروست و راستی رەگ قووڵ و بتەو، گابەردێکی بە دەماری غەزریو، لە شوێنی خۆیانەوە رووەو خواراییەك لار بکەنەوە. ((پۆڵا دەشکێت بەڵام ناچەمێت!)). دەڵێن هەرچەند داری بەردار بهەژێنی هێندە گەزۆی لیَ دێتە خوارەوە، نەدیتراوە داری کەڕك بێسـێبەر

81- خەزنە و شاخبێزی: کوتاڵی پەمۆییینی سپین بۆ کفن (خەڵات)ی مردوو بەکار دێن.

82- قـوڕشـــــــــــۆر: شۆرینی گەنم بە قوڕاو بۆ ئەوەی لە تۆوی زیوان پاك ببێتەوە.

بێت، ریقنەشی لێ نەبارێت!. ئۆ باب! ئەگەر من شکۆمەندی گەورەیی و خۆشەویستیتان بۆ دادەنێم ئەوا رێز لە خۆم دەگرم. ئەقڵ کوێری و چاو بچووکی و خۆ بە زل زانی، هەڵدێران و ئەستۆ شکانی لێ دەکەوێتەوە.)).

پیرە چاوی تێبڕیم، هیچی بۆ دانەنام. بە تەوسەوە گوتی: ئەمڕۆ، لەم وڵاتەدا، کیسەڵ دەیکات و گوجیلەی کەمتیار دەیخوات.

منیش بە باری گێلیەوە، بەبێ هەڵچوون و بەسەرەخۆهێنان، بە ئاگرێکی کز و بێ دووکەڵ، جگەریم بە ساجەوە برژاند، دڵیشیم لەشیشدا، کە گوتم: راست دەکەیت مامە!. تۆیش دەتەوێت، باسکە تانجی بیگرێت و پیرە گەماڵ بیخوات؟ وا دەردەکەوێت لە گەنجایەتیدا دێوەرە بوویت. لەگەڵ یەختەکێشی و بازارگەڕیدا راهاتووی. بە دەم کارەوە سەربردەی ئێرە و ئەوێت کۆکردبێتەوە و فرۆشتبێتتە گەمژە و کوێر و کەڕ و نەخوێندەوارانی چۆلپەرست. کەسیش پێی نەگوتیت: چاوکزی گوێ گران، هۆش لەرزۆکی ئەژنۆ شل، زمان تیژی بیرکۆڵ!. ئەگەر رەگەڵ گەلە و گۆڕان و گۆڕانکاری سەردەم نەکەویت، دەکەویت. کۆنینە کەترەی تاك و تەنیا! ئاگاداریت ((کەترەخانە)) کراوەتەوە؟. لەوێ کەللە کۆنەکان بەیەکەوە دەگونجێن. گەرەلاوژەیانە. بەنۆرە گوێ لە یەکدی رادەگرن. رابردووی مردوویان بە زندوو دەزانن و بۆ یەکدی شەنی دەکەنەوە. ئۆ مام! مام هەژی!. ئێستایش هەر رووداوێك دێتە پێش، بە پەندێك، بە قسەیەکی نەستەقەوە دەڵێن پیرانی پێشین فەرموویانە ((...)) من گومانم هەیە گوتەکان هی ئەوان بن، چونکە ئەوەی من دەیبینم: پیری هەر خەرەفان و رانەگۆڕی و بەگژداهاتن و...

ببوورە ئەگەر بڵێم هیچ گوتەیەك نییە دەیەکی گوێ گرانی و چاوکزی و ملەیی و مێشك بەتاڵی ئەمانەی ئەمڕۆ دەرببڕێت، هەرە باشەکەیان رۆڵی کات و بایەخی ژینگە نازانێت چیە، کەچی بەبێ لێوییەکەی[83] خۆیەوە کۆنە زووڕنا دەژەنێ. بۆخۆت بزانە! لای لاوان و ئێمەمانان. ئەوەی پێی دەڵێن: کۆنە ئەزموون، دید و بیر و بیرکردنەوەی کۆن، باوی نەماوە و بەسەرچوون.

دڵگیرمەبە کە دەڵێم کاردار و بێکاتم. تۆی بێکاریش لە کارم دەکەیت. هەستیش ناکەیت کاتەکەم بە خۆڕا بەبا دەدەیت. تۆ نەوەی کاتێکی نێژراویت. ئێوە بە باشترین چاویلکەش

---

٨٣- بێ لێو: سێ لچ، لێوی بانەوەی هەڵتڵیشاوە.

ناکارێن خێرایی تێپەڕینی کاتی سەردەم ببینن. هەرە وشیارەکەتان لە رابردوودا دەژیت. خەوتوون و بەدەم خەوەوە بەرەو گۆڕستان دەڕۆن. تا سەرتان، بەر بەردی ئەلحەد نەکەوێت، نە وازدێنن، نە بەئاگایش دێنەوە!. ئێوەی کزبین، بەرزیی و تیژڕەوی نەوەی نوێ نابینن!. نوێ و نوێکاری و نوێکردنەوە، مەترسی هەڵاتنی کات و راکردنی کار نازانن چییە!. لەکارکەوتە تکایە پتر لە کارم مەکە، بڕۆ! پیرخانە هەیە، لەوێ کات وەستاوە. هەموو پیرە شتەکان لەوێ وەستاون. تەنیا و تەنیا، پەلەی پەلدان و راکە راکەی راکشان و سەرنانەوە و ناشتن و گوم بوون نەبێت. ئێوە لەوێ نەبێت لە هیچ شوێنێکی دیکە داناکاسێن. پەلە بکە! خۆت بگەیەنە کاتی وەستاو. لەوێ کاتی سەردوولکە و چیرۆك و پێدا هەڵگوتن و ئامۆژگاری و پەند دادان ماوە. (هەڵوەستەیەکی کرد. دەنگی ژێی گەرووی و خێرایی ئاخاوتنەکەی گۆڕا) پێستە ئەستوور و دڵ گەورە و مێشك فێنکی وەك ئەم فیرعەونە نەبیندراوە!.

پیرە بە سەربادان و لە ئەژنۆدان، نیگەرانی خۆی نواند، گوتی: ((دختۆرۆڕ!... پرۆفیسۆۆڕ!... ئێمەومانان و تەمەنداران، بە دکتۆرەکانیشەوە، گەورەکانی بەر لە ئێمەیش بە خاوێنی هاتووین و بەراستی رۆیشتین و بە پاگژیش دەچینەوە گۆڕستانەوە. لەوێ لاشەمان بۆنی دەکەوتێ و دەرزێت. بەڵام ئەم کول و خەم و خەفەتەی گەرووی گرتووم، هەناوی گووشیوم، ئاوی سپی خستۆتە سەر رەشکێنی چاوم، ئەوەیە: کە ئێوە بە درێژایی تەمەن، لەبنکە و فەرمانگەکانتانەوە، لە ماڵەوەشتان، هەرگەندەڵن و گەندەکارن.گەنیو گەنیون. ئەوەی بە تەکتاندا تێپەڕێت، دەبێت تووند توونلد لووتی خۆی بگرێت ئەگینا... (بە هەردوو دەستی لووتی خۆی گرت. چاوی گێڕا. بە بنی چاوییەوە سەیری کردم. دەستێکی لە لووتی بەردا و ئەوەی دیکەیشی شلکرد): ئێوە بە گۆڕستان و لە گۆڕستان نەبێت پاك نابنەوە.)).

منیش بە بێزارییەوە گوتم: ئەمە بە دیدی نەوەی دارزیوی ئێوە وایە. وادیارە شتە بایەخدارەکانی رۆژگاری کۆنت لە یادگە کەوتووە، یا ناتوانی لەگەڵ نوێیەکانی ئەمڕۆ هەڵبکەیت و بەراوردیان بکەیت! بۆیە دەتەوێت ((ئاسن بە تس گەرم بکەیت، یان هەر ساردەکوتی دەکەیت؟.)).

لە کاتی ئێوەدا دەگوترا تۆپ خڕە. لە کاتی یاریدا بە هەموو لایەکدا خلدەبێتەوە. ئەگەرەکانی بردنەوە دۆڕاندنیش بەپێی تەوژم و دەرفەتی ئاراستەی تێهەڵدان بۆ هەموان دێتە

ئاراوە. برۆ سپی! ئێستا دەڵێن خڕۆکەی زەوی خڕە. لە خولانەوەی ڕۆژگاردا هەموو ئەگەرەکانی بردنەوە و دۆڕاندن رووت تێدەکەن. ئافەرین بۆ ئەو کەسەی دەرفەتی بردنەوە، بەبێ دامان و رامان دەقۆزێتەوە.

لەکاتی خۆیدا بە هۆریی بردنەوە، بۆ خۆی زیچ[٨٤] دەکات. ئەوانەیش کە چاوەڕوانی فیکە و تووڕتووڕەی ناوبژیوانی قانونزان و گەڕی دادپەروەرانن. با چاوەنوارِبن، بزانن لە چ کاتێکدا، دەرفەتەکەیان بۆ دێتەوە، با ئەو کاتە لە ژێر چاودێری ناوبژیوان و ویژدانی زیندوودا یاری بکەن. (راگر بە زەردەیەکەوە رووی دانیشتووەکانی خوێندنەوە. رەنگدانەوەی بێدەنگییەکی وەنەوشەیی دەوروبەرەکەی تۆقاند. راگر ملی خۆی بە هەردوو دەستی تەقاند و چەند جارێك شانی هەڵتەکاند. نەرمە باویشکێکی هاتێ، بە رێك دەربڕینەوە کەوتەوە گێڕانەوەی شانۆگەرییەکە) پیرە پیاوی چەقەوانە، لە چەنەچەن نەوەستا. بە قسەی بەرواڵەت بەهاری بە ناواخن زەمهەریر،کەوتە هەڵماڵینی ویستە داپۆشراوەکەی. رشایەوە، گوتی:

((دکتۆری راگر، منداڵی ئێستا خشخشۆکە ناکەن، بۆیە نازانن خشین و تلوور بوونەوە لە ناو خۆڵەپۆتی تەلان شینك و سۆرکاندا، چەندە خۆش و ئاسانە، هەڵستانەوە و هەڵزنانەوەش چەندە سەخت و پڕ ئازارن. هەن لە ترۆپکەوە ختدەکەن، خلۆردەبنەوە، هەڵدەدێرێن، لە خواری خوارەوە، لە سێبەری کەنداڵی گەندەڵی و لە ناو گەناودا رادەکشێن و بە خەیاڵیش لە ترۆپکدا دەسوورێنەوە. بینیویشمە، لە ناو داچەن[٨٥] ی لاپاڵدا، لە ژێر بەردبارانی کوانگێڕیدا[٨٦]، بە پێی خواسەوە، بە چوارچەنگە، بەناو کیفارستان و تێسووجاڕدا، بەناو کەرتەشی و گوینی گەزگۆڵی[٨٧] رووتەنی چەقێنی کوێستاندا، پێدا هەڵچوونەتەوە، چوونەتەوە سەری هەڵگوردەوە، لە وێوە بە چاوتیژییەوە روانیویانەتەوە دۆڵ و هەڵدێری هەپڕوون بە هەپڕوونی تێداچوان[٨٨]. بە

---

**٨٤- ماڵەزیچانێ: یارییەکی منداڵانە. مانای بردنەوە و زۆر دەوڵەمەندبوونی لە ناکاویش دەگەیەنێت.**

**٨٥- چەن: رەنووی زەوی، داخزین و رۆیشتنی زەوی خاك، رۆچوونی زەوی، رفتنی بەشێکی زەوی. ناخۆرە. ناوچەی باڵەکایەتی**

**٨٦- کوانگێڕ: هاتنە خوارەوەی بەرد و کەرتکە شاخ لە چیادا. (باڵەکایەتی)**

**٨٧ - کیفار، تێسوو، کەرتەشی، گوینی: رووەکی دڕکاوی کوێستانەکانن.**

**٨٨- تێچوون: هەڵدێران، تێکەوتن. (خۆشناوەتی)**

تامەزرۆیشەوە لەگەڵ هەڵۆی بەرزەفڕدا فڕیون)). منیش گوتم تۆ هەڵەی، لەگـەڵ قەلـدا فڕیـون، هەرچەندە خـۆت بە دنیا دیتە و زانـا و لێزان دەزانیت، بەڵام هێشتا ماوتـە قـولێنگ و قـاز و باز، قەل و قومری و قاژوو لە یەکدی بکەیتەوە[٨٩] ".

کە. شالیار پێی نایە ژووری سکرتێری راگرەوە، کەس دیار نەبوو. هـەردوو دەرگـای، ژووری راگر و ژووری یاریدەرەکەی داخرابوون. لە دەرگای ژووری راگری دا، هەست نەبوو. دەرگایەکەی کردەوە. چراکان دانەگیرسابوون، چاوی گێڕا، کەسی نـەدیت. بـۆنێکی خـۆش هەسـتی گـەرمی فێنك کردەوە. رووی کردە ژووری یاریدەدەر؟ بێئاگادارکردنەوە دەرگای کـردەوە. وەژوورکـەوت. پرۆفیسۆر ئەبرەشی راگر و پرۆفیسۆر فاروقی یاریدەدەر، د.جۆمـەردی حەنـەکباز و نەناسـێکی بینـی، ئـەوانیش بـە هـەمان شـێوە چـووبوونە ژوورەکـەی یاریـدەدەرەوە. چـونکە ئـەو رۆژە سکرتێرەکەی راگر وچانی بوو، کە ئەویش بڕوات جێگرەوەیەکی ناسـکتر بـە شـێوەیەکی کـاتی دێتە شوێنەکەی. چرپە چرپی ئەوەیش هەبوو کە گەورەکانی رۆژ لە نێـوان خۆیانـدا بـۆ هـەوا و دیکۆرگۆڕین، لە نێوان خۆیاندا جارجارە سکرتێرەکانیان دەگۆڕنەوە.

دوای شالیاریش، پرۆفیسۆر شاکار شاوێڕ سیرمە، مامۆستای کۆمەڵناسی گەیشـتە ئـەوێ، دوابەدوای شاکاریش، دۆستێکی راگر و گەنجێکی نەناسراو گەیشتنە ژوورەکە.

شـالیاری بێهەدا، بێ ئەوەی چاوەڕوانی دەرفەتی دانیشتن و بەخێرهاتن و دەرفەتی لـەبار و نۆرەی دەربڕینی ویستی خۆی بکات، لە ناوەڕاستیاندا وەستا. سـەیری یەکـە یەکـەیانی کـرد. نیمچە بەڵێنێکی کاڵیشی لـە باخەڵـدابوو. رووی کـردە راگـر و نـەختێك بـە سەربەسـتییەوە: "هاتووم بزانم ئاخۆ تەتەر (پاا)ی پلە بەرزیی، پێی پرۆفیسـۆرییم، (بـە گـوڕاح خۆشـییەوە بـە گوستی شادەی دەستە راستی (پ.)ێکی گەورەی لەسەر مێزی یاریدەدەر لە تەك (پ.د. فـاروق فەیسەڵ)ی نووسـی. بـزانم پـای پایـە بڵنـدیم، لەگـەڵ پۆسـتی ئـەمڕۆ و دوێنێـدا نـەهاتووە؟ (بەتەوسێکی بێمنەتەوە) لە سایەی ئێوەدا، لە چاوەڕوانیدا هەستم گـەڕ و ملم گیڕ و چاوم خێل بـوو. بەم (پ.) یەم، منیش دێمە ریـزی ئێوە. ئیدی..."

---

٨٩- لە یەکدی بکەیتەوە: لە یەکدی جیا بکەیتەوە.

راگر بە تیزپێکردنەوە: "پای چی و پزدانی چی؟! حەبی خەوێت لە دامەنەوە خواردبوو؟ ئێستا وەئاگا هاتوویتەوە؟ ڕێگەت دووربوو؟ تۆ بە تەنیا لە هەسارەیەکی دیکەدا دەژیت؟ هاییت[٩٠] لە سەردەمی ئەنتەرنێت و کات و شوێن براوە؟ بەم هەموو مقۆمقۆیەشەوە هێشتا بێدار نەبوویتەوە؟. وەکو تۆ بێکار و نابێدار و خۆشخەو بم، دەبمە گامێش!.

(دکتۆر خەریك بوو هەڕەی دەمی بخاتە گەڕ. راگر هەلی نەدا، خێراتر دەرفەتەکەی پەلدا کە گوتی): کاتژمێر نۆی دوێنێ ئێوارە، لە ماڵپەڕی (www.rrrkkk.com.)ەوە رووپۆشی روو و کەوڵی پۆڵێك رێزدار و زێڕداری خاوەن سێ چوار رەگەزنامە و تێپەڕنامە[٩١] و بڕوانامەی باڵای قەڵپیان داڕنیوە!. نازانم ئاخۆ باوهۆزی کەش و سروشتی رەشووڕووتانە!؟ پەچەی لاداون و دامەنپۆشی خێچ و فێڵی هەڵماڵیون. کەڵبەی گورگ و پەڕی سیخوڕانی دەرخستووە.

ناوی راوێژکاری مەزنی خزمیشت... پرۆفیسۆری زۆر زۆر بەڕێز ((شینۆ باڵدار))، ئەوەی ئێوە پێی دەخورن و دەفڕن و دەقڕن. ئەوان کە لە پارەی مشە و پایەی سەروەری و پێ و داڵی زێڕینی و رێزداری و قسەرۆییان کەم نەبوو!. لێیان ناپرسیت ئاخۆ لەمە زیاتر چیان دەویست؟ مەگەر تۆی بریکاریان، لە بری ئەوان وەڵامان بدەیتەوە!. خۆ نکۆڵی ناکەیت کە ئەوان پشت و کەس و هاوڕێتن! سێبەری سووك و سەنگینیان، تا ئەم بەیانیەش بەسەرتەوەبوو. خزمەکەی تۆ و چەندین تۆڕ و تۆڕەوانی دیکەی سەرگەورەیش ئاشکرابوون و گیراون!. ئەوان هاوڕاز و هاریکار و پارێزەری تۆن. ئێوە بە یەکەوە لە خولگەیەکدا دەخوولانەوە. لە بیستۆکی گەڕۆکی[٩٢] گیرفانی ئەندامانی تۆڕەکەوە، ژمارەی چەندین بیستۆکی دیکە دۆزراوەتەوە. زۆربەیان جێگەی گومانن، هەندێکیان گیراون. لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکەن. گشت کون و کەلەبەر و پەیوەندییە دیار و نادیارەکانیان شیدەکەنەوە. دەیانەوێت سەر و کلکیان... سەرەداوی گلۆڵە و تۆڕ و تۆڕەوانەکان بە تەواوی بدۆزنەوە. رەش و سپیی، فرێتی[٩٣] رەشبەڵەك، لە یەکدی جیابکەنەوە. بە شێنەیی هەریەکەیان بە جیا هەڵوێژنن.".

---

٩٠- هاییت: ئاگات.

٩١- تێپەڕنامە: پەساپۆرت.

٩٢- بیستۆکی گەڕۆك: مۆبایل، تەلەفۆنی هەڵگیراو.

٩٣- فرێت: ریس و بەنی تەونکەر و جۆرە. (دەشتی هەولێر)

پڕۆفیسۆر فاروق فەیسەڵ پێستەخۆر، بەناو یاریدەدەری راگربـوو. لـە ژێـرەوەش مەبەسـتی گلاندن و ملشکاندنی راگر و جێگرتنەوەی ئەوبوو. بە رووکەشی دڵسۆزی و پشتگرییەوە، دنـەی خەڵەتاندنی راگری دەدا. فووی لە چیلکە و ژیلەمۆ دەکرد، بارێژەیش هێنـدە سـاویلکە نـەبوو، دیوی ناوەوەی پێستەخۆر نەخوێنێتەوە، بەڵام چونکە لەم قۆناغەدا پێویستیان بە یەکدی هەبوو، بە وردیش، بە دزی و بە ئاشکرا، ئاگاداری ژێراوژێری یەکـدی بـوون. بۆیـە کـەلکی رووبـەڕوو بوونەوەی، بەرەورووی یەکدییان نەبوو، هەر بۆیەیش زۆرجاران هاوکارانیـان بـە رووی گاڵتـەوە، پێیان دەگوتن: ئێوە لە زیرەکی و وردبینی و دووڕناسی و پلاندانانادا "((دوو کـەرتی سـێوێکن، ئەگەر نەڵێین دوو رووی دراوێکن.)) ناکۆکیش بن، هەر بەیەکـەوە کـۆکن. شـالیاریش لـەولاوە خۆی بۆ شوێنی هەردووکیان ئامادە دەکرد، بۆیـە بـە پەرۆشـەوە چـاوەڕوانی گەیشـتنی پلـەی پڕۆفیسۆرییەکەی بوو.

پڕۆفیسۆر فارووق، گەرماوگەرم هەلەکە دەقۆزێتەوە: "ئەمەیش دوارۆژی داڵی جوانە مەرگی هەندێك کەسان، فت دەکات، پایەکانیشیان لەبار دەبات. (بە نیمچە شـادییەکەوە هـەر لەسـەر کورسییە رەورەوەدارەکەیەوە خۆی بە پشتدا شکـاندەوە. هەردوو دەستی لـە کەمـەری گـرت و پێی بە پێچکەی کورسییەکەیەوە چەسپاند، لە سمتی بەرەو ژووری، راست و چـەپ خـۆی بـادا، پشتی خۆی تەقاند و وەنەوزێکی درۆزنانەی هێنایە خۆی) شەو لە دڵتەنگی و شەرمەزاریان خەو نەبووە میوانی چاوم. کوڕینە دەزانـن ئەمـە بـۆ پلـە بـەرزانی زانکـۆ، بەتایبـەتیش بـۆخزم و دۆستانیان، چەند نەنگە و چ کـارەساتێکی دڵتەزێن و ترسناك و نەبیستراوە.".

ترس و نیگەرانی و تووڕەیی لە رووی شالیار دایدا. ویستی دان بەخۆیدا بگرێت و ناحەزانی بەخۆی خۆشنەکات، بە پەرۆشـەوەیش هەسـتی لـە زمـان و چـاوی فـاروق و ئەبرەشـی راگـر، راگرتبوو. حەزی دەکرد بزانێت سەرسەدەی[٩٤] قسە زەرد و سوورەکانیان لـە کـوێ هۆدەداتـەوە. ئەوکاتە ئەویش خرکەی خۆی لە بنەپاڵییانەوە بوەشێنێت. بە شێوەیەکی ئاسایی گوتی: "جێگر بۆ بۆ ئێوە رەوایە بیخۆن و بیبەن و بیڕێژن و لە هەنـدەران بگـەڕێن و بسـووڕێن؟ بـۆ بـۆ ئێمـە نارەوایە بەری ماندوو بـوونەکەی خـۆمان بخۆین؟".

**٩٤- سەرسەدە: شوێنی گەڕانەوە و هۆدانەوەی جووت و جوتیار. تا چەندە دەبەزیت. چی لەباردایە. (دەشتی هەولێر).**

جێگر بەدەنگێکی بەرزی نێرانەوە: "زۆر ئاساییە! کێ پتر خەباتکارە، شەکەتتر بــووە، ئــەوا ماف و دەسکەوتی پتری دەوێت!.".

شالیار بە چاو زەقکردنەوەوە: "بەڵێ... بەڵام پێویستە بۆ هــەموان بــە پێــی یــەك پێــوەری نموونەیی گشتی بێت، هەریەکە و لە میانی ئەمەوە پلە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا بزانێــت. کە تۆ خۆت و پێوەرەکان نەناسی! چۆن چۆنی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دەناسیت؟".

جێگر: "هەموومان دەبینین، دەرچووی شەشی سەرەتایی، لاف لەسەر نەخوێندەواری کوێر و کۆلەوار لێ دەدات. شەشی ئامادەیی بــە چــاوێکی کەمــەوە دەڕوانێتــە شەشــەکەی خــوارەوە. بەکەلۆریۆس، شەشەکەی بانتر بە نەخوێــدەوار ناودەبــات. ماســتەر، بەکــەلۆریۆس بــە کۆلکــە خوێندەوار دادەنێت. دکتۆر، ماستەر بە بەردەست و ئاست نزم دەبینێــت، پرۆفیســۆری خــاوەن ئەزموونیش، دکتۆرای نوێی بە هەرزە و هەرزان و جووجەڵەی یەك ڕۆژیی دەکەوێتە بەرچاو.".

شالیار: "جێگرە فەندی سەدا هــەزار لاگــرتم! بــەڵام بڕوانامــە بەشــێکی کەســایەتییە نــەك سەرتاپای! پوولدارە نەخوێندەوارە چاو بچکۆڵەکانیش هەر وەك تۆ بیردەکەنــەوە! لای ئــەوانیش تاکە پێوەری کەسایەتی مرۆ، سامانە. شانازی بەوەوە دەکەن، کە کامە دکتۆر بەرزە، ئەوان بــە پوول بە کرێی دەگرن. بەهرەداری نارۆشنبیریش هەر وایە... کەسێك دەنگی خۆشە، توانایــەکی جەستەیی دەگمەنی خودا پێداوی هەیە، وادەزانێت بەهرەکەی ئەو سەنگی مەکە و هەرچی زێڕی تیزاب هەیە دەبێت بە تەرازووی ئەو بپێورێــت، بــەڵام بیرپــڕان بــە چــاوێکی فــراوانتر خۆیــان و دەوروبەرەکــەیان دەبیــنن! دەشــزانن ڕەفتــار و کــردار گــرنگترین پێــوەرن!. دەردی گرانــی کەمایەتییەکانمان ئەویە: هەڵسەنگاندنەکە لە سەرەوە بەرەو دەستوپێ دادەبەزێت! ئەم ســەرانە، تا بناوسەر نەبن، ئەم ڕاستیانە نابینن. لە هەر کۆمەڵگەیەکی بــە ڕوخســار خــاوەن بڕوانامــەی بەرز و بەکردار نەخوێندەوار، نزم بینی سەر ویست، دووزمــانی یــەك گــوێ، ڕووجــوانی هــەناو پیس، لۆق درێژی ئەقل کورت، بڕوانامەی فــش و بێنــاوکی زۆر بــوو، ئــەوا دەســتی لێ بشــۆ، مەگەر زوو بە ئاگابێتەوە و خێرا شتەکانی پاشەوپێش و سەراوبن بکاتەوە.".

جێگر بۆ پتر ورووژاندنی شالیار، بەلکو پتر دەهری بکات و لە دەستی خــۆی دانــەمێنێت و قسەی ئەوتۆی لە زار دەربچێت کە بە زمانەکەی خۆی ببەسترێتەوە و سەری خۆی بەفەتارەتبدا، بە کۆنە ڕکی پەنگاوەی ناخ و بە ڕووخسارێکی نیوە هەڵچوویەوە: "پیاوی هەنگاو شــاش! بــەم

کەمزانیيەی خۆتەوە، دەتەوێت بە لووت و دەسرۆکە چڵمنەکەت چاوی جیهان ببەستی؟. خۆت گێل و نائاگا دەنوێنی، یا خەڵك بە گێژ و گەمژە دەبینی؟ ئاڵۆزی و ساکاری کێشەکانی تۆ لەوە دان: لەبەر نەخۆشی نوێخوازی، ئاگات لە پاشە و پێشەی کۆن و نوێی خۆت نەماوە، دەنا چۆن نازانی ئەوانە هەر پشتت نین، بەڵکە ئاراستەکار و پێشەنگیشتن، زۆریش پاڵپشت و پشتکۆڵ[95] و پشتیوانت بوون!. هەرگیز نکۆڵیشت بۆ ناکرێت، کە ئەوان نەبوونایە تۆ بە دالی تۆزوباوە نە دەگەیشتیە بەردەرگای زانکۆ. دەتەوێت بە خۆڵەتۆز بەری ئاسمان تاریك بکەیت و بەبەر چاوی خەڵکەوە بەری خۆر بگریت؟. چیدی سەرقاپ خستنە سەر مەنجەڵی ستیل و تیڤاڵ و رووپۆش پۆشینت بۆ ناچێتە سەر!. ئەگەر لە سێبەری تیلاکی خوار و لە سەرتیلە و بنتیلەی ئەوان دیار نەبوای، لە مێێێێژبووووو ناویشت نەدەما. کاس و کوندێك، گۆشتی دوو بەردیلە گێژی بەربەرانی هەبێت، ملەوەزێك بە نیو دانە رۆژ لە سوچێکدا تیی دەکاتەوە و بە خاوی دەیخوات! تۆ دەستی پرۆفیسۆری ئەکادیمی و جێگری و راگری نادەیت!. تۆ پیاوی پیلەکە[96] و ململانێ نیت! بەڵکو تۆ گوێزێکی پووچی. تۆ ئەو گوێزەی وەك پیرەی سەرناس گوتی بەکەلکی دەستی منداڵان و گوێزی گوێزگوێزانێش نایەی. پێم ناڵێیت ئەم هاشوهوش و چەقەوەڕیەت لە چییە؟ وەك راگر فەرمووی: زوو تەسبەوە[97]، سەرنزم و چاوشۆڕ، بێهەست و خوست، بڕۆ لە ژوورەکەتدا دەرگا لەسەرخۆت کلۆمدە. بەکڕی و بەمڕی دابکاسێ، تا بە هۆیها و هایی و هوو و تەنەکە کوتانەوە لە زانکۆ وەدەر نەندراویت.. لە دەرەوەشدا رەوە منداڵی لاسار، شێت و شاربەدەریان نەکردووی. دیارە هێشتا و هەتا ئێستاش ناتەوێت بزانی لە لیستی ناوە زۆر نەهێنییەکاندا، کە بە (ناوی سیخوڕە هەرە دڵسۆز و باڵادەست و بڕوا پێکراوەکان) لەو مەزنانەی بە یەکجاری ویژدانیان رژاوە، بە تەواوی دوژمن پەسند و گەلناحەز و وڵات نەویست بوون، ناوت نووسراوە. دەزانی ناوەکان بە ژمارە و بە هێما تۆمارکرابوون؟. بەڵام کلیلی کردنەوەی هێما ئەفسووناوییەکانیان دۆزیەوە و بە بەڵگەی روونەوە، ناوەکان بە بێگومانییەوە زاندران، ئاشکرا کران. لیستێکی سەد و یەك ناوی ناوداری نایە دەستی: فەرموو ئەمەش تەسبێحە سەد و یەك قلەکەتانە، کە

٩٥- پشتکۆڵ: رکە و داری پشت دەرگا کە بۆ قایمکردن و نەبوونەوەی دەرگا لە رووی ژوورەوە بەکار دێت.

٩٦- پیلەکە کردن: رکەکردن. رکابەری کردن، بەرەنگار بوونەوە و مەیدان چۆل نەکردن.

٩٧- تەسبەوە: پاشە و پاش بکشێوە. بەبێ روووەرگێڕان بەرەو پاش برۆ، پتر بۆ وڵاخ بەکاردێت.

لەپەنای ئـایین و وڵاتپەروەری و نـەتەوەحـــەزی، لە خەڵوەخانەی ئـەواندا چاوی خـەڵکتان پـێ نابینا دەکـرد".

شـالیار چاویلکەی کردە چاوی، ماوەیەك بە ناوەکانـدا چـوو، چـەندین هـاوڕێی منـداڵی و دۆست و دەسڵاتداری ڕۆژی تێدابوو. هەرگیز لەم بڕوایەدا نەبوو ئەوانە شتی ئەوەها بکـەن. لـە سەرسامیان بە بێدەنگیەکی سامناکەوە ڕەنگێکـی هێنـا و ڕەنگێکـی بـرد. دوایـی ماوەیـەك هاتەوە سەرخـۆی و سەری بەرز کردەوە و لیستەکەی بـۆ هەڵـدان و بـە ڕکـتر چـاوی بڕیییـەوە چاویان و گوتی: "ئەمانە کەسیان پشت و خزم و خێڵی من نین. هەرچەندە من بڕوام بـە خێـڵ و خێڵایەتی و هۆز و ناوهۆزە نەبووە و ناشبێت، ئینجا بۆ نزیکتریـان ناکەنـەوە؟ بیانکەنـە دایـك براو خاڵوان و زڕ مامەم و کوڕی خەزوورم!؟ خۆتانیش دەبینن هەندێك ناویـان لەگـەڵ ئێوەشـدا هاوخوێندنگە و هاوگەڕەك و هاوکۆڵان و هاوسێ بوون! هاوسێیەتی شـارییان کەسـی نەکردۆتـە خزمی کەس و برادەری یەکترویست، مەگەر ئێـوە بەتایبـەتی ئەمـە بـۆمن دابڕێـژن و بیکەنـە دەستوور و یاسا و نەریتی نوێ! من لە خۆتانی دەپرسمەوە، جەنابی جێگر! ئەگەر ئەوەی دەیڵێی وابوایە! چۆن تاکو ئێستا دەتانتوانی (پ)یە سوور و سەوزەکەم زەوت بکـەن؟ وادەزانـن هێنـدە حۆل و گەلحۆم نازانم لەکەیەوە بە ئەنقەست دەمهێنن و دەمبەن؟. ڕەوا نەناسینە! خۆشتان نازانن لە کەیەوە ئەمدەست و ئەودەستیم پێدەکەن، بەڵام بەکرێ خۆم گرت. بە پشوو درێژیی چاوەڕوان بووم... گوتم هەتا دەستی خۆم دەبینم، ئەوکاتە منیش.".

ڕاگر وەك منداڵێکی منداڵ، کە نۆ دەستە گەمەی لەسەر یەکـدی لـە سـێ ناحـەزی لـەخۆ گەورەتری بردبێتەوە، خۆی مەزن و سەرسووك و دڵخۆش نواند. دواتر بە بێزارییـەکی خەسـت و سیخورمە لە هەست دانەوە: "بە داخەوە ئەم زریانە دڵتەزێنـە، ئێسـتا و داهاتـــووی خـۆت و داڵە قـــۆپاوەکەت، نەك هـــەر بێسەروپێ و ســـووك و چرووك دەکات، بەڵکوو...

(بە سەرکۆنەکردنەوە) چەندساڵە پا و پێ، پێ و پای تـۆ نەبڕایـەوە. تـەنیا سـاتێکیش لـە منجڕی و لەوجڕی خۆت نەکەوتیت. چـرکەیەکیش تۆتکـەت نـەگرت. پـێم ناڵێیـت تـۆ بـەنگ کێشیت؟ تێکچوویت؟ نـازانیت پـاو پێی تـۆ، لەسـەر زەوی نەمـاوە؟ بچـــۆ گـــۆڕستان، تـا شل وکوت دەبیت، بۆخۆت بە دوایاندا بگەڕێ، کە گۆڕەکەت دیتەوە، ژاڵەی ئـاڵ و ئەرخـەوانی

لەسەر بچێنە!. کاولماڵ، دە لەم سەردەمە ژەنگنەدا، نەختێك بۆخۆت ئـۆقرەگر و کـەنارکار بـە. کەمێك بۆخۆت و خێزانەکەت بژیە. بحەسێوە!.".

جێگر: "تا درەنگ دانەهاتـووە و کـار لـە کـار نەتـرازاوە، پـتر لەسـەری مـەڕۆ! وەك جەنابی راگر فەرمـووی.".

دکتۆر شـالیار لـە دڵـدا: "ئـەم بـەزمورەزم و گۆبەنـدە بـۆ پایەکـەی منـە! لـەبری پلـەی پرۆفیسۆرییەکەم، پلانی فتکردنی خودی خۆم و داڵەکەشمیان داناوە!. هەزار درۆزنە پرۆفیسـۆری گەوجی کەچکار، لەم وڵاتەدا هەیە. ئەگەر ببێتە هـەزار و یەك، ئەوا لـە بـەختی منـدا، کابـە کـەچ و بـەردە رەش...، خـۆر لـە خۆرئـاواوە هەڵـدێت، بـای سەرسـەر هەڵـدەکات، چـیاکان دەپێچـێتەوە و ئاسمانـە گـەورەیش بەسـەریاندا دەرووخێـت!. چـۆن دانـارزێن؟ وا بـە بەرچـاوی خەڵکەوە، بۆ خاتری خاترداران، بۆ خۆگونجاندن، بۆ ورگ و گیرفان، چەندین داڵی پەژمووردە لـە پەناوە دەکەنە پرۆفیسۆری پیرۆنە. بۆمنیش... بە چەنەچەن لێدانەوە: بە پێـی یاسـای وشـکی هەمـوارکراو، ناکرێت. بۆ ئەوانیش، قانوون نەرم و تەڕ و شلکە. ئاوریشـمی سـپی نەڕسـتراو و رەنگ نەکراوە!. چۆنت دەوێت، بۆت رەنگ دەکەن، دەبڕێسن و دەیچنن. دوور نییە مەبەسـتیان سمێڵ چەورکردن بێت بۆیە... ئەم شەگەو پەگانە، چەندەی هەست بە تۆرپایەتی و ترنـی خۆیـان دەکەن. دە هێندە، ناوەڵا سەدو دە هێندە رکیان لە من و لە لێهاتوویی منـە. بـەلادانی پلـەی پرۆفیسۆرییەکەی من، ترسیان دەشکێت، دەروونی کولاوییان فێنك دەبێتەوە. (هەڵوەسـتەیەکی کرد) واچاکە بەبەر چاویانەوە خۆم خەمین و پەشێو دەرنەخەم. بایەخ نەدان و ساردی نواندن، لـە هەڵوێستی وەها گەرمدا، لەگەڵ ئەم هەرچی و پەرچییە پووچانە، لەم جـۆرە کارانـەدا باشـترین وەڵامە. بۆ خۆیشم ژێراوژێر ئەوەی کردوومە هەر دەیکەم. چاوی بـە دەوروبـەری خۆیـدا گێـڕا. راگر و جێگـر گەشـابوونەوە. هەسـتی بـە تێکشـکاندنێکی پـلان داڕێژراوکـرد. پـتر کـولاو هـەڵچوو و لە سەری رژایەوە. خـۆی بۆ زەوت نەکرا. (نێوچەوانی تێکنا، بە تەوسەوە):

راگر! کۆڵەگەی گەندەڵی! کەڵەگا!. ئەم رووبازییەی ناوێت! ئەوەی دەیانگرێـت هـەر ئـەویش دکتۆر و پارێزەریان بۆ دەگرێت. هەمـوان دەزانن تاوەکو گەمەکانی "بەرە و لاگـیری و خـەوش داپۆشی خۆمانە خۆمانە و دیاری و خەڵات و شادیانە، مێنگوین و بەردیلی بـەرتیل" مابێـت. ئەوا لەبری بەندی، دەستیشیان بۆ رادەخەن بە سەریدا برۆن. بەڵێ، تا قوماری لێدان و دەرچە و

ماڵەزیچانێ هەبێت! سەر بچووکی گیرفان گەورە، دڵ و دەروون وشکی دەم و دامەن تەڕ هاتیانە. نەهاتی و نەهامەتی هەژاران نایان وێریتێ. ئەوان حەمایل و گوللەبەندی بەرگرییان هەیە. نەك هەر ژمارەی تەلەفونیان لە بەرکدایە، بگرە دەرمانی هەموو دەرد و دەردەدارانیان لە باخەڵدایە. هەریەکە و دێوێکیشی لە لایەن پاشای دێوانەوە خراوەتە بەردەست. راگر! شەوی دەسخەرۆدانی سادە و ساکاران تێپەڕی!. لە پەنای پای زانستەوە، لە پەنای ئەم مێزەوە. (لەپی دەستی راستی هێندە بە هێز لە مێزەکەدا. لە سێ نهۆمدا دەنگی دایەوە. چەند کریستاڵی دانسقەش کە لە تەراز لەسەر مێزەکە بۆ رازاندنەوە داندرابوون، کەوتنە خوارەوە و زرینگەیان هات. هەر بە بوێری و بێشەرمییەوە، بە چاوسووری و بێئارامییەوە): راگر! چاوی کزەڵۆکت هەڵبێنە! ئەگەر رووی چاو هەڵهێنات هەیە؟!. تۆ بە زیخی و زیرەکی و پیتۆڵی و لێزانی؟ بە شارەزایی و شیاوی؟ بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ، ئەم مێزەت وەرگرتووە؟ .

ئاگر! نامەوێت تارمەی گەنووس[٩٨] و گەندەڵیتان بەدەم ئەم رەشەبایەوە شەن بکەم. خۆت لە من باشتر دەزانیت، چ راگرێکی و بە چ نرخێك مێزەکەت کڕیوە. تۆپ و کلیلەکەیت چۆن وەرگرتووە. ئەگەر زاخی گوتنت هەبێت؟ هەر بەخۆشت لە هەموومان باشتر دەزانیت، بە راشکاوی پێمان بڵێ چی لەسەر دەفرۆشیت و چی لە پەناوە دەخۆیت؟!.

(هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، گڕی چاوی نەختێك دامرکایەوە) بەڵام من لە ئێوە باشتر دەبم. بەشی ئاشتبوونەوە و بەیەکەوە ژیانی تێدا دێلمەوە. بیریش لەو کاتانە دەکەمەوە، کە لە بیاباندا رۆژتان لێ ئاوادەبێت. لەو کاتانەی دەمامکتان بەستاوە، دەستکێشتان لە دەستە، شەوی دامەن رەشتان لەخۆ لوولداوە. کاتێك دەزانن لە ناکاو گزنگ چاوی هەڵدێنێت، باو بۆران هەڵدەکات، ئێوە بە رووتی و داوێن رووتی خۆتانەوە، بە بەرچاوی یار و نەیارانەوە هەڵدەلەرزن.".

راگر هەرگیز لەم باوەڕەدا نەبوو، ئەم پیاوە هێندە سکپڕە، لە ژووری یاریدەر و لە رووبەڕووی راگر و ئەم خەڵکەوە گوتەیەکی ئەوها لە دەمی دکتۆرێکەوە دەربچێت!. بۆیە ئەو گڕ و بێئارامیەی ویستی لە شالیاری بەربدات خۆی گرتەوە، گوتی: "ئێرە بازاڕی کەر و گایانە؟

٩٨- گەنووس: قرچۆك، رژد، چرووك. ئەنگوتکژمێر، پاروو بژێر.

کەللەخانەیە؟ ئەم هەڵسوکەوت و گوتە گەنیو و جنێوە شێتانەت لە دەم دەردەچێت، تۆ بۆخۆت دەزانیت ئێستا لە کوێ و رووبەرووی کێیت و چۆن چۆنیش دەرشێیتەوە؟.".

شالیار بە ساردییەوە: "ناوەڵا شێخ ئەبرەشی پرۆفیسۆر! شەکرت شکاند. وامزانی ئێرە گەورێ کەڵە گامێش و خانمخانەیە. یا ئێرە گەرماوە، شوێنی سەر و مل شێلان و راکشانە."

راگر بە چاوسوورییەوە: "تا زمانە بۆگەنەکەت نەبرێت، دەست لەم گەرفرۆشی و رکبازی و ملەکاریەت هەڵناگریت. فەرموو زمان پیسی شەڕانگێز. (رووی کردە هاورێیەکەی) ئێوە و خوداتان فەرموون! ئەم بەڵگە حاشا هەڵنەگرە ببینن و قسەو قسەڵۆکی هەرزان مەبیستن!. فەرموون! ئەمەیش گوێزی ئەو پیرە پیاوەی بە دەستی شالیارەوە جیوەی تێکراوە، حەجمانی لە زەوی ئاسماندا نەماوە. سەد دەرگە و سەد و یەك فەرمانگە لە سۆنگەی شارۆخە فەندی لە دژی ئەو و لە دژی ئێمەیش بەسەر دەکاتەوە، گۆرانی گەنیویشمان بەسەر هەڵدەڵێت. (بە پەلە توورەگە چکۆڵە رەنگ خاکییە نیفۆدارەکەی لە سەر مێزەکە هەڵگرتەوە. داوی نیفۆیەکەی شلکردەوە. شووشەیەکی بچکۆلەی لێ دەرکرد. سەری شووشەکەی کردەوە. گوێزێکی خستە ناو لەپی راستی. دەستی بۆ بەر لووتی شالیار و شاکار و جۆمەرد درێژکرد، بە نەرمییەوە): فەرموون! ئا ئەمە گوێزە سپاردەکەیەتی!. گوێزەکەی خستە ناو دەستی شالیار. فەرموو ترۆزی تاڵ ئەوەیش خەڵاتەکەتە!. (بە چاو تێبرینەوە):

باوکی هەردی، پیرە هەژی، بە سپاردە ئەم گوێزەی خستە دەستم و گوتی ((زۆر تکات لێ دەکەم، ئەو دەست و ئەم دەستی پێ مەکە. هەر بە دەستی خۆت، راستەوخۆ بیگەیەنە دەستی!... تکای دووەمیشم ئەوەیە: داواکارییەکەی گواستنەوەی هەردی بروێنن!. سنوورێك بۆ نارەوایی و بێدادیتان دابنێن!. رۆژ و دەسەڵات، بۆ هیچ پاشا و سەرکردەیەك، بۆ پێغەمبەرانیش هەتا سەر نەبووە!. هەمیشە چەوساندنەوە و ستەم و رەوا شێلی، ئەنجامی رەش و تاڵی لێ کەوتۆتەوە. بۆ مەبەستی مەستی و شادیانەی خۆتان، بۆ کەچکاری و کوچککاری [99] بەدبەختی نێوانی خۆتان، چیدیکە بە نارەوا، حەواڵە بە گەواڵە بەم خەڵکە ژێردەستەیە مەکەن!)).

---

٩٩- کوچککاری: شەڕە گاشە. بە بەرد و پەلار لە یەکدی دان. ململانێ و پیلەکەکردن.

(راگر بە ساردەکوتییەوە) شالیار! من لە نزیکەوە ئاگاداری سەینوبەینی گوێزانی ئێوە و گوێز و کوڕەکەی ئەو پیرەپیاوە نیم!. بەڵام دەزانم دوو جاری دیکە هاتۆتە لام، من کات و رووم نەداوەتێ. خەڵکێکی زۆر دەناسێت. زۆرینەی گەورە و بچووکی ئەم دەڤەرە، ئەم راسترەوە دەناسن. پیرێکی راست و قسە لە روو و خۆشگازاندەیە. دادی لە دەست تۆ و مامۆستایەکی هاوڕێت خواست. گەلێك گلەیی و گازاندەی تفتی لە گوێی من و لە من بەسەرەوەتر پەستاوە.

(راگر بۆ سەرپۆشکردنی چەقەلوولانە[100] لە ناکاوەکەیاندا، بە خۆ هەڵکێشانەوە) دوای وتوویژ و دوان، کە لە میانییەوە ئەم پیاوە جگەر بریندارە، گەلێك گاشە و خەنجەری وەشاند. لەبری تۆ لە منی دەدا. دەرفەتی نەدەدام. بە تەواوی لە کاری کردم. گێژاوی نێوان تۆ و ئەم خەڵکە شارێك نغرۆ دەکات!. دەریایەك جۆش دەدات، ئەو بەرۆکی بەرنەدەدام. هەر دەیگوت ئێوە و ئێوە، ئێوەی بەرپرسیار "پێویستی گوێگرتنن[101]!". تازە بە تازە پیری مێشك کۆن وەئاگا هاتۆتەوە. ویستم بە رستەی کورت و درەوشی تیژ، درێژدادڕیەکەی ببڕم. گوتم: مامە بە هەڵە چوویت!. سەردەمی ئێستا و رۆژگاری ئێوە، رۆژ و شەون، بەهار و پاییزن. سەردەمی ئێوە، سەردەمی گوێگرتن و دەم داپچڕین رابرد. من راگر و ئاگادارم. ئەمڕۆ رۆژی هەڕاکە و کارکردنە. رۆژگاری یاری خێرا و خۆپێگەیاندنە. لە کارکەوتە پتر لەکارم مەکە، تکایە وازم لێ بێنە!. جارێکی دیکە لە کاتی کەمکاریمدا ببینەوە. شالیار! هەر وەك بەویم گوت، بەتۆشی دەڵێمەوە، کاتەکەمان ناسکە. کاری بەپەلە و گرنگمان بەدەستەوەیە. تکایە کاتی بێکاری سەرمان لێ بدەوە!. بۆ کاری فەرمی پێویست نەبێت، دانیشتن لەژووری راگر و یاریدەدەرکەی بێزراوە. فەموون ئێستاش ناچارم بڵێم کالیاری کاڵ! کلۆری لاخوار، تەڕەماشە فەندی، نەك هەر چاوسوورکردنەوە و گاشەبەرد و هەڵبەستەی دەمپیسان، بەڵکو کاتگرتنی بێ پێویستیش لێرە قەدەغەیە. ئێرە شوێنی راگرایەتی بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی کاری زانستی پیرۆزە، نەك چایەخانە و قرقێنە لە ژێرەوە بەردان و سك نیشتاندنەوە!".

١٠٠- چەقەلوولانە: قووڕانەوە و وەڕین و لوورینی رەوە سەگ. هەراوهۆریا و دەنگەدەنگ (دەشتی هەولێر).

١٠١- گوێگرتن: ا- قسە لە خەڵك وەرگرتن. ب- خۆ بە کەڕ نواندن. پ- گوێتان رابکێشرێت. ج- لێپرسینەوەتان هەبێت و خەڵکی کار لار سزابدەن.

## ٦- ئاوەژوو

د. شالیار بە هەستی گڕگرتووەوە: "راگری ڕێزنەگر! پرۆفیسۆری گەندەڵی! لەبری چارەکردنی گرفتەکانمان، بە گواو دەمانشۆیتەوە؟ بە ئەنقەست هەڵبەستە و کێشەی لابەلامان بۆ دەنێیتەوە؟ بە بەرچاوی خەڵکیشەوە دکتۆرێکی ئەکادیمی وەدەر دەنێیت؟ بە هەڕوگیفان منداڵان دەترسێنی؟ بە نەزیرۆکان خەڵك لە لانك دەنێیت؟!. ئیدی ناترسم و چاویشم ناچێتەوە خەو. بەپەردە هەڵدانەوە لەسەر کردەوەکانتان. راستییەکان دەخەمە گۆڕێ. بەڵی گەورەم رۆژی زۆر بیستن بەسەرچووە. دیتنی بەڵگەنامەی رەسەن و ژێدەری بڕواپێکراو نەبێت ناخوات... من بە مەرجێك لێرە دەردەکەوم، کە تۆ و پێستەخۆر و هاوکوفانت. بەبێ جیاوازی تەمەن و بڕوانامە و پایەی پا و داڵەوە، لووتەیی وەلا بنێن! چیدیکە لە بەرزییەوە نەڕواننە خەڵکەوە. واز لە گولکاری[١٠٢] و گۆردەیی و گۆڕکۆڵێن و زندوو ناشتن بێنن.".

راگر بە لە دین دەرچوونەوە: "دەتناسم! رووت بە تیژاوی خەست و کولاّو نەشۆنەوە زمان و چاوت لە کار ناکەوێت. لە سەرۆکایەتییەوە بە شایانی ئەوەیان نەزانیوی پلەی پرۆفیسۆریت بدەنێ. بۆیە هاربویت. لە حەژمەتان ئەوەی بکەوێتە پێشت پەلاماری دەدەیت و دەیگەزیت. بە پێکەنینەوە: بە شیرە شیڕ و رشانەوە، رابردوو رەشیی و ناشیاوییەکەی خۆت دادەپۆشیت".

شالیار لە تاو توانج و چاوسوورکردنەوەی راگر، رەنگی سوورتر هەڵگەڕا. لە هیکڕا چاوی فڕی. سەری گێژی خوارد. بە پەلە بۆ دەرگا چوو. لە ناو دەرگاکەوە، وەك داری لە ژێرەوە بڕاو، راقەنا[١٠٣] و کەوت. دەم و لێوی پڕخوێن و کەپووی داڕسا[١٠٤]. بوو بە پەکوو پەکوو... هەموان بە دەوریدا تەندوورەیان کرد.

کەژەخان تاکە بەردەستی ژووری راگر و مامۆستاکان بوو، نەخوێندەوارێکی وریا و قسەزانێکی رەوان و دەروون ناسێکی زیرەك بوو. ناخی گەلێك کەسی وەك رۆژنامە لە ئاوێنەی

---

١٠٢- گول: گەڕ، گڕوو.

١٠٣- راقەنا: بەلا داهات، لاربۆوە، هات بکەوێت. (خۆشناوەتی).

١٠٤- کەپووی داڕسا: لووتی راسا،کەپووی بە خوێن داهات. (دەشتی هەولێر).

روویدا دەخوێندەوە. ژیری و کارشیرینی ئەم دەستە ژنـە، روالّـەتی ناشـیرینی شـیرین کردبـوو. وێڕای ئەوەی کە ئاواز زان و دەنگخۆش و سەردوولکە بێژ و هۆنەرێکی ناوداری شارەکەش بوو.

هەرچەندە شالیار بە دڵرەقی و دەست قووچاوی ناوی دەرچووبوو، بەڵام جارجارە لـە هـەلی خۆیدا لە ئاست کەژێدا، دڵنەرم و دەستکراوە بـوو، بۆ ئەوەی لە زانکۆ و لە نـاو خەڵکـدا، بـە شان و باڵی دکتۆر و داڵەکەی هەڵبدات. کەژەی خۆژیش "دەیزانی کێندەر نیسـکان دەێنێـت." نیمچە تۆڕێکی لە شێوەی خۆی خستبووە گـەڕ. لـەو شـوێنانەی کـە گوتـەکان دەگەیشـتنەوە دکتۆران، ئەوێی دەکردە بنەگەی گەڕەلاوژە و مـەکۆی پفـدان و کۆگـەی پێهـەڵگوتنێ... واش دەبوو شالیار ئاگاداری نووچـەیەك نـەبوو، یـا شـتێکی زۆر ئاسـایی نـەدەزانی، بـە نـەهێنی، راستەوخۆ، یا ناراستەخۆ، وەڵامەکەی لە کەژێ دەردەهێنا، یا بەو پەیدای دەکرد.

لەو کاتەی کە شـالیار لە ژووری دکتۆر فاروق پێسـتەخۆر کـەوتبوو، ببـووە چـبوو چـبوو. کەژێ و (بەهارخان)ی جێگرەوەی سکرتێری راگر، بە ناز و فیزەوە لە پەیژەکـەوە سـەردەکەوتن. بینی دکتۆر و مامۆستاکان لە بەر دەرگای راگـر و جێگـر پەشـۆکاون. کـە خـۆی رەپێشـکرد. شالیاری راکشاوی بینی، چاو لە مۆلەق، خوێن و فرمێسك لە چاو، سـەر و روومـەت و مـل و شان سوور، لە نێوان بە ئاگایی و بێهۆشیدا قسەی بێشەرم و حەلەق و مەلەق دەکـات. ویسـتی وەك دڵسۆزێکی کول، سەردوولکەیەکی لاوی بەسەردا هەڵبـدات. بـە سـەرپێك خۆشـکردنەوە، کەوتە لاواندنەوەی:

"دکتۆر شالیاری نازدار... زیرەك و دانا و وشیار... ئاوەدانی زانکۆ و شار... پاش تۆ چ بکەن خوێندکار...

شـالیـارم تەڕو کـاڵە ... خـاتوونی روومەت ئاڵە... لانکێ سـاوای لە ماڵە... دکتـۆرەکـەی شکـۆدار..".

راگر بە چاوێکی سوورەوە تێیگەیاند کە ئێستا کاتی ئەم بـەزم و باڵۆرەیـە نییـە. ئینجـا رووی کردەوە شالیار، بەپێکەنینەوە: "دکتـۆر بـە خـۆت و بـە داڵـە پێسـت ئەسـتوورەکەتەوە بەرگەی قسەیەکی گاڵتەش ناگریت، ئەدی ئەوە چەندین ساڵە چۆن...؟ برا گیان کە تـۆ هێنـدە دڵناسك و تەنکتفر و خۆنەگریت! فەرموو! ئەمە پشتی من و ئەوەش داری تۆ!. ئێمە ویسـتمان تووڕەت بکەین، نەمانزانی..."

شالیار جووڵەیەکی کرد. دەست و چاوی لە داڵەکانی گێڕا بە کەلەلاییی: "داڵەکەم... کلاّوە داڵدارەکە بکەنەوە سەرم. (بە گرانییەوە ) من سێبەری کەسم بـە سـەر سـەرەوە نییـە. رۆژانـە

هەمووتان دەمبینن، من تەنیا دالەکەی خۆمم بەسەرەوەیە. من تۆڕ و تۆڕەوانم نەدیون. هیچ ماسیگرێکیش ناناسم. بە بێزارییەوە: دالەکانی نووسیومن مافی خۆمن، بیانخەنەوە بەرچاوم. بیانخەنەوە شوێنی خۆیان". بە ئازارەوە خۆی بە لای راستیدا وەرگێڕا. سەری کەوتە سەر پێڵاوەکەی د. جۆمەرد. کە جۆمەرد پێی لە ژێر سەری راکێشا. پێڵاوەکەی بە خوێن بووبوو.

شالیار پتر سەری سووڕاند. لە ژێرەوە روانییە وەستاوەکان! چاوی بە دالی گەورە و بە دەستی کەژێ وەنووسا: "کەژەخان! ئاخۆ لووتم نەشکاوە؟ بە دەم و ددان زۆر ناشرین نابم. ئەگەر دالە زێڕینەکەم، تاجەکەی سەرم چاوینی نەبووبێت و نەشکابێت، ئەوا تا دەمرم هەرگیز ناشرین نابم. (سەرمەستانە، دەستی بەخوێنی، بە سەر و گوێلاکی داهێنا. تەوێڵ و برۆ و بەرەچاوی خۆی سوورترکرد. کوێر ئاسا، دەستی دەگێڕا) دالەکەم.! ئێوە و خوداتان دالە خەمڕەوێنەکەم!. ئاخۆ دالە ناسك و نازدارەکەم، بەچاو نەچووە؟ درزی نەبردووە؟. هەرکەمێك درزی دابێت، ئیدی خێرا بەبەروەدەچێت و لەتوپەت دەبێت و هەڵدەوەرێت.".

کەژێ دالە گەورەکەی بەدەستەوە بوو. بۆی راگرت: "نا نا بە قوربانت بم. ئەوەتە دالە پیرۆزەکەت. مەترسە! خەمێ مەخۆ! گەردیشیان بەرنەکەوتوە! چۆن...".

دکتۆر جۆمەردی تەڕدەماغ بە پەرۆشییەکی رووکارەوە: "دکتۆر! خۆت درزت نەبردبێت، نەشکابیت، چۆن چۆنی دالّ درزی تێدەکەوێت و دەشکێت؟ (هەموان بە چاوی بە خەندەوە سەیری یەکدییان کرد.) وێرانەمالّ! هێندە پەرۆشی دالتە! کە پیربوویت و مردوویت، ئەوکاتە دوازدە دالی مەزن و بیست و چواری بچکۆلەشت لەگەلّ لە گۆڕدەنێین. ئێستا بە هەردوو پێیان بچۆ سەر جانتای دالان، بەڵکو بەرزتر بکەویتە بەرچاوی نەیارانت.".

جۆمەرد جەمدان کافرۆش پرۆفیسۆرێکی حەنەکبازە، هاوڕێیەکانی باوکی بە (کوڕی جۆڕکپڕێ) ناویان دەبرد. جۆمەرد رێکپۆش و رووخۆش و نوقلفرۆش و خۆشنشین بوو، وەکو دەڵێن ((لە سەر قوڕێ تۆزی دەکرد)). هەمیشە لاگری سەرکەوتوان بوو. لەگەلّ هەموان پێدەکەنی و لەگەلّ کەسیش نەدەگریا. بیست سالێك بوو ئەم پیاوە لەهەمان زانکۆ و هەمان کۆلێژ و هەمان قۆناغ و هەمان هۆڵدا، هەمان وانەی بە بێگۆڕین دەگوتەوە. بڕی بابەتەکەی لەم سالانەی دوایدا، سێیەکی ئەو بڕە بوو کە ئەو لە کاتی خۆیدا خوێندبووی. سالّ بە سالّ بڕێکی لێ دەبڕی و خوێندکارانیش لە بەریان دەگرتەوە. پرسیارەکانیشی هەر هەمان پرسیاری

سەردەمی خوێندنی خۆی بوو. ئەو هەرگیز خەمی بابەت ئامادەکردن و گرفتی وانەدانەوە و زانیاری کۆن و نوێ و نمرە دانانی نەبوو. خوێندنەوەی بە کاری نەخوێندەواری بێکار دادەنا... زیرەك لای ئەو کەسانی دڵخۆش و نوکتە گۆ و رووخسار خاوێن و خۆژی و خۆشخۆر و زووشۆر بوو. زوێرکردن و خستنی خوێندکارانی لە لا تاوانێکی گەورەبوو. بە راشکاوی دەیگوت:

"راست و هەڵە، هۆشیاری و گێژی، جوانی و ناشیرینی، نوێ و کۆن گشتیان رێژەیین. پێوەری پلە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لە رۆژگارێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە... (بە گاڵتەوە) لە هەمان کەسدا بە دوو چاویلکە و دووباری دەروونی، لە تیلە روانینێکەوە بۆ گۆشە نیگایەکی دیکە، لە دوو کاتی جیاوازی هەمان رۆژدا دەگۆڕێن... من خۆم وەك تەمەن و ئەزموون لە ولاتی خۆماندا، داهاتووی خوێندکاری سەر بچووکی ورگنە، خەمساردی زمانگەرم گەشتر دەبینم. چونکە ئەوان پێشبینن! لە هەر دەرفەتێکی زێڕینــدا بۆیان برەخسێت، گوێ نادەنە ریز و نۆرە، راستەوخۆ، بەبێ وەستان لێدەدەن و هۆری خۆیان دەکەن، ئەوان خێران، بە خێرایش پێدەگەن. ئەوان پێشکات، کورسی تۆکمە و نەخشاویان لە داری گوێزدا لەماڵە باوان و فەرمانگە و باژێڕدا لە گەڵ لانك بۆ بەرادانــدراوە، بەلام... بەلام ئەو خوێندکارانەی دووربینترن و زۆرتریش تێدەگەن، پتریش دەکۆشن، بە هەستیارییەوە گوێ لە تورتوورەی ناوبژیوان و پۆلیسی هاتووچۆ و یاسا و رێکار رادەگرن، بە رێزەوە چاوە روانی ریز گەیشتنن... هەل و دەرفەتیان ناگاتێ، لە سوێی نۆرە و بە سۆی تیر و سووك پێوەکردنەوە[١٠٥] دەمرن...

(بە دەنگێکی پڕ متمانە و زۆریش بە دڵنیاییەوە): کورسی زانکۆ بۆ خوێندکاران داندراوە. دەبێت ساڵانە هەر کورسییەك خوێندکارەکەی سەری بە رێ بکات. ئەگەر هەر خوێندکارێك دوو سێ ساڵ لە سەر هەمان کورسی کرێکەوێت و هێلکەکانیشی چەپەڵ بکات، ئەوا شوێنی دوو سێ خوێندکاری دیکە زەوت دەکات. دەمەوێ بزانن کە کورسی زانکۆ وەکو کورسی پایەبەرزان تاپۆ ناکرێت.". جۆمەردی رووگەش، خۆی نوکتە و ژیانی نوکتە و جوولە نوکتە. بازاڕی گەرمی نوکتەی نوێ بوو، نوکتەی نوێی بە نمرەی چاك لە خوێندکارانی دەکڕی. گرژی و گوشینی

١٠٥- سووك پێوەکردن: تیلك پێوەکردن. پز پێوەکردن. پەنجە لە کنگدان.

به وشکبیری و کورتبینی هێسك کرۆژی دادەنا. ئامۆژ و پەند و راوێژی به درۆ و دۆی ترشــاو و پاشئاخورِ[١٠٦] دەزانــی.

د. جۆمەرد له نێو زۆرینەی هەره زۆری خوێندکاراندا پیاوێکی حەز و مرۆڤێکی ناودار بوو، بۆیه به ((دکتۆره مەردەکه، پرۆفیسۆری سپۆرت، مامۆستای چەرخیزم)) ناوی دابوو، جۆمــەرد کەمێکی دیکه له راگر چووەپێش و به قاقای پێکەنینێکی گاڵتەچیانی هــەرزەوە: "ئینجـا بـۆ هێنده به گورِ ئەمسەر و ئەوسەری پێدەکەن تا ورده ورده گەرمی دابێنن... وا بەپەله هێلکــەی پێدەکەن، رێی تسینی لێدەگرن، ئینجا له ترێی دەبەن و کەڵەسووی[١٠٧] دەکەن. بۆچــی راســت و رەوان، به رووتی له دەستی نانێن و لەز و بەز پێی نــاڵێن: داڵــی نوێخــواز! لەســەر نوێکــاری، سەرکەللەیان[١٠٨] له سەر و کەللەت داکەنی، بەرەڵاکرایت. دوو شاپی له بن ســکی بــدەن و پێــی بڵێن برِۆ! کێندەرت به دڵــه لــەوێ بتۆپــه!... (رووی کــردەوە شــالیار) کالیــاری زەرد! خۆزگــه هەرگیز ئەوها لات و لاتــەژێرم نــەدیتبای! مــام لاتــراسکه[١٠٩] پــــریاسکەی داڵــه بێپایەکــەت هەڵگره و برِۆ لاتخانه! لەوێ لەگەڵ تابووری لاتولووتــان بــه دیــار تاتەشــوار و تابووتــەوە کۆنــه تەونی نوێخوازی هەڵبەستن و شەو و رۆژ به پیشاوییەوە تەون بخەنەدار: فرێت رابێرن، نه کشت و نەخاو تێوەرێخن[١١٠]، به مقەسی زمانتان بیبرِن، به رنکی[١١١] رکتان و پیشکی[١١٢] پیشــەگەریتان بیکــوتن.".

---

١٠٦- پاشئاخورِ: پاش ئاخورِ، بەرماوەی ئاژەڵ له ئاخورِدا.

١٠٧- کــەڵسوو: مانگای بەکەڵ که به دەست کۆمەڵێك کەڵەوە هەراسان بووبێت.

١٠٨- سەرکەلله: چندراوێکی بەن یا قایشێکی نەختێك پــانه دەکرێتــه ســەر و لمــووزی وڵاخ، قــەوچ و قەراســه و رێشمه و جڵەوی پێوە دەبەسترێت:

١٠٩- لاتراسکه: بــارەبەری بەدەم رێگــاوه دەلەوەرێت.

١١٠- تێــوەرێخ: بەنی تێوەرێخستنی بەرِه و مافوور.. (دەشتی هەولێر)

١١١- رنك: رنۆك، بەزۆری چەنگاڵێکی ئاسنین یا دارینی رنینه، تەونکەر بەکاری دێنێت. (دەشتی هەولێر)

١١٢- پیــشــك: ئامرازی تەونکردنه، بەزۆری دەسکەکەی داره و ددانەکانی ئاسنن، بۆ کوتان وسخکرنی مــافوور و بەرِه بەکاردێت.

راگر بە چاوی تەڕەییەوە: "د. جۆکەر کەی ئێستا کاتی گەپی و گەپجاڕییە؟ وەك منداڵی سوورتك خۆت دەخزێنیتە ناو هەموو گرفتێکەوەو بە دڵیش بە دەرد و ئازاری خەڵك دەکەنیت.".

شالیار بە چیکلدانە پڕی و بە دەنگی بەرز و نیمچە گریانەوە، مـن جـاریٰ [113] لـە وەڵامی دکتۆر نامەردی دەگەڕێم، بۆ دوایێ هەڵیدەگرم، دەیناسم بۆ فشقیاتی خۆی ((لە هەموو دیزان ئەسکووە.)) هەمووتان دەمناسن، پێشتریش چەند جار بە زمانی خۆم لە رووبەڕووتاندا گوتومە: من بەرزی بێدالّم ناوێت. من لە ژێر دالّدا بەرزم. ژنەکەیشم دەردی ئێوەم دەداتێ. کەژەکە! کوانیٰ کلاّوە دالّدارەکەم؟ کوا حەوت دالّی سەر جانتا کلیلدارەکەم؟ پیرۆزە حەوت چاوەکەی چاووزار؟".

کەژیٰ کلاّوەکەی کردەوە سەری بەخوێنی و جانتاکەیشی خستەوە کۆشی.

شالیار دەستی بە دالّی سەر کلاّوەکەی داهێنا، رووە بە دالّەکەی خستە سەر تەوێڵی، رووی جانتاکەیشی وەرسووڕاند و دالّە رەنگینەکانی خستە رووی پێشەوە. بە شادییەوە وەك ژیربوونەوەی منداڵی جەنەگر بە بینینی جەنەبڕێکی جوان دامرکایەوە. چاوی نووقاند و خەویزێکی خوێناوی رووکرد. کەژیٰ بە دەسڕۆك دەمی سڕییەوە و شوێنی تفەکەیشی خاوێنکردەوە.

دکتۆر جۆمەرد، خاتوو بەهارخانی پەریزادی بینی، خۆی دوور و تەریك گرتوە. بزەیەکی هاتیٰ، رووی کردەوە شالیار و گوتی: "گوتمان پای دکتۆری دانامان بێت، بەهاری دلاّن دێنیٰ و خۆشی دادەبارێت. نەمان زانی لە ناکاو گەواڵەی بەهاری دادەداتە تەرزە و شفتوشۆمان دەکوتێت، برووسك لێمان دەدات و سەرو گوێلاکمان دسووتێنێت".

شالیار: "کەژەخان! قوربانت بم! دالّەکانم!. کەژە! کەسی دالّ و خۆم و منداڵەکانم!. کەژەخان ئەتۆ چەند ساڵە لەگەڵماندای، رۆژانە بیست جار سەر بە ژوورەکەی مندا دەکەیت، ئەتۆو خودات!... هیچ رۆژێك، ماسییەك، ماسییەوانێکت لە ژوورەکەی من دیوە؟. ئەگەر دیوتە بە راگر بڵێ. ئەگێنا، بە راگری یەك گوێی دووزمان و رکن و چاکە نەبین و باشە نەگۆ بڵێ!

---

١١٣- جاریٰ: ئێستا، هەنووکە. لەم کاتەدا.

هەمووتان پێی بڵێن، با پایە جوانەمەرگەکەم، ئەو پایەی بیست ساڵ پترە... ئـۆف کەژۆکـە... تۆڕ... تۆڕ... نانا... پا... پا... هەژیۆکە پایەکەم. پیرە گەماڵی باوکی هێدیۆکەیش، خەڵکی لێ هانداوم. ئەم پیرە کەمتیارەی تەمەنی حەوت دارگوێزانی هەیە، تاکە گوێزێك بە دیاری، بـۆ کووکە نانەوە بۆ داڵی مەزن دەنێرێت! داوای کاری نابەجێشم لێ دەکات! کە لە پلـە و رەوشـت بەرزی و ئـەرکی پیرۆزی خۆم و داڵـە یاسـا ویسـتەکەم، لام نـەداوە. ئـەو، تۆڕەکـانی پـیران و دکتۆران و بازرگانان و گۆترەکار[١١٤] و سەرگەورانی ئەم وڵاتە بێسەرەی، لە مـن دنـەداوە. ئـای باوکە. ئای نەنە... ئامان گیان. ئێوەو خوداتان! داڵەکەم، داڵـە تاقانەکـەم. داڵـە هـەتیوە بـێ پایەکەم ... (چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا) راگری خوانەناس و دەسنوێژ رانەگر...".

جۆمەرد و جێگر، هەر یەکە و بنباڵێکی شالیاریان گرت و بە قنەقن راسـتیان کـردەوە. بـە هێمنی لەسەر قەنەپەکە دایان نایەوە.

راگر، پێشتر لە جۆمەرد موور ببۆوە بارەکەی گۆڕی و گوتی: "کوڕینە گـەلێك ئاگـای لـە خۆی نییە. ئاگاداری بن دووبارە بەرنەبێتەوە. کەلکی دواندن و گوێ لێ گرتنـی نییـە. هوڕێنـە دەکات. هۆشی رۆیشتووە. نابێت کەس قسەکانی دکتۆری نەخۆش هەڵبگرێتەوە. نەخۆشە! کـە گوتت نەخۆش دەبڕێتەوە. خوداش رەچاوی مرۆی نەخۆشی کـردووە، ئـەرك و لێپرسـینەوەی... تکایـە لێـی دوور بکەونـەوە. دەی بجـوولێن!. بـا ئێسـتا روو و رووخسـاری نـەختێك خـاوێن بکەینەوە. بەروانکە خاوێنەکەی منی بەسەر جلە سووربووەکانی دا هەڵکێشن. دەمـو لێویشـی کەمێك تەڕکەن. بەڵام لە پێشدا لە ژوورێکی تـەنیا و هـێمن بێـت. ئێـوە هـەمووتان بڕۆنـەوە شوێنی خۆتان. تەنیا پرۆفیسۆر فارووقی بە دیارەوەبێت. ئەگەر پێویستی کرد ئەوا...".

شالیار بە هەموو تـوانای، خـۆی دەپچڕییەوە: "بەرمـەدەن... هـیچ نـەبوو... نـەختێك سەرم سووڕاو دڵم هەڵچـوو. دووبـارە و سێ بـارە خۆی رادەتەکانـدەوە، بەرم نـەدەن بەخـۆم دەزانم چیتان..!.".

پرۆفیسۆرەکان بە دڵی پڕداخەوە: "دکتۆر... دکتـۆر... نـەختێك هێوربـەوە. (وردە وردە دەستیان لێی شلکرد) تکایە مەڕەنجێ، هیچ نەبووە. هێمنی و پشوو درێژی و خـۆگری!. دکتـۆر

١١٤ - گۆترەکار: بڕییەکار، تێکڕاکار، مقاول.

گیان! پێشتر پەرکەمت هەبوو؟ پێشتر بەم جۆرە بووراتیەوە؟. فێداریت؟.کەمێك دانیشە. هەموومان لای تۆین. چیت بوێت بە مەمنوونییەوە بە دەستان نا، هەر بە چاوان بۆتی دەکەین.".

دکتۆر جۆمەرد: "با دەستەبەریشمان کەژەخان و خاتوو بەهار بن. منیش لایەنگر و گەواهیدەرتم! ".

دکتۆر لە پێشدا لە شوێنی خۆیەوە وەستا. دواتر بە چاوسووریەوە، دوو هەنگاو بەرەو ژوورەوە گەڕایەوە. لێیان دوورکەوتەوە. لە ناکاودا زۆر بە خێرایی، بە دەوری خۆیدا سووڕا. بەلاداهات. سەری بەر تیخی دیواری تەك دەرگایەکە کەوت. لەگەڵ رنگەی سەری، چاوی تاریك و سەری گێژتربوو. خۆی بۆ نەگیرا. بە جانتایەوە، بە تەوژمێکی سەرسووڕهێنەر بەپشتدا کەوت. لەگەڵ کەوتنەکەشدا لنگاوقوچ، قەلانقووچکەی[115] خواردەوە. سەری لە ژێرەوە و سمت و قاچەکانی لە بانەوە، بە لێواری قەنەپەوە وەستا، گرانایشی کەوتبووە سەر سەر و ملی. خوێن لە دەم و لووتی پژا. چاوی رسکا. دەینقاند و سەیری راگر و یاریدەدەر و دەوروبەریانی کرد... لە کاتێکدا هۆشی بە سەر بەردە مەڕمەڕەکەی کە (یاریدەدەری راگری پ. د. فاروق فەیسەڵ)ی لەسەر نووسرابوو نیشتەوە. گڕی گرتەوە. هەستی بووە قەرەخەرمانی نیوە سووتاو. دووکەڵ لە کونە لووتی و بڵێسەی ئاگر لە چاویەوە دەرچوو.

بە نکەنك، لەبەر خۆیەوە: "ماوەیەکە راوکەی هەستیان شکاندووم. دڵم داناکەوێت. بێئۆقرەیی، هەڵم دەپشێویت و تۆتکە ناگرم. خەوم زڕاوە. چەند رۆژێکیشە بە باشی ئاوم بۆ ناخورێتەوە، نان بە گەروومدا ناچێتە خوارەوە. داهێزراوم. فشاری خوێنم دابەزیوە، سەرسووڕکەم گرتوە.( پرچە دەستکردەکەی لادا، دەستی بە شوێنی ئێشەکەی داهێنا. سەر بسك و پشتە گوێی قەڵشیبوو. قونکی برۆی چەپی هەڵمسابوو. هەردوو دەستی بە لێواری قەنەپەکەوە کردە رکە. بە هێمنی خۆی خزاندە سەر رایەخەکەی ژێر پێیانەوە. بە هیوا براوییەوە تێیان رادەما. لەبەر خۆیەوە): ئێی هێی، هەمووتان ناحەزی منن! لەگەڵ یەکدیش نا تەبابن، بۆ دژایەتی من تەبان!. تەنیا لە هەمبەر مندا دۆست و کەس و خەمخۆری یەکدین. (دوای

---

١١٥- قەلانقووچکە: قەڵاقوچکە، سەرمەقولات. (دەشتی کۆیە).

چاوگێڕان، چاوەکانی کەوتن) باشە باوکم، یەکبەرە و یەك دەست و یـەك هەڵۆێسـت، بەیەکـەوە ڕێك و کۆك بن! بە گەلەکۆمی بەگژە من داوەرن. ڕکی پەنگخواردووی خۆشتان بەمن دەرکـەن. (کەچاوی هەڵێناوە، چاو جووتێك کۆتربوو ڕەوەی هەڵۆیان دەوریان دا. نەیزانی لـە کـوێ چـاوی پەنا بدات. قغە قغی ڕەوەی قەلەڕەشانی لە گوێدا زرنگایەوە. سەری بادا. گوێیەکانی لـە کـوێ پەنا بدات. بۆنسۆی سوێندخواردنی ژنەکەی بۆ خۆسووتاندنی، لووت و مـۆخی پڕکـرد. کەوتـە پێکژین. پشمینێك و دوان و دەیان.) ئێ باشە! (شەونم خانم) ئەتۆ بۆ؟ هەی... لەناو خـەڵکم و لێم دەگرن. پشتگرانی سەربەستی بێسنووری ئافرەتان بە دوای ئـابڕوو شـکان و سـندم کردنـی نێراندا دەگەڕێن، دەنا دەمزانی چیت پـێ دەڵـێم!. ئـەتۆ بەکەلۆریۆسـۆکە و شـەماڵە تڕنەکـەی براشت بە هەزار نقە نق، شەشی نازانستی بڕیوە. ئێوەیش قسە لە قسەی منی دکتۆر دەکـەن؟. ئەمانە ((نانی بێخوێ دەخۆن و تسی سوێریش دەکەن.)) باشە ژنێ! نەتبیستووە دەڵـێن ((ژنـان ئەقڵیان لە کۆشیاندایە؟)) ئێسـتاش باخـەڵ و بەرباخـەڵ و دامـەنی شـۆڕ و کـۆش و مـۆش و تەشکتان[116] نەماوە. بە خۆت و بەم هەموو خەوشەتەوە. بە بەکەلۆریۆسـۆکەی چـاوبەڵەکتەوە، قسە لە قسـەی منـی دکتـۆری ئـەکادیمی دەکـەیت؟. دەمشـکێنی و بەسەریشـم دەکـەویت؟. دەتەوێت خۆم و داڵەکەم بە دەسرازەی حەوتمانگییە چورچەکەی (شەماڵ)ی لـە لانکـێم بنێیـت. خۆزگە دەمزانی بۆ هەمووتان، لە هەموو کاتێك و لە هـەموو شـوێنێکدا دەتانـەوێت مـن لـە ژێرەوەبم؟. نازانم چ نەهێنییەکی نادیار هەیە، ئەم هەموو چاوە، بە یەك چـاو سەیرم دەکـەن؟. ئەم بەختەوەری و یاربەختیەتان لە کوێ گرتۆتەوە؟".

ڕاگر بە پەرۆشەوە: "هەر هەنووکە، نەخۆشییەکە بەری دەدات. سـەر و ملـی بـەرز بێـت، کەمتر خوێنی لەبەر دەڕوات. هەر ئێستا، هەموو فریاگوزاری و کارەکـانی دیکـەی بـۆ ئـەنجام دەدرێت. ئەگەر خوێنی ویست؟ یا هەر پێداویستییەکی دیکە، ئەوا من لە پێشەوەی هـەموانم. دڵنیام ئێوەیش... خودا لە دڵسۆزیتان کەم نەکات، بۆ دکتۆر شـالیاری برامـان سـەرتان پێـوە نییە. ئینجا زانکۆ دوو مەردەشای دیکـەی وەك دکتـۆر شـالیاری بـە خۆیـەوە دیـوە! دڵنیـام گشتتان... بەڵام ئێمە پتر بە ئەرکی خۆمانی دەزانین.".

---

**١١٦- تەشك: دامەنی کراس. لای ژێرەوەی کراس و کەوای ژنان.**

شالیار وەك ئەوەی فەرمایشتەکانی راگر (با) بن و بە بن گوێیدا تێپەڕن. چاوی دەگێڕا، بەبێ هێزیەوە: "دالّەکانم... دالّەکانم بخەنەوە شوێنی خۆیان. بەبێ دالّ من بێناسنامەم.".

راگر، بەبێ بەسەرەخۆ هێنانەوە. چاوێکی لە دکتۆر جۆمەرد داگرت. بۆ دلّدانەوەی شالیار گوتی: "دکتۆر! هێندە نائومێد مەبە! لەمنی وەربگرە، وابزانە پایە تایبەتمەند و دەگمەنەکەت لە گیرفانتە. من ئاگادارم، پلەی پرۆفیسۆریەکەت لەوێ دەرچووە. ئەمڕۆ گەیشتووە؟ یا بەیانی دەگات؟ ئەوەیان شتێکی دیکەیە. نەختێك خۆگربە. پێوەری پیاوان رۆژی کەوتنێ، خۆگری و هەستانەوەیە.".

شالیار بە نیمچە بێباکییەوە: "راگری دەم ئاگر، رۆژی کەوتن و هەلّستانەوەیە؟ یان شەوی وەدەرنانێیە؟. خەلّك لە پەنای پاو دالّان سەردەبرن. ئەگەر ئەتۆ و پێستەخۆر، بە دوژمنداری پایەکەی منتان سووتاندووە؟ شاردووتانەوە؟ ئەوا پێم بلّێن!. ئاخر لە مالّ و لە زانکۆ، خۆم بۆ ئاهەنگی پای پایەدار ئامادەکردووە؟ لە لای زێڕینگەریش تابلۆی نووسینی "پ.د. شالیار ك. کەمال"م بەکردنداوە.! بۆ ئەم دەرفەتە زێڕینییەم لێ دەسووتێنن؟ بەخودا و بە پێغەمبەر! من هیچ پەیوەندییەکم بە تۆڕ و مۆڕانەوە نییە. بڕواتان بیت من نەخۆش نیم، لە هەمووتان باشتر ئاگام لە زار و کاری خۆم هەیە. بۆچی زار و مارانێم[117] پێ دەکەن؟.

ژنەکەیشم ئەمشەو دارکونکەرە بوو، تا بەیانی لە کەللەمی دەدا. کنەی لە هەستم دەکرد. ژانی دەرخوارد دام. ئێوەش ئەمڕو بە ماوەر لە پشتەسەرتان دام. (پتر دەست و لاقی لەبەرەخۆ برد. بە جوولّەی لێوی و دەنگی نەبیستراوییەوە) سێ راپۆرتی تێروتەسەلم دەربارەی تۆڕی (پ.د)ە تۆڕییەکانی خۆمان... (بە تووڕەییەوە): بارێژە! بۆ بە چاوی کەم سەیرم دەکەن؟ منتان خستە سەر رێچکەی خۆتان و رێی رێویانی دێرینانی پێشەخۆتان. من... من... من تاکو ئێستا، بە ئاشکرا و بە بەرچاوی خەلّکەوە، بۆ سام نواندن کێردی کولم لە پشتەملی دووسێ خوێندکاری منجڕ و لەوجڕ ناوە. ئێوە وێڕای سەر پەلدانی کوڕان، لە ئەزموونگەی پەردەپۆشی ئەکادیمیدا، لە ناو کۆلێژ و لە پەنای زانکۆوە، (بە چاوی پلّنگی بریندارەوە سەیری چاوی فاروق

---

١١٧- زار و مارانێ: گەمەیەکی مندالانە، زۆرجار دەبیستین " گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یە کەم "، یا سەرەتای دەستپێکردن، لەوەوە وەرگیراوە.

ڕێوی کەیفسازی کرد) ئەتۆ... ئێوە... بڕەکن... ئای بۆ ئەورۆژەی بڕەك و دەرەك[١١٨] و درێشە و درێشووکی ناختان دەردەکەوێت!. کەڵبە گورگی دامێن دەڵەکینە[١١٩]!. بە بەنگی سڕکردن و هۆش کوژاندنەوە، بە سابونی لووسی دیلۆکسی بەلێنی درۆتان، بە گوڵاوی تیرۆزی پێگە و دەسەڵاتتان، لە رۆژی گڕەدا دووپشکانە، بە چزووی ژەهراویتان، لە سەردەمی ئابووری جەنگدا، بە تۆبزی و زۆری لێکردن، ئابڕووی چەندین ئافرەتی هەژارتان پژاند... بێدەنگ، بێمەرگ، لە پەنای پەردەی پیرۆزی زانستەوە ماڵوێرانتان کردن. بەڵێ لە پەنای... پەردەتان هەڵماڵی. گورگانی سوورینچکی ئایندەیانتان هەڵبڕین. لەسەر زەوی، بنکۆڵی ژیان و تێکۆڵی[١٢٠] ڕەوانتان وشك و خاش کردن. بە زەقەزەقی چاوان. خستنتانە تەپانی دۆزەخەوە. خۆشتانیش بێپەروا لە بەهەشتی هەر حەوت ئاسماندا، ژیانی هەنگوینی رادەبوێرن.".

راگر پەشۆکا، رەنگی رووی پەڕی. پتر خۆی بۆ رانەگیرا، دووبارە گوتیەوە وەستاوەکان: "دەرفەتمان بدەن! کەژەکە! تۆیش بڕۆ دەرەوە! دکتۆر شالیاری برامان ماوەیەکە بە هۆش نەخۆشە. لە بێئاگاییدا ورێنە دەکات. دڵی پڕە و قسەی رووت و بێسەروبەری لە دەم دەرژێت. ئێمە و خێزانەکەی ئاگادارین، لێی ناگرین. (راگر بە دەم قسەکردنەوە، هەردوو باسکی کردبۆوەو خەڵکەکەی بەرەو دەرگا پاڵدەدا. نەیدەزانی بە چ شێوەیەك وابکات مار و دووپشکەکانی شالیار نەبیستن، یا ئەوەی بیستیان بە ناوی ورێنەوە، بیدرن و نەیبەنە دەرەوە. بە بیانوی ئەوەی نەوەك لە زارێك دەربچێت، لە داهاتوودا بە رووی دکتۆری نەخۆش دادەدرێتەوە. ناحەزانیش بۆ سووکایەتی زانکۆ و دکتۆرانی، دەیکەنە راپۆرتی رۆژنامە و کەناڵی ئاسمانی و قەوان و ماڵپەڕی نەیاران.) گوتیە یاریدەدەر: دکتۆر فارووق! بچۆ ئۆتۆمبێلەکەی من بێنە بەردەرگا! بە تەنیا پرۆفیسۆر شالیار بگەیەنە ماڵەوە. خێزانەکەیشی تێبگەیەنە! بڵێ مێشك و دڵی کەمێك ماندووە. تاوەکو باری دەروونی دەسێتەوە، با بە تەنیا لە ژوورێکی هێمن و نیمچە تاریکدا بێت، لە هێمنی و تەنیاییدا ژان و هەڵچوونەکەی بەردەدات.

١١٨- بڕەك: بیچوە بەراز، کودەڵە. دەرەك: بیژوو، لاسار، لایەدە.

١١٩- دەڵەك: فسۆس، شیرەدرێکی کێوی پەل کورت و تسنە، پێستەکەی نرخدارە.

١٢٠- تێکۆڵ کردن: کڕاندنی توێکڵ، پەلکۆکردن، پەرکۆکردن.

دەگەڕێتەوە سەر باری پێشتری خۆی. بلّێ لە خێزانەکەی بترازێت، کەسێکی دیکەی بە دیـارەوە نەبێت. نابێت کەس لەگەڵی بدوێت. هەرچییەك دکتۆر گوتی، ئەو پێی بڵێت:

راست دەفەرمووی، فەرمانتە. تابکرێت نەهێڵێت مێشکی دکتۆر بە قسەکردن و نـارێکی دەربرین ماندوو بکەن. فاروق قسەکانمی بە رێکی و بە تەنیایی پێ بڵێ... هەر بەخۆشت ئێوارە لەگەڵ دکتۆرێکی دیار و تایبەتمەند، پسپۆڕێکی لێزان و دەسـت پـیرۆز سـەری لێ دەدەیتــەوە. دراوی چارەکردن و میوانداری ئەوان و ماندووبوونەکەی خۆشتان لــە مــن وەردەگریتــەوە. هــەر گرفتێك هەبوو بە بیستۆك ئاگادارم دەکەیتەوە. بە خۆیشم هەر ئەمڕۆ لە دەرفەتێکدا بە سەرتان دەکەمەوە، بەڵام...".

فاروق بە رووخساری خۆشی دەربڕینەوە: "وەی بەسـەر چـاو. هـەر پێویسـتییەکی دکتـۆر هەبێت، من بەر فەرمانم. بۆ هاریکاری و یارمەتی دانی دکتۆری نازدارمان سەرم پێـوە نییـە. زانکۆکەمان، بگرە هەرێمەکەمان چەند دکتۆر شالیاری تێدایە؟"

شالیار بە دەم لەرزی هەڵچوونەوە: "گـۆردە! مــن پێشــتر نــەخۆش نــەبووم. ئێســتاش لــە گوێزەکەی پیرە، (بە تینێکی لەرزۆك و رژاوەوە گوێزەکەی لە گیرفانی دەرکرد) لەم گوێزە پتــەوە کاکڵدار و ساغترم. ئــەم گــوێزە! بــەڵێ ئــەم گــوێزە! هۆشــی ئــاودام و چــاوی کردمــەوە. (بــە تووڕەییەوە) دەستنوێژ رانەگرێ! خەڵك لە ژووری راگر و جێگر و بەڕێوەبردنی کۆلێــژ دەرمەکــەن! من نەخۆش نیم، لە کۆلێژ ناچمە دەرەوە. بەرچاوتان چۆل ناکەم!. لێگەڕێن بـا خــەڵك ئــەنجامی پەردە هەڵدانەوە ببینن!. با چاویان بکرێتەوە. دەوروبەری نزیــك و دووری شــاردراوەی خۆیــان و سەروسەکوت و رۆڵ و گەنکاری ئێمەیش ببینن.

ئیدی منی نانەخۆش لەگــەڵ ناخۆشــی و نەخۆشــی ئێــوەدا هەڵناکــەم. بــەم مەرجــە مــن دەڕۆمەوە: کە ئێوەیش بە نۆرە، یــەك لــە دوای یــەك، بــە بەرچــاوی نــەخۆش و ســاغەکانەوە، سەراوکوون، ئاوەژوو دابنیشن. بە سەراوبنی، رووەو تەوێڵ و چاوان، بڕواننە خەڵکەکــەوە. پــا و دالآنی زانستگەکەمان، بە ســەرەوژێری، ژێرهــەڵ نەڕواننــە قــەد و بــالآی خــەڵك، ئــەوا چــاك نابنەوە!. بەڵێ منیش بەڵێنی درۆم دابوو. پەیمانم دابوو گۆڕانکاری مەزن لە کۆمەڵگەدا بکــەم. (بە گەرووی گیراویەوەو) پیرە!... پیرە!... هەی بە پا و بە داڵەوە بە قوربانت بم. لەبەر خــۆت و

گویزانی برین و گڕ و هەوینی گوێزی گۆڕانکاریت بگەڕێم. (رووی کردەوە راگر) راگـر! خـۆت و جێگرەکەت، خەڵك وەدەر مەنێن! با ئەوانەی دەرەوەش بێنەوە ژوور!.

بەڕێز فاروق فەیسەڵی پیرۆز و دادپەروەر! پرۆفیسۆری جێگر و هاریکار و بریکـار! پێسـتە خۆر! کفن دز و تەرم...! دەمڕاستی ناڕاستی، گەندە و مەنـدە حەپـەلووش! چـاکە لەگـەڵ مـن دەکەیت؟ دەمگەینیتە ماڵەوە؟ لە ژووری تەنیا و هێمنم دەکەیت؟ دکتۆریش دەهێنیە سـەرم؟. یا دەتانەوێت لە ناو خەڵکدا لامبدەن، کەس گوێبیستی دەمم نەبێت؟ ئەتۆ بەخۆڕا باوکی خۆت دەبەیتەوە؟ مەگەر لە رێگە رووتم بکەیت! ئاخۆ چـەندین سـاڵە کـرەی بنـبڕە، وێـڕای دەسـت و دامەن و زمان و بیر پیسی خۆت و راگر. کەسـێك بەبـەر دەرگـای ژوورەکـەت رەتبـووە، نـەت دۆشیبێت.؟ نـاوی کەسێك بـە ژێـر قەڵەمەکەتـدا تێپـەڕیوە سـەرانە و بەرانـە و بـەرتیلت لێ نەستاندبێت؟ شێوازەکانی تەنگاوکردن. زنجیرەی دەڵاڵ و پێناوەکانتـان! رێبـازە ئەکادیمییـەکانی خەڵك رووتاندنەوەتان!... پرۆفیسۆر و زانکۆ، راگــر و جێگـر، بـەرتیل و خـەڵك رووتاندنـەوە کوجا مەرحەبا؟.

خوێن و شەپرێوی، بـە تـەواوی رەنـگ و رووی شـالیاری گۆڕیبـوو، دووبـارە رووی یەکـە یەکەیانی خوێندەوە. بە چاوی پڕ لە ئازار و هەستی بریندارەوە گوتیە راگری: گـەماڵ!. لای لـە یاریدەدەریش کردەوە: ئەتۆش بەناو یاریدەدەری گەماڵی، بەڵام کێبەرکێتانە! (دیسان چـاوی بـە هەموویاندا خشاندەوە). ئێوەش لەمن و لە خۆیان چـاکتر دەزانـن. راگـر لـە بەدکاریـدا تـۆزی یاریدەدەرەکەی ناشکێنێت. لەگەڵ هەردووکتانمدایە! گەندە و مەندەینە! نەخۆشـییەکەی خۆتـان تووشی من کرد، بە بەرچاوی خەڵکیشەوە، بە قەرۆمەی[121] بە کراس و دەرپێ، ئێوە دروسـت و منیش نادروست... ئەدی هەر ئێوە نـەبوون بـە پـاو داڵـە نارەسـەنەکانتانەوە لافتـان لەسـەر ئێمەمانان لێدەدا؟ ئێستاش بە تۆڕی تۆڕیان، لە تۆڕی ئەنتەرنێتەوە شتم بۆ هەڵدەبەستن؟ گوایە من رەوەی تۆڕەوان و ماسیگرم بە دواوەیە؟. منداڵ نیم! لەمێژە، زۆر چاك دەزانم... ئەمانـەیش گشتیان دەزانن، هەموو تۆڕ و تۆڕوانانی دەڤەرەکەمان، سەر بە ئەبرەش و پێسـتەخۆرن.". بـە گرمەی هەورە تریشقەی هەستی و بلاچەدانی روو و رووخساری دایدایە فرمێسـك بارانـدن. بـە

---

١٢١- قەرۆمە: درۆی گەورە.

راگر و یاریدەدەر بۆیان ژێر نەدەبووەوە. دایان نیشاندە سەر قەنەپەکە. بە پارچە شاشێکی تەڕ خوێنی دەموچاویان سڕییەوە، لێویان تەڕکرد. چەمکێکی باڕووکەکەیان لادا، بە پەرۆشەوە سەیری برینەکەی سەریانکردەوە. خوێنەکەی زۆرنەبوو، کۆتایی برۆیشی هێندەی نیوە گوێزك پەنمابوو و خوێنی تێزابوو.

بە هەموان شالیاریان دڵنیا دەکردەوە کە برینەکەی هیچ نییە. نەخۆشخانە و دروینەوە و برژاندنەوەی هەر ناوێت. پەنمانەکەیشی لەخۆیەوە دەنیشێتەوە.

شالیار شێتانە هەڵستایەوە سەر پێیان. دەستێکی بە سەر شوێنی قنجان و لاسەرە پەندماوەکەی داهێنا. جانتا و کڵاوە پەڕیوەکەی بێناز کەوتبوونە ژێر پێیانیەوە. راگر و جۆمەرد لە ترسی کەوتنەوە ئەملاو ئەولایان گرتەوە. شالیار بە گرانی چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا، روانییەوە بەر پێی خۆی. بە ئازارەوە وەك ئەوەی بە ترسەوە دەست بۆ مارێك ببات. دانەوییە تەك قەنەپەکەوە. بە پێی چەپی جانتا و داڵە گەورەکەی راکێشایەوە ژێر پێی خۆی. زۆر بە ڕکەوە، بە پیێ، پانی کردنەوە. بە هاوارێکی بە کوڵ:

"من بە تەنیا بۆخۆم ناگریم. ئەوەی بە تیری ژەنگن و ژەهراوی (پاو داڵ)ی ئێوە لێی بدرێت (بە شەپان لە تەوێڵی خۆی دەدا.) لە کام نەخۆشخانەدا چارەدەکرێت؟ فشەکەری و خۆ فشکردنەوەی ئێوە، دەردی فرە روویی ئێوە، خۆپەرستی و لووتبەرزی و ویژدان نزمی ئێوە، منی ژەهراوی و ژەهردار کرد. بێپەروا مەرگەمووشی ئێوەم دەکردە هەست و هەناوم... هەڵسوکەوتی من لە دەوروبەری ئێوەدا دابوو، بەڵام درەنگ تێگەیشتم کە ((هاوەڵی قەل دندووکی خاوێن نابێت))..

(زۆر بە خۆشی و بە هێمنییەوە): بەڵێ پیرە راستی فەرمووو. بە قوربانت بم پیرە. دەزانم ئێمەمانان، تا سەراوبن نەکەوین، گوێتان لێ ناگرین. لە دوای کەوتنەوە، ئینجا لووتم دەرفەتی بینینی خوارەوەی دام. لە ژێرەوە تا بانەوە، پێڵاو و پێ و ئەژنۆ و بەژن و باڵاو سەری کەسانی دەوروبەری خۆم بینی. (بە ئەسپایی لەسەر قەنەپەکە روونیشتەوە) ئێستا دەزانم، بە چی و بۆچی لە خشتە چووبووم. باڵاگەردانی باڵات بم پیرە هەژی!. (لە نێو ئاخ و ئۆف و کووکانەوەدا بلقی دەدا، بە دەنگی بەرز) گوێز... گوێز... گوێزەکەی پیرەم بۆبێنن.! بە هێزێکی ئەفسوونین،

پێنێکی[122] له جانتا و کڵاوەکەی هەڵدا. سەری بەرز کردەوە. روانییە چاوی راگر. دەستی کردە گیرفانە چکۆلەی چاکەتی. کارتێکی رەنگ خاکی دەرکرد. بۆ لووتی راگری برد: فەرموو! تەلەفۆن بۆ ئەم زێڕینگەرە بکەن و بڵێن: ((شالیار، دانی بە ناوەرۆك دانا، پێ و داڵی بە رووخسار زێڕینی ناوێت. (بڵێن): خۆی دۆزیوەتەوە. بڵێن: گوێزەکەی پیرە هەژی لەبری پا و داڵەکان لە زێڕدەگرم... راگری رێگر! من لە رابردووی مرۆڤ نەناسیم پەشیانم. پیرە و کوڕەکەیم بۆ بدۆزنەوە... گشت خوێندکارەکانم بۆ گردبکەنەوە... هەموو ئەو کەسانەی من بڕنووتی و ژەهری ئێوەی لووتەم کردۆتە دەروون و لووتیانەوە... لە دڵەوە... بە بەرچاوی هەر هەموویانەوە... بە ویستی خۆم، بە شەرمەزارییەوە، داوای لێبووردنیان لێ دەکەم.

که من سەراوکوون کەوتم، لووتم لە خاشاکی ژێرپێی خەڵك چەقی. چاویلکە رەشەکەم شکا. لێرە بە دواوە. لە ناو قەپێلك و بەرگی خۆمدا دەژیم... بە چاوی راستەقینەی خۆمەوە، قاڵك و ناوکی شتە زیندوو و مردووەکان دەبینم. لەگەڵ رەنجدەرانی هەست پاك و بەرهەمهێنی چاك، لەسەر زەوی رووت دادەنیشم. ماڵەوەم بۆ وەربگرن! پێیان دەڵێم:... گەرەکم بۆ وەر بگرن... بازاڕم بدەنێ... حەزدەکەم بە هەموان بڵێم: ئەو دیوی پەردەکان، مۆڵگەی مار و دووپشکان، داڵ و لاکی بۆگەن ببینن... حەزدەکەم، کەمایەتییەکانی خۆم، کەمایەتییە زۆرەکانی ئێوەیش شەن بکەم... (بە چاوێك کە ئەفسوونی راستەقینەی دەپڕژاند، چاوی بە یەکە یەکەیاندا گێڕا. لە گەڵ چاوگواستنەوەکەیشی خۆی دەسووڕاند) خەڵکینە! تاساغم و نەخۆش نەکەوتووم، چیتان دەوێت؟ بپرسن.! وڕێنە ناکەم. راستی لای ئێمە وڕێنەیە". زەنگی تەلەفۆن قسەکەی پێ بڕی. تەلەفۆنیان هەڵگرت. گوتیان: ((پیاوێکی ناو هەژییە، داوای.د.)).

شالیار خۆی بۆ نەگیرا. لەسەر قەنەپەکەوە خۆی خستە خوارەوە... چوار هەنگاو بە چوار چەنگیی رۆیشت... پشووی گیرا... بە چاوی پڕ گریانەوە: "پێی بڵێن: شالیار خۆی دۆزیوەتەوە. وەك ئەو لە من مەزن و دڵفراوانترە، بە هەڵە و هەرزەیی من نەکات. ناوونیشانی ئێستای خۆیم بداتێ... دەچم پێڵاوی خۆی و دەستی هەرمان و چاوی هەردی ماچ دەکەم ."

... ... ...

---

١٢٢- پێنێکی: پێلەقەیەکی، شاپێکی.

بەرپرسی یەکەمی باکوور، پێشتر (لە سەردەمی تکریتییەکەی فەرمانڕەوای بەغدا) لە کۆبوونەوەیەکی زۆر نەهێنیدا، لەگەڵ کادیران، لەئاستێکی زۆر بەرزدا، کە پرۆفیسۆری سێبەردار (شینۆ باڵدار)یش یەکێك بوو لەوان، بە راشکاوی گوتبووی:

"لە کۆنەوە کە مرۆڤ پێ بە پێ پێنگاوی بەرەو بەرز بوونەوەی ئاستەکانی بەرهەمهێنی و پاشەکەوت و گۆڕینەوەی بەرهەمەکانیان لە نێوان کۆمەڵە و تاکەکانیدا ناوە، دواتریش بازرگانی و پیشەسازی فێربووە ئینجا دراوی دروستکردووە و لە کڕین و فرۆشتندا بەکاری هێناوە. ئابووری زانان دەڵێن: ((هەر لەو سەردەمەوە، دراو بە جۆرێك دروستکراوە کە دوو رووی هەبێت. رووی یەکەمی رووی دەسەڵات دەنوێنێت. وەك دەبینین وێنەی پاشا و شێر و باز و دروشم و ئاڵا و شوێنەواری دێرینی وڵاتەکەیە. رووی دووەمی دراوەکەیش: سەرچاوەی ئابووری، ژیار، رووی گەش و رۆڵ و کارایی گەل و شادەماری ئابووری و هێمای نیشتمانەکە دەنوێنێت.)).

ئەگەر بیر لە بووژاندنەوە، یان کاولکردنی وڵاتێك بە سەرکردە و بنکردەوە بکەینەوە، ئەوا دەبێت پلانی ورد و درێژخایەن بۆ چاککردنی یان تێکشکاندنی هەردوو رووی دراوەکە بکرێت. بۆ ئەنجامدانی پلانەکەیش: فێرکردن و دەستگرتن و رێنوێنی، فێڵ و خەڵەتاندن و پاداشت و تۆقاندن بخرێنە گەڕ. بە شێوازێکی روونتر، بە زانایی کار بۆ پەرەپێدانی ئابووری لە سەر باڵاکردنی سەرکردە و گەشە پێکردنی توانای بنکردەی وڵاتەکە بکرێت. ئەو کات، وڵاتەکە یەکدیگر و دەوڵەمەند و بە هێز و خۆڕاگر و کاریگەرتر دەبێت. ئەگەریش بمانەوێت سەرو پێی تێکبشکێنین و وێرانی بکەین. ئابوورییەکەی داتەپێنین. وڵاتەکە سووك و دراوەکەی کەم نرخ و تاك و کۆمەڵ و سەردەستە و بندەستەکانی پەرپووت و دەروون داڕوخاو بکەین، وا چاکە دەسەڵاتەکەیان بکرێتە چەتری گەندەڵی. گەلەیش رووەو بەرەڵایی و سەرەرۆیی و بێمتمانەیی و لووت بەرزی و تەوەزەلی و نەکاری و زۆر خۆری، ((لیخوڕن بمانخەنە دەریاوە باشترە لەوەی نانی وشك تەڕبکەین ئینجا بیخۆین. باژۆن و مەوەستن)). دەستی شارەزایانی کارا، بە بێکاری و وەلانان ببەسترێت. گوڕ و توانا نوێیەکان بە دوو پەلکەیی خەفە بکرێت، ئەگەریش نەکرا ئەوا بەند بکرێن. هەرنا بە رێگری و گرفت نانەوە و بە هەڵبەردن و هەڵەتەکردن لە رێڕەوی راست لابدرێن و بە خەفەت بکوژرێن.".

دواتر دەرکەوت بۆ هێنانەدی خەونە گڵاوەکانیان، د. شینۆ باڵدار: پرۆفیسۆری سێبەردار، راوێژکاری دەربار، هەمیشە لەگەڵ پیاوە تس پێ نەماوەکانی خەسووی، بە هاریکـاری چـەندین کۆنە دۆست و دەر و دراوسێی متمانە پێکراویاندا، ئەوانەی بـیر گـەڕ و هـۆش گـول و رکـن و نمەککوێر بوون. بە وشیاری و بەوپەڕی ئاگاوە، چاویلکەی رەشـی خۆپەرسـتیان کردبـووە چـاوی هزر و هەستیانەوە. بڕیار درابوو دژی توێژی خوارەوەی خۆیان، تـۆڕێکی کـارابن. بەتایبـەتیش دژی هەتیوچەی زاخدار و زیرەکی زیتـە، جەربـەزە و بیرتیـژ و بەرچـاو روونـەکانی دەیانـەوێت بڕوانامەی بەرز، لە بابەتی بایەخدار و لە بواری زانستە گرنگەکاندا، بەدەست بهێنن، یـا فێـری پیشە و کاری ناسك و هەسـتیار بـبن، بـۆ ئـەوەی کەسـانێك پێنەگـەن کـە بتـوانن بـــرەو بــە پێشکەوتنی کـۆمەڵگەی دواکەوتوویان بدەن و جێگەکە بـەوان لـەق بکـەن، یـان سـەرایەتی و سەردەستایەتییان لێ بستێننەوە. بۆ پەردە پۆشی رەفتارەکانیشیان لە کاتی باوهۆزی ترسناکدا. بە ناوی دڵسۆزی و لاگرییەوە، بۆ خاتری خاتـرداران، ((توێکـڵ قـۆزی نـاوك ئـاڵۆز))، ئەگـەر گوێـرەکەیەکی بێئەندازە بیر باقۆ و فرچك نەگرتووی خزمی بەرپرسـێکی بەرچـاو بوایـە، ئـەوا دەرگای وەدەست هێنانی بڕوانامەی بەرزی لە بابەتێکی گونکدا بۆ دەخرایە سەرپشت.

رووی دیوی دووەمـی پلانەکەشـیان وابـوو، دەبـوو بـە هـەموو تواناکانیانـەوە خـەباتکاربن، دەستگر و هاریکاری گەلەبن، لە پێناوی دامەزراندنی کارگەی بەرهـەمهێنانی بیـور و هـارە و داسی دەسك دار، بە مەرجێك بکەوێتە دەستی دارستانبڕ و سەر پەلدەران. تا بۆیان بکرێت پـتر تۆوی گیابۆگەنە و غەرەبەنگ و تاڵك[١٢٣] لە خاکی بەپیز و کێڵگەی بەراو و دارستانی سروشـتی وڵاتدا بڵاوبکەنەوە.

هاریکارانیان خەڵکانێکی هەڵبژاردە و رێکخراوی بەتوانای نادیار بوون، لە ژێرەوە سەر بـە ناحەزانی گەل و هـەوار بـوون. ئـەوان لـە ناخـەوە نـەرێن و نـەیاربوون. تێکڕایـان بـە وردی و دووربینییەوە پابەندی پیلان و پلانێکی تۆکمە بوون، کە لە بانەوە، لە ئاستێکی زۆر بەرز بۆیان چندرابوو. بەرەکەیشیان بە هاوبەشی دەچنییەوە. لە پەناوە، بـە چرپەچـرپی زمـانی ئەوانـەوە، دەبوو لە هەر چوار کەناری دوور و نزیکی خۆیانەوە، زۆر بە وریاییەوە بکۆشن.بـەبێ ختکـردن،

---

**١٢٣- گیابۆگەنە، خەرەبەنگ، تاڵك (زیوان): ناوی سێ رووەکـی بـۆن نـاخۆش و بەنگکـەر و تـاڵی سروشـتین لـە کێڵگەی گەنمدا دەڕوێن.**

ختکێنەی[124] سادە و هەرزەی سەرەڕۆ و خۆشی خۆرانیان بدەن. بەناو، بە دەنگۆی ئەوەی گوایە چاکسازی و نوێکاری و بووژاندنەوەی گەل و وڵات و پاراستنی کەلتووری دێرین، بەرگری کردن لە ئایینی پاکی باوك و باپیران، تۆوی دڕکی دووبەرەکی و کرمی گەندەڵیان دەوەشاند. گەلەی نەدان و لەشکری گوێ لێکەرانیش بە پیت و دووزەڵەی ئەوانەوە هەلیکە سەمایان بوو، سەخووڕ و پەڵخووڕی ئەوانیان کاوێژدەکردەوە.

د.شالیاری بێ ئاگا، یەکێك بوو لە چەپڵەکوت و زووڕناژەنان، بە نائاگایی و بە بەڵێنی چەور خلیسکابوو، خزابووە سێبەری ئەوان و زۆر جاریش بە پشتی ئەوانەوە دەیخوڕی و دەیبڕی. ئەوەبوو کەتۆڕەکە ئاشکراکرا، پلەی پڕۆفیسۆرییەکەی شاخەونی درێژایی تەمەنی لەسەردانا، داڵەکەشی سووك و تەڵخ بوو.

شالیار نامەیەکی لە نێو پەرتووکە گەورە و ناودارەکەی کەوتە بەرچاو، لێی ورد بۆوە. شێوەی جواننووسی نووسەرەکەی ناسییەوە: کەوتە خوێدنەوەی لاپەڕەی سێیەمی:

"بە منداڵی بیستوومە شێرپەنجە لە مێشکی پاشایەکی پیری دابوو، دکتۆرێکی نەوەی نوێ نەشتەرگەری بۆ باسك و بەلەك و شاخوێنبەری کوڕە گەورەکەی کردبوو. (د. شالیار چەند جارێك سەری بادا، ماوەیەکیش راما. کەوتە خوێندنەوەی سەرەتای لاپەڕەی دووەم): دەیانناسم، لە روانگەی ژینگەی ئێستای خۆمانەوە ناسیان دەکەم. بەرایێ پیاویان بۆ کورسی دەدیتەوە، هەنووکە بە پەرۆشەوە کورسی زێڕین بۆ پیاوی ناپیاو پەیدادەکەن)). هەر لە روانگەی بوژانەوەی خۆیانەوە، هاوکار و هاوشانەکانیان، ناوەرۆك و لاری و پشتە و رکەکانیشیان[125] دەدۆزرێنەوە!"

(د. چاوی بە دەوری خۆیدا گێڕا، وەك ئەوەی تاسێکی زێڕینی دۆزیبێتەوە و بە دەستیەوە بگرێت، روانییە دەستی راستی، کەوتەوە خوێندنەوە: هەن کە سەیری سەر و سمێڵ و شان و شەوکەت و بەژن و باڵایان دەکەیت!. یا لە کاتێکدا کە دەکەونە قسە و گفتوگۆ، وادەزانیت ئەلماسن، تیخی دەبان نایانبڕێت، بەڵام کە دەڕوانیتە کردار و رەفتاریان، ریخانەنێك دەڕیخێنن، پیرە تەگە و کتکیشت لەبەر چاو دەکەوێت.

---

١٢٤- ختکێنە: هاندەر. خختەدەر، پاڵپێوەنەر، تیژکەر ئاگرخۆشکەر...

١٢٥- رکـــە: دیـــوار و داری دەدرێتە بەر دیـــواری لار تا نەکەوێت.

ئاوەکەیان وا رشتووە کە پـێ بخەنـە سەرشـانی ئەسـتۆ نـەرمانی دەوروبـەر، تـاکو بـەرز دەربکەون. لە خۆیان ژێر و زاناتر وەلادەنێن، ئەگەر لێیان نەسڵەمنەوە، ئەوا دەیان پلیقێننـەوە. شەڵتەی لەبلەبان و چەقاوەسوو و لاهێس و نژاد نادیاران، بە تەنیا بـە تاکێـك هەڵناگیرێتـەوە، دانانەوە و تێکردن و داگرتن و بارکردنی... گەلەکۆیی گەرەکە.

کە لە فەرمانگەیەکی ئەم وڵاتەدا کـارت دەکەوێتە لای سـەرانی بێچـاو وگـوێی گـەورەی بێدڵ و دەماخ، کە دەتەوێت بە هێمنی راستی داوایەکـەتیان تێبگەیـەنیت، ئـەوان بـۆ ئـەوەی نەتبینن، سەر هەڵنابڕن. یا بە ئەنقەست خۆیان بە مۆبایلەوە خەریك دەکەن. چـیان پێـدەڵێیت؟ کێ بە ئاگا دێنیتەوە. ئەگەر رووشکێن نەبیت و چـاوی سـوورت نەبڕیتـە کەللـەی زل و چـاوی مۆنیانەوە؟ ئایا بە گوتەی خۆش و لەبەر پاڕانەوە و لەبەرمردن، لـە بـەد مـرازی و گەنـدەکاری خۆیان دەکەون؟ گەر سەریشیان هەڵگرت ئەوا وەك نێرە قەڵەمونی رەشەمە، کلك و بـاڵ فـش، پۆپیتەیان دادێرن و دەقریوێنن، هونەرمەندانە باسی شەکەتی و دڵسۆزی، پێشکەوتنی گـەلان و پاشەڵ پیسی و گێلی مەمانان دەکەن. چەند وشەی گەپی گرمخاوی رستەی ترشـاویان، تووتیانـە ئەزبەرکردووە و دەکاوێنەوە. کوێرایی هەر پێنج هەستیان داهـاتووە، کەچـی لەپـەنای کورسـی بەرێوەبەری کاڵهۆشدا لافوگەزاف و گوتەی تاڵ بەسەر کارداری بزمووککراوی چاوترسراودا، وەك تەرزەی بەهاری دادەبارێنن و دەیانخەنـە خانـەی زمـان درێـژی و هەڵەپاسـی و دواکـەوتوویی و تێکدەر و داردەستی دوژمنانەوە. ئەگەر هەر وەرزەی کارێکت بکەوێتە لایان، ئـەوا دەردەدڵـی ساڵێکت مسۆگەر دەبێت.

خۆزگە پێشکەوتنمان دەگەیشتە ئەو ئاستەی کەوا نەهێڵین کەللە پووکانی ورگن بە نـارەوا، کەللەوەشێنی بکەن. خۆزگە تەرازوویێك، پێوەرێکمان دەبوو ناواخنی ورگ و نـاوەرۆکی سـەری بە جیا دەپێـوا! ئەوکاتە دەمانزانی کامە سەر، سەرەیە و کامە سکداریش کلکە!

بە ئـارامی و پـڕبڕواییەوە درێـژە بە نـووسینەکە درابـوو: کە مرۆی ژێر، بڕوای بە رەوایـی خۆی هەبێت، سـوڕیش بزانێـت، پێگەکـەی راسـت و وشـك و بەردینـە، ئەگـەر بەڕواڵـەتیش پـووتەکە و دەست کـورت بێت، ئەوا هـەر مـەردانە دەست بە قـوڕگی شـێردا دەکات.

من وەك کۆنێکی کۆنەخواز، نەك بە ناوی کۆمەڵگـە و کۆمکـارێکی پێشـکەوتووەوە، وەك سەرگەلە و پێشەنگێکی نوێبازیش نا، هەر لە خۆمـەوە دەڵـێم: ئەگـەر مانگانـە و وەرزانـە و

ساڵانە، پێوەرێکی نوێ بەردەست نەبوو، ئەوا بە کۆنەونوێیەکی گونجاو بیانکێشین. ئەگەر ساڵانەش کێشە کەوتەوە، ئەوا هەر دوو سێ ساڵ جارێك بەرپرس و کورسییەکەی بەیەکەوە بکێشین. لە هەمان کاتدا بەرپرس بە تەنیا و کورسییەکەشی بە جیا، ئەوا دەزانین بەرپرس چەند گران و کورسییەکەی چەند سووك بووە، یا بە پێچەوانەوە. هەرچەندە لەم پێوانانەی ئێرەدا، جیاوازی نێوان ناواخنی ورگ و ناوەرۆکی کەللە دەرناکەوێت، بەڵام ئەگەر زیخ و زیرەکیش نەبیت، ئەوا هەر بە چاو، نیمچە ئەنجامێك هەڵدەهێنجیت. ناکرێت کێشی ورگ و کەللەی بەرپرس لەم قۆناغە ناسکەدا لەیەکدی جیابکرێتەوە، چونکە هوریان بە هرقە و بە باتمان دەکێشرێت و سەریشیان بە عورب و بە پاکەت[١٢٦] و بە ئیزرەمە، ئەمەشیان بڤەیە. زیان بە تواناسازی و بە یەك ریزی گەل و بەرژەوەندی باڵای نیشتمان دەگەیەنێت. لێرەدا مەبەستمان توانج و سوککردنی سەرکار و پیاوی گران و برپیەکاری دڵسۆز و خاوەن کۆمپانیای جەرگسوتاو و بەرپرسی شیاو نییە، بەڵام دەزانم پتر پێم رابکێشم، ئەوا خۆم لە شێتخانە یان زیندان و چاکگەی کۆمەڵایەتی دەبینمەوە، ئێوە تیر و توانجم لێدەدوەن، هاورایانیشم سەردانم ناکەن.".

شالیار سێ جار نووسینەکەی خوێندوە، وای دەزانی بە خۆی بۆ خۆی نووسیووە، بەڵام ئەوەی سەرسامی کردبوو. چۆن گەیشتۆتە ناو ئەم پەرتووکە هۆشبەرە. لە خۆی پرسییەوە ئاخۆ رێککەوتنێك لە نێوان شەوقی خێزانی پیرەی خاوەن گوێزدا هەیە؟ هاتەوە یادی کە دوایین دەمەقاڵەی خۆی و ژنەکەی، لەسەر هەردی و هەرمان بوو... بزەیەکی هاتێ: "مەبەستیانە نامەکە و کۆنە پەرتووکەکەم بخەمە مۆزەخانەوە، یا من بەرەو راستکاری و راستگۆیی هانبدەن؟... هەرچۆنێك بێت لێرە بە دواوە راستەو خۆ لەگەڵ راستویستان دەبمە دۆست و هاریکار... لە بەرز و نزمی راستەرێدا گەلێك کەمتیاری گەنخۆر و ماری حەوتسەر خۆیان لە بۆسەدا ماتکردووە، چاوەڕوانی دەرفەتی هێرشکردنن، بەڵام ئەگەر رێبوار نەترس بێت، ئەوا شێریش ناوێرێت رێی لێبگرێت، خۆ ئەگەر تاك تاکەی رێبوارەکانیش ببنە کاروانی رێك، ئەوا گەلە دێویش دەروەستیان نایەن.".

---

١٢٦- **پاکەت: گرانایی کێشی پێنج فیشەکی برنۆیە بە سەرە پاکەتەکەیەوە، ئەم یەکانەی کێشان تاکو سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو لەزۆر ناوچەی کوردستان بەکار دەهاتن.**

## ٧- ڕەشکاران لە سپیکاری دەترسن

سەرەتای پاییزە، مام هەژی لە خاڵی پشکنینی سەر سنووری نێوان کوردستان و وڵاتێکی هاوسنوور، لابەلا وەستاوە. پیاوێکی پۆشتەی سوور و سپی هاوتەمەنی بەرەو لای دێت، لە یەکدی ورد دەبنەوە. پیاوە لەم تێدەپەڕێ و رووەو چەکدارێکی خرپن و جوانپۆش دەچێت، کە کەمێك لەولای ئەمانەوە روونیشتووە، بەدەم رۆینەوە سووکە ئاوڕێك لە هەژی دەداتەوە. رووبەرووی چەکدارەکە دەوەستێ و بە بۆنی گلەییەوە دەڵێت: "ترومبێلەکەمیان نەهێنایەوە؟".

چەکدارەکە هەر لە شوێنی خۆیەوە بە خورپینەوە: "پیرەپیاو! وادەزانی هەر تۆ بە تاك و تەنیا لەم بازگەیەدایت؟ چاوت ئەم حەشاماتە نابینێت؟ هەر هەند دەیخەملێنن و دەڕواننە کۆمپانیا و قەوارە و مەنەفێست و مۆدیلەکەی و... (دەنگی پتر بەرزکردەوە) پتر لێمان مەیە پێش، برۆ لەولاتر چاوەڕێ بە! ئەمڕۆش نەیەتەوە بەیانی دوو بەیانی بۆتی دێننەوە. بە هێسبوونەوە: کوللە دەیخوات؟ لێتی دەرفێنین یا دەیگۆڕین؟ چۆن بە دەست ئەم هەموو بازرگانە نوێ و نەدیتکانەوە گیرمان خواردووە!. هەر کالێك چوار دانە پوولی لە گیرفانی خۆیدا دیت، دەبەنگێکی زەبەلاح رەگەڵە خۆ دەدات و دەکەوێتە گڕوگاڵی بازرگانی و کالاهێنانەوە".

پیرەپیاو بێئەوەی بەسەرخۆی بێنێت لە تەشکی خۆی دا و هۆرتە هۆرتە بەدڵساردی رووە و هەژی هاتەوە.

دەنگ و دەموچاوی پتر ئاشنایان کرد. هەوە؟ هەو نییە؟. هەژی لە دڵی خۆیەوە: "زۆر لە مێژە لە یەکدی گوم بووین". هەرچەندە پیاوەکە سەر و دڵی بە سەختی گیرابوو، بەڵام خوێنسارد دەکەوتە بەرچاوان، سەرنجی بە هەژییەوە نیشتەوە. دەگژ بیرکردنەوە و لێکدانەوە راچوو. هەژی لە ناخرا هەستی بە بەرەژانی خۆشەویستییەك کرد، پیاوەکە پتر بۆی هاتەپێش. پتریش روو خۆشی و هێمنی نواند. بەری خۆی دا هەژی و بە رووێکی گەشەوە: سڵاو...

هەژی: سەرچاوان.

پیاوەکە: "رووخسارت بە خزمێکم دەچێت!".

هەژی: بە ئارامییەوە: "منیش بە نامۆت نازانم! بەڵام لێرە بیری پیاو دەشێوێت. ناوتم لە یاد نەماوە... نازانم... وادەزانم زۆر یەکتریمان دیوە!. لە کوێ و کەی؟... بە زەردەخەنەوە ئەگەر هەڵەم نەکردبێت ئەتۆ لەپتە مەحلان هێلانە وازیت!". (لەپتینی بازرگان، پیاوێکی پەیکەر زەبەلاحی کاپێلك ئەستووری کەم مووی دەنگ باریکی هەنگاو درشت بوو.).

لەپتین: "بەڵێ هەوم، ئەتۆش هاژۆ هەژیت؟".

هەژی: "پێکات، بەڵام ناوەکەم خۆمانە بێنە! مەمکە باوکی باوکم! من کوڕی باوکم و ئەم کۆمەڵگەیەم کە تۆ دەیبینیت، من ((هەژی هاژۆی شێرەوان))م، برادەری منداڵی و مێردمنداڵیتم".

بە دەستکردنە ملان کەوتنە یەکدی ماچکردن و دواتریش شەنکردنی کۆنە بیرەوەرییە شیرینەکانیان.

یادەوەرییە تاڵەکانی هەرەتی لاویەتی لە پیریەتیدا لە هەموو خواردنێك شیرین و خۆش چێژترن!. لەپتین جارێکی دیکەش: "چۆنی؟ ئێستا لە کوێیت؟ چیدەکەیت؟ ماڵ و منداڵت؟ ژیان و بەڕێوەچوون و رابواردنت؟. لێرە چی دەکەیت؟".

هەژی شێرەوان: "رێکەوت بە رووداوێکی تاڵ منی گەیاندە ئێرە، تاکو تۆ ببێنم. لە کوێستانێ، مین لە ژێر پێی کوڕە تاکانەکەی خزمێکی شوانکارەی رەوەندمان تەقیبۆوە، پێی چەپی لە گۆزینگەوە بردووە، باڵ و لا تەرۆکی چەپیشی بە سەختی بریندار کردووە. نووژدارانی خۆمان گوتیان: ((ئەگەر زوو نەیگەیەننە هەندەران، ئەوا دەبێ باسکەکەشی ببڕێتەوە)). باوکی کوڕە، وەك زۆرینەی دەوروبەرەکەی خۆی، تابڵێی شەکەت و دەستکورت و پەڕگر و بێئاگابوو. ساویلکەیەك بوو تێنووی بوایە حەوت رۆژ بە دوای تراویلکە دەکەوت. مرۆڤی هەشت نۆ سەدە لەمەوبەرە. ناچار بۆ دراوی پێویست، دەرگای بەرپرس و دەسەڵاتدارانی ناسیاو و نە ناسیاومان کوتا. هەموویان هەر سەرگەرمی زیچکردن بوون. کەس بەری بە ئێمەوە نەبوو، دەرگایەکی خێرمان لێ بکاتەوە. ئیدی ئەو، ماڵیاتەکەی دۆبڕ فرۆشت[١٢٧]، ئێمەش بەپێی توانا باروبووێکمان کرد. ماڵی چاك و چاکەکاران ئاوەدان بێت، کارەکەیان راییکرد[١٢٨]. بە دوو

---

١٢٧- دۆبڕ فرۆشتن: فرۆشتنی سەرلەبەری ئاژەڵان کە هیچیان بۆ شیر و ماستی رۆژانەی خۆشیان نەمێنێت.

١٢٨- راییان کرد: پێکیان هێنا، راستەرێیان کرد.

ئۆتۆمبێلان هەتا سەر سنوورمان هێناوە، ئۆتۆمبێلێکمان، من و مامێکی و چەند خزمی دیکەیش، لێرە لەم بازگەیەی پێشەوە رەتنەبووین، بەڵام دایك و خوشکەکانی وەك تەرمی تاکانەکەیان ببەنە گۆڕستان، بە گریان و رۆ رۆ نەگەڕانەوە. گوتیان لە دوا بازگەدا دەیانگەڕێننەوە. من و مامی، کە نەختێك لە من کەم تەمەنتر دێتە بەرچاو، بە پێیان سەرکەوتینە سەر ئەم تیشە و لەم نسارەدا بەرامبەر خەڵکەکە. لە ژێر ئەم پیرە بەڕووە دانیشتین". قاپانی داربەڕووە پیرەکان شوێنی بیور و تەورداسیان پێوە بوو، سەرلکەکانیشیان وشکەڵبوو، شەخەڵ و نەمامە ساوایەکانیش لە ژێر پێخوستی وڵساتدا چووبین. قرشەشکێن و وردەکوت کراون.

لەپتین بە سەرنجدانەوە: مامە! من بەرسێبەر و بەرپەسارگە و پرسە خەسوانە و بەرك پرسم بیستووە، ماوەیەکە لە هەندەرانم، زۆر وشەی نوێ دەرکەوتوون، یا ناباو بوون و ئێستا باون، ئەگەر بە گرانی نازانی پێم بڵێ مەبەستت لە "بەرپرس و لە زیچکردن چییە؟"؟

هەژی بە پێکەنینەوە: "من لە تۆی دەپرسم: ئاخۆ لە هەندەران پیوەری ئەوتۆ نییە کە داهات و داکردنی دەسەڵاتدار و زیرەکی و دڵسۆزییەکەی و تیرەی ورگ و پەڕەمووچ و پەڕینی سەرەکان بژمێرێت؟ ئاخۆ ئەوان لە ژێر سایەدی چاوی نادیار و کامیرەی شاراوەدا نین؟ لێرە، نێرم دەوێت لە پاسەوانی پیاوی بەرپرسێکی گونك بپرسێتەوە. ئاخۆ دەزانیت لێرە کامیرای شاراوە بۆ چ مەبەستێك بەکاردێنن؟. لێرە خاکییەك، خاکی پۆشێك بۆی نییە رەشان و سپیان لە یەکدی هاوێر بکات. هەژمارکردن و ژماردن و پێوانی زۆر شتان قەدەغەیە!. کەچکاری و گەچکاری پیشەی بە دەستانە.".

لەپتین بە جەختکردنەوە: "لە خۆمەوە لە زمانی کوردی دابڕاوم ئەتۆش بە هێما و بە کۆنە لوڕییەکەی خۆتەوە لەگەڵم دەدوێیت، لە پەناوە پەلاران داوێیت؟ یا دەردەدڵت بە هوڕێنە بە (با) دەکەیت؟ (بە پێکەنینەوە) هەژی! ئەگەر چاکەکاریتم لە کۆنەوە نەدیبوایە، ئەوا دەمگوت گەپخوازە. رەش و سپی، خاکی و خاکی پۆشی چی؟ گوتم بەرپرس، زیچکردن چییە؟ تۆش

ڕەش و گەچکاری و ورگی زل بۆ مـن دەژمێریـت! هـەژمار و پێـوان و کێشـانبە بـێ ئامـانجی دیـاریکراو کەلکی چی هەیە کە تـۆ کـردۆتە کەلکەلەی [129] دڵتەوە؟".

هەژی: "دەڵێم ئەوەی من گوتم سوودی هەموان دەدات، بـەڵام زیـان بـە هـوور گـەوران [130] دەگەیەنێت. ڕەشکاران لە سپیکاری دەترسن. بۆیە ناهێڵن خاکیی و خاکی پۆشـانی دەسـتوپێ، پێی بـزانن."

لەپێن بە گاڵتەیەکی ئاشکراوە: "واپێدەچێت کاتت زۆربێت. حەزت لـە لێکـدانی پیـت و وشەکانە. ئارەزووی هەڵهێن و پڕکردنەوەی خانە و چوارگۆشەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەی بێ کارنت بیت!. بەڵێ لە هەندەران پیوەر و تەرازوو بۆ هەڵسەنگاندنی هەمووشتێکی چاك و خراپ هەیە. بەڵام کەس ناوێرێت بیهێنێتە وڵاتانی لە خـەو ڕانـەبووی، گـەر هێناشـیان ئـەوا بـە خاوەنـەوە تێکوپێکی دەشکێنن. هەرگیز ناهێڵن بۆ مەبەسـتی بـە کـەلك بکەوێتـەکار. ئـەوەی بیـەوێت بیهێنێت، ئەوا سەری بە سەرانە لێ وەردەگرن. با ئەم باسانە بۆ کـاتی گونجـاو بێلینـەوە. مـام هەژی سەنگینی برات چۆنە؟ ئەدی هاوتەمـەن و هـاوپۆڵ هاوگەڕەکـەکانمان؟ کامـەیان مـاوە؟ کیهەیان پیاوی بەرچاوە؟. لەبیرتە هەرجارەی بە فەندێك لە خشتەت دەبردین؟ لە هەر شـوێنێك بوایت گەڕی خۆت دەگێڕا و فەند و فێڵ و گۆبەندێکت دادەمەزرانـد و ((لەسـەر قـوڕێ تـۆزت دەکرد.)) بە هەمووومان دەروەستت نەدەهاتین! پشتی کیهـەمانت بـە خـۆڵ نـەکردووە؟ کێمـان بەرپێنەی تۆمان تام نەکردووە؟ لە مامۆستاکانیشت دەبـردەوە! لـە ((قرژاڵیـی [131]، لـە لەسـەر دەست ڕۆیشتن، لە دەستبازی))یشدا هەر خۆت سەردەستە بوویت. لە ((سـوێندە گورگـانێ))دا زمانی (...) ناوەکەیم لەبیر نەماوە، زمانت قولانجێك لە دەمییەوە دەرکێشا. بە هەڵگرتنـەوەی گوستیلە بە دەم، لە ناو لەگەنـە ئـارددا، دەم و کـەپووی شەمسـۆکت لـە ئـارد چـەقاند، کـە پڕماندی، ئارد پرژا، سەروسـەکوتی خـۆی، جلوبـەرگی ئێمەشـی سـپی کـرد. بـە ((سمتـەك و تەونتەونانێ [132])) مووی بەرگەدەی مەجیدی مەلا خەنجەرگەورەت هەڵکێشا و پێستەڕنت کـرد.

---

١٢٩- کەلکەلەی: ویست و خولیای.

١٣٠- هــــوور: ورگ. "نانی شوانی چی لە تووری چی لە هووری" فۆلکلۆر.

١٣١- قـــرژاڵیی: ڕۆیشتنی قرژاڵانی.

١٣٢- تەونتەونانێ: یارییەکی هەرزەکارانە.

وەك گا دەیبۆڕاند، دەیزانی بە پیاوان رزگار نابێت، بۆیە هاواری مامۆژنی دەکرد. هەموو جارێکیش عومەکە لە پێکەنینانیدا شەروالی خۆی تەڕدەکرد. ئەم هەموو فەند و مەندە خۆشانەت لە کوێ دەهێنا؟ لە قاشوانێ و قاقایان[133]یشدا لەناو هەمووماندا هەر تاك بوویت. وادەزانم لەبەر مخەنەتی سەردەم و جەنجالی رۆژ، بەهۆی راکە راکەی ژیان و بێ متمانەیی ئەمانە نەماون. خوداگیر! خودا دەزانێت گەردەنت ئازاد نەکەین، لە دۆزەخیش جێگەت نابێتەوە!.

(ئاخێکی هەڵکێشا) خۆزگەم بەو تەمەن و بە پاکی و خۆشەویستی بێگەردی ئەو کاتە. گەلێك جار لە تەنیایدا وەبیرم دێتەوە، بێدەستی خۆم، هۆن هۆن دەگریم. (وەخۆ هاتەوە فرمێسکەکانی سڕینەوە) هەژۆ پێم ناڵێیت چ گەمە و چ کارێك، کامە یاری و کامە یار و یاوەر دڵی پیرەپیاو دەکاتەوە؟ حەزم دەکرد بە زندوویی بمرم، نەك بە مردوویی بژیم. وادیارە تۆ لێرە چاوەڕوانی مردن دەکەیت و منیش بە ریسوایی لە هەندەران. (دیسان فرمێسکەکانی سڕینەوە) دەزانی بۆچی حەزدەکەم هەست و بیرەوەرییەکانم هەڵڕێژم؟ هەربزانە شەپرەی ژیان لە ناکاو لە تاراوگەدا شەپرێوی کردم.".

ماوەیەکی دیکەش ئارامیان گرت. لە چەرچدانان و بێزارکردنی بە ئەنقەست. هەستی تەزاندن و نەستی بەستن، کەڵلەی کولاندن، هزری گرواندن و بنە پێ داخ و هۆشی هەڵگلۆفتن.

هەژی، بۆ تەراندنی بێزاری، بۆ خۆشی چەشتنەوە: "ئێی مامە لەپتین! بەچییەوە کات دەکوژیت؟".

لەپتین بە ساردییەوە: "هەنووکە خەریکی بازرگانیم. بە بەرك پارەدارێکی بە وەجم، بەڵام لە ناخدا هەژار و داهێزراوی بێ رەگم. باڵندەی ناو بیرکمم، خۆشیم لێ تۆراوە، خەوم لێ هەڕماوە. بڕ و گوڕم نەماوە، خواردنم خەم و خواردنەوەم خوێن و خویزاوە.".

هەژی: "بازرگانی چیت؟ ماڵت نەڕمێت، بۆچی نەتەت بەرداوە، وەك پیرە مریشکی پەڕ نەماو، ورە و وورەت نەماوە!.".

---

١٣٣- قاقایانێ: یارییەکی منداڵانە، جۆرە پێنجوکانێیەکە.

لەپتین بە خەنینەوە: "وەك هەمیشەت بە گەپجاریش بێت، تا قوڕی بنی دەرنـەهێنی دڵـت ئاو ناخواتەوە، برا بازرگانێکی جیهانی نێوان کێشوەرە سـارد و گەرمـەکان، نـزم و بـەرزەکانی سەردەمی جیهانگەریم".

هەژی بە نیمچە تیزپێوەکردنێکەوە: "کەواتە وەك پیشـەی هەمیشـەت ئاگـاداری جیهـانی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و کوونی پانی زلەکان و راهێنان و داهێنـان و زانسـتەکانی مـارەکردن و ماڵکردن و ماڵبڕین و زانیارییە هەستیارەکانی رۆژانە و شەوانەیت".

لەپتین بە خۆشییەوە: "مامە هەژۆ! دەمخۆش، هێشتا لـە زار شـیرینی و گێچـەڵوازی خـۆت نەکەوتوویت، لەوانەیە سێبازی و دەستبازیت نەمابێت، بەڵام بە زمان... (ملی وەرسووڕاند، لە دووری دوو سەد مەترێکەوە دروستکردنی پردێکی کەوتە بەر چاو. لە هەژی پرسی) ئەم پـردەت دیوە؟ پێنج ساڵ لەمەوبەر هاتمەوە، کاریان تێدادەکرد. هێشتا تەواو نەبووە و ئێستاش هەر بـە ساردی کاری تێدا...؟".

هەژی بە هەناسە هەڵکێشانەوە: "بەڵێ پێنج ساڵی دیکـەش بـە سـاردی و بـە گەرمییـەوە کاری تێدا دەکەن و هەر تەواویش نابێت.".

لەپتین بە پەرۆشییەوە: "ئەدی نەدراوەتە برِیەکار؟ چۆن دەتوانێت لـە کـاتی خۆیـدا کارەکـە ئەنجام نەدات؟ ئەگەر دواکەوت سزای نادەن؟ بە باجی دواکەوتن و پابەنـد نـەبوون بەمەرجـەکان ناوکی ناهێننەوە؟ ناوی ناخەنە ناو لستی رەشکارانەوە؟".

هەژی: "لای ئێمە هەنووکە ناوی گۆترەکار یانە بلێین برییـەکار، کراوەتـە بەڵێنـدەر، نـاوی نەهێنیشی خزم و سەرکاری بەرپرسی ژمارە (...)ەیە. زۆربەی بەڵێندەرەکان راسـتەوخۆ یـا لـە پەناوە، بەناوی خزمی شەهید و پیاوی تێکۆشەر و خەباتگێڕی ناودیـاری شـاخەوە، لـە ژێـرەوە کاکەو برالەیی خۆیان لەگەڵ چەندین پەیوەندیداری دیکەی دەستڕۆیشتوو دەکەن، ساڵ بەساڵ بـە بیانووی: دۆلار شکاوە، کەلوپەلی پێویست لە بازاڕدا نەماوە، جارێك بە هاوین وشکە سـاڵییە، بە زستانیش سێ جار لافاو هەڵستاوە، نەبوونی کارکەری کارامە... کارەکـە دوادەخرێـت و لـە نوێوە زیادە گوژمەی بۆ تەرخان دەکرێتەوە. برالە ئەم وڵاتـە بـە گوتـە بەهەشـتی رازاوە و بـە دیتنیش لە خم و چویت نراوە... ئەوەی شایانی سزایە خەڵات دەکرێت، ئەوەیش شایانی خەڵات

بێت، چاوپانی [١٣٤] بۆ خەڵاتی گۆڕ بەرناکەوێت!.. ئەوەندەیان باشە بۆ بردنەوەی دەستەگوڵەکەیان[١٣٥]، سەرتیپەکان یەکدی لە بیرناکەن!.".

چەکدارەکەی دانیشتبوو، بە دڵگەشییەوە رووبەڕوویان هات، هەر لە دوورەوە: "ئەرێ ئەفەندیی! ناوت چییە؟ تێپەڕنامەکەت لە بازاڕی رەشدا دروستکردووە؟ بەناوی خۆت نییە و وێنەی تۆیشی لێدراوە! بەناوی (مەهلان لەپتان) تۆمارکراوە. ئەمە بۆیێ هێندە بەپەلەبوویت! ئێمە لە چاوانڕا پیاوی فێڵاوی دەناسین!".

لەپتین بە خەندەیەکی دەستکردەوە: "مامە لە کەیەوە لێرە کاردەکەیت؟".

چەکدار بە مڕومۆچییەوە: "ئەمە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟" هەر بە مووڕییەوەش لێی دوورکەوتەوە.

هەژی بە دڵگەرمییەوە: "جارێکی دیکەش هەر لێرە، بە رێکەوت، لە ناسیاوێکی دێرین (ئاری هەژار بەلەنگاز)م پرسی، وادەزانم ئێستا ئەویش بازرگانێکی گەورەی نێوان کێشوەرەکانە، پرسیم: ئاخۆ شتێکی ئەوها لە سەردەمی رێژنەی داهێنان و رژانی زانستدا نییە؟ کە کێشی مێشك و ژمارە و جۆری درۆ و بڕی دراو و زێڕی بەناڕەوا لادراو و تیرەی سمت و سکیان، ئەستووری ملیان پیشان بدات؟. ئێوە کە هەر خشتە زێڕ و بەستە دۆلار و ین و فرانك و جونەیە دەخەنە بان یەکدی، بۆچی کەمێك بیر لە نیشتمانی دێرین و کەسوکار و نەتەوە چەوساوەکەشتان ناکەنەوە؟

بە پێکەنینێکی ساردەوە، وەك ئەوەی بە گەلحۆم بزانێت، گوتی: ((هەژی! هەبوون و نەبوونی لێرەدا یەکە)).

تابڵێی لێی توڕەبووم. هەڵچوونەکەمی خوێندەوە. بەنەرمە پێکەنینێکەوە، گوتی: ((هەیە، هەرچییەکت دەوێت هەیە، هەیە کێش و قەوارە و رەنگی سێبەریشیان دەپێوێت. گریمان هێنامان، کێ کاری پێدەکات؟ تەنگەی کامە ورگنی پێ دەپێون؟ برا! کامە برا گەورەی ئەم

---

١٣٤- چاوپان: خام، کوتاڵێکی سپی زەردباوی پەمۆیین بوو. لە جاپان (ژاپۆن)ەوە دەهات، بۆ کفنی مردوو بەکاردەهات. هەژارانیش لە خمیان دەدا و لە چویتیان دەنا و دەیانکردە جلك، بەرامپیل و کۆڵوانە و ئاوەڵکراسی ئافرەتان لەخم و جامانەی پیاوانیش لە چویت دەنران.

١٣٥- دەستەگوڵ: دەستەگوڵی کەرەمستانمێ و کلاوکلاوانێ.

ولآتە هەیە سێ ناسنامە و چوار تێپەڕنامەی جیهانی لە گیرفاندا نەبێت؟ هەلآتن و دەرچوونی خۆی و ماڵ و منداڵەکانی لە تەنگاوەدا ڕەچاو نەکردبێت و پێویستی هەلآتنی لە ژێر سەری خۆی دانەنابێت. بۆ هەڵچوونەکەشت دەڵێم: ((چەند ساڵە نیسکێنەکەی ئێمە هەڵدەچێت و بە گاگۆز و ترخێنە دەنیشێتەوە!. هەڵچوونەکان هەر بە ئاوداچوونی بێگەڕانەوەی لێ دەردەرچێت.)).

لە خەمخۆری و ڕشتییەکەی خۆم و لێکدانەوە و پێوانی بە کۆتکی ئەم مام مۆتکە تەزیم. بێزم لە کەللە شەقی و بەگژداچوونی خۆم هاتەوە.

بازرگانی جیهانگەڕ و ئابووری زان، بە تێر باوەڕییەوە پتر خوێندمیەوە و ویستی پتر بمخاتە ژێر ڕکێفییەوە کە گوتی: "لە دڵەوە خۆشم دەوێیت! تۆی کەڕ و کونە کە هەر لە ژوورەوە دانیشتووی، لە چوار دیواری خانوو و دەرگای بەرپێ و ژێر سێبەری پێنج پنجە داری کەرکی بەردەرگەکەتان بترازێت، نەت دیوە!. چۆن دەزانیت ئەم جیهانە فراوان و ڕەش و سپییە چی تێدایە و چۆن چۆنی دەگەڕێت و دەسووڕێت؟. کوو کوویی خول دەخواتەوەو؟".

منیش بە سەرسامییەوە دەمم داپچڕی... وردە وردە بۆ دابڕان و کەم گەڕان و بێئاگایی خۆم پێکەنیم. لە دڵەوە: ((بازرگان ڕاست دەفەرمووێت)). ئەگەر لە شەرمان نەبوایە ئەوا بۆ ئەقڵە قوندەکەی خۆم، گۆرانی گریان و هۆڕژنی هۆرەم دەچڕی. لە تیرۆگ ڕاستترە کە دەڵێن ((خۆ بە زۆرزانی لە چاوگەی زلکوێری و کەم زانی و دەوربەر کاڵێدا هەڵدەقوڵێن.)) من کە خۆم بەشوانی گەلە دەزانی، وام دەزانی لە زۆرینەی تاکەکانی گەلەکەی دەوروبەرم چاوکراوە و مێشك پڕترم، بەڵام... لەخۆم و لە بازرگان کەوتمە گومانەوە. ئەم پیاوە وا بە ئاسانی دەمکێشێت و دەمپێوێت، لە چاومەوە هەست و هۆشم دەپشکنێت و بە هەرزە و چاونوساوم دەزانێت. چۆن بزانم ئەو لە من کۆلەوارتر نییە!؟. وا پێ دەچوو بەلەنگازی بازرگان گومانەکەی منی خوێندبێتەوە کە گوتی: "هەرزەکاربووم ڕۆژ ڕۆژی گۆرانی (بە ئاوازەوە): ((دەردەدڵ دەردێکی گرانە. دڵبەری خۆپەرست هەر ژانە. ویژدانڕەش، بکوژی ژیانە. متمانەی پێبکەیت نەمانە. دەردەدڵ دەردی بێ دەرمانە.)) هەژی، تێم دەگەیت، ئەگەر ژیری پێشانت مابێت، ئەگەریش نا پتری پێ ناوێت".

لەپێن بە پێکەنینەوە: "ئاری هەژار بەلەنگاز، مندالە بلیمەتەکەی گەرەکی خۆمان؟ مـن پێریت بۆ بلێم: لە سەرەتـادا ماوەیەك بـە یەکـەوە بـە هاوبەشـی کارمـان کـردووە، پیـاوێکی راستکار و دلسۆزە، خەمکیخەمانی هەموانە، دەستکراوەیە بەلام کەللە وشکە، (کەمێك باسی نموونەی کارەکانی کرد). ئەو هەر گوێ لە قسەو بۆچوونی خۆی دەگرێت. لە نزیکـەوە ئاگـاداری کارەکانیمە، بۆی گێڕامەوە کە سێ سال و نۆ مانگ لەمەوبـەر سـێ ئـامرازی نـوێی نرخـداری ((دۆزینەوەی دز و درۆزنان))ی لە گیرفانی خۆی کڕیبوو، هێنابووی بە خۆڕا بیداتە دەزگا مەزنە پەیوندیدارەکانی ولات. هەر لەم خالە سنوورییەدا، بـە بەرچـاوی ئـاپۆرای خەلکەکـەوە لێیـان ستاند و بەنزینیان پێداکرد و چەکماغیان دایە دەستی و گوتیان: ((فـەرموو بـە دەسـتی خـۆت ئاگریان تێبەردە! بە دەستە سپیەکانی خۆت بیان سووتێنە، دەنا خۆشت لـە گەلیانـدا دەکەینـە رەژوو. ئەمە سێیەمین جارە ئەم ئامێرە قۆڕ و بێکەلکانە، ئەم ئەفسـانەیی و هیچوپوچـانە بـە دراوی گرانی گەلەکەمان دێنیت!. هەموو مەبەستت ئەوەیە کە رووتـە و پووتـان بورووژێنیـت. ئەگینا بەکرێ گیراویت؟ بۆ دار لە شانە زەردەوالە وەردەدەیت. پێمان نالێیـت، لـەم تەمەنـەدا، ئەم خەنجەر وەشاندن و پالەوانبازییەت لە چییە؟ مـال و منـدالت نییـە؟ خـۆت دۆزیوەتـەوە؟ برادەرێکی گەلحۆشت نیە ئامۆژگاریت بکات؟. کەسێك نییە پێت بلێت: گێلـەپیاو! لـە سـواری مەرگی خۆت دابەزە، بۆچی ئەم سەرە زلەت لە خۆڕا دەخەیتە ژێر گلەوە؟ بەکرێگیراویش بیـت، دەبێت هاییت لە سەری خۆت هەبێت، لەمەوبەریش هێنابووت. خۆت و ناوچـەوانت ئـەو کاتـە شاندێکی پلە بەرزی بیانی بە یاوەری چەندین گەورە گەورەی خۆمانـەوە گەیشـتن. نـەدەکرا بـە بەرچاوی ئەوانەوە ئاردخوادووت بکەین، ((بە کێشمانەکێش، گوێ و زمانت رابکێش.[١٣٦])).

(بە هەلچوون و سووربوونەوە): یەکەم جار ئاگادارمان کردیتەوە! دووەم جار گـەفت لێکـرا. بە دەستی خۆت ناوی خۆت نووسی و بەلێنی دەستنووس و مـۆرکراوت داوە، کـە دەسـت لـەم گەندەکار و درۆ و دەلەسانە، لە ئامێری کارهەلبزرکان و ئاژاوەنانەوە و بەدناوکردن هـەلبگریت، وازنەهێنیت ئەوا ناسنامەی بازرگانیت لێ وەردەگیرێتەوە و بە پێی خۆشت دەچیتە گرتووخانـە،

---

**١٣٦ -کێشـمانەکێش: بـۆ گـەپکاری، یـەکێکی بـە تەمـەن گـوێی منـدالێك دەگرێـت و دەلێتـە مندالەکـە: "کێشمانەکێش.". ئەگەر مندالەکەش گـوتی " گـوێی هـەژاران رامـەکێش". ئـەوا بـەری دەدات ئـەگینا گـوێی دەکێشێت و کەمۆکەك ئازاری دەدات، ئینجا وەلامەکەی پێ دەلێت.**

دوای دەرچوونیشت مافی پەڕینەوەت لە سنوور دەسووتێت. ئەگەر مەرگ، هزر و چاوتی کوێرکردووە؟ بڕۆ با بەدەستی ئێمە نەچیت. تێپەڕنامەکەیان لێ ستاند، چەند شەوان لە ئاودەستخانە بەندکرا، نۆهەد و نۆ دەفتەرە دۆلاریشی دا، ئینجا بەرهەڵدرا، پێشیان گوت لەسەر پەتك و سنگی خۆت دانەنیشتی بە تاوانێکی گەورە ناوت دەدرێتە ئەنتەرپول. کە گوێ و گون و هزریان بادا و رایان تەکاند، بەڵێ ئەو کاتە بەلەنگاز پەندخواردوو بوو. مرۆی زیرەك ئەو کەسەیە لە بەسەرهاتی خەڵکەوە پەند وەربگرێت، نەك لە بەسەرهات و بە سەر دانانی خۆی بە ئاگا بێتەوە".

هەژی کە تا ئێستا بە دەم بەشییەوە بیستەربوو، لێی وەرگرتەوەو گوتی: "جیاوازی لە نێوان چوارپێ و دوو پێیاندا ئەوەیە کە: مرۆڤ لە ژینگەکەیدا شت فێردەبێت، بەژیری خۆی شتەکان دەخوێنێتەوە، تێیان دەگات، بەراوردیان دەکات، بەرێگەی گونجاو و لە کاتی لەباردا خۆی لە نالەباری چەپاڵە دەدات. بەپێی پێویستی شوێن و کات هەڵسوکەوت دەکات، دوێنێی لەبیرە و بەیانیشی لەبەرچاوە. هەڵەیەکی دوو جار دووبارە ناکاتەوە. کەچی چوارپێ و هەندێك دوولاق، تەقەی سەریان دێت، مەگەر چاوی بەگورگ و بە درندان و بە کنگ دڕان بکەوێت ئینجا... (بە پێکەنینەوە) وادەزانم منیش یەکێکم لەوان".



## ٨- میشکەوەرزش

مام هەژی لە بێزاریی و بێدەسەلاتیانیدا، بۆ ئەوەی شتە ڕاست و ناڕاستەکان، بە چاوی نویێ، لە بەرزی و نزمیدا وەك خۆیان ببینێت، ماوەیەکە مرازیەتی سێ جۆر وەرزش، لە ماڵەوە بە ڕێکوپێکی و بە نەهێنی بکات:

"بەیانیان تا ئارەق دەردەدات بە چوار پەلان بڕوات و وەك بزن بقاڕیت.

نیوەڕۆیان تاکو ڕەنگی ڕووی سوور و مۆر دادەگەڕێت بە سەراوبنی دابنیشێت.

ئێوارانیش بەر لە نووستن، چەند جارێك پاشەوپێش، چەندین جاریش بە شێوەی ئاسایی.بە سەر پەیژە سەربکەوێت و دابەزێتەوە.".

لە بوڵێڵدا هەژی دەچێتە بەرپێی پشتەوەی ماڵەکەیان و لە پشت پەردە داخراوەکەی پەنجەرەی ژوورەکەیانەوە وەرزش بکات. سووی[١٣٧] ساردی و بەستەڵەکی ئەوشەوە تەڕ و وشکی بەستبوو. بە چەند چرکەیەك، خووس سمێڵ و برۆ سپییەکەی سپیتر کرد. تا لەناو زووقم و سەهۆڵدا ئارەقی ڕشت، خێرا خێرا وەرزشی کرد. چەندین هەست و نەستی دیار و نادیاری ژانگرتووی، بە ئێش و ئازاری جەستەیشییەوە بە ماندوو بوونی بێپسانەوە و باڕاندنی نەرم دەربڕی کفتایی دەروونی کوشت. دەچێتەوە سەرشۆرك ئاوی شیرتین بەخۆی دابکات. بۆ بەدبەختی ئەو، ئەو شەوە کارەبایان بڕابوو، ئاوی ناو لوولەکانیش بەستبووی. دەچێتەوە ژوورەکەی خۆیان، چراو زۆپا نەوتییەکە دادەگیرسێنێت. خەریکی جل گۆڕین دەبێت. هاژەی هاوسەری لە ژێر لێفەوە چاوی لەو دەبێت. دەبینێت کڵاوەی چۆکی و بەرەدەستی خوێناوین. لە ناو نوێندا دەردەپەڕیت. بە حەپەساوییەوە دەڕوانێتە لەپ و ئەژنۆی هەژی:

"بۆ وات بەسەر هاتووە؟ لەسەر سەهۆڵ خلیسکاویت؟ گەیەکت لەگەچووە؟ هێسکێکت درزی بردووە؟". (هەژی هەست و دەست و زمانی لەگۆ چووبوون.)

---

١٣٧- سوو: سەهەند، بای سارد.

بۆ ئاگات لە کەنەفتیی خۆت نییە؟ پێیەکت بشکێت، منیش پەککەوتە و لێکەوتەم ... کێ... پێم ناڵێیت بۆ منداڵ بوویتیەوە؟ بۆ بەم سپەیدە زووە و بەم سووە ساردە داناکاسێیت؟ دەتەوێت قوڕبەسەری خۆت و خەم بەسەری من دا بکەیت! ( بە دیار پیرە هەژییەوە کە پەیکەرێکی چاوزەقی بێ زار و زمان بوو. لێوی تەتڵەی کرد و فرمێسکی هەلوەرین. بە هەنسکدانەوە): منداڵەکان بانگ بکەم؟. (هەژی لە هەڵلەرزین بەملاوە وەڵامێکی دیکەی نەبوو. بە دەم لەرز و موچڕکەوە باڵ و ئەستۆی جووڵاند، ژنە بەناز و نیو نازەوە دەستی لە شوێنە رووتەکانی دەخشاند) بەم سووە ساردە... ئێوارە وەك کوڕی سەردەمی گەنجییەتیت گێچەڵت دەکرد. بۆ ئێستا وەها بە سۆدرە چوویت؟ کێندەرت شکاوە؟ جوومگەیەکت لە (گە) دەرچووە؟ ژانت گرتووە؟ سفتوسووت هەیە؟کێندرێت بە ئێشە؟ بۆچی زمان و پەلت تەزیون؟ بۆ سڕ و گۆد بوویت و لە گۆ چوویت؟ سووت لە خۆت دەبێتەوە؟".

(ئازارێکی تیژ و بزێوی زۆر سەیر، لە نێوان تەزین و سووتان و نەقیزە تێژەنین و خوراندا هەژی رادەچڵەکاند. ناوە ناوە بە حەپەساوییەوە چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا!. ژنە زۆپاکەی نەختێك لێ دوور خستەوە. بە هێما تێیگەیاند پشتی بداتە ئاگرەکەوە، ئینجا جلەکانی بانەوە و ژێرەوەی هەژی هەڵماڵی. سەیری پاش و پێشی کرد، دەلنگی دەرپێ سپییە سووربووەکەی تا پشت ئەژنۆی هەڵکێشایەوە. دەستێکی بە نەرمی لە گەڵی خشاند، لای پێکردەوە، هەردوو دەستی دایە بەرە خۆی... لێواری چارپایەکەی گرت، بە سێ چوار تەکانان هەڵستایە سەرپێیان، بە سازییەوە): "هیچت لێ نەهاتووە! خودا لە پەنا خۆی گرتووی!. باوەڕناکەم خێو دەستیان لێت وەشاندبێت! خۆشت بڕوات بە ودم بەدەست[١٣٨] و نزاچی و نووشتەکاران نییە. (نەختێك سەیری ناو چاوی کرد، پشتی پتر هەڵماڵی و لە زۆپاکە نزیکتری خستەوە) بۆ ورتەیەکت لە دەم دەرناچێت؟ دکتۆرت بۆ بێنین؟ دکتۆری چیت بۆ بانگ بکەین؟ دڵ؟ مێشك؟ هەناو...؟ منیش لە نەخۆشی خۆم و لە سوێی تۆوە خەریکە ببوورێمەوە. (بە بێن تەنگی، بە دیارییەوە دادەمێنێت) پێم ناڵێیت چیت بەسەر هاتووە؟ بتگەیەنینە نەخۆشخانە؟".

پیرە بە دەست و چاوی داهێزراوییەوە "نەخێر".

---

١٣٨- ودم بەدەست: ودمدار، کەسانی پیرۆز کە نزایان گیرا دەبێت، مار و دووپشك پێوەدراو چا دەکەنەوە.

ژنە: "هەر ئێستا زۆپا و چراکەت داگیرساند، خەریکبووی جلەکانت بگۆڕیت. چاوەڕێت بووم بێیتەوە ناو نوێن. (پشتی هەژی لە گەرمیاندا وەك دەندووکی کەو سوور داگیرسابوو. ناوە نـاوە هاژە بەرە دەستی لە پشتی دەخشاند و کەمێك ئەتوانی لە قـۆڵنجی سـووربوویەوەی دەسـووی. چاوەڕێی وەگۆ هاتنەوەی بوو. بە دەست، چەناگەی قرمساوی بەرزکردەوە) مەمکوژە! بڵێ بـزانم کوێت؟... دێیتەوە ناو پێخەف؟ خەوی بەیانیان و خۆکرکردن لە نـاو پێخەفـدا زۆر خۆشـە. بـە تایبەتی ئەگەر دوان بن و یەکدی گەرم دابێنن، لە دەرەوەشـدا گڤـەی زریـان و هاشـەی بـاران، یاخرینگەی تەرزە، یا تێکوەشاندنی شرێوە و کپی کەوتنە سەریەکدی کەڕەسیسە بێت!.".

هەژی وردە وردە هاتەوە گۆ بە دەنگێکی نەرمەوە کەوتە دڵدانەوەی هاژەی خێزانی: "هـاژە خان! دکتۆر بۆی داناوم... پزیشکی هەندەران ئەم وەرزشەی بۆ داناوم... دڵنیام پاش ماوەیەکی کەم هەموان بە چاولێکەری و بـەبێ زانینـی مەبەسـت، بـە نـەهێنی و بـە ئاشـکرا دەیکـەن. لێژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا، دکتۆرە هەرە باشەکانی ئەوروپـــا و ئەمــەریکان. وەرزشـێکی زۆر نوێ و گەلێك بە کەلکیان بۆ چارەسەری جەستە و زاخکردنەوەی مێشـك بـۆ نووسـیوم. بۆیـان داناوم گاگۆڵە بکەم، تا چوار پەلم توونـد ببنەوە، ئەگەر وەك کاریلانیش بە چوار پـەلان بـڕۆم، لا لەملا و لەولا بکەمەوە، بقاڕم و منداڵێکی ژیکەلەش بخەمە سەر پشـتم، کـەم کەمــەش سـەر بابدەم، ئەوا مێشکم دەمەزەرد دەبێتەوە. ئەگەر نەوەکانیشم بێنەوە ئەوا یەك دووێکیان سـواری پشتی خۆم دەکەم و هــەر بــە زمـانی ئەوانیشــەوە دەبـێم: ((حەچـە حەچـە، هۆشـە هـۆۆش)) ژیکەڵەن،هێندە بە تەمەن نین، بێباکانە، بە بەرچـاوی داپـیرە و دایـك و باوکییانـەوە ((حـــەتە حـەتەم لێ دەکـەن.)) هـــەروەها بـــۆیان دانـــاوم سـەراوکـــوون دابنیشـم، دەڵـێن ئـەوانــە نـوێترین چارەســەری ســەردەمن. بـۆ چـارەی زۆرینــەی دەردەکـانی بەساڵاچـوان و جـوامێر و دەستان[139] یەکویەکـە".

هاژە بە توڕەییەکی خەماوییەوە: "بڵێ ئەو بێدینانە شێتیان کردووم! هــەی لــەدەم و لــووتی هەژدە پشتیان بڕیم. بە ناوی دکتۆری، ئاوەڕووی تۆ و هەموو بنەماڵەکەمان دەڕێژن. دکتـۆر... دکتۆر... دکتۆری چی؟ دکتۆر پاکەتە دەرمانێك، دوو سێ دەرزی، مەرهــەمێك، مەزرەمەیــەك

١٣٩- دەستە: ناوەنجی لە تەمەن و باڵا و قەبارەدا.

دەنووسێت. بەناوی دکتۆری، بتکەنــە گوێدرێــژ... بــارت لێ بنــێن... ســواری پشــتت بــن... کەسێکی دیکەی وەك تۆیان دەست نەکەوتووە؟. لەم هەمــوو گەجەروگوجەرە، لەم هەمــوو کوێرو چاوساغانە، کەسێکیان بۆ هەڵنەخەڵەتاوە، مامۆستا هەژی شێرەوان نــەبێت؟. بــەم رەفتــارەت سووکمان دەکەیت. بەم بۆران و لیخنــاوە منداڵــە نازدارەکــانم دەکەیتــە ئاومالــك و بابردەڵــە. دەبینە گەپجاڕی حەز و ناحەزان".

هەژی بە نەرمییەکی مەیلەو پاڕانەوە: "ژنەکە! زانیومە زۆر ناسیاومان بەم وەرزشە ئەقڵیان وەسەرپێ کەوتۆتەوە. بەڵام بە نهێنی لەگەڵ دڵسـۆزانی خۆیــان. لــە داخــراوی، بــە داپۆشــراوی کــارەکە دەکەن".

هاژە بە هەڵچوونەوە: "درۆ دەکەن... بۆ هەڵفریواندنی تۆ وا دەڵێن".

کچە پاشەبەرەکەیان هات، پێشتر داوای ناوی دە سەرچــاوەی نــوێ و ئاســت بــەرز و بــڕوا پێکراوی لە بواری دەروونزانی و کۆمەڵناسی، لە باوکی کردبوو. ســەری بــاوکی ماچــکرد و بــە پێکەنینێکی پڕ ڕێزەوە، "باوکە ناوی سەرچاوەکان!"

باوکە: "ئەوەتــە بــۆتم نووســیوە، بــەڵام گــوتم بــەڵکو بابــەتی تۆژینەوەکــەت بگۆڕیــت و بیکەیتە. (( پیری و هەرزەکاری لە سەردەمی جیهانگەریدا. یا پەیوەنــدی لــە نێــوان لایــەکانی سێگۆشەی: گیرفان و هۆش و دەسەڵاتی تاك و کۆمەڵگە)) بابەتــەکان نــوێترن، کــەمتر کاریــان لەسەر کراوە، منیش وێــڕای سەرچــاوەی چــاك، شــارەزاییەکی باشــم لــەم بـــــوارانەدا هەیــە. دەمەوێت پتر یـــارمەتیت بدەم، بەڵکو بەرهەمەکەت لە کەلکداریدا نــاو دەردەکات.".

کچە: "چاکە، بەیانی بە دکتۆری سەرپەرشتیار دەڵێم، بزانم وەڵامی چییە؟".

هاژە بە پاڕانەوە: "کچەکەم دەروونناسی لای خۆمان، یانی شێتایەتی و شــێتەوانی، یــانی گوێدرێژی و کلکداری. (بە تووڕەییەوە) ئەوە چوار ساڵە لە گووناسی دەخوێنیــت. وەك باوکــت بە پەرتووکی گووناسی کەللەتان وا پڕبووە خەریکن حامپوولی حەوت پشتی رابــردوو و حەڤــدە بەرەی داهاتووی ماڵباتەکەمان دەبەن.".

کچە بە روو خۆشییەوە پەڕەکەی لە باوکی وەرگرت و گوتیە دایکی: "راست دەفەرمووی، بەڵام لە دیدی تۆدا. چاوێکی لە باوکی نووقاند و گوتیە باوکی: بــای... بــە دەســتیش هــەمان شتی گوتە دایکی". هەژیش بە خۆشییەوە: "های های.".

هاژه به نزگرەی بێدەسەلاتییەوە: "های های... قوڕی دنیام بە سەری، بۆ خۆم و کەسوکارم. باوك و کیژ فێری بای و های بووینە. بای چی و باداوەی چی؟ بای و های وەدووخۆتان و ماڵە باوکی منیش دەخەن. ئەم پیشەنگی و چاو لێکەرییە، رووی هەموانی زەردکرد".

هەژی بە نەرمی و تێر بڕواییەوە: "ژنەکە چەند ساڵە هاوسەری منیت، لە خۆم چاکتر دەزانیت کە من دوژمنی چاولێکەری و پێشەنگی شتی قۆڕم، شتی زانستی پڕ و پوختە و کەم توێکل نەبێت، بەلایدا نارۆم.".

هاژە: "من شێتم، یا بێئاگا؟. نازانم چ زانست و چ هونەرێك لە قوون قوچکردنەوە و خۆکردنە چوارپێیدا هەیە؟".

هەژی بە نیوە هەڵچوونێکەوە: "با لە کورتی بیبڕمەوە. دکتۆرە بیانییەکان کەللەی منیان خستە ناو ئامێرێکی وەك تەلەفزیۆن، بە بەرچاومەوە بوو، بینیم: دکتۆرە هەرە باشەکان، سێ دکتۆری بە تەمەنیش هەر لە هەندەرانەوە بە کۆمپیوتەر دەیانڕوانیە مێشکم. چاویان بە پەڕە و لۆچ و لۆیەکانی پەرتووکی مێشکم داخشاند. رێك بوون کە نەخۆشییەکەی منیان ناسیوە. ئەوان بە کۆمپیوتەر لە گەڵ لێژنەکەی ئێرە بە هێما و بە وێنە و بە نووسین و بەزاریش لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی من رێککەوتن. گوتیان: خوێنبەرە گەورەکانی مێشکت فل و فراوان، بچووکەکانیشت تەسك و تریسك بووینەتەوە. خوێنیشت نەختێك خەستە، خۆراك و ئۆکسجینی پێویست ناگاتە خانە و شانەکان، نوێبوونەوە و چالاکیان زۆر کەم بۆتەوە. لە ئەنجامدا مێشکت نیمچە وشك و خوێنی ناویشی زیاد لە پێویست پەیت بووە. ناو تیخەی پشتت تەسك بۆتەوە بڕبڕەشت رەق و پڕ ژانە، ماسوولکەکانیشی گرژبووین، بۆیە فەرمانەکانی مێشکت بە ئاستەنگ و بە لەرە لەری لەرزۆکەوە بە دەمارەکانتدا دەڕوات و بە چاکی ناگات.

گوتیشیان بەکارهێنانی دەرمان، وێڕای ئەوەی کە زێڕ و دراوی کەسان و توانای نەخۆش هەڵدەچنێت، زۆر کاریگەر نییە، لە هەمان کاتدا ئەنجامی لاوەکی نەویستراو و ترسناکیشی لێ چاوەڕوان دەکرێت. ئەم وەرزشانەیان لە بری دەرمان بۆ داناوم. گوتیان: سێ جۆرە وەرزش بە رێکوپێکی دەکەیت:

*- ڕۆژانە، بەیانیان زوو بەر لە خۆر دەرکەوتن، لە خەو رادەبیــت. لــە خرێنــی بــەرداخێك ئاوی نەسارد و نەگەرم دەخۆیتەوە! ئینجا لە شوێنێکی زبر و هەوا پــاك و نیمــە نشــێودا پێــنج خولەکێك بە گاگۆڵە دەڕۆیت، بە مەرجێك کەللەت نزم و کنگت بــەرز بێــت. تــاکو خــوێن لــە بەرزاییەوە بە تەوژم بەرەو خوار بڕوات. مەرجی سەرەکی ئەوەیە منداڵێکی سێ چوار ساڵان یان قورساییەکی دوازدە تا پازدە کگم لەخۆت باربکە، شەش تا دوازدە جاریش لــە نــاو لنگانتــەوە بڕوانە پاشەوە، چاو بە چوار دەوری خۆتدا بگێڕە. بــە ئــاوەژۆیی[140] شــتەکانی دەوروبــەرت بــە چاکی ببێنە و شێوە و قــەبارە و ڕەنــگ و ژمارەیــان لــە مێشــکی خۆتــدا تۆمــار بکــە!. کــە هەستایتەوەش دووبارە بە ڕوانینی ئاسایی بیانبینــەوە، هــەر دوو بــار لــە هــەردوو بۆچــوونتدا بەراورد بکە و ئەنجامەکە هەڵسەنگێنە. ئەگەر لە وەزشکردنەکەشدا گەرم دانەهاتی و هەناسەت سوار نەبوو و ئارەقت دەرنــەدا، ئــەوا دەبێــت بــەردەوام بیــت تــاکو مەرجــەکان دێنیتــە جــێ! گوتیشیان تاکو وەرزشگەیەکی تایبەتیتان بۆ دروست دەکەین، ئەوا لە ماڵەکانتان بیکەن.

*- نیوە ڕۆیان بەر لە نیــوڕۆژ خــواردن، لــە شــوێنێکی بــەلاوەی خــاوێن و هــەوا پاکــدا، ئاوێنەیەکی نەختێك گەورە لە دووری یــەك تــا ســێ مــەتر، بــەپێی توانــای دیتنــت، دابنــێ و بەرامبەری ئاوەژۆ (سەرت لــە زەوی و کنگــت لــە ئاسمــان) دانیشــە! تــاکو دەموچــاوت ســوور هەڵدەگەڕێت. دواتر مۆر دادەگەڕێیت، بە مەرجێك چاوت کراوەبێت و لنگیشت بەرز راگرتبێت. دواتر هەڵستەوە بەلاّم لووتت بەرز رامەگرە. دووبارە بڕوانەوە شتەکانی دەوروبــەرت، لــە دیــدی نووێتدا بەراوردیان بکەوە. ڕۆژانەش لە دوای وەرزشــەکاندا دەر و ژووری خــۆت خــاوێن بشۆ. بە وردی و ڕاستگۆییەوە بڕیار و هەڵسەگاندنی کۆن و بڕشتی بۆ چوونی دوای وەرزشەکەت هەڵسەنگێنە، جیاوازی نێوانیان ببینە.

*- ئێوارانیش بەر لە خەوتن، دوو تا چوار جار پاشەوپێش،(پێــنج تــا حــەوت جــاریش بــە شێوەی ئاسایی بە سەر پێبلکەیەکی (هەشــت تــا دووازدە) پلــەکی ســەر بکــەوم و بــە هــەمان شێوەش داببەزمەوە. هەندە ئیدی چی دیکەی ناوێت."

---

١٤٠ – ئــاوەژۆ: ئاوەژوو، سەراوبن، سەراوکنگ، بەرەواژ.

هاژە بە دەهری بوون و لە ئایین دەرچوونەوە: "لەسەر چارەسەری سەر لە قوڕنان و هۆش لیَ سەندن و ئابڕوو بردن و ریسواکردنمان ڕێککەوتن وەنـا؟ (چـرووکاندی و کەوتـە رنینـەوەی روو و پرچی خۆیەوە، بـە رووی سـوور و دەستپێچـێك[١٤١] مـەرەزی سـپی بەدەسـتەوە وەك کەڵـەبابی سەربڕاو هەڵدەپەڕی. کە کەنەفت شەکەت بوو کفتی خۆی رشت، بە گـریانەوە):

ئەتۆ بۆ خۆت وەرزشەکەت بە تەواوی کردووە؟ چێتر بوویت؟ ئێستا وەك پێشتر شتت لە بـیر ناچێتەوە؟ شەنگتر بوویتەوە؟".

هەژی: "ئەریَ وەڵا بیری پیریم لە منداڵیم تیژتر بۆتەوە. گوێسووك، چـاو و بەرچـاو روون... چێژێکی خۆش لە خواردن و خواردنەوەو خەوتن و کردن و سانەوە وەردەگرم. لە سەگ بـە بـۆنتر بوویم. نامبینی دەڵێی تازە شەیتانی بوویم! هـۆش و هەسـت و توانـا و تەندروسـتی ئێسـتا و پێشانم هەر خودایان یەکە. ئەتۆ خەرەفاوی یان خۆت نـائاگـا دەنوێنیـت؟ چـۆن ئـەم هـەموو گۆڕان و گۆڕانکاریـەی هاوسـەرەکەت نابینیـت؟ لەوانەیـە هـەتا بـەخۆت وەرزشـەکە نەکـەیت بەگەڕنەکەویتەوە، لە خەڵکیدا نەیخوێنیتەوە!".

هاژە بە تێزەوە: "ئەدی باسی شێتی و شێتخانە و شێتەوانیشیان نەکرد؟".

هەژی بە نەرمییەکی پڕ کەیفخۆشیەوە: "بەریَ وەڵا دەڵێی بە دیارمەوە بوویت! گوتیان لـەم شێتخانە گەورەیەدا خەمسارد نەبیت، شێت دەبیـت. ئـەتۆ شـێتم دەکـەیت. ناهێلیـت بابەتـە زانستیەکە بە زانایی شیبکەمەوە.".

هـاژە: بە توورەییەوە: "شیاکەی چی شیدەکەیتەوە، ئاگات لە خۆت نەماوە، تۆیان کردووتە گووخلێنە. (دایدا گریانیَ، بە ئاوازی سەردوولکە گوتنەوە. هەردوو باڵی بەرز، لەگـەڵ سـنگ و مل و سەری دەهەژاند) هەی رۆ، وەی رۆ لەم لێقەومانەی. هەر بۆ قوڕبەسـەری خـۆم نـاگرییێم، هەر بۆ خۆم قوڕی دنیاییَ ناپیوم، هەی رۆ بۆ منداڵ و منداڵی منداڵەکانم رۆ. وەی رۆ بۆ نەوەی نەوەکانم رۆ. کەلکی ئاوەدانیمان بڕا، چاوی چۆلیانیشمان نـەما. وەی رۆ. وەی رۆ... وەی رۆ... مردووەکانیشمان رووی گۆڕستانێیان نابێت. (دوای شەکەت بوون نەختێك هێوربۆوە) پەکوو لەو کۆستە گەورەیەی!. لەوەی گەورەتر دەبی چی بێت؟ (دانیشت، چـاوی بـە دەوری خۆیـدا گێـڕاو

١٤١- دەستپێچێك مەرەرەز: ئەوەندە مەرەز، یا خوریەی ئافرەت بە جارێك لە با سکی دەپێچێت بۆ تەشی رستن.

rووی کردەوە هەژی) قوڕ بەسەر خۆم، قوڕی لینج بەسەرم بۆ گەنجەکانم. قوڕاوی دنیام بەسەری بۆ منداڵی منداڵەکانم... ملی لاربۆوە خەریك بوو ببووریتەوە.".

هەژی بەزەیی پێیدا هاتەوە، لێی چووە پێش، بە دەستی راستی چەناگەی هاژە خانی گرت و ملی سووڕاند و سەری بەرزکردەوە. بە هێمنییەکی پڕ لە بێزاری: "ئەم هەموو تەمەنە درێژ و دژوارەت بڕی، پیچۆکەك فێری ئارام گرتن نەبوویت! کەمێك هێدی بەوە! بە هێوری پتر تێك دەگەین، نەك بە چرووکە چرووك و گوێ نەگرتن و گریان و گڕگرتن!.

سەر دکتۆرەکەیان گوتی ئاگات لە خۆ بێت، لە کەشوهەوای گەرم و هەڵچوودا، لە شوێنی زۆر بەستەڵەك و خەماویدا لە جێگەی پڕ جاوەجاو، لە هەرا و هۆریا و دەنگەدەنگدا خۆت دوور بگرە! ئەگەرنا مێشکت کزبووە و بەرگەی گەرمی و تەزینی دژواری ناو کۆمەڵگەکەت ناگریت، ئیفلیج دەبیت!.".

هاژە بە گریان و خۆ پچڕینەوە و لە خۆدانەوە: "هێشتا ماویانە ئیفلیجمان بکەن؟ پێم ناڵێی چ ئاگرێك لەمە گەرمتر و چ سووتانێك لەمە بەسۆترە؟ دەچم با لەوێ بسووتێم. پێم بڵێ بەستەڵەکی کامە شوێن لە زەمهەریر ساردترە؟ دەچم لەوی کەسیرە دەبم بەڵکو ئاگام لە خەمان دەبڕێت. بە زیندوویی بمنێژن، بەرگەی ئەوە ناگرم بە دیار تەرمی زیندووی منداڵەکانمەوە بووەستم.".

هەژی هەر دوو دەستی هاژەی گرتبوو و بەرزەفتی کردبوو، بەڵام زمانەکەی بۆ راگیر نەدەکرا، بۆ دڵدانەوە بە شێوازی گلەیی و پاڕانەوە: "هەر گوێ لە خۆت رامەگرە! کەمۆکەك بێدەنگ بە! هەست راگرە! چاوت هەڵێنە و ئەم کارەساتەی تێیکەوتووین، ئەم رفتن و کەوتنە گشتییە، ئەم هەرەسە سەرتاسەرییەی خۆمان ببینە! ئینجا لە خەمان رزگار دەبین و بۆ ئەوەی خۆمان قاقا پێدەکەنین.".

هاژە: بە هێورییەوە: "دەستم بەردە، دڵم تەقی. (بە هەنسکدان و نەحەجمانەوە)، دەربازم دەکەیت؟ بەنزینم پێداکە و ئاگرم پێوەنێ!".

هەژی: "ژنەکە تۆ تێکچوویت؟ نازانی لە کاولە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناویندا، لە نێو لاتانی موسڵمانی نەوتداردا. نەوت و بەنزین و گاز دەکەنە ناو لوولە و پاپۆڕی گەورە گەورە و دەینێرنە دەرەوە و هەر لە دەرەوەشدا لرف دەکرێت؟ ناهێڵن لێرە دڵۆپێکیشی بە خۆڕا بڕژێت.".

هاژە: "دەچم لە سەر شەقام دەوەستم، خێرەومەندێك هەر دەبێت، پیاڵە بەنزینێك بەرداخـە نەوتێکم بە کڕین یا بە خێر و خۆڕا بداتێ.".

کە هەژی هاژەی بینی سارد بۆتـەوە، گـوتی: "بـەنزین فـرۆش دراوی خۆمانـەیان ناوێـت، شتێکیش نافرۆشن ئەگەر سوودێکی فرە چاکی نەبێت، بۆ خێرکـردنیش، شـێوازەکەی گـۆڕاوە، خێر ئەوەیە کە بیستێنن و بیخەنە تەنکەی گیرفانیانەوە، خـۆڕا بەخشـین و دەسـتگرتن، کـاری گدیلە و قاز و گێلان بوو، باوی بەسەرچوو... دەڵێم گـویێ ناگریـت و ناشـگەڕێیت، ئاگـات لـە خواردن و خواردنەوە و ریزکردن و کارەکەری زاوا و نەوەکان، لە بینینی خوشك و خوشکەزاکانت بترازێت هاییت لە هیچی دیکە نییە!".

هاژە بە ئارامبڕاوی و بە دووبارە هەڵچوونەوە: "لە دڵت گرانە ئەوکارانە دەکەم؟ یا لە چـاو تەنگیانتە؟ حەزناکەیت منداڵێ خۆت و دوو خزم و چوار هاوڕێی ژن و منداڵانت لە سەر خـوانی ماڵێ خۆ ببێنی. ئەدی ماڵی دنیا بۆچی چاکە؟ بەخۆمان بیخۆین یا میراتگر بە (بـا)ی بـدەن؟ ئەتۆ چاوت نییە؟ نابینی خەڵك قەرزدەکات و لەبەر بێگانان روو دەکـات، ئـەتۆش هەتـە و لـە دەستت دەرنایێت.".

هەژی: "ئەتۆ لە فاکوفیکی خۆت ناکەویت! منیش نەخۆشم، دەچمە لای دکتۆر. هۆشی تـۆ کە هیچ نابینێت، نازانیت لە شیشدان و سوورکردنەوە و نەخۆشی چیین.".

هاژە: "لە تەلەفزیۆندا بە چاوی خۆت دەیبینی ئەوانە ئەسپ و سەگ و ورچ و شێر و پڵنگی کێـوی فێردەکـەن لــەبری چـواران بــە دوو پێیــان رابکــەن، لەســەر دوو دەســتان بوەســتن، سەرمەقولاَنێیان پێ دەکەن، ئەژدیها و نەهەنگ و دۆلفینان رامدەکەن، چـۆن نـاتوانن مـرۆ بـە چوار پێیان بـڕوێنن؟. ئـەم تەلەسمبازانــە لـە کـویێ دەسـتیان گەیشـتە تـۆ، وەهـا مێشـکیان کوژاندییەوە؟ چۆن هێندە بە ئاسانی لە خشتە چوویت؟ (روو دەکاتە ئاسمـان) خـودا بەگـەورەیی خۆت، بە هێزی تووڕەیی خۆت بە (بـا) و بـۆران و بروسـکە بـەهێزەکانت، لـە زەوی خاراویـان ببەیتە خوارەوە!. چۆن ئاگریان پێوەنایین؟ کوو سووك و چرووك ریسوایان کردین؟ خودایە ئەتۆش بۆ خـاتری شـێخ و مشـایەخ و چـاك و پـیر و پێغەمبـەرانی خـۆت خراپتریـان بەسـەر بێنـی، تەلەسمەکـەیان پـووچ بکەیتـەوە، لـە سـەر و لـمووز و شـاخی دێوەکانیـان بئاڵێنیتـەوە! (بـە چـاوکوتانەوە): ئەوانــە تەلەسـم بـازن. هەنووکـە بـە چـواران دەتانهـاژۆن. وردە وردە کلـك و

لموزیشتان لێ دەڕسکێنن و بە حەزی خۆتانەوش دەزەڕن و دەبارِن و دەوەڕن... لە کوێ دەستیان گەیشتە تۆ؟. چۆن ئەو مێشکە نازدارەتیان گۆڕی؟. خەمی دنیام بەسەری، بۆ بەختی خۆم و ناوچەوانی منداڵە سوور و سپییەکانم.".

هەژی: "لێژنەکە زۆر بە وردی، بە وردبین و بە تیشك، بە موگناتیز، هەموو لۆچ و پەناپەسێوەکانی جەستە و هۆشمیان پشکنی. شەرمە و مەرمەیان نەبوو، ئەوەی ئەتۆ بە شەرمی دەزانیت و دایدەپۆشیت، ئەوان بە رووتکردنی ئاسودە دەبن. لە ئەنجامدا، بە زمانی خۆیان، وادیارە ناو دڵمیان خوێندۆتەوە و زمانی ئێمەش زۆر چاك دەزانن. تێگەیشتم، سەر دکتۆرەکەیان گوتی: نەخۆشە. نەخۆشیەکەشی ترسناکە، نەخۆشییەکەی لە منداڵییەوە دەستی لێ ستاندووە، زۆر سەیرە کە تاکو ئێستا ماوە. هەرچەندە تەمەنداره، بەلاّم هێشتا رێژەی ئەگەری چاکبوونەوەی لە سەرووی باشەیە؟".

هاژە بەبێ ئارامییەوە: "باشە پیاوەکە، دکتۆرەکان هەموویان پیرە مێردن؟".

هەژی بەبێ باکییەوە: ناوەڵا زۆرینەیان جوامێر و گەنجی جوانن. ژن و کچۆڵەی رووخۆش و نیمچە رووتیشیان لەگەڵدایە.".

هاژە: "ئەیەڕۆ، ئەم بابان کوێرانە بۆ بە رووتی دێنە ناو پیاوان، شەرمێ لە خۆیان ناکەنەوە، لە گۆڕ و لە لێپرسینەوە ناترسن؟ پیاویان نییە؟".

هەژی: "ئافرەت ئەمە لای ئەوان نە نەگە و نە تاوان. ئەم پیاوەتی و ژنایەتییەی لە لای ئێمە هەیە، ئەوان نایخوێننەوە. (هەژی خەریك بوو سوور هەڵگەڕێت، بە دەنگی بەرزەوە) پرسیارە هیچەکانی تۆ و وەڵامە پووچەکانی من. بابەتە سەرەکییەکەیان لە سەری من هەڵفڕاند. زنجیر و پەتکی ئەقلمیان هەڵبڕی. فەرموو ئەوا مێشکم دەکوژێتەوە و منیش دەمم دەدرووم.".

هاژە هەستی کرد هەژی خەریکە گڕبگرێت. بە ناچاری، ویست و نهێنییە نەدرکاوەکانی خستە ژێر ژێڵەمۆی چاوەڕوانیەوە.

هەژی: "ئەگەر گوێ راناگریت، وەك پیشەی پێشووت، هەر بە پرتە و بۆڵەی کاڵ دەرمدەپەڕێنیت، ئەوا دەچمە یاریگە. لێرە بە دواوە هەر لەوێ وەرزشەکەی خۆم دەکەم. لەم نزیکانەدا بیانییە خێرخوازەکان، یاریگەیەکی وەرزشی مێشکمان بۆ دابین دەکەن.".

هاژە چاوی خۆی سڕییەوە، بە نیگەرانییەوە: "خـودا لێـی گۆڕیویـت؟ شـەرمە و شـوورەیی نازانی چین؟ سکت بە خۆت و بە من و بە منداڵەکانت... من بە دوای تۆدا دێم، ئـەمجارەش بـە دە گوێیان گوێت لێ دەگرم. دکتۆری هەندەران کەڕ و کوند و کوێریان کردین. چ گوێمان مـاوە؟ فەرموو بیڵێ! قسە و فیتی ئەم بەراز باوکانە بڵێ.".

هەژی بە پڕ متمانەییـەوە: "بابەتەکـە فرەفـرە بایەخدارە،گـەلێك گـەلێك گرنگـە. زۆر زۆر زانسـتی و سـودمەندە. مـن لەخۆمـەوە بـەبێ تاقیکردنـەوە و هەڵسـەنگاندن، بـاوەڕم پێیـان نەکردووە!. دکتۆرانی هەندەران (نەیاندەزانی من لە زمانی ئەوان دەگەم.) کە روانیانە مێشـکی من، وەك ئێستا گوتم: پەڕە پەڕە و لۆچ لۆچ راست و چـەپ، ژێـر و ژوور نـاواخنی کەللـەمیان پشکنی. ئاگادار بووم گەورەکەی هەندەران گوتی ((ئەم پیرە، مێشـکی پەسـتراوەتەوە، شـوێنە نەرمەکانی رەق و شلەکانیشی وشك بۆتەوە. شەکر و ئۆکسجین بە تێری نـاگاتە شـانە و خانـە کانی مۆخی. پێویستی زۆری بە وەزش و راهێنـان هەیە)).".

هاژە بە نیمچە بڕوا پێکردنێکەوە: "کەسێکی دیکە لەم شارە، لە دەوروبەری خۆمانـدا ئـەم وەرزشەی کردووە؟".

هەژی بە دڵنیاییەوە: "بەڵێ زۆر کەس بە نەهێنی دەیکەن. بـە کردنـی سـوودمەند و پەنـد وەرگر بووین، بەڵام من فێر نەبوویم شت بە نەهێنی بکەم. لەگەڵ تۆشدا حەزم لە نەهێنی نییە. ئێستا لێف هەڵدانەوە و رووتبینی و رووتکـاری بـە توێکـاری دادەنـدرێت. بازرگـانێکی کۆنـە هاوڕێم هاتبۆوە، گەلێك سەرپەرت و پەشێو بوو. کە فێری وەرزشەکەم کرد، بـە سەرسـامییەوە گوتی ئەو پێشکەوتنەی لێرەدا هەیە، لە هەندەران زۆریان ماوە بیگەنێ. گوتی بـە دوو هەفتـە وەرزشی ئێرە بوومەوە گوێزی ساغ. هیچ نەخۆشی و دڵناخۆشییەکم نـەما. راوچـییەکیش رێـی گومکردبوو، شەوی بەسەر داهاتبوو و کەوتبووە بەر شەپۆڵی زریان و چەندیش لـە نێـو رەنـووە بەفردابووە... کە دەریان هێنا، بێ جووڵە، زمان بەسـتراو بـوو. لـە نـاو ئـاوی شـیرتێندا ئـەم وەرزشەیان پێکرد، ئێستا وەکو جاران دەچێتەوە ڕاوێ."

## ٩- گوتن و بیستن و دیمەن دیتن

مام هەژی دەڵێتە پوورە هاژەی خێزانی: "دکتۆرەکـان بـەر لـە دانـانی چارەسـەری، وێـڕای پشکنینی ورد، دەیان پرسیاری راستەوخۆ و لابەلایان لێکردم، پرسیان:

کاریتەی پشتت نایەشـێت؟ چـاوت لـە نزیکـەوە کـەمبین نـەبووە؟ گوێـت تەپـە و وششـە وششیەتی؟ خـەوت کەمـە و گورگانییـە و لـە خەوتنـدا پرخـەپرخت دێـت؟ چـێژ لـە خـواردن وەردەگریت؟ هەنگاوت گرانن؟ کەمێك ماندووبیت پشووت سواردەبێت و دڵەکوتە و هـەناوەکزە دەگریت؟ کـڵاوەی ئـەژنۆت ژان دەکـات؟ دڵـت ناسـك بـووە و زوو هەڵدەچـیت و بـە ئاسـانی خەمـــۆکی داتدەگرێت؟ زۆر دڵت بە منداڵ و نەوەکانتەوەیە؟ ئـەوانیش بێباکانـە دەتـرەنجێنن و رەنجەرۆت دەکەن؟ گەلێك گلـەیت لـە دەوروبـەری خـۆت نییـە؟ لەگـەڵت نـاگونجێن و ئـەتۆش لەگەڵیاندا نارێکی؟ شتی منداڵی و هـەرزەیی و گەنجیـەتیت بـە چـاکی لـە یادمـاوە و شـتی ئێستاشت لە یادگەدا گیرنابێت؟ لە کاتی خوا پەرسـتیدا خـەو و خـەیاڵ سـواری ملـت دەبـن؟ رابردووی تاڵت لە لا شیرین و شیرینی ئێستاشت لە لا تاڵە؟ زۆر جار لە کـاتی هەڵسـتانە سـەر پێ سەرسووڕکە دەگریت و چاوت رەشکەو پێشکە دەکات و رادێیت[١٤٢]؟ کە دەچـیتە ئاودەسـت باوبژت زۆرە و سکت توونده و لە ریتنـدا ئـازارت هەیـە؟ میـزت زۆر بـۆ راگـیر نـاکرێ و بـە ئاستەنگیش بۆت دەکرێت؟ کە شتێکت بەدەستەوەیە و لە شـوێنێکدا داینێیـت، پـاش چـەند خولەکێك بتەوێتەوە، شلوکوت دەبیت هێشتاش نایدۆزیتەوە؟ لە تەنیاییدا هەندێك شت لە دڵی خۆتدا گەڵاڵە دەکەیت بۆ ئەوەی بە یەکێکی بڵێیت، بەڵام کـە دەیگـەیتێ لـە یـادت نـەماوە؟ حەزدەکەیت خزمانت زۆر دەستبڵاو نەبن و دڵیشت بە کـەم کـەس ئـاو دەخواتـەوە؟. لەپێشـدا هەندێك شتت زۆر لە لا گرنگ بوو ئێستا زۆر بە بێ بایـەخیان دەزانـی؟ لـە زۆرشـتی رابـردوو پەشیمانیت؟ زۆرجار خەڵکێك لە نزیکەوە دەتناسن و چاکوچۆنییەکی خۆییانەی گەرمت لەگەڵدا دەکەن، کەچی ئەتۆش نایان ناسیتەوە و لە رووشت نایەت بڵێیت نات ناسمەوە؟".

---

١٤٢- رادێیت: بەلادادێیت.

هـاژه به نـاز و فێڵبازییەکی گێلانەوە: "لە نێـوان خۆمانـدابێت، منـیش دەردەکـانی تـۆم هەیە. بەڵام...".

هەژی وەری دەگرێتەوە: "بەڵام و مەڵامی ناوێت. خەڵکی ناسك و تەڕ و بڕ بە پێ خاوسی و بە سمتی رووتەوە لە بازاڕدا کلاشە دەکات، چ باس نییە! ئێمەی پیریش لە مـاڵی خۆمانـدا بـە راسپاردن و ئامۆژگاری دکتۆرە هەرە ناودارەکانی هەندەران، وەرزشی مێشك بکەین، بـۆ ئێمـە شوورەبییە!. ئەم شەرمە و شوورەیی و پۆشین پۆشینە، ئەم ژێربەژێرەوە کـردنە، ئەم پـووشی و پۆشتەبییە[١٤٣] دوو کەسایەتی و چـوارچـاو و شەش رووی کردووین.".

هـاژە: "ئەتۆ دەزانیت ئەم وەرزشـە بۆ من چـەندە نـاشیرینە؟ بـە خـودا بمـرم گـەلێك باشترە نەوەك...".

هەژی: "ژنەکە ئێمـە لـە مێـژە مـردووین. مردوایـەتی خۆشمـان دەشـارینەوە. تاکـەی لـە مردنیشدا هەر دووڕوو بین؟".

هاژە: تۆ بێنە بەرچاوت، سەرم چەقاندبێت و گەڵم لە هەوا کردبێـت! بشـمرم بـە نـەهێنیش ناتوانم ئەمە بکەم. یەکێك بەسەرم داهات؟ چما بـە چـەپڵان وەدووم ناکـەون. هـەر یەکەویـەك نامبەنە شێتخانێ؟".

هەژی: "ئێمە بە چەپڵە هاتووین، لەوەتی هـەین لـە شـێتخانەدا دەژیـن. چـەپلەرانیش بـە چەپڵە- کوتان بەرێمان دەکەن. ئاخۆ رۆژ و شەوی ئەم وڵاتە هەر لنگ لە هـەوا کـردن و سـنگ تێبڕین نییە؟".

هاژە: "هەر چۆنێك بێت گاگۆڵەکەم لە سەر زەوی راست و لە بان رایەخی نەرم بۆ دەکرێـت. بەڵام ئەوانی دیکە نا. کنگ قووچکردنەوە و تەمەنی من؟".

هەژی: "کنگ هەڵبڕین گـرانە؟ هی ئەوتۆ دەیکـات بە نـەنکی تـۆ دەشێت. ئێمەش لـەبری لە بەرامبەری ئاوێنە... دوو بە دوو، رووبەرووی یەکدی دەیکەین، ناکا بڵێیـت لەمـەش شـەرم دەکەم". پێکـەنینێك پێکـەنی تـاقمی ددانـەکانی سـەرەوەی دابـەزی. رامـا. نـەیزانی ئاخـۆ سـوکایەتی بەخۆکردنە؟ گاڵتەکردنە بە ئێستا و گریانە بۆ رابردووی سەخت و پڕمەینـەتی؟ خـۆ

---

١٤٣- پووش و پووشتە: سوك و چرووك. بێئابڕوو، پتر وەك جنێو بۆ پیاوان بەکاردێت.

دانە دەست ڕێکەوت و چارەنووسی نادیارە، یاتیزی دەوروبەر و گەپچاڕی سەردەم و قوماری هات و نەهاتی ڕۆژگارە؟.

هاژە: "ئەو ئەفسوونباز و نادیار زانانە، ئەم هەمموو پرسیارانەی لەتۆیان کردووە... وەلاهی ئەم گاورە گەورانە نەهێنی زانن، بە چرا ناو دڵی من گەڕاون. بەم پرسیارانەیان مێشکی منیان لە کەللەی تۆدا خوێندۆتەوە.

(ڕاما، چەندین خلیسکان و کرداری ناشیرینی داپۆشراوی سەردەمی هەرزەیی وەبیر هاتەوە. ڕەنگ لە ڕوویدا نەما، ئەمانەم ئاشکرا بکەن. نەك هەر سەراوکوون، مسۆگەر بە سەری خوری تەلاّق بەکوونیشم دەکەن. سی خڕکە بەرد دەکەنە کۆڵم، بەلاّم بەسەرە خۆی نەهێنا) باشە چیدیکەیان گوت؟ دەترسم وەك ڕامکار و ڕوو دیار و سەردەستەکانی ئەمڕۆی خۆمان، دوو شتی ڕاست بۆ چاوبەستنی خەڵك بکەنە بەرگی سەد هەڵبەستە و بە بەرچاوی مەمانانـدا تێبپەڕێنن. ژیری و زیرەکایەتییەکەی تۆش بای ئەوەندە نەبوو، دڵ و مێشکی ئەوانی پێ هەڵسەنگێنی! ئەوەم زۆر لا سەیرە، سێزدە ساڵە دەچمە لای دکتۆرە نەزانەکانی خۆمان، لە ڕۆینگەکەیانەوە، پرسیارێکی ئەوتۆیان نەکرد دوو فلووسان بێنێ. هەر بە ڕوویکی گەشەوە: ((کێندەرێت دێشیت؟ لەکەیەوە ژانت هەیە؟ کارت چییە؟ جگەرە دەکێشیت؟... بڕۆ وێنەی گیراوی تیشکی سەر و سۆناری گەدە و گورچیلە و پشکنینی خوێن و میز و پیساییتم بۆ بێنە! بە خەندەیەکی خوین تاڵەوە دەڵێن:

دەردەکەت هیچ نییە. ئەتۆ زۆر هەستیار و دوودڵی، گەلێك هەست لە خۆت ڕادەگریت. لە خۆڕا و بێهۆ خۆت تووشی دڵەڕاوکێ کردووە. (دوو جۆرە دەرزی و سێ جۆر کیفکدار[١٤٤] و چوار جۆر دەنکە[١٤٥]ت بۆ دەنووسێت و دەڵێت): خۆت لە خواردنی شیرینی و چەوری و سوێری و ترشی و تیژی و کاری گران و ساردی لەناکاو بپارێزە! دوای مانگێکی دیکە سەردانم بکەوە. لە بیرت نەچێت پسوولەی دەرمانەکانیشتم بۆ بێنەوە. (کە دووبارە و سێ بارە دەچیتەوە لای ناتناسێتەوە، سەر لە نوێ هەمان پرسیارت لێ دەکاتەوە. دەرمانە کۆنەکانت وەلا دەنێت. هەیتت نیتت لە لای ئەو بایەخی نییە. بۆ خاتری دەرمان فرۆشی هاوبەشیان، خاوەن

١٤٤- کیفکدار: کیفدار. بە بەرگ، کەپسول، گولاج.

١٤٥- دەنکە: حەب.

ئەزموونگەکان، سەرلەنوێ کۆمەڵێك پشکنین و شیکردنەوە و تیشك، چینە دەرمانێکی نـوێ و نرخدارترت بۆ دەنووسێتەوە.) هەر ماڵێك نەخۆشێکی هەبێت، لە ماڵەوە پـڕی دەرمانخانەیـەك دەرمانی هەیە. هەر هەمان دکتۆریش کە لە نەخۆشخانەی گشتی بڕۆیتە لای، بە روێکی گرژ و لووتێکی بەرزەوە، بەبێ سەیرکردن و گوێگرتن، ناوی سێ دەرمانانت بۆ لە پسوولە کاغـەزێکی بچکۆڵە دەنووسێت. هەرزانەکەیان لە دەرمانخانە گشتییەکەدا هەیە و دووەکـەی دیکـە لـەوێوە گەیشتۆتە دەرمانخانە تایبەتییەکەیان و بە نۆ نرخی خۆی دتفرۆشنەوەوێ.

(هاژە خۆی لە هەژی نزیکتر خستەوە و گوتی): باشە ئەگەر هەموو پرسیارەکانی ئەوانت لـە بیر نەماوە؟ خۆ وەڵامەکانی خۆتت لە بیر دەرنەچووە!"

هەژی: "بە ئێش و ئازاری خۆم و پرسـیارەکانی ئـەوان و نـەقیزە تێوەژەنـدنی تـۆوە، دەزانم دەردم چەندە گران و ترسناکە.".

هاژە: "جارێك کاتی پەڵپگرتن و رەقییەکەی تۆ نییە، بڵی، بزانم، چارەسەرییەك؟ نـاوی دوو دەرمانان؟ شتێکیان بۆ نە نووسیوی؟ ئەگەر بەخۆشت نەتدەزانی شتت لەبیر نامینێـت، وەك بـە خۆت دەڵێیت ئەوان بەبێ پرسین هەموو شتێکی دیار و نادیار دەزانن!. هەر بەخۆت بـە زمـانی ئەوانەوە بتگوتایە بۆم بنووسن. بتگوتایە شتم لە یادگە گیر نابێـت، بـە یارمـەتی و گـەورەیی خۆتانەوە بۆمی بنووسن!. چاکەکەتان هەر لەبەر چاومان دەمێنێت!. لە نـاو پیـاوانی خۆمانـدا هەمـــوویان بە دوو قسان لغـــاو دەکەیت!. بـــۆ لـە ئاسـتی ئـەم گـــاورانە وا بـە ئـــاسانی بزمووك کرایت؟".

هەژی: "وام گوت. گوتیان" ئاسانە... فێرت دەکەین.".

هـاژە: "فێربـــوونی چی؟ پـــرسیارەکـانت لە بیر کـەوتـوون، ئینجا دەرمـانەکـــان چـــۆن دەدۆزیتـــەوە؟".

هەژی: "گوتیان فێری وەرزشی مێشکت دەکـەین. دوای سـێ هەفتـە وەرزشـی رێکوپێـك، رێژەی گـۆڕان و بڕی چـاکبوونەوەکەتمان بە وردی بۆ بنووسە! بـەبێ پسـوولەبڕین و پـــارەدان و نۆرە تۆمارکردنەوە، راستەوخـۆ وەرەوە لامان! هەر کێشەیەکی دەروونی و جەستەیی دیکەشـت هەبێت، بـە دوو سـێ سـەردانی دیکـەت چـارەی دەکـەین. (بـە خۆشـی خۆشـییەوە) چـەند پرسیارێکی دیکەیانم هاتەوە یاد.".

هاژە بواری نەدا یا لەبەر قسەکانی دڵی ئاگای لە گوتەی هەژی نـەمابوو، بۆیـە راسـتەخۆ، بێدەرفەت دان: گــومانم نییــە کــە مێشــکی مــــن و تــــۆیان گۆڕیوەتــەوە، ئـەم گاورزادانـە راوێژکاری ئەهریمەنن.

هەژی، دەست لە سەر و سك و بەر سکی خۆی دەخشێنێت، بە نوانـدنێکی حەپەسـاوییەوە: "مـنیش خەریکە گومانم نەمێنێت و لەلام ببێتە بەڵگە نەویسـت. کێشـەکە زۆر گـەورە نییـە، ئەگەر ئەمە تەنها لە نێـوان دوو هاوسـەراندا بکرێـت، بـەڵام مـن وای دەبیـنم هـەر گـۆڕینی بیروبۆچوون نییە، بەڵکو گۆڕینەوەی گەدە و بەر گەدەشی گــرتــۆتەوە!".

هاژە بە گرانی هەستایە سەرپێیان، بە دیارییەوە وەستا، بە سەرنجان دەپیشـکنی و بیریشـی لە پرسیار و وەڵامەکانی دەکردەوە، هاتـەوە گـۆ: "پرسـیارەکانی لـە کـاتی خێـرا رۆیشـتنت، سەرهەڵدەکێشن فەرامۆشیان بکەم لێم گـووم دەبـن، نەختۆکـەك هێوربـەوە. تـا چاوشـیرێك و ئاوێکی سارد بۆ تۆ و دووپەڕە و پێنووسێك بۆ خۆم دێنم. دواتر کەی بـەخۆت حـەزت کـرد... حەزناکەم بە تووڕەیی بتبێنم. دەزانم تووڕەبوون ئازارت دەدات. تـووڕەیی ئـازاری تـۆ دەدات و هەناوی منیش بەردەداتەوە.".

هەژی بە خەمگینییەوە: "باشە! نەختێکیش دەرفەتم بدە شـتەکانی خۆمـت پیشـان بـدەم، دواتر بە زمانی دکتۆرەکان پێت دەڵێم، لە مێژە، زۆریش لە مێـژە، لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە، لەگەڵ یەکـەم تـەل و بێتـەلی گەیانـدنی ئـەرك و فـەرمانیان، شـلەی گـەدەمان چـووەتە نێـو کەللەمانەوە، ناوەرۆکی سەریشمان خراوەتە نێو ورگمانەوە، بە کوردی جـێ گـۆڕ و سـەراو بـن کراون. کە بە شوێن و کار و کارئەندامەوە ژێرەوژوور بوون، ئەوا بە وەرزشی گران و بە وەستانی لەسەر سەر و بە دانیشتنی سەراو کوون نەبێت، مێشکمان لە گەدەمان دەرناچێت و ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی و بەگەڕیش ناکەوینەوە. ئاوەژۆبوون تاکە چارەیە، ئیدی زۆر گوتن... وەك دەبینی دیدگە و دیمەنەکان لەم رۆژانەدا خێرا دەگۆڕێن:

لە دیمەنی یەکەمدا حەشاماتێك (سێ ماڵـە زاوا و چــوار خوشـك و خوشـکەزا و چـەندین دۆست و دراوسێیان بە زاك و ماکەوە[١٤٦]) لە ماڵی هەژی تێك دەقژقـژێن، دانیشـتوون، بـەدەم

١٤٦- بە زاکوماکەوە: گشتیان: بە دایك و باوك بێچوەکانیانەوە. سەرلەبەر.

میوه و کێکی نایاب خواردن و شیر و نسکافی نۆشین و تۆکرتاندن و کاوێژکردن و کارێژ جوولاندنەوە، باس باسی بازاڕ و جلوبەرگ و مۆدیلی قژ و بۆیە و خشڵ و بووك رازاندنەوە و خۆراك و زنجیرەی دۆبلاجکراوی کەناڵە ئاسمانییەکان و شەکراو خواردنەوە و مارە بڕین و گواستنەوەی فلان، ئۆتۆمبێل کڕین و چوونە سەیران و خانووی نوێ و منداڵبوون و تۆران و کێشەکانی ماڵی فیسکە، مردن و سەرەخۆشی فلتان. گلەیی و گازاندە، تووك و نزا. دەستخۆشی و پێدا هەڵگوتن. لچ هەڵێنان و قاقا پێکەنین و لەناکاو گرژ بوون. خۆیان لە راکە راکە و هەڵپەڕین و لێکدان و زیرەی منداڵانیان. لە پێکدادان و شکاندن و رشتن و پیسکردنی ماڵ و تێکشێلانی باخچە و... بێ ئاگا کردبوو. دەبوو ئاماری دەسکەوت و هاوردەی نوێ و شکاو و دڕاو و دەربردەی ماڵی خانەخوێیەکەش بە درشت و وردەوە، هەفتانە لەگەڵ بەسەرکردنەوەکانیاندا بزانن. هەندێکیشیان لە گەرماوەکەدا خۆیان و سەری منداڵەکانیان دەشووشت. (لە ترسی ئەوەی نەوەك بە پیسکە و قرچۆك و ناکەس و رێز نەزانی خزم و میوانان ناوی ببەن. دەبوو رووگەش و کەیفوازیش بێت، ماڵی ئەوان ماڵێ گەورەیە، ماڵی گەورەش بە ئاوەدانییەوە جوانە. ئەگینا دەمی دوودەمی کەلەخیان[147] لێی دەخەنە گەڕ) : "چاو تەنگ و ئەنگوتك ژمێرە... خنسبەچەیە... بە بەرەباب چڕدۆنە،دەستی یەکێك لە ناو لەگەنی خۆیاندا ببینن سەری دنیایێیان لێ وێك دێت..."[148] بۆیە دەبێت قەلسی و دڵگیری و نائارامی لە چاویدا نەخوێندرێتەوە، بەڵکو تەبای ئەوان وەك ئەکتەرێکی بە ئەزموون بە پێی دەقی شانۆنامەکە، کەڕ و کوێرانە رۆڵی خۆی بگێڕێت، بە رووخساریش بە خۆشی هاتنیان هەنگوین و گوڵاو لە روویدا ببارێنێت. دەنا خۆت راگرە بۆ قورنج[149] و دەوتێنانێ...کەمتیار و رێوی و داڵ دەنیشنە سەر کەلەخت.[150]

لە دیمەنی دووەمدا: لە هۆڵ و میوانخانە و ناندیندا، بە قەرەپەستانێ بە دیار خوان و لەگەن و دەفر و مەنجەڵ و خوانچەی پڕی جۆراوجۆری رێزکراودا دانیشتوون، بە دەست و دەم

---

١٤٧- دوو دەو: دوو دەم، دووکەلەخ ( جەوی (مقەسی) مەڕ و بزن بڕینەوە)

١٤٨- ئاماژەن بۆ: رژدی، دەستقوچاوی، چاوتەنگی، رەزیلی.

١٤٩- قورنجە: قونجرکە، لە شێوەی گاز پێست و گۆشت گرتن بە مەبەستی ئازار دان. ((قورنجەی، قورنجەی زڕداکێنە.)).

١٥٠- کەلەخ: کەلەش، تەرم، لاشە.

کێبەرکێیانە. زرینگە و تەقەی چەقۆ و چەنگاڵ و کەوچك، فڕڕەی فڕکردن و سیرەی ڕاکێشانی لەگەن و شووڕەی تێکردنی ئاوەماست و خۆشاو، تەقەی هەڵدانی هێسك و قووقە و پرمەی قووڕگ گیران. جەنەگرتن و گریانی بە کوڵی منداڵان ئاهەنگ و ئۆرکسترا و سەمفۆنیایەکی کەس نە دیو و کەس نەبیستووە.

کە کچەکانی خەریکی کۆکردنەوە و کێشانەوەی دەفر و پاشماوەی خواردن و خواردنەوەکە بوون، منداڵەکانیان لە باوە گەورە (هەژی) نزیك کەوتنەوە و خۆیان تێی هەڵدەسوو... دایکەکانیان دەنگیان دەدان: لە باوەپیرە دووربکەونەوە، چونکە نەخۆش و بێسەڵیقەیە، بەرگەی جەنە و گێچەڵ و قیژەقیژی منداڵان ناگرێت!. منداڵەکان پتر وڕکیان دەگرت، بە دەست و دەمی چەور و بە گریانەوە قژی باوەگەورەیان دەگرت و بەسەر شان و ملی هەڵدەگەڕان، خۆیان پێیەوە هەڵدەواسی. تا چایەکی خواردەوە چوار جار چایەکەیان ڕژاند.

کوڕی بچووکی کچە گەورەکەی، کەمێك لە وانی دیکە ئەقڵ پووك و خەپانە و دڵ ناسك و پڕ گڕ و گڕووگرترە. بەناوی باوکە گەورەیەوە ناونراوەتەوە، بە (باپیر) بانگیان دەکرد، چی بویستایە بۆی دەچووەسەر. ڕشتتر سواری شانی پیرەهەژی دەبوو. چنگی لە قژی گیردەکرد و دەچووە قەڵاندۆشکانی و دەیگوت: "حەتە، حەتە، بابە دەورە حەتە...حەتە بابە دەورە..." دایکی لە شەرمەزارییان شێتگیربوو و لنگی دایێ[151]. هەژی منداڵەکەی داگرت و خستیە ژێرباڵی و دەستی لەپێشیدا کردە چەپەر و گوتی: "خۆم حەزدەکەم، من منداڵبوویمەتەوە و حەزمە لەگەڵ هاوتەمەنانم وازی بکەم... وازمە لەگەڵ ئاوکوفەکانی خۆم جنێو بەیەك بدەین. کە لە لای من بن، کەس بۆی نییە تێیان ڕابخوڕێت. ئەوەی بەوانی دەکەن، بە منی بکەن.". دایکە چوو بەرامبەریان دانیشت و بە زمانی شیرین، یا خۆی سوور و شین دەکرد و بە چاوی تۆقێنەرەوە بە ئاماژە بانگی کوڕەکەی دەکرد. کوڕە و بابەگەورە گوێیان پێ نەدا. پەنای بردە بەر ترساندنی بە ئاشکرا: "ئێ ئێ، با بچینەوە، بزانە چۆن چۆنی دەتبەستمەوە؟ داخت دەکەم، بشمریت جارێکی دیکە لەگەڵ خۆمت ناهێنم." هێندەی ئەو گوتی و کردی، پیرە و منداڵی ڕاستگۆ لێیان نەبیست.

---

١٥١- لنگی دایێ: تاوی دایێ، هەڵی کوتایە سەری. هێرشی بۆ برد. (دەشتی هەولێر)

منداڵە خەپانەکە لە قەڵاندۆشکانی[152] هەردوو پێی لە سـنگی بـاپیرەی دەکوتـا و "حەتـە حەتە"ی بوو، ئەوانی دیکەش بە پشـت و شـانییەوە لکـابوون و دەیـان ویسـت بچـنە شـوێنی سەرگەورەکەوە، بە گریانەوە دەیانگوت: "هییی هیی حەچە، وییی حەچە بابە گـەورە حەچـە". هەژی و کوڕە لە خۆشیان دەکـەنین ، هـاژە و کیـژەکان و زاوایـەکانی، بـە روو لـە شـەرمانیان دەکولاّن و دەتەزین. هەژی ئەوەی قیلمقاسێی داگرت و ماچی کرد، بـە نـۆرە سـێ سـاوایەکەی دیکەی هەریەکەو نەختێکی کردنە قیلمقاسێی. کـە بینـی میوانـە ئاقڵـدارە خۆژییـەکانی بـە رووخسار زۆر پەست و نیگەرانن، بە خەندەوە گوتی: "خـۆزگە ئێـوەی هێسـك ئەسـتوور وەك ئـەم هێسـك سـووك و دەروون پاکانـە، لـەبری شـادی، ئازارتـان نـەدەداین، خـەم خنکێنتـان نەدەکردین!. من وەرزشیان لەگەڵدا دەکەم، پێویستمان بە وەرزشەمێشك هەیە.".

گشتیان واقیان وڕما، بە حەپەساوییەوە: "خەفنکێن! وەرزشی مێشك؟".

کچـە گەورەکـەی شـەقێکی لـە رووی خـۆدا و بـە تاسـانێکی پـڕ ترسـەوە: "ئەیـەڕۆ!. وەرزشـەمێشك؟".

هاژە بە رەنگی زەرد و دەروونی تاساوییەوە چرپەیەکی لەبن گوێی کچەکەی کرد.

هەژی بە هێمنییەوە: "بەڵێ وەرزشەمێشك! کە گەنجی خۆ ویست، بە ئەنقەست خۆیان گێـل بنوێنن، نەیانەوێت کار بە بیر و بە ژیرییان بکەن، خۆژی نەبن، نەیانەوێت فێری وەرزشی مێشك بن، دەبێت منداڵە کەللە سپییەکان فێری نـەریتی جـوان و وەرزشەمێشـك و بـیر بـە گڕخسـتن بکرێن. ئاخۆ ئێوە دەزانن وەرزشی مێشك و بیرازکردنەوەی بیر چۆنن؟ چۆن و بۆچی و کەی ئەقڵ سست دەبێت و لە کار دەکەوێت؟.

کوڕی گەورەی کچە ناوەنجییەکەی هەڵی دایـێ: "لـە بەرنامـەکانی کۆمپیوتـەردا وەرزشـی مێشك هەیە. کۆمەڵێك پرسیاری جـــۆراوجۆرە، وەڵامیـان دەدەیتـەوە، لـە روانگـەی رێـژەی خێرایی و راستی وەڵامەکاندا زیرەکایـەتی- دەبەنگایـەتی مـرۆ دەپێـون، هـەتا پـتر و وردتـر بخوێنیتەوە و ببیستی، بگەڕێی، چاو بکەیتـەوە، نرخـی کـات بزانیـت ئـەوا بەلـەزتر وەڵامـی پرسیاری ئاست بەرزتر دەدەیتەوە، ئەوەندەش مێشکت بە تواناتر دەبێت.".

---

**١٥٢- قەڵاندۆشکان. قیلمقاسێ، قیلەقاچ، منداڵ خستنە سەر شان و ئەستۆ.**

هەژی: "ئەی ئافەرین. تۆ هەڵت هێنا، بەخوا گوڕەکەم تۆ بلیمەتیت، بەڵام مــن ئــەو کۆنــە (کلاسیکییە) وەرزشە ناڵێم! وەرزشی مێشك ئەوەیە: بەرلــەوەی خــەڵك گرژبکــەیت و دەروونــی گرِبدەیت، خۆت لە جێگەی ئەو دابنێی و ئەویش لە پێگەی خۆت. هەڵەکانت لە کاتی گونجاو و بە شێوازی شیاو راست بکەیتەوە. وەرزشی مێشك بۆ ئەوەیە، تێنەکەوی. بە گوێ و بە لووت و بە چــاو پەنــد وەربگریــت. خــۆت و دەوروبــەرت بــە حنجــەیی و بــە رەوانــی بخوێنیتــەوە. بــە لەبیرنەکردنی دوێنێ، ئەمڕۆ کار بۆ بەیانی و دوو بەیانی بکەیت!. لە رۆژدا خۆت بۆ شەو تــەیار بکەیت، لە شەویشدا بە وشیارییەوە بکارێی و بە بێن فراوانییــەوە رووەو ئاســۆی روون بچــیت. (بە بێ دەنگی چاوی پێیاندا خشاند و گوتیەوە زارۆکە بچووکەکان) دەزانم ئەم گوتانــەم ناچــێتە گوێی ئێوە و باوانتانەوە، وەك چۆن ئێوەی منداڵ تێی ناگەن، ئەوانیش کاری پێ ناکەن... وەرن! لەناو کۆمەڵی دوو روو و سێ زمــان و چــوار بەنــدیان دەربچــین. ئــەمڕۆ بــەیانیش وەرزشــەکەم نەکــردووە، با بەیەکەوە بچین، لە ژوورەکەی ئەو دیوەوە، یاری و وەرزشەکەی خۆمان بکــەین".

میوانەکــان ماڵئاواییان کرد، بــەڵام ســێ کچــەکەی مانــەوە. هــەردی و هــەرمانیش ئاگــادار کرانەوە و هەندی بلێی یەك و دوو، ئامادەبوون.

دیمەنی سێیەم: هاژە و هەرچوار کچی و هەرمانی برازای، دوو دوو بە نۆرە لە درزی پــەردەوە دەیانڕوانییە ژوورەکە و هەستیان رادەگرت.

دەیانبینی هەردی منداڵێکی خستۆتە سەر پشتی خۆی، بە چــوار پــەلان دەڕوات. جارێــك سەری بەرز رادەگرێت و دەڕوانێتــە پێشــەوە، جــارێکیش دایــدەگرێت و لــە نێــوان لنگانییــەوە دەیڕوانییە دواوەی. ناوە ناوەش لا بە لای راســت و چــەپیدا دەکاتــەوە و بــە نــەرمی وەك بــزن دەباڕێنیت، سێ منداڵەکەی دیکەش بە گاگۆڵە دەڕۆن و سەریان بەرز و نزم دەکــەن و وەك ئــەو دەباڕێنن. چینێکی سەیرکاران بە دیاریەوە لە حەژمەتان تەزین، ئەوەی دووەمیان دووکــەڵی لێ هەڵستا. کچە بچووکەکەی ماڵەوەی کە دوایین تلییە[153] ترێی هێشووی بەریان بــوو، بــەرداخێك ئاوی هێنا. لە دەرگایان دا. بــە درەنگــەوە دەرگاکــەی کــردەوە. وەژوورکــەوتن. بــاپیرە هــەژی

---

١٥٣- تلییە ترێ: تلیی. گلووە ترێ، دەنکە ترێ.

بەرداخەکـەی وەرگـرت، بـەڵام ئاوەکـەی نـەخواردەوە. بینـی کچـەکانی فرمێسـکی چـاویان دەسترِنەوە. بە تێر بڕواییەوە گوتی:

"نیگەران مەبن! گوتەکانم بە ورێنە و تێکچوون مەزانن!. ئەم دەرمانەی من بەکاری دێـنم، لە نوێترین نەخۆشخانەی تایبەتی سەردەمی جیهانگەریدا، بە پـوولێکی خـەیاڵی دەفرۆشـرێت! نوێترین زانستی ئەمرۆیە، وەك دەڵێن ترۆپکـی پێشـکەوتنی ئێسـتایە. مـن وەرزشـی مێشـك دەکەم. ئێوە وادەزانن نەخۆشـی خـودێکی دوو کەسـایەتیم گرتـوە؟. دەمـدەمی و خـەمۆکیم؟ شێواوم؟ (چاوی بە یەکە یەکاندا خشاندەوە، هاژەی بینـی چـاو بـە فرمێسـك دەسـتی هـەردی گرتووە. ویستی بڵێ) هەی مالۆسی بۆز! بۆ بـۆ نـانی نیـوەڕۆ هـەردیت لـەبیر نـەبوو بـە ژن و منداڵەوە بانگی بکەیت؟ بۆ بۆ گرفت و کێشەکانیشت ناوی لە سەرەتای لستدایە؟".

کچە گەورەکەی بە خەمگینییەوە گوتی: ئەم منداڵانە تـازە بەسـەر پـێ کـەوتوون، هێشـتا گـاگۆڵەیان لە بیر نەچۆتەوە! تۆش بە ناوی وەرزشی مێشـکەوە دەیانگێڕییـەوە پـاش و گـوڕ و تینی بە پێ رۆیشتنیان دەکوژیت... ئەمە... تۆ خۆت..."

هەژی: "ڕاست دەفەرمووی کوڕەکەم، بەڵام بە پێی ڕەفتاری ئێوە، ئەمانە تا ئێستا ئـەقڵیان گاگۆڵە دەکات. کەسێك کەللەی بە چوار پەلان بڕوات، تاوانە ورگی بە دوو پێیان بکەوێتـە ڕێ، چونکە زوو دەکەوێت و بە ئاسانی بەسەر پێ ناکەوێتەوە.".

هەرمان منداڵـەکانی بردنـە دیوەخانەکـەوە. دیسـان ئامـادە بـوان بـوون بـە دوو بـەرەوە، بەرەیەکیان بە ڕەفتار و گفتاری هەژی گەشانەوە و قاقا پێکەنین، دووەمیشـیان بـە مووڕییـەوە سەریان بادا! گوتیەوە بەرەی تووڕە و مووڕەکان: "ئێستا نەمگوت من و ئـەم منداڵـە مێشـك پاکانە بە خۆشەویستییەکی یەك روو دەڵێینە یەکدی ((حەچە))، لە دڵیشەوە بە حـەز یەکـدیمان دەوێت... ئێمە ڕازپۆش و ڕاستپۆش نین! نابێت لە بری مـن لـەوان تـووڕە بـبن. دەبێـت لـەبری ئەوانیشەوە من نەڕەنجێنن.".

کچەکەی بە خەمبارییەوە: "باوکە لە تەمەنی خۆتدا کەسێکت دیـوە وەك خـۆت گەڕیـدە و خوێندەوار و ڕوونهزر بێت! خۆی بکاتە چوارپێ و بزن و مەڕانی بباڕێنی؟ تۆ چـــرا و ڕوونـاکی تـاکە مـاڵێك و گەڕەکێك و شارێك نیت، تۆ سەرمایە و ڕۆشنکاری گـەل و وڵاتێکی.".

هـاژە بـە بـێن تەنگییـەوە: "چـەند ڕۆژێکـە قسـەی گـەورە گـەورە و حەلـەق و مەلـەق تێکەڵدەکات. شێواوە، لێی گۆڕاوە، ئاگای لە خۆی نەماوە. کەلکی ئاوەدانی بڕاوە، منـداڵییش نییە بیبەسـتینەوە، بـە بەرچـاوی سـۆرە و تـۆرەی کچـەکانم و خـەزورانی کوڕەکـەم سـووك و چرووکمان دەکات.". پیرەژن بە لادادێت، دادەنیشێت، سەری لاردەبێتەوە. رادەکشێت. راسـتی دەکەنەوە و بە چواردەستە دەیبەن لەسەر چوارپایە دوو نەفەرییەکە درێژی دەکـەن. تلییـە تـرێ لای دایکی دەمێنێتەوە ئەوانی دیکەش دەگەڕێنەوە لای هەژی. هـەر بەسـەر پێیانـەوە لەگـەڵ هەژیدا بازنەیەك دروست دەکەن. دەکەونە گفتوگۆ. دانوستان درێژە دەکێشێ. کورسییەکیان بـۆ پیرە شەنگی شنگ بـڕاو هێنا. ئـەو دانەنیشـت. هـەرجارەی یـەکێکیان دەردەچـوو و سـەیری هەناسە و جووڵە و نەخۆشییەکەی دایکی دەکـرد و دەگەڕایـەوە. هـەژیش بـە تـەنیا بەسـەری کردەوە. خەریك بوو چاوی هەڵدێناو دەهاتەوە سەرەخۆ. هەموان دەیانزانی هاژە دوو سێ جـاری دیکە وای لێ هاتووە، یا وای لەخۆی کردووە. دواتر دوو دوو، سێ سێ بە بیـانووی چـوونە لای داکیانەوە دەچـــوونە دەرەوە و پستەپستێکیان دەکرد سەریان بـە ژووررەکـەی دادەگـرت و بـە چرپە و بە ئاماژە رێکدەکەوتن و دەگەڕانەوە لای هەردی.

هەژی بە بێزارییەوە: "من پتر توانـای سـەیرکردنی شـندۆلکاری[١٥٤] و گـەوە و گەوەلێـدان، دەرخۆنەبازی، راستپۆشیم نەماوە. بە کوردی و بە کرمانجی بێ پەناو پێچ، بیلـێن بـزانم چـیتان لێم دەوێت؟ چ چارەیەکی باشترتان بۆ کێشەکە هەیە؟ دەبێت تێبگەن، بۆچی نـەخۆش دەرمـانی تاڵ بە چاوی هەنگوینەوە دەخوات!. پێم خۆشە لەمنی وەربگرن، هاودەردی مـن زۆرن، هەشـت نۆیەکمان بە یەکەوە چوینە نۆڕینگەی باشترین پزیشکانی بیـانی. ئـەم وەرزش و خـۆ راهێنانـە نەبێت هیچ دەرمانێکی دیکە چارەی دەردی بێدەرمانی ئێمە ناکات. بڕیاریشمان داوە ئەگەر لە ماڵەوە نەهێلن وەرزشەکەمان بکەین، ئەوا بە کۆمکاری لە سەرشەقام و لە گۆڕەپان و باخچە و شوێنە گشتییەکاندا دەیکەین. دەبێ بزانن پیر و منداڵ، گێلمەگێلم و شەرمکردن نازانن، ئەوەی بە راستی ببینن دەیلێن و دەیکەن."

---

١٥٤- شندۆلکاری: خراپی و گەندەکاری.

پێشتر لە نێوان خۆیاندا بڕیاریاندابوو: ((بەبێ ئاگایی ئەو دکتۆری مێشـك و دەروونـی بـۆ بێنن، یا ببیەنـە هەنـدەران. هەربۆیـە بـە شـێوەیەکی کـاتی لەگـەڵی ڕێککـەوتن: ماوەیـەك وەرزشەکەی بە ڕێك و پێکی لە ماڵەوە بە نەهێنی بکات، ئەگەر سوودی دا ئەوا بەردەوام بـێ، ئەگینا ئەو لە دوای قسەی ئەوانەوە بچێت.)).

## ١٠- ئومێدی شێتبوونی پرۆفیسۆر

لەپتینی بازرگان لەسەر سنوور ڕوو بە ڕووی مـام هـەژی وەسـتاوە، بـە گـورجی و سمێڵـە خرتکەی خۆشییەوە: "بیسـتوومە دەڵـێن تروسـکە ئومێـدێك خەریکـە بدرەوشـێتەوە. دەڵـێن پرۆفیسۆرێك، بلیمەتێك لە زانکۆیەکی خۆماندا خەریکە بە ئاسانی، بە کرداریش نەك هـەر بـە گفتار، گۆڕانکارییەك و چاکسازییەکی گەورە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکـات. گوتوویـەتی: ((شتەکان سەرەوژێر دەکەمەوە. لە کلکەوە بۆ سەر دەیگێڕمەوە)). لە ماڵپـەڕێکی ئەنتـەرنێت خوێندمەوە کە پرۆفیسۆر کەمال کالیار شالیار گوتوویەتی((گەلەکەمان زینـدوو و خـەباتگێڕ و لەخو بووردەیە، هەر دەنگدانی فەرماندەیەکی دڵسۆزی دەوێت. دەڵێت گۆڕانکاری و چاکسـازی زۆر سانایە، هەر بە هەژاندن و ڕاکردنێکی فیزیاییانـە، بەلێکـدان و گـۆڕانێکی کیمیـایی، بـە چـاولێکەرییەکی کۆمەڵـەیی، بـە ڕاپـەڕینێکی چـەند ڕۆژی کۆمەڵگەکـەمان لـە بوارەکـانی کۆمەڵایەتی و ئابووری فیزیاییانە، سەرپێ دەکەوێت. دەشزانم کە گۆڕانی گیرفان گـۆڕانی هـەرە بنچینەییە. گۆڕانەکانی دیکە بە دوای خـۆیدا کێشدەکات، کاتێـك دەبیـنین دیـوار و بنمـیچ و سەرمێچکەی دەر و ژووری چاکسازی و دەرگە و دەلاقەی پاککارییەکان تەواو بووە.)).

دەڵێن ئەم بلیمەتە ماوەیەکی دوور و درێژە تۆژینەوەی فرە لایەن، یـەك لـەدوای یەکـدا لـە بوارەکانی کـــومەڵناسی و دەروونزانی و پیشەسـازی و ئـابووری گشـتی و تایبـەتی نـاوەخۆ و دەرەوە، بە نەهێنی دەکات. گەیشتۆتە ئەنجامێکی زۆر چاك، بـەڵام لـە ترسـی گێرەشـێوێنانی کەللە ڕەش و گیرفان ڕەشکە و ورگ خرار[١٥٥] و بەخیلانی خنۆك، لەبـەر چـەتەکانی زانسـت دز،

١٥٥- خـــرار: جەواڵی لە مووی بزن دروستکراو. جەواڵ لە خوری درووست دەکرێت و خرار لە موو.

نـاوێرێت ئاشکـرای بکـات و گشت زانیارییە بـایەخـدارەکـان بـە زمـان بـدرکێنیت، یـا بیخاتە ماڵپەڕەکانەوە.

سەرسامییەکەی ئەو پیتۆڵە خۆبەختکارە لەوە دایـە: کـە بـە تـەنها و بـێ هاوکـاری هـیچ کەسێك و بەبێ هاریکاری دارایی و بەبێ هیچ جۆرە ئاسانکارییەك، هەر خۆی و خـۆی، کەسـی دیکەش نا، خەریکە کۆمەڵگەکەمان لـە خـەو رادەکـات و بـەرەو سـەرفرازی رایـدەدات. ئـێ بەدبـەخت بۆ کـوردبـوویت؟ ئەمە لە هـەندەران و لـە نێـو کـۆمەڵگە رۆژئـاواییەکـاندا نرخی دەزاندرێت."

پیرە هەژیش هەستی راگرتبوو، نەیدەزانی بگریت یـا بکـەنێت! بـە هێمنییـەوە چـاوەڕوانی کۆتایی تراژیدیا و کارەساتی داستانەکەی دەکرد.

لەپڕێن بە وەڕسییەوە: "مەمانان لە تاراوگەدا، لە بێزاری و کاری نابەدڵـدا رزیـوین. ئەگـەر بزانین شتەکەی سەردەگرێت، پیچە رووناکییەك لە ئاسـۆوە پرشـنگ دەدات، ئـەوا ئێمـەش لـە هەموو لایەکەوە دەبینە پشت و دەستگری. کاکە ئێمەش دەمانەوێت بگەڕێینـەوە سـەر رەگ و پنجی خۆمانەوە. دەڵێن ئەم مەرد و رەنـدە، کـارە ئەکادیمییـەکانی زۆر بـە رێکـوپێکی تـەواو کـردووە، خەریکە لە چوارچێوەی ئەزموون و ئەزموونگەی زانکـۆ و تۆژینـەوە دەربچـێت. لـە چەندین ناوچەی جیاجیا و لە ئاستی ئابووری و رۆشنبیری جۆراوجۆردا، لە نێـوان حـەوت پۆلـە تەمەنی لە یەك دووردا ئەنجامی داوە. تێکڕای ئەنجامی گۆڕانەکان (٨٣-٩٧ ٪ بە تێکڕا ٩٠٪) بووە، ئەم ئەنجامەش تەقینەوەیەکی جۆری دێنێتە کایەوە. لە دیوێکی دیکەیشـیدا ئەنجامـدانی کارەکە راستەوخۆ لە چەقی زەمینەی کۆمەڵگەکەماندا ئیشەکە سووك و ساناتر دەکات. بزانـە چ کار و کاردانەوەیەکی مەزنی لە بیر و بیرۆکەیـەکی بچـووکدا هـەڵێنجاوە. کـورد، بێسـەر و بێکەس و نائاگایە، دەنـا بلیمـەتێکی ئـا ئـەوها دەگمـەن و ئـەم چاکسـازییە مەزنـە... ئـاخ بەدبەخت بۆ کورد بوویت؟ ئـەتۆ بڕوانـە ئاسـانی و ئاسـانکاری چاکسـازی و پاکسـازییەکەی!. راکردن و راپەڕاندن و تاودانی کۆمەڵگەیەکی لە خەوداماودا! هەڵفڕاند، فڕینی تیژباڵ!... ئـەتۆ لە ترسی ناحەزانیشت نەوێریت ئەنجامەکەت ئاشکرا بکەیت!. ئەگەر شـتێکی وەهـا لـە وڵاتـە مەزنەکاندا روویدات، چۆن دەبێتە دەنس و ئاهەنگ گێڕان! چۆن رێز و خۆشەویستی و خـەڵات و

پوول بەسەریدا دەبارێت. دەڵێن هەر سێ چوار سەدە، تاکە مەزنێك، سەرەشوانێکی ئەوها کۆمەڵگە لە کۆگەیەك بەرەو مەکۆیەکێکی دیکە دەگوازێتەوە".

هەژی تەواو لە ئارداوێژی لەپتین بێزار ببوو، بەڵام هەر چۆنێك بوو، ددانی بەخۆیدا دەگرت، لە دڵیشەوە بۆ گوتە بێسەروبەرەکانی شین و شایی بوو.لە دڵدا دەیگوت: "دەی بابزانین ئەم تەورلێدانە، تەوەرەکە بەرەو کوێ دەبات؟ با ببینین تەورەکەی چەندی دیکەی بە دەمەوەیە.".

لەپتین بە ڕشتی و تیژ بڕواییەکی بێ وێنەوە: "خۆ زانا و زانکۆکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هێندە شانازی پێوەدەکەن و پێیدا هەڵدەڵێن، دەیکەنە بنێشتی تاموبۆدار و لە هەموو کۆڕ و کۆبونەوەیەکدا دەیجاون و دەیجاونەوە. کەچی تۆش لە ترسی کەسانی خۆپەرست و فسفس پاڵەوانانی ورگن، لە کونی ژووری ماڵە کاولەکەی خۆتەوە نەتوانیت بە دوو دێڕ و بە هەشت وشان، دۆزینەوە و داهێنانە مەزنەکەی بەری شەکەتیت، بەرهەمە نرخدارەکەی گۆشت و هێسك و بیری خۆت بە ڕاشکاوی دەربڕیت! براکەم! دەردە پیسەکەی ئێمە جەرگ و هەناومانیشی گرتۆتەوە. لەگەڵ یەکەم ژەمە ژەکی فرچکدا دەگاتە مێشکی بەبیلەکانمان.".

هەژی و لەپتە خۆیان و کارەکانیان لەبیرچووبوو، بەڵام هەژی رووترش و لەپتینیش دڵ مێخۆش دەکەوتنە بەرچاو. هەژی، هێندە بەزەیی بە خۆی و بە لەپتین داهاتەوە خەریك بوو خۆی بەسەر پێیانەوە ڕانەگرێت. جارجارە هۆشی دەڕۆیشت و بە هێری دەمایەوە و لێی مووردەبۆوە. لەپتینیش هێندە تێنووی قسان بوو بەهیچ کلۆجێك تاکە چرکەیەکیش زمانی نەدەچۆوە کالانەوە. هێندە ئەوبەر و ئەمبەری بە هەژی کرد، خەریك بوو سیقودیقی پێ بکات. لە ئەنجامدا بۆکرووز لە ئارامدانی هەژییەوە هەڵستا، خۆی بۆ بەرزەوت نەکرا، نەڕاندی: "بیستوومانە کولتووری خەڵکی هەندەران لەسەر ڕاکە ڕاکە و کات تەنگی و تەنگەتاوی و پێڕانەگەیشتن و دەرفەت و کات بەفیڕۆنەدان هەڵێندراوە. کەچی دەبینم تۆ خۆڕا بۆنسۆت لەکاتی نایابی خۆت هەڵستان و دڵی منیشت بە ئەنقەست پڕ سۆ کرد! لە پەلوپۆت خستم، دەمارمت نەك گرژکرد، بەڵکو سەرتاپایت سووتاند. لەمەراقان شەقم برد (خەریك بوو پشتی تێبکات و بڕوات، بەڵام ددانی بەچیڕەوە برد... بە شێوازی پاڕانەوە) باشبازرگانی قسان، ئەتۆ دەزانیت لە کوێن و چۆن چۆنی درێژەی هەوالەکانی نیو سەدە دەخوێنیتەوە؟ ئێستا ڕاست و ڕەوان، بێهێنان و بردن. بە دوو ڕستە، کاکڵی مەبەستەکەتم پێ بڵێ، ئەگینا ماڵئاواییشت لێ ناکەم،

بەڵکو پڕبەپێ لەبەرت هەڵدێم. بە بەرێزیشتان دەڵێم نـاوك و تـوێکلی ئـەو گۆڕانکارییـەی بـە خەڵکی دەڵێن وا لە بەرکی کۆنە شەرواڵە دژوێنەکەمدا گەنیوە، ئـەوە ناهێنێـت مـن مێشـکی خۆم و کاتی بێکاریشی پێوە ببرژێنم. لێرەدا بوەستە گەیشتە کونـە کـەپووم، چـیدیکە ورچـێك لێرە و کەمتیارێك لەویم بۆ مەکە. پتر داروچکەی تێوەربدەیت، سەرت بـە سـووری، رووت بـە زەردی دەبینیەوە، بۆچی بەدوای تروروملبێلەکەتدا نەچین؟ یان ئەتۆش تـاکو هەفتەیـەکی دیکـە هەر هەند میزت کەف دەکات و زمانت دادەکەوێت؟".

لەپتین: بە نەرمە پێکەنینێکەوە لووتی بە لووتیەوە لکاند: "هەژۆکـە! نـازانی دڵـم بـە تـۆ دەکرێتەوە!؟ لە یادت نەماوە کە لە تەمەنی هەرزەکاری و گەنجیەتیماندا ئەتۆ وریا و دووربـین و بارقووڵ و هێمنترینمان بوویت؟ لە ناو پیرە پیاوانیشدا ئاوکوفت کەم بوو. هەمووومان خۆزگەمان بەتۆ دەخواست، کەچی لەم تەمەنەدا بەرەواژ بوویتەوە! مامە!... ئـەدی وەك ئێمـە، لـە ڕەوەی خۆت دابڕایتایە و لە ئاوارەییدا بێنان و بێنوان هەڵلەرزیبایت، لەگەڵ بەنگفرۆش و قاچاغچی و چرووکان، وەك دز و تاوانکار و ناکەسی دەستگیرکراو بخرابوویتایە کەمپ و زینـدانی دیلـەکانی جەنگی جیهانییەوە، ئاخۆ چیت بەسەردەهات؟. خۆ بەرهەنگت نەگرتووە!؟ بۆچی وەهـا پشـیت سوارە؟. تووشی خەمۆکی و کەنارگیری بوویت؟ بۆ وا مڕ و پڕبوویت؟ گۆشەگیری و دەمارگرژیت پێوە دیارە! دەترسم لەخۆت و لە خەڵك دابڕابیت! ئەرێ مامۆ! ئاموشۆی کـەس دەکـەیت؟ مـن خۆرئاواییانە خواست و ماستەکەی خۆمم خستە دەستت. ئەتۆش نەختێك دڵی خۆتم بۆ بکەوە!. ئەرێ لەگەڵ تەکنیککاری سەردەم چۆنیت؟ کارت و ئیمێل و ماڵپەڕ و پێگەی تایبەتیت هەیـە؟ ئاگاداری دەنگوباس و یارییەکانی جیهانییت؟. لـە ئـەوروپادا دەڵـێن ((دەمـار، داوە سـیرمەی تەڕە. هەموو هەستەکانی مرۆڤی پێوە بەندە. هەرچـەندە وشـك ببێـت ئەونـدە گرژتردەبێـت و ئەوەندەش هەستەکان دەگوشێت...)). ئاگاداریت تۆ ئێسـتا دوو کەسـایەتی دژ بـە یەکـدیت، کەسایەتیەکی خەمسارد و بایەخ بەژیان نەداو... کەسایەتیەکی مێشك گەرمی پەل و بە پەلەی شەڕانگێز، ئەمەیش زۆر سەختە، بۆیە خێرا گڕدەگریت و زووش دادەمرکێیتەوە... برا...".

هەژی: وەك گوتم "حەوسەڵەم دڕاوە، وازم نەماوە. یـا بـە دوو کورتـە ڕسـتەی رەق... یـا بەردێك بخە سەر بابەتەکە و وازبێنە.".

لەپتین: "ئێمەش بەرلەوەی بکەوینە ناو نەتەوە پێشکەوتووەکان، بەر لەوەی جیهانێکی کپ و هێمن بە چاوی سەری خۆمان ببێنین. وەك ئێستای تۆ دوو ڕوویی و دەمار توونددییەکی ڕۆژهەڵاتیانەمان هەبوو، بەڵام بە لەیەکدی دوورکەوتنەوەمان، بۆ چوون و بیرکردنەوەشمان لەیەکدی دوور کەوتۆتەوە، وای بۆدەچم، ئەگەر ئەمن لەپتینی بازرگان بم!. بێئارامی و خەمساردیت بەیەکەوە لە کۆڵ کردوون. ئەریٚ بە ڕاست! بۆ جارێکیش هەر بە گەشت و گوزار سەردانی ژاپۆن، ئەمێرکا و سویسلاندا و ئوستراڵیا و مالیزیا و هیندستان و هانۆڤەرو هۆنۆلوولووت نەکردووە؟ تێپەڕنامەێك پەیدا بکە بەیەکەوە گەشتێکی پێنج کێشوەری دەکەین. با بگەڕێینەوە سەر بابەتە گرنگەکەی خۆمانەوە. دواتر بەیەکەوە پلانی بۆ دادەنێین. ئێستا کاتەکەی من تەسکە و چیکلدانەکەی تۆش تەنگ. بۆیە با خێرا بچینەوە سەر پڕۆژە بایەخدارەکەی خۆمانەوە.".

هەژی بە قەڵسی و بێئارامییەوە: "باوکم من خەمسارد و خەوتووم، پەل و شەڕانگێزم... هەرچی دەیڵێیت بیڵیٚ، بەڵام کرۆکەکەی بفەرموو! چیدیکە لەخۆڕا مەمکوڵێنە، دەنا...".

لەپتین بە خوێنساردییەوە: "بەڕاست ئێستا ئەتۆ چ کارەی، دەترسم ماندووی کار بیت... (بە بزەوە) لەگەڵ ماڵەوە چۆنیت؟ پەڵپت پیٚ دەگرن، بە دەنووك جگەرت دەکوڵن؟. نازانم! ئەتۆ و دەمارگرژی و دابڕان!؟ وەك هاوڕێیەکی ڕەسەنی دێرین و خەمخۆرت، داوات لیٚ دەکەم، لە نزیکترین دەرفەتدا بڕۆیتە لای دکتۆری دەمار و دەروونزانی! شوورەیی و کەمایەتی نییە، هەمووان نەخۆش و ناتەواوین، بەڵام ئێمە هێندە نەخۆش نین کە بایەخ بە وەها وەرچەرخانێکی چارەنووسساز نەدەین. چۆن دەکرێت ئەمە فەرامۆش بکرێت؟ ئەم گۆڕانکارییە مەزنەی بەڕێوەیە، چارەی چەندین کێشە و گرفتی گەورەی بە نێوچەوانەوەیە. چارەنووسی گەلێك دەگۆڕێت. ئیش و نیشتنگە و ژینگەی لەبار بۆ گەڕانەوەی مەمانانیش دەڕەخسێنێت، دەرفەتی پێشکەوتنی خێر دەستەبەر دەکات." (لە خۆشیاندا ددانی نەدەگەیشتنەوە یەکدی خەریك بوو شادەمەرگ ببێت)

هەژی بە دڵتەنگییەوە: "چیرە درێژ نایبڕیتەوە! بۆخۆت بێکارێکی پشوودرێژ بەکریٚ بگرە گوێت بۆ هەڵخات. ژمارەی بیستۆکەکەتم بدەیە! فەرموو ئەمەش ژمارەی بیستۆکی گەڕۆکم (...) دواتر لە یەکدی دەپێچینەوە.".

لەپتین قۆڵی گرت: "بۆچی ناتەوێت دڵخۆشکەرییەك ببیستی؟ واپێدەچێت تەمـەن، خـەم و دۆخەی ماڵەوە، کێشە و کێشمەکێشمەکانی ژیان، فشـاری دەوروبـەری نارێـك تـەنگیان پێـت هەڵچـنیبێت. دڵـە گەورەکـەتیان شـکاندووە و بـە هەڵـە هـەڵیان بەسـتۆتەوە و گردەبـڕ[156] شـکاندوویانەتەوە، ئـەگینا دوو هاوتەمـەن و دۆسـتی دێرینـی گیـانی بـە گیـانی، بێکـار و بەساڵاچوو، دوای دەیان ساڵ دووری و لەیەك دابڕان، لـەم چـۆلگەیەدا وەك دڵـدەر و دڵبـەر بـە هەڵکەوت لە ژوانگەدا یەکدی بدۆزنەوە، چۆن لە یەکدی تێردەبن؟ تـۆ و گـۆڕی جوانەمـەرگ و مەرگی من! تۆ و بێگەردی خۆشەویستی ئەوسامان! لـەم ئەنجامـە پـیرۆزە، لـەم گۆڕانکارییـە مەزنە، لەم کلیل دۆزینەوەیە، لەم داهاتووە پڕشنگدارەی بەردەرگەی خۆتانـەوە بێئاگایـت؟ یـا نەتەت بەرداوە[157] و تەمات بە ژیـان نـەماوە،؟ قەلەڕەشـی شـووم هێلانـەی لـە دڵـە سـپی و گەشبینەکەتدا کردووە؟ ئازارواز و خەمخۆشیت[158]، دەتەوێت مـن هیـوا بـڕاو بکـەیت؟ تووشـی سادیزم و شیزۆفرینا هاتوویت؟".

هەژی، شێتانە دوو شەپازللەی لە تەوێڵی خۆی کوتا، وەك تاقانە مردووی کۆسـتکەوتوو لـە سەروپۆت و سنگ و رانی خۆی دەدا. کەوتە ڕنینەوەی قژی خۆی. رووی لە لەپتین وەرگێڕا و بـە مشەوەشی پێنج شەش پێنگاو دوورکەوتەوە و لەسـەر چیچـکان دانیشـت، چـەند هێڵنجێکـی هاتێ، ماوەیەك چاوی قوچاند و سەری خستە نێوان هەردوو لەپی دەستیەوە.

لەپتین، بە پەشێوی و پەرۆشییەوە بەدوای داچوو، لە پشتڕا هـەردوو دەسـتی خسـتە سـەر شانی و بە خەمگینییەوە: "بمبوورە. بمبوورە... نەمزانی مێشکت ماندووە! تێپەڕنامەت هەیە؟ (بەستەیەك دۆلاری لە گیرفانی دەرکرد، بە نیمچە گریانەوە) خۆشم دەوێیت، مامۆستام بوویت. پێشەنگی گەڕەك و قوتابخانەکەم بوویت، بە دیتنت گەشامەوە، کۆنـە برینـەکانم هەڵتەکانـەوە. سەری ماچکرد و دەستی بە لا ڕوومەتی داهێنا، بمبوورە!. نـەمزانی نەخۆشـی... هـەژە گیـان ئەتۆ نەخۆشبیت ئەمن دەمرم..(هەژی نیـوە لایـەکی لێکـردەوە. بەچـاو خەنجـەری دەوەشـاند، لەپتینیش سووڕایەوە پێشی و نێوچەوانی ماچ کرد): بمبوورە گەورەم ئاگـاداری دەردی دڵـی تـۆ

١٥٦- گـــردەبـــڕ: خشت. شکانی بە ئاسۆیی.

١٥٧- نەتەبەردان: ورە روخان. ئـومێد بەر دان.

١٥٨- ئازارواز و خەمخۆشی: سادییەتتە. حەزت لە ئازاردان و خەمخواردنە.

نیم! نۆکەرتم، پیرەکەر و بارەبەرتم، لەبەر دەستتا وەستاوم، چی دەفەرمووی سەرم لە پێناوت دایە. (دۆلارەکانی خستنە ناو دەستی) فەرموو ئەمە پارە، چەندی دیکەشت دەوێت هەیە! با بچینە لای دکتۆر، شووره‌یی نییە، یەکەم جار لێرە دەچینە دکتۆر، دواتریش لەگەڵ مندا دێیت.".

هەژی چوارمەشقی دانیشت، پێی راکێشا و روانییە دۆلارەکان، ویستی بەناو چاوی دابداتەوە. دەستی نەچوێ. هەتا توانای هەبوو بۆ ژێر داربەڕووەکە تێی هەڵدان و گوتی "چش لەخۆتان و لە گەڵا بەڕووەکانتان. گەڵاپەرستینە وادەزانن بە گەڵا، زەوی و ئاسمان و مرۆڤەکان دەکوژرێن و زندووش دەکرێنەوە.".

زەوییەکە چەقێن بوو، درك و وردە بەرد و پەلەدار لە سمت و ران و بەلەك و ناولەپی چەقیبوون. بە دەستی چەپی دوو سێ مێشی گەورەی لە دەموچاوی پاسکرد.

لەپتین زۆر سکی بۆی سووتا، لە دڵەوە: "ئەتۆ بزانە چیم کرد! ژیانی ئەوم هەڵپڕووکاند و خۆشییەکەی خۆیشم هەڵبزرکاند. دووبارە دانەوییەوە و سەر و نێوچەوانی ماچکرد و خۆی دەبەرگێڕا: هەژۆکەی خۆم! ببەخشە! هایم لەم نەخۆشی و لەبەردانەت[159] نییە. لێم خۆشبە! نەمزانی، من ئاگاداری گۆڕانی تۆ و ئەتۆش ئاگاداری گۆڕانکاری و گەڕانی جیهانی نەبوویت. بۆچی لێمت شاردەوە؟ ناوەڵا ئەم شاردنەوە و دووڕووییە لەکۆمەڵگەی رۆژهەلاتیی بەسەر ناچێت... تاوانکارم، من بێئاگام، ئاگاداری سووڕدانی تۆ و گۆڕان و بارە و باری کۆنە کۆمەڵگەکەی خۆمان نیم.".

لەپتە بەسەریەوە وەستابوو، هەردوو شانی گرت: "نۆکەرتم، پیرەکەری ژێرە تۆم. هەی لە منت نەکەوێت، نەختێك زاخ... ویستی هەڵی بستێنێتەوە، هەژی کەمێك سەری هەڵێنا، چاوە کوڵاوەکانی لە چاوی ئەو هەڵەنگوتن، نەیزانی ئاخۆ هەرێی هەرۆیە[160] یا گلەیی و ناورانەوە،. هێندەی زانی پەیامێکی راستەوخۆ لە بیلبیلەیەوە بە کونی گوێیدا گەیشتە چەقی مۆخی. هەستی کرد نیوەبەنگ بووە! خەریکە زمان و پەلەکانی لە ژێر ویستی خۆی و فەرمانی مۆخی

---

١٥٩- لەبەردان: کەمکردن. لاواز و کەمهێز بوون.

١٦٠- هەرۆ: کەرایەتی.

دەردەچن. مایەوە زاخ بداتە بەرخۆی. تەپینی[161] ورەکانی خۆی رابگرێت، هەرنەبێت بە ئاسانی خۆی نەداتە دەستەوە. بەبێ وازییەوە: "بزانە بزانە ئەم گۆڕان و گۆڕانکارییە هەستەکانی منیشی دەستبەست کرد!. پەکوو! لەسەر سنوور ئاوابێت، دەبێت لە ژوورەوە چ بەزمێك بێت؟"

هەژی خەریکبوو کونجرك و زلە پووشی لە دەست و باسکی هەڵدەوەراند و پاشەڵی شەروالەکەی دەتەکاند، دەلینگی هەڵکرد، شوێنی دڕك و سووی[162] بەردان سوور و مۆر هەڵگەڕابوو. بە بەرچاوی لەپتینەوە دوو خڕەبەردی گرتە دەستی، کە بە بەردەوە تەکانی هەڵستانی دا، دەمی داپچڕی و بە پرتینییەوە دوو پێنی لە زەوی کوتا، تا دەنگی هەبوو گوتی: "پیرە لەپتینی کۆنە پۆتین! بوەستە! من پێت دەڵێم گۆڕان و گۆڕانکاری چۆنە.".

لەپتین لە ناخەوە بە راچەنینێك، هزری هاتەوە لای خۆی. ئەم هەژییەی لە هەرزەکاریشیدا بە گوتەیەکی چکۆلەش هەستی کەسی بریندار نەکردووە، ئێستا خەریکە بە خڕکە بەرد سەر لەتبکات، یانە هێشتا لە گەپگێڕی خۆی نەکەوتووە؟

لە چاوە تێك ئالاوەکانییەوە هەستی کرد هەژی دەست دەوەشێنێت. نەیزانی ئاخۆ دەستی بگرێت، یا رابکات و بۆی دەرچێت؟!. سەرەو لێژ باڵی گرت. کە لە بڕی پەلار دەرچوو، کەروێشکانی گەوەیەکی دایە و بۆی کێل بۆوە.

هەژی بەردێکی راوەشاندێ، هەر ئەوەتەو مووی سەری گرت و نەگرت، گوڕڕەی هات و لە پێشیەوە کەوتەوە.

لەپتین لە بستییەکەوە رووی کردە ئاپۆرای نەوراییەکەوە. ترس زاخی دەدایێ. کە لە نیوەی لێژگاییەکەوە کەوتە نەدیوی. ترس بەرپێنەی دایە، لاقەکانی لە بای غارێدا تێك ئالان. بەسەر بەرد و دڕکودالەکەدا رواوڕوو کەوت. بە ترس و شلەژاوییەوە لەبەر خۆیەوە: "لەم پەنایەدا بگاتە سەرم، بێسەرم دەکات.". توانای هەڵستانەوەی نەمابوو، نەختێك وەك پیرە بزنمژك بە چوار پەلان رۆیشت، ئاوڕی دایەوە، دیار نەبوو. لە شینکەکەوە خۆی خلۆرکردەوە. هەڵستایەوە و بە دڕك و داڵ و تەپوتۆزەوە، تاکە پێڵاوێکیشی لە پێیدا مابۆوە، رووەو خەڵکەکە دەیکوتا، جارجارە بە وشتی ئاوڕی دەدایەوە و دەکەوت و هەڵدەستایەوە، تێیدە

١٦١- تەپین: رووخان، کەوتن، دارمان.

١٦٢- سووی: سەرە گۆشەی، نووکی. چوکڵەی.

قووچاندەوە[١٦٣]... کە ئـەو گــەیشتە ناو خـــەڵکەکە، هــەژی بەرد بەدەســت لــە شــینکەکەوە بـــۆی دادەبەزی.

لەپتین کە ژان و ترس لە سەرتاپایەوە دادەچۆڕا، هاواری بردە بەر خەڵکەکە و دەستی بۆ لای هەژی درێژکرد و پڕ بەدەنگ بانگی کردن: "شێتە... شـێتێکی بـە دایـك و باوکـە. شـێتێکی دەستگرانە، لەهیچ شتێك ناگەڕێتەوە. هارێکە دەست ناپارێزت. کوڕینە فریـای مـن و خۆتـان بکەون. قوربانتان بم، تا زووە و چەند کەسی نەکوشتووە بیگرن و بـەرزەوتی بکەن.".

جوامێرێکی جوان بە جلی سەربازییەوە کە پڕی سەرشـانی شـێر و داڵ و ئەسـتێرە و پلیتـی سوور و زەرد و شینە، چاوێکیشی شووشە یا خێلە، دوو ئەفسەری پۆلیسی گـەنج و جوانپۆشـی لەگەڵ وەستاون، لای لێ کردەوە و بە سەرسووڕمانەوە دوو هەنگاو بـۆی چـووە پـێش و گـوتی: "شێتە شێتە!. تۆ شێتت کردووە؟ (پـتر سـەیری جلوبـەرگ و شـێواوییەکەی کـرد گـوتی): لـە ئۆتۆمبێل پەڕیویت؟ بەجێماویت؟. رووتکراویت؟ بەنگکێش و کڵاوبازیت؟ چی تۆی گەیاندووتـە ئێرە؟ بۆ دەتەوێت ئارامی بشێوێنیت؟ هەنووکە...".

لەپتین ئاماژەی بۆ شوێنی هاتنی هەژی کرد، چل مـەترێك دوور، بـەرد و تاکـە پـێڵاو لـە دەست، بە هەشتاوی رووبەروویان دەهات... لەپتینیش تـا دەنگـی تێـدابوو هـاواری دەکـرد و هەڵدەپـەڕی و لـەخۆی دەدا و دەیگـوت: "وەڵاهـی شـێتێکی دەستوەشـێنە. بیللاهـی ئێسـتا شێتبوو. تەڵڵاهی ئەوەی بکەوێتە چنگی، بەگیان، لەبەردەستیدا دەرناچێت. لە هەر کێ بـدات جێی دەکاتە ئەو جێ، ئیدی نان لەت ناکاتەوە[١٦٤]... تازووە بـە گەلـەکاری بیگـرن، بـە زبـارە سندمی بکەن، ئەگینا گورگێکە بڕ بڕ و دادڕ دادڕتان دەکات... (بە هەڵپەڕین و هاوارکردنێکی شێتانەوە رووەو قووڵایی حەشاماتەکە دەچوو و دەیگوت) با بگاتە سەرتان و بیسـتێکتان کـەل وکلۆڵ بکات، ئەوکاتە بڕوام پێدەکەن!. بەم خودایە شێتێکی دەست وەشێنە، برادەری منداڵیمە. ژیر و هێمن بوو، هەنووکە لێی گۆڕا و شێت بـوو! نـازانم سـەگی هـار گرتوویـەتی؟ لەمەچـێتر دەستیان لێ وەشاندووە؟. ئەوەندە دەزانم شێتبووە و ئەوەی بکەوێتە بەر لـەپانی بـە زینـدوویی

١٦٣- تێیدە قـووچاندەوە: پڕ بە پێی رای دەکردەوە، بە هەموو هێزی غاری دەدایەوە.

١٦٤- نان لەت ناکاتەوە: جـارێکی دیکە نـان ناخـوات، نـاژیت.

دەرباز نابێت. کوڕینە زوو بە کۆمکاری بەرزەفتی بکەن. چەك، چەقۆ، خوترمەیەکی بکەوێتە دەست، هەمووتان بکوژێت ناتوانن لە دەستی دەربێنن.".

هەژی نزیك کەوتەوە، لمووزی لنگە پێڵاوەکەی گرتبوو، بەردێکیشی لە دەستدابوو، هاواریکرد: "دڕدەن! لێی دوورکەونەوە. کارم بە کاری هیچ کەسێکەوە نییە، بەڵام ئەوەی لە پەناخۆی بگرێت، ئەوا ئەویشی لەگەڵ جووت دەکەم. لاکەون! هیچی لێ ناکەم، تەنیا فێری دەکەم گۆڕان و گۆڕانکاری هەندەران چۆنە.(پێڵاوەکەی هەڵدەشەقاند): دەبێت مێشکی بێنمەوە سەری، تاکو بزانێت... تا خۆی و مەمانانیش بناسێتەوە، چما ئەوەی لە ئاوی کانیاوی ئێرە دابڕا و قوڕاوی هەندەرانی هەڵقۆڕی ئەوها دەگۆڕێت و وەردەگەڕێت، کووکوویی هێندە تۆڕی دەبێت؟ بۆ بەم جۆرە لە پێی خۆی دەردەچێت و بە ریشی باوکیدا دەڕی؟.. خودا دەزانێت دەبێت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی پیشانبدەم، سەدان ماڵپەڕی نوێی لە هەندەران بۆ بکەنەوە... ئەوانەی هەر زمان و گوێیان هەیە، دەبێت بیر لە لووت و چاو و هەستی شەشەمیشیان بکەنەوە.



## ١١- رووتكەری گشت بەر (پیتاكستێنی پەتكپسێن)

ئەفسەرێكی پۆلیس نزیك و دوور سەرنجی هەژی كەنەفت و شەكەتی دەدا، بە چەند هەنگاوی گەورە گەیشتە تەك لەپتینی بازرگان، لە نكاو پڕی دایە شانی و بە توندی رایتەكاند، بە رِكەوە چاوی بڕییە چاوی، گوتی: "هەنووكە شێت بوو و لێیگۆڕا یا تۆ شێتت كرد؟ دووڕەی بەرسێبەرێ، پووشتەی دەستشكێن، گیرفان گەورەی خەڵك هەڵخەڵەتێن!. مێشكیت خاوەبرژ كردووە و دەتەوێت رەوانەی شێتخانەشی بكەیت؟ بە رەفتارە كەس نەكردووەكانتان، بە لووتبەرزی و لە سەرەوە لێكردنتان، دەهریان دەكەن، ئەوانیش كەم هێز و داهێزراون، بەرگەی گوشار و گووشین ناگرن. هەڵدەچن، خۆیان بۆ ناگیرێت و لە دەست خۆشیان دەردەچن.".

هەژی بەرد بەدەست، هەشت هەنگاوێك دوور وەستاوە. خڕكە بەردێكیشی خستبووە ناو لنگە پێڵاوەكەوە، لەپتینیش دەستە دۆلارێكی دەخستە دەستی ئەفسەرە گەورەكە و دەیگوت: "نەخۆشە...كێركەرتم... بەمە چارەی بكەن...".

هەژی سێ هەنگاوی دیكە چووە پێش و گوتی: "هیچم لێی ناوێت، با بە بەرچاوی ئێوەوە پێم بڵێت ئەو پاكسازی و سیر كردنە سێوەی ئەو دەڵێت لە كوێیە؟ (دەستی بەرزكردەوە و گوتی): ئەگەرنا من بە دوو خڕە بەرد گۆڕانكاری نێوان گوڵستان و گۆڕستانی پێ پیشان دەدەم.

لەپتین دەلەرزی. بەستە دراوەكەی خستە دەستی ئەفسەرە پۆلیسەكەی پێشتر مڕەمڕیان كردبوو و گوتی: "گەورەم... گەنجۆ گڕاوی، بیدەیە با چارەی خۆی پێبكات، بەڵام توونە توونە بیگرە، بەری نەدەیت. تێكچووە، زۆر خراپ دەست دەوەشێنێت. بە مەبەستی كوشتن لێدەدات. ئەفسەرەكە لێی وەرنەگرت، لەپتین دراوەكەی بۆ هەژی هەڵدا... هەژی شێتگیرتربوو، بە ركەوە پێی خستە سەر دراوەكەوە... چاوی بە ئەفسەرە گەنجە خڕكەڵەكەوە نووسا، تووڕەییەكەی نەختێك داكشا: ئەم پیاوە نامۆ نییە! كەی و لە كوێ بینیومە؟. ئەفسەریش بە دڵنیاییەوە مامۆستا هەژی ناسییەوە، بەڵام چونكە بەمندالی لە قوتابخانەدا " گەنەگەڕ، تڕینۆكی گرینۆك... تڕ تەرۆزی." یان پێدەگوت ئێستا بووەتە "ئەفسەر گەنجۆ گڕاوی" بۆیە نەیویست ئەم لاپەڕەیە بكرێتەوە.

گەنجۆ، دەڵە گورگێـك و گـەماڵێکی پۆلیسـی و گۆڵـە سـەگێکی کەتـەی هـەبوو. بەشـەو هەمیشە و جارجارەیش بە رۆژ لە کـاتی پێویسـتدا، بـە ویسـتی سەرسـام کـردن و ترسـاندن، بەدوایەوە بوون. زۆرجاریش بۆ مەبەستی خۆی، شاڵ و شەپکی بەڵـەکی بـــادینی، کورتـەك و شەرواڵی مرادخانی، رانـك وچـۆغە و کوڵـەباڵ و مشـکیی هـەورامی، شـەرواڵ و تەنگبەنـد و کورتانی کۆڵبەران، جلی گەنجانی ئەورووپییشی دەپۆشی و لەناو گەشتکەراندا دەگەڕاو دەسـووڕا.

گەنجۆ بە توندی لەپتینی راتەکاندەوە و گـــوتی: "بێ سێ و دوو پێمان بڵێ! بـــزانین چـیت بەم پیاوە کردووە؟".

هەژی هاتە قسە: "ئەم تەرەسە تڕ زلە، ئەم مێشخەسە پێخواسـە چـی بـۆ دەکرێـت؟ ئێـوە لێمان گـەڕێن، بۆخۆتـان بڕواننـە نوێگـەری و زۆر وەڕی و چـارەنووسمان. بڕواننـە پیسسـازی و کەللەبازی.". ئەفسەرەکە بەرسنگی لەپتینی گرتەوە و پتر چـاوی تێبـڕی و گـوتی: "راسـت و ڕەوان بێ خۆ گنخاندن[١٦٥] دەیڵێیت؟ یا بتدەینە دەستی ئـەو...؟". ئەفسـەری دووەم چـاوی بـە بەرد و دەستی هەژییەوە بوو، گەنجۆ بە چاو تێی گەیاند، ئەویش بە نەرمی خشی، بە گومانەوە لێی نزیك کەوتەوە، لە تەکی وەستا، کەبە هێمنی مەچەکی دەستە ڕاستی گرت، هەسـتی کـرد لە تەك کۆتەڵێك وەستاوە. بە ئاسانی بەردەکەی لە دەست وەرگرت و گوتی: "پەنـد دانـی ئـەم ترسنۆکە تەرس زلە بە ئێمە گەیشت.".

زار و زمـانی لەپتینی کەوتەوە گەڕ: "من لـە ئـەورپا دێمـەوە. لـەوێ دەنگوباسـی خـۆش هەیە. باس باسی ئاسۆی روون و دواڕۆژ گەشی ئێرەیـە. وادیـارە لێـرە بـەرەو شارسـتانییەت و یاساپەروەری و دیموکراسییزم دەچـین... ئێمـەی پاشـکەوتە و کێـویش وەك گـەلان پێدەگـەین. هەرچەندە زۆر لە دواوەین بەلاًم...".

هەژی خۆی پچڕییەوە و گوتی: "بەم بەرد بە پیسایی دادانەی، بەم زار و زمانەی، سـەرودڵی ئێوەش دەگرێت. فەرموون! دیسان تڕن کلکی بڵند کـرد و فیرکاندییـەوە، سـەخوری بـە گـوڕێ وەرکردەوە... براینە تەنها دەهریمان دەکات و هیچی دیکە نا، پیاوی باش بـن! لێمـان گـەڕێن، سەری زمانی دەبڕم، ئیدی چیدیکە ئەم سلانە بەرناداتەوە. چی بکەم، خۆزگە سـەنگ و شـنگی

---

١٦٥- خۆ گنخاندن: خۆ دواخستنی به ئەنقەست. خۆ خافلاندن و کات کوشتن له کاتی کارکردندا.

جارانم دەما، ئەوکات دەیزانی شیوەسووور و ڕێی ڕێداری لەکوێیە!. تاقمە ددانەکەی لـە دەمـی دەرکرد. ددانیشم نەماوە دەنا بە دوو قەپ، هەر تك گـوێیم لـە کارکـارەوە دەکرتانـد، ئینجـا کۆریسـانی دەحـەجما... ئێسـتاش لێمگـەڕێن پەنـدخواردووی دەکـەم، لـە دوای پێشـکەل و پاشکەل[١٦٦] داخمەیەکی ئەوتۆت لێدەدەم کە ئیدی... لەپـە تەپـە! ئیـدی نـەتوانیت خـۆت بـزر بکەیت. لە هەر کێشوەرێکیش خۆت پەنا بدەیت هەر دووربەدوور بناسرێیتەوە... لەپـە خەپـە! ئەتۆ بە منداڵیش بێچاو و سەر بوویت. ڕۆژانە مامۆسـتا داود دارکـاری دەکـردی و دەیگـوت: دەرگەی گوێی تۆ و پیسۆی زڕ برات بە قوڕقوشم گیراوە، بە کلیلی گـەرم و زمپـە تێپەسـتان و پەستانەوە نەبێت، شتێك بەنـاو گوێتاندا ڕەت نابێت. کەللەشتان کوژاوەتـەوە، کەچـی چـاوتان زەقە و زمانیشتان ڕەپە.".

چـەندین گـەنج و هـەرزە و مـنداڵ بە وشتییەوە دەیـانڕوانییە گـەف و شـەڕە جـوێنی دوو پیرەپیـاوان!.

لەپێین بە جنێو خواردنەکە کەمێك کـەمترس بـوو، گـوتی: "هـەژی گیـان ئێمـە بـراین. تاقمەکەت کۆن بووە؟ دوو سێ تاقمی نوێ و نایـابم هێنـاوە، ئەگـەر بۆشـت نـەبن ئەواخـەمی من... (بە ترسەوە ویستی دەستی هەژی ماچ بکات و بە هەر نرخێـك بێـت ئاشـتی بکاتـەوە) کاکە هەژی! بە خۆڵی ژێرکەوشەکانت بم. بەبەر چاوی ئەم خەڵکـەوە بۆتـۆ جـوان نییـە، لنگـە پێڵاوێکی نۆکەرەکەی خۆتت بە دەستەوە گرتووە. قوربانتم، من کەر و کەمزان بووم، نـەمزانی، ئەتۆ ژیر و دڵگەورە بە.". هەژیش بە زەردەیەکی ناچارییەوە سەری بۆ هەژاند.

لە گۆڕەپانەکەدا لۆری گـەورە گەورە و ترێلەی دوور و درێژ دادەگیران و باردەکرانـەوە. هاتن و ڕۆیشتن و تێك قژقژان و راکە راکە بوو... گـەنجۆ بـە دەسـتی چـەپی مەچـەکی هـەژی گرتبوو، دەستی ڕاستیشـی چـوار بەسـتە دراوی تێـدا دیـاربوو. ڕووەو هەورازەکـە هـەنگاویان دەنا... باڵا بەرزێکی باریکەڵەی تیتراوسکانی هـات، چـوار بەسـتە دراو، هـەر یـەکێکیان لـە

---

١٦٦- پێشکەل و پاشکەل: لەبری ژمارە لەسەر گوێ نووسین، بۆ ناسینەوەی مەڕ و بزن و گاو مانگای ئێستا، پێشان نەختێك لە پێشەوە یا لە دوواوە گوێیان بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ (هێما- نیشانە)ی ناسینەوە کەل دەکرد، هەنێکیش لە شێوەی مۆری تایبەت بە خاوەن گەلەکە، گوێی ئاژەڵەکانیان داخ دەکرد. هەر ئەمەیشـە کـە مـەڕێك، بزنێـك، هەرشـتێك بزردەبێـت، لـە خاوەنەکەی دەپرسن: "ئەرێ قولاغ و سـۆراغێکی نەبـوو،" قولاغ : گوێ.

پەڕەیەکی ڕەنگ جیادا لوولدرابوو، خستیە دەست گەنجۆ و گوتی: ئەمجارەشیان چوارە. گـەنجۆش سێیانی خستە گیرفانە گەورەکەی چاکەتەکەی و ئەوەی چوارەمیشی خستە گیرفانێکی ژێـرەوەی کراسەکەی، لە باخەڵی چەپی چاکەتەکەیدا کـارتێکی دەرکـرد، شـتێکی تێـدا نووسـی و دایـە دەست کوڕەکە و گوتی: "بڕۆ لای ژمێریار! پارەکەت بدە و پسوولەی وەرگرتنەکەم بۆ بێنەوە".

کـوڕە بە خۆدانەدەستەوە: "خـۆ زۆرمان لێ ناستێنێت؟ ئـەویش داوای پـوولی بێ پسـوولە نـاکـاتەوە؟".

گەنجۆ: "دەمشڕ! چیت پێدەڵێم وابکە! ئەگەر گومانیشی هەبوو، با پەیوەندیم پێـوە بکـات. ئاگاداربە ((خۆڵ نەکەیتە دۆی خۆتەوە))، هەتاسەری من بۆتان نامێنم، دەڵێن: دەست و زمانی شیرین خەوشپۆشن... بەڵام..." کوڕە پشـتی تێکـرد، بـە دەم ڕۆیشـتنەوە: "چـەند مـەحلانن مەحلان! شتێکمان بۆ بەجێبێڵن دوامان لێ دەردێنن[167]. بە برا بەشیش وازناهێنن. ((هەتا سەر بۆتان نامێنم.)) خودا دەیکرد یەکێکتان نەدەما! ئێمە بنەبڕدەبین، ئێوە هـەر نابڕێنـەوە، هـیچ نەکردەی زۆر بردەینە... پیتاکستێنی پەتك پسێن، رووتکەری گشت بەر".

... ... ...

لەپتین لە ڕووبەڕووی گەنجۆ و بازین پەشمەك باڵباز (ئەفسەری دووەم)، و مام هەژیدا وەستاوە بە پاڕانەوە: " گەورەم دەترسم بیڵێم، لە دەمی ئێوەوە بڵاوبێتەوە و ریسەکەم ببێتەوە خـوری و دەستم لە بنی هەمبانەوە دەربچێت!".

بـــازین پەشمەك باڵبازی ئەفسەر بە تووڕەییەوە: "ریس و خـوری چـی؟ یـاخوا تـەڕەماش و تەڕەسازەکەشت بەگـــۆڕێ وەردەکرا. وا ڕەوانــەی دۆزەخـــی دەکـەین، ئـەویش لـە تـەڕەپیاز و روونگ و پەتە دەپرسێتەوە. بزانە وەك مامە، ئێمەش شێت ناکەیت؟. وەڵڵاهی لە دەسـت مـام هـەژی چـەپالەت بـوو، ئەگەر هـەژدە دێویشـت بـــەردەست بێـت! هێشتـــا هـــەر لەدەسـتی بـاڵباز رزگار نابیت."

هەژی: "کاکە لەپتین! پەیمانت دەدەینێ گۆڕیش لێمانی نەبیستێ!"

١٦٧- لێمان دەردێنن: بە فرت و فێڵ لێمان وەردەگرن. بە نارەوا لێمان دەستێنن.

باڵباز بە هێسییەوە: زۆر چاکە، بۆ خاتری ریشـی مـام هـەژی، ئەوەشـت لەگـەڵ دەکـەین. منیش سـوێند بە هـەژدە تەلاقی دایکم دەخـۆم، نەك مـن، بەڵکە خـۆشی نـازانێت چـەند جار بە فـەرمی سەر بەهـەوێ چـووە و چـەند جـاریش هـەوێی بەسـەر هـاتووە. وابزانـە هـەر دەنگیشتم نـەبیستووە.

لەپتین بە دوو دڵییەوە: "گـەورەم! بـەگم! کاکـە باڵبـاز! مـن باشـبازرگانم، لـە ئـەوروپاوە هاتوومەتەوە، کـارم بازرگانییە و سـەرمایەی ئەستورم لە دەستە و وڵاتان لە ژێر پێمدان.".

باڵباز بە ئێشەوە: "مامە ئاگاداری رستن و بادانەوەی ئەم شەش ماشەرە قوڵەیـەتین[١٦٨]، ئـا گاداری کەللە شەکر و کلۆی شەکرە شکاوەکانتین. (بـە زمـانێکی ئاگرینـەوە): گەمژەییەکـەت لەوە کـاڵترە کە بتوانی بەم گوتن و دەڵێمانەت ئێمە خولبدەیت و گێژمان بکەیت، رێویانـەییش خۆت دەرباز بکەیت و دەربچیت. ئێمە لەوە دەرچووین، بە مزراح بادان و خولخواردن تێکبچـین! دەست لەم شێوازە شێتکردنە هـەڵگرە. حـەوت سـاڵی دی تەقەڵابـدەیت، بێهوودەیـە، ویسـتی خۆتمان بۆ یەکلا نەکەیتەوە لێرەدا دەترووێنین. هۆشت بێنەوە بەرخۆت، کلاوی گەوجێکی وەك تۆ ناچێتە سەری مەمانەوە. ئەگینا هەموو رۆژێك دە گۆلمان لێ دەکرێت. هۆشت بێنەوە سـەرت و دڵنیابە کە یاریزانانی بەرشلۆنە و ریاڵ مەدریـدیش گۆلیـان پـێ لـە ئێمـە ناکرێـت. دەرفـەتی زۆرمان پێ دایت، کۆتایی بەکاتی یارییەکەت بێنیت، کەچی تۆ ناتەوێت پایدۆزبکەیت، بـەڵکو خۆت هورِ و حۆلتر دەنوێنیت. کە تۆ سووێی سەری خۆت نەبێت، دەتەوێت خەڵك کـورِی خـۆی بکاتە قوربانی کچی تۆ؟".

لەپتین وەك ئـەوەی نەهێنییـەکی زۆر ترسـناك بـە چـرپە بـدرکێنێت: "ئێسـتا سـەردەمی ئەنتەرنێت و تیژرِەوی و ئاسانکاری بردنەوە و سـەرکەوتنە، لـە هـەمان کـاتدا رۆژی خێرایـی بەزین و دابەزینیشە!. ئێوە و خودا نەختۆکەك هۆشـتان لای مـن بێـت: پـتر راگیرتـان ناکـەم. بیستتان، ئەگەر لەبیرتان مابێت، کە بە راسـت و رەوانـی بـە کوردییەکـەی خۆمـان لـە بنـی کودووم دا و گوتم، کارتێکدەری گوێ سووك نەبیستن. لە نێـوان خۆمانـدا دەرنەچـێت، دۆبـرِ و سەروپێ خۆر چاویان تێبرِیوم. هەموو رۆژێك دەرفەت لە دەرگامان نادات.".

---

١٦٨- ماشەری قوولە: بەنی رەنگ سووری تاریك، مەیلە و قاوەیی. هەڵوێژراوە بەڵام نەکراوەتە گلۆڵە.

بـاڵباز و هەژی بە شەپازللان لە رانی خۆیاندا. باڵباز بە بێزارییەوە: "باشە کاکی بازرگـان! ئەمە بەرنامەی شەوانی کەناڵە ئاسمانی و دەنگ و رەنگەکانە. جیهانیش بۆتـە گونـدێك، بگـرە بۆتە ماڵێکی بچووك: رۆژانەش گەشت و گوزار بۆ سەرمانگ و ئەسـتێرەکان دەکـەن... تکایـە دەست لەم شەکرۆکە ترشوشیرینانە، لەم نوێیە کۆنانە هەڵگرە!".

لەپتین بە کاوەخۆ: "کوردانی راونراو، پەرتەوازە پێکراوان لـەوێ، کەسـوکار و کۆنـە وڵاتـی خۆیان خـۆشدەوێت. لاشەیـان لە وێیە و سەر و رەگ و ریشەشیـان لێرەیە و لێی دانابڕێن.".

باڵباز بە نائارامییەوە: "هەمــوو بێسمێڵەکان کە لە سەرەتادا دێنەوە وا دەفـەرموون، بـەڵام هەر هەفتەیەك دوو هەفتەیە... بە تەنگـە تـاوی دەچـنەوە لای گـەدە و بەرگەدەکانیانـەوە. وا لەوێ دەریان دەکەن، دەگرییێن و خۆ دەشارنەوە، مان دەگرن... لە رێگـەی گەڕاندنەوەیانـدا لـە دەستیان رادەکەن خۆیان بە ئـــاو و ئـاگردا دەدەن، هەرهەنـد نێنــەوە. نـاتوانن دەسـتبەرداری لاتلانە و بارِ و بارِووکە و بارِکەی[١٦٩] پرچ زەرد و چاوشین بن. ئەم سیدیەتان هێندە لێدراوە و لـە بەری گیراوەتەوە، قەوانی سواوە و کاڵ بۆتەوە، کەس گـوێی نـاداتێ. (بـە چـاو تێبڕینــەوە دوو هەنگاو کشایەوە، بە چاولێکدانێك خۆی خستە نێوان هەژی و لەپتین و مشتی هەڵێنا و گـوتی) وا من زمــان و ریشــەی تــۆ و رەگــی شــینە درۆیــەکانت دەبـرم، خـودا دەیکـرد دواتـر بـیری ئاودەستێکیان بە من پڕدەکردەوە. بە بەرەڵڵایی بمرم باشترە لەوەی ئەم بەرەڵڵایە بە درۆی پـان و کێردی کول سەرم ببڕێت.".

هەژی رووبووە دەستی، ئەویش کەمێك ساردبۆوە و هێدی هێدی مشتەکەی داگرت و گوتی: "با ئەمجارەش قانت بێت، تا زووە گوتە زێڕینەکەت بفرۆشە!. باوکم لێتـی ناسـتێنین بـە زێـڕی زەرد لێتی دەکڕین. (نەختێك دوور کەوتەوە ئاوڕی لە خەڵك و پۆلیسانی دوور و نزیکی دایەوە. گەڕایەوە پێش لووتی): تۆ بازرگانێکی نێودەوڵەتی نیت؟ باوکم هەر وەك پیشەکەی خـۆت لـەم چۆلەوانییەدا گوتە گەوهەرەکانت بفرۆشە، بە ئەڵماس لێتی دەکڕین. ئـەتۆ سـەوداکار و جیهـان گەڕ و ژیر نیت؟. گوتە دوڕەکانت بە ئەڵماس بفرۆشە، سەری خۆت سووك و دڵی ئێمـەش ئـارام

---

١٦٩- بارِکە: بارۆکە، مریشکی تازە پێگەیشتوو، بارِکەی مریشك، بارە کەو.

دەکەیت. ئەگەر لە دەرەوەش بازاڕێکی باشترت هەیـە، تـازووە بیبـەوە، بـڕۆ لـەوێ بیفرۆشـە. (دەستێکی لە بەستە دراوەکانی باخەڵی کوتا) ئەمانەشت بۆخۆت ببەوە.".

لەپتین لەوە ترسا بیخەنە تەپکەیەك و بە سەر و ماڵـەوە تێبچـێت، خـۆی بینـی لەشیشـی دەدەن و بە پەلە، بە نیوە برژاوی ئاوای دەکەن... بیری بۆ چارەیەك گێڕا، بـە خـەیاڵ بنـاوێکی لێدا، خۆی و دراوەکەی لە دەمی نەهەنگێکدا دۆزییەوە، کەوتە پەلکوتان، ئاگای لە ئەفسـەر و هەژی و مام مامشیش نەما.

باڵباز تێی رووبوو و گوتی: "مامۆستا هەژی تا منیشی بە دەردی تۆ نـەبردووە... (لـەپتین وەك بەر بروسك کەوتبێت راچەنی) زوو نەیکوژێنمەوە دەمکوژێت. ئەمە شـێتی ئاقـڵ تڕێنـە، بەڵام هێشتا نازانێت تووشی گوندەرهێن و تڕێنەری خۆی هـاتووە! ئـەمجارەش بـە بـەر چـــاوی ئێوەوە دوا دەرفەتی دەدەمێ، دواتر بە بەرچاوی ئێوەوە فێری دەکەم کڕبوون و تـەڕبوون چـۆنن. لەوانەیە لە هەندەراندا ئەم شێوازە هەڵسوکەوتەی ئەو باوبێـت. لـەوێ فێربووبێـت و خسـتبییە تۆربەی و بە دیاری بۆمانی هێنابێت. بە بەرچاوییەوە دەمانچەکەی دەرکرد و خستیە سەر پێ و تێبڕاخـووڕی: رووت بکـە رووگـەوە!. دوا سـپاردەت بفـەرموو!. ئەگـەر تـۆ شـێتی، یـا بـە چەقاوەسوایەتی ئێمەت هەراسان کردووە، ئەوا من هارێکی هار هارم. دەزانیت هـار گرێگرێـت گەمە و گاڵتە نازانێت؟ من وا گرم لی هەڵدەستێت، بۆن چـەقەوێڕەم[۱۷۰] لێ دێـت. لـە شـوێنی خۆتەوە بجوولێیت، زمان لە دەمتدا بگەڕێت وەرت دەگێڕم[۱۷۱].".

لەپتین بەقوڕگی پڕ گریانەوە: "دەیلێم بەڵام دەترسم.".

باڵبـاز بـە برژاوییـەوە: " گـەماڵی گـەماڵزادە! دەترسـیت؟. نـەخێر ناترسـیت!. (لای لـە پۆلیسەکانی لای ژێری کردەوە، هەتا دەنگی هەبوو گاسی کردن) هۆ چەتۆکە! لەگەڵ ڕێگرۆکەی تۆبزۆکەکانتان بێنن و بە پەلە وەرن گەمانۆکە! نێچیرۆکە! لەپتینۆکە جوان داکوتنۆکە. لە ڕێـی خودا بیکوتن و دایوەشینن، بۆ چاوشکاندنی هاوڕەفتارانی بیتەپێنن، بیتۆپێنن.".

---

۱۷۰- بۆن چەقەوێڕە: بـۆنی گـۆشت و هێسکی سـووتاو.

۱۷۱- وەرت دەگـێڕم: بە گولله لێت دەدەم و دەتخەم، دەتکوژم.

دوو کەتە پیاو لە خوارووی پاردەکـە[١٧٢]، لـە کابینەکـەوە بـە گـورجی سـەرکەوتن. لـەژێر دارتووەکەی بانیانەوە یەك و شینە تێرایان هەڵگرت و بە راکـردن بـەرەو روویـان هـاتن. لەبـەر چـــاوی لەپتین بوونە دوو دێو. بەترسەوە: "بەقوربانت بم، دەرفەتم بدە، دەیڵێم، تۆمبز و تۆبزیی ناوێت. لە هەندەران تۆبز بۆ مرۆڤ و بۆ ئاژەڵانیش بەکار نایەت، لەوێ مافی مرۆڤ هەیە، یاسا و دادگا بەپێی پێوەری نێو دەوڵەتی، بە رەچاوکردنی کاروباری تاك و کۆمەڵ و مافی ئاژەڵان بڕیار دەدات. مافی هەموو کەسێك لە گشت کات و شوێنێکدا پارێزراوە، ئێرە هیچـی نییـە. بـاوکم هەمووی بێپەردە بە گۆڕێ وەردەکەم. ئێوە و شێرتان ریسەکەم مەکەنەوە خووری!".

باڵباز گوتییە بەرچیغ بەدەستەکان: ئەگەر زۆر لە ریسە رزیوەکەی دەترسێت ئـەوا سـەراوبن دایبنێن و ریسەکەی بکەنە دەم و ناوگەڵیەوە... روانیە مامۆستا و چاوی بۆ لـەپتین گێڕایـەوە: ببوورە باشَشش بزرگاااان! کاتت سوتا، کارتت نەما.

لەپتین بە گــەرووی وشکەوە رووی کردە هەژی: "دەیڵێم بە تەورات و ئینجیل و زەبــــوور، بە قورئانی پیرۆز دەیڵێم. بە بیلا، بە تیلا، بە خـوێنی شـەهیدانی رێگەی رزگاری...

باڵباز: مام هەژی با بۆخۆی بڵێت، من نامەوێت. چی لە دڵیدا هەڵگرتووە، با بیباتەوە و لە تاراوگە و تەراوگەی خۆیاندا پێیاندا هـەڵبڵێت و بـە گێلۆکـانی بفرۆشـێتەوە. ئـەوەی لـەکاتی بەرگریکردنـدا، لـە کـاتی کوشـتنی خزمـانی و وێرانکردنـی هـەواری دێرینـی تـەنها خـەمی دەربازکردنی سەری خۆی بێت، لە پەناگاندا خۆی وەشێرێت، بۆ تیکە نانێك، پێڵاویی و پێناویی بکات، لە شێنەییدا بە کەشوفشەوە بۆ کات کوشتن، بەناوی بەسـەرکردنەوە سـەر بداتـەوە. بـە درۆ، بۆ تێپەڕاندن، سوێند بە خوێنی شەهیدان بخوات. دەبێت چ تەمایەکت پێی هـەبێت؟ ئـەو پەناخوازانە لە چاوی هەندەرنشینانداندا کەمن، لای خۆشمـان ریزیـان سـووتاوە. لـە مێـژە لێیـان وەڕسبوویم، نامەوێت گوێ بیستیان بم. دەزانم یەختەی ناو جۆگەن، لە هەردوو بەردا دەڵەوەڕێن، کوێستان و گەرمیان دەکەن و بە ویسـتی خۆیـان تێیانـدا دەگـەڕێن، ئـەولای سـاردبێ، خێـرا هەیپێی لێدەکەن و گەلە گەلـە بێگەلـەوان دێنـەوە. ئێـرە گـەرم دابێـت، زوو دڵگـیر دەبـن و لێیدەتۆرێن. ماری بێباری وەك خۆیان، مەگەر هەر خۆیان بن!".

---

١٧٢- پـاردە: دیواری بە وشکە کەڵەك بۆ راستکردنی زەوی لێژ، لە لای بانەوەش خۆڵی دەکرێتە پاڵ، قەدەمە.

لەپتین بەبێ ئارامییەوە: "دەترسم بیڵێم. گوێ سووك زۆرن... ریسەکەم... هاییتان لێمبوو. لە بیرتان ماوە کە گوتم دیوار بەگوێیە... ببوورن، گوێتان لێمە. لە نێوان خۆماندابێت دەزانن رۆژەکەی ئەوهایە متمانە نەماوە.".

باڵباز: پیری خوو منداڵ! سوێندمان بۆت خوارد. دووبارە و سێ بارەش بەڵێن بێت. وادەزانم مەرگ گوێ و چاوتی بردووە، هەی...".

هەژی بە نەرمییەوە: با ئێمە دڵفراوان و چاو گەورەتربین. دوایین هەلی بدەینێ، بەڵکو هۆشی دێتەوە. تووڕە بۆن تس و شێلمە قانگەکەی دەشکێنێت...

خوترمە بەدەستەکان، دە دوازدە پێنگاوێك دوور بە وشتییەوە و چاوەڕوانی فەرمان بوون. دوو چاوی لەپتینیش لە نێوان تێرا و باڵبازەوە چوون و هاتنەوەیان بوو، بە قەڵەزراوییەوە: "ئێوە ئاگادارنین، شتەکە زۆر زۆر نەهێنییە. (بە نابەدڵییەوە): من بازرگانم... برابەشێك لە هەرێمەکەی خۆماندا (مەبەستم کوردستان- هەوارە هەنگوینەکەی خۆمانە) ئاگاداری کردوومەتەوە، کە بە باروبووی کوردانی هەندەران و رێکخراوە خێرخوازەکان، دراوێکی زۆر ئەستووریان بۆ پرۆفیسۆرێکی زانکۆ، بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەرێمەکەماندا کۆکردۆتەوە. گۆڕانکارێکی مەزنی ئەکادیمیانەیە، دەرئەنجامەکەی هێندە بە کەلك و بە بڕشتە، دەر و دراوسێیانی و هاوسنوورانیشمان بە مەمنوونییەوە بەدوایدا وێڵ دەبن. لە ئەنجامی تۆژینەوەی زانستی خەست و سەختدا دەرکەوتووە، کە کارەکانی تاکو ئێستا کردوومانن (مەبەستم کارەکانی کوردستانمانە)، هەر هەموویان سەراوکوونن. بۆ ئەوەی شتەکان بە راستی و دروستییەوە، بە رێکوپێکییەوە بکرێن و ببیندرێن، دەبێت ئەوانیش سەراوبن دانیشن، ئەوکاتە سەر بە کنگ و کنگ بە سەر دەکەوێتەوە بەرچاو، خێچیش لەبەر چاوی خێلاندا راست دەردەکەوێت، دووش لەبەرچاواندا دەبێتەوە یەك، ئیدی گرفتێك لە ئارادا نامێنێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە پیرۆزە، پێشنیارکراوە راستەوخۆ گرێبەست، گرێبەستێك بە نەهێنی و راستەوخۆ بۆ کڕینی کورسی زانکۆیی ئامادەکراو، لەگەڵ کۆمپانیا ناودارەکانی پەرێزپاك و بەبڕشتی جیهانی مۆر بکەن. کۆمپانیا و بازرگانە جیهانییەکان پێی بزانن کەلکی دەبڕن. ئەم راستەوخۆیی و نەهێنیەشی بۆ چارەسەری دەست تێوەردان و وەلانانی پشکی زڕبرایانی سەر زلە، چونکە بەڵێندەرە هەڵپەرستەکانی خۆیی، هەر یەکەو لە بنبالی سێ چوار مام و

کاکاندان.. بە ناوی کۆمپانیای جۆراوجۆرەوە بە نەهێنی کارەکان گرێدەدەن، پێشەکی سوودەکەی دەخۆن، ئارەقــە رشــتن و کلاشدڕانەکەشــی دەدرێتــەوە بەلێنــدەری دووەم و دەســتی ســێیەم و گۆترەکاری چوارەم.".

گەنجۆ کە تا ئەوکاتە بە سەر کولاوییەوە دانی بەخۆیداگرتبوو، بــە رووخســارێکی هێمنــەوە: "نەگبەت! کورسی چی و گرێبەستی چی؟".مامۆستا هەژی پتر لە گەنجۆ ورد دەبۆوە

لەپتێن دووبارە چاوی بە هەرچواریاندا خشاندەوە: "نامەوێت سەرتان بێشێنم بۆیە لە کورتیدا دەیبڕمەوە و بە دوو وشەی سادە دەیلێم، بەڵام ئێوە و خوداتان لە نێــوان خۆمانــدا دەرنەچــێت، نەهێنییەکە لێرەیە کە پرۆفیسۆرێکی بلیمەت، بە تەمەنێك تۆژینەوەی زۆر ورد و قووڵ و فراوان گەیشتۆتە ئاکامێکی دڵ فێنککەر، بە رێگەیەکی کــورت و ئاســان و هــەرزان، گــۆڕانێکی زۆر مەزن لە کۆمەڵگەی خۆمان بکات. مافی خۆیەتی بترسێت، ئــەنجامی تۆژینەوەکــەی بکەوێتــە دەست دەر و دراوسێیانی یار و نەیار، ئەوانەی لە جگەر گەورەیی و بیرمەندیدا تۆزی ناشکێنن، داستانی داهێنانەکە بەناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن و ئێمەش...! (هەناسەیەکی نیمچە ئــارامی هەڵکێشا) ئاخۆ بە چاکی بیستتان؟. بە تەواوی لە مەبەستەکەم گەیشتن؟".

ئەفسەر لە بێزاریاندا دووکەڵی لێ هەڵدەستا: "گوێم لێتە، کەڕنیم. تێتگەیتشم خۆ کــەرنیم، دەیبیستم خۆ ئەتۆ نیم! ئەتۆ کە بە زۆروەڕی و گێلی نواندنــەوە خــۆت ســەری خــۆت بــە بــڕین بدەیت! بۆ لە نانبڕ و دۆبڕان دەترسیت؟. ئەتۆ هەر لە خۆتەوە گەمژەی، یان بە ئەنقست گەلحۆیی دەنوێنی؟ یا ئێمە بە گێل و گێل باوك دەزانیت؟. نازانم چڕکی[173]؟ چرگە هێڕەی وێڵی؟ منجڕ و لەوجڕی؟ جەواڵدڕی؟ یا دەتەوێت بەم فێڵوفرتە ساکارانەت دەستی ئێمە ببڕیت؟. ئەگــەر پێشــتر بەم گەمەیە خواردووتە، ئەمجارە ترشە بۆت ناخورێت!. بگەڕێوە! سەرچــیغ رۆیشــتووی. ســواری سەری خۆت بوویت. دانەکەویت و هەر ئەوها بکوتیت، لە ناوەنــدی گۆڕســتان دەکــەویت۰ (بــە پڕماوییەوە) براگیان! ئێمەش بە کورتی و بە کوردیەکەی بــەڕێزتان، راســتەوخۆ، رێــك و رەوان، بێپەناوپێچ گوتمان: گوێ لــە کۆنــە قــەوانی ســواوی زمــان لووســان نــاگرین. تکایــە پیــازێکی سپیکراومان لەدەست بنێ و هیچیترنا. تۆ بە رێی خۆتــدا بــڕۆ و ئێمــەش ئەســکوردی خۆمــان

١٧٣- چڕك: چڕکی گەنم، کوتراوی تەڕ و چڕبوویەوە. ئەسترێلك، سریش.

دەشكێنین. جارێكی دیكەش بۆ خاتری خـودا دەیڵێمــەوە لەگــەڵ ئێمــەدا دەرنابــەیت. راســتی نەڵێیت ئەم سەلكە زلەت بە زندوویی لێرە دەرناكەیت. ئەگەر كوردیت بیرچـۆتەوە ئـەوا ئێسـتا دەم لە چ زمانێك دەكوتی بەو زمان پێمان بڵێ.".

لەپتین بە كاوەخۆ: "كاردار و بەپەلەین بۆیە بە كورتی دەیبڕمەوە. سور بزانن خەڵكانێكی سپلە بەدوای كەری تۆپیودا دەگەڕێن نالّی لێبكەنەوە. سەگانێك بە دیار ماینی حـدودی كـەوتو وەركەوتوون و چـــاوەڕوانی دوایین ئـــاوزنگینە سكی هـــەڵدڕن و هەنـــاوی بخـۆن.".

گەنجۆ ئاماژەی بۆ تەڕك[١٧٤] بەدەستەكان كرد.

لەپتین هاواری كرد: "مەكە! مەكە! كەلكتان بڕی، خێرتـان نەهێشـت. هێشـتاش نـاهێڵن گوەكەتان بۆ بخۆم. لە ئـەنجامی لێكۆڵینـەوەی ئـەم پیتۆڵـە بێهاوشـانەدا دەركـەوتووە: ئەگـەر هاوڵاتیانمان گۆڕان لە شێوازی دانیشتنیان بكەن، ئەگەر سەراوژێر دانیشن، ئەوا یەكدی و كـاری یەكدی و دەوروبەریان زۆر بە باشی دەبینن و بە وردی یەكدی دەخوێننەوە. زۆر بە ئاسانی و بـە چاكی تێك دەگەن، كە تێكگەیشتن ئەوا زوو بە زوو رێـك دەكـەون. بـە تـەبایی بـۆ چـاككاری دەكەونە گەڕ. گرێبەستی یەكەم بۆ دروسـتكردن و هـاوردنی جـۆرە كورسـییێكە بـۆ دانیشـتنی سەراوكوون لەبار بێت. ئەوەی دووەمیشی ئەوەیە جۆرە چاویلكەیەك بێنن كە خەڵك لـە بـازاڕ و شوێنە گشتییەكاندا سەراوژێر پیشان بدات.".

هەژی لەگەڵ قاقاكردندا هەردوو بـاڵی خـۆی وەك بـاڵی سـۆنە كـردەوە و هەرزەكارانـە بـە ســەماوە بــە دەوری خــۆی و باڵبــازدا خولایــەوە و بــە گەشــییەكی ســەردەمی گەنجایــەتیی: "شەمامەی خاڵخاڵ، شەمام شلكی... دەبەرت گەڕێم ناسك و فێنكی. ئەرێ بە بانانەوە، گیانە بە بانانەوە... وەڵا بەرتیلیان دەدا، لێشم دەپاڕانەوە.".

گەنجۆ بەبێ ئارامییەوە: "باڵباز من كاری گرنگم بە دەستەوەیە، چیكڵدانەشم لێـی پڕبـووە، دەترسم كەتنێكم پێ بكات. خۆت و مامۆستا تێیبگەینن، ئەگـەر زۆریـش لـە ریسـە ئـاڵۆز و رزیوەكەی ترسا، ئەوا سێپێك و كندرێكی قایمی بۆ هەڵبەستن.".

---

١٧٤- تەڕك: تێرا، خوترمە، داردەستی گەورە، مەترەق، بەرچیغ. لكە داری تەڕ بۆ خستنەناو زۆپەی داران دەیبڕن.

که گەنجۆ پشتی کردەوە[175] باڵباز زلللەیەکی ئەوتۆی سرەواندە دەموڵەوسی لەپتین، ددانە نوێیەکانی لە دەمیدا شکاو کەوتە خوارەوە و خوێن لە دەم و لووتیدا ڕێژاوی بەست. کاتێك هەژی بە ئاگا هاتەوە لەپتین راکشاوە و باڵبازیش پێنەی لە سەری دەکوتا و دەیگوت: "سیخوڕی کوڕی سیخوڕی، کووکە گێڕی ئاژاوەکار، لۆچی نازانی تەوێڵ و چاوی مۆن و رووی مڕ و گوێی هێسترانیت هاوار دەکەن هەویت!... هەویت. باس کڕ و نووچە فرۆشیت. چی بکەم یاسا دەستی بەستاوم، دەنا دەزانم ئەتۆ دادگا و مادگات ناوێت، هەر لێرەوە، بەبێ دواکەوتن سەرت...".

هەژی لەپتینی لە ژێر پێی باڵباز دەرهێنا و داینیشاند و گوتی "لەپتین دەتناسم، دڵڕەش و نیازگڵاونیت.(رووی کردە باڵباز) ریش سپیایەتی و ئەقڵ کاڵی منە... پرۆفیسۆرە نوێکارەکەیان بە شەو هەڵفڕاندووە، تاوانیان لێ بارکردووە، ئێستا لە نەخۆشخانەی دەروونیدا دوو پۆلیس شەو و رۆژ بەدیارییەوەن... ئەمەم چەند رۆژێکە لەخزمێکی نزیکی راگری کۆلێژەکەی دکتۆری پرۆفیسۆرم بیستووە... دەڵێن ئەگەر کەسی دەست نەکەوێت جنێو وەشێنی بکات، ئەوا بەزمان هەندێك کەس لەت لەت دەکات. وەك منداڵێکی نەفام، نرخ بۆ هیچ کەسێك، بۆ کات و شوێنیش دانانێت!. ئەوەی بەڕاستی دەزانێت، دێتە سەر زمانی و نایگێڕێتەوە. بە جنێودان و هاوار هاوارەوە نهێنی ترسناك و تاوانی گەورە ئاشکرا دەکات. شتی ئەوتۆ دەڵێت ئەقڵ فەریکان نەبن کەسانی دیکە لێی هەڵناگرنەوە، پیتۆڵانیش نەبن تێی ناگەن. دەککە قوربانی لانك و ناو لانکی دایکت بم... دەشڵێن لەسەر داوای راگری کۆلێژەکەی، پزیشکان گوتوویانە: مێشکی زۆر ماندووە، نابێت ژن و منداڵەکەشی ببینن. خزمانی داوایان کردۆتەوە بەڵکو بیبەنە دەرەوە، بێسوود بووە، ئینجا چۆن لێدەگەڕێن مەمانان و هاوڕێ و قوتابییەکانی بیبینن!

دەڵێن ناوە ناوەش گاس دەکات: فەریکە گوێز... فەریکە گوێز... گوێزی پڕ و بە دەماخ... گوێزێکی بچکۆلە بچکۆلە، گۆڕانکارییەکی گەورۆنە گەورۆنە... هۆۆۆیی کێ گوێزگوێزانێ دەزانێت... وەرن قاقایانێ و پێنجووکانێ و سێڕچکانێ بە گوێزان بکەین. گومەز و گوێز...

---

175- که پشتی کردەوە: که رووی لێ وەرگێڕا، که پشتی تێکرد.

کەللە و کەلا... نیسك و گیسك. سابڕ[١٧٦]ێن سابڕکردن. (هەژی بە تێرشادییەوە) مامە باڵبـاز! لەپتین راست دەکات. من بنەوانەکەیم هەڵبەستووە. من ئاوەکـەیم رشـتووە... لـەپتین ئاگـادار نییە، بەڵام راست دەڵێت. کاری لەپتین باشبازرگانی گێل و راستگۆ بە مـن بسـپێرن. دڵنیـابن لەپتین دەست و دڵی پیس نین، بـەڵکو بـە چاوبەسـتراوی کەوتۆتـە دوای بابەتەکـەوە. ئێمـەش بەهەڵە ئەومان لە داوی داوبازان کردەوە. بۆمنی بێڵن، لە گەرانەوەشیدا بۆخۆم لەگەڵی دێمەوە، بەڵام لە بری گرێبەستی تراویلکەیی ساویلکان، گۆڕانکـاری نـوێ و نـوێزادان، نوێبـاز و کۆنـە نوێخوازانی لێزان و نەزان، (خوازەخان)ی داپیرەشمی پیشـان دەدەم. (روانـی، بینـی لـەپتین وەك ماری کوژراو راکشاوە) تکـایە نەختێك لێی بکشـێنەوە بـــا هەناسـەیەکی ئـــارام بـدات و هۆشی بێتەوە بەر.".

باڵباز دانەوییەوە و لەپتینی خستە سەر پشـت، لـە پێشـدا ویسـتی داینیشـێنێت، ئینجـا راستی بکاتەوە. لەپتین بەبێ ورتە خۆی خستەوە سەر سك. باڵباز وەریگێرایـەوە، بەمەبەسـتی ترسـاندن: "پیرە رێـوی! چۆن چـاوی خستۆتە سـەر یەك و هەنـاسەی لە خـۆی بریوە!".

لەپتین کەوتە ناڵەناڵ و ورێنەکردن. باڵباز بە سەریەوە هـاواری کـرد: "چـەتۆکە! رێگرۆکـە! تۆبزۆکە! هەندێك ئاوی کوڵاوم بۆ بێنن.".

لەپتین وەك گیان بدات، کەوتە پەلەکوتە، ناولەپ و پاژنەی پای لە زەوی دەکوتا...

هەژی تێی راما و گوتیە باڵبازی: "لێـی دووربکەونـەوە! لێـی گـەرێن، چارەسـەری بـەمن گەیشت.( لای لە چەتۆکە کردەوە) نەختێك بەفـراوم بۆ بێنن!." باڵبازیش سـەری رەزامەنـدی بـۆ هـەژاند. لەگەڵ بەفراو پژاندن بە روویدا لەپتین چاوی هەڵێنا. لەگەڵ خوێن و ئارەقەدا ئازار لە دەم و لووت و تەوێلییەوە دەردەکـەوت. چـاوی گێـرا، وەك نەخۆشـێکی زۆرگـران و نیمچـە بێئاگا: "ئێرە کێندەرە؟ بەڵێندەرایەتییەکە!. گۆڕانکارییە مەزنەکە بە راشـکاوی راگەیەنـدرا؟. بە کەمکردنەوەی بە راشکاوی گرێبەستەکە دەکرێت؟ دەیکەین... کار و پارەکەی لەسەر من... سوودمان بە نیوەیی، نا نا، سێ بەشین هـەر یەکـە و سـێیەکێك... هەنـدێك لامێـژی ئـەولا و ئیملاشمان بۆ پەیدا دەبن.".

---

١٧٦- سابڕکردن: بڕینەوەی خوری مەڕ و مووی بزن بە تەواوی، کە هیچ بۆ ئاژەڵکە نەهێڵنەوە.

هەژی راستی کردەوە و داینیشاند، بە بەزەیی پێداهاتنەوە: "مالۆیرانی لە خۆم مالکاولتر. مەرگ هەلی گرتووی؟ بۆ لە بیاباندا کەوتووتیە دوای قەلقەلاشکی ناو گەردەلوولەوە؟ (لە شانییەوە بەرزی دەکردەوە) هەستە، هەستەوە سەرپێیان. بۆ ئەم دکرە بەخۆت و بە من و بەم خەلکەش دەکەیت؟".

لەپتین کاسانیی چاوی دەگێرا. تاقمە ددانە شکاوەکەی لەولاتر کەوتە بەرچاو، بە گاگۆلکە بۆی چووە پێش.

هەژی بە زەردەوە: "لەپتۆك! لەم تەمەنەدا بۆ ئێمە نەهاتووە لەبەر چاوی خەلکدا بە چوار پێیان برۆین... راست بەوە! هۆشت بێنەوە، بە دوو پێیان برۆ. بروانە دوور و نزیك، بە تەرازووی ئەقلە شرەکەت، بەراوردێك بکە، کە بینیت ناگونجێ و خۆت سووك دەکەیت، بە دوو پێیان بکشێوە، بەلام ئەگەر بەبێ پێوان و لێکدانەوە، هەر ترکتوخوا[177] مل بنێیت و نەگەڕێیتەوە، ئەوا وەك ئێستاکەت، چوار پەلت هەیە، دەبێ چواری دیکەش قەرز بکەیت ئینجا پاشەوپاشیش بکشێیتەوە.". دانەوییەوە، بە سووکی بنبالێکی بازرگانی نازداری گرت و راستی کردەوە. بازرگان بە شەلین و ئاخ و ئۆفەوە هەنگاوی دەنا. بیری لە ساکاری و سەرەرۆیی خۆی دەکردەوە. روانییە دەوروبەری، بینی گشت بە وشتی تێی رادەمێنن. بە خەمگینییەوە: "ناتوانم، حەزدەکەم بە چوار پەلان برۆم!.".

هەژی دووبارە بە زەردەخەنەیەکی کالکەوە: "نا نا، ئێرە نەرمێنە و زوو لە بیرت دەچێت، شوێنەکەی من وەرزشی مێشکی لێ دەکەم، تاکو بلێی رەقێن و چەقێنترە. سێسوو و کەربەشە[178] و کونجرکی چاکی هەیە، لەوێ باشتر پەند وەردەگریت و لە یادت دەمێنێت، لە واری خۆتەوەش پێویستت بە ئامۆژگاری و وەبیرهێنانەوە نابێت. چونکە پیری مێشك بەردین و رەقەکار، بە ئازار چەشتن نەبێت نایەتە بەربار.".

لەپتین بە بێزارییەوە: "باشە ئەگەر بە چوار پەلان نەبێت چۆن لەم هەورازە رکەی پێشمانەوە سەر بکەوم؟ ".

---

١٧٧- ترکتوخوا: خۆ و بەخت. بە رێکەوت.

١٧٨- کونجرکە و کەلۆغان. چاوبازە و سێ سوو. دوو جۆرە رووەکی دڕکاوین.

هەژی: "سەرکەوتنی هەورازی رك، رکاورك نابێت، بەڵکو گەوە و گەوەکاری، نەبەزین و روانینە بەرزی گەرەکە. هەرچەندە رۆیشتنی رووەو هەوراز سەختە، بۆیە بە دوان یا بە چواران سەربکەویت هەر بەرزبوونەوەیە، کە سەریش کەوتیت ئەوا لووتکەی بەرزتر دەبینیت و جیهانێکی فراوانتریشت لە خواروی خۆتەوە دەکەوێتە بەر چاوان، کەچی دابەزین و شۆڕبوونەوە زۆر ئاسانە، خشین و خشخشۆکەی منداڵانە، بە دانیشتن و خزین دەگەیتە تەپانی بن، هیچ شتێك لە خواروی خۆتەوە نابینیت. لە هەڵزنانی بە چواراندا، بە لاکردنەوەیەك، بەر و پشتی خۆت دێتە بەرچاو، بەڵام لە شۆڕبوونەوەی بە چواراندا هەر سەرمەقوڵانێی خۆتە، سەری نزم و قنگی بەرزت دەبینی و هیچی دیکە نا. بۆیە هەموو شتەکانی سەرکەوتن و دابەزین بە تەواوی هەڵگێڕانەوە و پێچەوانەی یەکدین.".

لەپتین بە قورگی گیراو و دەنگی پڕ ئازارەوە: "هەژی! من هەندەی تۆم نەگوتبوو مارکوژتان کردم. بەپەندتان بردم.". هەژی بە گاڵتەیەکی سەردەمی منداڵییەوە: "لەپتین! مامۆستا داودت لە یادە کە دەیگوت: وەڵام دانەوەی پرسیار بە بست ناپێوم، بەڵکو شوێن و شێوە و جۆرەکەییم دەوێت.".

باڵباز لە راستاییەکەوە توورەگەیەکی لە پیاوێکی کورتەبنەی سکن وەرگرت، ئاخنییە باخەڵی، بە پێکەنینەوە رووەو لەپتین هاتەوە. هەرسێکیان رووبەڕوو وەستان. لەپتین لە ژوورەوە دەکوڵاو لێوی خۆی دەکرۆشتەوە، توانای بینینی چاوی باڵبازی نەبوو. سیسارکی ژان و سەگساری سوو لەخۆ بوونەوە، دەمیان لە کەلەشی بێهەناوی دەگێڕا. ناوە ناوە زمانی وشکی بە مەلاشوو و لالێوی دادەهێنا.

باڵباز بە زەردەیەکی دەستکردەوە: "مام لەپتین! ببوورە نەگبەتی و سەرگەرمی دەستی لە هەردووکمان ستاند. گەردنت ئازادبێت، تۆش گەردنی من و مامۆستا هەژی ئازادبکە!".

هەژی دەستی باڵبازی گووشی و مەچەکی لەپتینی گرت و گوتی: "هەموومان خاوەن کارین با بڕۆین.". لەپتین نەجوولا، چاوەکانی بە باخەڵی هەڵدەفاوی باڵبازەوە نووسابوو. هەژی ویستی رایبکێشێت. لەپتین بە دوایدا نەچوو.

هەژی وای بە دڵداهات کە لەپتین لە ترسی هەورازەکەی بەرامبەریانەوە ئاوی دانوانی بە خۆیداکردووە[١٧٩] بۆیە گوتی: "با بڕۆین، چی راگیری کردوویت؟".

لەپتین بە هەناسە ساردییەوە: "دراوەکەم، سێ بەستە دۆلارم داوەتێ بیداتە تۆ، چارەی تۆی پێ بکات. کەچی تۆ چارەی منت کرد، ئەویش سەربڕانەکەی خوارد. پێم خۆشە لێی بستێنینەوە یا تۆ بۆخۆتی وەرگرەوە یا هەر...". هەژی بانگی باڵبازی کردەوە... باڵباز گەڕایەوە لایان. لەپتین چاوی بڕیبووە ژێر پێی خۆی و دەلەرزی. باڵباز تێگەیشت. سوور هەڵگەڕا. هەژی گوتی: "سێ بەستە پارەکەی.". لەپتین تەقەتەقی ددانی دەهات.

باڵباز بە مۆنییەوە: "شتێکی دایە من و گوتی چارەی مامۆستا هەژی پێبکەین... سوپاس بۆ خودا چارەی هەموو لایەك کرا. (بە چاوی زەقەوە گوتییە لەپتینی) پاشگەزبوونەوەی دەوێت؟. دانە رۆژێکە شەکەت و شەلال، خەریکی دەمپسێنیت، کەچی تۆش داوای پارە دەکەیت!. بێنە... بێنە! تێپەڕنامە و ناسنامەی بازرگانییەکەت گلدەمەوە. جارێکی دیکەش گشت هەگبە و گیرفانەکانت بپشکنم! ... بۆ شاخان ناهاوێیت؟ نەم خستیە ژێر مەترەقۆکەکەی چەتۆکە و... دیموکراسیزمی دێمەکار، جاڕ و جاڕسنامەی مافی مرۆڤی ئێرەت پیشان بدەن. وا پێدەچێت باشبازرگانی کەمۆ و خۆ گێژوێژ نوێن، یاسازانی هەندەران و یاسا نەناسێکی نەقۆڵای هەرێم بێت. (بە ترساندنەوە) ناوی خۆت و ناوی ناو تێپەڕنامەکەت تێك ناکەنەوە. لێکۆڵینەوەکەی چل شەوێکی دەوێت، دەبێت لە بەندیخانەشدا فەتەرۆ بلێیت و لە گیرفانی خۆشت بلەوەڕێیت، وێڕای ئەوەی گومانی سیخوڕایەتییەکی ناوداری بێگومانیشت لێ دەکرێت. بە ویستی ناحەزانمان هاتووی لە سێبەری ریشی سپییەوە، رەشکاری ئەنجام بدەیت. کەچی هێشتاش... واپیشان نادەیت کە چەرچییەکی[١٨٠] تێکەوتوویت و مەبەستەکەت بە روونی ئاشکرابووە!. خۆشت وا دەردەخەیت بێئاگایت و نازانیت چەرچی پیلەکەت دابەزیوە؟ ناچارین بۆ ئەوەی شتەکان لە زاری خۆتەوە ببیستین، پێویستت بە چەرچکردنەوە[١٨١] هەیە.". لەپتینی بەستەزمان بە چاو لە هەژی پاڕایەوە

**١٧٩- ئاوی دانوانی بەخۆ داکردووە: سووتاوە. ورەی رووخاوە. دانوو: گەنمی کوڵاو بۆ ئەوەی ببێتە ساوار.**

**١٨٠- چەرچی: بکڕ و فرۆشکار، مامرەتچی. ((شەڕ بە شیر، مامرەت بە دراو))**

**١٨١- چەرچ: شەحن، پڕکردنەوەی بارگە.**

# ١٢- ئاشگەڕان

مامۆستا هەژی روو دەکاتە باڵباز و بە هێمنییەوە: "هەرچەندە مـن دراوی رەدووکـەوتوانی پوول، بە بۆگە[١٨٢] دەبینم، لەگەڵ تۆقاندن و پـەڵپ پێگـرتن و رێگـری و رووتکـردنیش دا نـیم، بەڵام پوول ستاندنی بەبێ پسووله و بێ تۆماری یاسایی، بە کولك و کۆڤانی هەناوی سەرانی زل دەزانم. بـۆ جیـاوازی نێـوان نـاوی تێپەڕنامـەی و نـاوە راستەقینەکەشـی، منـداڵانی بەرمەمکانیش دەزانن ناوی ئێرەی کـوردانی هـەڵاتوو و نـاوی تۆمـارکراوی نێـو تێپەڕنامـەی هەندەرانیان تێکناکاتەوە. ئەگەر تەنها بۆ ئەویش وانییە ئـەوە شـتێکی دیکەیـە. پرسـیارێکی بچووکیشم هەیە؟

باڵباز بە مگێژەوە: فەرموو مامی هەموان...

هەژی: ئێرە کوندەبەبۆی هەیە؟

باڵباز بە سەرسامییەوە، بـۆ؟

چونکە چۆلەکەی زۆرە، ئەگەر نەخورێن و زاوزێ بکەن ئەوا ساوار و دانـدۆك و بـەرۆژەی[١٨٣] سەربانان و دانی گوڵی تەباران و ناوکی گوڵەبەرۆژەی بەراو و دێمەکاران بەریان ناگرێت.".

باڵباز تێبینەگەیشت یا خۆی گێل نواند، بە دەمیەوە پێکەنی، وەڵامی نەدایەوە. باڵباز کـە پێشتر خۆی گەرم و توونـد پیشـان دەدا، سـارد و شـل بـۆوە، بـە ئەسـتەنگ دەسـتی خسـتە گیرفانێکی دواوەی چـاکەتەکەی مـاوەیەك خەریك بوو، بەستەیەکی گەورەی لە ناو پـەڕۆکێکی شین و تەنکدا دەرکرد. بە رووی گەشەوە: "مامۆستا هەژی گاڵتـەم لەگـەڵی کـرد، گـوتم بـزانم بازرگانی نێودەوڵەتی، چەند هەڵدەگرێت. فەرموو ئەوەش دراوەکەی خۆی، خودا ئاگادارە نەشـم کردۆتەوە. خۆشی دەزانێت جگە لە من و خۆی و خودامان کەسـێکی دیکـە هـایی لێ نییـە." هەژی لێی وەرگرت و کردییەوە، بینی سێ بەستەن:دووانی تـاك دۆلاری و یەکێکیشـی پێنجـی

---

**١٨٢- بـۆگە: بۆنی گەنیوی گرتبێت. گیاو خۆراکێك ئاژەڵ بۆنی لێبکات و نەیخوات.**

**١٨٣- بەرۆژە: کەشکی ورد. دژی خەست و وشککراوەی بەر رۆژ.**

پەڕپووتە. لەپتین بەدەم روانین و سەرسامییەوە لە سەروسەکوتی خۆیدا. ئاوڕی دایەوە، باڵبـازی نزیك و دوو تۆبزۆکەی دوورتر کەوتنە پێش چاوی، هەر خێرا دەمی داپچڕی و گوتی: "ئافـەرین شیرپاك و راستیخوازی وەك تۆ لەم وڵاتەدا هەبێت!. لێ تۆژینەوەمان بۆ چییە!؟."

باڵباز بە گرژینەوەیەکی گرژ و مۆنـەوە: "مامـە لـەپتین، شـتێکمان لـە دوو مـامی وەك جەنابیان دەستبکەوێت، ئێمەش بەسەر بیست بەشی گەورە و هەشتا پاژی بچووکدا بە نووسین و لێکدانەوەی رۆژانە دابەشی دەکەین. تەنیا سەگوەڕی و کنگ تەڕیمان بـۆ دەمێنێتـەوە، ئـەوانی دیکە زنجیری ئەستووری پۆڵایینن، بێباکن. پسان و کەمی، رووزەردیەك هەبێت ئەوا تـەنها بـۆ ئەم پێنج شەش کەسەیە کەوا لێـرەدا لەبەرخــــۆر و لـە نـاو خۆڵـدا بـە شـەکەتی و بێوچـان، بێنووستن و بێ سەرشۆرینی هەفتانەش... وادیارە بەشمان لەم دوو دۆلارەی تۆدا نەبوو، دەی خوا گەورەیە. لە گەڕانەوەدا ئێمەت لە بیر بێت".

لەپتین، یەك یەك، هـەرجارەی بەسـتەیەکی لـە دەسـتی هـەژی هەڵـدەگرت و بـۆ باڵبـازی هەڵدەدا، ئەویش هەر سێ جار بە دەم دەیگرتەوە. لەپتینیش بە ژێرلێوەوە با بەم چنکە نانـە... بە ئاشکرایش گوتی: "ئەوە چۆنە کارتی خۆم و کۆمپنیایەکەمیان لێ نەکەوتووە؟. (بە خۆشـی خۆشییەوە دەستی هەژی گرت و گوتی): مەردبە لە هەورازەکەی پێشمان، پێشم بگــــرەوە.".

باڵباز هەرسێ بەستەکانی خستە دەستی چەپی، دەستی راستی بۆ هەژی درێـژکرد و گـوتی: "خۆزگە ئەم وڵاتە حەوت هەشت بیر روونی وەك تۆی تێدا بەدەست دەبوو.".

هەژی بە گاڵتەوە: "ئێوە بوونە برادەر و برابەش، بەشی منیش ئێسـکگرانی و بـەرگاڕانی، بەڵام هەر پابەندی گفتی خۆمم. دەیبەم، خوازەخانی نـەنکمی پیشـان دەدەم. تـۆش وابکـە زوو ئۆتۆمبێلەکەمان بدەنەوە و بەڕێمان بکەن. تا زووە لەبەر چاوتانەوە بزربین!

باڵباز بەرەو دارتووەکەی خوار پاردەکەوە دەخزی، تا گەیشتەوە، دوو کەسی دیکەش پێشیان لێـی گـرت و گیرفانیـان ئەسـتوورتر کـرد. ئـەویش لـە خـوارووی دار تووەکانـەوە گیرفانـە پەندماوەکانی دانان و ماوەیەك خۆی گنخانـد و چـاکەتەکەی بـە چـاکەتێکی نیمچـە پـاڵتۆیی گۆڕی، کە دەر و ژووری چین چـین باخـەڵبوو. حـەیزەران بـە دەسـتەوە بـە سـووکی گەیشـتەوە شوێنەکەی خــۆی.

هەژی و لەپتین لە کەنارێکی حەشاماتەکەوە، لەبەر خۆرەتاودا، دوو سعاتێك لەسەر پۆلیـان چـاوەڕوانی بـەڕێکردنیان کـرد. نـاچاربـوون سـەر بە مـاڵی دوژمنیـان دابگـرنەوە و روو لە باڵباز بنێنەوە.

باڵباز: "بمبوورن لە سەرقاڵیان نەمتوانی وەڵامتان بدەمـەوە، گـەلێکم لـە گـەڵ گـوتن، بـە تووندیش بابەتەکەمان تاوتووکرد، نەهاتنە رایـێ، هـەر دەڵـێن: ((خـەڵکێکی زۆری لەپێشـە، پەلەی چییەتی؟ ئەو پێشـبخەین تووشـی گرفتـی گـەورە دەبـین، (بـە پێکـەنینێکی گرانـەوە) گوتیشیان ئەو پیرە ملیاردێرە، وەك بەخۆی دەڵێت، بازرگانێکی جیهانییە و لـەدەرەوە دەسـتی کراوەتەوە، بۆچی بۆ خۆییانیش قرچۆك و قرپۆکە؟ لێی گەڕێن بـا لـە کـاری ئێـرەش رابێـت.)) چیان لێ بکەم؟ بیانکوژم؟. من بەرفەرمانی ئەوانم، ئەوان لە دەستی مندا نین. ئەرکیان گرانە و کاری خەڵکێکی زۆریـان لەبـەر دەسـتدایە. سـەدان کاربەدەسـت راکـە راکەیانـە و هەریەکـەو ناسنامە و دوو پسوولەی بە سەوز و سوور نەخشاوی بەدەسـتەوەیە و دەخـوڕی و دەبڕیـت. بـە خوڕینەوە دەنەڕێنێ: ((نامناسن؟ دەزانن من کێم؟ من میر فلانم... من فڵتان شـێخم!... چـۆن نامناسن؟ وا دیارە بە ئەنقەست بۆ مەرامی تایبەتیتان بەڕێم ناکەن؟)). بە بارەبـار گێچـەڵمان پێ دەفرۆشن، دەیانەوێت بەسەر خەڵکـە هەژارەکـەدا بازبـدەن و یاسـا پێشـێل بکـەن. ئەوانـە هەنجەتێکیان دەست بکەوێت، لە شیشمان دەدەن. بازرگانە فەندیش دەیەوێت بە ئاسانی بمانخاتە ناو گێژاوەوە. بۆچی ئێوەش هەر من دەبینن؟ دەتانەوێت نانم ببڕن؟ (دەستی بۆ لای دار تووەکـە درێژکرد) لە من گەورەتر ها لەوێن، لە ناو کابینە سپییەکەدان. بڕۆنە لایان! من هەر پاڕانـەوەم پێکرا، ئەویش بێ سوودبوو.".

چاوەڕوانی خۆی لە خۆیدا برژانە، ئینجا ئەم جۆرە چاوەڕوانییەش. هەژی: "باڵبازی ئەسـتێرە لە بان شان!. هونەرەکەی تۆش وەك ئەوەی لەپتینە، چیدیکە فەندومەندان مەنوێنە! بە بەرچاوی من و ئـەم خەڵکـەوە لـە کاتژمێرێکـدا دەیـان برادەرتـان بەڕێدەکـەن، کەسـێك نییـە دەسـت لەبەردەستتان هەڵبدات. کەچی بۆ ئێمە...".

باڵباز بە چاوی سوورەوە: " پیرە هەژی! ئەتۆش دەتەوێت شتمان بۆ هەڵبەستی؟ خۆت تـاقی دەکەیتەوە؟ هەر شڕەیەك بێت و بە دوو شیرەشیڕ بازگە بخاتە ژێر دەستی خۆیـەوە. دەسـەڵات و یاسا قورخ بکات. بکەوێتە ئـاژاوە گێـڕی! پێمـان ناڵێیـت دوارۆژی گـەل و ئاسایشـی وڵات و

داهات و گەنجینەکەی بەرەو کوێ دەچێت؟. بەم بارە ئـارام و هێمنییـە جـێگیرەوە، ڕۆژ و شـەو کاربەدەستان وەك مێشەنگوین دەجمـێن و ناحـەجمێن. کـاری خەڵکەکـە بـەبێ گرفـت دەڕوات. فەرموون! ئەگەر لێپرسینەوەی بازگەکان توند و تۆکمە و ورد و بە پشوونەبێت، ئەم کەشوهەوا خۆشە بەچـی دابـین دەکرێـت؟ هـەر ئەفەندیـەك بێـت، دووکاتـژمێر بـۆی بڕێسـین، ئینجـاش تێنـەگات... هەسـت بـەم کـڕی و بێدەنگییـەی وڵات ناکـەن؟. نـایبینن ئـەم سەربەسـتی و بێبەربەستی و لێنەپرسینەوەی لێرەدا هەیە، لە سویسراشدا شتی وەها نەبیندراوە!. شـەو و ڕۆژ بسووڕێوە (بە زەردەوە) لەڕووت بێشـەرمی نـەبێت بێشـەرواڵ بگـەڕێ... ئـەدی ئەمـە بەچـی دەکرێت؟ گوژمە و تێچوون و کـاری دڵسۆزانی ناوێت؟ وڵاتـان بـە بـاجی هاووڵاتانیـان بـەڕیوە دەچن و بودجەی پێویست دابین دەکەن، کەچی هەڵاتوانی ڕۆژی تەنگانـەی ئێمـە، مشـەخۆرانی خۆمان، دەیانەوێت بە ویستی خۆیان بەنگمان بۆ بێنن و زێڕمان لێ دەربێـنن. هێشـتاش هـەر گلەیی دەکەن. (دەسـتێکی بـۆ ئاپۆرایەکـە راهێشـت) فـەرموو! ئـەم جمجمەسـوڵتانە ببێنـە! یەئجوجو مەئجووجیش هێنـدە نـابن. ئەگـەر داری یاسـا و گلکردنـەوە و پەرتکردنـەوەی دراو نەبێت، چۆن کاری ڕۆژانەی ئـەم هـــەموو خەڵکـە کـاردارە دەڕوێنـدرێت؟ وێـڕای دابینکردنـی ئاسایش و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتە وێرانکراوەکەمان...

باوکم لە کاولگەیەکی وەکو ئەوەی خۆماندا ئەگەر مشت و مووچەیەکی گونجاو نـەبێت کـێ بـەری کۆنـە دز و چـەتە و دەستشـکێن و بـەرك دڕان دەگرێـت؟ کەسـتان خـوێن و ئارەقـە و شەکەتیمان نابێنێت، هەمووی هەر دەڕوانێتە گیرفانمان، بە زمانی ناحـەزان پێمـان هەڵـدەڵێن. خـۆ ئێوەش ریشسپی و دنیا دیتەن؟ پیرەکانمان نەیانگوتوە ((شەڕ بە شیر و مامرەت بـەدراو.)) وڵاتی بێشیر و بێدراو تاکو ئێستا نەبووە!... کەچی هـەموان دراوەکـەیان بـۆ خۆیـان و شـیری بێمەتاڵیشیان بۆ ئێمە دەوێت. شیر وەشێنی بێمەتاڵیش سەری خۆی بـە بـڕین دەدات.(کـە بـە تێری تیرەبارانی کردن، ویستی بە هیری هێورکردنەوە برینی سەر و سـەردڵیان تیمـار بکاتـەوە) بەڕاست مامۆستا هەژی! کە یەکەم جار تۆ دەرکەوتی، هەر دوور بـە دووری گەورەکـەم گـوتی: ((ئەمە مامۆستا هەژییە، کەتە پیاوی وڵاتـە. بـەڵام شـەرمی بەخۆیـەتی خـۆی بینێتـەپێش. گوتیشی: وابزانن، ئەو منم. ئاگاداری بن، دڵگیری مەکەن. من لە نزیکـەوە دەیناسـم، تیزابـی زێڕە، لە عەیارتان دەدات))".

هەژی بە نابەدڵییەوە: "ماڵی ناسیاوی باش ئاوابێت، ئەوانەی بە راستی ریز لە مـەمانان و لەم خەڵکە دەنێن خۆیان گەورە دەکەن. ئێوەش بە چاوی راستکارانەوە هەڵمان سەنگێنن، هـەر وەکو خەڵکی ئاسایی، بەپێی یاساو پێڕەو کارمان بڕوێنن.".

باڵباز: "مامۆستا هەژی داوایەکەی تۆ دەخەمە بان چاوم. بـەڵام کـاری ئـەم بازرگانـە زۆر سەختە، ئەو دەیەوێت بە گێل نواندنییەکەی، بازرگـانی بـە هـەمووممان بکـات. ئەمەشـی بـۆ ناچێتەسەر. گەر بە ڕاستی بازرگانە؟ با ڕێسا و ڕێکار و ڕێگەی راسـت بگرێـت، بێپـەناو پـێچ پێمان بڵێت مەبەستی لەم پارە زۆرەی هێناوییەتی چییە؟ ئەگینا گـومـان زۆرە...".

هەژی بە دەست و بە زمان: "فەرموو بچینە لای گەورەکانتان.". چەند هەنگاوێکیان بـەرەو دار تووەکە نا. باڵباز لە هیکڕا ئاوڕێکی بەرەو دواوەی دایەوە. رووی کردەوە هـەژی: "بمبـوورە بـانگم دەکـەن، کـاری بەپەلـەیان پێمـە.". بیسـتۆکەکەی دەرکـرد بـە گورگـە لۆقـە رووەو حەشاماتەکە گەڕایەوە. دوو توورەگە بەدەستیش بەلەز پێنگاویـان بـەرەو باڵبـاز دەنـا. هـەژی چاوی بە باڵبازەوە بوو و بە تووندیش دەستی لەپتینی بە دوای خۆیـدا کـێش دەکـرد. لەپتـەش هەژی بەرەو دواوە رادەکێشایەوە. هەژی و لەپتین لە کێشکردن و کێشمەکێشم دابووون. بینیـان گەنجۆ بە هەنگاوی گەورە گـەورەوە بـەرەو پیریـان دێـت. لـە حەشاماتەکەیشـەوە، دوو پیـاو، یەکێکی درێژی باریکەڵە لە پێشەوە و زرتەیەکیش لـە دواوە، رووەو گـەنجۆ پێشـبڕکێیان بـوو. باریکەڵەکە لەپێشدا گەیشت. گەنجۆ بە دەم رۆیشتنەوە کارتێکی سەوزی لە گیرفانی کراسەکەی دەرکرد، خستیە مستی، ئەویش وەك تفەرك ماچی کرد و خستیە بـان سـەرییەوە و تەقڵـەکوت گەڕایەوە... زرتەکەیش وەستا، لەتەشکی خۆیداو بە شوێنی خۆیدا گەڕایەوە.

گەنجۆ بە هەناسە سوارییەوە گەیشـت و دەسـتی هـەژی کوشـی: "بمـانبوورە مامۆسـتا.". مامۆستا دووبارە سەیری ناو چاوی کردەوە. هەوە؟ هەونییە؟ کورە وەڵا لە خاڵەکـەی چاویشـی هەر گەنە گەڕە!. گەپچاڕی منداڵان؟ چەند جار لەسەر ئەمـە دەنگـم دەرچـووە! ئـەم دەبەنگـە ترسنۆکە و ئەفسەرایەتی! ئەم پلەیەش؟ تۆ و ئەفسەری داڵ و ئەسـتێرە و پلیتـی سـوور؟ چـاك دەزانم کە لە سێی ناوەندی بەسەر نەکەوتووە! وادیـارە کلکی حووشتر گەیشتۆتە زەوی و منیش لە گوێی گادا لە خەودا مـاوم.

گەنجۆ: "مامۆستا گیان! گەورەکەمان کۆنە قوتابی جەنابتان بووە. دەرفەتی نەبوو، نەختێکش رووبەڕوو شەرمنە، رایسپاردم بە خزمەتکردنت گەورەم بکەیت. چ کەموکورتییەکتان هەیە؟ تۆ فەرمان بفەرمـوو. منیش بە گیـانم، بە چاولێکدانێك بـۆتی بکەم.".

هەژی لە دڵەوە: گەورەیەکت!؟ یا خۆتی گەڕ، گەورەی گەوەڕ!. بەساردییەوە لێـی پرسـی: "کاکەی ئەفسەر تۆ شارەزای ئێرەیت؟ لەم دەوروبەرەدا گۆڕستان هەیە؟".

گەنجۆ بە سەرامییەوە: "بۆ؟".

مامۆستا هەژی هەروەك وەڵامدانـەوەی پرسـیارە نابەدڵـەکانی، بـە دەسـت و سـەر و مـل تێیگەیاند پرسیارێکە و بەمێشکی داهاتووە. دوور نییە مەبەستی بێـت ئـاوەدانی بێگۆڕسـتان نابێت. بە دەنگیش: "بۆ ((گەورەکەتان کە قوتابی من بووە!)) من نەمزانیووە قوتابیـانی مـن هێندە بە سووکی بازیان دابێت، هێندەش زوو باڵیانگرتبێ و گەیشـتبنە ئـەم پلەیـە؟ یـا ئـەو هەڵەبێژە، قوتابی من نەبووە! یا من وانەبێژ و مامۆستای ئەو نەبـوویم!".

گەنجۆ، دوای نەختێك دامان و رامان، بە دەست و بە دەم: "خوارووی ئەم حەشاماتە، کۆنـە گۆڕستانە، لەولاتریش گۆڕستانێکی گەورەی سەردەمە، دەشڵێن لـە نیوانیانـدا ئارامگـەی دوو پیاوچاکی رۆژگاری کۆن هەیە، بەڵام کێلـەکانیان نـەماوە، هەنـدێك دەڵـێن "بینیویـانن رووەو رووگە فڕیون. هەن دەڵێن گاوران دەریان کردوون بۆ خۆیانیان بردوون".

هـەژی چاوی بەرەو کـۆزە سپیدارەکە گواستەوە و گوتی: "ئەدی ئەم سپییە چنارانە بـۆ وا زەرد هـەڵگەڕاون؟".

گەنجۆ دووبارە بە حەپەسانەوە: "مامۆستا خـۆت دەزانیـت پـاییزە، سـەرەتای گەڵاڕێزانـە!. ئێستاش خەریکی کۆز بڕینیانین[١٨٤]".

هەژی: "سەرەتای پاییزە، بەڵام هێشتا لێرەدا زۆری ماوە بۆ زەردبوون و گەڵا وەرین. دەبـوو ئێستا پتر بـە شـەنگ بـن. بڵـێ تێنـوون، بڵـێ دەردەدارن و هەناوسمـە لێیـداون، بڵـێ لەگـەڵ جیهانگەریدا سروشت و شتەکان گۆڕاون، بڵێ وشکە ساڵی و قەتیسمانی گەرمییـە. لـە ترسـی

١٨٤- کۆزبڕ: بڕینی تەواوی دارەکان بە گەورە و بچووکیانەوە. بڕینی تێکڕای کۆزەدار. وەك فرۆتنی مگەل بە دزبڕی.

برینی لەپڕ و لە تەمەنی نەگونجاوە؟. باشە، ئەدی ئەم راستەزەویەی بەر ئەم کانیاوە ئاشــگێڕە، بێخاوەنە؟ کەوتۆتە دەستی وارسگری زلۆر و زۆردەست و کەمزان؟ ئەگینا بۆ دانەچێندراوە؟".

گەنجۆ بە دەست هەژییەوە، وەك یەکەم جار بەتەنیا خۆی بــە دیــار دەریایــەکی لەبــەر چــاو هێمن و لە ناخدا شەپۆل شێت و سەرکەش ببێنێت، ئەوها بە سەرسامی وەســتابوو. پێشــتریش چەند جارێك لە دەمی ئەوییەوە دەیبیست "ژیان، شــەپۆلی دەریایــە، لەگــەڵ تــەوژمی (بــا)ی رۆژگاردا لە قووڵاییەوە ســەر هەڵــدەدات، بازنــە بازنــە، کەوانــە کەوانــە، گینگــڵ دەدەن، بــە تەوژمەوە هەڵدەستن، ئامبازی ئاسمان دەبن، زۆری پێناچێت خاودەبنــەوە و دادەمرکێنــەوە، لــە شوێنی ئەواندا، نەوە شەپۆلێکی دیکە دێنە کایەوە. تا (با)و دەریا و زەوی کەنار و کات ماون، ئەوم دەرکەوتن و گوم بوونەش ناپسێتەوە. ئافەرین بۆ ئەو کەسەی...".

گەنجۆ ویستی بە کارامەیی بابەتەکە بگۆڕیت. بۆ ئەوەی پەشێوی بارە دەروونییەکەی خــۆی بشارێتەوە و کۆتایی بە هەژان و هەژاندنەکانی خۆی لە چنگی هەژی بێنێت، لە هــەمان کاتــدا لە جیاتی بەرگری و وەڵام دانەوەی، خۆی ببێتــە دەستپێشــخەر و هێرشــبەر. دەســتی راســتەی خستە گیرفانی چەپی چاکەتەکەی، سێ چوار خامەی زۆر نایابی دەرکرد، بە زەردەوە دەستی لــە پێش مامۆستا راگرت و گوتی: "فەرموو یەك دوانێکیان هەڵبــژێرە، قەڵــەمی نرخــدار شــایانی مامۆستای پایە بەرزە!.".

هەژی هەر بە وەڵامە سەرپێییەکانی خۆیەوە: "نرخی خامە لەوەدایە کە چی پێدەنووسرێت، نەك لە دەستی کێدایە!. زۆرجــاریش گــوتوومە باری نێرەکەر هەمووی زێــڕ و تفــەنگ بێــت، لەزەڕین و لووشکە هاوێشتن بەولاوە شتێکی دیکەی لێ نایێــت. چــاوی بــە گوجیلــە گورگێــك بکەوێت پەلی دەشکێت، گورگیش بە کاڵی دەیخوات!".

گەنجۆ لە گوتنەوەی پەندەکەوە زانی هەژیش ئەو دەناسێتەوە، بەڵام لە نــەفس بــەرزییان لــە رووی نادات، لە دڵەوە: "بە راســتی هــەژی مامۆســتایەکی پــڕ زانســت و تێــر بــڕوا و خــاوەن هەڵوێست، رەواویست و دڵفراوان و خەمخۆری هــەموان بــوو. مامۆســتایانی دیکــە بەئەنقەســت وانەیان لە پۆلدا دەکردە فشەکاری و گاڵتەجاڕی، تا کو بە پارەی چاك، لە ماڵان وانەی تایبــەت بڵێنەوە، کەچی ئەو زۆر بە دڵسۆزی لە پــۆڵدا وانەکەی دەگوتەوە و هەرگیزیش بە پــارە وانــەی نەدەگوتەوە. زۆر جاریش بە نــەهێنی یارمــەتی منــداڵی هــەتیو و هــەژاری دەدا، گرفتێکیــان

هەبوایە خۆی دەکردە خاوەنیان. بۆ خوا بڵێم چەندین جار لەسەر من و لەسەر خاڵم (ناخۆرە-ئازا) تووشی کێشە و سەرئێشە بووە... ئەم پیاوە دژی فێڵ و درۆ و خۆویستی بوو. ئەگەر کردارەکانی مەمانانی دەزانی! ئەگەر وەك من دەبینێت باشبازرگانەکانمان نیوەی ناوەرۆکی قوتیە شیری منداڵان دەردەکەن و لە بری دەرکراوەکە ئاردی بەمبە[185]ی لەگەڵ لێك دەدەن! ئەگەر وەك بەرپرسانی سەردەم دەزانێت، نیوەی ژێرەوەی تەنەکە رۆن، بە پەتاتەی کوڵاو دەگۆڕن و وەکو کارگەش سەرەکەی دەپۆشنەوە، ئەگەر دەیزانی کاڵاکان هێندە ئایاغ[186] و عەمبارە سۆت و مردەن..

گەنجۆ پێی لە حەزی مامۆستا و ویست و کردەی خۆی خشاند. هەلەکەی قۆستەوە بۆ ئەوەی خۆی مەزنتر بنوێنێت و بڵێت قوتابیە دەبەنگەکەی پێشانت نیم. بە سنگ دەرپەڕاندێکی هەرزەکانەوە، دەستی خستە سەر باخەڵە پەندماوەکەی و گوتی): مامۆستا، خودا بۆ مەمانان تەمەن درێژ و بێوەیت بکات. هەموان دەزانن وەرز وەرزی کێڵانی زەوی و دێراو و دۆریخە لێدان و کەردوو هەڵدانەوە و چاندنیان لە بەهاردا، ئاودان و بژار و شکاندنەوە، چنینەوەی تەماتە و رنینی بامیە و شفتی و و ئاروو و کاری وەرزێری بە گشتی نەماوە. چاندنی گەنم و نیسك لە پاییزدا و دروێنەیان لە چەقەی گەرمادا بەسەرچووە. ئێستا کانگەی خڕکردنەوەی بەر سێبەرە! پارە بدە، چیت دەوێت لە دەرەوە، بە رۆژ و دانێك، بە ئامادەکراوی بۆتی دێنن و بە مەمنوونیشەوە بە ئامادەکراوی لە پێشتی دادەنێن.(دەستی بۆ خەڵکەکە راهێشت) تۆ ئەم حەمکە حەشاماتە نابینیت؟ دەڵێی حەشرە و بە سەرخۆشی تێکدەقژقژێت. ئەگەر خودا لەم بارەدا رایبگرێت و نەیبڕێت...

بەبێچاندن و دروێنە و خەرمان شەن و کەوکردن، خەرمانی دراوی بیانی دە هێندەی ئەوانەی خۆمان بە بڕشتە، زەکاتیشی زۆر زۆر کەمتر لێ دەکەوێت. چاوپیسانیش رەوسەی گەورەت نابینن پێیدا هەڵبڵێن و بە چاوت ببەن. ئەمە رۆژە و دەگەرێت (لەترسی دەمی هەژی بوو، یا دەسەڵات نواندنی گەنجۆ، بە پێکەنینێکی سەردەمەوە) مامۆستا گەورەت نەکردین؟

---

**١٨٥- ئاردی بەمبە: نیشاستە. وادیار لە سەرەتادا (لە دوای جەمگی یەکەمینی جیهانییەوە، ئینگلیز- داگیرکەری ئەوسای کوردستان) لە بۆمبای هیندستانەوە هێنابێتی.**

**١٨٦- ئایاغ: خاپەرۆك، خراپی مایەوە.**

خزمەتێکت پێ نەسپاردین! کۆنە قوتابییەکەت فەرمانی داوە: ((پارە وەرگیراوەکەی باشبازرگان بدەینەوە، بە زووترین کاتیش بەڕێتان بکەین))، بەڵام لەم چرکە ساتەدا دۆلارمـان لـە دەسـتدا نییە، ئەوەی هەیە یۆرۆ و جونەیـھ و یـین و فرەنگـە، دەیـەوێت بـۆی بگۆڕینـەوە یــا چـەند خولەکێك چـاوەڕوان دەبن تـا دۆلارمان بـۆ دێتـەوە؟".

لەم ساتەدا باڵباز بە هانکە هانك، بە هەگبەیەك دۆلارەوە گەیشت و خسـتیە ژێـر دەسـتی گەنجۆ و گوتی: " فەرموو گەورەم!. هەمووی نویێ و سەرمۆرە، نەشکاوە، بەڵام چەند گەڵایـەکی کەمە، ئەویش کە وەریبگرن بە راکردن بۆتی دەنێرن.".

گەنجۆ مەچەکی هەژی گرتبوو، بە شەرمەزاریی نواندنەوە: "مامۆستا ببورە. تۆ نازانیـت ئەم کەللە پووکانەی هەندەران کە دێنەوە، چۆن چۆنی لەت لەت و ئەنجن ئەنجنمان دەکەن؟. ئـەم باشبازرگانەش هەستی هەردوو لامانی ئاگردا. خـۆت دەزانیـت ئـاگر تـەڕ و وشـك ناپرسـێت، هەمووی هەر لووشدەکات. (رووی کردە بازرگان) لای خۆت وابیت گەڕیـدەیت، دنیـا دیتـەیت، باخـەڵ پـر و سـەوداکاریت! سـەراو و دەراوت کـردوون!. وای ناکـات بلێیـت خوێنـدەوار و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت زانیشم! (رووی کـردەوە هـەژی) ئەگـەر ئـەم بێسـەرە سـەرمایەدارە، هۆشـتاریك و بیرکـویر نەبوایـە! نـەدەبوو بزانێـت لای خۆمـان بەڵێنـدەری هێنـدە بلیمـەت و پێگەیشتوو هەن، کە لێرە زاراوەکـانی (وڵات پـەروەر و گۆڕانخـواز و هەژاردۆسـت و گەلـەز و فریاگوزار و دەربازکار و نەتەوەویست) یەکسانە بە (تەلەسمبازی کارساز). من لێرەم و ئاگادارم، کورسی رۆبۆت و موگناتیزی ئەوتۆیان هێناوە، کە لە کەسـێکی مارەدەکـەن، وەك مـارەبڕینی ژنی فەلانە[١٨٧]. تاکو کەسـەکە نـەمرێت تـەڵاقی بـەتاڵناکرێت و لـە یـەکێکی دیکـەش مـارە ناکرێتەوە. لەمەش سەیرتر، بە ڕەزامەندی مردووەکەش نەبێت، بێوەکورسـی ناتوانێـت لەگـەڵ کەسێکی دیکە زەماوەند بکاتەوە!. ماخۆ مردووێکە بە بۆن، بە ئـەقڵی ئەلـەکترۆنی دەزانێـت ئاخۆ هاوسەری دووەم بۆنی یەکەم دەدات یا لایدەیە!. (بە پێکەنینێکی بە دەنگـەوە) لەوانەیـە ژن و مێرد لەگەڵ یەکدی نەگونجێن، بەخۆشی یا بە ناخۆشی لە یەکدی جیا ببنەوە، یا لە پەناوە لێرە و لەوی دۆستیان هەبێت، بە نـەهێنی لـە پەناگەیـەك راز و نیـاز بگۆڕنـەوە، بـەڵام ئـەم

---

١٨٧- فەلە: کریستیان، دیان.

ڕۆبۆتەی ئەوان هەرگیز ناکەوێت و هەرگیزاو هەرگیزیش کاری نەهێنی و فرتوفێڵی لەگەڵ ناکرێت.".

گەنجێك لەولاوە باڵی گرتبوو، پڕ بە دەنگی گاسی دەکرد: "گەنجۆ...! گەنجۆ ماڵکاول باوك!... تەلەفۆنەکەت داخراوە. خاڵت. کوڕە خاڵت... راوێژکاری مەزن... خاڵ ناخۆرەی ئازا...ئاگری گرتووە...".

گەنجۆ هەر لە شوینی خۆیەوە بە مشەوەشی پلی بە بیستۆکە گەڕۆکەکەیەوە نا:

"بەڵێ خاڵە گیان... بەڵێ... بەڵێ... بەڵێ... سەرچاو... بە گیان... بەڵێ... نابەخوای... بەڵێ... بە ملی شکاوم خەریکی ژماردن و بڕکردن[188] بووم، بۆیە داخستبوو... زۆر باشە. لەگەڵ دوێنیێ؟ لە ناوچەوانی تۆوە ئەمڕۆ بازاڕەکەمان گەلێك گەرم و بێ گرفتترە... ئاشێکە بێ ئاشەوان دەگەڕێت... ببوورە نەمگوت جار جارە تەلەفۆنەکەم... بۆیێ باش دەنگت نابیستم... چی لە ڕێگر بکەم؟... ڕێگە بگرین؟... سێ بەڵێنەدەری بیانیشت لەگەڵدایە؟. بەخوارزای خۆت گەیشت. وای دەگرم ناهێڵم گوێ درێژ و گوێ کورتیش... شیرین دەفەرموویت... خاڵی گەنجۆ و سەد هەندە. پتریشت لێدێت. فڕۆکەی پەروانەدار هەر لە خۆت دەوەشێتەوە. بەڵی ئەگەر بە دەستت گەیشت و بەو هاتوچۆ بکەیت، ئەوا ترسی ئەم هەموو سەرهەوراز و بەرەو ژێرە. ئەم هەموو پەنا و پەسێوی دارستان و هەڵدێرە... ئێمەش ئەوەندە دڵمان پێتەوە نابێت... لە ڕۆژێکی ڕەش و وڵاتێکی بێخاوەن داین. وەك خۆت فەرمووت ئابووریناسان کات بە زێڕ دەکرن. لە خۆت ئابووریزانتر کێیە؟. بە چواردە خولەك فڕین دەگەیت؟ ئەم هەموو کاتە دەکڕیتەوە، لەم هەموو شەکەتی و مەترسیانەش دەرباز دەبیت... بەڵێ هەر ئێستا دابەشیان دەکەم. لە بەرزاییەکەی پشتی بازگەکەوە تا دەگاتە گۆڕی دوو پیرەکەرەکەوە، دایان دەوەرێنمەوە، بە چاکی دایان دەمەزرێنم. ناهێڵم پێشوولە و پشیلەش ڕەت بێت. بەڵێ هەر بەچاوان. (تەلەفۆنەکەی کوژاندەوە) مامۆستا هەژی ببوورە! خاترجەمبە من گەنجۆی خوارزای میر ناخۆرەی مەزنم. (ناخۆرە- ئازای کاتی خۆی) بە کردار، چاوی ئەوم لێرە. ئەو

---

١٨٨- بڕکردن: بەشکردن، کردنە بەش بەش.

گەنجەی بانگیشی کردم ئەوە هۆگری ئامۆزامە. هۆگر جێگری منە هەر کارێکت بە خالّم و هەر خزمەتێکت بە من و بە هۆگر و بالّبازیش هەبێت، بێی دلّ لە دلّدان بۆت ئەنجامدراوە.".

گەنجۆ بە راکردن و هەژیش بە چاوی سەرسامییەوە بە دوایدا...

هەژی: "پەکووووو... گەنەی نەخوارزای ناخۆرە نۆ باوکی؟. ئەو نۆ باوکە، ئەو مۆرانە و رەگبڕکەیەی شەشی سەرەتاییشی؟... لە لای هەر برادەرێکیشم بلّێم شتێکی ئاوام لە خوێندکارێی خۆم دیوە، دەلّێن پیرە و گۆڕاوە!. ناوێرم گرێی دلّی خۆم بکەمەوە و بلّێم رۆژ و شەو گۆڕاون. رۆژ، رۆژی ژێراوژوور بوون و سەراو کنگ کردنە!. دەلّێن تێکچووە یا بە فەتارەتم دەدن. دەوجا وەرە هەژی، شێت مەبە و لەم ئاوەژۆ کارییە و لەم شەوستانەدا بە تەنیا چاوەڕێی مردن بە. (بە نابەدلّییەوە گوتیە لەپتینی) درەنگە بابڕۆین. هاوڕێیەکانم ئاگادار دەکەینەوە چاوڕەوانی من نەبن. ئەگەر حەزبکەیت دەکۆشین ئۆتۆمبێلەکەش وەربگرینەوە.".

لەپتین بە خاوی هەنگاوی دەنا و بە ترسەوە دەیڕوانییە هەورازەکە، گوتی: "لە پێ کەتووم، ئەگەر سواری ئۆتۆمبێل بیت، ئەوا هەست بە هەورازی و لێژی ناکەیت. ئۆتۆمبێلێکی کرێ، با چەپرەك[189] و بە سالآچوویش بێت!".

هەژی بە پێکەنینەوە: "واز لە کرێ و مرێیان بێنە! خۆت تاکو ئێستا لە بەکرێگیراویدا گیرابوویت. زەمتە کرێگرتەکان لنگەوقوچیان کردیت. هێشتا هەر ئاگات لە سەر و کنگی خۆت نییە؟ منیش وەك ئەوان نازانم ئاخۆ تۆ: بێعاریت، لاساریت؟ یا پوولەکی، پوول لە لات بۆتە هەمووشتێك؟".

لەپنین بە ترسەوە ئاوڕی دواوەی دەدایەوە. بە یەکەوە لە شەقامەکە سەرکەوتن. کەوتنە رووکاری نادیاری.

هەژی سەیرێکی ژێر پێی خۆیانی کرد، پڕی وردە بەرد و کونجرك بوو. چاوی هەلّدا، بیری گێرا. لە دلّی خۆیەوە: " لەو ساتەوە هەرچەندە هەر چوار پەلم خواسن و لە هەر چواریانیشدا تەنیا گوێم ساغە، بەلاّم بڕیارە و داوەمە دەبێت بە بەرچاوانەوە بە چوار پەلان بڕۆم، کەواتە بە خۆشی بێت یان بەترشی، ئەوا باشبازرگانیش دێنمە ریزی کۆمەلّەی چوارپەلانی خۆمەوە. دەزانم

---

١٨٩- چەپرەك: کۆن و کەلکبڕاو.

بەرژەوەندییەکەی ئەو لەم رۆژەدا وا دەخوازێت بە مەمنوونییەوە رەگەڵ من بکەوێت.لە هیکرا گوتیە لەپتینی: "وەرە لێرە وەرزشەمێشك بکە! ئێرە کتومت وەك وەرزشگەکەی من چەقێن و درکەڵانە. (بە توندییەوە) لەپتین! داوەرەوە! دەی خێرا، بە چوار پەلان برۆ! بەرد و کونجرك، ناولەپ و سەرچۆکت دانەرووشێنن، دەبێت دوو بارە و دەبارەی بکەیتەوە، تا... پێشتر بە چوار پەلان دەکشایتەوە، بەڵام ئێستا بە چواران برۆوە پێش، بۆ ئەوەی بە دوان بگەرێیتەوە.".

لەپتین ترسی هەڵچوون و شێتبوونەوەی هەژی لە چۆلەوانییەکەدا لێ نیشت. لەگەڵ داهاتنەوە و خۆ خستنە سەر هەر چوار پەلان، هەموو جوومگەکانی زیرانەدیان، کونجرك بە لەپ و ئەژنۆیان وەدا، ئەویش بە ئایی و ئۆفەوە چاوی چووقاند. "خۆزگەم بە لێدانی ئەفسەرەکان. چی بکەم. (لەترسان و لە بێدەسەڵاتیانی بە چاو ناورایەوە.)".

هەژی بە توورەیی و شێتگیرییەوە نەراندی: "هەتیو چاوت بکەوە! سەر و ملت بەملاو بەولادا وەرسوورێنە، لە ناوگەڵتەوە بروانە دواوەت! دوور و نزیك ببینە! پەند وەرگرە! خەڵك بە ژێرەوژووری بخوێنەوە. چەند جارێکیش ببارە (کە لەپتین ئەرکەکەی بە ملکەچییەوە ئەنجامدا. هەژی وەك مامۆستایەکی دڵسۆز ئافەرینی دایە): ئافەرین... هەندە وانەی یەکەمت تەواو، پلەی (زۆرباشەت) هێنا.".

هەژی و لەپتین، دوو بە دوو بەیەکەوە دەگەڕانەوە سەر راستەشەقامەکە. ئۆتۆمبێلێك، تاپۆیەکی تازە داکەوتوو سیرەی هات و لەتەکیانەوە چەقی. لەپتین لە ترسانا کوژایەوە. خەریك بوو راقەنێت. مێرد منداڵێکی وشتی لێ دابەزی. بەرەو بازرگان چوو، بازرگان خەریك بوو خۆی بخاتە پەنای هەژییەوە، کەچی ئەو کلیل و پسوولەی باجستاندنی خستە دەستی و گوتی: "بروانە هەگبە و شتەکانی ناوی، مۆریشیان نەشکاوە. (لووتی بە لووتیەوە نا) خەڵاتەکەی ئێمە!. ماندوو بوون و ئاسانکاریمان!".

لەپتین دەستی بۆ تەلان و نەوراییەکە هەڵدا: ئا ئەلەوێ بڕیمیانەوە، بە دڵی تۆ سابریان کردم، بەشی هەمووتانم داوە.

کوڕەکە جاقیانە[١٩٠]: "مامە ئـەوەی داوتـە بۆخۆیـان و مامـەکانیان بـوو. ئـەوەی ئێمـە و کاکەکانمان جیاوازە. هەر لە خەملاندندا، دوو دەفتەرم پتر بـۆت داشـکاندووە. گـوتم هەنووکـە خەنیمان دەکات. راستیان دەکرد کە دەیانگوت... کاکە ئەوەی دامانشکاندووە یەکەو نیوەمان، ریشت سپییە و لە تاراوگەوە گەڕاویتەوە، دووی بۆتۆ یەکی بۆ ئێمە.".

لەپێن پازدە گەڵای بۆ راگرت. کوڕە وەرینەگرت. بۆی کـردە بیسـت هـەر نەیویسـت، بـۆی گەیاندە سی. بە سەر گرانییەوە هەڵیگرت و گوتی: "مامە ئەمەی تۆ دووەمین ئۆتۆمـبێلی لـەم جۆرەیە لە سنوور دێتەژوورەوە. کوڕی هاوکارێکم گوتیە من ئەگەر بیفرۆشیت ئەوا بە هەژدە - بیست دەفتەر کڕیارم.".

لەپێن بە سەر وەڵامی نەخێری دایەوە. کوڕە بە مۆنییەوە: "مامە! بابایەکی وەك تـۆ، ئـەم نازدار و نایابەت لە دەست بێت، ئەگەر دوو ئۆتۆمـبێل پاسەوان بەدواوەت نەبن، ئـەوا خـۆت و ئۆتۆمـبێلەکەت لێدەدرێن! نەڵێی نەمزانی و وامزانی...".

بە بڵندگۆ خەڵکەکـەیان خڕکـردەوە سـەریەکدی، بـەرەو شـوێنی وەرزشـی لـەپێن و رەوەو رووکاری نەدیوی گەڕەکەیان هاژوان. لە پەرژینە ئاسـنینەکە دەرکـران. گوتیـان: "کاتـژمێرێك چاوەڕوان بن! هەر کەسێك نزیکی بازگە ببێتەوە، بیەوێت دەربچێت، لەو یاڵانـەی دەوروبـەرمان سەربکەوێت، ئەوا هێزی تایبەتی تەقەی لێدەکات، خوێنی خۆی لـە ئەسـتۆی خۆیـەتی. مـژدە مژدە: ئێستا راوێژکاری مەزنمان دەگات، بە ماوەیکی کورت کارەکان بەسەردەکاتەوە. لەوانەیـە پێڕەو و رێکار و ئاسانکاری نوێشی هێنابێت، بۆ ئەوەی کارەکانتـان خێراتـر و پـوختتر ئـەنجام بدرێت. خۆی لە نزیکەوە دەتانبینێت. هەرکەسێکتان هەر کەموکوڕییەك دەبینێـت، گلەییـەکی لە سیستەمی کار و بەڕێوەچووندا هەیە، پێشنیازی باشی پێیە، بۆخۆی رووبـەڕوو پێـی بڵێـت. راوێژکار دەسەڵاتدارە و دەتوانێت...".

وردە وردە خەڵکەکە لە بێزاریان، بە پرتەپرت، پەرتەی کرد و بە بۆڵە بۆڵ بوونـە پـۆل پـۆل: پیر و پەککەوتەکان دانیشتن، ژن و منداڵەکان لەیەکدی نزیککەوتنەوە، جوامێرەکان هەراسـان و بێ ئارام بەپێوە وەستان، بە پەرۆشییەوە چـاوەڕوانی رێکردنـەوە و رۆیشـتنیان دەکـرد، گەنجـە

**١٩٠- جاقی: قاڵبووی، روو قایم، چاوکراوەی شەگار. دنیادیتە. ((جگی جاقییە))**

دڵگەرمــەکانیش کەوتنــە پیاســەکردن، جــووت جــووت نێــر و مــێ بــە جلوبــەرگ و ڕەفتــاری ئەورووپیانەوە، دەستی یەکدیـان دەگرت، بێباکانە لە خەڵکەکە دوور دەکەوتنەوە... بەڵام کـەس لە بازگەکە و لە یاڵەکان نزیك نەکەوتەوە. کەسیش نەیوێرا لە جغزی دیاریکراودا دەربچێت.

## ١٣- کاوێژکاری خۆمانە و ڕاوێژکاری ئەوان

لە هیکڕا دەنگی کۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی پۆلیســی فریاکــەوتن بیســترا، خــەڵك بــە وشــتی و هەستیارییەوە چاویان کردەوە... پێنج مێکزەمین[١٩١] پەیدابوون. پێنج ڕانگـرۆزەری گوللەنـەبڕی بڵند و تایە پان و جام تاریکیان بە دواوە بوو، لــە دوای ئەوانیشــەوە ســێ مێکزەمینــی دیکــە هاتن، خێراییەکەیان پتر لە خێرایــی فڕۆکــەی تیــژڕەو دەچــوو. لــە بنارەکــەدا، لــە ناوەڕاســتی شەقامەکەوە بێ لادان و ڕێ بەردان، لە یەك چرکەدا سیرەیان هات و لە شوێنی خۆیانەوە چەقین. ئەوەی سەیر بوو! گشت ئۆتۆمبێلەکان هەر تازە لە گریز شۆردراو و کتومت یەك نەبوون! بەڵکو هەر سێزدەشیان هەمان ژمارەی کاتییان هەبوو!. ناو دوو مێکزەمینــەکانی پێشــەوە بــە پەلــە خۆیان هەڵدا، یەکێکیان دوو دوو و سێ ســێیانی بەســەر بەرزاییــەکانی دەوروبــەر دابەشــکرد. ئەوانیش بەغار شوێنی خۆیان گرت، وشت و هەستیار چاویان دەگێڕا. چەکدارانی سێیەمیان بــە خۆهەڵدان و ڕاکردنەوە بەرەو ڕانگرۆزەرەکان چوون، چەکدارێکیان دەرگای ڕانگرۆزەری ســێیەمی کردەوە: کەتەیەکی چاویلکەی ڕەش لە چاو، سەرشــان زێڕین و ســـووری بریقــەدار، بــەرۆك بــە پلپلە و نیشانەی ئازایەتی و ئاڵا نەخشاو، شتی سەیر و سەرنجکێش، دابەزی.

چەکدارانی مێکزەمینی چوارەم، کە هەموویان کەتە کەتە بــوون، بازنەیــەکی تەســکیان بــە دەوریدا دروستکرد، ئەوانەی پێنجەم بازنەیەکی فراوانتر و سێیانیشیان بەڕاکردن گەیشتنە ســەر بەرزاییەکە. لە چوارەم و پێنجەم ڕانگرۆزەردا، هەریەکە و پرچ زەردێکی پووخەڵەی چاوشین، کە نەدەزاندرا ئاخۆ نێرن یا مێ! هاتنە خوارەوە، هیچ کەسێکیش لە دوو ڕانگرۆزەرەکــەی پێشــەوە

١٩١- مێکزەمین: مێك زەمین، جۆرە پیکەبێکی تۆیۆتای یابانی خێراو بەهێز و لەباری دەشــت و کێڵگــە و ناوچــەی چیاییە. کلکە تاوەشی پێ دەگوترێت. مێك جۆرە فڕۆکەیەکی خێراو بەناوی جەنگییە (رووسیاییە).

دانەبەزی. چەکدارانی ناو شەشەم مێکزەمین درێژایی ڕێگە و رووکاری ژێرییان گـرت. ئەوانــەی حەوتەم روویانکردە بنکــەی بازگەکــە، بــەڵام پیــاوانی نێــو هەشــتەمیان لــە ئۆتۆمبێلەکــەیان دانەبەزین، بەڵکو لە چاوەڕوانی فەرماندا مانەوە.

زۆرینەی کارمەندانی بازگەکە بە ریز لە شـانی شــەقامدا بووبوونــە داهــۆڵ. کەســێك لــە شوێنی خۆیەوە جوولەی نەبوو. چاوەڕوانبوون راوێژکار فەرمان بفەرمووێت، ئینجا بەرەو بنکەی بازگەکە بچن، بەڵام راوێژکاری چاویلکەدار بەبێ هەڵوەســتە و ســڵاو، چــاوێکی پێداخشــاندن و رووەو شوێنی خەڵکەکە و مەبەستی خـۆی، هــەنگاوی نــا. لەگــەڵ پێــنج کارمەنــدی بازگــە و پاسەوانانی گەمارۆدەر سەرکەوت. راوێژکار وەها بە ڕێکی و بە توندی دەوردرابــوو، دەتگــوت هەموویان بە کۆنترۆل هەنگاو دەنێن و سەدان دوژمن بۆی دانیشتوون، بەڵام ئــەوان گیانبــازانە ناهێلن لەهیچ لایەکەوە سیرەی لێبگیرێت، یا دەستڕێژی لێبکەن. راوێژکاریش جارجــارە بــە دەم رۆیشتنەوە قرقێنەیەکی دەهاتەوە، رەتی دەبرد و بە ئاستەنگ خۆی دەگرتەوە.

یاوەر و پاچڤەکارێکی[١٩٢] راوێژکار رەگەڵ چاوشینەکان کەوتن، چوونە سەر بەرزاییــەك و بــە دەست ئاماژەیان بۆ دەوروبەریان دەکرد.

راوێژکار بە هەنگاوی گران بەرەو خەڵکەکە ملی نا، لە تەنکاییەکەی پێشەوە پیرە پیــاوێکی وشك و چرمساو وەستابوو. قەفەزێکی گەورەی لە ژێر دەست و رستی مەیموونێکیشی بە هەمان دەستەوەبوو، جۆرکێك لە ملی و دوو هەگبەشی لەسەر زەوی دانــابوو. کەتــە پیــاو بــە دەســت بانگی پیرەی کرد... پیرەی چرمسای خۆی بێئاگا نواند و رووی وەرگێرا.

بە پێلۆ لێکدانێك دوو زەبەلاحی چاوزەقی تۆقێنەر گەیشــتنە ســەری. خــۆی و مــەیموون و شتەکانیان راپێچ کرد، بردیان لە بەردەمی گەورەپیاویان دانا.

گەورە سەیری کرد، مێیە مەیموونێکی بچکۆلە و نێرە تاوسێکی نازدارە... پیرەی چرمسای نەوێرا چاوبکاتە چاویلکەی چاوی کەتەی راوێژکار. چاوی بەملاو بەولا و بۆ دواوەش گێــرا. وەك بلێی لەم چرکەساتە ترسناکەدا ئەم هەمــوو چــەکدارە دەیانــەوێت بیخــۆن، پــەنا بــۆ خەڵکەکــە دەبات، کەسێکیش دیار نییە بە هانایەوە بچێت. چاوی بڕییە پەلە هەورێك و هــەردوو دەســتی

---

١٩٢- پاچڤەکار: وەرگێڕ.

بەرەو ئاسمان راگرت. دەمی دەجوولاند. راوێژکار چـاوی لـە مەیموونەکـە بـڕی بـوو، پاسـەوانی دەستە راست هەشیاری کردەوە، کەتەپیاو چڕمسای بینی نزا دەکات و لە ئاسمـان دەپاڕێتـەوە و دەڵێت: "ئـەللا... ئـەللا... هیزرائیـل، هیسـاب ... کیامـەت... جەهەنـەم ... جەنـەت... ئەللا... ئەللا... ئەللا...".

کەم کەس لەوانەی لەگەڵیدابوون زەردەیان بە لێوی راوێژکارەوە دیتبـوو، بـەڵام ئـەوجارەیان قاقا پێکەنی و گوتی: "ئەم مـەیموون باوکـە دەترسـێت! بـە شـێوەی نـزای خۆیـان، تووکمـان لێدەکات. (بە گاڵتەوە) بلێم چی ئەوانە ئەفسوونبازن. دەککە زێلکت بڕژێت پیرە سەگسار. لـەو تەمەن و لەم پیشەیەت لەچی دەترسیت؟. خۆڕی لە تۆڕی! خـەڵکی کوێیـت؟ هێنـدە کـەری وا دەزانی ئەللا و بەهەشت و جەهەنم هیچ ئیشێکیان نییە ئەوە نەبێت بێن ببنـە بەردەسـتی تـۆ؟ (زەردەیەکی ساردی لەسەر لێوییەوە هەڵوەراند، بە گرژییەوە) کوڕی سیکسیککەرێ.".

چڕمسای بەترسەوە دەستی بۆ مەیموونەکە درێژکرد، بە شێوازی پاڕانەوە: "ئیتز مای. مـای مـۆنکی، ئەنتـەر ئەنتیکـە... دەسـتی بـۆ تاوسـەکە گواسـتەوە: ئیتـز مـای بێـرد... مـای کۆمپـانی... ئیـنگلش- ئیندیکـە کۆمپـانیس... مـاین... مـای ریسپۆنسـیبلیەتی، مـای کۆمپانی، ماین، مای برێد.". (ئەو مەیموون و باڵندەیە هی منن، هی کۆمپانییەکـەی خـــۆم ((ئینگلش- ئیندیك))ن، گەیـاندنیان لە ئەستۆی مندایە، من نانی ئەوان دەخـــۆم.).

راوێژکار نەیزانی ئاخۆ لێی توورە ببێت و تێی هەڵبدات، یا پێی پێبکـەنیت و پـتر کتـك و مشکانێ گەمەی پێبکات؟. رووی کـردە پاسـەوانی دەسـتە چـەپی: "بـزانن لـەم مۆڵگەیـەدا مەیموونێك نییە زمانی مەیموونەوانان، زمانـەکانی هیندسـتانیان، شـتێکی نزیکیـان بزانێـت، بیهێنن با ئەم سیکە سیکەمان تێبگەیەنێت! ئەمە چ تڕبەسەرەیەکە! هەی سـندانی سـندانکوژ لەخۆت و لە سیکەسیك و ((مایۆ و ماینەکە و مای برێدت)) بـدات.".

مەیموون و خاوەنەکەی، دوو ئەویـنـدار بـوون تێکڕادەمـان... راوێـژکار دەسـتی بـە سـەری مەیموونەکە دادەهێنا.

مەیموونەوان: "پلیس پلیس... وای... وای.. وەت... وەت... ". (تکایە، تکایـە... بـۆ؟ بۆ؟... چی؟... چـی...؟) پاسـەوانێکی بەرامبـەر مەیموونـەوان، کـەنینی نەدەوەسـتا، چـەند هەنگاوێك دوورکەوتەوە و لە تریقەی پێکەنینیدا و بە ئاوازەوە: "پیس پیس، ویـس ویـس، وای

وای، زمانی مەیموونییە، وەی وەی مەیموون خوا بتکا بێوەی... وەی وەتۆیە، نەی بە تۆیە، نۆتە نییە و رۆرۆیە، باشووکەیە یان هەلۆیە، کەروێشکی دەشتی کۆیە، قووڕاوەکەی تام سۆیە...".

پیرێکی لە مەیموونەوان رەق و وشکتر، گرگنەی روومەت قۆپاوی سەرڕووتاوە، بەرگ پـۆخڵی رەنگ و ڕوو کرێژاوییان هێنا. هەگبەیەکی گەورەی رەنـگ خـاکی شـێوە بـاگوردانی کردبـووە کۆڵی. ئەگەر لەو کاتەدا نەبوایە ئەوا راوێژکار نەی دەهێشت بچێتە کۆڵێتی گوجیلەکانیشیەوە. هەر هێندەی گوت: "ئەگەر ئەم وشك و چڵکنانە تێرەخۆرەی خۆیان بـرنج و گۆشـت و ماسـی و گەنمیان نییە! با وەك پێشانی باپیرانمان، خۆیان بە گاڵ و بە جۆ قەڵەو بکەن.".

پیرەی پۆخڵ بەدەست گوتی: "چیتان دەوێت؟".

راوێژکار بە قێزکردنەوە: ئاماژەی بۆ خاوەن مەیموونەکە کرد. دەمی مەیموونـەوان کرایـەوە. پیرە داوای ناسنامە و کارتی لێیکرد. ئەویش سێ کـارتی خسـتە دەسـتی. یـەکێکیان بـەناوی ((کۆمپانیای ئینگلیش- ئیندیکۆ)) بـوو، دووەمیان پســوولەیەکی گـەورەی دوولا نوسـراوبوو کە هی سەرێکی زلی ئێراقی بە رەنگی سوور و سەوز نەخشابوو لە رووی یەکەمیدا بە عـەرەبی تێدا هاتبوو ((کاری خاوەنی پسوولە بە هیچ شێوەیەك دوا نەخرێت!)) لە رووی دووەمیـدا، کـە بە ئەسرێلك بەوەی یەکەمەوە لکێنـدرابوو ((لـە گەیشـتنی مێیـە مـەیموون و نێـرە تاوسـەکە ئاگادرمان بکەنەوە، لە دوای ئەوانیشەوە دوو دۆلفین و دوو بێچـووە پانـدا و سـێ کـۆبرا دێـن، دەبێت باخچەی کەرتی تایبەت لە سەردەمی بازاڕی ئازاددا بە پێش باخچەی ئـاژەڵانی کـەرتی گشتی بکەوێتەوە". سێیەمیشیان تایبەت بە خۆی بوو ((چیکۆ دیکـۆ کـەدیلاك، پرۆفیسـۆر و راوێژکار لە بواری بەیتەرەدا)).".

پۆخڵ، بە هێماو بـەزمانی ئێسـتای جیهانگـەری هـەر وشـەیەك و نیـوە رسـتەیەکی لـە زمانێکـەوە هێنـا و راوێـژکاری پۆشـتەو تەنگەسـتووری تێگەیـاند کـە: ئـەم پرۆفیسـۆرە هیندستانییە و کارمەندە لە کۆمپانیای ئینگلـیش- ئینـدیکۆ. ئـەم مـەیموون و تاوسـەی لـە کۆمپانیایەکەیانەوە بە دیاری بۆ کەسـێك دەبـات. دەڵێـت ناوەکەشـی نـازانم، کـە گەیشـتمە شارەکەیان بە ئەنتەرنێت یا تەلەفۆن و بروسکە پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکەم دەکەمەوە.

راوێژکار داوای تێپەڕنامەی چیکۆی کرد، پۆخڵ تێیگەیاند کە لە بازگەکە لێیان وەرگرتووەو پسوولەیەکیان داوەتێ تـاکو دوو رۆژی دیکـە ئـەنجامی پشـکنینی مـەیموون و تاوسـەکەی لـە

بەربەندی کشتوکاڵییەوە دەردەچێت، نابێت ئەو دەربچێت. ژیانیش لە دەرەوەی پەرژینی ئاسنین ئازاد و هەرزانترە، بۆیە بە ناورانەوە دەرفەتی وەرگرتووە، هەر بە پێیان و بێ تێپەڕنامە لە تەلبەندەکە دەرچووە و رەگەڵ خەڵکەکە کەوتووە.

راوێژکار بە زمانی کەڕ و لاڵان وەرگێڕەکەی تێگەیاند کە ئەو هەردووکیانی لێ دەکڕیت، هەر ئەمڕۆش تێپەڕنامەکەی بۆ وەردەگرێتەوە. ئەنجامی پشکنینیشیان خەمی خۆیەتی. گوتیشی ئێمە ناسراو و جێگەی متمانەین، ئەو شتانەی لەوانیان دەوێت، چاو لە مەمانان دەپۆشن. بە گەشبییەوە چاوی بە خەڵکەکە خشاند، زۆری شایی بەخۆی هات، هیشتا سەرگەرمی نیوەشەوی بەرینەدا بوو. کەوتە چرپینی گۆرانیەکی سووکی ئینگلیزی و نیوەڕووتێکی فەرەنسی کە بەبێ زانینی مەبەست ئەزبەری کردبوون، زۆرجار لەو نێوان سەرخۆشی و بەهۆشیدا بە تایبەتیش ئەگەر بیانی لەگەڵدابوایە، بە جووڵەی مەدهۆشانییەوە دیگوتن، چاوی لە بیانییەکان گێڕا، دیار نەبوون.

وەڵامی چیکۆ لە دەمی پۆخڵی وەرگێڕەوە بۆ راوێژکار: "فرۆشتەنی نین. دیارییەکە بۆ کەسانێکە کە کاری پوخت پڕسوودیان بۆ کۆمپانییەکە و بۆ وڵاتان ئەنجامداوە، کار و نانی منیش لەم کۆمپانیایەدایە، ناتوانم درۆ و فێڵ لەگەڵ خۆم و کۆمپانیاکە و وڵاتەکەم بکەم. بۆ بردنی مەیموون و تاوسەکەش بەبێ ئەنجامی پشکنینیان، ئەوەیان هەر گەلێك زۆر ترسناکە! مەیموون (ئایدز) و تاوسیش(ئەنفلۆوەنزا)ی باڵندە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵانی دیکە دەگوازنەوە و دەردەکە بڵاودەبێتەوە.

(چیکۆ لە گەڵ گۆکردنی وشەی ئایدزدا، هەردوو دەستی وەك دوو چاوی وردبین لێکرد و بە چاویەوە نا، گوتی): میکرۆب... ڤایرۆس... هەیوان... بەشەرکوژ... بیگ جرم ... کرایم... کرایم... میلەت...وڵات... تاوان بیگ، ڤێری ڤێری ترسناك.".

بۆ جاری دووەم راوێژکاری تەنگەستوور بە دەنگتر پێکەنی و گوتی: "ئەم فیلمانە منداڵانەن، بۆ چینی خاکیین. مەمانان ناگرێتەوە. ئێمە بەرگریکارین، بەرگەی گازی ژەهراوی و تانك و تۆپ و فڕۆکە و ئەنفالمان گرت. بەرگەی میکرۆب و پایرۆس ناگرین؟. ئەوانە بە چاوی وڵاتانی خۆیانەوە دەڕواننە ئێمەوە. وەڵڵاهی میکرۆب لە ئێمە نزیك بکەوێتە یەکسەر دەمرێت. قووڕبەسەری پایرۆس، با بە چاوی خۆی زاوزێی رەشوڕووتمان ببینێت!. ئەگەر پەسێوی

باڵندان و هەی دزەکەی مەیموونان هەر دەنگ و دەنگۆ نییە! با لە پەنایەکەوە سەر دەربێنن، بزانن چۆن ئەنگێوەکانمان دوور بە دووری تاکیان لێ دەبڕن!. (پۆخڵی تێگەیاند بلێت) با ئەو بەتەنگ ئەم شتۆکانەوە نەبێت. پێی بڵێ کارداریین، وەك گوتت ئەویش راوێژکارە، دەبێت بۆخۆی بزانێت چۆن دەخوات و چۆن کاوێژدەکات، مەگەر راوێژکاری کودەڵە بەراز و ریخی چێڵی پیرۆز بێت. پێی بڵێ کاری گەورەمان راگرتووە، با مێشکی هەبێت، چیدیکە بە سیکەسیکی خۆی و مەیموونەکەی پتر راگیرمان نەکات. با بزانێ غەوارەیە زۆر رێزی دەگرین، با ئەویش رێزی خۆی و خەڵك بزانێت! با چاویشی ئەمە ببینێت. با ئەوکەسانە بناسێت کە بۆ مەیموونێك لەم دووره رێیەوە هاتوون و بەدیارییەوە وەستاون؟ بە توندی پێی بڵێ ئەگەر ئەو نازانێت بەخۆی کێیە! دەبێت بزانێ من کێم!.. گوتمان چەندت دەوێت دەتدەینێ، چیت دەوێت بۆتی بکەم... ناوی ئەو کەسەی بۆی دەبەیت بدە من و تۆ لێی برۆ دەرەوە!. یا ئەوەی بۆی دەبات لەمنی بە پیاوتر دەزانێت؟! (کارتێکی لە گیرفانی دەرکرد) ئەمە ناوم و ناونیشانی کۆمپانیەکانم لە پایتەخت و لە ئەنکەرە و لە هۆنگکۆنگ و لە مالیزیا و لە شەنگەهای و لە ئەسینا و وارشۆ و... کەی منی ناسی، ئەوکات با بۆ پارە و رازی کردنی کۆمپانیا و بەرتیل وەرگرەکانییان بێتەوە لام، بەڵام ئێستا با لەگەڵ پاسەوانەکانم سوار بێت و رستی مەیموون و بێرکمی تاوسەکەشی هەر بە دەستەوە بێت. لە بازگەکەدا تێپەرنامەکەی بۆ وەردەگرمەوە. نامەوێ بیگێرمەوە، با بەسەربەستی و بێدەربەستی بۆخۆی بڕوات و بگەرێت، لەو شارەی دەیەوێت تەلەفۆن بکات و سلاوی منیش بگەیەنێتە ئەوەی مەیموونی بۆ دەبات. گەر لە نانبڕینی کۆمپانیای دەترسێت، ئەوا من بە بەرچاوی ئێوەوە، پێشەکی یەك جێ دەیدەمێ. ئەگەر چەند رۆژێکیش دوو کەسم بۆ فێرە مەیموونەوانی بکات، ئەوا وێرای کرێی چوار قات خەلاتێکی چاکیشی دەکەم، پێم ناڵێت لەمە زیاتر چی دەوێت؟".

مەیموونەوان سەری باداو گوتی: "نۆ... نۆ... نۆ..."

راوێژکار دوو دەفتەرە دۆلاری خستە ناو دەستی مەیموونەوان و بیست گەلایەکیشی خستە ناو دەستی پۆخڵ و گوتی تۆش خۆت و جلەکانتی پێ خاوێن بکەوە!

پاسەوان و فەرمانبەران ئەم رەفتارەی راوێژکاریان لە لا سەیر نەبوو! چونکە دەیانزانی ئەو چۆن بۆ کەس و کۆمپانیا بیانییەکان و هەرە گەورەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە دەڕوخێت و

هەڵدەڕێژێت، بۆ دەوروبەرەکەی خۆشی دەستی لە کنگی قوچاوترە. بەڵام ئەوەیان لە لا سەیربوو کە: مەیموونەوان پارەکەی رەتکردەوە. رەتیشیکردەوە لەگەڵ ئەودا رووەو ئۆتۆمبێلەکانی بچێت. راوێژکاری مەزن چاوی پێیاندا خشاند و بە ساردە خەندەیەك: دەزانم ئەم پەیکەرە بێسەرە، نانبڕان و گیان بڕانی لەلا تێکەڵاوبووە!.

پیرە هەژی داهۆڵێك بوو لە نزیکیانەوە داکوترابوو. بە بینینی ناخۆرە نۆ باوك (ئازا-راوێژکار)، (گەنجۆی)ی باجگریشی پتر کەوتەوە بیر، بەڵام ئەوەی هێندەی هەموو ژیانی زیندانێکی هەمیشەیی نیگەرانی کرد. بێ هەڵوێستی ئەم گاڕانە و لووتبەرزی و زەڕەزەڕ و زەمتەیی ئەو زرگوێدرێژەی ناونراوە (راوێژکار)بوو... ئەوەیش کە سەرسامی کرد و دڵی دایەوە، هەڵوێستی ئەم چەرم و ئێسقانە غەوارەیە بوو. لەخۆی پرسییەوە: "ورگ و مێشك و هەڵوێستی راوێژکاری ئەوان لە کوێ و ئەوەی کاوێژکارەکانی خۆشمان لە کوێ؟".

هەژی کەوتەوە ناو کۆنە یادگارانی: "منداڵبووم مانگی مەولوود لە پاییزدابوو، حاجی حوسێنە خڕە مەولوودی کردبوو، لەسەر بانی مزگەوتەکە لە پشت ریزی پیاوانەوە دانیشتبووین، شێخ مەلا عەبدولڕەحیم بە دەنگە زوڵاڵەکەی مەولوودنامەکەی ئەوسای دەخوێندەوە. کە گەیشتە ئەو بڕگەیەی گوتی: "زەوی لەسەر شاخی گایە، گا لەسەر (با)یە، با لەسەر هەوایە، هەوا لەسەر ماسی، ماسیش لە ئاودایە، لە خوارووی ئەوانیشەوە خودا خۆی نەبێت کەس نازانێت چ باسە و چ هەرایە.". حامە گێل بە تەمەن لە من هەورازتربوو لە مامۆستا هەڵستاوە: "حامە زناحی دەگەڵ داکێ خۆ کردبی، ئەم تڕەکەڵەکە راناوەستی و دەڕمێت!. کوو یەکێکیان نابزویت، خۆ (با)و (گا) لە یەکدی شەتەك نەدراون، ماسیش دە ئاوێدا گیرنابی، هەرەگەڕێ و هەر ئەگەڕێ، کوو سڕنابن؟ کوو لە برسا نامرن؟ کوو دەبن ئەو بارە گرانەی ناکەون؟ ئەمن وەبرێم ئەمرێنێ گێلە، ئەنگۆش کەستان زمانتان دەزاریدا نییە!.. کاکە هەر شیرن و فەرهادەکەی خۆن بخوێنەوە خۆشترە، لەیل و مەجنوونەکەش باشترە ". هەموو پێی کەوتنە سەر گازەرەی پشت، بەڵام لەم ڕۆژەوە حامە لە مزگەوت دەرکرا. ((راستبێژ، کڵاوی سەری دەپەڕێت)). تڕەکەڵەکی ئێمە، گەلێ لەم سەیر و سۆبەتە لە ترازترە! تا کەی ئاشەکە لە خۆیەوە دەگەڕێت!؟.

هاتەوە پێش چاوی کە لە سەردەمی تەمەنی گەڕانەوەیدا ماڵیـان لـە هـەولێر لـە گـەڕەکی مامۆستایان بـوو. ڕۆژێك کە مـانگی ڕۆژوان وەکــو ئـەمڕۆ لـە پـاییزدابوو، لەگـەڵ چـەندین ئاوکوف و خۆشەویستی ئـەو کاتیـدا، لـە ژیـانی شـاردا هـەڵمابوون، ڕۆژ کـەلی بووبـوو، بـۆ چاولەوەڕاندن لە سروشتێکی خاوێن و شادی بەخش، بۆ دڵکردنەوە، نانی ئێوارەیان برد، لە گەڵ زەردەدا لە قەدپاڵی سەفین لە بەرزاییەکەی نێوان گوندی (قەڵاسنجی گەورە) و کانیاوی (چـاکی تەوسکە)ی گیرسانەوە.

هەناسەیەکی پاك و ئارامیان هەڵمژی، چاویان بە ناو ڕەزی ترێ و سماق و هەنجیر و هەرمێی چێندراو و بەڕوو و مازوو و گوێژ و کرۆسك و بەلالوك و دارکەسـکوان و هـەنجیرە کێـوی قـەدی شاخ و لووتکە و لاپاڵ و ئەشکەوتان بەرهەڵدا... خوانیان ڕاخست، پاقلاوەی گـەرم و خۆشـاوی کەللەتەزێن و بریانی و دۆڵمە و کەباب و ماسی و قەلی سـوورکراوە و نـــان و چـەندین جـۆرە پێخۆر و ساردی و میوەی ڕەنگـاورەنگ ڕیزکـرا. لـە ڕێککردنـی شـوێن و دانـانی خواردنەکـە بوونەوە و نە بوونەوە، لە رادیۆی ئۆتۆمبێلەکەدا تۆپی ڕۆژووشکاندنی هاوێشت.

هەژی لەبەرخۆیەوە "دەستمان بـۆ دەمـان نـەبردبوو کـە سـوپای زەردەواڵـە و زەرگەتـە و مێرووڵەی زل زلی لۆقن و مێشی گەورەگەورەی سەوز و ڕەش هورووژمیان هێنا، لـە کـەباب و بریانی و پارچەکانی قەلەکە و نانی چەور و خۆشاوی سارد ورین[١٩٣]. دەیان ویست بـە دەسـت و دەمیشیانەوە بنیشنەوە، تەنیا من نەبم، ئەوانی دیکە هەموویان، هەڵاتن خۆیـان گەیانـدە نـاو ئۆتۆمبێلەکان و جامەکانیان داخست، بە دەست بانگی منیان دەکرد، منیش شەرمم بەخۆ بوو، یا لەم برسییەتییەدا دەستم لەم خۆراکە خۆش و شوێنە دڵگیرە بەر نەدەبوو!.؟ ئازایانـە کەوتمـە دەرکردن و کوشتنیان، ناوەش ناوەش تیکەیەکم دەخستە زارمەوە. هورووژمی ئەوانیش سـات لـە دوای ساتدا چڕتر و بەگوڕتر دەبوو، خەریك بوو منیش دەستی لێ بشـۆم و خـۆم بگەیەنمـە لای ئەوانەوە، چاك بوو هرووژمەکەیان حەوت هەشت خولەکی پتر نەخایاند، وەك ئەوەی شـەیپووری پاشەکشەکردنیان بۆ لێدرابێت، یا هاواری بەسەردادنی مۆڵگەکانی خۆیانیان بۆ هاتبێت، یا بـە هۆی شەوکوێریانەوە بوو؟! زەردەواڵە و زەرگەتە و مێشەکان بە پڕتاوی گەڕانەوەوە و نەهاتنەوە.

---

١٩٣- ورین: وەرین، بە زۆری لێ هەڵنیشتن.

هێندەی بانگم کردن، بڕوایان نەکرد، بە بەر چاویانەوە کەوتمە سەر خواردنەکە. وردە وردە بە ترس و سەرەتاتکێوە، چۆن ڕێوی بچێتە سەر نێچیری بەردەمی پڵنگ، ئاوها بۆم هاتن. گوتم: توورگینە وەرن مەترسن. نەختێك خۆتان بگرتایە پیچەك دەستتان هەڵێنایە، دەستوەکەریەکی درۆزنانەتان بکردابایە. کوشتنتان پیشان بدانایە، کورە دوو کەرتە کەباب و سەری قەلەکەتان بۆ هەڵدابانە، هەریەکەو بەشی خۆمان بە تێری دەخوارد. فەرموون! من ترسناکەکانیانم شکاندن. ئێوەش ئازابن مێروولەکان تار بکەن!.".

گوتیان: "ئەوەی پێوە نەدات ئێمە بە ئاسانی دەروەستی دێین".

بە بوێری و بیٚ بەزەییەوە کەوتنە کوشتنیان. بێسوود بوو. لە هەراسانیاندا نانەکەیان بۆ نەدەجورا. منیش پارچە کەبابێك و مشتە برنجێك و دوو لەتە نانم بۆیان هەڵدایە ئەو شوینەی لێیەوە دەهاتن، ئیدی گوم بوون. گوتم "لە هەر شوێنێکدا کەلاك بکەوێت، پڵنگیش بیت، بیەویٚ بەتەنیا بیخوات، لەبەر داڵ و چەقەڵ و ڕێویان بۆی ناخورێت، دەبێت هەر خەریکی ڕاوەدوونان و پاسکردن و گڕبوونەوە و مڕاندن و شاڵاو بردن بیت. ئەگەر پڵنگ نەرمکەکەی بۆخۆی ببات تەرۆك و تەڕاد و دەندە پەراسوو و گورگنەخۆرە، بۆ تێکبەردانی ئەوانی دیکە بێلێتەوە. ئەوا بە ئارامییەوە تا مر و مەست دەبێت دەخوات.".

مانگ خەریکی ماڵئاوایی کردن بوو. لایتەکەم داگیرساند و گوتم: "دەفەرموون تا مار و دووپشك و شەوگەرد و خەمەگرووش دەوریان نەگرتووین نانەکەتان بخۆن. دوو تیکەیان نە گلاندبوو کە هورووژمی پەروانە و پێشکە و تەپۆ[١٩٤] یان سەری کرد، بە ویزەویز کەوتنە وێزەمان، تێمان ئاڵان، شووشەی لایتەکەیان داپۆشی. بەزمگێڕ و مەزاقخۆشێك کە بە ((بیرمەند، مام مۆتك)) بانگمان دەکرد، گوتی هەر چوار چاوی هەردوو ئۆتۆمبێلان پێبکەن (بەپێکەنینێکی سەرکەوتوانەوە): ئەو باڵدارە چکۆلانە حەزیان لە بینینی تیشکی ئازادییە. با بۆخۆیان بە دەوریدا سەمابکەن.". کە رووناکی ئۆتۆمبێلەکانیان داگیرساند، مێشوولە تەمی کردبوو، بە گیزەگیز، بێگەڕانەوە، بۆ دەست و مل و دەم و لووت و چاو و کونە گویٚ و ناو پرچی سەرمان دەهاتن.

---

١٩٤- پێشکە و تەپۆ: دوو جۆرە مێشوولەن.

مام مۆتکی بیرمەندمان وەك پێشتری من، خۆراکی بەملا و بەولادا وەشاند، سوودی نەبوو. بە پێکەنینێکی ترساوییەوە، بۆ کوشتن و دەرکردنیان بە شەپان کەوتنە لێدانی سەر و گـوێلاکی خۆیان، بەبێ ویست و بێئاگا هەر یەکەو لەلای خۆیەوە بەرەو لایەك پەرتەیان کرد[195]. منـیش ویستم ئاگربکەمەوە بە گەرمی و دووکـەڵ دووریـان بخەمـەوە، زانـیم دارسـتانەکە دەسـووتێنم ئەوانیش نابڕێنەوە و وازیشناهێنن، چونکە مێشوولە خوێنمژن، گۆشت و برنج و نانیان ناوێـت. ژیان ئاوایە، هەریەکە و بە شتێك برسـیەتییەکەی دەشـکێت و دڵـی دادەکـەوێت، بـەڵام مـرۆ هەمەخۆرە. بیرم کردەوە خۆم بگەیەنمە سەر بەرزاییەکەی بانەوە، ئەوێ باگرەوەیـە. مێشـوولەی کەم کێش لە (با) دەترسیت. لە خۆم پرسییەوە: " تاکەی لەوێ بوەستم؟ ئەنجامەکەی؟... گـوتم چش لە خواردنەکە، هەر هیربارەکان ببەینەوە.".

هەڵستامە سەرپێیان. نەرمەڕانم جزەی لێوە هات، ژان لە کونە لووتمەوە دووکەڵە شـینکەی کرد. بیرم بۆ پێوەدانی مار چوو. روانیمە دەستەی برادەرانم، بینیم هەریەکە و بە لەخۆدان رووەو لایەك دەکوتێت[196]. سەیری دەوروبەری خۆم و شەرواڵەکەمم کرد، هیچ دیار نییە! ئەمجارەش بـە هەمان شوێنی وەدامەوە، گوڕی ژانەکە لە چاوم بلێسـەی دا، ویسـتم هـاوار بـۆ هاوخوانـەکانم بکەم، ئەوانیش لەتاوە خۆیان نەك هەر ئاگایان لە بـەهاناوە هـاتن نـەبوو، بەڵکـە ئاگایـان لـە خۆشیان بڕابوو. هەرچونێك بێت بە هەژاوییەوە شەروارڵەکەم داکەند و تێم هەڵدا. سەیری رانـی خۆم کرد. زەردەواڵەیەکی هێندەی قەسپێکی ئەشرەسی بە ناوگەڵمەوە نووسابوو، هیچم بۆ نەما ئەوە نەبێت پڕ بەدەنگ بزریکێنم: کوڕینە بمگەنێ خواردمی. وایان زانی هەرس یا گورگی هـارم تێکەوتووە، یەکێك دەست بە کێرد و بە لـە خۆدانـەوە دەهـات، بـە دەوری خۆیـدا دەسـووڕا و دەگەڕایەوە، بەرد لە دەستێکیان، بە تاکە دەستێك لە رووی و سەروپۆتی خۆی دەدا. دەیگـوت: قوربانت بم هـەر هەنـدە خـۆت بگـرە هـەتا دەتگـەینێ. یـەکێکی دیکـەیان بـە چـڵە چـڵوو، سەروسەکوتی خۆی پاسدەکرد. دەتگوت شێتی هەموو وڵاتان بەو شەوە و لەقـەد ئـەو چـیایەدا بەرهەڵدراون. کەس بەری بە کەس نـەبوو. لـەم چـرکە سـاتەدا زەردەواڵەکـە، مـاڵی ئاوابێـت، هەڵفڕی و لە نزیك لایتەکەوە، لەتەك یەکێکی نیوە مردوو نیشتەوە. کە ئەوان بە ترساوی و بـە

---

١٩٥- پەرتەیان کرد: بڵاوبوونەوە.

١٩٦- دەکـــوتێت: دەڕوات، هەنگاو دەنێت. رادەکات.

هەژان و هانکە هانك گەیشتنە سەرم، تەپانەکەم[١٩٧] داکەندبوو و بە دەستمەوە بوو، بۆ زەردەواڵە و دووپشکی ناوی دەگەڕام. یەکێکیان بە پەشێویەوە "ئەمە ورچ یا پڵنگ بریندازی کردووی؟ مار کەوتۆتە ناو لینگانت؟" منیش ئاماژەم بۆ رانم و بۆ زەردەواڵەکە کرد. دەرپێ کورتەکەم فڕیدا. کەوتمەوە ئاوەژۆکردن و تەکاندنی شەرواڵ. هەر بە بەرەواژییەوە کردمەوە پێم. سەرم بڵند کرد بینیم مام مۆتکی چەمبەری، بە دەستێکی رانە قەلی بۆ زەردواڵەی نیوە مردوو راگرتووە و بە دەستەکەی دیکەی لە سەروسەکوتی خۆی دەدات. بە دەمیش ((گدی گدی)) بۆ زەردەواڵەکە دەکات. پێی دەڵێت ((فەرموو بیخۆ! بیبە! بەڵام پێوەمەدە!)). لەسەر دەردی خۆم، کەنینم بەوان دەهات. هەرچۆنێك بێت سواری ئۆتۆمبێل بووین. گوتیان بادەدەینەوە، لە شەقڵاوە، یەك و باڵۆڵەی نۆکی کوتراوی لە رووندا سوورکراوە دەخۆین. ناکرێت لە ماڵەوە بڵێین برسیمانە، ئەگەر بشزانن چیمان بەسەرهاتووە، ئەوا دەیانگوت ((خودای ئێمە بوو، منداڵان لە سەروکۆکڵی ئێمە جێدێلن و بۆ خۆشتان لە سەرەسەران، لە رابواردن و کات کوشتنێ دەگەڕێن))

لە (تەوسکە) ڕەتبووین، بەر لەوەی بگەینە (حوجران)ێ بیرم کەوتەوە مۆبیلەکەم لە سەر کامە گابەردا جێهێشتووە. راچەنیم و گوتم: بیستۆکە گەڕۆکەکەم لەوێ لەبیرکردووە. تێکڕا گوتیان: "ئەوێت لەبیرچوو؟ دەتەوێت بگەڕێیتەوە شەرواڵە کورتەکەت بێنیتەوە، یانە ئەوەی لەپێتدایە ئەویشیان بۆ ببەیتەوە؟. بە خودای بابم ئەمە لەخۆمان خۆش نەبووین. ناشگەڕێینەوە، دڵگیر ببیت ئەوا دوو مۆبایلانت لەوەی خۆت لۆ دەکڕینەوە، بەڵام کورتە شەرواڵەکەت...!". منیش بەدەم ژانی ران و گەڵم دەتلامەوە. هێندە نەڕۆیشتین بوورامەوە. لە (شێرەسوار)دا چاوم کردەوە بەفراویان بەسەرمدا دەپڕژاند، نەختێك هاتمەوە هۆش. ئەوانیش لە خۆشیاندا چەپڵەیان کوتا. لە رێگەدا بەمنیان رادەبوارد: "هێندە خەمەی ناوێت، بەیانی بە زووەوە مۆبایلی کەلەکەوێتت دێنینەوە، ئەگەر چاویشت لە خواردن و مەنجەڵ و لەگەنەکان بەرنابێت، ئەوا هەفتەیەك لە زیافەتانت دەگرین! خۆ ئەتۆ بە تێری لەوەڕای! ئێمە هەر بۆنمان خوارد. کاماکرد، تامان نەکرد. لۆ قاپوقاچاغەکانیش هی نرتونوێت لۆ دەکڕینەوە. لەترسی

---

١٩٧- تەپان: کورتە دەرپێ، دەرپێ قوتە. دەرپێ چکۆڵەی ژێر شەرواڵ و پانتۆڵ . مایۆ.

ماڵەوەش بڵێ لە ئۆتۆمبێلەکەی دیکەدا مابوون، گۆڕاون. ئاگاداریت کە شیری هەنجیریشمان لـە شوێنی پێوەدانەکە دا، (بە پێکەنینەوە) مەگەر بەشی ماڵەوەت...!".

بەر لەوەی شۆڕبینەوە (بەستۆڕە)، شێتانە جەنەم گرت. بە تووڕەییەوە گوتم: هەریـەکێکتان شەرواڵ یا ژێر شەرواڵەکەی فڕێ نەدات!. دەبێت بچین ئەوەی منیش بێنینەوە. دەتانەوێت هـەتا هەتایە چاوم لە ئاستتاندا هەڵنەیەت، کەی ویستتان بە مرازی خۆتان پێم راببوێرن، لەبەر چاوی حەز و ناحەزان پێم بڵێن: ((لە کوێ و بۆ کێ شەرواڵت داکەند؟)) ئەوکاتـە وەڵامەکـەی منـیش ئەوە دەبێت: هێندە دەزانم من شەرواڵم بە یەکە یەکەتان داکەندووە، ئێـوەش مـەردی خـودابن، مەترسن، پێم بڵێن کێ بەمنی داکەندووە. خەریك بوو گوێم پێ نەدەن. بە شـێتگیرییەوە کەوتمـە خۆ پچڕینەوە و شێتانەتر دەستم بۆ سووکانی ئۆتۆمبێلەکە برد. ماڵی مـام مۆتـك هـەرئاوەدان بێـت، هەڵوێسـتی نوانـد، گـوتی: ((رەنگـە زەنگـە سـۆرەکەی بـەوی وەداوە، ژەهـری مـاری خۆاردبێت، ژەهر لە لیك و خوێنی دابێت، گەزە لە هەریەکێمان بگرێـت ئـەوا وەك ئـەومان لێ دێت. داوادەکەم لە پردەکەی بەستۆڕە پەڕینەوە، چوارییەکان داگیرسێنن! هـەردوو ئۆتۆمبێلمـان لەناو دارەکانی خانزادێدا... تەپانەکانمان دادەکەنین، بەڵام ئەگەر ئەوێش زەنگەسۆرە و پێشکە و مێشکەی هەبوو، ئەوا لەم دیوی خاڵی پشـکنینەوە کارەکـە دەکـەین...)). شـریخاندم: رازیـم، بەڵان ناهێلم بگەنە خاڵەکە! دەتانەوێت بگەنە ئاوەدانی و خۆتان لە دەست من دەربازبکەن؟.

وەکو گوتم چوون لە ناو دارەکان دایان کەند. لە گەڕانەوەیاندا دەستم لەگـەڵی یەکەیەکـەیان گێڕا، نەوەك داینەکەندبێت. دەستم لـە گـەڵی گاڵتەبازەکـە کوتـا دایکەنـدبوو. بـە پێکەنینـە تایبەتییەکەی خۆیەوە گوتی: ((ئەدی لۆ بن کڵاوەکەشم ناگەڕێی؟)) روانیم تەپانەکەی لە سەری ناوە. مۆتك و دوانی دیکەیان تەنیا تەپانەکانیان لە پێدامابوو. گوتیان: ((پێش ئەوەی بگەینـە خاڵی بازگەکە، جلکەکانی دیکەشمان دادەکەنین. ئەگەر گوتیان بۆ وا خۆتان رووتکردۆتـەوە؟ بـە خاوی و بە زمانی لوور و ملی لارەوە پێیان دەڵێین: رۆژی گۆڕان و پێشکەوتن نییە؟ رۆژانە سەد سنگ و سمت و گەڵی رووت بە پێشـتاندا تێدەپـەڕێت و بـە چـاوان لێیـان دەلـەوەڕێن، ئەگـەر جیاوازی لە نێوان هەردوو نیوەکـەی کۆمەڵـدا ناکـەن، وابزانـە ئێمـەش ئـەوانین! ئەوکاتـە بـە سەرخۆش و تریاکخۆرمان دەزانن و دەڵێن: "خۆشییەکەیان لێ تێك مەدەن، مەستن ئاگایـان لـە خۆیان نییە... بڕۆن ئاگاتان لە خۆتان بێت! سەرسارەکان سەرگەرمەکان بگەیەننـەوە ماڵـەوە،

ئەگەریش... ئەوا بۆتان داوای پۆلیسی بە هاناوەهاتن دەکەین.". کە لـە بازگەکـە دەرچـووین، گاڵتەچی گوتیە مام مـــۆتکی: "ئەی ئـــافەرین مامەی کەللە پڕ، سەد ئـــافەرین، بیرمەنـدی مەزن، چۆن توانیت وا...؟".

مۆتك بە پڕ وازییـەوە: "ئینجـا ئـەوە زانـین و بـیر گێڕانـی دەوێـت؟ رۆژانـە لـە کەناڵـە ئاسمانییەکانەوە نایبینن؟ نایبیستن؟: ئـــافرەتی رووتی رووگەش و بۆنخۆش، پیاوی دەستکراوە و سـەرخۆش، لـە هـیچ شـوێنێك لێ پرسـینەویان ناوێـت. ئـەوان ژیـر و نـەرمن، سەردەسـتەی کۆمەڵگەی سەردەمن. نابێت سەربەستیان لێ تێکبدرێت. ئێوە ئەوەندەش نازانن؟ کە تا ئێستا لە دەرەوە دیارنەبوون، وامدەزانی لە ماڵەوە خەریکی پەرتووکن، لە ئەنتەرنێت و سێڵ و کەناڵە ئاسمانییەکانـەوە بـەدوای زانسـتەکانی رۆژ، نووچـە بایەخـدارەکانی نزیـك و دوور، گڵۆبـەری جیهانگەریدا وێڵن!. نەمزانی هەر خەریکی مـاڵ گسـکدان و منـداڵ بـەخێوکردنن. پـەکووو! ئەنگۆ کـــوو بزانن هەندە بێ وەج بن! ئەز بـە چـــاوی گـــەورە و گـــوێی ســـووکەوە، دەرێ و ژووریێ ئەگەڕێم، ئاگاداری خشەی مار و مێرووم، هێشتا بە دەست کـەمکاری و زۆر کـــاتیەوە وەڕس بـوویم.".

گاڵتە بازەکە بۆ گەڕگێڕان و بەڕوودا پژان، بە تیز تێگرتنەوە: "گریمان لە تۆ پترمـان کـرد. دامانـا هـەموویمان لـە مێشـکی خۆمانـدا ئـاخنی، سـوودی چـییە؟ پـێم ناڵێیـت چـۆن زەنگەسـۆرەیەکی پـێ بکـوژین.؟ ماڵتـان لـە تەکمانـە، شـەرواڵەکەتم شـاردۆتەوە، بـەیانی دەیهێنمەوە، دەیخەمە سەر رستی دراوسێیەکەی ئەم دیوتـان، خـۆت دەزانـی کامـەیان دەڵـێم! ئەوەی لەسەر منداڵەکان لەگەڵ خاتوونەکەت بۆ یەکدی لـە بۆسـە دانیشـتوون. وادەکـەم کچـە بچووکەکەم لە دوورەوە بە خانمەکەتی پیشان بدات، ئەو کاتـە بـە شـوونکان[198] شـفت و شـۆت دەشکێنن، مـەردی خـودابە بـەبێ پـرس و پسـوولەی وەزیـــری نـاوەخـــۆ سـەر لـە کـــونێ خـــانی بێنە دەرێ.".

---

198- شـــوونك: کوتکی خوری ونوێن و کۆنە جلی ئەستوور شۆرین.

مـام مۆتـك بـه پێداهەڵشـاخانەوە[199]: "ئـەوجا ئـەمنیش تەپانەکـەی تـۆ لـە ماڵەکـەی بەرامبەرمان هەڵدەخەم، ئەوکاتە بەیەکەوە لەبەر دەرگا شەترەنج لەسەر نێرەقـەل و کەڵـەباب و کەباب و تکەی بەرخ دەکەین.".

گاڵتەباز: ((چما من هێندەی ئێوە منداڵم؟ (دەستی خستە باخەڵییەوە کورتە دەرپێیەکـەی دەرکرد، گوتی) ئەمەش ئەوەکەی خۆم، دەتەوێت ئەوەی تۆش بە تەلەسمێك بێنمەوە؟. (دەسـتی کردە لاباخەڵی دووەمی کیسێکی دەرهێنا، رانە قەل و کەباب و پاقلاوەی دەرکـرد): فـەرموون ئەوە بەشەکەی خۆمە و لە زەنگەسۆرانم ستاندەوە، لەگەڵ منداڵانم بەیەکەوە... (بـە کـەنیێکی بێتامەوە) ئەتۆش "گدی گدی و فەرمـوو بخۆ"یان لـۆ بکـە. زانـین و مـاڵ ئەوەیـە بیانخۆیـت، لەکاتی تەنگـانە بتگـەنێ، لە پێویستیدا بە هـاناتەوە بێن)). مام مـۆتك مـرداما و دەمـی بووە تـەڵەی تەقیو".

هەژی زەردەیەکی گـۆدی کـرد و لـە دڵـەوە گـوتی: "بیرمــــەندانی خــۆنەویست لێـرە دەسووتێندرێن. لێرە بە رۆژ و بـە شــەو مێشـوولە و زەردەواڵـە، بگـرە دووپشـك و حـەزیا و نەهــەنگیش ورووژم دێـنن، بۆیـە ئـاوا دەرپێیـان لێ داکەنـدووە، ئـەم گاڕانـە چاوترسـاوە بـە سەرخۆشی و بە نەخۆشی ((هەریەکە دزی دوای گای خۆیەتی)). لەم جەنگەڵەدا ئەوەی بیـەوێت زەردەواڵە و دووپشك و ماران بکوژێت ئەوا دەبێـت بـە پەلـەتر دایبکـەنێت و لـە نـاو ئـازاری پێوەداندا گینگل بدات، لە هۆش خۆی بچێت، کەسـیش ئـاوڕی لێناداتـەوە. ئـەگین مۆتکـانی بەترسەوە رانە قەلی بۆ راگرە و گدی گدی و فـەرموو فەرمووی لێ بکـە!.".

---

١٩٩- هەڵشاخان: بە نەڕاندن و بەگژداچوونەوە. پێداپژان.

# ١٤- مام دینۆ

له دوای رۆیشتنی کەژاوەی راوێژکاری تەنگەستوور (ناخۆره نۆباوك) و گەڕانەوەی مگەلەکە بۆ خویێرسك[٢٠٠]، هەژی بە دڵتەنگی و پڕییەوە چاوی لە بازرگان دەگێڕا. چاوی لە قامیشەڵان و چەند شۆڕەبییەك لە لای ژێری (گەڕ)ەکە[٢٠١] سەنگرایەوە: "دەبێت ئەوێ کانیاوبێت!. راستەزەوییەکەی خوارتریشی نەرمێن و رەشەخاکە، جێگەی کشتوکێرە، ئەدی بۆ دانەچێندراوە؟". پەیتا پەیتا بەرەو کانیاوەکە هەنگاوی نا.کەوتە سەر رێچکۆڵەیەکی خۆڵەپۆت. پتر پێی هەڵێنا، گەیشتە رێچکەیەکی بەردڕێژکراو، بەکانیاوێك بڕایەوە. لە خارووی کانیاوەکەدا لە ژێر سێبەری توو و شەنگەبییەکان و لەسەر تاتەبەردێکی درێژ و بەریندا، کە پتر لە دارێژراوی چیمەنتۆی ئێستای یا لە تاتە کاشییەکی دەکرد. پیرەپیاوێکی داهێزراو و منداڵێکی پووتەکە دانیشتبوون. هەندێك توێکڵە هەنار و گوێزیان لە تەکدابوو. بە کۆکەیەك ئاگاداری کردنەوە. ئینجا سڵاوی لێکردن. پیرە بە شەکەتی و کەنەفتی، بە دەستی بە گۆچانەوە بە لەرزە لەرز هەڵستا. دوو هەنگاوی لەرزۆکی بەرەوڕووی نا و فەرمووی لێکرد. منداڵەکەش خەریك بوو توێکڵەکان کۆبکاتەوە و دووریان بخاتەوە. پیرەی لەرزۆك "فەرموو... فەرموو مامۆستا، بفەرموون جگەرەیەکی خۆمانەمان لەلا بە بابدەن!.". گەیشتنە یەکدی، هەژی پتر لەسەر شنگ مابوو، دوای دەستگوشین، دەستپێشخەری کرد، سەری داگرت: ناوی بەندەت هەژییە، شاریم، بە ناسینتان شاد و رێزدار و سەربەرز دەبم.

پیرە بە گۆچانەوە قسەکانی دەردەبڕی: "خۆتان پڕ رێزن. ئێمەشتان خستە ریزی رێزدارانەوە. بە گەداییم رازی بیت، برا بچووکت (دینۆ دیندار دەروێش)ی ناوە، ئێرەیش گوندی باپیرانمە. ئێران و تووران گەڕام لە هیچ شوێنێك کەلەکەم نەکەوتە هاردی، بە دەست خۆم نییە، خولیامە، خووم پێوەگرتووە، لە ژێر سێبەری دار و لە سەر تات و کانیاوەکەی خۆم نەبێت ناسێمەوە...".

---

٢٠٠- خویێرسك: شوینی خویدانە مێگەلی مەڕ و بزن.

٢٠١- گەڕ: تەختە زەوی کەنار بەست و ناو گردۆلکان. سەرگەڕان.

سێگۆشەیی لە سەر تاتەکە دانیشتن، پیرە، قوتووە تووتن و پەڕاوییەکەی دەرکرد، بە دەستە لەرزۆکەکانی جگەرەیەکی کوردی پێچایەوە، بە ((ئەستێ و بەردەستێ))یەکەی پێیکرد. بە پێکەنینەوە "من، بە جگەرەی بیانی برپم ناشکێت. (دەستی بۆ هەژی درێژکرد) فەرموو!".

هەژی بە ڕوویێکی شادەوە: "زۆر مەمنوون، بە دووکەڵی سووتانی گیرفانم پوچ و هەناوم رەشناکەم. لە تەمەنی پیریشدا بە پیری شێرپەنجەی گەدە و گەروو و سیپەلاك و دڵەوە ناچم. بە ویست و بە دەستی خۆم بەرهەنگ و دڵەکوتە و دڵوەستان تووشی خۆم ناکەم.".

دینۆ: بە پێکەنینێك کە ناو دەمە کەلۆسەکەی بە تەواوی بیندرا: "هەرچەندە شارییی فێڵاوین، بەڵام لە دەشت و دەردا کەم دەست و بێدەمودوون[٢٠٢]. یا ناتەوێت بڵێیت جگەرەی عەترڕلی نەبێت نایکێشم.".

هەژی لە ناخی دڵەوە: "کەزانیم جگەرە نەخۆشی و نەداری و نەزانی نەبێت، هیچی دیکەی بەدواوە نییە، بە متمانەوە بە نەفرەتم کرد.".

دینۆ: "مامۆستا قسەکانت بە سەنگن، ئەگەر بەکردار، کەف و بڵقی سەرئاوێ نەبن.".

هەژی: "هەژدە ساڵ هاوڕێبووین، بیست و هەشتیش پترە پووشکەمان پساندووە[٢٠٣] و لەگەڵ یەکدی دووشك[٢٠٤] و دوژمنین.".

دینۆ: "تۆ کە بە دووکەڵی جگەرە هەناوت رەش ناکەیت؟ ئایا هەناوڕەشی و لاڕەشەی مێشك ناگریت؟ هەر لووسکەیەکی لوتی و گەمبۆرێکی[٢٠٥] مل پان دەبینی، تەنیمۆك و دووکەڵی گۆڕانی سەردەم، رووی رەش و چاوی کوێرکردووە. ((ئازادی و بازاڕی ئازاد و پێشخستنی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی شارستانیەتی، خۆشژینی، نەوەی نوێی)) بە زارگرتووە. لەوانەیە هێندەی من، جەرگت بە دەستی نەوەی نوێ، بەتەندوورەوە نەدرابێت. منداڵی شاریشی، رەنگە وەك مەمانان پشتیە خەمان لە خۆ هەڵنەدەن، بەڵام ئەتۆش کەم تەمەن نیت!. رۆژگار دایتەپاندووی، پەندی داویت. پێشان ئەگەر خێزانێك لە هاوین و لە پاییزێدا باراشی

---

٢٠٢- بێدەمودوو: بێزار و زمان. دەمسارد.

٢٠٣- پووشکەمان پساندوە: نێوانمان نییە، قاوەی یەکدی ناخۆینەوە. لەیەکدی زویرین.

٢٠٤- دووشك: قسە لەگەڵ یەکدی ناکەین، پووشکەمان پساندووە.

٢٠٥- گەمبۆرێکی: گەوادێکی. تەگەیەکی رەشان، سابرێنێکی رەش.

زستان و بەهارێی لە کەندوان نەکردبایە، ئەوا وەك گورگی گوجیلە خوراو حەجمانی لە زەوی و ئاسماندا نەئەما... کورِم! هەر هێندەی گیانداری کێوی چاوداربن! ببینن! مێگەل و رەوەی ماڵی و کێویان بە پێی خۆیان بەدوای لەوەڕدا دەگەڕین، دەعبا و درِندەش لە بەفرهاتن و لە ئاگربارینـدا هەر راوی خۆیان ئەکەن. هەنگێکی بزێو، سمۆرەیەکی گوێز و بەڕوو خۆر، گێرکە[٢٠٦] یەکی لە شارەکەی دەرنەکەوتوو، بگرە گووخلێنەیەکیش، هەر چۆنێك بێت هەر بەخۆیان، خۆراکی رۆژانە و وەرزانەیان پەیدائەکەن. باراش و بژێوی ساڵانەیان دائەنێن، چاویشیان لە دەستی کەس و ناکەسان نییە، کەچی گۆلکە ورگن و جاشکە کولکنە سمسپییەکانن[٢٠٧]، چاو نابینا و هۆش کوێرەکانن، زۆرینەی هەرە زۆریان دابەستەییەتیان هەڵبژاردووە. گەنجانی سەردەمن، ئاخورِ و ئالیك و تەویلەی حدوودانیان لێت ئەوێ، کار و باری ئەفنەسانیش نابەن. (بە نەرمییەوە) لە بیرمە پیرانی ئەزموندار ئەیانگوت: ((بارەبەری چاك بەخۆی ئالیکی چاك بۆ خۆ زیاد ئەکا)). ئەوانەی ئێستا بەبێ ماندووبوون لەوەڕی تەڕ و نووستنگەی وشکیان ئەوێ، ئەم دوو شتە بەرەواژە چۆن بەیەکدی ئەگیرێن؟. نازانم، ئەوەی ئەمرِۆ لێیان ئەبیستم و ئەبینم: ((هورگ و جۆرکی پڕ، لە ژێر دەستی نەرم و سپلاّن دایە)) سواری ماینێ نابن بەرزەیە. پاشەوپێش سواری کەرێ ئەبن هەتا پێشەخۆیان نەبینن. ئەوانە تیکەی جوراویان گەرەکە بخرێتە دەمیانەوە، ئاو لە لاویچ[٢٠٨] ی خەڵك بخۆنەوە، بۆیان ناکرێت، دەنا دەیانەوێت لەبری ئەوانیش بچنە ئاودەستخانەوە.

رۆژ و شەو لە خەمانیان هەڵئەقرچێم، کەسیش ژان و دووکەڵی سووتانم نابینێت. رۆژانە چەندین جار بانگی مەرگ ئەکەم بمگاتێ!. ئەتۆ کردار و رەفتاری ئەم سەنگۆ و وانەك مژان و کۆرەبژانەی ئەمرِۆ ببینە! بە پەنجایان پیرێکی کەنەفتیان تێنابێ. بە پازدە ملەوەزانیان سەپکە جۆیەکی خاوەبرژ و دوو قوومە دۆی گزگزاویان پێ پەیدا ناکرێ. کە چاویش ئەدەیتە زار و زمانانیان، بە خۆپفدان، بەتەوەزەلی و ترِزلی، بە درۆی بە بارِەبارِەوە، باسی عەرش و قورشت لۆ

---

**٢٠٦- گێرکە: جۆرە مێروولەیەکی زۆر وردە.**

**٢٠٧- سپیەکانن: سپیەکانمان، لە ناوچەی خۆشناوەتی لەبری (مان، ان)ی کۆ (ن) بەکاردێت. پیاومان: پیاون، ماڵمان: ماڵن. شێوەزاری مام دینۆن خۆشناوە.**

**٢٠٨- لاویچ: گۆلْم (ناوچەی باڵەکایەتی- چۆمان)**

ئەکەن. (ئاهێکی کرد) هەناسەگیر بن!. لە باوکە ئادەمەوە تاکو ئێستەیش، نەزانەدراوە گیانداریك هەبوبێت (بە زار و زمان، بێدەست و پێ و بێ سەر و بێچاو) بەڕیوە چووبێت!. کاکە هەر بۆ بڕوا پێکردنتان، جاریك، تەنیا جاریك بە دەست و دیاری، راستییەکان بێنین! ئەوکاتە چاو لە پەنجاویەك راستپۆشیتان ئەپۆشین!. باوەڕ بە گاڕانێك درۆی شاخدارتان ئەکەین. پێموانییە ئاوکووفانی مەمانان، ئەم بار و جووجەڵە قەلە تازە کورتانەبوانە[209] نالێم، نییە ژاندار و ژانگرتووی دەستی ئەوانە نەبێت. نییە لە پیسکەیی نەوەی ئەمڕۆ، پیساو کونە لووتی نەگرتبێت. تەنی[210] دەردە (هۆشوەستان)ی ئەوان، رەشکێنی چاوی سپی و سپیلکی چاوی رەش نەکردبێت؟. هەیە خۆرکی خەمی ئەوانە، خوێن و گۆشت و هێسکی نەخواردبێت؟. مەگەر بێ سەروبەر و بێ کەللەسەر بێت!

وەرە بیاندینە و هێندە خۆگربە، مەدرێ و لە بەریەك هەڵمەپچڕێ!. پێشان سەرکۆتی نەك لۆ پیاوان بەڵکو لۆ هەرزە و مێردمنداڵانیش شوورەییەکی گەورەبوو، کەچی ئەمڕۆ بە چاوی سەری خۆت ئەیبینی و رەسەن و رچەڵەکیشی ئەناسی، لە خۆی باشتر ئەزانی کەینێ دایك و داپیریان تەگەیان خواردووە و لە کامە زاگەش واقەیان هاتووە. ئافرەتە، سەرە ژنە، نەك هەر سەر و مل وسنگ و بەرۆکی رووتکردووە، بگرە بێباکانە بەلەك و لوولاق و نەرمەڕان و (دووفلیقان[211])یشی کۆتکردووە. دەیوسە ناپیاوەکەشی بەدواوەیەتی و بزەی دێتێ، بە رەفتارەکانیشیان ئەڵێن ((گۆڕان و پێشکەوتن!.)) نالێن لە سەر پشت کەوتن و لە ئایین و لە خۆ وەرگەڕاون و بوونە میر دەیوس، لە مرۆڤایەتی شۆران و لە پیاوەتی تۆران. خەریکە لەداخانیان بتەقم. (رووی کردەوە شوانە بچکۆڵ، بەسەر و بە لووت ئاماژەی بۆکرد) رەنگە ئەوانەی من لە چاو هەندێکیان بە سەد ئاوان شوورابنەوە و لە گەلێکیان چاکتربن، بەڵام ئێستا تیاترۆخانە لە هەموو ماڵاندایە. بە ناخێری گیانیان ئەو بەنگکێشانەی لە هەندەران گاڕانی ژیاون، کەسیان تۆوی خۆی ناناسێتەوە. کە دەگەڕینەوە، ئاگر لە هەرزەکانمان بەرئەدەن، کە بەنگیان کردن،

---

۲۰۹- کورتانە بووی: ئەو جووجەڵەیەی تووکە زەردەی سەر پشت و بان باڵەکانی وەریوە و پەڕی هەمیشەیی دەرکردووە.

۲۱۰- تەنی: تەنیمۆك، رەشایی نیشتووی دووکەڵ، رەشایی ئاگردان و ژێرمەنجەڵ و ساج.

۲۱۱- دووفلیقان: دوولکە، مەبەست نێوان هەردوو لاقانە، ناوگەڵ.

ئێجا وەك دەجال ڕەگەڵخۆیان ئەخەن، بە مەمانانیش ناگەڕێنەوە سەر ئایین و ڕەفتار و ڕەسەنی خۆن. ئەوە دەستمان بەربوو. دەوجا ئاویّ بینە و پێشاوی گەورەی پێبکە!.

(بە داخ و کەسەرێکی گرانەوە، بە سووکی درێژەی پێدەدا) ئەمانە ئەهریمەنن، ئەچنە بن گوێی هەرزە و منداڵ و توارانمانەوە. بە وێنە و ئاوێنەی ئەفسووناوی، وایان پیشان ئەدەن کەوا لە هەندەران گەنجینەی لیرەی کۆن ئەبیننەوە. لە دەرەوە هەر بڕێژ بڕیژە و بە شەن خڕکردنەوە و بە تێلەگە هێنانەوەیە. کرداری لەکەدار و کێشەکانی هەندەرانیش ئەشارنەوە، گرفتەکانی ئێرەش گەورە ئەکەن و ئەیخەنە ئەستۆی داب و نەریتە ڕەسەن و جوانەکانمانەوە.

ویستیانە، بۆ پتر بڵاوکردنەوەی بەرەڵڵاییەکەی خۆیان، بەرخ و شەکەکانن واتێبگەیەنن، کە بۆ دەربازبوونیان دەبێت داب و نەریتە باڵاپۆشەکانی ئێرە لە پیّ بکەن. وارێن[212]: ((ڕووتپۆشی و بەرەڵڵایی هێمای پێشکەوتن و نوێخوازی ئەنوێنن. بیرمەند و بوێران نەبن ناتوانن ئەو شەقاوە باوێن!. پیرە کەللە بەردین و گەنجە گەمژەکانیشن بەرگەی ئەو تەکان و ڕاپەڕینە مەزن و خێراییەی جیهانگەری ناگرن، هەر بۆخۆیان ئەکەونە بەرتەوژمی گۆڕان و ژێر پێی ڕەوتی ڕۆژگارەوە، بە هەناسە ساردی، سارد ئەبنەوە. ئەمە ڕەوتی جیهانگەرییە! بۆیە ئەبێت بە زاکوماکەوە پەلە بکەین، بەڵکو بە کەشتی پێشکەوتن ڕابگەین.)). کە گەیشتنە قووڵایی دەریا و ناوەڕاستی شەپۆڵە گەورەکان، ڕووت و قووتەکان بە تەواوی ئەبینین. لە ناو گێژەندا ئەبێژنە گێژەکانن: ((ئاور لە دواوەن بدەنەوە، تراویلکە و تەپۆلکەی گووفەکی کەچە جل و کۆنە هەوار، بیابانێکی لماوی و گەردەلوول و خۆڵباران ببینن. بەڵام کە لەوێبوون، دەناویدا ئەژیان، هەست و بەم ڕیخە شێلدراوە و قوڕە خوساوە نەئەکرد. کەبەرگ و داب و نەریتی کۆن دائەکەنی و فڕێی ئەدەیت و لێی دوورئەکەویتەوە، ئەوکاتە، بە ڕووتوقووتی، خۆت سەربەست ئەبینیت و ئەزانی کۆیلایەتی چۆن بووە.)).

(بە نیمچە گەشانەوەیەك) شتێکی خۆشتر! خزمێکی گوندیین، هاوتەمەنی من، بە شەڕی لە هەندەران هاتەوە، لێرە خودا بۆخۆی بردەوە، پێویست ناکات بڵێم دێیەکە چەندە بە ڕێکوپێکی بەڕێیانکرد. گۆڕەکەی ها ئەوەتە لەم گۆڕستانە بچکۆلەی سەر ڕێگەکەیە. تاکەکوڕێکی هەیە

---

٢١٢- وارێن: وا دەڵێن. دەڵێن.

له (دینخانەی هەندران)ە، کە بە زمانی ئـەوان ((تـاراوگە یا پەناگەیـە)). ئێمـەش ((ونگـە و گەنگەو و تۆراوگە و راوگە و گۆمی گونان))ی ئـەڵێینیێ. سـێ مـانگ دواتـر تاکـە کوڕەکـەی هاتەوە، توولەیەکیێ رشبەڵەکی تیسـکنی هێنـدەی نێرەکتکێکـی گرتبـووە بـاوەش. زنجیرێکـی کردبووە ملی توولەکسۆك و یەکێکیشی کردبووە قەرێتەی ملی خۆی، نیـوە پانتۆلێـك لـەپیێ و کۆڵ لە پشت، هاتەوە گوند. خزمان بـە خەمبارییـەوە بـەرەوپیری ئەچـوون، ئـەویش بێباکانـە دەستی بە سەر و لمووزی توولەکەی دادێنـا، هەریەکێکیشـی ئـەبنیی بـە خەنـدەوە سـەری بـۆ ئەلەقاند و بە هێمنی ئەیگوتیێ "هەڵۆ... نایس توو سی یوو، ئۆکەی ئۆکەی، سی یوو ئەگێن". (سلاو شادم بـە بینینـت، چـاکە، هیـوادارم یەکـدی ببینینـەوە)٠خەڵکەکـەش بـە پەرۆشـەوە دەیانگوت: "تۆ لێرە نەبوویت هەمووشتێکمان لە تۆ باشتر بـۆی کـرد، کـار و پـارەی ناشـتن و پرسەکەشی (خودا لە خزمانمان کەم نەکاتەوە). لە هەموو مردوانمان پوختەتری بۆ کراوە".

ئەویش بە ساردی و بە زمانێکی ناڕێکەوە ئەیگۆ: "ئێجا ئەم هەموو ماندوو بوونەی بۆ چی بوو!؟ ئاگاداری شارەوانی... یا بەکریێ بتانکردایە، پوولی خۆی لە بانکدا ماوە، مردننامەکەتان بە بروسکەیەك، بە مێلێك، بە فۆن بۆم بناردایە، ئەوا پوولەکەم بە عەنتەرنێت، یا بە چـەك بـۆ ئەناردنەوە.". بروات هەبێت لە نزیك گۆڕی و لەتـەك گۆڕسـتانەکە تێپـەڕی، نەچـووە سـەری. (شەپێکی لە رانی خۆی دا، بە هەناسە ساردی و پرسەدارییەوە) کوڕێك ئەوها بگۆڕێت! کەسێك سەگێکی لە دایك و باوك و کەسوکاری زندوو و مردووی خۆی، لە زێد و زاگـەی خـۆی خۆشـتر بویێت! بۆچی چاکە؟ دەبێت چاوەڕێی کەلك و بە هاناوە هاتنی چی لێبکرێت؟. محـابن... کەسـی برای، لە حەژمەتان، بە کەسەرەوە ئەرێم: رەنج و کوێرەوەری باوانیان کوێربوونەوە بوو.

(دوای کورتە هەڵوەسـتەیەك): هاتـەوە یـادم حەمـە سـووریش لـەم جەژنـەی چـووی، لـە ئەلەمانیاوە گەڕابۆوە. لە دیوەخانیێ، لە رووی هەمواندا گوتی: "پێشتر دوژمنە کۆنەکانی خـۆن راستەوخۆ ئەبینی، ئەهاتن ئازاریان ئەدایـن، ئەیانگرتین، ئـەیانکوتاین، جەسـتەیان ئەکوشـتین، بەڵام گیان و هۆشن ئەما. ئەنناسین. ئاگاداری فێـڵ و سـتەمەکانیان بـووین!. هەسـتیاربووین، تەڵە و داردەست و داری دەستیان، گێرە و گێرەگێڕانیان، بە سەرە و بـە بنـەوە ئـەبینی. زۆر و کەم، بەرگرین ئەکرد. بەرگەی ئازار و چەوساندنەوەن ئەگرت. هـەر نەبایـە هەڵئـەهاتین و خـۆن نەئەدایە دەستیانەوە. بەڵام ئەو دوژمنەی ئێستا نابیندرێت!. هەر ستەنگ و ستەمیشی نییـە.

بەڵکە تا بڵێیت پتر و پتریش ئاستەنگ و ئەستەمە، سکڵی سەر مۆخ و گرێ ناو مۆرەی پشتە. خۆشت نازانیت، چۆن چۆنی بە رووخسار مرۆڤە خێرخوازەکان، ئاشتی حەز و بەهەشت ویستەکان، پزیشکانی بێسنوور لەکاتی نوشداریکردنی گەدەی بچووك و ریخۆڵەی تەسکت، بەنگت ئەکەن!. لە جیاتی گەدە، ورگ و ریوی[213] گامێشانت لۆ ئەبەستن. ناواخنەکەی لەگەڵ ناوەرۆکی کەللەت ئەگۆڕن، ئیدی بەدرێژایی تەمەنت بەنگەکە بەرت نادات و تێریش نابیت. ئەگەر بەریشیدایت، ئەوا متووی ئاوارەیی بوویت و خۆت گومکردووە. بێ تووزیت[214] لێ تووزکراوە[215]، حەجمان لێ بڕاویت، خوو و خدەت بە تریاکەوە گرتووە. ئالودەی... بوویت، بە ویستی خۆت، ئەوەی هەتە و نیتە بە بەنگ و بە وانەکی ئەگۆڕیتەوە".

(دینۆ، بەگرانی و بە گۆچان دانە بەرخۆیەوە هەڵستایەوە سەرپێ. سەیری مێگەلەکەی کرد. رووی کردەوە منداڵەکە): گونەکەت خۆم! بە سووکی بگە بزنەکان، بیانگێڕەوە لای سپیانەکان، بەریان بکەوە کانیێ گەورە، دایان وەرێنەوە و لیبیان گەڕێ.! (رووی کردەوە هەژی) ئەو گەوەیەی کە ئۆتۆمبێلەکانی تێدا دەبیندرێت. (بە گۆچان و بە دەست بە پەلە)، هەستە! هەژی هەستە! بە چاوی خۆت ببینە! بڕوانە ئەم هەموو عەنتەرناشانەی بە کۆڕ ئەڕۆن و سەریان خستۆتە ژێر دوونگ و کنگی یەکدییەوە، ئەوە خڕاوخڕی جگەرەی عەترڕلی و مژمژەی منداڵان و پیوازی گەنیو و سێوی گەڕ و کاڵکە تەماتە و مردە ماڵ و گەندە و مەندە و ریخ و ریقنەی دەر و دراوسێیانە، بە دراوی گران دەیهێنن. گیرفانی وڵاتی پێ هەڵ ئەتەکێنن و گەدەی میللەتی پێ ئەگەنێن. دۆخەی گەورەمان ئەوەیە دۆخ و باری ئابووری خۆمان و هی هیچ وڵاتێك ناخوێنینەوە. لە وڵاتاندا کاڵا سەرەکییەکانی ژیانی زۆرینەی خەڵك وەك: دەرمانی نەخۆشان، ئارد و برنج و رۆن و شەکر و شیری منداڵان و جلکی خاکی و...کەرستەی خانوو... بێباجە، یا زۆر بەکەمی باجی بۆ دائەنێن، بە هەرزانترین نرخ ئەیفرۆشنە هاووڵاتیانیان. کاڵاکانی جوانی و رابواردنی توێژی هەبووە و دەست بڵاویش باجی گەپەی دەخرێتە سەر و بە نرخی زۆر لە بازاڕی تایبەتدا دەیفرۆشن، بۆ ئەوەی کەمترین خەڵك بەکاری بێنێت و کەمترین بڕی دراویش لەم

---

٢١٣- ریوی: ریخۆڵە.

٢١٤- تووز: زاخ، بوێری، غیرەت.

٢١٥- تووزکراوە: موتربەکراوە. بێ تووزیت لێ تووزکراوە: نەوێریت لێ مووتربەکراوە، نەوێربوویت.

بوارەدا لە دەست بدرێت، نموونە: هاوردنی جگەرە و ئـارەق و گـولاو و بۆیـەی خـۆ رازاندنـەوە. بەلام لێرە بە تەواوی تیز و فیزە[٢١٦]، لە ولاتاندا تا بەرهەمی خۆمالی خۆیان هەبێت، شتومەکی دەرەکی ناکرن. لێرە بۆ دەسکەوتی بازرگانانی جەنگ وگومرگانە س.وورانەی ئاغایـان، خـەلك فێردەکرێت خولیای کالای هاوردەکراوبێـت (نیـوە بازنەیـەك بـە دەوری گۆچـانەکەیدا سـوورا، پاشەوپێش نووکە گۆچانێکی گەیاندە پشتی هەژی، دەسـتی بـۆ زەوییـە بـەراوەکان راهێشـت) فەرموو! ئەوەش بۆ خاتری گومرگانەی گورگان، بۆ دزی و گزیان، وێرای سـەرانە و مالانـە، بـۆ مالی دنیا دەستیشیان دەگەل حەز و ناحەزان تێکەل کردووە. دز و خاوەن مال بەیەکەوە بە هەر چوار پیلان، هەنـدەی ئـەتوانن لێئـەدەن، ئەبـەن و ئـەیخۆن. بـە تەلیسـان دۆلاران بـۆخـۆیان گلئەدەنەوە. لێرەدا، بە برێکی، زەوی و سەری بێچارەکانی پیێ ئەکرن، تەلار و باخچە و بـازاری شێوە ئەمەریکیی و فەرنگی و ژاپۆنیانی پێ راست ئەکەنـەوە. دوو برەکـەی دیکـە ئەبـەن لـە هەندەرانی ئەشارنەوە. پاشەل و پێشـهاتەی گەلەکەشـیان بـە گـوونی.... خەلکەکـەی ئێـرەش ریویان وشکبۆتەوە، لە برسانا گوویان نایێت.

پێشتر هەنار و هـەنجیر و هـەرمێ و تـوو و تـرێ... ((کـەنگر و دۆ هەریەکـە و لـە وەرزی خۆ))یدا هەبوو. مێوژ و برمان و سجوق و دۆشاو و لەتکە و رۆن و پـەنیری ژاژی و بـەرۆژەمان دائەکرد. سال ئەسوورایەوە، لێن نەئەبرا، هەندێك میرزادەش هـەر بـۆ نـاوێ، سـالی یـەك دوو جاران مۆزی هەندەران و پرتەقالی مەندەلیان لە شارە گەورەکانـدا ئـەکری. نـەوەی خۆشـخۆری ئێستاکە، تروتۆپ زلی حیزتووز، بێ ئارەقرشتن، هەموو رۆژێك هەلم و بەلمی ئـەوێت. هەشـت کەس بن لەمالێکدا، نۆ جۆرە چێشـت و دە جـۆر میـوە ریزئەکـەن. وا ئـەزانن پـەرتکردن لـە خرکردنەوەی گرانترە، دەنگیشت بێت، ئەلێن چاوتەنگە. ((مالی خۆ نەخۆری بە دەمـی چـەکمە بۆری)). هەر ئەمن ئەزانم ئەوانە لە رێشـتنێ چـەند ئـازان، هـەر ئـەورۆ ئـەبینن، هاییـان لـە سبەینێ، لە هاتنی زستانێکی تووش و دوور و درێژ نییە. نیورۆژی بخۆن خەمی شێوی ئێـوارەی هەمان رۆژییان نییە. ( دینۆی دین بە لە خەم خنکاوییەوە) ئێـوارە لـە کەنالـە ئاسمانییـەکانی خۆمانمەوە، بیستم و دیتم، لە هەرمێن پەیداکردنی کالای ولاتـانی بیانیـدا ئـەیگوت: چـیدیکە

---

٢١٦- تیزوفیز: راست و چەپی تێکپەریو. نابەرامبەر. لە شێوەی X. لاونیو.

مانگا و مەڕان بەخێومەکەن!. ماستی نایابی یۆنانی و دۆی تامسۆی ئێرانی و پەنیری کیری فەڕەنسی و نەرمکەگۆشتی ئەمەریکی و مریشکی میسری و ماسی کەنداوی فارس لەبازاڕدا هێندە زۆر و هێندە هەرزانە هەر خۆڕایە!. بینیشم بانگەشەی بۆ کڕینی ئاوی خواردنەوەی تووووركی ئەکرد. باشە هەر ئەو ئاوەی باکووری کوردستان نییە لە خاپوورەوە دێتەوە هەرێمەکەی خۆتانەوە؟ ئاخۆ بەفراوی قەندیل و هەڵگورد و بێخاڵ و کێلەشین و گەلی باڵندە و گارا لەو زوڵاڵتر نین؟ یانە ئەم وڵاتە بە هی خۆتان دانانێن، بۆیە ئەوها خاپووری ئەکەن؟. بێکەسی و بێسەری ئەوڕۆکەن[217] کەسنەدیتەیە. (بە متمانەییەکی پڕ بێزارییەوە) بێ ویستی خۆمە حەزم لە چارەیان نایێت. ئەیانبێنم دەم و ورگی بێسەر و بێدەستن. پێشینان ئەیانگۆ:"ئیش شێرە لێی خوڕی ئەبیتە کەر" ئەو زلۆرە خۆویستانەی ئەوڕو کەرۆکەیان لێ ئەبیتە نەڕەشێر. بە راشکاوی ئاگردان و بنەچەن کۆرئەکەنەوە. دڵی ناحەزان خۆش و ئێمەش بە خەمان بێهۆش ئەکەن، هەربۆیەشە دابڕان و دوورکەوتنەوەم هەڵبژاردووە. بۆ حەسانەوەم پەنا ئەبەمە بەر شوێنی کۆنە یادگارییەکانم، لەم کوڕە بچکۆڵەیەم ئەبیستم، ئەمرێنیٚ[218]: پیرە وێڕای لەرزۆکی و شیرەشیڕی، تێکیش چووە، خەرەفاوە. وەمەرێنیٚ تەمەنی تڕ و فسێکی گوێدرێژێکت ماوە، چیت لە چییە؟ بۆخۆت بێدەنگ دانیشە، هەتا هەیە بخۆ و بخۆوە و بخەوە، ئەگر بڕاش، ئەوە ئەتۆش سایلی ئەم خەڵکە. بۆ وا قەلەزراویت؟ وائەزانیت ئەم هەموو خەڵکە لەبرسان ئەمرن! کە کەس نەما، ئەتۆ بەتەنیا چ ئەکەیت؟ هەربزانە لە گۆڕستانێ ناوت هات. پیری دوارۆژ رەش، لەم تەمەنەدایت؟ هێندەت خڕنەکردۆتەوە بزانیت هەر رۆژە و بە رۆژی خۆی؟. نامەلەوان، ئەتەوێت سەرهەوراز مەلە بکەیت! ئاوی رووبار بگێڕیتەوە سەرچاوە؟ سەردەمی خۆت بژیێنیتەوە؟ ئەپسێی و هیچیشت لۆ ناکرێت!. ئەوەی سەیرە بەم پیریەشی داناکاسێیت و بەرۆکن بەرنادات!. هەندەی ئەرێین بیبەنە لات و پیرخانان! لەوێ لەگەڵ ئاوکوفانیدا گوێ لە یەکدی ئەگرن و بە نۆرە دڵی خۆیان ئەکەنەوە، بە بیستنی وردە نەزیرۆکان کەف و کوڵیان دائەمرێت. مام هەژی! چاك ئەزانم دەردی من بێدەرمانە. (لە ژێر باری خەمەوە لەرزین و سەرنەوەستانی زیادی کرد) ئەگەر مرۆ بە گەنجیەتی و هەتا ئەوکاتەی گوڕ و توانای ماوە زاوزێ

---

٢١٧- ئەوڕۆکەن: ئەمڕۆمان.

٢١٨- ئەمرێنیٚ: پێم دەڵێن.

نەکا، ئەوا ئەزانێ وجاغکوێرە، خۆشی بێت یا ترشی لەگەڵی رادێت، بەرێ[219] هەریەکێك لە مەمانان هێندەی دوو ماڵۆس یەکانەیەك زاوزێمان کردووە، باری بارگینیشمان بۆ گەورەکردنی کودەڵان لە خۆ نا، کەچی لە دوا دوایی تەمەندا بە دیار گارانێك بەچە و وەچەی کەللە پووچەوە، زانین لەودەی (کا)بێن بە (با) کردووە، ((ماڵداری کەرێ رەنج بە با چووی)) دەست بەتاڵ، هێستر ئاسا دوابراوە و ماڵوێران ئەتۆپین."

هەژی، لە بۆچوون و لێکدانەوەکانی دینۆی سەرسام و وامگرتی بوو، بیرمەندی ئەوها لە کوێرە دێدا هەن!؟. زانیومە گوندیی قسە لەڕوو و سەررەق و بێ موبالاتن. بە سانایی لە قسەی خۆیان دانابەزن، بەڵام نەم بیستووە هێندە قووڵ روان و تێر بروا و خەمخۆری وڵات بن.

هەژی لێ بوو بزانێت خوێندن و خوێندنەوەکەی چیە، بە حەپەسانەوە ملی سووڕاند، لە نێوان دوولکی قاپانی دارە گەورەکەدا، چاوی لە پەرتووکێکی بە قەبارە هەڵنگوت. ویستی پتر پیرەی گۆچاندار سیخورمە بدات و دەهریتری بکات، بۆ ئەوەی بە قسە خوێن سووکەکانی، سەری گرانی هەر دووکیانی پێ سووکتر بکات، حەزیشی لە دەمارگرژی و دەماوێژی کاتی تووڕەیی دینۆ بوو، گێلانە: "ئینجا باش نییە کەلوپەل و خۆراکی لەوانەی خۆمان باشتر و هەرزانترمان بۆ بێت؟ دەبێت بازرگان و هەژارانمان وەك یەکدی خۆش بوێت. ئەم بازرگانییە سوودی هەردوو لایانی هەیە، وێڕای پڕکردنی خەزینەی وڵات. ئەتۆ دژی ((کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە))یت، یا خۆت بازرگان نیت؟ چاوت بەرایی نادات خەڵکی دیکە... بەوەی چاکە دەسەڵاتت لە دەوری پێنج بزنان و میزاوێك و کەرگەوزێك[220] زەوی پتر ناڕوات دەنا...".

دینۆی گڕگرتوو، تەنەکە بەنزینێکی دیکەی پێداکرا. خەریك بوو ببێتە باروت و بە روویدا بتەقێتەوە. هاتەوە بیری کە بەخەڵکی دەگوت: "تووڕەیی بەردێکە شووشەی هۆشی مرۆ دەشکێنێ و چاویشی نابینا دەکات.". پەنگی خواردەوە. قرقرا، خەریك بوو گۆچانەکەی بە لەرزە لەرز بەرز بکاتەوە و بە رێسەی ملی هەژی دا بکێشێت. بۆی نەکرا. هەر هێندەی بۆکرا

---

٢١٩- بەرێ: بەڵام

٢٢٠- کەرگەوزێك: شوێنی گەوزینی کەرێك. نزیکەی پێنج مەتر چوارگۆشەی زەوی.

به ناورانەوە گوتی: "ئەدی غیرەت و پیاوەتیم لۆ کەینێ هەڵگرم؟ ئێوەش لـە کـەلك کـەوتوون، بوونەتە کلکی پیرە تانجی. نە دەگرن، نە دەحەپن.".

هەژی لێی ترسا و ویستی ئاوێکی ساردی پێدابکاتەوە کە گـوتی: "مەبەسـتم ئەوەیـە کـێ قسەی بەساڵاچوان، با نەڵێم بەسەرچوانی ئێمەومانان دەبیستێت؟.".

## ١٥- کسۆکی پێسۆتی

پیرە (دینۆ)ی لە دین دەرچووی نەختێك هێور بۆوە، رکە گیرخواردووەکـەی دێمیـدا، بـەڵام هێشتا پەلاپیتکەی هەستی هەر لەسەرپێ بوو دەستێکی بەریشەکەی داهێنا، ماوەیـەك سـەری خۆی هەڵکراند بە گڵەییەوە: "ئەو لاسارانەی ئەمرۆ، گـوو بـەکڵاوی کـەس نـاپێون، جگـە لـە کڵاوی سەرە کۆتەکەی خۆیان نەبێت. ئەگەر نەڵێم بە کاپێلکە سەری[٢٢١] کاڵەکی تاڵیان. من لە حەژمەتانیان ژانم گرتووە. بازرگانانی خۆوڵاتی بێن خۆراکی مردوو و کاڵای بەسەرچوو، پـەڕۆ و پەین و خاشاك و گەندە و لەنگە و بەرماوە، خاپەرۆك و سەرسەرەند و بنبێـژیگ، هـەرزانکڕەی ئاساندرەی بەلاش لە هەندەرانـەوە خڕبکەنـەوە و بیهێـنن و بـە جـۆری نـایـاب و ئـەوەلباب بینووسن و بە هەژدە نرخی خۆی بیفرۆشـنە سـنگ رووت و پێخواسـانی هاووڵاتیـانی خۆیـان. سەرکار و سەرگەورەکانیشن بۆ چەند قرۆشێکی ژێراوژێر کەلێنیان بۆ خۆشـبکەن و بـە ئاشـکرا چاوپۆشییان لێبکەن!. ئەوانە، نە گەورە و بچووکیان لە لا هەیە، نـە رێـز بـۆ رەواو رەوشـت و مرۆڤ و ئاژەڵ و هیچ شتێك دائەنێن، نە کەس لە سەرەوەی خۆیان ئەبینن، نە ئەزانن شوورەیی و ناشێت چییە!. پەکووو پەکووو... لـەم دەردە بێدەرمانـەی، لێکاولێـك پسـلانیان لێ رابـووە! دەبێت چ تەمایەکت پێیان بێت؟ چۆن بە دوژمنیان نـەبێنم؟ بـە کۆمکـاری فێـڵ لـە دەرمـانی هەژارانی نەخۆش و لە شیری منداڵی ساوای خزمانی خۆیان بکەن، بە بەرچاوانیشـەوە زوورنـای وڵاتپەروەری وگەلحەزی و ئایین و ئاییینداری بژەنن، چاوەڕێی چیان لێ ئەکرێت؟ (هەناسەیەکی بە

---

٢٢١- کاپێلکە سەر: قەپێلکی سەریان. هێسکی کەللەسەریان. کاپێلکەستوور:کەللە زل.

سیخەسیخی خواردەوە، گۆچـانی بـە لـەرزە لـەرز بـۆ زەوییـە بـەراوەکان درێـژ کـرد و بـەرەو کانییەکەی هێناوە):

فەرموو! توخوا مردەنـی نییـە؟ خـاك و کانیـاوی ئـەوهات هـەبێت، شـەرمەزاری نییـە؟ میوانێکی وەك تۆ لەسەر کانییٚ من دانیشی، قنچـکە ئاروویـك، تلّماسـکە ترێیـەك، کوتکـە هەناریك، پێتەرازووە هەنجیریك، کووزە خرچە[٢٢٢]یەك، دەسکێك گـولٚ و رەشـەرەیحانەی بۆنخـۆش نەبێت لە بەرێت[٢٢٣] دانێم؟ بە رووزەردی، بە وشك و وشکی بەدیارتەوە چاو لەبەر بنێم؟. دەوجـا وەرە زمانیشت بگەرێت! ئەم سەرکۆت و ژێر رووتانـە. خۆمـان و زەوی و کانیـاو و دارسـتان و پنچك و پووشی پاوانانیشیان رووتاندەوە. لێرە لێرەوار هێندە چڕ و پڕ بوو، بەراز بڕی نەئـەکرد. (بە دەستی بێگۆچانی ئاماژەی بۆ کرد) ئەم رووتەنی پشتی مێگەلەکەی ئەبینی! بە بیری من و باوك و باپیرەمەوە هەر دارستان بووە. بە دوو سێ ساڵان بەرووەکانیشیان وەکو خۆیان بە رەگەوە لە خاك هەڵکەند و سووتاندیان و کاولیان کرد، ئاخۆ دوای شەش زسـتان و هـــەشت هـاوینی دیکە چ لە وڵاتی ئەکەن؟

باوکم نایانەوێت، تەڵڵاهی بەتەمای نین و بەهی خۆیانی نازانن!. ئەگەرنا دوژمنـیش ئـەوها وێرانی ناکات. ئەوانە بە خۆشیان نازانن چەندە زاخـکز و هۆشـنز و چاولەدەسـت و چـوار پـەل سپی و ئایندە رەشن!. هەر من ئەزانم چەندە سوورتك و چەقاوەسوون، چەند منجڕ و چـەنەبازن! پێستەی روویان لە کارەکی[٢٢٤] سەردەمی منداڵیمان ئەستوور و قایمترە. دەسـتیان لـە کنگیـان دایە، کنگیشیان بە زەوییەوە دروواوە. تەمایان لە ئایندەی خاك و گەلەکە و ئـاگردانی باوانیـان ناوە. کە چاو ئەدەیتە زمان و داواکارییەکانیان، ئەگەر چیای هەڵگورد و زێی بادینان هـەمووی زێڕ و زێڕاو بیت، هێشتاش هەر دەروەستیان نایێت! حەفت رووبـار ئـەبڕێن، ویسـتی ناحـەزیی ئەوانە نابڕێت. لە سەرچاوەیەك کەوتۆتە بەرچاوم، نـاو و شـوێنەکەیم لـە یادگـەدا غـەزریون و نایەنەوە بەرچاوم، بەڵام ئەو پەڕە گرافە جوانەم لەبەر چـاو ناچـێتەوە کـە ئـەڵێت: ((فارگۆنێـك

**٢٢٢- خـــرچە: جۆرە کاڵەکێکە، گندۆرەی گەورەی پاییزی.**

**٢٢٣- لەبەرێت: لە پێشت.**

**٢٤- کارەك: کاڵەك جۆرە کالەیەکی (پێڵاوێکی) لە پێستە گا درووسکتراوە، بۆ رۆیشتن لە ناو بەفردا دەکرێتە پێ. ژەنگار. بەلەك پێچی درێژ کە لە چەرمە گا دروستکرابێت**

خواردەمەنی بەسەر کەللەی برسی دابکەیت، هەمووی لێ هەڵدەوەرێت. ورگیش برسی بیت، کەللە لە پەلوپۆ ئەخات.)) ئەگەر سك لەپێناوی کەللە و پێ دابێت، ئەوا رێکین و گرفتێکی ئەوتۆن نابێت، بەرێ ئەگەر مێشك بووە کێرکەری ورگ، ئەوا وەك ئێستای لای خۆمان باوە. سەراوکوون بوونە. گایە تەوەزەل و تێرنەخۆرەکان، لە بەر رەوەی بەرازان ئەبنە کسۆکی پێ سۆتی[٢٢٥]. پێشان ئەنگۆت: ((بۆ ئەوەی شتێك بۆگەنی نەبێت خوێی پێوەبکەن. ئەبی ئەمڕۆ بپرسین ئەگەر خوێیەکە بۆگەنی بێت چی لێ بکەین؟))."

هەژی بە نەرمییەوە: "مامە دینۆ! منیش ئەو شتەم کەوتۆتە بەرچاو، بەڵام وەکو تۆ دەقەکەیم بە وردەکارییەوە لە بیر نەماوە.". (ویستی لە بابەتەکە لاتەریکی بکات): "دینۆ! لەگەڵ ماڵەوە چۆنیت؟ گەنجەکان چاویان لێتە؟ رێزت لێ دەنێین؟".

دینۆی کۆنەپارێز هاتەوە دەنگ: "ئەبێت هەندە نەزان بیت! کە نەزانیت دابەستەی خۆشخۆر و جوانپۆشی ئەمڕۆ، لە خۆی بەولاوە کەسێکی دیکەی ناوێت!. بە برای خۆم بڵێم، بەتەنیا لە ژوورێك ئەنووم. ئەڵێن پرخە پرخت دێت! ئەوان هیچ زیقە و ویقەیان بە نیوەشەوان نەهاتووە. ئەکۆخم ئەڵێن بەڵغت هەیە، ئەوان هیچ میزو گوویان لە کۆشێ مە نەکردیە. هێشتاش پەکم نەکەوتووە، هەر ئەوان پتر پێویستیان بە منە، نەك من بە وان.

(دینۆ لە کەلی شەیتان دانابەزێت. بەبێ هەستکردن، هەر ویستەکەی خۆی بە چەندین شێواز دووبارە و شەش بارە دەکاتەوە) ئەمانە تەڕن، وشکیان بکەیتەوە. نا نا زمان خلیسکان بوو. خلیسکان و رەت پێبردن و پێدا رەتکردن، لەم رۆژگارەدا باوە. مەبەستم بوو بڵێم: ئەمانە ترن، هەرگیز تەڕنابن. هێندە چەور و چڵکنن، بیانخەیتە ژێر رووبارەوە بە وشکی دێنەوە دەر. ئەمانە لە قاڵکی خۆیان دەرچووینە، سەرلەنوێ لە قالبی قاڵب بەتاڵ دراونەتەوە، ئیدی شیرینی بێت یا ترشی، چیدی ناچنەوە ناو قەپێلکی ئاوکوفان و کۆنە کیفی خۆیانەوە. ئەزانم ئەوانە نەك هەر مەمانان ناناسن، بەڵکو (( میر و مەزنێ گوندیش بە شوان ناگرن.)) مەگەر رەت ببەن و لووتیان لە... بچەقێت (بە ئومێد پڕوکاوییەوە) ماڵوێرانییەکەی ئێمەومانانی رەنجەڕۆ ئەوەیە، لە تافی لاوی ئێمەدا دەبوو باوانمان بژێنین، منداڵەکانیشمان وەك بێچووی پەڕەسێلکە

---

٢٢٥- کسۆکی پێ سۆتی: سەگی پێ سووتاو، دانەکاسای، نە حەجمای. بزۆك و زۆر گەڕ.

پێبگەیەنین، کەباڵیان دەگرت، دەبوو هەڵبفڕن، خۆیان بژێنن. بۆ خۆیان هێلانەیەکی نوێ دروست بکەن. کەچی نەوەی چەرخی نوێی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەی ئـەمڕۆ، هێنـدە بـەزار بـەکار و بەدکردار و کۆلەوارە، کەنەفت و بیرچەفت و لووتە و لۆتی خۆر و بابۆڵـە گڵـێن و مفتەویسـتە. خۆی و منداڵەکانیشی، بە باوان و باپیرانی پێدەگەیەنێت، ئەگەر بۆی بلوێت نەوەکەشی دەخاتـە ئامێزی ئەوانەوە، هێشتایش ئەو سەرگران و لالووتە.".

هەژی بە نەرمییەوە: "ئەگەر دڵگران نەبیت، دەڵێم هـۆی ئـەم ڕەفتـارکردن و بیرکردنـەویان ئەنجامی کورت بینی و کەمزانی دەمچەفتی خۆمانە. ڕاستە دەوربەر و دەسەڵات و سیسـتەمی گشتی پشکی گەورەیان لە ئەستۆ دایە، لە دانانی پلان و شێوازی پەروەردە و فێرکاریدا، چاو لە گەلەیەك دەکەن، کە ڕۆڵی ماڵەوەی تیدا بەلانراوە، هەرتاکە و بە تـەنیا بـە بۆچـوونی خـۆی و ویستی ڕەوەکەی هەڵسوکەوت دەکات. تاك بە تەنیا... بە کوردی لەگەڵ ئەمڕۆی ئێمـەدا دژ و نارێکە، بۆیە نەوەی نوێی ئێمە لـە گەلەکـەی خـۆی ئاوگەلـە و یـاخی دەردەچـێت. بـاکی بـە کەسوکاری زیندوو و مردووی نییە. کردارە چاك و گرانەکانی تـاك و کۆمەڵـەی ئـەوانیش بـەلا دەنێت، لەگەڵ ئەوانی دیکەش هەڵناکات و دەرنابات. دەعبایەك دەردەچێت وەك ئـەوەی ئێمـە لە چەنگیاندا خەفەت کوشتە و هەراسانین، ئەوانیش بەدەست ئێمەوە گرفتار و نیگەرانن.".

دینۆ چەند ساتێك بەکوڵ لە دڵەوە گریـا، پـاش بێدەنگییـەکی قـورس: "نـازانن مـرۆڤ لـە بێهاودەنگی و تەنیاییدا ئەتۆقێت. ئەگەر خۆشەویستی و پەیوەنـدی لـە نێـوان تـاك و کۆمـەڵ نەما، زیندوو لە ناخەوە لە ڕابردوو دابڕا، لـە خانـەی مرۆڤـان دەرئەچـێت. ئـەدی ئـەوە نییـە زیندوانی تەمەندار ناوە ناوە بە کۆمەڵ ئەچنە دیتنی گۆڕی خۆشەویسـتانیان، لـە نائاگاییشـدا دێنەوە خەونیان. پێشتر گۆڕستان بە شاری مردوان ناو ئەبرا، ئەوان لە تەك یەکدا ڕووەو ڕووگـە ڕاکشاون، بـۆرژاون، بەیەکەوەش لە خەو ڕائەبن، بـەڵام ئـەو کـەلاك و لاکەوتـە و کەللەوپاچـە خۆرانە، لە دڵەوە خوازیارن ئێمـە بـە زنـدوویی لەبـەر چـاوانیان لابکـەوین، بـەدەم تلانـەوە و گینگڵدانەوە لە تەنیاییدا گومبین. زۆریش بە پەلەن، دەخوازن دەم بنێنە ئەوەی بە خوێن کۆمان کردۆتەوە، خۆڕا بۆیان بمێنێتەوە، بەڵام هەرگیز ناخوازن شوێنی ناشتنی کەلاکانن بـزانن. ئەوان لە گیانی زیندووی کەس و گلکۆی بنەچە و ژینگـە و خـاك و هـەوارییان دابـڕاون. (بـە سـاردە گازاندەوە) پێشتر بە کەڵە پیاوانی بە ناوساڵداچوو دەگـوترا ((ڕەنجدەرانی پێشین، جـەنگاوەرانی

دێرین، ئەستووندەکە و کاریتە و ساپیتەی ئەوین. ئاوەدانی ماڵ و بنەگە و راوێژکار و سەرناس و دووربین.)) بەڵام ئێستا بوونەتە ((سەربار، خەرەفاوانی سەر بە شین و کوڵەوار، رابردوو و ئایندە و گلکۆ نادیار)).

(بە خەمگینییەوە) لە بیرت ماوە بەری[226] تەقڵ[227]ی کار لە سەر پشتی بارەبەر بوو، بەڵام کە هێسترێك، بارگینێك بێکەلك و کەلەلا ئەبوو، لە پیریان ئەکەوت. بۆ ئەوەی خاوەنەکەی لە زستاندا ئالیکی نەداتێ، لە خەزاندا بەری هەڵ ئدا[228]. تاکو بە بەرەڵڵایی بتۆپێت و ببێتە خۆراکی سەگەل. ئەیانگوت ((کەر بتۆپێت گێژنەی کسۆکانە)). لە بیرمە لە هێزی سوارەی سەربازی ئێراقیشدا کە یەکسمەکان پیرئەبوون، لەبری خانەنشینی گوللەیەکیان ئەنایە تەختی تەوێڵییەوە. بێ رێزی نەبی، ئەتۆ کامەیانت لەلا باشترە؟ سەرپشك بە.".

هەژی: "ئەتۆ بۆ خوت گرێ کوێرەیەکی دەروونیت لە نێوان خۆت و ئەواندا دروست کردووە، بۆیە هەمیشە دەتەوێت باشەکەی خۆت و ناچاکەکەی ئەوان بەیەك بگریت! دەبا چاوت نەختێك چاکەی ئەوان و ناباشەکانی خۆشت ببینێت!. رۆڵی تەمەن و کات و شوێنیش رەچاو بکە! بزانە چەندە لێیان نزیك دەبیتەوە؟ بروانە بە زار و بە چاو چەندە زیندوون! ئەدی هەر بەخۆمان نالێین (( کێ بە زمان و دەوە، مەزنێ گوندی هەوە))."

دینۆ: "نازانم تۆ بۆچی بروات بەم پۆخڵ و پۆخڵکارانە لەق نەبووە؟ کاشکێ ئەمزانی لە پای چی کلکەلەقەیان بۆ ئەکەیت. ئەوانە رێگەی قرگەیان گرتووە، هەتا سەر لە بەردی ونگە نەدەن ناگەرێنەوە. خۆیان ئەدۆڕێنن، شوێنەواری ئێمەش ئەفەوتێنن. لێکاولێك، ئاو و ئاو بێسەروشوێن ئەچین. من پەرۆشیانم چونکە ئەنجامیان ئەزانم. ئەوانە هەر بە ورگ و بە کنگ هەشیارن... تۆ و سەری کەسانی زیندوو و گۆڕی مردوانی خۆشەویستت، ئەگەر شتێکی چاکیان لێ ئەزانیت و لە منەوە نادیارە، راست و رەوان پێم بڵێ!.

---

٢٢٦- بەری: بەرایێ . پێشتر.

٢٢٧- تەقڵ: گرانایی بار، پاڵەپەستۆی. سەختی کارەکە.

٢٢٨- بەری هەڵئەدا: بەرەڵای ئەکرد.

هەژی بۆ مەزاقان ویستی مستە کۆڵەیەك بسرەوێنێتە کەلەکەی[229] دینۆوە. بـەبێ تابشـتی جلەوی هەڵچـوونەکەی گرتـەوە. بـە سـاردییەوە کەوتـە گلەمەنـدی: "بێشـوان و بێگەلـەوان، سەرلەبەر بەرەو بیابان رادەدەن. گەلێك گەنجی ئێستا، سپڵەی بێ سەر و پێن. کـۆڕی مێگـەلی هاوینن... هەر هەندە دوو کاوڕی لەڕ و گول مێشیان هاتێ، ئیدی دەبێتە چاولێککەری و گەلە سەردەکات[230]. تاکە شەکێکی بە شـوانی دێـوانیش ناگەڕێتـەوە. بـەڵام هێشـتاش لـە پیرانـی کەللەشەق باشترن. هەر وەك ئەتۆ کتومت لەبەر گیراوەی باوك و باپیرت نیت، ئەوانیش ئـەوها، ئەگەر وانەبێت ئەوا سروشت و ژیان لـە دووبـارە بوونـەوەدا بنبەسـت دەبـن. ئەگـەر بێزاریـان نەکەین، ئەوانیش هێندە لە دڵەوە مەمانان نابێزن.".

دینۆ بە رکبوونەوە: "ئەتۆ و ئەوان، کەراوکەرکـەوتوون، ئێـوە چـەندە مـەمانانتان ناوێـت، ئێمەش هـەزار هێندە. ئەتۆ بۆ ئەو توولە و تـولازانە[231]، مـەمانان لەکـەدار ئەکـەیت؟ هـەی ئەتۆ و ئەوان خەجاڵەتبارین، کە ئەبن. هەرچەندە ئێوە نازانن خەجاڵـەتبارییش چـییە. دەککـە خوداگیرین. هەی لەگەڵ ئەهریمەندا بەر نەفرەتی ئاسمان بکەون و لـەزەوی خـاراودا رۆبچـن، بـۆ هەمیشە بێ سەروشوێن بن، وەك خەریکە بین. (بەخەمگینییەوە چاوی بەملا و بـەولادا گێـڕا، راما، پشییەکی هاتەوە بەر) دەمێکـە... لـە دوای کۆچـی دایکـی منداڵـەکانم لـە تەنیاییـدا چاوەڕێی مـەرگم.

(بە پێکەنینێکی تام گریانەوە) پێشتر وام هەست ئەکـرد کە زۆر شـتی گـرنگ بـۆ خـۆم و خێزان و گوند و وڵاتەکەم پێویستن بیکەم و نەمکردوون، لە خودا ئەپاڕامـەوە دەرفـەتم بـدا بـۆ ئەوەی پێیان رابگەم، کەچی ئێستا ئەبینم نەك هـەر زینـدە خـەون و خـەیاڵپڵاو بـووە، بـەڵکو لەمپەڕی باری هەستیارییەوە بەچاوی سەری خۆم ئەبینم، ئەوەی بـەر لـەمنیش هـەڵیان نـاوە، سپڵە و زۆڵانی خۆمان لە دووژمنانی سەرسەخت خراپتر ئەیڕوخێنن، وێرانـی ئەکـەن. (خـەریك بـوو بکاتـە گریـان) ئێسـتا پـیر و پەککەوتەیـەکی گـلاوم، دۆڕاوم. سـیامەندم لـە سـیپاندا هەڵدێراوم... (وەك شتێکی دۆزیبێتـەوە، گـوڕاحی خـۆی خـۆش نوانـد) ئـەریٚ لەگـەڵ خـەون

---

٢٢٩- کەلەکە: لاتەرۆك، خاڵیگە، لاتەنیشت.

٢٣٠- گەلە سەردەکات: یەك بەدوای یەکدا دەکەونە رۆیشتن و ناگەڕێنەوە. مێگەلەکە سەری کرد.

٢٣١- تولاز: گەنجی جەربەزە و چاولەدەر، سێکسحەز:

لێکدانەودا چۆنی؟ (بە شێوەیەك کە شتێکی پیرۆز، بە نەهێنی بۆ هاوڕازێکی بخوێنێتەوە): بەرە بەیانێك بەر لە بانگدان، گوێم لە پرتە و بۆڵەی باپیرم بوو. ترسـام، جاجمەکـەم راکێشـایە سـەر سەرم. بیستوومە گیان کێش بە شێوەی پیاوچاکان دێتە سەرت، ئەشڵێن لە خەودا ئەگەر مردوو بانگت بکات یا لەگەڵە خۆیت ببات، ئەوە بانگی مەرگە.

گوێم لێبوو سیرەی لە دەرگەکەوە هێنا، چاوم نوقاند و هەناسەم لەخۆم بڕی، خۆم مراند. (بە هێواشی لچکێکی جاجمەکەی لە سەر لادام. ئەلەرزیم، فێی مەرگم گرتبـوو. دەسـتێکی خسـتە سەر تەوێڵم، هەستی راگرت، بە نەرمییەوە) گوتی: "دینۆکە! گرین و لەرزین..." منیش خـۆم وەها نواندبوو، ئەگەر لەرزینەکە نەبوایە ئەوا ئەیانگۆ: مردووی مۆمیاکراوی نـاو قوچـەکەکانی میسری سەردەمی فیرعەونەکانە. هەندەی کردی و کردی، چاوم هەڵنەهێنا. دەنگێك لـە دەرەوە بانگی کرد: ((دەروێش گوێی بقرچێنەوە، کەپووی هەڵپشێوە، لچی راکێشـە! درەنگـە، بگەینـە سەر دووەکەی دیکەش، بەر لەوەی رووناك دابێت، ئەبێت گەڕابینەوە ناو گۆڕەکانن.)) دەروێـش لە گوێوە راستی کردمەوە. بە دەنگە کەرخەکەیەوە: ((مەترسە کورەکەی خۆم! ئێمـە سـێیانین، هانان بۆتان هێناوە. گوێ بگرن و گوێڕایەڵن بن! هەردووك لان[٢٣٢] سوودمەند ئەبین. هاتووم پێت بڵێم بـاپیرەم نـاردوومی لـەزمانی ئـەوەوە پێـت ئـەڵێم: زەوی و کانیاوەکانتـان، دار و بـەردی گوندەکەی خۆتان خۆشبوێت! چـۆن گەیشـتۆتە دەسـتتان، ئـەوهاش رادەسـتی نـەوەکانی دوای خۆتانی بکەنەوە!...)) بە ئامۆژگاری کردنەوە گوتی:

((رۆڵەکەم زەوی نەچێندراو مێینەی بێنێرە، گاوری بێکارە، داری بێبـەر و بێسـێبەرە. بـێ بەری ئاگردان کوێریە، ئەگەر ئێوە بێ بەر و بێ سێبەر بن، ئەوا ئێمەش لێتان بێبەریین. ئـەبینم خۆراك لە دەرکانەوە ئەهێنن، لەمە پتر خۆم لە گۆڕەکەمدا بۆ راگیر ناکرێت! نـاتوانم لـە ئاسـت ئەم رەفتارە خۆکوژیەتانـدا دەسـتە وەسـتان و زمـان بەسـتراو، لـە چـاوەڕوانی وجـاغکوێری و دوابڕانەوەدا بوەستم. مەردانە زەوی خۆتان داچێنن! خۆتان و خەڵك و گیانـدارانی بـەپێ و بـێ پێ، لێی بخۆن!. هێشتاش ساڵ بەساڵ دەسکەوتتان بـە بڕشـتتر ئـەبێت. بڕێـك پاداشـتی بـەری کارتان وەبەر گۆڕستانەکەن ئەکەوێت، ئێمـەش لـە نـاو دۆسـت و خۆشەویسـتاناندا چـاوبڵند و

٢٣٢- هەردووك لان: هەردوو لامان.

خۆشـدڵتر ئـەبین. باپیرەگـەورەم، ئێـوارەی هـەینی لـەلان[٢٣٣] بـوو، بـە هەراسـانی و دڵپـڕی و چاوسوورییەوە، زۆر بە توندی گلەیی و گەفی ئەکرد، ئەیفەرموو: ئەو زەوییەی ئێمە بە درێژایی تەمەنن[٢٣٤] بەردبژێرن کرد، ئەوەی ئێمە ئەنکێڵا و دانئەچاند و ئاون ئەدا و بژارن ئەکرد و بـەرن ئەرنی و لێن ئەخوارد، بێچووەکانی ئێوە تێنوویـان کـردووە. وشـك و سەرپەسـت و دڵ شـەقار شەقار (با) لێی ئەدا. تاوانەکەشی خسـتە ئەسـتۆی بێبایـەخی و دەمچـەفتی پـەروەردەکردنی مە[٢٣٥] و براگەوران و گوندانی دەوروبەر. (دەروێش گوڕی لێ هەڵئەستا) کە گوتی: ئـەو، وێـڕای ترسی باپیری، بەخۆشی زۆر لێتان پڕبووە. گەیشتۆتە کەپووی، تابڵێی پتر لێتان پڕ و تووڕەبووە، سووربۆتەوە و پڕوشکان داوێت. وەختابوو زێلکم برژێت کە نەڕاندی: ((چی دیکە هەڵمکڕوزێنن، ئەتان برژێنم!. ئەگەر لە هەرزەییان ئاگاو لە خۆ نییـە چ ئەکـەن؟ ئـەوا مـن لێـرەوە ئـەوبینم. (پەنجەی هەڵشەقاند و وەك گەواڵە شریخاندی) پێیان بڵێن با چیتر نـانی مـە نـەخۆن. سـێ جـار لەسەر یەك بە گەفەوە، ((پێیـان بڵـێ، تێیـان بگەیەنـە، ئاگـــاداریان بکـەوە، ئەگـەر پێیـان ناکرێت، با بە مۆنی و بە رووی زەردەوە دانەنیشن، با ئەوێ جێبێڵن، بێنە جێگەی مـە، ئێمـە شوێنیان ئەگرینەوە. ئەگـــەر چێژ لە ژیان وەرنـاگرن؟ تـا زووە بـێن ژێرگـل چـێژ بکـەن. خـۆ ئەگەریش کەس نییە بیان نێژیت، با گوند نەکەنە گۆڕستان، لە گـــوند دەرکەون، بێن لـە تـەك گـۆڕە کـۆنەکان راکشێن ئێمـەیش ئەبینە زێوانیان[٢٣٦].))

(گریان لە گەرووی و فرمێسك لە چاوی دینۆدا قەتیسماو، بە لەرزە لەرز و تەتەڵـەی لێـوی دەمی کەلۆسییەوە): دەتۆ تاکە رۆژێك برۆ لەم بازگەیەدا هەستێ خۆ راگرە! ببینـە لـەو رۆژەدا چەند هەگبە و گونیەی داخسوور و تێر و جەواڵی شیشـکوت، دۆلاران بـە کـالای بـی کـەلکی بیانی ئەگۆڕنەوە. بە وردیش چاوبگێڕە، بزانە بای چەند دانە تمـەنی ئێرانـی و لـیرەی تـورکی و سووریایی، کالاکانی خۆن ئەنێرینە دەرێ!... (بە متمانەوە) گەورەی من! هـەر وڵاتێـك رێـژەی هاوردنی کالا و کڕینی، لە فرۆتن و ناردنی پتربێت، ئەبێت بزانێت، بە هـەمان رێـژە گەلەکـەی

٢٣٣- لـــــــەلان: لە لامـــــان.

٢٣٤- تەمەنن: تەمەنمان.

٢٣٥- مـــە: ئێمە.

٢٣٦- زێـوان: چاودێری گۆڕ و پاسەوانی گۆڕستان.

ئەفەوتێت. هاوردنی زۆر، یەکسانە بە، کوشتنی زۆر. هەناردەکردنیش پێچەوانەکەیەتی، ئەمە ئەلفبای وڵات بەڕێوەبردن و دامەزراندنی ژێرخانی تۆکمەیە، کەچی بەڕیوەبەرە بەرز و پرۆفیسۆران و راوێژکارانی بێ ئابڕووی نا ئابووریی، ئەم خەڵکە بە گەلەی گوێرەکان ئەزانن. بە ئاشکرا لە کەناڵی ئاسمانی و رۆژنامە و رادیۆکانەوە، خۆیان بە هاوردنی کالای زۆرەوە هەڵئەکێشن، ئێجا چۆن منداڵانی سەردەم، بەوانەی منیشەوە بایەخی کێش و هاوکێشەی نێوان هەنارده و هاورده بزانن؟ کامەیان ئەزانێت کورتهێنانی بوودجە چییە؟ ئەمانە بۆ ویستی گلاوی خۆیان نایانەوێت دەسکەوتی هەناردن و زیانی هاوردن، بە هەمان پێوەر بپێورێن. باوکم لەگەڵ مردووی ئێوەش خودا لێیان خۆش بێت، لە هەڵوێستی وەهادا ئەیگوت لێیان گەڕێن تا مانگەشەوە داژۆن. کە تاریك داهات، خۆشیان نازانن لە چ وشکستانێکدا بارەکانیان ئەخەن. کاتێك ئەزانن نەبار ماوە نەکەر. ئەوکاتە لە سەرکەشی و کورتبینیەکەیان واگادێنەوە. لە ترسان و لە برسان لە پێ ئەکەون. کاتێك بە زەقە زەقی چاوان ئەبینن داڵ و توورگ و فسۆس دەمیان تێناون. تاکە گەورەییەکەیان لەوە دایە، کە خۆیان ئەکەنە قوربانی و خەڵکی پێ پەند ئەدەن. (بە دەنگی گڕ و قورگی وشکەوە) دەردی بێدەرمانی کەم تەمەنان لەوەدایە: بە درەنگەوە ئەزانن، تا مرۆڤ پتر بەناو سالّدا بچێت و بگەڕێت و ببینێت، پەند و ئەزموون و دووربینی پتر لە کەللەدا کەڵەکە ئەبێت.

لە هەینی دواتر، لە پاشنوێژێ و هەر لە مزگەوتەوە، خەڵکی ئاواییم ئاگادار کردەوە، وەکو پێشان فەرمانم پێکردن: زەویەکان دابچینن! بەرفەرمانم نەبوون. بە پاڕانەوە راسپاردەکەی باپیرانم گۆتنێ، کەسیان گوێیان نەبوو. تا بەخۆم رائەگات گاڵتەیان بە منداڵ و نەوەکانیشم ئەکرد... گوتم میوانەکەی لە گۆڕستانەوە هاتبوو گوتی دووی دیکەشمان تێگەیاندووە، هەر سێکتان بەیەکەوە کارەکە بکەن. بە دەنگێکی بەرزتر گاسم کرد: دوو کەسەکەی دیکەی وەك من لە لایەن گۆڕستانەوە ئاگادار کراونەتەوە بێنە لام!. دوو بەدبەختی لەخۆم بێچارەتر هاتن، لە کنە من[٢٣٧]ەوە کەوتنە کۆکێ و کووکانەوە. بە چاوی تەڕ و گەرووی زەرەند[٢٣٨] و زمانی

---

٢٣٧- لە کنە من: لە لای من.

٢٣٨- زەرەند: گوژاڵك، کاڵەکە مارانە. بەرێکی زۆر تاڵ دەدات.

پەڵۆشەوە[٢٣٩] گوتیان: "لە گۆڕستانی گەورەوە گـەفمان بـۆ هـاتووە. بـە قوربانتـان بـێن هـەتا گۆڕستانییان پتر دەهری نەبووبین، گوندەکەمان نەبۆتە گەڕەکێکی ئەوان، تا نغـرۆ نـەبووین، تـا بەسەرهاتێکی... تا رووداوێکی نەویستراو رووی تێنەکردوون، دەستوبردێك بکـەین! باچـیدیکە دەستان بەخـــۆدا شۆڕنەکەینەوە. با پێشـی بـــەفر و بـــارانێ قـــاپووتی لەخـــۆ وەرپێچـــین، ئەگەرنا تێئەچـین.".

پیرە رەقەڵە سەر رووتاوەکەی شانی راستم بە نیمچە لاڵییێکەوە: "دینۆ را را راسـتی گـوت. گویێ گویێ گویێ بگرن ئەوەی بەمـنیشیان سپاردووە: وەك وەکو وەرم گرتووە بێبڕین و بەسەروەنان بۆتانی بخوێنمەوە: وا وا وامەزانن کا کا کاسەی ماڵە هاوسێ... وامەزانن کاسەی ماڵە هاوسێ هەهەهەمیشە مشت و لەبڕانە. دانەخۆرە کردنە، پشکی سەر تەڵەیە! ئەیخۆن، کە کە پێوەبوون، لە هەر هەر هەر چوارلاوە، چوارمێخەتان ئەکێشن. ئازایەتی و شکۆمەندیتان بە ناوی خـە خـە خەتەنەوە لە ژێرەوە زۆر جوان، خش خش خشت ئەکەن. لوو لووتتان ئەتراشن، سنگ لە پاشەڵی خۆتان و لە پاشەڕۆژی نەوەکانتان ئەبڕن. تك تك تکاکارین گڕبوونـەوەی گـوو گـوو گـورگ بـە پێکەنین تیێ مەگەن. تا کلکی نە نە نەپساوە، لا لا لایەك لەخۆ و بکەنەوە، هەی لاتەو پاتەینە! دەست لە لا لایانێ بەردەن! لامێژی و ملەوەزی دابەستەیی، سەرتان بەرەو سەربڕگە ئەبات. کـە ئێمە مێرد منداڵبووین، تەمەندارانی ژیر ژیر و ئەزموونداری، پە پە پەندیان ئـەداین و ئـەیانگۆ: ئەوەی بۆ نان، ئار ئار ئارەقە نەڕێژی، ئاوی ئاوی ئاوی روانی ئەڕێژێ. ئەیانگۆ ئەگەر دەم رەنجی یەکێکی دیکە بخوات، ئەگەر چاوەکانی شەرمێ نەکەن، ئەوە لە هەردوو دنیادا دەستی لێ بشۆ. هەر کەس کەس کەسێکیش لە تافی لاویەتیدا شە شە شەکەت بێت ئەوا بـە پـیری ئەسـێتەوە، نەك وەك گەن گەن گەنجی تەوەزەلی هەنوو هەنوو هەنووکە، رەنج رەنـج رەنجـی پـیران بخـوات و خەمی پیریەتی خۆشی نەبێت. (دەستی بەرزکردەوە و بە خۆشییەوە) ئەوەی لە سەرم بوو گۆ گۆ گۆتم، بە یەك دەسـتیش لـەم تەمەنـەدا کـش کـش کشـتوکێر بـە مـن ناکرێـت، دەنـا وا لـە هەژمەتانتان بەزگەدەم.".

---

٢٣٩- پەڵـــۆشـە: پنچکە رووەکێکی گەڵا وشکە، بە ئاسانی گڕدەگرێت.

پیرەی تەکم هێشتا تەواوی نەکردبوو. گوێم لە نێرە دەنگێك بوو، چاوم هەڵبڕی، بینیم لە ناو خەڵکەکەدا زڕتە تەوەزلێکی ترزل، ئەڵێت: "چما گۆڕستان بۆخۆی ناچێت دایان بچێنێت؟ ئەگەر ئازان با روو لەمن بنێن، بزانن وەك سەنگۆی دابەستە نایان بەستمەوە. ئەو تەرەسـانە تـازە بـە تازە دەیانەوێت رۆژگار تەس بکەنەوە، بگەڕێینەوە ســەردمی دەست و دەستەندوو و ئـاموور و گاسن، داس و شەغرە و جەنجەڕ، شەن و شوانی و شوانکارەیی، ئەم شتانە لـە مۆزەخانـە و لـە وێنەدا نەبێت لەکام وڵاتدا ماون؟".

دووجاری دیکەش هەمان داوامان لە خەڵکەکە کردەوە. بە راشکاوی گوتیـان: ((ئـەوەی بـە خۆ ناکەین، خۆمان ناکەینە سەری هێرەو بنی گەواڵان. هێندە کەرنین بـە خـەون و گۆتـەی دوو خەرەفاوان، خۆ بە سۆدرە ببەین. گوتیان: با لەگەڵ فریشـتاندا بچـن، بـە کۆشـکە گـەورەکانی بڵێن، لە وێوە بە بروسکەیەك فەرمان بۆ خاڵە سنوورییەکان بنێرن، ئەوا یەکە و یەك هەور بەری ئاسمانێ ئەگرێت. شریخەشریخی گەواڵان گۆڕستانانیش کەڕئەکات. بڵاچەبڵاچی بروسـکان شـەوێ تاریك رووناك ئەکاتەوە و رەهێڵە باران دائەدا. بێ پێگوتن لە سەرتاسەری وڵاتدا، خەونـەکانیان سـەوز ئەبێت. یا ئەوانیش لە پاسەوانـانی دەرگـا گـەورەکـان ئەترسـن؟ هــەر ئەوێرنـە سـێ چـوار کەسی بێ دەســەڵات، لە کـوێرەدێیەکی سـێزدە جـار سـووتاودا)).". دینـۆ ماوەیـەك بەبێ دەنگ داما.

وازی یاریکردنی منداڵانە، پیرە هەژی پاڵدەدا، پتر خۆشی بـە توورەبـوونی دینـۆ بێـت. لـە لایەکی دیکەوە بە دووربینی بیر قووڵی و تێر بڕوایی و زمـان رەوانیەکـەی پـتر سەرسـام بـوو، حەزیشی دەکرد کەمێك خەمەکانی بڕەوێنێتەوە و پـتر و پترتـر قسـەکانی لـە بـاری دەروونـی هەڵچوویدا ببیستێ. بۆیە ئاگرەکەی خۆشکرد، سیخورمەیەکی خێوانده هەستی کە گوتی:

"مام دینۆ! باپیرەی منیش لەگەڵ مردووەکانی تۆ و گۆڕەکانی ئەم گۆڕستانەشـدا، یـەکتای دڵۆڤان و بێهاوتا، بیانخاتە ژێر باڵی میهرەبـانی خۆیـەوە. هەمیشـە دەسـرۆکێکی خـاکیڕەنگی لەبەر پشتێندابوو و دەیگوت: ((ئەگەر بچیتە شاری کوێران، دەبیت دەسـترێکت هـەبێت چـاوێ خۆتی پێ ببەستیت. دەنا ناژیت!.)) هۆ مامی مامان! ئەتۆش وەك پزیشکێکی دەردەدار چـاك دەزانیت: مرۆی پیر گوێتەپ و چاوکز و بیرکول و دڵناسك دەبێت. بـەڵام ئـەوەی لـە مێشـکتدا شاراوە و نادیارە و نایبینیت، یـا ناتـەوێت بـۆت دەربکـەوێت، ئەوەیـە ((تـۆ هـەر بـە چـاوی

منداڵیتەوە ئەوانە دەبینیت، هیچیان لێ ناکرێت)). زۆر جاران دەڵێن ((مرۆ کە پیربێت، منداڵ دەبێتەوە))، ئەگەر منداڵ رکە بگرێت، ئەوەی باشە دەکرێت بیخافڵێنی، بیخەڵەتێنی، بەڵام کە پیر بناری گرت و دایەوە چەقێن و هەورازی بەرنەدا، بە ئەهەریمەنیش داناگەرێت[٢٤٠]. هەرچییەکی بۆ بکەیت هەر پەڵپی نابڕێت و لە بۆڵەبۆڵ ناکەوێت. بە مردوو و زندوان ژیرنابێتەوە. هەمیشە هەڵەی زۆر بچووك گەورە و گەورەتر دەکات. چاکەی زۆر گەورە و باشە نایابە بێ ژمارکانیشی لە یاد نامینێت. تکاکارم بەشی دووەمی گوتەکانمت لە بەرچاو بێت. دوایین ترسناکی زۆربەی پیران ئەوەیە: ((خۆیان دەزانن زۆر گەییون، لە ناخدا داتەپیون. کە میوەی تەمەن گەیشت، ئەوا شنە بایێکی فێنك لە بستەی داری ژیاندا دەیوەرێنێت)) بۆیە ناوە ناوە لە نائاگاییدا خۆیان لە ژێر چۆکی گیانکێشدا دەبیننەوە. یا لە خەودا گورگێکی هار قرتقرتۆکیان هەڵدەبڕێت. هەر لە خۆیانەوە بێنیان هەڵدەمێنێت، دڵەکوتە دەگرن. بەدەم ئۆقرەنەگری دەتلێنەوە. دڵەڕاوکێش راویان دەکات. ئەم دەردە بێدەرمانە هەراسانی کردوون، بۆیە پەڵپ بە دەوروبەریان دەگرن. بە نکەنك و پرتەپرت کنە لە شوێنپێی خۆیانەوە دەکەن، مێشێك دەکەنە گامێشێك... ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە منداڵ بە زەردەوە دەشنێتەوە، لە ناخەوە دەکەنی، کە دەشگریەت بە سادەترین شت دێتەوە خەندە، بەڵام چونکە رەنگ و سۆز و تامەکانی ژیان لە لای پیردا کاڵبوونەتەوە، تێکەڵ یەکدی بووین و بۆی لە یەکدی دەرناکرێن، بۆیە لە قاقای پێکەنینی زاری لە ناو خەڵکدا، بە تەنیایی لە ناخی دڵیەوە بە کول دەگریت.".

دینۆ: "شاری دەم هەراش، ئەتۆ گوێزان لە هەگبەکەی خۆتەوە ئەژمێری، من ماوەیەکە نەك لە مردن ناترسم، بەڵکو خوازیاریمە و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیمە. چاك ئەزانم تا درەنگتر نۆرەم بگاتێ پتر کاس و کەساس و بێکەس و خوێن تاڵتر ئەبم. ئەشزانم ئەگەر رابکەم یا بوەستم ئەوا ئەو لە کات و شوێنی خۆیدا ئەمگاتێ، ئەخوازم بەر لەوەی بکەوم و چاولەدەستی نەوەی ئێستا ببم، بە شادی بمرم و بسێمەوە!".

هەژی: "ئەم وەستان و چاوەڕێ کردنە خۆی لە خۆیدا هیوا بڕان و هەناو پسان و دەست و پێ شکانە. هەمـــوان دەزانن هەرچەندە مرۆ بەتەمەندا بڕوات، بگەڕێت، ببینێت و بەسەری بێت،

---

٢٤٠- داناگەڕێت: سەرەولێژ نابێتەوە. ناگەڕێتەوە، وازناهێنێت.

پتر کەڵلەی پڕدەبێت. بە فێربوونی زۆرەوە دەزانێت چەندە کەمزان و کەم دیتەیە. بۆیە تەمەنی درێژتر دەخوازێت و هیوای گەورەتر هێلانە لە دڵیدا دەکات، کەچی کە کەم ئەزموونی و نائاگایی سەرتاپای هەرزەکارانی پۆشیوە، چۆن بزانن چەندە نەزانن؟ منەتیشیان بە گلان و گۆڕ و گۆڕستان نییە. دەبێت ئەوەش بزانین تاپیرتر ببیت، پتر بە دوای ژیان رائەکەیت و پتریش ماڵی دنیات خۆشدەوێت.

دەردی گرانتری پیران ئەوەیە: هەمیشە بە تەرازووی کۆنی دوو پێ، رەخنە لە کردار و رەفتاری کەسانی لە خۆیان کەم تەمەنتر دەگرن. دەروەستی زمانی خۆیان نایەن، شت لە دڵیان گیر نابێت، قسەکانیان بە زەقی و بێ پەردە دەڵێن و دەبارەی دەکەنەوە. کە دەیان گوت: ((پیرەژنی دۆ لێ رژاوە. هەمیشە پرتە و بۆڵەیەتی)) مەبەستیانە پیران لە خوایەکیان دەوێت شتێکیان دەست بکەوێت تاکو بیکەنە هەنجەت و بیڵێن و بیڵێنەوە. نازانن تەرازووە نوێیەکانی ئێستا بە ئەلکترۆن و کۆمپیوتەر کار دەکەن. تەنها یەك پێیان هەیە. ئەم تەرازووانە تایبەتمەندن، هەیانە گرانایی باڵی مێشێك دەخوێنێتەوە، هەشیانە باری لۆری و ترێڵەی پڕ جیوە و ئاسن و مس و مەڕمەڕ و گۆی زەمین دەکێشێت، دووری نێوان هەسارەکان دەپێوێت. مامە دینۆ! رۆژگار مێشك سڕ و گوێ گران و چاوکز، شەوگاری رەشیش مرۆ شەرمەزار و پیاو لە پیاوتی دەخات. ئەگەر لێم زوێر نەبیت و بوێرم بیڵێم، منیش لەوان پتر رکم لە پیرییە! بریا و خۆزگە وکاشکێ بە لاویەتی باسکە سەگ و تانجی گەنج و جوانووی تازە زینکراو دەخوازم. ئینجا تۆش راستی دڵت دەڵێیت یا لە من و لە خۆتی دەشاریتەوە، ئەوە پەیوەندی بە دەر و ژووری خۆتەوەیە.".

دینۆ بە گاڵتەیەکی پێکەنیناوییەوە: "من ئەمرۆ زۆر بەختەدارم، چونکە ڕەقیی و سەرسەختی و دڵکوێرییەکەی تۆ، منی نەرم و دڵنیان و دڵنیاترکرد... داواکارم خودا ئەمەت بۆ بە چاکە بنووسێت."

هەژی بۆ پتر گەپگێڕی دەڵێتە پیرە دینۆی: "مامۆ! وادەزانم ئەتۆ بە درێژایی تەمەنت هەر شوانەوێرەی بزنان و جۆتکاری دەرودەشت بە دوای سابرێن و کەر و گایانەوە بویت. ئەم ریشەت لەبەر خۆرەتاودا سپی کردووە. بۆیە هێندە رەقەکار و گوێ نەگریت. تەنیا و تەنیا خۆت بە

راست و ڕەوا دەزانیت. ئـاخر جارێـك، نـەختێك دەرفـەت، پـەراوێزێك، بـــۆ بەرامبـەرەكانت بهێڵەوە!. ناكرێت تۆ بە تەنیا خۆت بە نەهێنیزان و ناخبین و پێشـەنگ و ڕاوێـژكار و پێشـنوێژ بزانیت. دەوروبەریشت گۆلك گەلی هێرِ و گێژ. بۆچی هێندە بـە گـەرمی بڕیـار دەدەیـت؟، بـۆ جارێك لە كاتی هێمنی و هەشیاریتدا، بە نـەرمی، بـە هەسـتێكی نیمچـە قووڵـەوە، سـووكە هەڵوەستەیەك ناكەیت؟. هەلێك، دوان، چواران چـاوبگێڕە!. گـوێڕادێرە!. دەرفـەتی نێـوان دوو كەوانان بۆ دید و بیری كەسانی دیكە، بۆ ویست و خوازەی كات و شوێن و تەمـەنی جۆراوجـۆر بهێڵەوە... تاكەی هەست بـەخۆت ناكـەیت؟ ئـەتۆ هـەر بـە وشـكی و ڕكـە و ڕەقەكاریتـەوە. ڕەقوتەقتر دەبیتەوە، گوڵە زیوانێكیش لە چەقێن و ڕەقێناندا نادروویتەوە.".

(دینۆ وەك ڕەفتارە هەمیشەییەكەی لێی هێسبۆوە، ماوەیەك مڕما[٢٤١]، شێتانە تێڕاما. لـە ناكاودا): "هەتیو! دەڵێی ئەم ڕووخسارەت لە تەمبەڵخانەدا ڕەنگكردووە!. من نابینی؟ لە ڕكی هەشت كۆرەبژ و دوو پیرە دێزە و بۆزەی وەك تۆ هەڵدێم و بە ڕیشی سپییەوە ئەچمە بـەر تـاوێ. گوێدرێژ! ئەگەر بەزەقەزەقی چاوان ببینیت لە ئـاگردانی خۆتـەوە، چـاوتیژانت لێ كـوێر بكـەن، ڕەسەنت وەبڕینن... ئەوە چییە شارەكە بووەتە شاری كۆران، ئەتۆش بێیت چاو لەوان بكـەیت و دەستڕۆكی لە چاوە حیزێ خۆ وەبەستی! ئەوە تڕی بێدەنگ و تسی بێبۆنە. ئەمـە بـۆ مـەمانان دەست نادات. باسی تەجال هەڵستانێم بیستووە: ((ئەڵێن ئەوەی پشكە میزێكی كەرێ تـەجالی وێبكەوێت، ئەوا ئەبیتە تەجال پەرست و ڕەدووی ئەكەوێت و لە هیچ ناگەڕێتەوە.))

(چاوی گێڕا دەستی بۆ كوڕەكە درێژكرد) ئەوا سەرەشوانی چكۆڵەم هاتەوە. باپیرەت بووەتـە دواشوانت. مام هەژی لە چاوان بۆ دووری چاكم، بەرێ نزیكەوە شەپڕێوم. لە گوێیان باشم، بەڵام لە ددانان ماڵوێرانم. (بە گۆچان ئاماژەی بۆ بەردەنوێژەكە ڕاهێشـت): فـەرموو ددانـی مـردوان ببینە، وا ئەزانم ئەوانـەی دەمـی تـۆش لەوەكـەی مـنن. (كۆكەیـەكی كـرد و گەڕایـەوە سـەر پەڕاوییەكەی خۆی)

ملحیزە هەڵفریوێنراوەكانن ڕوویان كردۆتە خوێگەی خوێڕێگە. بە گۆچان لە شاخ و قەپۆزیان بدەیت، كەوڵە گورگیـان پێـوەبنێی، نـاوەڵا گـورگ بەخۆشـی لێیـان گڕبێتـەوە، ناگەڕێنـەوە و

---

٢٤١- مڕما: مڕ داما.

ناگەڕێنەوە!. وەسەر (مین)ان ئەکەون، مل لە پەرژینی کارەبا ئەنێن. بەناو ئاگریدا ئەڕۆن، سەگی پۆلیسیانیان تێ بەرئەدەن... بە میزی کەمتیارانیان ئەشۆنەوە، ناگەڕێنەوە و ئاوڕێکیشت لێ نادەنەوە. سنووڕداش ئەکرێنەوە، دووبارە و سێ بارە پێ لە هەموو شتە پیرۆزەکانی خۆن ئەنێنەوە. خۆ بە رووباری شێت وەئەنێن، بە چیای سەخت و لاڕێی ترسناکدا ئەڕۆن. خۆ هەڵئەدەنە ناو بەلەم و کەشتی هات و نەهاتێ، نەهەنگ و قرش و سووسمار ئەیانخۆن، وکی[242] کەرا ئەیان تەپێنن، ئەیانگرن، ئەیان کوتن. چی ناشیرینی و قێزەونە بە رووياندا ئەدەن، بە سەرڕەش ناویان ئەبەن، بە خۆش ئەزانن بە (١٢٣) سەرڕەشان، نرخی تووڵەیەکی سپی ئەوانیان نییە. ئاودەست و بەردەستی پیرخانە و باخچەی ئاژەڵان و گەوری بەرازانیان پێ خاوێن ئەکەنەوە، هەر پێیان خۆشە. لێیان بێزارن، ئەیانگرن، دەست بە کەلەپچە و پۆلیس و سەگ بە دواوە، ئەیان نێرنەوە، هێشتاش کسۆکی پێ سۆتی ناحەجمێن و داناکاسێن. کوللەی چاوڕەشبووی بەرەو تەڕاوگە هەڵئەفڕنەوە، نازانم چۆن چۆنی لەوێ ئەوها بەنگگرتی ئەبن؟ چ ئەفسوونێك لەخشتەی بردوونە؟ لۆچی هۆشییان ئەفڕیت و مێشکیان ناگەڕیتەوە کەللەیان؟. کاکە یەك هەڵخەڵەتاو سەد لێیگۆڕاو، هەزار نووشتە لێکراو... نەبووە، گەنجی هیچ ولاتێك لێکاولێك، گەورەیی ماڵی خۆی نەوێت! حەز بە ریخ رشتن و گوو ماشتنێ بیانیان بکات!. لە سەرەدەری دەرنەکردنی خۆمدا شێت ئەبم... گەلێك تاك و زۆر کۆمەڵگەیش دەرد ئەگرن، ئەکەون و هەڵئەستنەوە. دەردی بێدەرمانی ئێمە ئەوەیە: تەقەلای راستبوونەوەن نادەین، گلان و کەوتنن لێ خۆشداهاتووە."

هەژی: لە کۆمەڵگەی یەکگرتوو و پێشکەوتوودا هەموو کەسێك خۆی بە دەسەڵاتدار و یاسا پەروەر دەزانێت، ئەگەر یەکێك (گەورە یا بچووك) هێڵی سووری بەزاند ئەوا نەك هیچ کەس دوای ناکەوێت، بەڵکو هەموان لێی دێنە دەنگ، هەموو بێزی لێ دەکەنەوە، هەموان بە چاوی کەم دەیڕواننێ. تاکەکان ناچارن بەخۆیان دابچنەوە و هەڵبستنەوە، بگەڕێنەوە و بکەونەوە سەر راستە رێ، ئەگێنا جێگەیان نابێتەوە. بەڵام لە ولاتانی لەنگ قووچبوویەوەدا رەوشەکە پێچەوانە و ئاوەژۆیە.

---

٢٤٢- وکی: وەکی، وەکو.

دینۆ: هەر بە دانیشتنەوە خۆی راکێشا، دەستی درێـژکرد، دەفرێکـی روونـی هێنایـە بـەر دەستی و دانیشتەوە، تاقمە ددانەکەی دەر کـرد، دایتەکانـد و خسـتیە دەمیـەوە. بـە دەسـت هەڵشەقاندنەوە: "رەوشت و بیروباوەڕ لە مەملەکەتدا باریکردووە. شتەکان هـەر سـەراو نخـوون نین، بگرە لە دەستیش دەرچووین! فەرموو کەس بە نەهێنیش ناتوانێـت لـە ژن و کـوڕ و کچـیٚ خۆی بپرسێتەوە. گەڕاینەوە سەردەمی نوح و لووتیانی لۆتی، لەشاراندا بە نوێژی نیوەڕۆ لەکاتی نوێژی هەینی سەربەسەرانیٚ و مێینە رووتەکانیش پانپانیٚ...

من لە میانەی چاویانەوە سەرپۆشی کەللەیانم هەڵداوەتەوە، خێچ و لۆچ و کۆد و پەڕەکـانی تەوێل و پشتەسەر و راست و چەپیانم خوێندۆتەوە. ئەمانە لە قسەی هـەڵبزرکاو و کـاری گـەن بترازێت چیدیکەیان لە دەستنایەت. ئەمانە نە بۆ بار دەستئەدەن، نە بۆ سواری ئەبن... نە گا و نەکەرن! دەعبایەکی نوێی سەردەمن. لە داخانیان زیز و بێزارم، دڵ گوشراو و بێتووکم."

هەژی بە گرژییەوە: "بۆچی هەمیشە سرکە دەفرۆشـیت؟ هـەموو کاتێـك تایتانیکـت نغـرۆ بووە. ئەگەر بگریت، یا پێبکەنیت ئەوا تەمەن لـە رەوتەکـەی خـۆی لانـادات. کـاتیش ئـاوی رووبارە، هەر دەڕواو و ئاوڕناداتەوە. هیوا و جوانی و خۆشەویستی لە ژیان بتۆرێن، ئـەوا خـۆر گزنگ و مانگ تریفە و تەڕی ئاو و سەوزی رووەك دەتۆرێن. ئەوکاتە بەهاری سروشت و بەهاری تەمەن و بەهارەکانی دیکە هیچ بەهایەکیان نامێنێت.".

دینۆ خۆی لە پرسیارەکەی هەژی کەڕدەکات و رستەگەلەکەی خۆی خێراتر داژوات: "بمرین و چاون لە چاویان بزربێت چاکترە. لە دەستیان دەربازەبین، چیدیکە پەنگر و ژیلەمۆ ناکەینەوە ناو هەناویٚ خۆ. چم لە دەستدا نییە، دەنا کوو هەندە ملم شـۆڕ ئـەکرد. ئـەو... ئـەو... ئەوانـەی شتیان بەدەستە، لەسەر کـوونی منـداڵیٚ خۆیـان نایەنـە دەنـگ، بەردەسـتانی ئـەوانیش هـەر خۆکرکردن وگویٚ بەردانەوەیان لیٚ ئەوەشێتەوە. (تاقمە ددانەکەی لە شوێنی خۆیدا بزفت. ناچـار بوو دەمی بقرمسێنیٚ. ددانەکانی دەرکرد، روومەتی قۆپاوە و لووتی سواری دەم و لێـوی بـۆوە، بە فلْتە فلْت) من کەمکار و زۆر زاری، دەمامك و دەمێندەر نابیستم، بەڵام ئەگەر روویـان لـە رووبازی وەرگێڕا، بەری کاری پوختیانم بینی، دیتم بەرکارن و بـەری کـاری خـۆ ئـەخۆن، ئـەوا منیش بالاگەردانیان ئەبم، بەرد بارانیشم بکەن هەر ئەیانخەمە سەر سەر و ناو چـاوی خۆمـەوە، سەرم ئەکەمە بەردەباز و خۆڵەپۆتی ژێـر پێیـان. (ئۆخەیـەکی هاتـەوە بـەر، ئینجـا کەوتـەوە

ساردبێژی) کاك هەژی وا ئەزانم چززە و کرچەکرچ و چەکەوێڕە و سۆتەك و سوونمانی سووتانم ئەبینێت، بێچووی باڵ نەگرتووی کۆشیٚ خۆیتن، مەمانان بە کەرەکێوی و پەز و قاز دائەنێن. وارێمە جانگحیزەکانی خۆن: بابەکەم، کوڕەکەم، مەمانان دیتیتن، ئەوانەی پێش ئێمەش بینیویانە:

((لە ماڵی خۆ پۆشتە و پەرداخ و کەندوو پڕ نەبیت، بەتەمای ماڵە دراوسێیان، هەرکاتێك لێیان بڕی، ئەبڕێیتەوە.)) فەرمووو ڕۆژێك دراوسیٚ لێت تووڕەبوو، هەڵگەڕایەوە، ساڵێك نەهاتی و قاتی و قڕی ڕووی تێکردی. جەنگ و پاشاگەردانی دەرکەی لیٚ گرتی، چی ئەخۆیت؟ مانگێك بەفری زستانیٚ ڕێی بەستن و لە ژوورێدا کەسیرەی کردیت، بەچی هەناوان گەرم ئەکەیتەوە؟ پێشان (کا) و جۆ هە بوو، هەنووکە لە سایەی سەری ئێوە پووشکورتان و پووشی پاوانانیش نەماوە. بە خۆ و ولاٚتیٚ خۆ و ڕووت و قووت کردەووە. (کا)ی بەر (با) چیم بڕێنیٚ باشە؟! وارێن: ئەوە بیرکردنەوەی پیر و کۆنەویستانە. هێشتا وائەزانن سەردەم سەردەمی کەر و کاروان و بار و باراش و ئاشی ئاوێیە. بە یەك بروسکە، بە ڕۆژ و شەوێك، بە ترپڵە و بە ئەنتەرناشان، بە فرۆکە و کەشتیە زەبەلاحەکان و شەمەننەفەری تیژڕۆ... خۆراك و کالای پێویست لە ڕۆژئاوای هەرە دوورەوە ئەگەینە ڕۆژهەلاٚتی هەرە نزیکەوە. (گۆچانی لەرزۆکی بۆ شوانە چکۆلەکە ڕاهێشتەوە) گوجیلەیەکی دیکەن هەیە، دوو ساڵ لەمە هەراشترە، ئەڵێت:

((بابە گەورە! مەترسە کەی برا بە پۆستی ئەلکترۆنی داوای ئەکەم. لەمەیش تێئەپەڕێنیٚ، واریٚ[٢٤٣]: ماڵپەڕی باپیرتم بدیٚ، پێگەکەی بزانم، ئەمن نامەی ئەلیکترۆنی لۆ ئەنێرم. نامەی ئەلکترۆنی، پوول موولی سەردەمی ئێوەی ناوێت. لە بازگە و ڕێڕەو و پۆستەدا ناپشکندرێت، پیتاك و بەرتیلدانیشی نییە. ئەوە دوو سیٚ هەزارەیە بەلاٚم نازانم چەند پشتە، ئێوە لەناو زەلکاوی هەمان داب و نەریتی سەپێندراودا ئەخولێنەوە، خووتان بەم چەقیویەتانەوە گرتووە، بوونەتە ماسی گەناوەکە، دەربچن ئەمرن. لادان و دەرچوون و دوورکەوتنەوە لە سێبەری رفۆك بە وەرگەڕان و تاوان و بە پێشێلکردنی ڕەنگ و ڕەفتار و ئاکار و ئادگاری باوانتان ئەزانن. نەوەی نویٚ بوێر و بزێوە، بێشەرم و بێباکە، هەڵگەڕانەوە و ڕەتکردنەوە، بە دەرمانی زۆر

---

٢٤٣- واریٚ: دەڵێت.

گرفتان ئەزانێت. ئەنگۆ هەر رکتان لە هاوردنە، حەزئەکەن لە ولآتدا هەر بڕان و نەبوونی بیت. (واریَ): پێم نالێیت کەی ئەمری؟ (وەمگۆتیَ لۆ؟). گوتی: هەتا میراتەکەت بخۆین.)) ئەمزانی ئەو قسەیەی هی گەورەکانە. (هەڵوەستەیەکی کورتی کرد و کەوتەوە گوتن) بە روو قاپییەوە وارێنە پیران! ((نەختێك سەر هەڵێنن و خوداکەی خۆتان ببینن، چاویَ خۆ وەکەن![244] دوو شاقاوان[245] دوورتر لە پێش کەپویَ خۆ ببینن. ئەگەر چاوتان نییە، گویَ رابێرن! هیچتان نەماوە زمانتان بگرن. گۆی زەوی دەنەڕێنێت: رۆژ رۆژی گەلاّ و دەفتەری یۆر و دۆلارە. گەلاّو دەفتەرت هەبیت هەردوو دنیات لە دەستاندان[246]. ئەزانن زۆرتان نەماوە، ئەڕۆن و (بای)تان لیَ ئەکەین، هەر دوو دنیاشتان لە دەست دان[247]، لە حەژمەتیَ خۆیتو سەرو کردیتە سەرن[248]. شەو و رۆژ سەرکوت و سەرکۆنەن ئەکەن، بەوەی چاکە توانای زللە و شاپ و تەڕك وەشاندنتان نەماوە، دەنا تاکو تین و تابشتتان مابێت داناینن، لە باوك سالارییەکەی خۆتان ناکەون)) ئێجا وەرە واکیان واك کە و دەستنوێژیشت نەشکێت."

هەژی لە بارێکی ئاساییەوە: "تا رادەیەك راست دەکەن، ئێمە تەمەنی گەنجی و تەندروستی خۆمان، لەسەر کارکردنی شەو و رۆژ بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خێزان و کۆکردنەوەی سامان و ناودەنگی ئەوان دانا، بەلاّم ئێستا لەم تەمەندا ئەوەی هەمانە و نیمانە دەیدەین بۆ ئەوەی تەندروستیمان چاك بێتەوە و گوڕ و تینی پێشانمان بێتەوە، بەلاّم بێهودەیە!"

دینۆ بە نارەزاییەوە: "خۆزیا بە خۆزیای خۆزیداران بایە، بە سەلّتی و بەرەبەنی ژیانمان بەڕێبکردایە، نە هەندە شەکەت ئەبووین و نە ئەوەی ئەوها زماندرێژ و ئەقلّ قونەدەشمان لیَ ئەکەوتەوە. نازانم بلّێم چی؟. لەوانەیشە نەوەی نوێی هەنووکە بە رەبەنی بمێننەوە لەوەی دوای ئەوانەوە گەلێك باشتربێت، وارێن سالّ بە سالّ خۆزگەن بە پار!"

---

٢٤٤- چاویَ خۆ وەکەن: چاوتان بکەنەوە.

٢٤٥ - شـاقـاو: هەنگاو، شەقاو، پێنگاو پێنگاڤ.

٢٤٦- لە دەستاندان: لە نیو دەستتان دایە، مسۆگەرتا کردووە.

٢٤٧- لە دەست دان: لە دەست داون: لە دەستتان چووە، دۆڕاندووتانە.

٢٤٨- لە حەژمەتیَ خۆیتو سەرو کردیتە سەرن: لە داخی خۆتانە بەگژمان دادێن، گێچەڵمان بۆ ئەنێنەوە.

هەژی: "مامە دینۆ! تۆ دنیادیتەیت، کەیفیشت بە ڕەواکاری و ڕاستگۆیی دێت، بە درێژایی تەمەنمان هەر بیستوومانە هەلۆ هەلۆی لێ دەکەوێتەوە، تورڵێش تورڵی[249]. ئەدی هەر ئەم تەمبەڵ و تەوەزەلانە نەبوون لە هەڵاتن و کۆڕەوەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا بە ساوایی، بە برسیەتی، لە ژێر تۆپباران و بەردومانی فڕۆکەی مێك و سیخۆی و باجەردا، بە بەفر و باران، بە شەوی تەڕ و تووش، بە پێی خواس و سکی برسییەوە لە سلێمانی و کەرکووك و هەولێرەوە بە پێ ڕۆیی گەیشتنە ناو خاکی ئێران، لە دهۆك و شێخانەوە چوونە قوولایی تورکیاوە؟. هەندێکیان لەم ڕێیە دوور و درێژەدا داپیرە و باپیرەی کەنەفتیشیان بە کۆڵەوە بوو ! لەمە پتر چیت لێیان دەوێت؟!"

دینۆ: "مام تورڵی! نامەوێت لە هەڵاتندا ببنە ئاسك، دەمەوێت لە بەرامبەر گورگ و ڕێویاندا پڵنگ بن. ئەوانەیش منداڵ و پیریان بە کۆڵەوەبوو، مەمانان بووین نەك گەنجانی ئەمڕۆ. (لەدوای هەڵکێشانی دووکەڵی خەم و کولی تیر و تاری، دینۆ بەرچاوی ڕەشداگەڕا. کوێرانە دەست و گۆچانی بەرەو شا شەقامەکە درێژکرد، ماوەیەك بێدەنگ، دەست و گۆچانی لەرزی، بە دەنگێکی لە خەفەت هەڵکشاودا، وەك پەشیوان بوونەوەی تاوانکارێك لەسەرە مەرگدا ڕووی تێکرد و دەمی داپچڕی، گوتی) گوتم ڕۆژم بینیوە کابرا گیرفانی پڕ لیرەی زەردبوو، چنکە نانێکی دەست نەکەوت. لیرەی خستە ژێر پێی و لە برسا مرد. زەنگین لە ماڵی خۆیدا سەنگینە، بێ ترس و بێ پرسی کەس لە کاولەکەی خۆیدا دەخوا و دەکا و منەتیشی بە حەز و ناحەزانی نییە. ئەمانەی خۆن وەستا و پاڵەوانی قسانن، کەچی نەبووەی مێشك و کۆلەواری دەستانن! ئاگردان کۆرکەرەوەی خۆمان و کاولکەری وڵاتن. (بۆ شاردنەوەی دەردەدڵ و ڕاوی[250] ڕووی، بە گاڵتەیەکی پڕگریانەوە) ئەم جاشکە ئەفنەسە تۆڕییە، وەها تەرسەقول هەڵڕێژێت، دەبێت کۆرەبڕ و تازە پشتکراو و قەیمە بێقەڕاسەکان، جۆتە لووشکە و چەپۆك و قەپی چۆن چۆنین لێبدەن؟. (دووبارە گۆچانی ڕووەو شەقامەکە ڕاگرتەوە) ئەو ڕەوە

٢٤٩- تورڵی: باڵندەیەکی بە ڕەنگ بۆر. بە قەوارە لە تیتراوسك بچوکترە، بەڵام وەك ئەو لۆقن و قاچ باریك و بێدەسەڵاتە، لە دەم کەند و بەستاندا دەژیت.

٢٥٠- ڕاو: لەکە، ماك. ڕاوی ڕوومەت، ڕاو پتر لە ڕووی ژنی سکپڕ دەردەکەوێ.

ئەنتەرڕڕڕناشانە، بە ڕۆژ و بە شەو نەڕەیان دێت، بۆ دەرمانیش کـەلێنی نـادەنێ. هـەمووی بـە پـڕی دێت و بە بەتاڵی ئەگەڕێتەوە، ئـەوانە هـەرزە و مـەرزەکانیان لە خشتەبـرد.".

هەژی لە گوتارە دوور و درێژەکەی دینۆ بێزار ببوو. بە نائارامییەوە لێی وەرگرتەوە:

"کاکە دینۆ منیش تا ئەم بەیانییە وەك تۆ بیرم دەکردەوە، وامدەزانی خەمخۆری و چاکسازی ئەم هەموو خەڵکە لە ئەستۆی مندایە، ئەمـــڕۆ زانیم نەك بـاری کـەری وەك مـن و... نییـە، بەڵکە ڕەوە فیلەکانی ئەفەریقا و حوشتری حاجی شـامێش ئـەم بـارە هـەڵناگرن. ئاگامـان لـە خۆمان نەبێت، هێندە نەگیرساوە و بە پەرۆش بین، ژیان دەمان کوژێـت. هـەموو سـاتێك بـەبێ پووش و پەڵۆشە و سووڕناتك[٢٥١] و پەلۆکە، بە تەڕەیش، بە نەرمە پفی هەڵچوونێك گڕدەگـرین. کە هیچمان بۆ نەلوێت، شێتین ئەگەر وەك ئەم هەموو پێ گەورە و سەر بچووکانە لـە خۆمـانی لووس نەکەین. لە ژێر بارەکەدا دەکـەوین و پـەلوپۆمان دەشـکێت... لـەم تەمەنـەدا بکـەوین بەسەرپێ ناکەوینەوە، کەسیش بە دەنگمانەوە نایـەت. تـاکو بـە پێـوە وەسـتاوین دەروەسـتی خۆمان بێین، دەنا تێمان دەوەستێت. کەس ناچارمان ناکـات، یـەك ملـی و دوو ڕوویـی و سـێ زمانی بکەین. مەگەر خۆمان حەزمان لە چوار بەندیەتی و پێنج ئایینزایی بێت.



---

٢٥١- سورنـاتك،: ڕەشـــەگیا. ڕووەکێکی سـروشتی تـەمەنـــدار و ژەهـــراوییە بـە خێرایـی ئـاگردەگــرێت و زووش دادەمرکێتەوە. گیارەشە.

## ١٦- قاویت و ڕەشە با

لە سەرەتادا مام دینۆ، لێرە و لەوێ دەبینی و دەبیبیست کە تاك تاکە، وا دەبێت بە کۆمەڵ کۆمەڵی بچووکیش، هەن بەرەوڕوو "سوێندی بە درۆ بە نیشتمان و بە خوێنی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی دەخۆن. کە((ئەوان ڕاستکار و ڕاستگۆ و ڕاست ویستن)). لە ڕووکاریشدا وا دەنوێنن کە ناحەزی سەرسەختی گزی و ڕاستپۆشین، بەڵام لە ناخیاندا بەڵێنی ڕەهایان داوەتە ئەهریمەن، بە زمان و بە هەر دە قامکیش مۆریانکردووە کە ((پێڵاوی درۆ بکەنە سەریان و کڵاوی ڕاستیش لە پێ بکەن. تاکو گەنین و گەندەڵی هەبێ، ئەوان بە ساغی هەنگاوێك نەنێن.".

لە سەرنجەکانی دینۆدا، (گوێدرێژەکان)ی دەوروبەری نزیکی، نەکارا و هیچ نەبیستن، کەچی خۆشیان بە سوارچاکی مەیدان و وارپەروەر دەزانن. ئەو دەیزانی، یان وای دەزانی کە کاریان هەر تارمە (کا) بە (با) کردنەوەیە، بەڵام نە دەرەقەتی ئەوان و نەدەروەستی خۆشی دەهات، نەشی دەتوانی دەستەوەستان بە دیار کەللەی بێ ناواخنیانەوە بوەستێت! بۆیە بە پەرۆشییەوە دەکۆشا دەستیان بگرێت، دەمیان داخا، لووت و گوێ و چاویان بکاتەوە.

دینۆ بە درەنگەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەو وارپەروەری و کۆمەڵحەزی و مرۆدۆستییەی ئەو خەونی پێوە ئەدی و تەمەنی لاویەتی خۆی لەسەر دانا، خەونی گۆڕستان، یا ((قاویت و ڕەشەبا بوو[٢٥٢].)). کاتێك زانی گوڕ و تینی وەك چەرخی بەردینی بەرایێ بەسەرچوو، کە چوو، ئیدی ناگەڕێتەوە، ئێستاش پشتەدەست سوووتاندن و پەنجە کرۆشتن دادی نادەن. ئەو دەسکەوتەی بۆ ئەو و ئەوانی پێش ئەو ماوەتەوە: لە کات و جێگە و باری پێویستدا، کردە بژاردە هەرە چاك و بەرچاوەکانیان، لە مۆزەخانەی تەفرەدان، لە شوێنەواری کۆنینە، وەك سەربردە بۆ سەرنجدان و سەرسامکردنی گێلۆیان، بۆ کێشکردنی گەشتیاران و پێشینە خوێندنەوە دەخرێنە نێو پیشانگەوە.

---

**٢٥٢- قاویت و ڕەشەبا: بە ڕۆژی تۆزوبا کاروانچی لەسەر پشتی وڵاخ، بەدەم ڕۆیشتنەوە قاویت: (نانی وشکی کوتراو، یا گەنمی برژاوی کوتراو) بخۆات. کە بەر لەوەی بگاتە دەمی (با) دەیبا، واتە کاری بێئەنجام، ((ڕەنج بە(با) چووی.))**

هەژی بیری لە لای دینۆ گیر نەدەبوو، بەڵام هەر بۆ نەپچڕانی بە شێوەیەکی گشتی چاوە و ڕۆخەی[253] بۆ دەداوە گوتی: "دینۆ! تۆش وەك من دەزانیت و بەسەریشت هاتووە، وادەبێت لەو پەڕی ئارامیی و ئاسوودەیی دەروونییەوە، هەڵوەرینی پەڕەی گوڵێك، گوتەیەکی لاوەکی لاوێك، جووڵە و ئاماژەیەکی نەویستراوی لە ناکاودا سەر و دڵمان دەگرێت. لەدڵەوە دەکوڵێین و هەڵدەچین. کە ساردیش ببینەوە دووبارە خەمی هەر حەوت کێشوەران لە خۆمان هەڵدەدەینەوە[254]، لە ژێریدا دەنقێنین. بە پێچەوانەیشەوە، جاری واش دەبێت لەمسەر و ئەوسەری دوودڵی و تەنگاوی و نەهامەتیدا، لەو ساتانەی زۆرەی تارمایی ڕەشە مەرگ، هەست دەگروێ، غەڵبەغەڵب و چبوو چبوو، پەکوو، پەکوو گوێ و گلێنە پڕدەکەن، سەردوولکەیەك لە سەر لەمپەری نێوان تاریکی و ڕووناکیدا دەنیشێتەوە، نازانین ئاخۆ ئەمە تەتەری مەرگە، یا پەیام هێنی ژیان؟!. هەر لەو ساتە پرسام و هەستیارەدا شنەی باڵی چەندین پەیڤی پەپوولەیی هەوری ماتەمین دەرەوێننەوە. چریکەی شالوورێکی سپێدەی زوو، دڕ بە تاریکی کپ و خەمناکیمان دەدا... تریفەی نیگای ماچی بۆرە ئومێدێك، شنەی نەونەمامێك، سروەی ئۆخژنی ڕاز و نیازێك هەناوی وشکەوەبوومان پاراو دەکاتەوە. ئەوانەی بە باشی لە ژیان گەیشتوون، لە تاریکیدا چاوەڕوانی سپێدەی سپی دەکەن. وەکو تۆ و من، دەزانن خڕۆکەی زەوی لە خولانەوەی خۆی ناکەوێت. لە من و لە تۆش باشتر و باشتر دەزانن کات، تەمەن، ویست و دەسکەوت حندلحۆپی منداڵانە، ئەم لایەی نوی بێت بەرزایی باشتر دەبینێ و چاوەڕوانی گەڕی سەرکەوتنەوەیە، ئەوەی بەرزییشە هەر لە خۆیەوە بێڕاوەستان دەڕوانێتە خوارەوە و بانەوە، کاتێك دەبینێت دابەزیوە.

ڕوونتر بڵێین ئەوانەی دوێنێ لە یادناکەن، لە ئەمڕۆدا دەژین و بەیانیش دەبینن، ئەوانە گۆڕاو دەگۆڕنەوە. مام دینۆ بە منداڵیی حندلحۆپەت کردووە؟ ئەو کاتە بە دار بوو، بەڵام ئێستا پیر و مەزنان، زۆر تەمەن و دەست زۆران بە هەست و نەستی خۆمان دەیکەین. جوامێرانە سواری دەبین، بێپەروا هەردوو لامان چاومان بە ئاسمانەوە نووساوە و ژێرەوەش نابینین!".

**٢٥٣- چاوە و ڕۆخە دانەوە: ڕێککاری بۆ کردنی ناراستەوخۆ. کارئاسانی بۆکردن.**

**٢٥٤- لە خۆمانی هەڵدەدەینەوە: لە خۆمانی باردەکەینەوە.**

دینۆ بەبێ باکییەوە: "ئەتۆ منداڵی پیری، یـا پـیری منـداڵ؟ حندڵحۆپـە و داردەڵـەمانێ و لەلووك و لانکی پێشان ئاو و ئاوچوون. ئەوەی بۆمنی دەرێسی، بە نەوە نوێیەکەی خـۆتی بڵـێ! دەڵێم ئەوانە، سەربەتاڵی بێپێ، بێدەست، بێچاون، ناکارێن لەسەر پێی خۆیانەوە بووەسـتن. کـە هەندە زۆرزان و دڵفراوانی؟ فەرموو شوانە بچـکۆڵەکەی مـن تێبگەیەنـە. (تـەرس)تـان لـەبری مێشکتان شت وەردەگرێ؟".

هەژی: "راستە ئەوان بزنی کۆریس و مەڕی کوڕیس و جاشکی نگریس و هێلکەی ناو لـیس ناناسن، بەڵام شتی ئەمڕۆی ئەوتۆ دەزانن کە تۆ سەرەدەری لێ دەرناکەی! ئەوان لـە ئەنتـەرنێت دەزانن، دەتوانن کەرستە و ئامرازی ئەلکترۆنی دروستبکەن و بەکاری بێنن، بە ئاسانی کـەناڵی ئاسمـانی دادەمـەزرێنن! فڕۆکـە دەفـڕێنن. کامـە شـوێنت دەوێـت لەسـەر نەخشـەی جیهانـدا دایدەبەزێنن. تۆش لە مانەدا تەقەی سـەرت دێـت!. چـۆن چـۆنی نـازانی هەریەکـەو بـە پێـی پێویستی کات و شـوێن و ژینگەکـەی فێـری شـت دەبێـت؟ لەوەتـەی هـەین، تـاکو خڕۆکـەی زەمینیش خولبخواتەو شەو و رۆژ و زستان و هاوین، تا هاتن و رۆیشـتن مـابن، ئـەوا بـاهۆزی گۆڕان و گۆڕانکاری لە گڤە و لوورەی خۆی ناکـەوێت، هـەر ئـەوەی هـاتووە بـە ئاگابێـت، یـا بێئاگا؟ کەم و زۆر لە رێچکەی پێشەخۆی لاکەلی بووە. بڕوانە بـڕوا و ئـایین، شارسـتانییەت و ئیمپراتۆرەکان، هـەر یەکـەو جێـی بـەوەی پێشـەخۆی لـەقکردووە، لـە شـوێنی ئـەودا خـۆی چەسـپاندووە!".

دینۆ: "لە کۆڵبەرەکانی خۆمان، لە گوێدرێژانی بەرەڵا، لە گوێرەکەی ساوای بەر پـیرە چـێڵ بپرسیت، ئەزانێ ئەمرۆ چ رۆژێکە و ئەشزانێ دنیا چ باس و خواسە. ئێوە قیـت و قـۆز بـە دوو پێی بێسەر، کەوتوونەتە دوای شوانهەڵخەڵەتێنەوە. ئەوکاتی کە کاتژمێر نەبوو، کـاروان کـوژە کاروانچییەکانی تەفرەدەدا، بەڵام ئێستا کاتژمێر و قیبلە نامە و (گی پی ئێس G.P.S.) هەن، جێگەی شوێن و سێبەری کات بەوردی و بە یـەقینی دەزانـدرێت. ئەگـەر هێنـدەی منـداڵێکی سـەردەمی بـەرایێ بزانیـت ئـەوا هـەرگیز تێناکـەویت و لێ ناکـەویت... (بـە لـەرزۆکی بـۆ کاتژمێرەکەی دەگەڕا، دەستی بەر چاویلکەی خوێندنەوەی کەوت) مام هـەژی! چـاویلکەی نمـرە چەند دەکەیتە چاوت؟".

هەژی بۆ پتر گەرمکردنی دینۆ: "چاویلکەی پەرتووك خوێندنەوە یا خەڵك ناسین؟".

دینۆ بەبێ بایەخییەوە: "مەبەستم پەرتووکە، چونکە ئەزانم ئەمڕۆ: بەر لـە ڕوودانـی زەمـین لەرزە، پێش لافاو هەڵستان وگڕکان بەربوون، پلاچەدانی هەورەترشیقە و ئاگر کەوتنەوە، بەر لـە مانگ و خۆرگیران، دەزاندرێن. خەڵك هەشیاردەکەنەوە. بەڵام دەروون و نـاخ خەلیسـیی، پـیس نیازی مـرۆی ئـەم سـەردەمە کـە هـەژدە رووە، خـۆی لـە هەشـتا و یـەك پێسـتی حوشـتر و کەڵەگامێش و کەرگەدەن و تیمساحان وەرپێچـاوە، بـە دووربـین و بـە وردبینـی ئـەلیکترۆنیش ناخوێندرێنەوە، نەخاسمە بە لووتەیەکی وەك تۆی بەسەرچووی، هۆش چـەفت!. (وەك گوتـاردان) مرۆ نەهەنگن. نەهەنگ بە ڕەوە لە دەریای ژیاندا مەلە ئەکەن، بۆ ئەوەی نـەمرن، تـاك تـاك و کۆمەڵ کۆمەڵ بە بەردەوامی ژێرئاو لێ ئـەدەن و بـە دوای ویسـتیاندا ژێردەریاکـان ئەگـەڕێن. تاکوخۆیان تێربکەن و پڕ بە سییەکانیان ئۆکسـیجینی پـاك هەڵمـژن، بـۆ ئـەوەی ببوژێنـەوە و نەمرن، ناچارن زوو زوو سەر دەربێنن. شیرینی و سوێری دەریا و زەریـا و کـەنار و کەنـداوەکان ئەچێژن، کوێستان و گـەرمیانان ئەکـەن، بـەڵام هـەرگیز ڕەفتـار و ڕێـڕەوی خۆیـان بـەرنادەن. هەرگیزاو هەرگیزیش ڕەگەڵ ڕەوی تیمساحان ناکەون. ئەوانەی لە سوێری و لە بەستەڵەکی ژیـان ئەترسان، بەرگەیان نەگرت، لەمێژە بووینەتە دیناسۆری بەردین. ئەو تسـخاوانەی ئێمـە، نابنـە مارمیلکە و گووخلێنەش، بۆ ئەوەی بزاندرێ ئەوانیش لە دەڤەرێك و لە سەردەمێکدا ژیاون.".

هەژی: "من ئـەمڕۆ... گـوتم ئـەمڕۆ هۆشـە لـە خـۆم دەکـەم، بـە هۆشـەیەك دەسـت لـە کەرایەتییەکەی خۆم بەردەدەم. گوتمە خۆم دەست لە شێتایەتییەکەم هەڵدەگرم. بـەتۆش دەڵـێم: ((ڕاسـت و ڕەوایـت. گومانـت لێناکرێـت، بـەڵام بـەرناگرین، دەوەسـتێین، تێدەچـین و ئـاو و ئاودەچین)). تاکو مەمانان بەسەر پێیەوە ماوین، ئەوا لە ژیاندا بە دڵ بـۆ یەکـدی دادێینـەوە و دەستی یەکدی دەگرین، لە مردنیشدا یەکدی دەشارینەوە. ئێمە بڕۆین ئـاگردان و گۆڕسـتانیش کوێردەبنەوە. لەم سەردەمە گەرمەدا کـەس لـە بنەچـە و بنەگـە ناپرسـێتەوە. ئـەوەی گـەلێك ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی کەسیەتیتەوەت نەبێت، دەبێت خۆتی لێ لابدەیت. تۆ دەخوازیـت ببیتە دڵۆپێك باران و داببارێتە سەر کوڵووکستانی ژاکاوەوە! بـەمن ناڵێیـت چـۆن بـە ڕشـێنە بارانێکی ئاخەلێوە بیابانێکی داخ پـاراودەکەیت؟. ئەو چــەوت و چـەوێڵەی تـۆ دەتـەوێت بـە چنگ و ئەقڵی چەلەنگ و دەمـی چـەفت و دەسـت و پێـی بێشـەنگتەوە، چـاك و جوانچـاکی بکەیت؟. ترحیوێکت دەوێت، چونکە نەك هـەر بـۆت ناچـێتە سـەر و لـە ژێـر بارەکـەدا لا لا

دەکەیت و دەچەمیت، بەڵکو لووت و چەناگەت لە لیتە و چەولگ و چڵپاویشـدا دەچـەقێنیت!. لێتەوە دیارە، پێستەیان بۆ هەڵدرووبت تا بە چوار پەلان بڕۆیت!. کەچی تـۆش بە ریشی سپی و دەست و پێی لەرزۆکتەوە هەر دوو پێی خۆت خستۆتە لنگە پێڵاوێکتەوە!. ئەرێ لـە لای ئێـوە منداڵان (هێسترەشەلە[255] و حووحانێ)یان دەکرد؟ دەڵێن مرۆڤ بە پیری منداڵ دەبێتەوە!.

لەم تەمەنەدا تۆتکە نەگرین و دانەمەزرێین، شێتایەتییەکی گەورەیە. ئـەم هـەموو شـێت و دەستوەشێنەی لەم شێتخانە گەورەیە دان، ئەم هـەموو گوێکـوێر و مێشـککوژاوانە بـە پـیر و پەککەوتان چـاك ناکرێنـەوە. بەڕێوەبـەری شـێتخانەکەش بگـۆڕین هـەر هیچـمان نـەگۆڕیوە. برادەرێکم، خودا بیخاتە ژێر چەتری خۆشەویستی خۆیەوە، هەر زوو زوو تێگەیشـت. دەیگـوت ((پێشیان ناگیرێت، ئاخ و داخیان بۆ هەڵ مەکێشن، گوتن و کردن لەگەڵیاندا رشتتریان دەکات. لێیان گەڕێن داخی رۆژگار رایانچڵەکێنێت و وەهۆش خۆیـان بێنیتـەوە)). مامـە دینـۆ! تـاکو ئەمڕۆ وامدەزانی ئەم گێژی و بەنگ بوون و گوم بوونە هەر لە شارە گەورەکاندا هەیە، نـەمزانی تریاك و دەردە درمەکەی ئەنتـەرنێتی وەك: گەمـەی زگـە رووتـانێی کـــارتەکان، شـێرپەنجەی گیرۆدەبوونی هەر پێنج هەستان، لە سەرتاپای هەرێم و هەوارە وێران و بەربادەکەی ئێمەشدا بـە تەواوی تەشەنەی کردووە! لەبری فرچك و دەرمانی شنگ گــــرتن، بوەتـە تیـزاب و گەیشـتۆتە نـاخی ئێســقانمانەوە. پـەتای کـوێری و کەڕیـەتی چـاولێکەری، کۆیلاتییێکـە هـەموو کـون و کەلەبەرێکی هەر حـەوت کێشـوەری گرتۆتـەوە. گـەر دەتـەوێت ئەوەنـدەی ماوتـە بێگرفـت و بێژانەسەر بژیت؟ چیدیکە خۆت مەکە خەمکی خەمان! کەڕوڵاڵ بە، یا چـاو لـەمن بکـە!. بـە هێمنی میکرۆبی شێتبوونەکەت بـدۆزەوە! کە زانیت چییە و لەکوێیـە، ئیـدی بـە ساردییەوە دەڕوانیتە دەست و پێیەکانی خـۆتەوە. تاوەکو سـەردەنێیتەوە، هەرگیزاوهـەرگیز بـە لافاوێـك بەنزین و بە گڕکانێك ئاگریش جارێکی دیکە نەك هەر گڕناگریت، بەڵکو سەریشت گەرم نابێت.

میر دینۆ! ئەتۆ بە تەمەن و بەمێشك لە من گەورەتری، بەڵام لەوەیان نـا. (هـەژی ویسـتی دیسان بیورووژێنێتەوە) مامی من! ئەمن نازانم تۆ چیت تەواوکردووە؟ سەر بازیت کردووە؟ لـە سەربازیدا کێندەرێت دیوە؟ بەڵام دەزانم دەردی ئێمـە و ئـەوان ئەوەیـە کـە ((ئێمـە بەچـــاوی

---

٢٥٥- هێسترە شەلە: چووزەکێ، رۆیشتنی بە یەك لاق..

تەمەن و سەردەمی خۆمانەوە، ئەوان دەبینین. ئەوانیش بە چاوی ئێستای سەری خۆیان. نـازانین چەند ساڵ تەمەن و چەند ساڵە ڕێ لەیەکدی دوورین!.)) لە بیرمە منداڵێکی بزێـو و نەحـەجمای بووم، کە باپیرەم لە ڕەفتارەکانم قەڵس دەبوو، چاوی سووردەکردەوە و بە هەڕەشەوە دەسـتی بـۆ گۆچانەکەی دەبرد. هەمووجارێکیش نەنە پیرەم بە: ((پیرێ هەندێکی خۆت لـە بـیرێ)) سـاردی دەکردەوە. ئەوان منداڵن، هەرزەن، کە گوتت منداڵ یا هەرزە، یانی چی؟"

دینۆ بە قەڵسییەوە: "کەرهاژۆ فەندی! بە قەڵەم و چاویلکەی باخەڵ و سەروسەکوتت، خـۆت بە خویندەوار پیشان ئـەدەیت!. ئـەو خوێندەوارییـەی تـۆ و منداڵـەکانم، ئـەم زمـان درێـژی و دەستکورتی و چاوکزییەی خوێندەواری وەك ئێوە هەیەتی، ئەڵێم نـەخێر! (نـەختێك هێوربـۆوە) ئەوەی من دیتوومە و بیستوومە، خوێندن خوودانە، خواردنە، خۆفێرکردن و هزر ڕۆشنی و پەند وەرگرتن و وانەدانە، ئەگەر نا خوێندن کێردێکی بێدەمی ژەنگنە.".

هەژی بە دەمی بەش و ڕووی خۆشەوە: "مامە! تۆ و خودات چیت تەواو کردووە؟".

مام دینۆ خۆی لە گوورە نەبرد، داما، ماوەیەك گیرفانەکانی خۆی گەڕا، وەك ئـەوەی ناوکـە خورمایەکی گومکردبێت.

هەژی لە ناخی دڵەوە: "مامە بڕوانامەی فەرمیم ناوێـت، ئـیش و ریشـت جێگـەی بـڕوان؟ مەبەستم بەڵگەنامەی خوێندنگە و زانکۆ نییە، مرازمە بـزانم خـوێنەری چ جـۆرە بابـەتێکی؟ کوێ و کوێ گەڕاویت، ئەم گەوهـەرە پاکانـەت لـەکام شـیرناو هـەڵێنجاوە؟ تـۆ هـی ئـەوەیت بەدیارتەوە دانیشن و نوقڵە شیرینەکانت بە زێڕ لێبکڕن، بۆ گەڕانیشت لە سـەربازیدا کـە گـوتم سەر بازی، مەبەسـتم مەشـق و ڕاهێنـانی سـەربازی و چـەکداری و گۆڕەپـانی جـەنگ نییـە! سەربازگەی ژینگە و سەرسەرانێی ژیانم مەبەستە.".

## ١٧- پەتای بێپیوەری

مام دینۆ بەشرۆڵی و بێ هێزییەوە: "لەوەتی هەین هەر لە تیربازی و سەربازی و ناسازیدا ئەژین. وائەزانم ئەوەی بەدەستی خۆی، خۆی بژینێت، لە ئەسپ دانابەزێت. بۆ گەڕانیش بەشی خۆم ڕۆژڕۆنی[٢٥٦] و شەوگەڕی و شەکاریم کردووە، بە ڕۆژەوە لە شەوم ڕۆنیوە، بەشەویش بەدوای ڕۆژدا گەڕاوم. (دەنگی پتەوتر ئەبێت) شاریە فەندی! دیوەخانم قۆناغ بوو، لەوێش دەگەڕام، خۆیی و لایدە و گەڕۆك، لایان ئەدا. سەودان ئەکرد. ئەنفرۆت و لە یەکدیشن ئەکڕی. هەریەکەو مەڕدۆشێك[٢٥٧] شیرن دادئەدۆشی. بەری گەڕانیێ:

((چاوتیژی و بیێن فراوانی و بیرقووڵییە))، کە دیوەخان و فرۆتن و دۆشین نەمان، لە نێوان گۆشەگیری و ڕەزەوانی و پەزداریدا: گۆشەگیری، خۆخواردنەوەیە، کشتوکێریش: بە کەنەفتی یەك دەست ناکرێت، ناچار پەزەوانیم هەڵگرت. پەزەوان بم پەزمەندەم[٢٥٨] پترە، لە پەزپەندانیش[٢٥٩] وەدوور ئەکەومەوە. هێندەی هزر ئەگێڕم، ئەپرسم، بیرئەکەمەوە، هەڵئەچم، سارد ئەبمەوە، بەهیچ لایەکی و لە هیچ لایەکەوە سەرەدەری لەم گەنین و گەندەکارییەی ئەمڕۆ دەرناکەم.".

هەژی بە شێوەی ئامۆژگارییەوە: "مامۆستا دەبێت بزانی کە جحێڵانی ئەم سەردەمە وەکو تافی گەنجایەتی سەردەمی مەمانان تێووی ڕۆشنبیری و خەمخۆری دوارۆژ و خولیای زانست و خوازیاری پاشەکەوت نین. نەبوونی و تێکەوتن و لێکەوتنیش بە کێشە نازانن، چونکە ساتمەیان لێی نەکردووە، ئەم دەردەسەریی و کوڵەمەرگی و ڕاهاتنەی ئێمەیشیان پێویست نییە و باویشی نەماوە.".

---

**٢٥٦- ڕۆژڕۆنی: بە ڕۆژ ڕوانیومەتە. بە ڕۆژ بەدوایدا گەڕاوم.**

**٢٥٧- مەڕدۆش: (مانگادۆش، شیردۆش) ئەو دەفرەی کە شیری تێدا دەدۆشن، ناوە ناوە کە پڕ بوو دەیکەنە مەنجەڵێکی گەورەترەوە.**

**٢٥٨- پەزمەندە: پاشەکەوت.**

**٢٥٩- پەزپەندە: بەدکردار. بێفەڕ. ناپەسەند.**

دینۆ بە دەستی لەرزۆك هەڵشەقاندنەوە: "گریمان لاوەکان نەزانن، بۆیە بایـەخی خـۆفێرکردن نـازانن. داننـا [٢٦٠] پێویسـت ناکـات شـەکەتی و ئـازار بچـێژن. بـەڵام خـۆ مێروولـە و مشککەروێشکیش شتێك بۆ کاتی نەبوونی و نەهاتی دائەکەن. تۆ بڵێیت ئەم زمانە بێدەسـتانە مێشکی ئەوانیشیان نەبێت؟ یان ئێستا بۆیان چوەتەسەر و تەمبەڵیان لێ خۆشـداهاتووە، هـەتا نەترن نازانن کنگیان لە کوێیە؟".

هەژی بۆ ساردکردنەوەی دینۆ بە هێمنیەوە: "مام دینۆ وەك خۆت فەرمووت نـەوەی نـوێ و نوێخواز، لاسار و لارێگرانی پووچ و بێوەج، بە بێلەبێل و (کەڵەزی[٢٦١] بە کەڵلەی هـەرزە و بـە کەرەزەری بە چوار مەشقی لە ناو رەشکێنی باوك سالاریدا روونیشتن، رێی تیشـکی روونـاکی و دەری و دەلاقەیان گرت، کلاورۆژنەیەکیشان بۆ کاتی پێویستی خۆیان نەهێشـتەوە، کـە ئومێـد کوێربووین دەرووی دیوەخان و قۆناغ و هەوارمان بە قـورگیران، مـەمانانی سـەر لێـواری گـۆڕ چیمان لە دەست دێت؟. ئێمە ئەوەی بە پێویستمان زانی و بۆمان کرا، کردمـان. ئیـدی بـۆ بـە گێژی خۆمان بخەینە گێژی[٢٦٢] ئەسکەندەرەوە، ئەوانیش ئەمە بەڕاست دەزانن کە دەیکـەن! ئـەو بێن تەنگی و خۆ بەخەم خنکاندنە بێسوودەمان لە پای چی؟. هەمووومان دەزانین، پێشتریش بـە زەقی گوتم: فیرعەونەکان نەریت و ئایین و پەرستگا و خواکانی خۆیان دەگۆڕی. خۆشت بینیوتـە کە کۆمەڵگەیەکی سەردەستە، داب و نەریت و کولتووری کۆمەڵگەی ژێردەسـتە و پاشـکۆکانی خۆی دەسڕێتەوە. ئەمە یاسا و رێکاری گۆڕانی قۆناغ و سەردەمەکانی ژیانە. ئەگـەرمار کیفـی خۆی نەگۆڕیت دەمرێت، کەچی تۆ دەتەوێت کات و شوێن و پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بخەیتە نێـو گۆزەی کۆمەڵگەیەکی پەراوێز بووی، بیکەیتە دەستووری سنوورداری هەتا هەتایە و بە نەگۆڕی بیپارێزیت. کۆنەخواز! دەتوانیت ژیان بە چاویلکەی خۆت و لە گۆشە نیگای خۆتـەوە ببینیـت، بـەڵام وەك کەترەیـەك هـەرگیز ناتوانیـت ئـەم چـاویلکە و ئـەو تیلنیگایـە بەسـەر نەوەکانـدا

---

٢٦٠- داننـــا: گریمان، وامان دانا.

٢٦١- کەڵەزی: کەڵ وەرز، کەڵـوەز، وەرزی تێبەردانی تەگە و بەرانە لە مێکەڵ. گەرمەی کاتی مەڕ هاتنە بەران، ئەوکاتەی مێیەکان بە مێگەل نێر دەخوازن.

٢٦٢- گێـــژی: گێژەنی، گێژەنی ئاو.

بسەپێنیت. هەمیشە لێشاوی بەگوڕ، کەم توانا و بێهێزەکانی راماڵیەوە و پووشکە و وشـکەڵ و سوکەڵەکانی کردۆتە ئاومالّی رۆژگار".

دینۆ، بە هەراسانییەوە هەژی نیوەزەرکرد کە گوتی: "پەحەااا... پیرەگای گـون نـەماویش، ئەکەوێتە دوای چێڵەبەکەڵێ. ئەتۆش وەك مندالّەکانی ئێستا دەستسپی و دەمرەشـیت. قسـەی گەورە گەورەی ناوك پووك ئەبێژی و قوراوەکەی ئـەوانیش ئەرێـژی. ئەگـەر گـۆران لـە کـردەی باشەوە بەرەو باشتر نەبێت، ئەگەر گەڕانەوەی بەرەو پاشتر بێت. پـێم نالّییـت باشـتربوونەکەت، سلی زل خواردن نەبێت، چی دیکەی لێ ئەوەشێتەوە؟ نەبیندراوە مرۆ بە هورێنەی گرانەتاداران، بە خەیالّپلاّوان، بستێك، هـەنگاوێك، نیمچـە بسـتییەك ببڕێـت، گوتـەی چـەور سـکی برسـی تێرنـاکات! نەزاندراوە گامێش بە بالّی مێش بفڕێت.کە مار کراسی خۆی ئـەگۆڕی بـۆ ئەوەیـە مەزنتر ببێ، ببێتە حەزیا، بەری ئەگەر لە کیفگۆڕانەکەدا مـار ببێتـەوە خەمـەگرۆو[٢٦٣]، ئـەوا چۆڵەکەیەك دەیخوات یا بەگەرووەتی ئەمری.

مامەی هەرزەگۆ! ئەگەر منیش وەك تۆ بیربکەمەوە، بەلاّم کردەوەی ئەوانەیشـم نەدیتبایـە، ئەوا دەمگوت: ئەمانەی ئەمرۆ هـەموویان سیاسـەتمەداری نـاودارن، لێکاولێکیـان رۆسـتەم و قەیسەر و ئەسکەندەر و هەرقەڵ و ناپلیۆنن!. مێشك کولی زمان تیژ. گەمالّی خۆ بـە گوجیلـە زان! دێزەیی ئەگێڕیت! قازی نێك شکاویت؟ گـەپجاڕی بـەخۆت ئەکـەیت" یـا بـە مـن؟ یانـە بەوان؟... برواناکەم هێندە کاڵ هۆشبیت کە نەزانیت مرۆ گۆڕانکاری بە مێشکی پـڕ و بـــڕوای پتـەو و ماسـوولکەی پۆلاینـەوە ئـەکات، نـەك بـە ورگنـی و کلکـەیی و کلـك ئەسـتووری و بەرگەدەپەرستی. ویستی زۆر و کردەی کەم، گرتنی کلکی کەری تەجالە، ئەمانە مۆتەکەن، بـە ناوی شارستانییەتەوە بەهای مرۆڤایەتی کەم ئەکەنـەوە و بـەرەو نۆتـەکی ریسـوایی و رێژگـەی تاریکستانی داژۆن.".

هەژی بۆ تەنگەگرتن[٢٦٤]: "مامە پیرە! لەقلەق و ماری شاخدارت دیتوە؟"

دینۆ بە تیزەوە: لاوی کلك لەق و تـەپی گـەڵ رووت، پـیرە گـونکی دوونگـداری بێشـەرواڵ دەبینم! بە تەبەقە تڕانە ئەژین. ئەوەی بەرامبەریشم بە گەوجە گەنجێکی جینگن و گنجن، پـیرە

---

٢٦٣- خـەمەگرۆو: چەقەپیسکە، جـۆرە مـارمیلکەیەکە.

٢٦٤- تەنگەگرتن: سەرودڵ گرتن، دەهری کردن، تووڕەکردن.

جۆخۆرێکی جێگری بارنەبەر ئەبینم. هەتیوچەی لەوچە! وائەزانیت بەم مێچکەمێچکەیە و بەم قسە تەڕاوزانەت، لاوەکانی ئەمڕۆ لە مەمانانی پیر داتئەبڕن؟ بەخودای سەدجار لاگیریان بیت و شیریشت هەوران دابینیت هەر بە پیرەکەرت دائەنێن. ئێجا ئەگەر بەچاوی مەن ئەوان نابینی، ئەوا حەزەکەم درۆ لەگەڵ خۆت و من و ئەوانەوە نەکەیت، بە چاوی ئەوانەیشەوە کەرسالاری و پیر لاساری بناسیت. مامە ئەتۆ کۆنە نالبەندیت؟ زۆر جوان لە ناڵ و لە بزماریش ئەدەیت!."

هەژی لە دوای رامانێکەوە وە ئاگادێتەوە: "جارێك هاوڕێیەکی وەك تۆ لە رێگەدا گوتی ((بیستوومە سیاسەت و سیاسەتبازان و سەرە هەرە گەورەکان، نیسك و نیسکێنەن، بێ دایك و باوکن، سیاسەتمەداران بە ناوی گەلحەزی و وڵاتپەروەری و رەواخوازی و ئایینپارێزییەوە، کام بەڵێن پرشنگدارە، بە ساکارانی پیشان دەدەن. هەر لە دوورەوە زار شیرین، نیاز پاك و خۆبەختکار و گوڵاوپژێنن. بەڵام کە کردەیان لە نزیکەوە دەبینی، بە بۆن ریتەی کیسەڵ و تسی فسۆس، چاوت کز دەکەن)). زیرەك کەسێکە بزانێت تەرازوو و پێوەرەکان لە کات و شوێنی گونجاودا بە راستی بەکار بێنێت"

دینۆ: "ئەتۆ بۆ نالێیت لە جیهانگەری ئەندازە بازیدا، ژمارە و شێوە و قەبارەی کرۆمۆسۆم و جینەکانی مرۆڤیان لەگەڵ ئەوەی گۆریلا گۆڕیوە؟ نەخۆشییەکە (پێشوەچوونە)کە گەیشتۆتە هەر دوو هێلکەی پیاو و پێزەنی ئافرەتان. مندالانن، مالکاولانن، وەپێش سیاسەتمەدارەکان کەوتوونەتەوە. زارۆك لە دامەنی دایکی دەرئەکەوێت، زەرتکی سیاسەتی گرتووە، لەگەڵ یەکەم مژە فرچکدا گزی و گزیری ئەمژێت. هەر لەگەڵ یەکەم زارکردنەوە و زیقەشدا بەر لە چاوهەڵهێنانی، کوندانی[٢٦٥] ئەخوێنێت و گورگانی ئەلووریت. بیژووی نەمەیوی بێزاخ و خیچ، لە ناو لانکدا پیاز پاك ئەکاتەوە. لە گاگۆڵەکردنیدا سمێڵی باوکی و شابسکی دایکی هەڵ ئەکڕوزێنێت. لە پێگرتن و پێخولەییدا[٢٦٦] پێ رێی خۆیان هەڵبژاردووە و بە مەمکی دایك و کەللەی باوکیاندا ئەمیزن. بێی پاشبینی و پێشبینی هەر بەبێ سەری. ئەم بیژووە شل و شەویانە...".

---

٢٦٥- کوندانی: وەك کوندەبەبۆ.

٢٦٦- پێخولە: خولانەوەی لە سەر پێ. مندالی پێڕەوکە.

هەژی کە تا ئەو کاتە لە ژێرەوە دەیڕوانییە دینۆ، لەپڕ بە گلەییەکی تووڕەوە هەڵیدایە: "لە ڕاستیدا ناکرێت هەر هەموویان زۆڵ و کەمزاخ و بێبەهرە و شلوشەوی بن! پیرەپیاو! ئەتۆش بەرامبەریان نادادپەروەر و بێویژدان و دڵبەردیت! بە ڕکەوە سەریان هەڵدەکەنیت و ئاوەڕووتیان دەکەیت. چەند جارە دووبارەی دەکەمەوە کە تۆ هیچ بایەخێکت بۆ تەمەن و سەردەم و دەوروبەر دانەناوە! لەڕوانگەی سەردەمی کۆنەوە ئەوان دەبینیت. حەفتا و پێنج ساڵەی گەڕان و ئەزموونی تەمەنی خۆت، لەگەڵ پازدە بیست ساڵێکی تەمەنی ئەوان پێك دەگریت؟، ئاخۆ کە ئێمەیش لە تەمەنی ئەواندابووین، پیرەکانمان بە ڕەفتار و دەستکار و ئارداوێژی زاری ئێمە ڕازی بوون؟. (پتر سەرنجی پیرەی دا، نەقیزەیەکی دیکەی خێواندە برینیەوە) بۆچی هەموو کەموکورتییەکان دەخەیتە ئەستۆی ئەوانەوە؟ مەگەر ئێمە پەروەردەکاریان نەبووین؟ بڵێ خۆمان هیچ و هیچ لە دەست نەهاتوو بووین. خەڵکان لە لاڕاهاتن بە ئاسانی لەبەر دەستیان دەرهێنناین!.. لێیان گەڕێ، کە ئەوانیش بە ناوساڵ کەوتن، گەڕان و دیتیان و بیستیان و بەسەریان هات، هەمان دەردی ئێمە دەگرنەوە".

دینۆ بە سەرسامییەوە: "ئەتۆ زۆربڵێی کەمزانی، یا لایەنگری گەنکاران!؟. ئەوەی تۆ ئەیجاویتەوە بنێشتێکی هەڵبزڕکاوە. پاییز لە خەزاندا دار و دەوەن ڕووت ئەکاتەوە تاکو لە زستاندا کۆڵبکات و لە بەهاردا سەر لە نوێ خۆی بڕازێنێتەوە، کەچی ئەو ناجسنانە لە نێرینەی گوڵاندا داب و نەریتی ڕەسەنی خۆیان و هی گشت مرۆڤایەتی لەبەرە خۆیاندائەڕنن، بە بەرچاوانەوە باوان و ئازیزانیان ڕووت ئەکەنەوە. ئەتۆ بۆ داپۆشینی گومڕایی ئەم گوو گەورانە، تاوانەکەیان ئەخەیتە ملی خۆمانەوە. منیش نەمگوتووە لێکاولێکیان کۆل و کۆلەوارن. بەڵام سەرلەبەریان ئەبینم دەڵەمەن، شل و نەمەیون، نەکارا و خۆپەرست و زۆر ویست و بێتەمان. ئەوەی من ئەیانبینم: گۆج و لەنگن، بە چوار شینە زمان و گوێیەکی تەپ و چوارێگە چاوێکی ژێر تانەوە بەڕێوەئەچن. زۆری لە خۆ ئەکەم، بە چاوی ئاگردان ئاوەدانکەرەوەیان ببینم. گریانم دێت. گوتویانە: ((ئەگەر بیر و هۆشی گەنجانی وڵاتێکت داگیرکرد، ئەوا زاگە و ژێر پێیەکەشیانت دەکەوێتە دەستەوە.)) برا لە خەرماناندا بە چەکماغی بیانیان ئاگریان بەرداوەتە خەلەو خەرمان و کێڵگە نەوتەکانمانەوە.

کـەی دائەمرکێتـەوە؟ چـۆن ئەکوژێتـەوە؟ ئێمـە ئەبڕێینـەوە هێشـتا کلپـە و نێڵـەنێڵی سووتاندنەکە لە هەڵستان دایە! ئەتۆ بە تەمای ئەو منۆخانەیت رەچەڵەك و هەوارت بپـارێزن!؟. ئەوانە لە دەسـت دەرچـووین، دەسـتووری میللـەتی نوحیـان هەڵگرتۆتـەوە، ئەگـەر وەك نـوح پێغەمبەر، نۆسەد و پەنجا ساڵ لەگەڵیاندا بکارێیت، ئەوا حەوتیان ناکەونەوە سەر راستەرێ. بـە بۆچوونی من، ئەگەر کـەس هـەبێت دەروەسـتیان بێـت و وەئاگایـان بێنیتـەوە ئـەوا: تـرس و برسیەتیی و سەربازی و زۆرکاری زۆرداری بێگاری فیرعەونی گـەورە، زووحـاکی چـەمبەری یـا سەدام تکریتی کەلەکەوێتە. لە شەشان سێیانیان فت بکات، چوارەمیان لە ترسانا دەست و پێی ئەشکێت، پێنجەمیان بەرەو هەندەران لەخۆی ئەنووسێت، شەشەمیشیان بە ناچاری رووەو کێـو دەرئەپەڕی و دەستوەکەرییێ ئەکات.".

هەژی بە جوان دەربڕینەوە: "پێشـگیری ئـەم پەتایـە بـە مـەمانان ناکرێـت. بەرگـەی ئـەم حەشامات و لافاوە هەڵستاوە ناگرین. ئەتۆ بە هەموو ئـەقڵی خۆتـەوە وادەزانیـت بـە ئاسـانی چەپاڵەیان دەدەیت، ئەو چەپلەرە چەپەلانەی لە بەمێرددانەوەی دایکیان چەپڵە دەکوتن و بـەدەم ژەنینی دووزلەی دووشاخەیی، سووسکەیی لە خۆ هەڵدەدەن. لە خۆشی و بەد هۆشیاندا بـەدیار ناشتنی پێشینە و شکۆمەندی پاشینەیاندا، دەست لە دەستی ناحەزان و بە بەرچـاوی مـەمانان دەمیان ناگاتەوە یەك، حیلك حیلك شیندەبنەوە. گوێی لای تۆیـان کـەرە. وەك کـابرا گوتـەنی لێیان گەڕێ! چەرخی چەپگەڕ نەیانپیشێنێ، بە من و بە تـۆ پیشـەی رۆژ بـەرنادەن، هەسـت و هۆشیان ناگەرێتەوە و گوێ و چاویان وەگەڕناکەوێتەوە".

هەستت دەکرد هەمیشە خورپەی کپی قڕکردنی فەیلییەکان لـە نـاخڕا دینـۆی رادەتەکانـد. هاواری تژی ژان و کول و کۆڤانی گومکردنی بارزانییان لە هەستیدا بلقـی دەدا. مردنـی تـاڵ و توونی ئەنفالکراوان، بەبێ دەنگی دەمی بەیەکدا دەدا. تـاموبۆی هـۆڕە لـە زاریـدا زریچـکەی دەبەست، رەنگی دووکـەڵ لـە چـاویدا قـولپی دەدا. دەنگـی لرخـەلرخی هەلەبجـە لـە گوێیـدا دەزرنگایەوە. بەڵام لەخۆی بەملاوە کەسێکی دیکە ئەمەی وەکو ئـەو نەدەبیسـت و نـەدەدیت، ئەمەیش دەردەکەی گرانتر و گرانتر دەکرد. ئەو، پیرە هەژی بە هاوڕاز و هاوئازاری خۆی بینـی، بە قـوڕگی گیراوییـەوە"نرخـی نـان و خـاك، بنەچـە و رەسـەنایەتی دێـرین، بایـەخی ئێسـتا، ئایندەویستی لە فەرهەنگی نەوەی نوێدا بۆ دەرمایش نابیندرێت، نییە و نییـە و نییـە. ئـەوەی

هەرگیز بەبیریان دانەیێت فەرهەنگ و ئایین و ئالاّیە، خەونێکیان نییە بۆی بژین، بۆ سـك و بـەر سکیان دەمرن. لەگەڵ هەندێشدا نارازین وخۆیان بە ماف خوراو دەزانن. وەڵڵاهـی مـام هـەژی ئەتوو لە کیری باوکی خۆتی، دەردەکەیان لـەمن باشـتر ئـەزانی، بـەرێ هێشـتا دەرمانەکـەت نەدیتیتەوە. هەنـووکە ئـەزانم ئەتوو لۆ کپکردنەوەی دڵی خۆت، گرم تێبەر ئـەدەیت و ئاوێشـم پێدا ئەکەیت. ئەتۆ بە منداڵم ئەزانی لۆ گریاندنێم قورینجانم [٢٦٧]لیّ ئـەدەیی لـۆ کرکردنەوێشـم درۆییێ سپیم لۆ ئەکەی، مەمۆکەی وشکی ئەم سەردەمەم دەزاری ئەنێی. کاکە کەسمان لەکەس، بەینی خۆن بی ئەکتەرێکی کارامەی یا دەروون خوێنکی بەتوانای؟ سیاسەتمەدارێکی چـاکی یـا سەرێکی گەورەی لێکەتووی؟"

هەژی: "ئەوەی تۆ بیلێت من قبوولّمە".

دینۆ بە زەردەوە: "قبولّتە یا هەر هەموویانیت؟".

هەژی بە ئارامییەکی پڕ متمانەوە: "ئەوانە پەتان، هیچ پێوەرێکیان نییە، کـە پێـوەر گـوم بوو رەش و سپی، سارد و گەرم، زۆر و کەم، گەورە و بچووك، بـاش و بـەد بـە چـی لەیەکـدی جیادەکەیتەوە؟. مامۆ! گەردوون بۆکەس ناوەستێت، ئەوەی نۆرەی دەگاتیّ نەفرەت لـە پاشـە و لە پێشی دەکات، بە رووتی و بەبیّ شەنگییەوە دەخلچێت. باپیرانیشمان لـە هـەمان روانگـەوە روانیویانەتە ئێمەوە، ئێمەش لە هەمان گۆشەنیگاوە نەوەی نوێی خۆمان دەبینین، ئەوانیش کـە رۆژگار بەپێی پێوەری خۆی لە قاڵبی دان، وەك مـەمانانی ئێسـتا ملـە لەگـەڵ هـەرزە و کـەم ئەزموونەکانی دوای خۆیاندا دەکەن! بەلاّم پێشتر ئەوەندە هەبوو، لـە سـاواییەوە بـژار دەکـران. شەوە دەستی لێدەوەشاندن و تەمەن کورتی دەکردن و کەمی دەکردنەوە. سووریژە و کۆکەڕەشـە تاك تاکەی لیّ دەبواردن. ئەوتاك تاکانەی دەمانـەوە تۆکمـە و بـەرگریکاربوون، کەچـی ئێسـتا دەردەکانیش بە کودەرە بەرازیان دەزانن، ناوێرن بە لایانـدا لابـدەن، بـۆیە هـەرچەند حـەوت مانگی و ناتەواو و هەپڵە گونی لە دایك دەبن، دەمێنن و دێنە مەیدانی پیاوانەوە".

هـەژی لـە مێـژبوو تێنـووی پێکـەنین بـوو، دەرمانەکەیشـی لـە دەرمانخانەکانـدا دەسـت نەدەکەوت. جـار وابـوو بـۆ دەرمـان دەچـوو، گـازی فرمێسـکرژێنی دەهێنایـەوە. ئـەمجارەیان

٢٦٧- قورینجە: قونجرکە.

پێکەنین و ئاوی سازگاری کانی لە گیانیدا گەڕا. لە ئاوێ (وان و ورمێ)ت هەڵکیشابایە، هێندە خێرا و پوخت و کپ نەدەبۆوە. ئەو هەڵچوونی گەلێك کەسی دادەمرکاندەوە، تاکو ئەمڕۆ کەسی دەست نەکەوتبوو قدیلکەی دەروونی ئەو بکاتەوە.

شوانە بچکۆلەکە بە هەشتاوی هاتەوە لایان، بە هانکە هانکەوە: "مارێکی جنجر و ژووژکێك لە نێوان دوو سێ پنچکاندا شەڕیان بوو. مارەکە هێندە گەورە بوو زانیم بە من ناکوژرێت، ئەگەر بەردێکم تێبگرتایە، مار لە دەمی ژووشك دەرچووبایە. من لە دەستی دەرباز نەدەبووم، یا بە بزنانی وەدەدا. خۆم لێ لادا، بەڵکو ژووشکە دڕکن چارەی بکات. ئەنگۆش پیر و خاو و خلیسکن، لە ڕۆیشتندا ڕەت ئەبەن[٢٦٨]، پێڕا ناگەن، دەنا گەلێك دوور نییە، هێشتا هەر خەریکی یەکدین، لەبەر لە یەکدانی نێوان خۆیاندا، ئاگایان لە دەوروبەر نەماوە.".

هەژی بە سەرسامییەوە: "ئەی ئافەرین ژیر و ژیکەلە! خۆزگە من و باپیرەشت هێندەی تۆ ئەقڵدار دەبووین. بریا دەمانتوانی خۆمان لەم شتانە لاکەلی بکەین کە دەروەستیان نایەین، یا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ئێمەوە نییە. دەرد لە خۆ لادان و دەرد بەدەرنان، نوێترین هونەری دەرمانزانی و دەرمانگیری کۆنی مۆتکانە. مام دینۆ ئەوەی هێندە تێرئاقڵمان هەیە هێشتاش هەر بەگژیان دادێیت!".

دینۆ، بە شادییەوە گوتیە شوانە بچکۆلەکە: "کتێبەکان بێنە! هەندە. ئەمڕۆشمان لە تەمەنی خۆمان هەڵوەراند.".

کورە پەرتووکەکانی لە ناو دوولکەی دوو داران دەرکرد، خستنیە بنهەنگڵی، بە هەنگڵەشەلەی خۆشییەوە: "باپیرە تاماڵەوە هەڵیان ئەگرم.".

باپیرە: "کوڕم ئەوانەی ئەمڕۆ کۆن و پەڕپووتن، قوڕسیشن، کە پەرتووکە نوێ و جوانەکانم هێنا ئەتۆ هەڵیانبگرە".

کە پیرە پەرتووکەکانی وەرگرت، هەژی بە تیلە چاوێك بینی، سێ پەرتووکن. یەکێکیان بە فارسی و یەکێکیان بە رووسی و سێیەمیشیان بە ئینگلیزی بوو. بابەتی هەرسێکیشیان دەربارەی سیستەمە ئابوورییەکان بوون!.

---

٢٦٨- ڕەت ئەبەن: ساتمە دەکەن. بەلادادێن.

هەژی بۆ تاڵکردنی خوێنی خۆی: "دەمزانی خوێندەواری، بەڵام نەمدەزانی سێ پەرتووکان بە سێ زمانان بەیەکەوە دەخوێنیتەوە!."

دینۆ کە لەژێر باری پیری و پەرتووك و خەمدا هەنگاوی گرانی دەنا: "هەرسێکیان پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە. دەبێت بە وردی بەراورد بکرێن. چەندین هەنگاوی بێدەنگیان نا... دینۆ بابەتەکەی دەماندەوە[٢٦٩] کە گوتی:

((ئەتۆ ناڵێی هەناوم بە جگەرە رەش ناکەم؟)) منیش ئەبینم: تەوێل و بەرچاون، ئەمرۆ و بەیانیشن، بگرە گۆڕستانیشن. تەنیمۆکی بەری سێڵە!. ئەشفەرمووی: ((ئەوەی پەیوەندی بە منەوە نییە لێی لا ئەدەم.)). ئەو رەشاییەی ئەمرۆ هەر خوێن و گۆشت و پێستت نا، بەلکو هێسك و جومگە و کرکراگە و مۆخی ناو ئێسکانیشت تووشی لارەشەی ئەکات.". لەرزی، پەرتووکەکانی دایە دەست شوانە بچکۆل. خۆی بۆ رانەگیرا، لە شوێنی خۆیەوە دانیشت. رەنگ و رووی گۆڕا، سەری بادا، بە دەستان لە چۆکی خۆی دەدا و بەبێ دەنگی دایە هۆڕژنی گریانێ. بە هەنسکدان و کووکانەوە، هەناسەی سارد و فرمێسکی گەرمی بوونە گێژەن و ریشە سپییەکەشی لە نێوانیاندا لەرەو لەرزی گرتبوو. پتر خۆی بۆ نەگیرا، هەناوی بووە مەشکەو کەوتە ژەنین. بە نیمچە سەردوولکەیەکەوە:

"هەژی! هەژۆکە... دەتۆ وەرە پەیوەندی من بە منداڵی و لاوێتیم و کەنەفتیمەوە ببڕە! (بە دەنگتر) دەوەرە پەیوەندی ئەم کانییە لەگەڵ بەفر و باران و هەور و ئاسمان... پەیوەندی نێوان ئاوی کانی و ئەم زەوییە و شۆڕەبییەکانم، پەیوەندی نێوان خاك و ژیان وگۆڕستان، پەیوەندی نێوان باپیرەم و من و منداڵ و نەوەکانم، پەیوەندی نێوان پێست و گۆشت و خوێن و هێسك و دەمار و رەگەکانم ببڕە! تا بڵێم ئەمانە پەیوەندییان بە منەوە نییە. دەنا چیدیکە خۆت مەکە لێزان و پەند و ئامۆژگاری گۆ و راوێژبێژ و کاوێژکاری لە سەرەخۆ!. چیدیکە چەنەچەنێ لە رووی مەمانان مەکە. ئەوەی تۆ دەڵێی لە فەرهەنگی منـدا تۆمارنەکراوە. تاکو هەناسەم لەبەردا مابێت ناکرێت. ئەوەی تۆ دەخوازیت من بیکەم. دووبارەی ئەکەمەوە ((ئەدی غیرەت و

---

٢٦٩- دەماندەوە: گەشی کردەوە، ئاگرەکەی خۆشکردەوە. نوێی کردەوە.

پیاوەتیم لۆ کەینیٚ هەلٚگرم؟)) ئاخۆ لێقەومانی لەوە گەورەتر هەیە. مردن پتر بــە پیــاوی حیــز ئەوێرێت نەك بە رەشید و بوێران.".

هەژی بە رکبوونەوەوە: "تۆ بۆچوونی باشت نییە، گەنیان تێئەگەیت! خــەونی گــەنیان پێــوە دەبینی، دەنا ئەم کوڕانەمان شێر و پڵنگی بێشەلانن، لە کاتی پێویستدا، لە رۆژی لێقەوماندا، هێرش بکەنە سەر دەستدرێژکەران، وەك کەروێشکی گەرمەلان لە خرت و خۆڵیان وەردەدەن.".

دینۆ بە نا ئومێدییەوە: "بەڵی... زۆر ناڕاستت گوت... نا نا راستت فەرموو، بەڵیٚ شــێرن، بــەڵام شــێرە بەفرینــەی بــەر خۆرەتــاوی بــەهار، شــێری کــارتۆنیی بەرســێبەرن، هــەرگیز سەگپسێنکەیەکیان بۆ ناگیرێت! بەڵی پڵنگی بێکەڵبە و بێڕنــۆکن، گــەر بیــەوێت کارمامزێـك راوبکات، ئەوە بە هۆی پێستە پڕنرخەکەیــەوە خــۆی دەبێتــە نێچــر و پێســتەکەی." لــەرزین و سەربادانی پیرەزیادی کرد...

شوانە بچکۆلەکە چاوی بە بابەگەورەیەوە بوو، وەك باوکی پێی گوتبوو: "هەموو جارێك کــە لەرزین و سەربادانی پتردەبیٚ و رەنگ لە رووی دەبڕێت، بە حامپول بردنی خــۆی و منداڵــەکانی نەبێت، کەف و کوڵ و هەڵچوونی، دانامرکێتەوە. بۆیە زانی ئێستا بە چوار پەلان دەڕوا و خــۆی دەکاتە بزن و بە خەمگینیەوە ئــەبارێنێت. کــوڕە ناوەنجییەکــەی، چــوار پارچــە هەمبانــەی بــۆ کردبووە دەستکێش و چۆك پۆش، بۆ ئەوەی ناو لەپ و پێستەی کلاوەی چۆکی برینــدار نــەبن و سەرچۆکی شەرواڵەکەی نەقنجێت، بەڵام پیرە لــەکاتی هەڵچــوونیدا گێلمــە گێلمــی نــەدەزانی، بەڵکو بە ئەنقەست، بە گاگۆڵکە بە نــاو دڕکــوداڵ و وردە بەردانــدا دەڕۆیشــت، کــە قەتماغــەی برینەکانی هەڵدەستا و خوێنیان لیٚ دەچۆڕایەوە و لەنویٚ بەژان دەکەوتنــەوە ئــەو بــە شــادییەوە هەڵدەستایەوە. شوانە چکۆڵە، خۆی لە هەژی نزیك کــردەوە و چاویشــی بــە بابەپیرەیــەوە بــوو، بەنزمی و بەکزی گوتی:

"مامە هەنووکە باپیرم بە هەر چــوار پەلان ئەڕوات و ئەبــارێنیت. ئەگەر وانــەکات، ئــەوا ژانەسەر ئەیکوژێت.".

پیرە خەریك بوو خۆی بخاتە سەر هەر چوار پەلان، شوانە چکۆلە هاواری کرد: بابــە گــەورە! "پارچە هەمبانەکانی گیرفانت!". پیرە باراندی، بە بارەباڕ بــە هــەر چــوار پــەلان ئەڕۆیشــت و ئەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. هەژیش تەبای ئەو سەری گەرم بوو و کەوتە گاگۆڵەکردن، لاقێکی

له دواوه له شێوەی کلکی سەگ بادەدا و دەیمڕاند و هەنگاوی دەنا، ناوه ناوەش دەوەڕی. هەردووکیان بەیەکەوە هەڵستانەوە.

دینۆ وەك ئەوەی لە گۆڕ دەرچووبێت ئاوا چاوی بە دەوری خۆیدا دەگێڕا، بە تاساوی و بە تاسەوە گوتیە هەژی:

"پیرەی شار؟ ئێوەش؟ منداڵە شارییەکانیش وەك کێوییەکانی ئێمە چەپخون[270] و لامل و پەتەڕی و پەت پسێنن؟ گوێنەگر و لاڕێ گرن؟".

که دینۆ رەنگوڕووی هاتەوە بەر، بە سۆزەوە یەکدییان راموسی. شەرواڵەکانیان تا پشت ئەژنۆیان هەڵکرد، قەتماغە و خوێن و ژانی کۆنە برینیان لە یەك دەچوو. جارێکی دیکەش دەستیان کردەوە ملی یەکدی. بۆ خۆیان و بۆ یەکدی، ریشی سپیان بە فرمێسکی گەرم شووشتەوە. دینۆ لە پەرێشانییان پەڕەی دەکرد، پڕیشکی لێ دەبۆوە. بە لەرزین و چاوی پڕ فرمێسکەوە: "لەوە بزنایەتیتر سەراوکوون و ئاوەژۆتر، مردەنیتر دەبێت چی بێت؟ بەدیار کانیاوی زوڵاڵ و بەراوی بە پیِّزی خۆتەوە دەست لە چۆکان وەرینی و پارە بدەیت و چاوەڕوان بیت سەوزە و میوەی گەنیوت لە هەندەرانەوە بۆ بێتە شاران و لە وێشەوە بگاتە گوند و سەر سفرەی باخەوان و چێنەرانت. تۆ بە درێژایی تەمەنت دەکەی و دەکۆشی، ماندوو و مردوو ماڵ پێکوەدەنێیت، ماڵیات دەپارێزی، کەچی بار نەبەری دوو پێ، بە بەرچاوتەوە بە هەوەنتە دەیداتە با.

(هەر چوار پارچە هەمبانەکەی لە باخەڵی دەرکرد و بە دیاری دایە هەژی) ئەمە بۆ شارییە ناسکەکان باشە. (هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا) ئەم پەتا و پەتپەتییە[271] لە ژینگەی پیس و گەردوونی چەپگەڕ لە سەردەمی جیهانگەری و جیهانگەڕیەتیدا سەری هەڵدا، ئەمە (با)و تۆز و قوڕبارانێکە، ئەمە گەرای دەردێکی نوێباوە، هەر حەوت کێشوەری بە زەریا و دەریاکانیشەوە گرتۆتەوە!

کاك هەژی! هەرچەندی هەست رائەگرم، ئەبینم گەردوونی لاسار بە چەوتی ئەگەڕێت! لەم هەموو چەوتە و چەوتیارانەدا کەسێك نابینم جارێك بڵێت ئێمە لارکار بووین. خواری و

---

٢٧٠- چەپخوون: خێل. لاسار.

٢٧١- پەتپەتی: ئازار و تەفرەدان.

لارییەکمان هەبووە، کاتی هەڵچوونیان یا بەر لـە کوژانـەوەیان پـێ بخەنـە سـەر تاکـە هەڵـە و نەزانییەکیانەوە، کەتنێکی هەرزەییان، ئەقڵ کورتی و سەرکردنێکی منداڵییان، بە دوو کوتکان خێچـییەکیان راسـتبکەنەوە. سـەیر و سـۆبەتەکە لەوەدایـە: بـە مـرۆڤ و پێگـە و ژینگـەی سەرزەمینەوە، هەر خەریکی خۆ و خۆرئاواکردنین، کەرەنا لۆکەران ئـەژەنین و سـێبەری شـەوێ، پیشانی نابینای مجرۆ[272] و بێچاوان ئەدەین. لە شەوی هەمیشەیی بێ سپێدەدا ئـەژین. ئێسـتا، ئێستان نابینین. بە رابردوون هەڵئەلێین. پاشـەرۆژ و پێشەشـەومان، شـەوگاری تـیر و تـاریکی هەمیشەیی بێبڕانەوەیە، کەچی ناو و نازناوی خۆرهەلات و خۆرهەلاتیین بە دواوەیە. لەراسـتیدا بووینەتە کلکی خـۆرئاوا. بەدوای لاسایی کردنەوەی بەدییـەکانی ئەوانـەوە پەشـێوین. کـاری چاك و پیشـەی پـاك نـا، بـەلام لـە جـل و رووخسـار و کـردە نەگونجاوەکانیانـەوە خـەریکین بەراییان[273] ئەگـرینەوە.

رووتحەزان، ماوەیەك بەگرانی، بە کپی، لە سروشتی سـووتاو و زەمەنـدی خەفـەتی خۆنـدا پێیان بە دوای چاوەکانیان رائەکێشا. ئەگەر هزر و دیدت کورتبین نەبووبن! ئەگـەر ئەتـەوێ بـە هەردوو چاوان، بە هەر پێنج هەستان، هاشوهووش و بەلێن و گفتـی گزیـر و وەزیـران، قسـەی تەڕاوزی وشکە سالی گەنجانن ببینێت؟ ئەتۆ وەك من جگەرەکێش و خەم کوشتە و بێبێن نیـت. (گۆچانی لەرزۆکی راهێشتەوە) هەرو لە بزنەگەلەکە تێپەڕە، لەسەر تیشە شـینکەکە راوەسـتە، هەتا چاوت هەتەرە ئەکات دوور و نزیك بنواڕە دەوروبەری دیارت! زەوی ئەستێوری بێ پۆشـاك ببینە! سەرتاپای بووەتە رووتەنی رووت. دەوجا لەوێوە رەفتـار و لـووتی لۆتییـەکانن ئـەبینی، ئەوکاتە کێشەی پیری بەدکرداری دەسەلاتدار، گەنجی گەوجی نەبیست و بێبڕوا و بێئایین و لاسار ببینە! لاوی فشۆڵ و فشەکەری بێبڕشت و بەدڕەوشت، گەنجینە و باراش و کەندوو و هەمبانـە و سەبەتی بێنان هەڵسەنگێنە!. کوو سـەر گـەرم نـەبم؟ هێشـتاش چـاونزانن، خۆیـان بێکێشـە و بێدەست نزانن[274]. ئەوان خاوەنی هیچ ئێش و ئاریشـەیەك، خـەمخۆری هـیچ چارەسـەریەك نـین! دەست پان و دەم بەش و چاو بەرەوژێر، ئەخوازن دەستێك لە ئاسمانەوە بێت شـیر و هـەنگوینیان

---

**٢٧٢- مجـــــرۆ: کوێری هیچ نەدیو. (( مجرۆت بیت: سۆمایی چاوت دابێت، هیچ نەبین بیت))**

**٢٧٣- بەراییان: پێشیان.**

**٢٧٤- نـزانن: نـــازانن.**

بداتیّ، خەونە ئاڵەکانیان سەوزبکات. بێی لە خەوکردن بیانگەیەنێتە بەهەشتی خەیاڵیان. پیران ئەیانگوت، کە هەرزە لە دڵەوە ئەکەونە داوی ئەوینداری ئەفسوونبازێکەوە، گوێیان کەڕو چاویان کوێر و مەدهۆش ئەبن. نزانم ئەوانەی ئێمە بەچی سەرخۆش کراون. ئەیانبینی خەیاڵن، لەباتی پلاو برنج بۆگەدەیان دابین بکەن، خەریکی خەیاڵپلاوانن. ئەمانە ڕۆیشتوون. وا نەبەزیون کەس بزانێت! بەنگکێشی دۆخین بەزاندن و سەرگەرمی رووتی و رووتکردنەوە و رووتبازین!.

گرێکوێرەی من لە چوارڕیانی بیرکردنەوە و هەشتڕیانی بەخۆدا چوونەوەمدا ئەوەیە کە: بینیومە دایك لە بێچووی نەبان بێت، بەڵام هەرگیز نەزانراوە بێچووی ئەقل ساوا لە دایکی نەبان بێت، نایەوێت شیرەکەی بمژێت، بەڵکو گەرەکیەتی جەرگی بخوات. نەوەی نوێی سەردەم بە دەزگا و دادگا و رەوشتی مرۆڤایەتی و نەریتی شیردەرەکان قایل نابێت. بەڵکو لە سایەی هیچ نەکردەیی، بۆ خۆشخۆری خۆی، بووەتە بێچووی دوپشك و دایکی بە زندووەتی ئەخوات...

ئەم سادار[275] و سەڵیتانە[276] خۆیان سەرگەردان و پیرانیان رەنجەڕۆ ئەکەن. ئێمەیش تامگێلین، بۆیە گلەیی لە گێلانی گلاو ئەکەین!. بڵێم چی؟ ئەم کەللە پووك و سەربەتاڵانە سەری سوکڕاتیش سووڕئەدەن، بە دەردی ئەویشن ئەبەن. ئێمەومانان خەریکی بنیادنانەوەی رۆما و روخاندنی دیواری بەرلین بووین، کەچی ئەو بێقوونەبانانە شاگردی نیڕۆنن، هەر خەریکی سووتاندن و وێرانکردنی واق واقن.".

---

۲۷۵- سادار: وێڵ

۲۷٦- سەڵیتانە: بێئابڕووانە.

## ١٨- پووره بگرەوبەردە (ئەوەی تە کوونێدا نەبوو)

پیرەدینۆ لە ناکاودا هەستێکی راگرت. کە دڵنیابوو گوتی: "گوێت لە فیقەفیقی ئۆتومبێلی فریاکەوتن بوو؟ بەپەلەپەل هاتوون، بە دوای کوندەبۆیاندا بگەڕێن.

لە دەمی ئەوانەوە ئەڵێن: ((بیست و حەوت شەوە کوند فێربووینە لە خوارێی ئارامگەی دوو پیاوچاکەکان (نیازگەی مرازخوازانی دەڤەرەکەمان)ەوە، لە ئێوارەوە تا بەیانی کووکە کووکیانە. وارێن کووکووی کوندانیش "وێرانەماڵی و خانەخراوی و چوونی سەری گەورانیشی بەدواوەیـە." بۆیە بـە بێـداری و بـە بێگـاری، بـە خەڵکەکـە، دار و دەوەنـی دارسـتانی سروشـتی و بـاخی چێندراویشیان تێکڕا بڕی و وەك بەری دەستان لووسیان کرد. ئەو دارە ناودار و نازدارانـەی کـە لە هەڵدانی چاوەوە دیاربوون، خڕاوخڕیان بەهەڕی کارەبایی بڕینەوە. ئێرەیان بێدارکرد. کەڵەکـە بەردیان لەو نزیکان نەهێشتن، زەوییەکانیشیان بەردبڕکردن، کون و کەلەبـەری شـاخانیان گـرتن ئەوەیە ((قووڵ ئەزموونی سەرچیغ رۆ)). نزیك رۆنی دوور نەبین. گەلێك سەمەران لـەم بارەیـەوە ئەگێڕنەوە. وارێن:

جۆرە کوندێك پەیدا بووە پێشتر کەس نەیدیتووە. ئـەڵێن هێنـدەی جاشـێکی هەراشـە، بـە ئاسمانەوە ئەفڕێت. کە بەسەر شوێنێکدا تێپەڕ ئەبێت، هاژە و لوورەیەکی گەلێك ترسناکی لێوە دێت، حاردی ئەلەرینیتەوە، قرچ و هۆڕێ وەداران دێخـی! وەکـی لـە ئاسمانێـدا بـاڵان بکـوتی، دەنگـی بـاڵانی دوو رۆژە رێیـا ئـەڕوات. دبـێن بینویانـە حـەزیای سـەربەرەوژێر هـەڵگرتووە! بیستوویانە و بینیویانە رێوی لە ئاسماندا بە چنگیەوە ویقەویقی بووە. لە شـوێنی هەڵفڕینیـەوە پێستەی کودەڵە بەرازی هەراش و بێچووە ورچی فەراژی و شاخی کوور[277]ی کەڵەکێوی و پـەڕی سیخوڕیان دیتووە!.

---

٢٧٧- کوور: گیسکە نێری تەمەن دووساڵی، بەرامبەر چوشترە بزن و و شەکی مەڕ. بزنێك نیوەی رەش و نیوەکـەی دیکەی سپی بێ.

هەندێك شتی سەیرتریش بەسەر وەئەنێن، کە جێگەی بڕوای مەمانان و مرۆی رۆژگاردیتە نەبێت. دوو کوڕ و باوکێك سوێند ئەخۆن، وارێن: لە نزیکەوە دیتیتن، رەنگی پەڕی کتومت رەنگی پێستە پڵنگی هێڵهێڵ و پنکپکە[٢٧٨]، چڕنووکی رەشمۆر و چاوی زەردیشی هەر لە هی پڵنگ ئەچێت، بەڵام دوو شاخی کوڵکن و تۆکمەی هەیە! سەری زلی لە سەری کۆبرای زەبەلاح ئەچێت. دەندووکی کورتی، قولاّبێکی پۆلاّینی رەشی بریسکەدارە، یەك جار لە ملی پەڵخە گامێشی بدات سەری ئەپەڕێنێت. چاوەکانی هێندە ئەفسووناوی زێلکڕژێنن، هەرکەس بیان بینێت زمانی نامێنێ و دەست و پێی ئەشکێت. وارێن هەندێك لە ترسان شەرواڵەکانیشیان تەڕ و گران کردووە. بە شەویش کوسکەکوسکی چاوی ببێنی، بێدەستی خۆت وەك موگناتیز رات ئەکێشی. گوللە نایبڕێت، هەزار گوللەی لێ بدەیت پەڕێکیشی لێ هەڵناوەرێت. دەستەیەکیش ئەڵێن: بەبەر چاومانەوە ریقنەیەکی سپی لە ئاسمانەوەڕا بەردایەوە سەر سەری خزمێکی راوێژکارە تەنگە ئەستوورەکە، دەستبەجێ وەك تیزاب موو و پێستە سەر و لاڕوومەتێکی سووتاند و گوێیەکیشی هەڵوەراند. ماوەیەك کابرایان بەناوی چارەسەری برینداراني چەکی کیمیایی، بردە هەندەران. ئێستا هاتۆتەوە شوێنەکەی خۆی. ئەیبینن هەمیشە سەر و گوێ و لایە سووتاوەکەی بە کلاّو و تیلاکی خوار داپۆشیوە. لەم گوندانەی دەوروبەرماندا لە هەولێریشەوە تا ئەگاتە یەکاوی نێوان کورد و عارەبان، زۆر جار بینیویانن بە تاك یا بە جووت وابووە بە رەویش بەرەو چیا و شاخە سەختەکان فڕیون. ئەوەی ئەوانە ئەیڵێن کوند نییە، خێوی راستەقینەن. تووڕەیی خودایە، سزادانی ئەو دنیایە. نیشانەی نگرۆبوونی گەڕگێڕ و گەنکارانە، قەرەبوودانەوەی ستەم لێکراوانی هەژار و بێپشت و پەنایە.

یۆنانییەکانی کۆن، کوندیان بە پیرۆز و پەنددادەر ئەزانی. ئەوانەی ئەمڕۆی ئێمە سەیری لواو کارەموو و هەوێز و پەرێزان، روونگ و دوونگ و کلك، سم و کشپل و لمووز و دەم و ددانان ناکەن. ناڕواننە کەڵبە و چڕنووکان. بەرایێ کەس تەڵە گیایەکی سەر گۆڕستانی گاورانیشی نەئەپساند. ئەوانەی ئەمڕۆ نەوەی ئەبو لەهەب و ئەبوو جەهلینە، ئەوەی بە بیریشت دانایە ئەوان هەر لێی ناسەنگرێنەوە[٢٧٩].

---

٢٧٨- پنکپنك: پەڵەپەڵە، خاڵخاڵ.

٢٧٩- سەنگلاّنەوە: سەنگرانەوە. هەڵوەستە کردن. هێدی بۆوە، لێی گەڕایەوە.

کوند، مەزار و بازگەیان بەرنەدا و بەری نادەن. وابزانم دیسان هاتوون کوندان بکوژن، چونکە نارەوان، ترسنۆکن. کۆر و کەڕن، ئاوەدانی و گۆڕستانان نابینن، بە کووکەی کوندێك رائەچڵەکن. ترسی گۆڕستان و رووخانی کۆشك و نەمانی ماڵ و منداڵیان دێتە بەرچاوا. هەراسان ئەبن، ئەتۆقن، ئۆقرە ناگرن. وائەزانن کوند ئەبابیلە و بارانبڕەن، لە ئاسمانەوە ناردراون و پێیان بڵێن کە: کووکاندن و کووکە نانەوەی ئێوەی رەشبووی، دارستان و کێوستان و دەشت و شار و کۆرە گوند و کانی و رووباریشی نەبوارد. ئەنگۆ سەرلەبەرتان سووتاند، تێکڕاتان کاولکرد. لەم خەڵکە خاکییە و لە خوای رەشوڕووتان نەترسان؟! هەی رووتان رەشبێت وەك دوڕخانی[٢٨٠] کەللەشتان رەشبووە! کوو کووی کوندێك: بە نزیك کەوتنەوەی مەرگ ئەزانن و لە تێچوون و لێ تێکچوونتان ئەترسن!

تفەنگی راوێیان دایتە هەرزە و مەرزان، ئەوەی کوندێکی کوژراویان بۆ ببات، پێنج سەد دۆلار و شەش پاکەت فیشەك و بیستۆکێکی بزێوی ئەدەنێ. ئەوەی پێنجانیش بکوژێت ئۆتومبێلێکی ئەدەنێ. دوو سێ مێردمنداڵ لە گوندانی دەوروبەرندا لەبەر بزنا مابوون، ئەوانیش ناوکۆزەیان[٢٨١] بەرهەڵدا و هەیپێیان لێکرد و کەوتنە کوند کوشتنێ، بزنە گەلی گوندان بێ شوان ماونەتەوە.

ئەوانە لە تاوانکاریدا رەشبووین. بێچووی ساوای ناو سەدان هێلانەی پەرەسێلکانیان کوشتووە، هەزاران مزگەوتیان روخاندووە، چوار هەندەش قورئانی پیرۆزیان سووتاندووە، هەزاران گوندیان وێران و دەیان هەزار ژنیان بێ پیاو و سەدان هەزار منداڵیان هەتیو کردووە. مەزاری چاك و گۆڕی پیرانیشیان هەڵتەکاندووە، ئەوانە بەرازی قەشن، لە دەڵەکەمتیار بەباترن. با بە بەرچاوانەوە خۆیان پشتئەستوور و چڕنووك سووری بەلا لێ دوور بزانن. لە! هیکرا، لەچاو لێکنانێکدا نائارامی وەك گورگی هار دەم ئەنێتە هەوکیان، هێزیان ئەچنێ، بەرچاو تاری، بێن تەنگ، دڵ سوار و دەم بەهاوار، بێهوودە بەدەم لرخەلرخەوە تەکان ئەدەن. لە پەلەقاژەی گیان سەختی بترازێت، دەر و دەربازبوونێکی دیکەیان نییە.

---

٢٨٠- دوڕخان: ناوخان.

٢٨١- ناوکۆزە: مێگەلە ئاژەڵی هاوبەشی گوند. بە کۆمەڵە ماڵێك یەك مێگەلیان هەیە و شوانێك بە هاوبەشی دەگرن.

هەژی: "ئاخۆ ئەوانە دەتوانن لە دەست چارەنووس رابکەن؟ دەتـوانن درك و دالّ و كـوند و دالّی ناخ و ویستیان بنەبڕبکەن؟. کەم شەکەتی و زۆر دەسـتکەوتی، مـرۆی نالـەبار و لووتـەی هەبووە و بێکار، چاوبرسی و تێرنەخۆری رەوشت گەلەگورگی هار، رەفتـاری گاڕانـە کـەمتیار، رەوەی ئەژدیهای حەوت سەری ژەهردار، تووڕەیی ئاسمان و زەریای بێکەناری بە دواوەیە. ئەمـە پەتایەکی لەناکاوە، ژەهر و تیژاوێکە گۆشت و هێسکی تاك و کۆمەڵگە دادەرزێنێت.".

دینۆ بۆ دڵدانەوە و لەیـەك دانـەبڕانیان: "دژوارتـرین نەخۆشـی کـە لـە هـۆش و هەسـت و جەستەی مرۆڤ ئەدات، سەختترین کار کە هەناو پڕ خوێن و چاو سـپی و تـەوێڵ رەش ئـەکات، ئەوەی حەزئەکەیت بە سۆدرە بچێت، ببێتە پێڵاو و لە پێ بکریت، نزای زۆر بێکـاری بـۆ بکـە. بەبێ نزا و نوشتە، ئەوانەی ئێمە لە بێکاریدا خەملیون. لە خڕکردنەوەدا شل و خاو و بێزاخ، لە پەرتکردندا پەیت و بەپەلە، ئازا و بە دەماخ. نەوەی نوێی ئێسـتا دوێنێیـان نـەدیوە، وائـەزانن رووباری ئەمڕۆ نەبڕاوەیە، هەرگیزاوهەرگیزیش ناگۆڕێت و نابڕێت. نازانێت بەیانی، دوو بەیانی، یا سێ سبەی، لە هیکرا بە وەرز گۆڕانێك، بەستۆڕە[٢٨٢] چـك ئـەکات و تـەڕاتی تێـدانامێنێت، بەڵام ئەمانە نە ئەیبینن، نەبیری لێ ئەکەنەوە. کە رۆژ لە کەلی کەوت و نسێ هـات، خۆشـیان نازانن چۆن تاریکی ئەفسووناوی لە شەش لاوە گەمارۆیان ئەدات و تاڵاویان بە دەمەوە ئەکات. قوور شێلانی مەمانان لەوەدایە: دوێنێ و پێرێ و پار و پێرارمان دیوە و لە بیرمـان ناچـێتەوە، لە ئێستادا ئەژین، هەمیشەش ئەڕوانینە بەیانی و دوو بەیانی و دەیەی داهاتووشەوە.".

هـەژی وەك ئـەوەی کلیلێکـی ئەفسـووناوی دۆزیبێتـەوە کـە تۆپـە پۆڵاینـە ژەنگـن و نووساوەکانیش بکاتەوە و چارە بۆ کێشە چەقبەستووەکان بداتە دەست، زۆر بە شادییەوە: "قسە بە پەرۆشەکانت شتێکی خۆشیان وەبیرهێنامەوە، مام دینۆ! تـا لـە بـیرم مـاوە دەرفـەتم بـدە. ئەتۆش نەختێك هێور ببەوە: ((فەراژی بووم، شەش حەوت خانوو لە خوارووی ماڵەکەی ئێمەوە، پیاوێکی زلی حەوایی راوچی بوو، هەرجارەی فیشەکدان و ساچمەژەنەکەی دەبەسـت، چـەپکێك داوی راوی باڵندانی دەخستە قەدی، رستی تانجییەکەی دەگرت، چـەند رۆژ و شـەوان بزردەبـوو. جارێکیان بۆ ئەوەی لە ئاواییدا بیبینن، کە گەڕایەوە دوو خرتە کەوی بە دەستەوە گرتبـوو، لـە

٢٨٢- بەستۆڕە: شێوێکە لە هاوین و پاییزدا ئاوی تێدا نامێنێت, بەستێکە لە نێوان هەولێر و پیرمامدا.

ماڵەوە کەوی لە دوو قەفەزان کردن. بە سازی و بە نەساوەی بەرەو مزگەوت سووڕایەوە. منداڵێکی فێڵبازی گێچەڵخۆش کە لە کوڕەکەی ئەو باخۆشتر و بە هۆشتر بوو، لەبەر ماڵیان ئاگادار ئەوە دەبێت، بە فیکە فیك بانگی کوڕەکەی ئەو دەکات، دەڵێت: باوکت تازە هەوێردەیەك و تفتیلکێکی[٢٨٣] سەربڕاوی بەدەستەوە بوو.

کوڕە: نا نا دوو نێرەکەوی گەورەن، وا لە قەفەزێدا خۆ هەڵ دەکووتن.

فێڵبازەکە: خۆ من کەودەری نیم، خۆم دیم، کەو نەبوون. ئەگەر کەون با بیان بێنم!

کوڕە بە سادەییەوە: فەرموو با بچین.

فێڵباز: لە ترسی دایکم... نەوەك... ئەتۆ بڕۆ وەك راوچیان کەوەکان بە دەستەوە بگرە و بیان هێنە!

کوڕە بە فرتکەیك دەچێت، دەرگەی قەفەزی یەکەم دەکاتەوە. تومەز کەوە باڵی نەکراوە، کە دەردەچێت، بە فجووڕ فجووڕ دەفڕێت. ئەوەی دووەمیش هەر بە هەمان بەزم. لەو چرکەساتەدا کە کوڕە بە دیار قەفەزەوە سارد ببوو. باوکی سێ برادەری هێنابوون کەوەکانی ببینن. بەگەرمی دەگەنە سەری. باوکە سارد و شەرمەزار، گڕدەگرێت و دەیەوێت سەری هەڵقەنێت و لە بار یەکی هەڵپچڕێت. (شەم)ێی دایکی کوڕە، لە ژوورەوە دەنگی دەداو دەیان گاتێ. چاو دەبڕێتە چاوی پیاوەکان و دەڵێت: "دوو نێرەکەوی گەلێك گەورەبوون. من لە ژوورەوە گوێم لە فڕین و فجووڕ فجووڕیان بوو، کوو نەودیتن؟ دەنگ و نەبیستن؟ نازانن کەو لەماڵە راوچیان نەبیت، لە ناو گوندیدا چ دەکات؟. کووڕەکەشم وەکو باوکی کارایە، باوکی دەگری و دەیهێنێتەوە، ئەویش بەری دەداو دەینێرێتەوە.".

پیاوە بە تەمەنەکەیان: "راست دەفەرموویت من دیتنم و دەنگیشیانم بیست. کوڕەکەشتم بینی دەستی لەسەر بێرکم و چاوی بە کەوی ئاسمانەوە، سارد ببوو.".

هەر چەندە شەمێ رەقەڵەیەکی بچکۆلە و گێڕو وێڕ بوو، بەڵام تا بڵێی ژیر و کاراو کار پێکهێنەربوو. لەگەڵ پیاوەکەی بە تەواوی پێچەوانە بوون. چۆن دەخێوانە یەکدی وچۆن چۆنی بەیەکەوە دەگونجان؟ ئەمەیان هەر خۆیان دەیانن! بەڵام من دەزانم منداڵەکانیان: بەژن و باڵا و

٢٨٣- هەوێردە و تفتیلك: دوو جۆرە باڵندەن، زۆر لە کەو بچووکترن.

کەلەشیان لە دایکیان و ناواخنی کەللەشیان لە باوکیانەوە بۆبڕابوو. هەرچـەندە زلـەی راوچـی، زۆر لە شەمێی بێنموود دەترسا و فسێکی بەبێ ئەو نەدەدۆڕاند، کەچی ئەمجارە بـە بـەر چـاوی هاورێییەکانییەوە، بوێربوو و بە دەنگی بەرز گوتی: "چۆن؟ چۆن؟ گرتن و هێنانەوە وەك بەردان و فڕاندنە؟. کەی گرتن و بەردان وەکو یەکن؟ ناوەڵڵا ئەوەی بە گرتنێ ئارەق نەرێژێت، لە بـەردانێ نـــاپنگێتەوە.".

شەمێ: "چی بکەین! ئەو پێنج و دوو رۆژەی تەمەنمان هـەر ڕاکە ڕاکە و بگرە و بەردەیە!" لەو رۆژەوە ناوی پوورە شەمێ، بووە ((پوورە بگرە و بەردە)).

فەرموو مام دینۆ! ئەتۆش بینە و ببەکەی خـۆت تەواو بکـە! لـەویوە وەستابـــووی کـە گوتت: "... ئەوانەی خۆمان لە خڕکردنەوەدا سست و خاو و بێزاخن، لە پەرتکردنیشدا پەیت و ئازا و بەدەماخن.".

دینۆ: "مام هەژی! پەندەکەی سەربردەی دۆتمەلات وەبیر هێنامەوە، هەتا لە بیرمە ئـەوت لۆ ئەگێڕمەوە دوایێ ئەگەڕێینەوە سەر کەرخێ[٢٨٤] خۆ. وەك ئەبینی لەم رێگەیە و لە ژیانیشدا، پایە لە دوای پایە دێت، ئەوهاش قسە قسەی رائەکێشیت. بەسەرهاتی مامۆستا و ردێن سپیێ کۆنە گوندێ خۆمت لۆ ئەگێڕمەوە. باوکم لە گەڵ مردوانی تۆ و راکشاوانی نێو ئەم گۆڕســتانەی پێشمان جێگەیان بەهەشت بێت، زۆر جار ئەگەر یەکێ لاقی پتر لە دەرپێی خۆی دەرهێنابوایـە، ئەیگوت ئەتۆش لێمان ئەبیتە کیژێ مامۆستای؟. ئەنگۆ کیژێ کیهە مامۆستای؟ کیژەکە چـی کردبوو؟ ئەویش بۆ ئەقڵی ئێمە زەردەیەکی ئەکرد و ئەیفەرموو:

پێشتر ئاو و رووبار زۆرتر بوون، ئەو رووبارەی هەنووکە میزاوێکی تێدا ئەمینێ، ئـەوکات هاوینانیش هاشەی ئەهات، هێستری بە بارەوە ئەبرد، هەر لەو رووباریدا جێگەی کۆرکردن[٢٨٥] و دەراو و دەئاوێ کەوتنی ژنان لە سەرەوەی گوندی بوو، پیچۆکەك خوارتریش تـەنکاوێکی هـێمن بوو، مەلەوانگەی منداڵان (کوڕو کچانی کەم تەمەن) بوو. لەو سەردەمیدا خەڵك دەگەڵ یەکدی هێندە پیس و دڵپیس نەبوون، جلوبەرگیش کەمبوو، کوڕ و کچی چوار پێنج ســاڵان، خوشـك و برا و منداڵانی گوند بەیەکەوە لە نزیك کۆڵکەران مەلـەیان ئـەکرد. کـوڕانی پارچـەڵە و مێـرد

---

٢٨٤- کـــــەرخ: شوێن.

٢٨٥ - کۆرکردن: کوڵ و کوڵکردن، بالاڤکرن، جل و سەر شۆرین.

منداڵیش لە پێچەکەی خــوارتر بــوون، مــەلای گونــدیش تاکــە کچــێکی فەراژیلــەی لــۆقن و غەزرۆك و روو قایمی هەبوو، دەگەڵ کوڕە پارچەڵەکان ئەچووە مەلــەکردنێ. مــەلای گونــد پێــی ناخۆش بوو، کیژەش گوێی نە ئەدایە قسەی مەلاژنێ. بە زۆری لە گەوەکەی کەنار رووبــاربوو و بە کەمیش ئەکەوتە ماڵەوە. مامۆستا وارێتە کیژێ خۆ: ((کچم خودا بتپارێزیت، ئــەوا هەنــدی داکێ خۆ درێژ بوویت! چیدیکە دەگەر نێرەکوڕان مەچووە سەر رووباری! ئــەمن مــەلاێ گونــدم، خەلك چاوم لێ ئەکەن و گوێم لێ ئەگرن، لۆمن و لۆ تۆ جــوان نییــە، نێرینــە لەســەر رووبــاری بتبینن ئاوەڵکراسی لەبەر خۆت دائەکەنی!. کیژەش وارێ سەر چاوان. لە دوای ماوەیــەك مــەلا لە کچەکەی ئەپرسیتەوە: ئاخۆ قسەی بابێ خۆت دەگوێ کردینە؟ کچــەش ئــەرێ: ئــەدیکوو... قسەینێ تۆم کردنە گوارەی زێڕ و رۆژ و شەو دەگــوێم دان. باوکــە بــۆ دڵنیــایی: هەنووکــە لــە کێندەر مەلەی ئەکەی؟ (بە گاڵتەوە) هەر نەچووبیتە مەلەگەکەی پیاوان!؟))

کچە: "مەلەوانگەی پیاوان زۆر دوورە لۆێێ هەر لە جێگەی بەرایێ.".

باوکە: "ئەدی چن گۆت؟.

کچە: ((نەتگوت نێرەکوڕ نەتبینن دەرپێی دابکەنی!))

(مەلا وای بۆچوو کە بە جلکەوە مەلە ئەکات ): "دادەی بزانم!".

کچە: "هەموو جارێــك لێــرە لــە مــاڵێ دائەکــەنم و ئەیخەمــە سەرشــانم و بــەناو گوندیــدا تێئەپەڕم، بە تێری مەلەی خۆ ئەکەین. ئێجا دێینەوە.".

مەلا بە دڵساردی مــــردنەوە، دەست بە ردێنی دادێنی و ئەڵێ: "ئــەدی چــی بــۆ ئەمــــە دائەنێیت؟".

کچە: "ئەتۆش وەکی ئەم هەموو خەڵکەی خودا، بیتراشە!".

وەبیرمە گــەلێك جــاران بــاوی ئــەگۆ[٢٨٦]: ((ئــەنگۆ منــداڵی کــۆڵبڕ و دەستچــەفت و بــە دەمودوتان نەبینیون، جارێ راوەستێن ئەوجا هەینێ وەبیرتان دێتەوە)). ئەوە ئەوی ئەویــە گــۆ، گەلێك پتریشن دیت. هەژی ئەتۆ گەرم داهاتبووی، منیش لێم وەرگرتیەوە هەتا ســاردبوومەوە. ساردەکوت هەر ســاردی لێ ئەکەوێتەوە، ئەتۆ ئەمجارە دەرفــەت مــەدە و بــە گــەرماو گــەرمی

**٢٨٦- ئەگۆ: ئەی گۆ، ئەیگوت.**

بیکوتـه. هـەناوت پـڕه و زۆریشـت لـەژێر سـەردایه. دەی ئـەتۆش دوو سـێ پایـەی ڕێگـەی هەورازەکەن بۆ بکە و کەمێکیش من لە پشتێ بکە!".

هەژی: "ئەگەر بۆ سانەوەی تۆ بێت و بە گـەبڕی[287] تێنەگـەیت، ئـەوا بەرفـەرمانتم. وردە چیرۆکەکانی من، بەسەرهاتی مردووی ناو مێشکمن، تۆ لە هیکرا زندوویان دەکەیتەوە. ئـەوەی لەگەڵ تۆدا بکەوێتە ڕێ، نەك هـەر پەنـدی جوانـت لێ وەر دەگرێـت، بـەڵکو مێشکیشـی بـە گردەخەیتەوە، بۆیە لێت تێرنابیت. ئەوەشت هێنامەوە یاد کە:

لە دوای کۆڕەوگەورەکەدا ساڵانی جـەنگ و گـەمارۆدان و قـاتی و قڕییەکـە بـوو، خـەڵك ناومالّ، دەرگە و پەنجەرەی ماڵی خۆی دەردەکرد و بە نانی دەدا، ژن و منداڵی ناسکی شاران بە پێخواسی و ملڕووتی لەناو دڕك و داڵدا لەبەر سۆرەتاوێ لە پەرێزان وشیان دەکـرد و لـە مـاڵی گوندنشینان داوای زەکات و نانێکی وشکیان دەکـرد. کۆنـە هـاوپۆلێکم (ڕەزا حەمـە ڕەشـید، ناوێك- خەڵکی لای ژێری دەشتێ هەولێرێ بوو) لەگەڵ برادەرێکی هاتەلام، ئەگـەر لـە یادگـەم مابێت، لە جۆزەردانی ساڵی ١٩٩٤ بوو.

دوای ئەوەی باسی ناگزووری خـۆی و هاوڕێیـەتی کۆنینـەمانی خوێنـدەوە، داوای کـرد لـە کەلێنێکەوە بەگەڵ تیپێکـی قەلاچـۆکردنی سـن و کیسـەڵەی بـدەین، بـەڵکو ئـەویش لەگـەڵ کارمەندانی پڕۆژەکە، کە کرێی لە لایەن ڕێکخراوە خێرخوازە بیانییەکانی ئەوساوە دەدرا، نـانی دوو سێ مانگی دەست بکەوێت. منیش گـوتم: ئەنـدامانی تیمـەکان لـە لایـەن بیانییەکانـەوە مەشق دراون، ئەوەی بە سەرکەوتوویی دەرنەچووبێت، بە چاکی سەری لـە کارەکـە دەرنەچـێت، ترسناکی بەکارهێنانی ژەهری مێرووکوژ و بایەخی پاراستنی هاوسەنگی ژینگە نەزانێت، ئـەوا ئەوان داینامەزرێنن، بەڵام دەکرێت وەك کرێکار، یا وەك لێخوڕی ئۆتۆمبێل بەگەڵ کارمەنـدانی پڕۆژەکەت بدەین. برادەرەکەی نەیهێناونەیبرد، ڕوو بەڕووم، بە فیزەوە: "دەڵێم ئـەوبرادەرەی تـۆ کردەوشك و قسەڕەقە، بەدەست و دیارییەوە دەچیتە ماڵی، دەست بەڕووتەوە دەنێت و ڕووەتـت دەشکێنێت. دیارییەکەت لێ ناگێڕێتەوە، بە دوو قسـەی لاپڕەسـەنگ بـە دڵشـکاوی ڕێ و ڕێ دەتنێرێتەوە!. برام ئەمڕۆ هەموو کەس پیاوەتی لـە دەسـت دەرناچـێت!. ئێسـتا بـڕوات کـرد؟

---

٢٨٧ - گـە: نۆرە، نۆبەت، دەرفەت. گەڕ، تیر، هیر.

هەندێك ترسنۆك و چاو تەنگ هەن، نە بۆ خۆیان شتێك لە گەروویان دەچێتە خوارەوە، نە دێڵن دوو کەسی دیکە گەروویان تەڕببێت. فەرموو بابچینە لای شێخ ئاشتی مـن، ئـەوجا جیـاوازی نێوان برادەرەکانمان ببینە. ماوتە پیاوان بناسیت.".

چوون... کە گەڕانەوە، بۆ شکاندن و سەرکۆنەکردنم، سەریان بە ژوورەکەم داگرتـەوە.بـرادەر بۆ خۆ دەرخستن گوتی: "هێشتا پیاوی خۆشگفتار و شیرینکردار ماون. ناکرێ!... بۆ ناکرێ؟... فەرموو ئەوە کرا! زۆر بە ئاسانیش کرا!".

دوای ڕۆیشتنیان شێخ ئاشتی (س.م. م.ب-)ی هاتە ژوورەکەم. بە ڕکەوە گوتم: شێخ!!! بـۆ شەرمەزارت کردم!؟ پێم ناڵێیت چۆن ڕەزا ڕەش دادەمەزرێنیت؟ شێخ بە نەرمییـەوە پێکـەنی و گوتی "بە قسەی ڕەوا و ڕەق کەس لە خۆم ناڕەنجێنم. دەزانم بە دەست و دیارییەوە بە پێی خۆیان دێنەوە ماڵم. منیش بە ئەمڕۆ بڕۆن سبەی وەرنەوە، دەیان خافڵێنم. کاتێك دەزانن کار کۆتـایی هاتووە، گفتی ساڵێکی دیکە و تۆڵە بۆ کردنەوەیان دەدەمێ. بۆ ئەو کاتیش خـوا دەزانێـت کـێ دەمرێت و کێ دەژیت؟ من کرمانجی کورتبین و کەمبیست نیم. من شێخی ئەزموونداری. سـووڕ بزانم کەسێکی برسی بە قسـەیەکی خـۆش، بـە نووشـتەیەك، مـن تێـر و پڕدەکـات و خۆشـی بەبرسیەتی خەوی لێ دەکەوێت و کڕخەو دەبێ، ئەگەر نەینووێم تاوانە و خودا گـیردەبم. ئـەوەی تۆش دەیڵێیت من تێی ناگەم، بەڵام چاك دەزانم خەڵکی ئێمـە، هـەرە نزیکـەکانی خۆشمـان، بـە قسەی خۆش بەڕێکردن و شێوازی چاوبەستنیان لەلا باشترە، ئەوەش دەزانم، تۆش ئەگـەر خـۆت لە خوا نەکەیت وەك من دەزانیت، کە ئەم خەڵکە من و هاوڕەفتاری منیان لە تۆ پتر دەوێت!".

لەم ڕۆژەوە کاك ڕەزا و برادەرەکەی نەك هەر لـێم لالـووتن، بـەڵکو بـە چـاوی ناحـەزییش دەمبینن. لە گەڵ شێخیشدا دۆستی دەست لە دەسـت، زۆریـش تـەبان، بـە سـەر و بـە کـنگ دەبانن. (بەزەردەوە) مام دینۆ ئەمەم بـۆ بە کردنە کۆڵ و سەرکەوتنی نـــۆ پایـان دەنووسـیت یان بە نۆزدان؟.

هەژی هەر بە حیکایەت هێنانـەوە، بـاوکی بـاپیرەم گونـدیی بـوو، گێڕایـەوە و فـەرمووی: "مامۆستای ئاواییەکەمان دووربین و بیر ڕووناك و کارامە بوو، خەڵکی گونـدانی دەوروبـەر بـۆ مەسرەتی و کوژاندنەوەی ئاگـــران و چارەکردنی کێشە و ئاریشان، بۆ ئامۆژگاری و پـرس و ڕا، روویان تێدەکرد.

پاشنویژ بوو، پیاوێکی کەسەردار و هەراسـان هاتـە لای، دوای سـڵاو و خـۆ ناسـاندن بـە ناگوزورییەوە گوتی:

"لە دێیەکەی ئێمەدا، شێخ ئەحمەدێکمان هەیە، لە کوردی و عـارەبیی و فارسـی و تورکیـدا بـولبولە، سەری لە ئینگلیزی و رووسی و هیندیشدا دەردەچـێت و دانامێنێـت، خـاوەن رەز و باخ و مێگەلی سپیان و دیوەخان و قۆناغە. لە هەر شوێنێك دابنیشێت، خـەڵك بـەبێ دەنگـی دەڕواننە دەمی ئەو. هەربابەتێکی بۆ بکەیتەوە، ئەو بـە قورئـان و فـەرموودەکانی پێغەمبـەر (د.) و شیعرەکـانی حاجی قادری کۆیی و جەواهێری و فیردۆسی و سەعدی شیرازی و گوتەکانی سەعیدی نوورەسی دەتبەستێتەوە. چـوار کـوڕی تـەژە تـەژەی بێسـەر و گـوێی هەیـە، هـەرە هۆشیارەکەیان گاوانە. لێی دەپرسن ئەتۆ کە هێندە زاناو دانایت، بۆ وات نـەکرد کوڕەکانیشـت منداڵی خۆت بن؟. ئەویش بە ساردی وەڵام دەداتەوە "تێیان دانـەبوو" سـابیرە گێلێکـیش لـە گەڕەکی ژێرییە، بەخۆی و بە ژنەکەی ئەقڵی مریشکێك و دەسەڵاتی مشکێکیان نییە. نان و دۆ براوی وەك خۆیان لەسـەر پشـتی زەویـدا نابیندرێتـەوە. شـەش حـەوت کـچ و کـوڕی وریـا و دەستڕەنگین و زمان هەنگوینیان هەیە خودا لێیانی نەستێنی، هی ئەوەن هەمیشە بە برسـیەتی بەدیاریانەوە دانیشیت. لە مامۆستام بیستووە، پەروەردەی دایك و باوکی باش نەوەی چاکی لێ دەکەوێتەوە. لە پەرتووکانیشدا خوێندومەتەوە ((هۆکارەکانی بۆ ماوەیی و کاریگـەری ژینگـە، رۆڵی سەرەکیان لە زیرەکی و دەبـەنگی کەسـاندا هەیـە، کاریگـەری مـەزنیان لـە بیرکـوڵی و هۆشیاری، لە دەست و لەپ و لە دەم و پل، لە دروستبوونی کەسـایەتی مرۆڤـدا هەیـە)): ئـەم دیتنی پێچەوانەی ئەم بیستنەم بۆ لێکنادەیتەوە!".

مەلا بە پێکەنینەوە: "ئەتۆش خۆت و منداڵەکانی خۆت، وەك شێخ ئەحمـەد و منداڵـەکانی ئەو دێتە بەرچاو، وەنا؟"

پیاوەکە: "دەك خوا بە قوربان بیرتیژی و لێزانی و زانستی سـنگتم بکـات. قسـەکەم تـەواو نەکردبوو ناو دڵمت خوێندەوە! من نەك هەر شێخ ئـەحمەدم، بەڵکو بە تـەواویش نـەوە بـڕاوەم، سێ کوڕ و سێ کچم هـەن، خـۆم بـە مانـدووبوون بـە مـەراقی پەروەردەکردنیانـەوە خنکانـد، ئەوانیشم بە گوێگرتن و بە سـەرکۆنەکردن و پەسـتانەوە کوشـتن، کەچـی وەك ئـەوەکانی شـێخ

ئەحمەدی، پەینماڵ و گۆلکەوانێکیشیان لێ دەرناچێت! دەترسم یەکێکیان لە ژێر دەستم تەواو بێت و ببمە سۆدرە و گۆتەی زمان تەڕان. ئەملام لەولای ماڵوێرانتر.".

مەلا وەك پەند خوێندنەوە: "زۆر تێری، ماندوونەبوویی، گەلێك لەدوودان، پێشگرتنی بە ناشارەزایی، بە زۆر شت ئاخنینە دەماغ، پەلەپەل و سەرکۆنەکردن، هەڵنەسەنگاندنی تەمەن و کات و شوێن. لێخوڕین بە پێچەوانەی رەوە. نا تەبایی یا هاوکاری نەکردنی دایك و باوك لەسەر رێکار و شێوازی گەورەکردن... چەندین هۆکاری دیکەش هەن کە دەبێت پەروەردەکار بیانزانێت. پەزەوانێك بکەیتە رەزەوان، نەك هەر میوەی بەری دارەکان دەفەوتێنێ، بەڵکو دارەکان اهیشك دەکات و باخەکەش بەردەدات. ئەگەر رەزەوانێکیش بکەیتە پەزەوان ئەوا ماڵیاتەکە گورگان خواردی دەکات. یەکەم جار منداڵەکەت بخوێنەوە بزانە ئەو دەستدەدات ببێتە چی؟. چەند هەڵدەگرێت. بۆچی لەبارە؟ چی لەبارادایە، خۆی ئارەزووی لەچیە و بۆچی؟ ئەوەی تۆش دەتەوێت تێیدایە؟ ئەو دەیەوێت یانە نا؟! نەك ئەوەی تۆ دەتەوێت ببێتێ و ئەو نەیەوێت، ئەگێنا هەر دوو لاتان... دەمەوێت بزانیت: ((هەبووەیی و کارمەندەیی[288] وە خۆشخۆری و سوێری و ترشی نەچێژی منداڵ، مرۆی ورگن و کەللە پووك دێنێتە کایەوە)).ئێجا بیری خۆتی لێبکەوە".

پیاوەی دڵ کول و خەمگین بە خۆشییەوە، وەك ئەوەی کلیلی کردنەوەی چارەی کێشەکەی دۆزیبێتەوە: "مامۆستا زۆر مەمنوون، بۆ ئەوەی کە چاومت روونکردەوە. پار نا پێرار پاییزێ، لە پرسەی گەورە کوڕێکی رەشماڵ نشیاناندا، کچانی شینگێڕ بە سەردوولکە گوتن و لەخۆدان، بە رووت و رەوانی دامیانێ، بەڵام من گوێم نەبوو، یا کەم هۆشم؟ لێم وەرنەگرتن.".

مامۆستا لە گۆڕانی روو و رووخساری خێرای پیاوەکە وازی بۆوە، وازی بوو هۆکاری ئەنجامەکەی بزانێت. پرسی: "دوو ساڵە رەشماڵ نشین بە سەردوولکە پێیان گوتی!؟ خۆی لە خۆیدا شینگێڕان و لە خۆدان وگریان بە دەنگی بەرز و سەر دوولکە گوتن، لە ئایینی ئێمەدا نادروستە!. نابێت بکرێ و نابێ گوێی لێ رابگیرێت، پێم ناڵێیت چییان پێ گوتی؟".

پیاوە: "مامۆستا! پەندێکی باشبوو! بەڵام گوتنی لە رووی ئێوەدا خۆش نییە.".

---

٢٨٨- کارمەندەیی: عەمەل مەندەیی، نەکارایی.

مەلا بۆ شەرم شکاندن و دڵنیا کردنەوە: "گوتنی راستی و پرسین لـە ئیسـلامدا نـەك هـەر ناجوان نیین، بەڵکو پێویست و ئەرکی ئاییینیشن.".

پیاوە، چاوی بـەملاو بـەولادا گێـڕا، بـە پێکـەنینێکی شـەرماوی: "مامۆسـتا، لـە رووی مامۆستام کەم رێزی نەبێت، گەلە کیژێك بوو، کەزی خۆیان کردبۆوە. سـەر و رووی خۆیـان لـە قوڕێ نابوو،کۆزەیان کردبوو[٢٨٩]. سـەردوولکەگۆ لە ناوەڕاستیاندا بەسەر کـوڕەکـەیدا هەڵـدەداو دەیقریـواند:

"شلك و شەنگ وجوانپۆش بوو. (کچەکانیش، هاوچـڕینەوان) تێکـڕا و پێکـڕا بـە ئـاوازی سەردوولکەکەوە بە دوو دەسـتان لـە سـنگی خۆیـان دەدا و دەیـانگوت) "ئـەرێ پـەخوای.". سەردوولکە بێژ: " زمان شیرین و رووخۆش بوو". " کچەکان "ئەرێ پەخوای".

"سـوارێ بەرایێ سواران بوو. لاوێ بەر و دیوەخانان بـوو". "ئـەرێ پـەخوای". "گـورگ کوژێ شەوین و شێوەخواران بوو". " ئەرێ پەخوای..." پسـپۆڕی نـاو دەهـەزار پـەزی بـوو". گوڵەباخی ناو رەزی بوو". "ئەرێ پەخوای..." کە شـینگێڕ گـوتی: "خۆشەویسـتی کیـژوکاڵ بوو". کچەکان بە ساردییەوە: "ئەوەی تەکوونێ دانەبوو". ئەوانەش دە کوونێیان دانییـە، پـێم ناڵێی چۆن دەکوونێیان بنێین؟ هەر لە زمانی شێخ ئەحمـەدی دەگێڕنـەوە: "ئـەوەی لـە کـوونێی دانەبی هەرچی لەگەڵ بکەیت هەر بەلاشە، لەو تاریك تا ئەم تاریك، بە تیرۆگ ئەقـڵ بپەستیتە کوونییەوە، ئێوارە بەر لە نووسـتن وەکـی تەگەکـەی مـام مـۆتکی دەپڕمێنـی و هـەمووی بـە پشمینێك تووڕهەڵدەداتەوە.".

لەم دواییەدا دەیـانگوت ((ناوچـەوان درۆیـە. ئـەوەی تێنەکۆشـێت و بـدۆڕێت، بـۆ پاسـاو هێنانەوە دەیخاتە ئەستۆی بەخت و ئۆباڵی رێکەوت و ملی بەش و بۆداندراوەوە. نازانم ئەوەی بە وریایی و زانایيشەوە لە هەوڵدان و خەباتدا ملی خۆی شکاند و سـەری لەسـەر دانـا، ئینجـاش هەر بە گێلییەوە خلچا، ئەنجامەکەی لـە ئەسـتۆی چـی رابکـەین؟ بڵـێین بـۆی نـەهات؟ ئـەم هاتەهات و هات و نەهاتەی ژیان هەر بەدوامانەوەیە، نەوە لە دوای نەوە دەبڕێینەوە و کۆتایـان هات، ئەویش هەربەکۆتا نەهات..)). مام دینۆ نیوەی رێگاکەت بە کۆڵمەوە بڕی!".

---

**٢٨٩- کۆزەیان کردبوو: بە وەستانیانەوە بازنەیەکیان بە دەوریدا دروستکردبوو.**

دینۆ لێی وەرگرتەوە: "منیش هەورازەکەت بۆ سەر نشێو ئەکەمەوە، پاشنوێژێکی درەنگی چلەی هاوینە، کوڕەگەورەکەم و منداڵێکی ئاوزەی ئەو، ئەوکاتە تازە فەراقە ئەبوون[290]، لە سێبەری خانووەکەی ئەوانەوە لەتەکم دانیشتبوون، ئاگادار بووم باوکی لە ماڵ نەبوو،کەرەکەشیان لە چێشتەنگاوەوە تا ئەو کاتە لەبەر سۆرەتاو لە رووتەندا داکوترابوو، ئەو بەستەزمانە هەر کلك و گوێلاکی ئەوەشاند. ناوە ناوەش زۆڕە زۆڕی بوو. منیش بەزەییم پێدا هاتەوە، بە گاڵتەوە گوتمە کوڕەکە: ((ئەتوەزانی ئەمن زمانی کەرانیش ئەزانم!؟.)) منداڵەکان دەمیان داپچڕی، کوڕە گوتی: ((دادەی کەرێمە چاریێ؟)) منیش گوتم : واریێ ((تێنیمە، برسیمە! سۆتم لەبەر تاوێ... ئەگەر ئاو و ئالیکێم نادەنێ! بەرمەهەڵدەن بەخۆم خەمێ خۆ ئەخۆم، ئەگەر چ لایانیشم دەگەل نەکەن، ئەوا لەسەر پردی سیراتی ئەوددەمە بەر لووشکا)) هەتا زووە بیبەوە ئاو و ئالیکێی بدێ، دەنا وەکی باویشتان هاتەوە لە کنە ویش زمان و لێ ئەدات!."

کوڕە ماوەیەك بە سەر سوڕماوییەوە داما. گوتیە کوڕەکەی من "وەرە با بیبەینەوە داخوا وەیە". ئێوارە کوڕەکەم بە پێکەنینەوە گوتی: "ئۆ باو! کەرێ ماخۆ مەردی دوو دەولەك ئاوی خواردەوە، ئەوەندەی دەکێ کرد؟ وەڵڵاهی پێستەکەی بکەنە کوندە، پشێ پازدە ماڵان ئەکا... لەگەنێکی گەورەش جۆیان لۆ دە ئاخوڕێ کرد، کەتە سەرێ، دنکی لێبڕی، لە سیبەرێش راوەستا، ئاویان بە پشتێدا ئەکرد پێی خۆشبوو، ئۆ باو! وارێم کەر دەگەر یەکدیش قسان ئەکەن؟."

لەگەڵ دەرکردن و گوند سۆتاندنێ، ماڵەکان لێکدی دابڕاین. ساڵانێ دی یەکدین دیتەوە. بە پێکەنینەوە گوتی: "مام دینۆ هەنووکەش لە زمانێ کەرێ ئەگەیت؟". ئەمنیش مرم کرد وەکی گۆتمێ: ئەرێ بەخوای... بەرێ وەڵاهی نەك هەر ئەمن دەنگۆ ناگەم! ئەنگۆ بەخۆشتان دەخۆ ناگەن! چ جای ئەوەیە لە خەڵکی بگەن.

(دینۆ ئاخێکی پڕ دووکەڵە شینکەی هەڵکێشا بە ڕکەوە: "گەماڵی زل و تەوەزەل برسی بێت ئەبێتە تاژی ناوقەد باریك و لە هەورازە راودا کەروێشك بۆ نانی خۆی ئەگریت. نزانم وەبیرتان ماوە یان نا؟ پێشتر گوتوومانە: گەنجانی سەردەم، ئاخوڕ و ئالیك و تەوێلەی حدوودیان لێت

---

[290] – فەراقەئەبوون: فەراژی دەبوون، هەراش دەبوون، گەورەدەبوون.

ئەوێت. کاری کەرێ شوانان و باری ئەفنەسیش نابەن. لە بیرمە پیرانی ئەزموونـدار ئـەیانگوت: ((بارەبەری چاك بەخۆی ئالیکی باش بۆ خۆی زیاد ئەکات.)) ئەوانەی ئێستاش بـەبێ ئارەقـە، لەوەڕی تەڕ و خەوتنگەی وشکیان ئەوێت، ئـەم دوو شـتە بـەرەواژە چـۆن بەیەکـەوە دەگیرێـن؟ نازانم! ئەوەی ئەمرۆ لێیان ئەبیستم ((ورگ و جۆرکی پڕ، لە ژێر سم و پاشووی سپی دایە!))

ئەگەر بە سنگ فراوانییەوە، بەبێ دڵ ئێشان دەرفەتم بدەن ئەو پیچەشتان لۆ رەگـەڵ دێخـم: پێشتر کچ و ژن رەدووەکەوتن، هەنووکە گەورە کوڕ و پیاوی ژندار، پێ لە خاو و خێزان، دایك و باوك و شکۆمەندیان ئەنێن، بە نوێژی نیوەڕۆ رەدوو دۆلارۆکە و رووتانی بەرماوەی نۆهەد و نـۆ دەستکردوو ئەکەون. وەختە لە سوێیانیان بمرم. نە ئارامم بۆخۆم دەست ئەکەوێت نـە غیرەتـیش بۆ ئەوان. چی بکەم؟ چارە و دەرمانم نییە. نەنکم ژنێکی وریا و نەترس و کابان و قسەزان بـوو. هەر بابەتێك ئەکرایەوە ئەو بە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان ئامۆژگـاری ئـەکردین. ئەگـەر ژنێك، نەوسن ماڵگرنەبووایە و رەنجی پیاوەکەی خـۆڕا تەڕاوبەڕا بکردایە، ئەو ئـەیگۆ ((مـاڵی باوکم ژنی نەوسن، لەبەرینا[٢٩١] نیر و کاسـن)) مەبەسـتی لـە گاسـن: ئـامرازی کشـتوکێربوو. ئەوکات کڕینی میوە و خۆراك بـە گۆڕینـەوەبوو، بەتـەرازوو بـە بـەر یەکـدیان هەڵئەکێشـان. سـاڵێکیش گـوتی ((ئـەم سـاڵ هـەر (بـا)ی گاسنفرۆشـانی[٢٩٢] دێـت، مەگـەر خـودا دەنـا وشکەساڵییەکی ترسناکە، ئەبێتە گرانییەك خەڵك ناچارەبن ئاموور و گاسـنان بفرۆشـن.)) بـرا گیان تا ئەم بـاهۆزەی بێـت و ئـەم نەوسـنە بـێ قوونەبانانـەش[٢٩٣] لـەم ئـالۆزی و بالۆزییـەدا سەرهۆزبن، ئەوا بۆ تیکەیەکی چەور، خۆیان و باوك و باپیریشیان ئەفرۆشن.ئێمـەش ئەنهـەوێت ئاراستەی (با) بگۆڕین و باران لە ئاسمانەوە ببارێنین.".

هەژی: مام دینۆ! ئەوا گوندەکەتان بە دەرکـەوت، رێگەکـەی منـیش دوورکەوتـەوە، دەبـێ بگەڕێمەوە لای کەس و کارم، بەلاّم ئەوەنەشت دەڵێم: مـام دینـۆ... رۆژەکـەی ئەوهایـە دەبـی لەگەڵی هەڵبکەین دەنا...

---

**٢٩١- لەبەرینا: خستیە ناو تای تەرازووەوە، فرۆشتی و بە نەوسی دا.**

**٢٩٢- بای گاسنفرۆشان: بایەکی وشك وفێنك و بێبارانە، لە کێشوەری ئەورووپاوە دیت و بە کوردستاندا تێدەپـەڕێت. شەماڵی هاوینان.**

**٢٩٣- بێ قوونەبان: تەوەزەل وهیچ نەکردە. هیچ لە دەست نەهاتوو.**

# ١٩- جەنگیز مەنیج لە هەندەران

جەنگیز مەنیج، پیاوی (سینەم سینە رووت)یْ و باوکی بە ناوی (ناخۆرە نۆ باوك)یە. لە منداڵییەوە ناوەکەی لە نێو خاکی رەنگاندا ببوە ((جەنگۆی مەنگۆی)). لە هەندەرانیش ناوەکەی خۆی کردبووە ((تەیموورخان))، ناوێکی ئەوروپیانەشی لەویْ زیادکرد، ئەویش ((مستەر فیرۆ فینگۆ)) بوو.

دوای ئەوەی جەنگیز بۆ دەستوەشاندنی لە پەنا و لە پاڵەوە، چووە شاخ، بەر لەوەی لە وێشەوە بەرەو هەندەران پەراگەندە بێت، سالێك و چەند مانگ بوو دەرکەوتبوو و ژن و منداڵی خۆی نە دیتبوو. چەندین جار بە دوای داناردبوون سەردانی بکەن. سینەمیش وەڵامی بۆ دەناردەوە "من ناتوانم لە ناوبەردان بە پێیان برۆم، ناشوێرم سواری وڵاخ ببم. لەو گوندە پیس و پۆخڵانەش هەڵناکەم، نامەویْ کێچ و ئەسپیْ و پێشکە خۆم و کورە ناسك و نازدارەکەم بخۆن... (هەموو جارێکیش لە کۆتایدا دەینووسی) ئێمە پێویستمان بە تۆ نییە، ئەگەر تۆش ئێمەت دەوێت، ئەوا بێترس دەتوانیت بێیتەوە لامان، خۆت بگەیەنە سەر شەقامەرێیەك ئەوا من دەتهێنمەوە. خۆشت دەزانیت چەند و چۆن دەستم دەڕوات."

جەنگیز، لە باسی دەرکەوتن و هەڵاتن و ڕێبڕین و گەیشتنە هەندەراندا: گەلێك کەس لەو پتر ئازاریان چەشتووە، لەو ڕێگەیەشدا هەرزانتر فرۆشراون، زۆرتریش خۆیان دزیوەتەوە و بە سەر کەلەشی یەکدی بازیانداوە و قوڕاویان خواردۆتەوە. لە چەند شوێندا بۆ پارەیەکی کەم تریاکیان بۆ بازرگانانی چنۆك دەربازکردووە. چەندە لە نێوان ڕۆیشتن و گەڕانەوە، دەرچوون و تێچوونیاندا دڵە راوکێیان بووە. چەند کەڕەت لە دەست پۆلیس و سەگی پۆلیسان رایانکردووە، چەندین جاریش خۆیان هاویشتۆتە دێر و کلیساکان، خۆیان بە پەیڕەوکەری ئایینی یۆنانی و رۆمانییان ناساندووە، خۆشیان نازانن لە چەند وڵاتدا پەنجەمۆریان وەرگیراوە، بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەریەتی چەند تۆن درۆی شاخداریان هەڵڕشتووە، خۆ ترسی سنووورداش و مۆتەکەی رەوانکردنەوە لە دوایین قۆناغدا هەر باس ناکرێت. لەم ساڵانەی دواییدا دەیان کەس ئەم حەکایەتەی مێشێی نووسیوەتەوە. هەزار دەم گێڕاویەتەوە، لە چەندین شوێنیش کراوەتە فیلم.

بۆیە ئەو خۆی بەم کۆنە (کا)یەوە ماندوو نەکرد. ئەو هەمیشە بە درێژایی ژیانی هەر خوارکار و ناڕاست گۆبووە، بەڵام ئەمجارەیان شتێکی نەماوە بۆی بژیت، بۆیە بڕیاریدا راست و رەوان پتر لـە بارەی ئەم شتانەوە بدوێت، کە زۆربەیان بە ئەنقەست بنگۆم کراون، کـەمتر بیسـتراون. بـەڵێنی داوە، شتە شیرین و تاڵەکان، رەند و دڕندکانیش وەکو خۆیان بخاتە سەر زمان و بەرچاوانەوە.

گێڕانەوەی چیرۆکی جەنگیز لە هەندەران: لـە (تۆرمسـۆ)ی بـاکوری نەروێـژدا.کـات چـلەی زستانە. کەشوهەوا بەفر بارین و لوورەلـووری (بـا) و بۆرانـە، جـەنگیز و چـەندین سـەگەوان و بەردەسـتی لات و ناتـەواوان، لـە پێشـەوەی هـۆڵێکی سـینەمادا، بـەدیار فیلمـی ئـاوارەیی تەمەنیانەوە دانیشتوون. بە درێژایی فیلمەکە: بێن بێن گوتـە، وێنـەی بێـدەنگ، جوولـەی بـی رەنگ، ناوەناوە ئاوازی سەردوولکە و گریانی لە خەمدا خنکاو دەبیندرا و دەبیسـترا. جارجـارە میوزیکی دەنس و زوورنای شایی، کەمکەمەش مارشی هەڵچوون و هێرش و شکان و هەڵاتنە. لە نێوان بڕگەکانیـدا شـاکاری هوونـەریی جۆراوجـۆر، پتریـش گـۆرانی و میـوزیکی جیهـانی پێشـکەش دەکـرێ. بـە درێـژایی خولانـەوەی خولخلۆکـەی رۆژگـاری فیلمەکـە، تـــاو تـــاو ڕووناکیەکی رووت، جارجار نە نۆتك و نەڕۆشن، چەند کەرەتێ ڕووناکی کز و سوور بوو، زۆربەی کاتیش شەوە زەنگێکی سـامناك دەحەپی.

بڕینی رێگەی هاتونەهات، پەڕینەوەی پەراگەندی لات و راونراوانـی تـاربووی لات و پـات، لەهێلی بڤەی نێوان وڵاتاندا، لە هێلی دەستکردی سەر زەوی و نەخشەی جوگرافیای مەلـەکردن لە نێو گۆماوی خوێن و خەونی سوور و شین و سەوزدا. بڕینی رووباری گڕ، بازدان بەسـەر ملـی هەژدیهای حەوت سەر. ململانێی سەرنشینانی گەمییەکەی تایتانیك بە باری گرانەوە، لـە نێـو شاخی بەفرین و بەستەنی، لەگەڵ تین و تەوژمی زریـانی هاروهاجـدا، لـە رووبـەڕووی بـۆران و بارەش و شەپۆلی کەفچڕ و زیـوینی تسـۆنامی زەریـادا، ململانێیـەکی نێـوان دوو هێـزی زۆر ناهاوتان، لە زەریایەکی بێکەناردا. لە نێو بەستەڵەکی مەرگدا رۆدەچن، نغرۆدەبن... مۆتەکەی مەرگ و برسییەتی بڕست لە چـەندین راونـرای دیکـە دەبڕێـت. نەهـەنگ و تیمسـاح دەگەنـە سـەریان. لە ترسانا بە کلۆڵی و کزەڵۆکیـەوە[٢٩٤]، پـێ دەنێنـە سـەر هێـی سـنوور و رێبەنـدی

٢٩٤- کزەڵۆك: کز و داماو، کزکۆڵە.

سووره‌وه. له هیکه‌وه مینی ڕێکه‌وتننامه‌ی نێـوان هاوسـنووران ده‌ته‌قێتـه‌وه. پێـی ڕۆیشـتن و هیوای گه‌یشتن و ده‌رچوونیان ده‌بڕێت. هێله سوور و په‌رژینه دڕکاوی و ته‌لبه‌نـده‌کانی گاره‌بـا و مین دانانه‌وه، زوو زوو نوێ و سـه‌ختتر ده‌کرێنـه‌وه. بـه پێـی ڕاسـپارده‌ی چـه‌ندین ڕێکخـراوی جیهانی، که‌لله‌سه‌ره وشـکبووه‌کان و ئێسـکی دوو لـوولاکی تیزوفیـزی[295] سـه‌ر سـنوور، (بـۆ گێڕانه‌وه و نه‌چوونه ناو کێلگه‌کانی مین، نزیك نه‌که‌وتنه‌وه له چه‌ندین شتی دیکـه‌ی ترسـناك و گیانبڕه‌وه.) ده‌کرێنه قووچه‌کی کـه‌وشه‌نی ترس و پـاوان و داوه‌ر و هێمـای ئاگـادار کردنـه‌وه و نـاسینی بڤه‌کان.

ئه‌و سه‌رانه‌ش که ده‌رباز ده‌بن، به قوله‌پێی سمراو و به ره‌شه هه‌ستی گه‌رگه‌رین گرتووی نـاو به‌فره‌وه، له ژێر تاوڵ و هۆبه‌ی ((یو ئێن و مافی مرۆڤ، و خـاچ و مـانگی سـوور))دا خـۆراکی ژار و ئازاری دوور له ئاوه‌دانی و له شار و دابڕاندن له مرۆڤایـه‌تی، لێیـان ده‌بێتـه شـێرپه‌نجه و مایه‌وه‌ی ته‌مه‌نیان داده‌خورێنێت. چه‌ند جـار بـانگ ده‌کـه‌ن جـاڕده‌ده‌ن: ئـاخ کوردسـۆڤۆ، داخ سرپه‌رستان، ئۆف پلێشاوه و گوم بووی ژێر هه‌ره‌سی ویـژدان، وه‌ی بوومه‌لـه‌رزه‌ی کـین و کنـه‌ی ده‌سه‌ڵاتدارنی تاوانکار. ئۆی نه‌داری و بێنانی، وای بێسنووری و بێناوی!.

به چاوی هه‌ست و گوێی گیانیان ده‌بینن، سـنوور بـۆ سـه‌رگه‌وره و سـه‌رمایه‌داران، هێلـی سه‌وز و ئۆتۆبانی[296] سـه‌دو پـه‌نجا مـه‌تریی و سـواربوونی فڕۆکـه‌ی بـۆینگی نـوێ و ئێرپاسـی جیهانی و مافی مرۆڤه، ره‌زامه‌ندی ئه‌نجوومه‌می ئاسـایش و جڤـاتی نه‌تـه‌وه یـه‌کگرتووه‌کان و کۆمکاری پاکتاوی نژادییه.

هه‌رچه‌نده هه‌ستی زیندانییه ڕاکردووه‌کان ده‌میاوێنێت و ده‌پارێته‌وه، که‌ره‌سیسه و خـووس به‌سه‌ر هۆشیاندا ده‌بارێت. له ژێره‌وه کووره‌ی هیوایان ده‌سووتێ و ئاشی تـاوان، بـه‌رده گه‌چـی هۆشـیان ده‌هاڕێـت، بـه‌ڵام ئامـاده بـوانی کـۆنگره و کۆبوونـه‌وه جیهـانیی و ده‌ڤـه‌ری و ناوه‌خۆییه‌کان، لایه‌نگر و گوێ ڕایه‌ڵی گه‌ورانن. له ئاستی هه‌ژار و هه‌ناسه سارد و بێ بێنانه‌وه لالووتن، نابینا و که‌ڕ و لاڵکه‌رن، لایان لێ نـاکه‌نه‌وه. ئه‌کته‌ره کـوێر و کـه‌ڕ و لاڵـه‌کانی نـاو فیلمه‌که ده‌بینن و ده‌بیستن که: تاراوگه‌یی، هه‌ر هێلانه هێلان و تاران و تاری و تـاڵی هه‌فتـه و

**٢٩٦-ئۆتۆبان: ڕاسته‌شه‌قامی. ڕێگه‌ی ڕاستی بێگه‌وه و بێهه‌وراز و لێژ، به تایبه‌تی ڕێگه‌ی ده‌ره‌وه‌و نێوان شاره‌کان.**

مانگ و ساڵێك نییە، بەڵكو بێ ئۆقرەیی و نائاسوودەییەكی هەمیشەیی هەمیشەیە. ژووری ژیانی زیندانیانی ناو گرتووخانەی بێ دەرگا و بێ كولانكە و بێ كلاورۆژنەیە، بە شوورەی پۆڵاینی دڵدڕی و جیوەی ئاگرینی گیان سڕی و قووڕقوشمی دەنگبڕی دەور دراوە.

ئاوگەلەیی: دابڕان و هەناوپچڕان و دەربەدەری و نەهامەتی و توانەوەیە. هەر ونبوون و گرتنەوە و داخمەلێدان و رامكردن و دابەستن و سەربڕین نییە! بەڵكو تەواوی تەمەنی پڕناسۆری نامۆییە. هەستی ئاوارە، ئاوارەییە. بێدەنگی و بێرەنگی و بێ هاودەنگییە. بێئاوازی و بێگەلە و بێئاو و بێ ئاوەدانییە. قاڵبوون و بە هەوادا چوونە، ژیانی نێو گۆڕی تەنگ و تاریكی تەنیایی و بێزارییە.

لە رەوەی نەویدا نامۆی، بیانی، لایەدەی لادراوی، میوانی چارەگرانی، نەمامی ژاكاوی رەگبڕاوی.

... ... ...

شائەكتەرەكە لە كەشوهەوایەكی فێنك، نەتاریك و نەڕووناكدا چاوی كەوتبوو، پەیتا پەیتا تارمەی بیرەوەرییەكانی شەن و تەرمی خۆی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەكرد. لە روانگەی زۆرینەی خانەخوێیانی پێست سپی و نیمچە ئاڵی چاوشین و موو سیسەی بازاڕدا، سەرڕەشانی تەریدە بەدڕەوشتن. هۆشكوێر و كەڕ و كوندن، سكڕەش و زەغەل و نەكارا و مشەخۆرن، كێوی و دڕندەی قەشن. گەورە و بچووكیان، نێر و مێیان بەزیون، سواڵكەرن، دۆخین بەزیون[297]. دەغەرن، بەندەی هەرزەیی و پیری هەرزەكارن.

دەنگێكی كز بە شەرمەوە: "دوور نییە چەند دانەیەكیان وابن، بەڵام ئەوان هەموویان بەو چاوەوە دەبینن!".

دەنگێكی سپی لە پەناوە گمە گمی بوو، دەیگوت: "خانەخوێی باڵادەست و خاوەن بڕیار! تۆ هۆشیاری! ورد و درشتی دوور و نزیك دەبینی، چاك دەزانی! ئاگاداری ئەوانەی بۆچی هێندە برسین؟ بۆ تەزیون؟ بۆ بەزیون؟ بۆ تاربووین؟ بۆ چرووك و هیشكەڵ و رەگبڕاون؟ بۆ بووینەتە بارمتە و پەنابەر و ئاومالك؟. ئەو گەورانەی كە قاشوانێ بە گۆی زەمین دەكەن، دێوەكانی

---

٢٩٧- دۆخین بەزیون: دامەن تەڕن. بدەر و بكەرن.

بەروبوومی دێوەرەی زەوی و ناخی زەریاکان هەڵدەلووشن کێن؟. کێن ئەوانەی هێلی سوور دەکێشن و دەیسڕنەوە؟. سەرکردە بێ سەرەکانی بۆ پاراستنی ورگنی و سەرایەتی خۆیان، سەر و پەلی سەرڕەشانی ڕەشوڕووت پەلدەدەن کامانەن؟. هەر بەخۆشتان دەزانن تاك تاك پەناخوازی ڕەش و بەدڕەوشت، کەمهۆش و کەللەشەقان، دەست و دەم پیسان، ڕەفتار ناشیاوی خەلیس هەن. ئەی کۆمەڵگەی یەکسانی و دادپەروەری و ڕەوا و ڕاستی و دیموکراسیزم! گەر بتانەوێت دەزانن ئەمانە لە ژێر چ گوشارێك، چ ناخۆرەی زۆری زۆرییەك، زمان و دەستیان گەڕ و کەللەیان شەقبووە؟ بۆچی ئەم هەموو پەڕاگەندەیە دەرپەڕیون و کراونەتە بابردەڵە؟ بۆ بوونەتە ئاومال، بۆ لە ڕاستەڕێ دەردەچن؟. چاك دەزانن کەتنکەری گەورە خۆتانن!. گەر بتانەوێت خانەکانی دەیان و سەدان و هەزاران دەسڕنەوە، جێگۆڕکێ بە شوێنی هەزاران و دەیان دەکەن. چارەی ئەو ناچارانە لە دەستی ئێوەدایە، هەر وەك میر و نۆکەر بۆ ویستی نگریسی خۆتان بۆ چەند ڕۆژێك داڵدەیان دەدەن و ناخیان دەگۆڕن. پیران گوتەنی ناتانەوێ لاشەی مەڕ و لاشەی بەراز هەر یەکەو بە پێی خۆی بە قولابەوە هەڵبواسرێت!".

دەنگێکی سوور لە دوورەوە قریواندی: "چەندین ئاریشە و نەخۆشی لە هەموو شوێنێکدا دەم لە هەناوی ئاواران دەنێن. ئەو داب و نەریت و بیر و باوەڕەی لە منداڵییەوە بە پەسندیان زانیوە و لە گەڵیاندا بە تەمەنداچووین، ڕاهاتوون. ئاگاداربن یا بێ ئاگا، لە هێسکە سەریاندا چەسپیوە و بووەتە بەشێك لە کارەکتەر و سیما و ئاکار و کرداریان. بۆ مانەوەیان، بێ ویست و بە دەستی خۆیان، پێویستە وەکو کۆنە جلەکانیان دایان بکەنن وەلایان بنێن. هەرچەندەش ئەمەیان لە لایا نامۆ و ناشیرین و نابەجێ بێت، بەڵام دەبێت وەك میوانێکی چاك، یان یەکجار ناچار بە منەتبارییەوە ڕەنگی خۆیان لەگەڵ هەواری نوێ بگونجێنن، ئەگین لە باخچەی ئاژەڵانیش جێگەیان نابێتەوە، گرفتی خوو و ئایین و ڕەفتار و کێشە و ئاریشەی زمانیشیان عەر نایەتە باسکردن.

ئاوارە بە تەنیا لە پارکێك، لە ژوورێك، لە شەقامێکی گشتی و لە سەر پشتی گەمیی گوم بوون و هاتونەهاتدا، لە نێو فارگۆنی شەمەنەفەرێکی ژێر زەوی دەبێتە بالندەی نێو قەفەز. (دەنگەکە سوورتر و بەرزتر کەوتە بەرچاوان) ئاوارە ئەوەی لە دڵ و هەستی بەندت دایە ناتوانی بە هیچ تاك و بەندێکی ڕەوەی ئەوانی بڵێیت! تێت ناگەن. تێیان ناگەیت، کە لە

ناچاری و هەراسانیتدا دەتەوێت کەڕ و لاڵانە تێیـان بگەیـەنی، گەرەکتـە بـە گـەرمی هەسـتی خۆتیان بۆ دەربڕی، ئەوان بە ساردی و بێ بایەخیەکی بێ متمانەوە دەتڕواننێ. لە دەربـەدەری و هەندەرانێکی بێئەویندا دەخولێیتەوە و پیشدەخۆیتەوە. بە هەناوی پڕخوێن و هۆشی شـلەژاوەوە خویز و تالاو قووتدەدەیتەوە. کامە کار گەن و کەم کرێیە بەویش مەمنوونیت، زمـانی وشـکت بە مەلاشووتەوە دەنووسێ، ڕەنگت هەڵدەبزڕکێ، دەنگت دەنووسـێ، تـەنیا و تـەنیا خـۆت لـە بێدەستی و چارەنووسی نادیاری خۆت دەپرسی و دەپرسییەوە... (دەنگەکە بـە کۆتـایی هـاتنی ماوەی دیاری کراوی، ڕوو وەردەگێڕێ و بەدەم ڕۆیینەوە) هەست و خـەیاڵی تەریـدەی کلۆلیـت، ماری گینگڵ خواردووی کلافەی ئازارتە، لە نێو کۆڵەگە و کۆڵی پشتتدا ناحـەجمێت... چـــۆن دەحـــەجمێی!؟".

زڕتە دەنگێکی وەنەوشەیی: "گریمان پاش ماوەیەك کێشـەی ویسـت و زمانـت سـووکتربوو! جلك و ڕەفتار و ڕەنگ و پێستی خۆت گۆڕی. کێ گوێ لە تـۆی بابردەڵـە دەگرێـت؟ گەجـەر و گوجەریتان هێندەی گوجیلەیەکی برسی و بەرەڵا نابینرێت. خۆت و کێشـەی دەروونـی و دووری لە نێو پێوی ویست و هەستدا، لە بێ هاودەنگی و لە نێو حەشـاماتێکی بـێ پـەروادا پەروانـە ئاسا هەموو شەوێك نۆ جار بە گڕێك هەڵدەپرووزێی. ڕۆژانە تەرمی خۆت دەکەیتـە ئـامێزت و سووڕ سووڕ بە ناو ئاپۆرادا دەسووڕێی، کەچی ئارامگەیەك نادۆزیتەوە تەرمە زیندووەکەتی تێدا بسپێریت و تاوێك بحەسێیتەوە.

کە سەرە مانگان بە ناوی پەنابەر، مووچـەی (بـڕی نـەژی و نـەمری) ئـاوارەی هـەلاتووی بێکار، بە چاوی شۆڕەوە وەردەگریت. لەو کاتانەی بـۆ نوێکردنـەوەی مانـەوەت، ڕووبـەڕوویان، دانە دانە دەنکە تەسبێحی درۆی شاخدار و هەڵبەستەی ڕسکاو بەردەدەیتەوە. بە دیـدی خـۆت ناخی چاویان دەخوێنیتەوە، لـە گلێنـەی ئەوانیشـەوە خـۆت ببێنـە! کـە تـۆ، لـە قێزەونـی و بێشەرمییدا یەکەمی. یەکەمی هەموو یەکەمانی کەمییت.

لە سەرەتادا، هەندێك جار شکۆمەندیت، قرقرتـۆکتی دەگـرت، ڕووەو ڕابوونـەوە و خـۆ بـە دەستەوەنەدانی دەبردیت. پێی ویژدانت دەکەوتە سەر سەڵکە بزۆتی هەستت، لە حەژمـەتا بـای نێو ترتڕۆکت دەبزوت. تفت لە خـۆت دەکـردەوە. ئـەوانیش تـەبای خـۆت بـە تانـە و تەشـەرە تەوێڵتیان سواق دەدا، مارنجیان دەکرد. لە ناخەوە هانات دەبردە بەر مـردن. کـە مـردن ئـاوڕی

لێنەدایتەوە، فودانکی ترترۆکت فسبۆوە، شەرم و شەرمەندەیت لە لا فڕین. بە ساردی و سڕییەوە گەڕایتەوە نێو گەڕی ژیان، بەڵام چ ژیانێك؟ خودا، دوژمنیشت نەیبینێت!. هۆشت بە تریاك دەخەوێت. ویژدانت وشکە و ئاوی ژیانی چککردووە، هزرت لە ریشەوە داخوراوە.".

دەنگێك لە تەپانی تەنیایی، لە ناو کونی گوێتدا، رۆژانە و شەوانە ویزەویزی دێت و دەپرسێت: "ئایا تۆ بۆ ئەم بەرکەوتە لە هەواری خۆت دەرکەوتی؟ کە گوێی هەست و هۆشت کەڕبوون، رەنگت خۆش دادەگەڕێت و ملت ئەستوور و ناوشانت پان دەبێت. ئەگەر نمێکی تەڕت تێدا مابێت و رۆژگاریش بواری دای لە بەهارێکدا بچیتەوە کاولە زێدەکەی خۆت، نەهێنییەکانی هەندەرانت زندەبەچاڵ دەکەیت. ئەمجارەیان دەمامکی رۆشنبیری و جیهانگەری نوێ دەپۆشی. لافوگەزافی چاوکراوەیی و بیر فراوانی... کە بە تەنها لەگەڵ سەمەرەی سەربردەی خۆت و بەسەرهاتی تاڵی رۆڵەکانی چەقیوی هەڵنەهاتووی شارەکەت، گوندەکەت، کۆنە دراوسێیەکەت بە یەك دەگریت. بەیەکەوە لە ناو بۆدەقەیەکدا بە تێکەڵی دەیان کوتیت، دەیگریتەوە، ئاوێتەیەك دەکەوێتە دەستی ئەفسوونگەرێك، گوێ و چاوت بەکار دەخاتەوە. دێوانەیەك بە دەنگێکی دێوانەوە، بە هەڕەشەوگوڕەشەوە و بە پاڵەوانییەتی نواندنەوە، ئاوێتەکەت بۆ دەخوێنێتەوە، بە چاوی سەری خۆت لە بە ئاگاییتدا، دەبینی چەندین زرێپۆش و کەماندار کەوتوونەتە تەون و داوی داپیرۆچکەی (میس سۆزاو وێردی) و لێی دەرناچن. سەراوبن، هیوا بڕاو لە چاوەڕوانی بێ هوودەییدا دەژین و سەردەنێنەوە.".

لەولایشەوە کە کرمی تەمەن هەست و هەناوی پیرە گەورێی[298] سۆزباز، دەپ و گەندەڵ و کلۆردەکات. کە وەرزی گوڵانی بەسەردەچێت، کوێرەکانی بیر و جەستەی وشك دەبن، شیلە و گوڵاوی گوڵان ترپی تەڕی لێدەبڕێت، راو[299] و رەواجی لای خۆییانی نامێنێ. فرە گەڕ و فرە روو و فرە زانی لەنگەی بێ لەنگەر، زلکوێرو کزسۆز و سکزل و روولۆچاوی دادەمێنێت. لە ترسی سێبەری مۆتەکەی گیانکێشی تەنیایی ناو ڤیللەی بێدەنگی پان و بەریندا، بۆ هاودەنگی لە بری توولە و مەیموون و پشیلە، بۆ دێوخانەی هەڵپەی هەست و خەستەی جەستەی، بۆ ئاوەدانی شەو، بۆ بیرازکردنەوە و ئاودانی بیری وشکی... بۆ بەردەستی، بۆ مژینی ئاوی ژیانی

**٢٩٨- گەورێ: ئافرەتی جوانی سوور و سپی. کەژێ.**

**٢٩٩ - راو: هەنگوینی پاڵێوراو. (شهد).**

تەڕ لە لێواری گۆڕدا، دەڵە کەمتیاری شلوشۆل، خێوی شلوملی شەنگ نەماو، خێرا خورتە خرتێکی سەرڕەش، زلحیزێکی سك برسی و بەرسك پەرست، خەڕۆ دەکات. بە تاڵی بسکی ئاوریشمینی مێینەیی دەیبەستێتەوە، لە هەر وەزێکدا دوو تا سێ تەوری پتر ناداتێ، نەوەك لەڕ و دەغەڵ پەڕ و باڵی بێتەوە، باڵبگرێ و لە دەستی دەربچێت. خرتەش بێ دەربەست بۆ نان و بۆ وەرکەوتن بە دیار چاوی بەنگکێش و نیوە مەست، بۆ سەوەڕ، بۆ پێوەبوون دەست لە کەللەسەر و تەمەنی پێشتری دەشوا...

کە سەرڕەش لە هەواری نوێدا، لە زەوی هەڵەت و پەڵەتی پێکێوی دارستانی بەر دەرگای ڤیللە، بوخچەی بەسەرهاتە سوور و سەوز و زەرد و سپی و ڕەشەکانی لە کۆڵی تەمەنی دادەگرێت. ماوەیەك بە دیاریانەوە رادەمێنێ، لە دڵەوە، زۆر بەترسەوە: "ئەمە گەنجینەی ڕەنجی گەنجیمە، کەشکۆڵی هۆشداری و بێ هۆشی منداڵی و وزەی وەرزی هەرزەیی و هەناسە ساردی پیریمە.". بە سەرسامییەوە چاوی بە چوار دەوری خۆیدا دەگێڕێت. چاوی ڕەشکەوپێشکە دەکات، سەری خول دەخوا و لەشوێنی خۆیەوە بە لەرزە لەرزەوە دادەنیشێ، دەکەوێتە باری نائاگاییەوە، بە چاوی خۆی دەبینێ چوار لچکی بوخچەی بەستراو دەکرێنەوە. خزەی خزینی مارێکی جنجری شاخداری سەر سێ سوو، گەردەن سووری ژێر سك سپی، بیست. بێچووە هەژدیهایەکی زەلامی بینی سەری دەرهێنا و ملی هەڵکێشا.

کە هەژدیها هەڵستایە سەر کلکی، تەژەیەکی زەبەلاح بوو، رووەو خۆرهەڵات و خۆرئاوا، راست و چەپ دەهەژایەوە. سەری سووڕاند، چاوە گەورە و تریسکەدارەکانی گێڕا. زمانە دووفلیقەکەی دەرکرد و فیشکاندی. نەرم نەرم دانەوییەوە. بەرەو درزی شاخێك، وەك رووبارێکی جنجری پێچاوپێچ، بە پێچ پێچی دامەنی شاخی ناخیدا هەلژنا. هێشتا کاکەبرا چاوی لە هەژدیهای فەراژی بەر نەببوو، کە دووپشکێکی نە ڕەش و نە زەرد و نە شینی بریسکەدار، هێندەی کیسەڵێکی گەورە، دوو مقاشی قرژاڵانی دەجووڵاند، کلکی کلافەکراوی لە ئاستی ناوەڕاستی پشتیدا رەپ راگرتبوو. ژەهرێکی سپی و خەست لە سەری چزووە پۆڵاینەکەی دەتکایەوە. لە بوخچەکە دەرچوو، خێرا خێرا بە هەشت پەلان رووە و نێوان هەردوو لنگی چوو. بێئاگا لە خۆی، راستبۆوە و بەسەر دووپشکەکەدا بازیدا. پێیەکی کەوتە سەر گابەردێکی لە

زەوی ختم بووی، دووەمیشی کەوتە سەر سەری شەوگەردێك و کلکی دووقەدەرەیەکی[٣٠٠] زەرد و شینی ڕەشباو. وەك شەوگەڕێك لە هیکڕا پێی کەوتبێتە سەر پەنگری گەش و ناو ژیلەمۆی مۆنەوە، زۆر بە هەشتاوی پێیەکەی هەڵگرتەوە، بەرەو ڕۆژهەڵاتی بوخچە شا شەقاوی هەڵێنا. پێی سەر گابەردی چوززەی لێ هەلستا. قرچەی سووتان و دووکەڵ و بۆن چەقەوێڕەی پێی و پێڵاوە لاستیکەکەی تێکەڵاو بوون. ترساوی چاوزەق و ئومێد کز، هەردوو پێی جووتکردن و حووحانێ، بەرەو بەرزایی پشت بوخچەکە خۆی هەڵدا. کە کەوتەوە، خۆی بۆ نەگیرایەوە، ڕووە و ڕووی بوخچە سووڕا و ڕاهات[٣٠١]، خەریك بوو بە دەمدا بکەوێت. بۆ ئەوەی دەمولەوس و لووت و تەوێڵی لە چزووی دووپشك و لە سووی تیژی بەردی بەر دەرگەی ڤیللە نەچەقێ، خێرا هەردوو دەستی دایە بەرخۆی. لە ژێر دەستی ڕاستیدا، هێلکەیەکی خوێن تێکەوتووی خەرتەلێك پلیقایەوە. لەپی چەپیشی کەوتە سەر لاشەی کارمامزێکی پلێشایەوە، تۆوی ڕەشی کاڵەکە مارانەیەکی زەردی هیشك پەڕییە دەمی وشکیەوە. دڕکی زیپەك نیوەی پانتۆڵەکەی دڕی. ڕوانیەوە پێشەی خۆی: بێچووە کەروێشکی ڕەشقەشی خەپانە، کارمامزی سڵ، کودەڵە بزنمژك، گوجیلە گورگ، بێچووە سیخوڕ، جووجەڵە خەرتەل بە دوای دایك و باوکیان تەڕادانێیان بوو.کاکەبرا هەڵستایەوە سەرپێ. بە لۆژەلۆژ تێك سوڕا و گەڕایەوە سەر بوخچەکەی و بە ترسەوە چمکێکی لادا.

باسك و دەست و پەنجەی منداڵێکی خرپنەی پێستە سپی چەقییە چاویەوە، خوێنی لێ دەچۆڕایەوە. پۆل پۆل ژەنگە سوورە و زەردەواڵە لە لاڕا دەهاتن، بەسەر تەرمەکە دەنیشتنەوە. خوێنی ئاڵیان دەمژی و بەقەپی ڕکن گۆشتە ناسکەکەشیان دەبڕی و بەرە و نادیاری دەگەڕانەوە. گۆی کورتی مەمکێکی سفتی نەمژراوی بینی، ژەکی فرچکی نۆبەرەی لێ دەتکایەوە. مێرووی ورد و درشت، زەردەزیرە و شیلەپانە و مێشەگەلە[٣٠٢] و ورچ و زیندەوەری دیکەش هەنگوینی سپی شانەی هەنگیان لە کلۆرایی داران دەکێشایەوە. سێ کەزی سپی، سپی وەك کولییە بەفری کوێستانەکانیان، چوار سمێل ماشوبرنج لە نێو دەسرۆکی سووری ئاماڵ ڕەش بەبێ هێزییەوە

---

**٣٠٠- دووقەدەرە: چل پێ. زیندەوەرێکی خشۆکە لە مارەزیوئەستوورترە، ترسناکە.**

**٣٠١- ڕاهات: بەلاداهات. لاربۆوە. هات بکەوێت.**

**٣٠٢- مێشەگەلە: میشی گەلە و گاڕان، کە دەیان ورووژێنیت، لە ترسی ئەو ڕادەکەن. مێشیان دێتێ.**

هەڵدەلەرزین و ورێنەی سەردەمی لاویەتیان دەکرد. دانیشت، ماوەیەك بەدیاریانەوە داما. بە سێ چوار تەکانان هەڵستایەوە سەرپێیان. چەند ساتێك لە دەسرۆك و هەگبەی گۆرین رامایەوە. بە حەپەساوییەوە:

"هی منن!؟. (سەری بادا) نا نا هینەکانی خۆمن! من گێژ و گەمژە بوویم، خەرەفاوم، نەمزانیوە یا بیرم چۆتەوە؟ خۆم ناناسمەوە؟ نازانم!. ئەرێ بار و بەری تەمەنم چی بووە؟ ویستی پڕ بە لچکێکی بوخچەکەی بکا و تا تێیدایە هەڕابکا: بە بنلێوەوە: تا زیندووبم ویست و بیرەوەرییەکانم جێ ناهێڵم.".

بەبەر چاوییەوە مار و دووپشك و شەوگەرد و مارەزیو، کرمی کوڵکن و داپیرۆچکە لە زەوی هەڵدەقوڵان، خەریك بوو باخچەی ڤیللە و زەویە بەرز و نزمەکەی دەوروبەری و برِی چاوی داپۆشن. قرژاڵی زەبەلاح و رەقیاو، بێچووە ژووژك و شەمشەمەکوێرە، پەرەسێلکە و کۆترە باریکە لە ئاسمانەوە دەبارین و دادەرژانە سەر زەوی، دەکەوتنە سەر سەری و دەچوونە نێو دەروونی کەیلییەوە. بە خێراییەکی کەس نەدیوەوە، پڕی بە لچکێکی بوخچەکەدا کرد، زۆر بە پەلە، بە چوار جاران، هەرجارەی سێباز سێباز بوخچەی رفاند. سەرەوخوار لێژبۆوە. بەرەو گۆڕستانی مردوانی یادەوەر زیندوو دابەزی. چاوی بەناو کێلە بچووکە بێ کەسەکاندا دەگێڕا: "لێرەش مردووی رووتورەجاڵ، خەڵاتی سپی و زەرد و سەوز و ئاڵ، رێم لێ دەگرن.!". بە سرکییەوە روانییەوە بوخچەی یادەوەرییەکانی. بوخچە و زیندەوەرە سەیرەکان لە سەر زەوی مۆنجەیان دەهات، لە گشت لاوە بە شەپۆڵ و بە سێلاو رووەو ئەو دەهاتن. چاوی کێل کردنەوە، گوێزی کرمن و هەناری قەڵشیوی دەنك سووری تاری، بەهێی ئاماڵ زەردی کاڵ... سیچکە و گروان، قەپووچکی سەر بەرووی گەورە گەورەی بیژۆك[٣٠٣] لە باخی ڤیللەکەدا خلۆر دەبوونەوە. کەللەسەری بێ گۆشت و پەلە هێسکی راست و چەپی رۆژگاری چەوتی ئەبەنووسیی لە شوێنی خۆیاندا هەڵدەلەرزن... تەکان دەدەن. دوو نیوە سروود، دوو ئاوازی لە رکدا خنکاو، چەندین چوارینی باڵ سووتاو، لنگ و دەلنگی شەرواڵی دادڕاو، سەپکە جۆیەك، هێلکەیەکی گەورەی پیسی شکاو، سیرە و جیرە و جووکە جووکیان بوو!. پشیلەیەکی سەرتاپا رەشی ملەوەز، بە

٣٠٣- بیژۆك: رەق و نەخۆش و بێکەڵك. بەرووی بیژۆك، بەرووی کرمن. نۆکی بیژۆك...

هەشتاوی سەرکەوتە سەر دار هەڵووژە گەڵاسوورەکەی بەرامبەری، خشپەیەکی لێوەهات، کە دابەزییەوە کوکوختییەکی زیندووی بە دەمەوەبوو، چاوی لە پەناگەیەکی هێمن دەگێڕا تا بە کاوەخۆ نێچیرەکەی تێدا بخوا.

جەنگیز، بیستبووی مەلا دەڵێن: ((دوو فریشتە لە سەر شانی راست و لای چەپی هەر کەسێکدا هەن، رۆژانە کارە باشە و بەدەکانی تۆماردەکەن، لە کۆتایی تەمەنیدا دەیدەنە دەستیەوە))، بەڵام هەرگیز نەبیستراوە دەرهێنەری سینەمایی بە هونەری وێنەگرتن، لە پەناوە خۆت و کردارەکانت سەراوژێر بگرێت و بە ویستی خۆی رەنجت ببڕێ، لە فیلمێکی تراژیدی و بەڵگە چەسپێن ببیندرێت. کەی بووە؟! لە تەمەنی گوڵیەتیدا رەیحانەی هیوا بڕوێنی و لە پاییزەکەیدا دڕك و داڵی رەشی نائومێدی هەڵگریتەوە.

جەنگیز وەك بانگدانی مەلا رووە و رووگە بە دەنگی بەرز بانگی دەکرد: "خودای ئاگادار و بەخشندە! کەسی بێ کەسان، پەنادەری بێ پەنایان فریام کەوە! خۆت ئاگات لە خشە و هەناسەی مار و مێروو هەیە، هونەری کامێرا و نەوەی کۆمپیوتەری دڕدین دزێویان دەرهێنام. یاری بێ یاران! زیندووم؟ مردووم؟ خەون دەبینم؟". دوو شەپازللەی لە تەوێڵ و لووتی خۆیدا. گوێی خۆی بە توندی راکێشا و بە ڕکەوە بایدا! لاسمێلێکی هێندە بە توندی کێشا، لا لغاوەی لەگەڵدا هەڵبزڕکا، لووتی داڕسا. فرمێسك و چڵم و خوێن ئاوێتە بوون و بە بەژنیدا هاتنە خوار. لە هۆڕژنی گریانێیدا. ئەژنۆی کەوتە لەرزین، سەر و دەستی وەشاند. بە چاوی پڕ رۆندکەوە رووی کردە ئاسمان "خودایە! ئەمجارەش دەرگایەکم لێ بکەوە!. لە هەردوو دنیادا بەشەکەی من تەنیا و تەنیا، هەر سووتان و سووتاندنەوە، سەختمەرگی تەنیایی بوو. (پتر و پتر دەکووکێتەوە. بە هەردوو دەست لە رانی خۆی دەدا. جوێن دەداتە مردووەکانی گۆڕستانە خەیاڵییەکەی تەکی، دەپرسێت): بۆ بە ئامۆژگاری و رێنوێنی رەوشت بەرزی؟ بۆ بۆ خۆبەخشین، لە پێناوی... ئێمەتان پەروەردە نەکرد؟ بۆ ئێوە بەزین و ئێمەشتان بە دۆڕاندن دا؟.". جەنگیز شێتانە چاو دەگێڕێت، روودەکاتەوە ئاسمان، دەبینێ، پەڵە هەوری رەش و سپی شەڕە شمشێریانە، بروسکەی شمشێر وەشاندن گۆی زەوی کەڕ و چاوی تیژ نابینا دەکات، ها ئێستا نا ئێستا قەڵای مەبەست دەگرن. بایەکی تووڕە وەك تارمایی سەرە شوانێك دەنگ لە مێگەلی هەورەکان دەکات بەرەو ئاسۆیان داژوات. سەری دادەگرێ. بە زمانی، خوێنی لالێوی

دەلێسیێتەوە. لە دامەنی ئاسۆوە دەڕوانێتـە باڵابـەژنی خـوێنی. نـەوەی نـەکارا و نەکـەری روو پۆستاڵی زمان کـیرە سـەگ. روودەکاتـەوە هەورەکـە، تـا دەنگـی هەیـە: دەی هـەوری رەش! بەرچاوڕەشی و کوچکەبەرد و گۆزە و گورز و تەورزین و ژووژك و دووپشك و ماران ببارێنـە!... چاوەڕێی چیت؟. (دەڕوانێتـەوە ئاسـۆی لێـڵ، بـە پاڕانـەوە) "مـەزنی مـەزنان! کەسـنەبەزێن! گیانکێش! فریام کەوە!. نامەوێت بە زیندوویی لە غەریبی ببمە گەپی گاڕانی گـەپچاڕان. مـن لێرە گاڵتەجاڕی نەرمۆڵ و نەرمێن پەرستانم! مردن خۆشترە لەوەی لە کۆتـایی تەمەنـدا، بـەبێ دەسەڵاتی بکەویتە بەر سیخورمە و تیر و تانەی ژەهراوی حەز و ناحـەزان، بەدیاریشـتەوە قاقـا پێبکەنن... (روانییەوە گۆڕستانە خەیاڵییەکەی تەکی) جیاوازی نێوان دانیشـتوانی گۆڕسـتان و دێنشین و شارستانییان: راستنەبوونەوە و کڕبوونە، راپەڕمون[٣٠٤] و راپەڕین و رابوونە. (هـەردوو لەپی دەستی و چاوەکانی بە ئاسمانەوە گیرسابوونەوە): ئەی خودا! نووسکە نووسك و پاڕانەوەکەم ببیستە، بە گەورەیی خۆت دەربازم بکە".




٣٠٤- راپەڕمون: شایستەی. لێهاتووی. شایانی. جێگەی متمانەی.

## ٢٠- ناخۆرەی سینەمێ

چەکدارێکی (ناخۆرە نۆ باوك)ی بە چاوی سووریەوە دەڵێتە (**خودادای**)ی نامە هێن: "ئەتۆیەکی بەرتراشی[٣٠٥] بێبار، پارسەنگێکی سووکی نادیار، چۆن خۆت دەکەیتە هاوتای باوکی شەهیدی ئەوێکی هەبووە و گەڕیدە، زۆردیتە و کار ڕاپەڕێن و پنەکار. میر ناخۆرە بڕیەکارێکی سەنگین و سەرناسێکی ناسراوە، کارزان و کەلێنگرێکی بە بڕیارە، راوێژکارێکی ناوداری دەربارە. بۆرەپیاو! وادەزانم دەم لەم قسە بێسەر و کنگانە نەکوتی باشترە. ئەتۆ کە مار و مارمیلکە لەیەکدی ناکەیتەوە. چیت بەسەر کاری خەڵکەوە هەیە؟ خەڵکیش کێ؟ میر ناخۆرە!. خۆڕاوبۆڕا، هەر لە خۆتەوە خۆت لەشت هەڵدەقووتێنی!. ئەگەر گەرفرۆش نیت و هارنەبوویت و مەرگ بانگت ناکات! بۆ خۆت دەخەیتە ناو گێژەن و گەرداوەوە؟ بۆچی بەرد دەگریتە سەری خەڵك؟. کەم هۆشی لاسار! ئەگەر دێو لێت بەئاگابێت، چۆن چۆنی لەگەڵی دەردەبەیت!؟ چۆن چۆنی خۆت لە چنگی رزگار دەکەیت؟ شڕ و وڕی ملهوڕی بۆن دڕن! تۆ چۆن تاکو ئێستا تووشی پیاوی خۆت نەهاتووی و نەفەوتاوی؟ هەستە! هەستە و بە ماتی بکشێوە، منیش لەراهی خودا، کەڕولاڵیکم هیچم نەدیوە و گوێشم لە هیچ نەبووە.".

... ... ...

ئێوارە بە درەنگەوە ناخۆرە نۆ باوك لەگەڵ قژ درێژێکی بێ سمێڵی باریکەڵە گەڕایەوە نووسینگەکەی. دوو بە دوو لە ژوورەکەی ئەو دیو دانیشتن. ناخۆرە پەڕە داندراوەکانی سەر مێزەکەی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد. بە زەنگ بانگی بەردەستەکەی کرد. گوتی: لەم ماوەیەدا چ کاری گرنگ و بە پەلەمان بۆ نەهاتووە؟.

بەردەست سەیری باریکەڵەکەی کرد، بینی برۆ و رووی خۆی هەڵگرتووە، چوار ئەلقەی زیوینی لەگوێ و دوانی لە لووت و یەکێکی لە لێوی دایە، گەردن و هەردوو باسکیشی تاتۆیە[٣٠٦]. وێنەیەکی بە دەستەوە بوو، دەیڕوانییێ و سمێڵەخرتکەی دەهاتێ.

ناخۆرەی نۆباوك: "ئەوەی لە دڵتە بیڵێ! ئەو گەمژەیە لە زمانی ئێمە ناگات.".

---

٣٠٥- بەرتراش: کەلاکوژ، بێکار و بێدەسەلات. کەسانی بەرسێبەر و پەنا دیوار.

٣٠٦- تـــــاتۆ: نەخشی پێست و کـوتانی ئەوروپیان کە لە پێستیاندا دەیکەن.

بەردەست بە ڕێزەوە: دەستی بۆ پەڕەکان برد، "ئەمانــە هــاتوون. خــاتوونیش، بــەر لــەوەی بڕواتەوە گوتی: بە درێژایی ئەمڕۆ، تەلەفۆنێکی بەرلەمان و یەکێکی ئەنجوومەنی وەزیــرانم وەڵام داوەتەوە. گوتیشی کە گەورەمان لێرە نەبێ، شوێن کارەکەمان دەبێتە ئاشی ئــاو لێــبڕاو. کــات دەوەستێ و ناڕوات. ژوورەکان دەبنە بەندیخانە و خەمۆکی و بێزاری دەمت تێدەنێن!".

ناخۆرە بە بزەوە: "ئەگەر شتێکی گرنگ نییە، ئەتۆش دوو قـــاوەی ئیتالیمــان بــۆ بێنــە و بڕۆوە! با پاسەوانەکـــان هەشیاربن، تــا دەڕۆینــەوە یــەکێکیان لــە تــەك جۆلانــەی باخچــەکەی ژوورەوە و یەکێکیش لە دەرەوە سایەدی دەوروبەر بن!".

بەردەســت بە شەرمنی و دڵسۆزی نـــواندنەوە: "شتێکی بچکـــۆڵە هەیــە نـــازانم ئێســتا بیلێم یا دواتر؟". ناخۆرە: "خێرا، بە کورتی بیلێ بزانم!."

بەردەست بە سەرسامی نواندنــەوە: بــەر لــە نیــوەڕۆی ئــەمڕۆ شــڕەیەکی چاوســوور هاتــە ژوورەوە، دەیگــوت نـــاوم ((خـــودادای))ە، نـــاوی دادە سینەمیشــی دەهێنــا، پــێ دەچــوو برسیەتی چــاوی نابینا کردبێت، هەندێك قسەی هەڵەق و مەڵــەقی شــێتانەی دەکــرد، کــەلکی گێڕانەوەیان نییە.".

ناخۆرە بە ددان بە چیڕەبردنەوە: "کێ دەرفەتی هاتنە ژوورەوەی دابوو؟ ئەدی پاســەوانەکانم نانی چی دەخۆن؟ ئەگەر شڕێك نەگێڕنەوە، بەیانی دڕێکیش دێتە سەرمان و تالان و ماڵکاولمــان دەکات و دەستمان لە گوونیان دەبێت؟. هەزار جار گوتوومە بە ئاگاداری خۆم، یــا خاتوونەکــەم نەبێت، نەك نەهێڵن کەس پێ لە دەرگای دەرەوە ئاودیوی ژوورەوە بکات، بەڵکو نابێت لەسەری شەقامەکەش بووەستن. ئەم هەموو رووت و برســییە ســکدڕاوانەی بــە گەواڵــە بــاریون، لەگــەڵ تۆزوبادا هاتوون، لەدرز و دۆڵی زەویدا هەڵقوڵاون... بە ئێمە تێر دەکرێن؟ بــە خوڕینــەوە خــۆم دەزانم چۆنیان ...!".

بەردەست بە شــێوازی پاڕانــەوە: "گــەورەم! منــیش بــانگم کــردن، گوتیــان کــابرای رووتــە دەیگوت: لە لای باوکی بەڕێزتانەوە هــاتووە و نامەیــەکی ئەویشــی بەدەســتەوە بــوو، نەیدایــە دەستمان. دەشی گوت هاوڕێی گیانی بــەگیانی جەنابتانــە. نــاوی داکتیشــی دەهێنــا. گوتیــان دەمانزانی گەورەمان لێرە نییە، بۆ تەمبێ کردنی، گەمەمان بە گاڵتەکەی ئــەو کــرد، هــەر بــۆ گەپ و خەمڕەوێنی، بۆ بەزمگێڕی و تــەمبێ کــردن، بــەرمان بــەردا، دواتــریش وایــان لێکــرد

ئەورێگەی پێیدا هاتووە نەیناسێتەوە، بە پڕەپڕ بۆی دەرچوو، بە هەزار عەلا و وەلا سەری خـۆی دەرباز کرد.".

ناخۆرە بە گاڵتەیەکی ساردەوە: "ئەم نەگبەتە لەلای باوکمەوە! لە دۆزەخ یا لـە بەهەشـتەوە هاتبۆوە؟ سەیرە منێك بە هەموو توانامەوە نەتوانم گۆڕی باوکی شەهیدم بدۆزمەوە، کەچی ئەم نەبووە و تێرنەخۆرانە، نامەی باوکمم بۆ دێنن!".

بەردەست بە ناورانەوەوە: "گەورەم سوێندیان خوارد دووبارەی ناکەنـەوە. دەسـتی منیـان ماچکرد و داوایانکرد تۆ لێمی نەزانیت. منیش نەمتوانی، بـەڵام تـۆ و سـەری خـۆت! ئەگـەر واهەست بکەن شتەکەم لای جەنابتان درکاندووە. خودا پارێزەرتان بێت".

کابرای بیانی بە بێباکی وێنەکەی خستە سەر مێز و بەزمانێکی عـارەبی تێکشـکاوی بـۆن ئەوروپایی، گوتی: "بە وردی سەرنجی ئەم وێنەیە بدە!".

ناخۆرە ماوەیەك لە وێنەکە راما. بیانیەکەش سەیری گۆڕانی رووخسـاری دەکـرد. جارجـارە دەیگوت "ها؟... ها...؟" دوای خۆ خەریکردن و بیرگێڕان. (وێنەی شەش کەس، سـێ پیـاو و سێ ئافرەتی تەمەن و بەژن و رەنـگ و رووخسـار لەیەکـدی دوور!، لەبـەر دەرگـەی یانەیـەکی شەوانەدا لە ناو بەفر و بەستەڵەکدا گیرابوو). ناخۆرە لە راستەوە بۆ چەپ بە وێنـەکان داهـات: "ئەمەیان ژنێکی چینییە. ئەمەیان تۆیت، بەڵام لێردا منـداڵکارتر و چاوگەشـتریت. ئەمـەیان ئـافرەتێکی کرواتییـە، ئـەوەیان کـوڕێکی ئەفەریقاییـە، ئەمـەیان کچـێکی ئەوروپاییـە. (هەڵوەستەیەکی لەسەر دوا وێنـە کـرد. رەنگێکـی هێنـا و رەنگێکـی بـرد) ئـەم گرگنەیـەش تایلاندی یا ئەندەنووسییە.".

بیانییەکە: "چاو خۆش، هەموویانت ناسینەوە دوایین وێنەی چەپ نەبێ. پتر لێی وردبـەوە! منیش مەبەستم ئەوە.".

ناخۆرە بە ساردییەوە: "ناینانسم". پەیتا پەیتا کەوتە نێوان هەڵچوون و داڕوخانەوە.

کابرای بیانی: "بڕوا ناکەیت؟ یا...؟.".

ناخۆرە بە رقێکی مۆنەوە سەیری بیانییەکەی کرد. بە دەنگێکی نائاسایی و گـڕەوە "پێـت دەڵێم ناینانسـم! هێنـدە دەزانم کـە تـورك و فـارس بلـووچ و کـورد و عـەرەب و ئـەوروپایی و ئەفەریقایی نییە.".

بیانی بە سەرسامی و دوو پاتکردنەوەوە: "هەرگیز نەتدیوە؟ لە تۆ ناچێت؟ وێنەیەکی باوکی خۆتت نەدیوە؟".

ناخۆرە زمانی گەپ و قورگی بووە دەندەرۆشکی[٣٠٧] برژاو و سەری دنیای لێ وێکهات. چاوی رەشکەوپێشکەی کرد. خەریك بوو دڵی بوەستێت، بە گرانی هەناسەی دەدا. دوای ماوەیەك چاو لە مۆلەقی، گوڕی هێنایەوە بەرەخۆی، بە زمانی لووریبەوە[٣٠٨]: "من نایناسم، ئەگەر تۆش دەیناسیت ئەوە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە."

بیانی بە هێمنی: "بەڵام پەیوەندی بە تۆشەوە هەیە!. من لە رووخساری تۆدا ئەوەم خوێندەوە کە زۆر بۆی نیگەرانی، خوێنت بۆی دەجمێ و ناخت بۆی دەزرووکێنێت.".

ناخۆرە بە بێزارییەوە: "من خۆم نەخۆشم، فشاری خوێنم جێگیر نییە، پتر ماندووم مەکە، راست و رەوان پێم بڵێ چیت لێم دەوێ؟. تۆ پیاوی کار و بازرگانیت؟ یا ...؟".

بیانی بە خۆشییەوە: "ئەمە باوکتە، باوکی راستە قینەی خۆتە! نەك هاوڕێ و هاوسەرینی دایکت، کە لە وڵاتی خۆی پەڕاگەندەبووە لە (تۆرمسۆ)ی باکوری نەروێژدا گیرساوەتەوە. ماوەیەك بە یەکەوە کارمەندبووین، ئەو، شەش ساڵ بەر لە ئێستا ناوونیشانی تۆی داومەتێ. ئەو ئاگاداری کاروباری ئێوەیە. حەزدەکات بێتەوە لاتان، بەڵام... منیش سێ ساڵە لە (دوبەی)مە. ئێستا بە رێکەوت، بە کاری کۆمپانیایەکی سویسری هاتوومەتە ئێرە. بە دوای بەرژەوەندی کارگە و کاری بازرگانی خۆمدا دەگەڕێم. تۆش پیاوێکی پەیوەندیدار و لێزانیت، دەکرێت سوود گۆڕکێ بکەین.".

ناخۆرە بە نەرمە کەنینێکی دەستکردەوە: "کوڕی باش باوکی من شەهید بووە. دەزانیت شەهید چییە؟ باوکی من شەهیدی گۆڕگومە. هەر ئێستا بەردەستەکەشم گوتی ئەمڕۆ پیاوێکی خۆمانە، هەواڵ و نامەیەکی باوکتی هێنابوو، ئەوانیش زانیبوویان بۆ مەبەستی خۆی درۆکەی هەڵبەستووە، تێر تێر گاڵتەیان پێکردبوو، ئینجا بە دەریان نابوو. ئێوە نازانن کە وڵاتی ئێمە، وڵاتی درۆ و دەستشکێنی و دزی و گزی و چاوشارکێ و شارگڕدانە[٣٠٩]! هەبووەیەکی

---

٣٠٧- دەندەرۆشك: تۆی وشکی کەنگر، کەنگرۆك، سیسی. زۆر وشك.

٣٠٨- زمان لووربوون: واهەست دەکات زمانی پەندماوە و دەکرێتەوە.

٣٠٩- شارگڕدان: داگیرکردن، قورخکردن، بردنەوە و سەرکەوتن لە یاری چاوشارکێی منداڵاندا هەیە.

ناوداری باوك نەماوی گۆڕنادیار، ساڵانە نۆ باوك و هەژدە مام و شەست ئامۆزا و هەشتا پیرە پلك و پلتووری بۆ پەیدا دەبێت!. (وەبیری کەوتەوە، ئەو لەوپەڕی نەبوونی و لە تافی منداڵی و نەناسراویشدا، لە سایەی سینەمی دایکییەوە (نۆ باوك)یان پێی دەگوت.".

بیانی: "ئایا بۆناسینەوەی خزم و کەسان، لێرە پشکنین و شیکرنەوەی (**دی ئێن ئەی DNA-PCR**) بەکار نایەت؟. برادەر بە نۆڕینەکە، خزمی مردوو و زندوو، نزیك و دوور دەناسرێنەوە.".

ناخۆرە داما، راما... ئەو دەیزانی لە خۆی بێکەستر هەرخۆی بوو! بە منداڵی لە جەنگیزی باوکی، بیستبوو "چەند ماڵە خزمی هەن لە پردێ"، سینەمی دایکیشی فەرمووبووی" خزمەکانی باوکم هان لە دەوروبەری ورمێ". بەڵام تا ئەو هەڵنەکەوت و ناوی دەرنەکەوت، هەرگیز خزمێکی سەری هەڵنەدا و سەری لێ نەدا، دوور و نزیك نەیزانیوە، پیرە ژنێکیش لە پرسە و بووکان، لە رێگە و بانان، بەناوی خزمایەتی لەوانی پرسی بێت، ئەم بەر و پشتانەی ئەمرۆی خزمی سامان و دەسەڵاتەکەینە!...

ناخۆرەی نۆبەرە و تاقانەی دایکی و لە مێردی سێیەمی بوو. ئەوکاتەی دەهاتەوە یاد کە ئەو فەراژی بوو، ماڵیان لە حەسارێکی خڕ دابوو. ماوەیەك دایکی شەوانە، تاك تاك، وادەبوو جووت جووت میوانی پیاوی دەهات... جارجارەش ئەفسەری بە دەمانچەی لە ژوورەکەی باوکیدا دیوە. رۆژانە دایکی لەگەڵ ژنانی حەسار (هەر لەبەر چاوی ماوە: خڕەحەساری گەورە و دیوار بڵندەکە، کەوتبووە نێوان دوو کۆڵانان، یەکێکیان تەنگەبەر و ئەوەی دیکەی فراوان. لە رووی هەر کۆڵانێکیدا دوو دەرگە، یەکێکی ئاسایی و یەکێکی دوو دەری دەکرایەوە. بەڵام ژمارەی ژوور و ناندێن و سەرشۆرك و ئاودەست و داڵانەکانی لە بیر چۆتەوە؟ یا ئەوکاتیش هەر نەیزانیون؟) کاری فرتەنە و تێڵا وەشاندن و قژ راکێشان و مەیدان خوازی و پۆلیس هێنان بوو.

وردە وردە حەسار چۆل بوو، زۆری نەبرد بە تەنێ بۆ ئەوان مایەوە. ئیدی ژنی جۆراوجۆر و رازاوە دەهاتن، بە شەو، بە هەفتە، بە مانگ دەمانەوە، رۆژ و شەویش کاروان سەرابوو، پیاوێك دەڕۆیی، دوان دەهاتن. سێ دەردەچوون، چوار دەگەیشتن. وادەبوو پیاوی جوان و رێکپۆش و بۆنخۆش، شتی سەیر و سەمەرەیان بۆ دایکی و بۆ ئەو بە دیاری دەهێنا. زۆر جارانیش باوکی بە بەدمەستی، بە لاکەلاك، بە چاو رسکاوی دەگەڕایەوە، دەچۆوە ژوورەکەی خۆی، لەسەر چوارپایەکەیدا بە پێڵاوەوە رادەکشا. ماوەیەك بە هەردوو دەست هەردوو چاوی

خـۆی دەگـرت و بـەکول دەگریـا، وادەبـوو هـەر لەخۆیـەوە لـە ناکـاودا بـە شـل و خاوییـەوە هەڵدەستایەوە، بە کولی دەگریا، یا قاقا دەکەنی تاکو دەکەوتە سەرپشـت. رۆژێـك و شـەوێك، دوو شەو و رۆژێك مردوانی، بیّ ئاگا دەخەوت. کە هەڵدەستا... دەچووە ئاودەست، بێی دەست و روو شۆرین، بە چـاوی پەنـدماوی و ریقـن و سـوورییەوە دەچـووە چێشـتخانەکەی بەرامبـەر مزگەوتی سەری کۆڵانەکەیان. تا مردەبوو دەیخوارد. لە کۆتایی مانگدا پارەی خـواردنی ئـەو و کرێی تەواوی حەسار و میوە و شتی دیکەی ماڵەوەیان بە نووسین و بە لێکدانەوە، لە سـینەمی دایکی وەردەگرت. گەلێك جاریش برێکی لیّ دەبرین. کـە ئـەو هەراشـتربوو و کەوتـە کـۆڵان و چووە بەر خوێندن، مندڵان بە بزەوە، بزیان پێوە دەکرد. گەلیّ کەرەت لە گەرەك و لە گۆڕەپـانی قوتابخانەشدا بە ((ناخۆرە نۆ باوك، کوڕی نۆهەد و نۆ باوك))ی بانگیان دەکرد، بەڵام لـە پۆلـدا مامۆستاکان، بە ((ناخۆرە ئازا)) ناویان دەبرد.

لە ئـارامی و گوێگریدا، لە ژیـری و بیرتیژی و رەوانبێژیـدا، لـە ئـازایی و زیرەکـی، لـە بلیمەتی و بەهرەداری ئەو مندالّە سەرسام ببوون. هەریەکەو سـەد خۆزگـەی دەخـوازی بـە دوو مندالّی ئەو، نیوەی ناخۆرەیان تێدابوایە. نۆهەد و نۆ باوك بە ئارامی و کەم بایەخییەوە لە نـاو و ناوونیشانی وێنەی ئەو پووتەیەی خۆی کردۆتە باوکی، لە بیانییەکەی پرسی.

بیانی: "هێندە دەزانم پێنج ساڵە لە کار لادراوە و سیّ ساڵیش پترە لەشارەکە نـەماوە. لـە رێگەی هاتنەوەیدا تووشی گرفتێك بووە و فەوتاوە؟ نەگەڕاوەتـەوە و هـەر لـە ئـەورووپا مـاوە؟ چوەتە ئەمەریکا؟ ئەوانە نـازانم!. بەڵام دەمـزانی بێزەوق و کەم هێزە، لە زمانیشدا ماڵوێرانـە، زۆر هەستی بە پەڕاگەندەیی دەکرد و گەلێك حەزی لە هاتنەوە بـوو.".

لەم رۆژەوە مقۆمقۆی پەیدابوونـەوەی بـاوکی نـاخۆرە نـۆ بـاوکی، کەوتـە سـەر زمـانی رەشوڕووتانەوە، بەڵام هەرگیز لە رووبـەڕووی کـوڕە و لـە کـۆڕی گـەورە پیـاوان و بەرپرسـاندا نەدەگوترا. هەمیشەش سوێندە گەورەکەی ناخۆرە نۆباوکی هەر: "بـەگۆڕی شـەهید جـەنگیزی جیهادکـاری بـاوکم بـوو.". بیسـتبوویەوە سـوێندەکەی بووەتـە "بـە گـەوری جـانگحیزی جینایەتکاری نە تۆپیو.".

نووسینگەکانی ناخۆرەی لە بواری بازرگـانی گشـتی بـۆ هـاوردنی (خواردەمـەنی، تـووتن، کەرستەی بیناسازی، کارەبا، ئاو راکێشان و جلوبەرگ، ئامێر و کەلوپەلی ناومـاڵ، کەرسـتە و

پێداویستی چاپەمەنی، دەرمانی نەخۆشییەکان، پێداویستییەکانی کشتوکاڵ، ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، زێڕ و خشڵ، ئۆتۆمبێلی گەورە و بچووکی جۆراوجۆردا تاك و بێ نموونە بوون. (بە نەهێنیش) تێپەڕنامەی ساختەو مرۆ ڕفاندن دەربازکردنی کەسان لە نێوان وڵاتان و کێشوەراندا و بازرگانی تریاك و دانسقە دێرینەکان و چەکی ترسناکی دەکرد).

نوسینگەکانی بەڵێندەرایەتی گشتی بۆ ئەنجامدانی (پرۆژە زەبەلاح و گچکەکانی بیناسازی، بڕین و قیرتاوکردنی ڕێگاوبان، دروستکردنی بەنداو، ئاودێری، دامەزراندنی وێستگەی بەرهەمهێنەری کارەبا، گەیاندن و پەیوەندی کردن، گەشتوگوزاری، گەڕان بە دوای سامانە سروشتییەکان و دەرهێنانیان، گواستنەوە و دابەشکردنی بەروبوومە نەوتییەکان، کارڕاپەڕاندن لە وەزارەت و فەرمانگە گشتییەکان. مانگا و پەلەوەر بەخێوکردن و دامەزراندنی ڕەز و کێڵگە و نەخۆشخانە و زانکۆی تایبەتی و...) بە نەهێنی و بەئاشکرا لە ناوەوە و لە دەرەوەی هەرێمدا، بەناوی جۆراوجۆر پەرش و بڵاوبوون. ئەوەی بە خۆی و دار و دەستەکەی دەیانکرد، کاری بەڕێوەبردنی وڵاتێك بوو، دەسکەوتەکەشی لە داهاتی دەوڵەتێکی ئاسایی کەمتر نەبوو. زۆجار بە ناڕەوا دەیانگوتێ ((دەوڵەتەکەی ناو دەوڵەت- دەست و سێبەری سێ دەوڵەتان)). ئەم دەست و سامان و ناوە، وایکردبوو گەورەکان سەری بۆ دانوێنن و بە چاوان کاری ڕاپەڕێنن، هەر هەند ئەو لایەکیان لێ بکاتەوە.

ناخۆرە بە دیار کۆمەڵێك چارەڕەش وەستاوە و هەڕەشەیان لێدەکات: "مرازم بوو لەم تەنگانە و لەو دڵتەنگیەتاندا دەربازتان بکەم، بەڵام... (بەڵامێکی ڕەنگ تەڵخ، تەقڵەیەکی کتوپڕی بە گوتەکەی پێشتری لێدا، سەراوبنی کرد و ڕەنگ و رووی لەبەردا بڕی.) بەڵام سەد جار ماڵی خودا ئاوابێت، کە زوو پێچەی لەسەرتان لادا، نیازتان، سکڕەشی و بەد ئەمەکیتان دەرکەوت. بۆ گلاوی ئاشکراو بەد هەڵوێستی روون، لاتان بەردام. بە زار تەنگەتان گرتم و بەکرداریش: چەندین تەژەتان بە کەژی ناوسك و تەنگبەستی هێستران تەنگەتان دام [310]. دوژمنانە، تا توانیتان کێشاتان، بێ بەزەییانە تەنگەتاو و هەناسە تەنگتان کردم. بە حەزەوە بە

---

٣١٠- تەنگبەست: تەنگە، بنسك، کەژی و گوریسێکە کە کورتانی پێ لە پشت و تەنگەی وڵاخ دەبەستن. تەنگەتان دام: وەك هێستران کورتانتان کردم و تەنگبەندەکەتان کێشا و توندتان کرد.((هەرچەندە من دەیکەمە تەنگە ئەو هەر خۆی دەکاتەوە پاروو.)) فۆلکلۆر. پاروو: ژێرکلکە، پەتی ژێر کلك.

دیار لنگە فرتێمەوە وەستان. واتان دەزانی ڕۆژ ئاوابییێت، جارێکی دیکە هەڵنایەتەوە؟ دەڵێن: ((ڕووبدەیتە رووتە و ناپیاوان، ناپیاوت دەکەن. لێت دەمرقێنن و هەڵتدێنیّ!)). هەرگیز نەمدەزانی و لەم بڕوایەشدا نەبووم کە ڕێبەرەکانتان...، دایکتان... هێندە تەشیرێس و داوباز و بەڵەکپێچ و کڵاو چن و تەونکار و دۆخێن و کەژی هۆنەوە (بە هەڕەشەوگوڕەشەی جەرگبڕەوە) ئەمجارەیان هەرخۆم دەزانم چۆن مەلۆتکە پێچانیی دەتان پێچمەوە و بە چ دەسرازەیەك دەتان بەستمەوە و لەکوێوە پێچەکتان[٣١١] دەدەدەم؟ مەترسن! ئێوە نیازتان لەگەڵ مندا چۆن بوو؟ منیش هەر هێندە، یا بڕێك پتر لەگەڵتان بێدڵ دەبم، بەڵام بێدڵێکی دەستدار! نەك کەر و کاریلەی وەك ئێوەی کۆلەوار."

.........

ناخۆرە دوو کەللە زلی سەرتراشراوی باسك و باڵۆڵە ئەستووری (خەلۆ و جەلۆ)، بە تایبەتی بۆ ڕۆژی تەنگانە و تەمبیّ کردنی نەیارانی سەرسەختی ڕاگرتبوو. کە بیویستایە یەکێك ئارد خواردی بکات، ئەوا هەرگیز نەیدەهێشت هەست بە دڵگرانیشی بکات، تا ئەو کاتەی کوبرا پێیوەدەدا... جارێك نەویستێکی بە لێندەرایەتی پرۆژەیەکی پڕ خێری لە دەست ڕفاندبوو، ئەویش پیاوەکانی بۆ ڕفاندنی ڕادەسپارد: "جلی شڕ بکەنە بەرتان، لە شوێنێکی چاڵ، گەوە، شوێنی گرانکردن گونجاو بۆ تەڵەنانەوە. لە پەنایەکدا ئۆتۆمبێلەکە ڕابگرن، خۆتان لەسەر ڕێگەی پڕۆژەکەیەوە بە خاشاك ماڵینەوە خەریك بکەن. کە ئەو چەند جارێك ئێوەی بینی، ئێوەش زانیتان لە چ کاتێك دەچێتە سەر کار و کەی دەگەڕێتەوە. کێی لەگەڵدایە. ئەو ڕۆژەی بە تەنیایە لە گەڕانەوەدا، خەلۆ تۆ لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕابکشیّ و لنگت بکوتە، جەلۆ تۆش پێشی بگرە و ناچاری بکە بوەستیّ، هەر گرانی کرد و نەیکرد، ببێنیّ لوولەی دەمانچەکەت خراوەتە ناو کونی گوێیەوە، بە ئۆتومبێلەوە لە شەقام دووری دەخەنەوە. ڕایدەگرن، دەست و پێی دەبەستن، دەیخەنە چاوەی دواوە.

جەلۆ تۆ ئۆتۆمبێلەکەی ئەو باژۆ، بەڵام خەلۆ زووتر بە خێرایی پڵنگ، تابلۆی نمرەی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی لیّ بکاتەوە، بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆمانیش بکەوێتە دواتان و لە شوێنی گونجاودا ڕایدەگرن و دەیخەنە ناو سندوقی ئۆتومبێلەکەتانەوە، هەرسیّ تابلۆکانی نمرەکان کە ماون، لیّ

---

٣١١ - پێچەکدان: بادان. توندکردن، کشتکردن. پتر بۆ شەتەکدانی بار و توندکردنی بەستراوی گەورە بەکاردێت.

دەکەنەوە، ئۆتۆمبێلەکەی ئەو بەبێ نمرە بەجێ دێلن، ئەگەریش لە سەرەتاوە گرانی نەکرد، ئەوا خۆی کوشتنی خۆی بە دەستی ئێوە هەڵبژاردووە، ئینجا بە گوللە مێشکی دەپرژێنن یا بە نارنجۆك بە ئۆتۆمبێلەوە دەیسووتێنن، ئەوە خۆتان باشتری دەزانن. لە بیرتان نەچێت! تا بۆتان دەکرێ، ئیوە خاشاکمالی تامگێل و دڵپاك و سادە و ساکارن!. ئەمە زۆڵ و زۆڵزادەیەکە تاکی نییە! بە گێل و ناسیاوتان نەزانێت، هەست بە تەڵەکە دەکات و پێوەنابێت. کە پێوە بوو... رادەچڵەکێت و بەخۆدێتەوە. ئەوکاتەش کار لە کار ترازاوە. خۆی بە دەست و پێ و چاوی بەستراوەوە لەسەر لێواری خەرەند دەبینێتەوە. ئینجا دەزانی لینگەو ژوور پێوەبووە و تێی براوە. لووشکە و لووشە لووش دادی نادەن.

(زۆر بە خۆشییەوە) گەر دەتانزانی چەند لەمێژە مگێزمە ئەم چرکە ساتەی ئەم چرگە ببێنم. کە چاوی بکەینەوە، قاقا پێکەنینی من ببینێ. دە خولەکێك بێدەنگ تێکرابمێنین. بێدەستی و ترس و شەرمەزاری پەشیمانی، پێڵوی چاوی گران بکەن. هەتا هەتایە نەتوانێ بەرامبەر من چاو بکاتەوە. لەو کاتەدا وەبیری دێنمەوە، نا نا منیش هەر وەکو ئەو بێپەروا، دەڵێم ئەوەیە ((هەزار و یەك فیکت بە نیوە فیکێکم)). بە درەنگەوە دەزانێت من کێم و ئەو کێیە!. ئای کە جانەوەرێکی نگریسە، وای چەند دڵکوێر و دەروون رەش و نیازبەد و باسکبڕ و کنگڤوچاو و چاوپیسە. بەم چرگییە و کەللە پووچییەی خۆیەوە خەریك بوو هەڵۆیەك بکوژێت، دەیویست کەللەوپاچەمان بفرۆشێت. کەرە کێوی بوو، دەنا دەبوو بزانێت بۆ تاکێك لەم هەموو خەڵکەی خودا لە رووی مندا ناوەستێتەوە. بارە کەودەری، هێلکەی سەرە وشترمل بە تۆ دەکرێت؟ کوڕم ئەمن بە مێرد منداڵی سێ ساڵ و نۆ مانگ و نۆ رۆژ لە دەزگای هەواڵگری بەغدای ئەوکاتەدا، وانەم بە ئەهریمەنە گەورەکان گوتووە. لەم تەمەنە پڕ ئەزموونەمدا، بەم هەموو تین و توانایەی ئەمرۆمەوە ناپەرمە کلکنێکی بێ ئاوەزی[٣١٢] وەك تۆ؟ چما بە پلکتەوە کووڕتان ناکەمەوە؟ چاوت سووربووە؟ مەرگ دەتگێڕی؟ نانی شوانی دەخۆیت!؟ دەبیخۆ بیخۆ.".

---

٣١٢- بێ ئاوەزێکی: بێ ئەقڵێکی.

## ٢١- رەفتار و بیرەوەری

ناخۆرە و برادەرێکی لە سەرەتادا دەستیان لەگەڵ دەزگـای سـیخوڕی تێکـەڵکرد، خـەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەریان بە گرتن دەدا، لەبری ئەوە مووچە و خەڵاتی چاکیان لە میرییەوە بۆ بڕابۆوە. کە شوێنی ناشتنی تەرمە لە سەردراوەکانیان بە خاوەنـەکانیان پیشـان دەدا، چـینە پارەیەکی دیکەشیان لە خزم و کەسەکانیان وەردەگرت. دواتـر پەیوەنـدی و دەسـەڵاتی گەشـەی کرد و کەوتە ناو پایەدارەکانەوە، خەڵکانێکی هەبووەی بێتاوانیان بەگرتن دەدا، هەر بەخۆشـیان بەرامبەر دەستکەوتێکی باش لە گرتووخانە دەریان دەهێنانەوە.

ناخۆرە چەند رەفتارێکی زۆر تایبەتمەندی هەبوو:

مرۆڤێکی چاپووك دەستگەرم، چاونەترس و دەستوەکەر، کارزان و پشوودرێژ بـوو. هەنـدەی بڵێی راست نەکار، ناڕاست ویست، گەنبێژبوو. بایەخێکی زۆری بە رێکپۆشی و کەسایەتی خۆی دەدا، لە لای ئەوەوە کەسایەتی بریتی بوو: لـە دەوڵەمەنـدی، جـل و رووخسـاری جـوان و خـۆ دەرخستن. ژوورێکی گـەورەی تایبـەتی لـە ماڵـەوە و یەکێکیشـی لـە نووسـینگەدا کردبـووە پەرتووکخانە. لە سەر داوا و گیرفانی خۆیەوە، کەسانی شارەزا بە کرێی، سـی دی و پـەرتووکی زۆر چاکی ئینگلیزی و فارسی و تورکی و کوردی و عەرەبیان بۆ دەکڕی، بە چەندین ناوی سـەیر ((پێشکەش بە د.ناخۆرە بەگیان)) لە سـەر بـەرگی نـاوەوە دەنووسـی، مۆرێکیشـیان بـەناوی ((ناخۆرە جەنگیز جیهادکار)) لێ دەدا، بەڵام هەرگیز پەرتووکێکی لێك نەدەکردەوە. لە هەردوو پەرتووکخانەشدا دوو بڕوانامەی ئەکادیمی رێزلێنان و شانازی بە نـاوی خۆیـەوە، یـەکێکیان لـە بواری ئابووریدا لە پۆڵۆنیا، دووەمیان لە بواری بەڕێوەبردنی کارە سەختەکاندا لە بولگارسـتان، بڕوانامەیەکی ژنە بچکۆڵەکەیشـی لـە بـواری کۆمەڵایەتیـدا، کـە لـە زانکۆیـەکی هەرێمـەوە دەرچووبوو، هەڵواسی بوون. دیوارەکانی رێگەی چـوونە ژوورەوە و هاتنـە دەرەوەی بـە چـەندین وێنەی خۆی لەگەڵ سەرۆك کۆمار و بەرپرسانی بـاڵای وڵاتـان و ئەوانـەی هـەرێم و... شـێخ و مەلای ناودار، باشبازرگانانی جیهـانی، سـەرۆك و سـکرتێری رێکخـراوی خۆمانـە و وڵاتـانی پێشەنگ و نێودەوڵەتییکانەوە رازاندبۆوە.

دوو نووسەری بە توانـای دەسـتەمۆ کردبـوو، بـە نـاوی ئـەوەوە گوتـار و بابـەتی هـزری و ئـــابووری و بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتیان لە گۆڤارە ناو دیارەکاندا، بڵاو دەکردەوە. لـە رادیـۆ و کەناڵە زەویی و ئاسمانییەکان و لە ئەنتەرنێت، لە رۆژنامەکاندا دەبیستران و دەبیندران، چەندین جاریش ناوی وەك پێشەنگ، دەخوێندرایەوە کە (( میر ناخۆرە هەندێك جـار بـو نـاودەرکردن و تـەفرەدان، بـاروبووی نەخۆشـی نـەدار و کەمئەنـدام و خێزانـی شـەهیدانی نـاوداری هـەرێمی کردووە.)). لە ناو لاگر و لاویستانیشیەوە وا بـاو بـوو کـە دەیـەوێت دەزگـایەکی خێرخـوازی جیهانی بکاتەوە.

هەندێك جار بەبێ هیچ هۆیەك لە دانیشـتەکانیاندا دەمـی خـۆی دەدرووی، بـۆ دەرمـانیش گوتەیەکی لە دەم دەرنەدەچوو، هەندێك جاریش وەها دەردەبۆوە بـواری کەسـی نـەدەدا دەمـی بکاتەوە. چەند گۆرانییەکی عارەبی و ئینگلیزی و فەڕەنگسـی بـە ئـاوازەوە ئەزبـەربوو، بـەڵام هەرگیز بە لای گۆرانی کوردیدا دانەدەچوو.

لە قومار و شەترەنجدا زانا و بەخت یار بوو، جارێکیان ژنی قومارباـزێکی نـاودار، کـە دوو منداڵیشی هەبوو، لە گەمەدا بردبۆوە، هەر لەسەر مێزەکـە پێـی تـەڵاق دابـوو و رۆژی دواتـر بردبووی، دواترلە پاسەوانێکی خۆی مارەکرد. لەم دواییـەدا بـەهۆی نەخۆشـییەوە، زۆر و کـەم خۆی لە خواردنەوە و لە ئافرەت دەپاراست، پـارێزی سـوێری و چـەوری و گۆشـتی سوووریشـی دەکرد. نزیکەکانی دەیانگوت ((لە دووربینی و بەهێزی هەستی شەشەمیدا زۆر کەم وێنەیە. لە هـەڵسەنگاندن و خـەملاندن و نیشانەشکێنیدا، زۆر بـە دەگمـەن هـەبـووە نـاوەڕاستی نیشـان نەپێکێت.)).

نـاخۆرە لە بگـری و دەست قوچـاویدا هـاوتای نەبـوو، بـەڵام ئەگـــەر بـڕوخـــابوایە ئـەوا هەڵی دەڕشـت. لە بازرگانیی و بەڵێندەرایەتی و مولك و ماڵ کڕی و فرۆتەنیدا ئەوسـەر و ئـەم سەر و فرە سەربوو. دەیگوت: "دەبێت بازرگان و گەورە پیاوانی کـاری مـەزن: ((هیلکـەکانیان بخەنە ژێر مریشکی کڕ و کۆتر و قەل و قاز باز و وشترملانەوە، ئەگـەر یـەکێکیان هێلکـەکانی پیس کرد، ئـەوانی دیکـە تۆڵـەی بـۆ بکەنـەوە.)) زانـا نسـکۆی دێتـە پـێش، سـاتمەدەکات، بـەلادادێت، بـەڵام زوو خـۆی دەگرێتـەوە. بەدەگمـەن دەکـەوێت، ئەگـەر کـەوتیش خێراتـر هەڵدەستێتەوە.".

بەرد، لە چاو دڵڕەقی ئەودا ئاوبوو، دووپشکیش لە راست وەفاداری ئەو بەناوبوو. دەیانگوت پێشتر گۆشتی برژاوی منداڵی خرپنە و کچۆڵەی تازە هەڵاتووی دەخوارد. کەچی ساڵانە جارێك دوان، ویژدان و سۆزی، بۆماوەی چەند چرکەیەك بە میوانی دەهاتنەوە. بەخشینی گەواڵەیەك بوو، خۆ و بەخت کێندەری بگرتابوایەوە پاراوی دەکرد. جارێکیان پیاوێکی بە پێکەنینەوە گوتبووی: خۆزگە ئەو رەفتارانەی مامان جارجارە و بەدەگمەن دەیان کات، دەیکردنە زۆرینە و هەمیشەیی. ئەوانەیش بە زۆربەی کات دەبوونە کەمینە و بە رێکەوت.

... ... ...

**سێ رووداو لە پەراوی بیرەوەرییەکانی ناخۆرە نو باوك (ابوغائب)ەوە:**

بەسەرهاتە **نوێیەکەی:** ناخۆرە، لە نێو کۆمەڵێك بازرگانی خۆیی و بیانیدا دانیشتووە و نیوە سەرخۆشە. بە دڵسازییەوە دەگێڕێتەوە: "میرێکی زرتەبۆزی لای بێتواتەی، لە بیتوێن و مەرگە وە پشدەر و خۆشناوەتیدا بەناوە، ناسیاومە، ژنێکی ژنانە و کردار و گفتار هەنگوینی هەیە، میر چاودەگێڕێت لێفەکەی نوێبکاتەوە. چاوبازێکی تێکسمراوی نە...، بە رەندی نازەوە دڵی لێ دەستێنێت. دەیخوازێت و دەبێتە خاوەنی چوار چاوان. هەفتانە دوو شەو لە لای ژنەی هاوتەمەنی و پێنج شەو لە ناو نوێنی نوێ بووکدا وەدەمێنێت. هەر ژنە و لە نۆرەی خۆیدا، شەوانە دەرمانی کاری شەویی دەداتێ، تا چۆڕی لێ دەبڕێ دەیدۆشن. کە لە پەلوپۆ کەوت، دەرمانی خەوتنی دەدەنێ. ژنەی تەمەندار رکی لە تەمەنی بەدرۆیەتی، بۆیە مووە رەشەکانی یەکە یەکە دەردێنێت. ژنەی شلك و تەڕیش شەرمی بە مووە سپییەکانیەتی، هووردە هووردە لە بەڕا دەیانکێشێت. کاتێك میر بە ئاگادێتەوە بووەتە سۆدرەی سەری سۆدران. سەری سەلکە بزۆتە، مووی سەر و برۆ و برژانگی نەماوە، کەلکی پیاوەتیشی بڕاوە! ماڵ و سامانەکەشی تەخشان و پەخشان کراوە. ئێستاکە ئەو داماوە! تەنیا و ناچار بە رەبەنی لە سەر دەستی خۆی لە خانوێکی گەورەدا دەژی."

فیلە بەڵێندەرێك بە کەنینێکی بە تەوسەوە: "باشە میر ناخۆرە! میری برادەرت خاوەنی چوار چاوان بوو وای بەسەرهات، دەبێت خاوەن شەش چاوەکان چیان لێبێت؟".

ناخۆرە بە گاڵتە ئامێزییەوە: "هورگ گەورەی کەللە بچووك، وەك هەمیشەت ناهێڵی بە تەواوی گ... بخۆم. وەڵامت دەدەمەوە، دواتر دەگەڕێمەوە سە کرۆکی مەبەستم: پیاو، کە

کردییە دوو، سەنگی لە لایان نامێنێت، بەدیاریانەوە دەبێتە سینەما، بەڵام کە کردتە سێ، هەرنەبێت ژنی یەکەم و سێیەم لاگیریت دەکەن. ئەوەی دووەمیش لە نێوان مێرد و دوو هەوێیاندا چی بۆ ناکرێت، ئەوە نەبێت کە لێت بپاڕێتەوە هەوێی چوارەم بەسەر ژنی سێیەمت بێنیت. هەی چرگە هێڕ!. (قاقا پێکەنی) لە دەمی باپیرەی دایکم دەگێڕنەوە کە هاوسێی دۆمان بوو[٣١٣]: "شێوی ئێوارەیەکی ماڵە دۆمەکە مریشك دەبێت، تا ژنەی ناوەنجی لە گەڕان دێتەوە ئەوان سنگەکە بۆ پیاوەکە دادەنێن. ژنەی یەکەم و سێیەمیش یەکەو رانێك دەخۆن. کە ژنە دەبینێت (ملەکۆتە و کنگە جۆرە[٣١٤])کەیان بۆ ئەو هەڵگرتووە، ئەویش بە لووت بادان[٣١٥]ەوە ماندەگرێت، ژنەکانی دیکە لە خوایەکیان دەوێت بەشەکەی ئەویش بخۆن، پیاوەش دەزانێت، بەڵام ژنەی بابانکوێر لە کەلی شەیتان دانابەزیت و مانەکەی ناشکێنێت! پیاوە بە دەستێکی کوتکێك هەڵدەگرێت و بەوەی دیکەیشی لەگەنی شێوەکە و لە پێشی دادەنێت، کەچی ژنە هەر نایخوات، پیاوە دەماری جووت دەبێت و کوتکەکەی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: ((دەخورمی بیخورمی! ناخورمی می کوتك دەم لە می سەرت، لەگەڵ می کوتکی می تری)).".

زرتە کەندۆ[٣١٦]! دەبێت بزانم چۆن مانیان پێ دەشکێنم دەنا بە پەندم دەبەن و وەك تۆم بەسەردێت... (هەموویان لە کەنیندا شینبوونەوە) ئێستا، دەگەڕێمەوە سەر قسەکەی پێشترم کە پێمت بڕی: هەموومان بیستوومانە پیرانی پێشین گوتویانە ((پیاوی دوو ژنە، دڵ و جگەری کون کونە)) منیش ئەمڕۆ لە دوولاوە، لە دووبەرەوە دۆشراوم، ئەم پەندە نوێیەم بەسەرهارت: ((گەلی خاوەن دوو سەرکردە... هەناوی پڕ داخ و دەردە)).".

**٣١٣- پێشتر دۆم پیشەکاری گەڕۆك بوون، لە چادردا دەژیان. ساڵی دوازدە مانگ کۆچەری و ماڵیان بە سەر پشتی ولاخەکانینەوەبوو .پیاوانیان تەشی و تیزگ و چەقۆ و بێژینگ... یان دروست دەکرد. بە زۆریش هەر پیاوەی سێ چوار ژنی هەبوو. شتەکانی پیاوەکانیان سازیان دەکرد، ئەوان دەیانگێڕا و ساغیان دەکردەوە (دەیانفرۆشت) واتە دۆم لەگەڵ یەکدیدا دەگەڕان، نەدەبوونە دراوسێی خانوونشینان واتە باپیرەی دۆم بووە.**

**٣١٤- ملەکۆتە و کنگە جۆرە: ملەقۆتە و قوونەجۆرە.**

**٣١٥- بە لووت بادانەوە: بە سەرگرانییەوە، بە نارەزاییەوە.**

**٣١٦- کەندۆ: گوێرەکەی دوو ساڵی.**

تەنگەستوورەکە چەپڵەی کوتا و بە دەنگی بەرزەوە: "ئەی ئافەرین، دەمزانی ئەو چیرۆکۆکانە دەکەیتە پەردەی پەلارەکانت. منیش دەڵێم: ((دارایەکی وەك ناخۆرە بە لێزانی... دوو سەرکردان بە جارێ دەخاتە ناو یەك گیرفانی))".

بیرەوەری **دووەم:** ناخۆرە لە دانیشتنەکەدا راما و کۆنە رووداوێکی هاتەوە پێش چاو:

"سەردەم سەردەمی لاویەتی خۆی و رژێمی عەرەب پەرستی و کوردقڕان بوو. هەرچەندە چەندین جار بە پێوەرە هەستیارەکانی ئەو کاتە بە وردبین و بە دوور ڕوانی لە بەردی محەکیان دام، هەموو جاران عەیار بیست و چوار دەردەچووم. ئەوەی ئەوان بە سەختیان دەزانی مـن بە ئاسانی بۆم دەکردن. تابلێی بە زۆرزان و پڕتوانا و تێرباوەڕی رێچکەکەیان و جێگەی متمانە و ئازا و دڵسۆز و سەربەخشی خۆیانیان دانام. لە شارەدێی (گوێڕ)دا، لە ناو عارەب و کوردانـدا کرامە بەرپرسی یەکەمی پارتی ژیاندنەوە و سۆشیالیزمی عەربی و رازگری ئاسایشی ناوچەکە. پووتەکەیەکی منۆخ، رەنگ ئەسمەری چاو لە قۆڵ، کەپوو کوشمەی ددان گری دەنگ زڕ، کوردی و عەرەبی و تورکی زانێکی پاراو، ناوی (کرێدی تورکی تائیش) بوو. بەر لە دامەزراندنی منەوە لە فەرمانگەکە بەردەست بوو. هەستم کرد لە پەناوە، گوێی دیوارە. وەك پێویستی ئەوکاتە و پیشەکەی خۆم، بە شان و باڵی سەرکردەی بێهاوتا و مەزنایەتی و نەمری ئوومەی عەرەبیم هەڵدەگوت. پووخەش بە چوار چاوی تیژ و هەشت گوێی سووکەوە بە دوامەوە بوو. زۆر جار بیرم لێیدەکردەوە. لێی دەترسام. دەمزانی ئەم پووتەیە، توولەیەکە گەلەیەك تاژی و سەگی پۆلیسی بەدواوەیە. ویستم بیگۆڕم، بۆم نەچووە سەر. دەمویست پارەی چاکی بدەمێ و دەرفەتی کارکردنی دەرەوە و چوونە گەشت و دەری بدەمێ، خۆی لە گێلی دەدا.

کە کرێدی دەهاتە ژوورەکەم، بە بینینی پشیم هەڵدەما. ئەویش خۆی گێلتر دەنواند. رۆژێك نەورۆز بوو میلی رادیۆیەکەم لەسەر وێستگەی کوردی بەغدا راگرت کە ((ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە))ی بە دەنگی حەسەن زیرەك خستبووە سەر. پووتەی مۆتەکە لێم پەیدابوو! بە چاوی ئاگرینەوە گوتی: ((ئەوە تۆ کوردیشی و لە سەر ئەم کورسیە پیرۆزەی ئوممەی عەرەبی نەمر و هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی دانیشتووی!؟)). هەرچەندە گوتم بە ڕێکەوت کەوتە سەر ئەم گۆرانیە دەنا مـن نیوەی نیوەی تۆش کوردی و عەرەبی نازانم، وادەزانم ئێستگەکەش هینەکەی بەغدایە. لێی نەکڕیم. بە دڵنیاییەوە گوتی ((بەڵام لەبیرت نەچێت کە

تۆ کوردیت، هەرگیز لە یادت نەچێت و هەمیشەش لەبیرت بێت کە هەر هەوی... بچیتە ئاسمان و لەگەڵ بەفردا داببەزیتەوە، هێشتا ناخی رەشت سپی نابێتەوە.)).

لەم رۆژەوە کرێدی بووە مۆتەکەی گیانم، نەختێك درێژم بکردایەوە، ئەو بە هەنجەتی ئاو گۆڕین، پیاڵە بردنەوە، بە کورت بڕییەوە هەر بەچاو دەیگوت ((لەبیرت نەچێت تۆ کوردیت! ئەتۆ هەر هەویت.. کەکوردی...! بگەیتە بەغداش هەرهەویت.)). ئیدی منی سیخوڕ و ژووشکی ناو خەڵك، بەبێ خۆگنخاندن، زۆر بەکڕی، سەر و ملم دەبردەوە ناو خەڵێف و هەستم لە خۆم دەبڕی. لەم ماوە دوور و درێژەدا هەرچەندی کردم و کردم بە هیچ شتێك نە بۆم گیرا، نە دەروەستی هاتم. هەمیشەش بە زار بوایە، یا بە تیلەی چاو، یا بە زەردەخەنەیەکی ژەهراوییەوە دەیگوت ((لەبیرت بێ! هەر هەوی...)). منیش ساردەبووم، دادەبەزیمە ژێر خاڵی سفری سەدیەوە. ئێستاکە ماوە یا مردووە؟ نازانم، بەڵام هەرگیز لووت و ددان و چاوی ئەو مۆتەکەیەم لەبەر چاودا لاناچێت، زۆر دەترسم لە کاتی مردن و ناشتنمدا لێم پەیدبێت و لە بری نوێژی مەلا بڵێ ((لەبیرت دەرنەچێت هەر هەویت!)).

زۆر سەیرە، سەرم لەم رۆژە و لەم خەڵکەی ئەمڕۆ سووڕماوە، سەر زل و ورگنانی رۆژ هێندە بە ئاسانی لەبیر دەکەن لە چاوی دەوروبەردا کێن و چین. بە بینی گوێی دۆلارێك بە بزەی لێوی عەیارێك، بەدمەست دەبن و خۆیان لە یاد دەچێتەوە، یا بە ئەنقەست لادەدەن، رێچکەیان بەردەدەن، دروشمە درەوشاوەکانیان دەخەنە ژێر پێیانەوە.

هەرچەندە پێشتریش لەمانە نیشتمان پەروەرتر بووین، لە ژێرەوەیش پتر کوردایەتیمان دەکرد، بەڵام هەر بە مەمانانیان دەگوت: خۆفرۆش و پارەپەرست و ناپاك. ژمارەی وەزیرەکانی ئێستای وڵاتەکەماندا چوار ئەوەندەی ژمارەی وەزیرانی وڵاتی چینە، لە ژمارەی جێگر و بریکار و راوێژکارانیشیان بپرسیت، سەر دەرناکەیت. مووچە و دراوی تەرخانکراوی دیوەخان و پاسەوانانی وەزیرێکیشمان لە مووچە و بری پارەی تەرخانکراوی سەرتاپای ئەنجوومەنی وەزیرانەکەیان پترە، هێشتاش گەورەکانی گەورانمان، بۆ دامەزرانەدنی یەك دوو وەزیری لایەنگریان، بە ئاشکرا و بە نهێنی دەست خستنە ناو دەستی دوژمنان بە خەبات دادەنێن و شانازیشی پێوە دەکەن. لەمە سەیرتر ئەوەیە کە لاگر و هاوڕێ و هاوبیرانیان بە گەرمییەوە چەپڵەیان بۆ دەکوتن!. زستانی پار خوێندمەوە: ((شەست ساڵێك لەمەوبەر سەرکردەکانی

گەلێك، لە قۆناغی خەباتکردن لە پێناوی ئازادی گەل و وڵاتێکی سەربەخۆدا، بە نەهێنی و بە تەبایی، بە خۆبەخشی لە هەمان کاتدا سێ کابینەی حکومەتیان دامەزراندبووکە :

((کابینەی یەکەمین وەزارەتیان بە رووکار سەر بە وڵاتانی خۆرنشین و دژی کابینەی دووەم بوو. دووەم کابینەیان بە رووکار لایەنگری وڵاتانی رۆژهەڵات- سۆشیالیزمیی) بوو. یەکەمیان یارمەتی لە خۆرئاواییەکانەوە وەردەگرت، دووەمیشیان کە بە رووخسار دوژمنی یەکەمیان و ناحەزی خۆرئاواییان بوو، چەك و دراو و لایەنگیری و پاڵپشتی لە خۆرهەڵاتییەکانەوە دەقاچاندەوە[٣١٧]، کابینەی سێیەمیشیان نەهێنی بوو، بۆ کاتی لێقەومان و پێویست، یەدەگی خەوتووبوو. لە ژێرەوەش هەر سێکیان یەك هێل بوون.)) خەڵك ئەوها پێدەگات! ئەوانەی خۆشمان لەسەر کورسی وەزیرێك لەیەکدی هەڵدزۆقنەوە و دەست لەگەڵ ناحەزی خاك و نەتەوەیان تێکەڵ دەکەن!. ئێوە بڕواننە سەربردەی ڤێتنامیان! سوپای نەهێنی ئێرلەندای باکوور. چالاکییەکانی ڕێکخراوی باسکی ئەسپانیا ببینن.". **مامە لەکلتووری کۆنەوە، لەسەر دەمی خێلەکییەتی و هۆزگەرایەتییەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەمانەی ئێمە لە سەر لەوەڕگەی کوتە مێگەلێك لە یەکدی بینە گورگی ماڵی و سەگی کێوی، یا کتك و کسۆکی دوو ماڵە هاوسێیان.**

**رووداوی سێیەم:** شەوێك ناخۆرە لە نێو کۆمەڵێك گەورە سەرمایەدار و سیاسەتمەدار و بەرپرسانی رۆژ دانیشتووە، بە کەیفەوە خەریکی مەینۆشینن، بە کەنینێکی دەستکردەوە: "بەینێك بوو پێ خاوس و سك رووتانی ئێرە خۆیان دەکردە ئامۆزا و خالۆزام. هەنووکەش شێتەکانی لە ئەورپا دێنەوە خۆیان دەکەنە باوکم. پێشتر دەگوترا ((خودا کەس هەژار و پێویست و بێکار نەکات)) ئەمنیش ئەمڕۆ دەڵێم: ((لە ناو ئەم دەم و چاوانەدا خودا کەس هەبووە و کاردار نەکات.)) بڕوادەکەن زۆر لە مێژە دەزانم ئێرە کەلکی مەمانانی نەماوە. ئەوەی لەم وردە کارانەی ئێرە بە دوو ساڵان بۆمان دەمێنێتەوە، لە دەرەوە بە دوو هەفتە دەستمان دەکەوێت!. بەڵام نیشتمانە، چی دەکەیت؟ خۆشەویستی ئەم کاولە وڵاتە، هێز و هۆشی سندم کردووم. خوو و خدوم بە دڕك و داڵ و کاڵ و کرچانی، بە پووتە و کەللە پووکانییەوە گرتووە، دەستم لێیان بەرنابێت. ئەگێنا منێك کە باوکیشم تێیدا گۆڕ گومبێت،

---

**٣١٧- قاچاندنەوە: گلدانەوە، گرتن و بردن (لێدەرهێنان)ی پێویستی و سامان و دراو بە نەهێنی، بە قاچاغی. پاشەکەوتکردنی بە نەهێنی.**

نەزانم گلکۆی شەهیدی باوکم لە کوێیە. خۆشم نازانم چ خوولیایێکە؟ چۆن لەگەڵ کەس و کاری نەدیتکە، چۆن لەگەڵ ئەم هەموو ژووشك و دووپشکانەدا هەڵدەکەم؟. چۆن لە نێوان ئەم حەمکە ئێرەییبەر و چاوپیس و نزمڕەوشت و ناشیرینانە دەژیم؟. چۆن لەگەڵ ئەم هەموو نمەککوێر و دۆست و دوژمن نەناسانە دەردەبەم؟!. لەگەڵ هەندێشدا، حەزم دەکرد ئێستا سەرەتای لاویەتیم بوایە، بەڵکو لەم دەرفەتەدا، پتر و پتر خزمەتی خاکە شیرین و نەتەوە هەژارەکەی خۆمم دەکرد.".

**دەنگێك لە مێزەکەی پشتیانەوە:** "ژمارەی باوکەکانت گەیشتۆتە نۆهەد و نۆ؟ گەر تێپەڕیوە ئەوا مافی گلەییت هەیە.".

ناخۆرە لای لە دواوە کردەوە و چاوی دەگێڕا...

**دەنگێك لە پێشەوە:** "ئاخۆ لەوێ پرۆژەی بنەبڕکردن و هەموو بردن هەیە؟". رووی کردەوە پێشەی... دەنگەکەی دواوە: "کەرێکی نەگەڕاوی زمان نەزان، دەبێ لە هەندەران چی لە دەست دەرچێت..." رووی وەرگێڕاوە.

**دەنگێکی نوێ لە پێشەوە:** "دەستت لە کاولکاری و بنەبڕکردن و لووشکردنیان بەرنابێت...؟".

**دەنگی چوارەم:** "تۆ پشکی شێرت لەم پرۆژانەدا هەیە کە لەسەر کاغەز دادەنرێن و ئەنجام نادرێن، بە رێککەوتنی ژێراوژێر گوژمەکەیان، راستەوخۆ لرف دەکرێت.".

ناخۆرە بە پەشێوییەوە داوای پسولەی ژمێریاری کرد، پارەی مێزەکەی و میوانە تایبەتییەکانی خۆی دانا. هەستا، لەگەڵ دوو تەنگە ئەستووری لایدە و سێ پاسەوانی دەرچوون. لەم رۆژەوە بڕیاری دا بۆ ئاهەنگ و بۆنەکانی، بارێکی تایبەت بەخۆی و میوانان و داوەتان بکاتەوە.

... ... ...

دوای چل و یەك ساڵ ئاوارەیی، لە تەمەنی حەوتا و یەك ساڵیدا، پیرە جەنگیز، (پیرۆت پێرس پاییزەبرا)ی کۆنە دۆستی و چەند هاوتەمەنێکی دەبینێت. دۆستە بە سازی و گەشییەوە: "ئێمە سەردانی کوردستانمان کرد، بە راستی هێمن و ئارام و رازاوە و شادی بەخشە، ئیشوکار و دەسکەوتی رۆژانەی خەڵك و باری ئابووری بیلبتون خراپ نییە!. کەس لە رابردووی کۆن

ناپرسێتەوە، بەڵام هەندێك وردە كێشەی وەك نەبوونی سووتەمەنی، كەمی وزەی كارەبا، پابەندنەبوون بە یاسا، فرە ركنی لە كێبەركێدا، زۆری سەڵكە بەرانانیان ماوە. خەریكن ئەوانیش ناهێڵن.".

هاوتەمەنێكی: "بۆچی ئەتۆش لەم پاییزەدا مانگێك دوان، وەك پاییزەبرا ناچیتەوە؟ ناتەوێت زێد و شوێنەواری منداڵی و هەرزەیی و گەنجایەتی و زاوایەتی و پیری جاشایەتیت بەسەربكەیتەوە؟ كاك جەنگیز هەر بچیتەوە گەنج دەبیتەوە. ناگەڕێیتەوە!. ئەو ڕێگە پڕترس و مەرگاوییەی پێشتر بە شەش مانگ بڕیمان، ئێستا شەش كاتژمێر كەمترە. لێرەوە بە فڕۆكە دەچی و لە فڕۆكەخانەی نێو دەوڵەتی هەولێر دادەبەزێت. دەزانی پاییزان میوە و سەوزەی (فریش) و خۆڕای خۆمان چەند خۆشە؟ هەركاتێك بیرم بكەوێتەوە، وەك ئەوەی هەناری دەنك سووری ترشی پڕ ئاو بخۆم ئاوها دەمم پڕ ئاو دەبێت".

ئێوارەیەك بەر لە خۆر ئاوابوون جەنگیز دەگاتەوە هەولێر. پیرە هەولێر زۆر گۆڕاوە و گەلێكیش گەنج بۆتەوە، تەنیا ناوەكەی و پیرە قەلاَتی وەك خۆی ماوە. بەپێی شوێنی قەلاَت و كەرخی مزگەوتەكەی گەڕەك و گۆڕی پیاوچاكەكەی سەری كۆلاَنیان، جێگەی خانووی پێشانیان دەناسێتەوە. هەر چەندی چاو بە خەڵك و بە بازاڕ و كۆشكە نوێیەكاندا دەگێڕێ، شتێكی وەكو سەردەمی كۆنینی خۆی ناكەوێتە بەرچاو. چیرۆكی یارانی ئەشكەوتی دێتەوە یاد. ترسا بیگرن!. بە هەستەوە چەند جارێك بە وردی روانین و بیرگێڕان بە كۆلاَنەكەدا ئەمسەر و ئەوسەر دەكات، لە ناوەڕاستی كۆلاَنەكەدا دەوەستێت، خانوێكی گەورەی سەردەمی خۆی دەناسێتەوە. بە دوو دڵییەوە دەرگاكەی دەكوتێت.

دەنگی پیرە ژنێك لە ژوورەوە: "خەجیجۆك دەرگاكە دانەخراوە، فەرموو وەرە! چاوەڕوانت بووم.".

جەنگیز وەژوور دەكەوێت و دەپرسێت" كێ، كێ، كێ لە ماڵە؟". پیرەژنی كوێر بە هەست ڕاگرتنەوە؟ كێت دەوێت؟ لەماڵی كێ دەپرسیت؟".

جەنگیز: "تۆ، تۆ، تۆ لەمێژە لەم، لەم گەڕەكە و لەم خانووەدای؟اخا خانووەكە هی خۆتە؟".

پیرەژن بە بۆڵە بۆڵ دەگرمێنێت: "من لەم گەڕەكە و لەم خانووەدا هاتوومە دنیا و دەبێت هەر لێرەش لێی دەربچم. من كوێرم، خۆ ئێوە كوێرنین؟ لە رووی دەرەوەی دەرگاكە نووسراوە

((نایفرۆشم... فرۆتەنی نییە!)) پارەزۆر، زۆر بووینە، دڵیان بە کڕین و فرۆتنی ئەم وێرانە شارە داناکەوێت، دەیانەوێت بە ئەوەندکۆکەی پیرە ژنێکی کوێر تێربخۆن!".

جەنگیز بە تەتڵەزمانێکی نەرمەوە: "نە نە نەنیٚ! من من من دەلال و خانووکڕ نیم، من من... منیش وەك تۆ کۆنێی ئەم گەڕەك و ئەم کۆڵانەم، بە بە بەڵام...".

پیرەژن بە متمانەوە: "ئەگەر ئەمن تێکنەچووبم، لە دەنگ و زمانی لاڵەپەتەتەوە ئەتۆ جەنگیزملحیزی مێردی سینەم سینە رووتێی!. هەتیو جەنگۆی مەنگۆی!".

جەنگیز پتر بۆی چووە پێش و بە کەنینەوە: "هە هە هەی خودا بتگرێت، من من من بە دوو چاو گەش خانووەکە و تۆ دەبینم، دەنگیشت دەبیستم، کەچ کەچ کەچی تۆ ناناسمەوە. کە کە کەونیٚ... تۆ تۆ تۆی بیٚ بینایی، لە ژوور، بەبیٚ بینین، منی لەلاڕا هاتووی و لە ناکاو پەیدابووی ناسدەکەیتەوە!".

پیرەژن بە تەوسەوە: "دەزانی بۆ ئەتۆ من ناناسیتەوە؟. چونکە ئەو کاتی تۆ و سینەم بازاڕیی بوون، بازاڕییش، بازاڕی گەرمبێت، باوك و دایکی خۆی ناناسیٚ. ئێستاش (ناخۆرە نۆ باوك)ی کوڕت بازاڕی گەرمە، ئەتۆش ناناسێتەوە. وەرە پێشتر، ئاوێك لە کوپەکە بخۆوە ئینجا وەرە ژوورەوە و دانیشە. سەربردەی ئەو ماوە دوور و درێژەی بزربوونتم بۆ بگێڕەوە!. دەنا لێرە ئەوها باوبوو: ((ئەتۆ لە شاخ و لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا شەهید بوویت. دوژمن کەلاکەکەتی بردووە، شوێنگۆڕ بزربوویت!)). (بە پێکەنینەوە): ((دەڵێن کەس لەو دنیا ناگەڕێتەوە)). ئەدی ئەتۆ چۆن چۆنی هاتیەوە؟. (دوای چاك و چۆنییەکی کۆنانەیان، بە گێڕانەوەی یادگارییە دێرینەکانیان، ماوەیەك بە خەیاڵ گەڕانەوەی سەردەمی گەنجییەتیان) جەنگۆ! زانیوتە سینەم مێردی کردۆتەوە؟. دەڵێن لە ترسی ناخۆرەی کوڕی، هەولێری جێهێلاوە. خۆی گومکردووە. هەندێکیش دەڵێن ناخۆرە ناردوویەتیە شارێکی دیکە. مووچەیەکی چاکی بۆ بڕیوەتەوە، بە مەرجێك نێنەوە هەولێر و کەسیش لە دەمییەوە نەزانێت دایکی ناخۆرەیە. تۆش زۆر ئاگات لە خۆتبێت!. ناخۆرە، ناخۆرە نۆ باوکی پێشان نەماوە، ئەو ئێستا فیرعەونی سەردەمە. قاڕوونێکە، لە ناو خەڵك و لەبازاڕدا کوڕی ((شەهید جەنگیز جیهادکار))ی گۆڕنادیارە. لە سێبەری کێلی شەهیدی گۆڕنادیارەوە بۆخۆی دەخوات و دەبات و لەسەر یەکدی دادەنێت. دەڵێن پەیکەرێکیشیان بۆ شەهیدی گوڕنادیار لە هەندەران بەکردن داوە. کەچی من

پێشتر دەمدیت و ئێستاش دەبیستم، شەهیدانی نیشتمان پەروەر و دوژمن تۆقێنەر، هەر بـزر و ناو بزرنین، بەڵکو ژن و منـداڵی هـەزاران نادیـار و شـەهیدی گۆڕدیـار لـە پـەنا و پەسـارگان کەوتـوون. نەکەسێك سـاڵی جـارێ سەر بەمـاڵیان دادەگرێت، نەکەسیش سووکە ئاوڕێکیان لێ دەداتـــەوە.

ناخۆڕۆکە بزانێت باوکی شەهیدی هاتۆتەوە، بە بێ دەنگی و بە بێ مەرگی دەتفەوتێنێت. هەرچەندە بێچاوم، بەڵام دەزانم ناوەختە، چی هەبێت بەیەکەوە دەیخۆین. ئەمشەو لێرە بمێنەوە، گەلێك لە بێ ئاودەنگی بیزارم. تا خەومان دێت کەزی دڵی خۆمان دەکەینەوە. دواتریش برۆ لە ژوورەکەی بەرامبەرماندا، نوێنی خاوێنی لێیە، بۆخۆت لەوێ بخەوە. بەیانیش ئەمن لەگەڵ سەلای مەلادا هەشیارم. پێش تاوکەوتن، چێشتم ئامادەکردووە. نانەکەت بخۆ! ئەوجا کێوە دەچی بچۆ! بەڵام لەبیرت بمێنێت: نۆباوك کوڵەوەیبابە متمانەت پێی نەبێ! نزیکی مەکەوە! یاترسی پێوەدان و کوشتنی دەستبەجێت لە دڵ دەرنـــەچێت! ئەمـــن لە ڕێی خـــودا ڕاست و ڕەوان پێت دەڵێم، ئەتـۆش بـــۆخۆت...".

جەنگیز: سنگە تەڵەیەکی[٣١٨] بێنموودی دەم قۆپاوە. ڕەنگ تەڵخێکی سـەرڕووتاوەی پێسـت بەڵەکە. چاوقووڵی تـەوێل لۆچـاوی و لووتەیـە. سمێـڵ و ریشـی تـەنك و زەرد بـۆزی چـڵکن و تێکەڵاوە، باڵ و لوولاق باریکەڵەی سەرزلە. خەناوکەیەکی زیوینی لە ملە. شەپقەیەکی گەورەی لەسەرە، نیوەپووتێکی سووری لەپێدایە، کورتەدەرپێیەکی شین و کراسێکی سووری گوڵ گـەورە، فش و نیوقۆڵ و بێپشتملی کردۆتەبەر، سینگ و بەرۆکی والایە. چاویلکەیەکی ڕەشی دزانەی لە چاودایە. کۆڵێکی گەورە لە پشت و هەگبەیـەك بەدەسـتەوە، بـە خەیاڵـەوە لـە شـوێنی کۆنـە چایخانەکەی عەنتەری (خوا لێی خۆشـبێت)، بـە شـەقامی پزیشـکانی ئێسـتادا ڕووەوەو قـەڵا تێدەپەڕی. چاوی بە کۆشك و باڵاخانـە، بـە نـاوی پزیشـکان و بازاڕەکانـدا دەخشـاند. چـاوی دابەزاندە شوێنی کۆنە خانووەکەی ڕەسووڵ گەردی. لە کەناری شەقامەکەوە، لە زارکـی پارچـە زەوییەکی چۆڵ، لە نێوان دوو باڵاخانەی شەش و نۆ نهۆمیدا، کۆشە منداڵێکی شەگار، سـەر و سنگ و قاچوقول ڕووت، بێ پێتاوی جلك شڕ و خۆڵاوی یارییان دەکرد.

---

٣١٨ - سنگەتەڵە: گولەپیاو. کورتە باڵا. بێنموود. سنگی بەستنەوەی تەڵە.

که گەیشتە ئاستی منداڵەکان بە تییە چاوێك سەیری کردن. سەرزلێکی چڵمنی پەل ئەستوور، سەر کودی، بە دەمە بەش و کەلۆسەکەیەوە دەیڕوانییە ئەو. منداڵییەتی خۆی هاتەوە یاد. خۆزگە هەر منداڵ دەبووم و هەرگیز باڵم نەگرتبایە، بۆخۆم لە نێوان خەیاڵ و کەم هۆشیدا دەژیام. هەرچەندە منداڵییشم هەر زەقن و گێرەی ناو دەقن بوو، بەڵام هەر نەبێت هەستم بە چەرمەسەری و سەگمەرگی ژیان نەدەکرد!. کاشکێ چاوەڕوانی پیری و پەرێشانی و مەرگی نادیارم نەدەبووم!. روانیەوە پیرە قەڵا لە پێشەخۆیەوە: نازانم قەڵای هەولێر یا ئەوەی حەلەب کۆنترە؟ هێند بەیەك دەچن دەڵێی جمکن. بە ورووژانی منداڵەکان خەیاڵی تاربوو. بینی سەر بە گویزان تراشاو، پەنجە گەورەی پێی راستی هەڵقۆچاوە[319] و داوە بەنێکی سووری تێکراوە، خوێنی لێ دەتکێ. کەچی بێباك پێشیان کەوتووە و ئەوانر دیکەش کەوتوونەتە شوێنی. کەوتنە چەپڵە کوتان، بە دەنگی تیژەوە دەیگوت و هاوچڕەکانی دیکەش بە ئاواز دەیانگێڕایەوە:

"هۆیها نەژن و نەپیاو، هۆیها پووشتەی گەنیاو، هۆی ها پووشکەی سەرئاو، هۆیها پیسکەی بەدناو، هۆیها قوتەی پێناو، هۆیها قوندەی دەرکراو... هۆیها پیرە سەگسار، هۆیها سیخوڕی بەدکار.".

چونکە جەنگیز پووتەکە و نابووت کەم هێز و بێکاردانەوە بوو، بۆیە ئەوەندە لێی نزیك بوونەوە زۆری نەمابوو بکەوێتە ژێر پێیانیانەوە، جەنگیز یا وەك منداڵەکان گوتیان (پیرە سەگسار) بە ترس و گومانەوە ئاوڕی بەملا و بەولادا دەدایەوە. دەرفەتی هەڵاتن و دەرچوونی لە دەست منداڵەکان نەبوو، خەریکبوو بە دەستیانەوە بشێوێت...

باڵابەرزێکی تێکچەقیوی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر، گەنم رەنگی ئاماڵ سپی و سوور، واپێدەچوو ئەویش لە هەندەرانەوە هاتبێتەوە. خۆی لە منداڵەکان زوێرکرد، بە دەنگی بەرز: "ئێوە منداڵی کۆڵان و سەر شەقامانن! کەسێك نییە پەروەردەتان بکات؟. قوتابخانەیەك، باخچەیەکی ساوایان، شاریارییەك، پارکێکی منداڵان نییە تێیدا بخافڵێن؟ هێندە هەڵپەڕن تا

**٣١٩- هەڵقۆچان: لە ئەنجامی هەڵەنگوتن (هەڵقۆچان)، نیوەی پێشەوەی نینۆکی پەنجە گەورەی پێ، لە گۆشت دەبێتەوە و دەبێتە برین، زوو زوو دەکولێتەوە و خوێنی لێ دێت، بۆ ئەوەی منداڵەکە هەمیشە لە بیری بێت و دووبارەی نەکاتەوە، بەنێکی سووری بۆ لێ دەبەستن.**

شلوكوت دەكەون و دادەكاسێن. زۆر وەڕ و چ نەدیتكەینە!. گەلەی ئێرە هەر لەوە ئازان منداڵان ریزكەن و دەریان بكەنە نـاو كـۆڵان و سـەر شـەقامان! (هیـور بـۆوە) ئەمـەی ئێـوە دەیكـەن شوورەییە!. بۆ ئەم میوانە بێكەسە شێت دەكەن؟. بگەڕێتەوە وڵاتەكەی خـۆی بـە ناشـیرینی و دواكەوتوویی ناومان دەزرێنی!".

پیاوەكە خۆی خستە نێـوان میـوان و منداڵەكانـەوە و گـوتی: "مسـتەر گێسـت! زەی ئـا كیلّدرن، زەی لەڤ یـو". (میوانی بەرێـز! ئەمانە منـداڵن، تــۆیان خۆشـدەوێت) میـوان بـە زەردەوە وەڵامی دایەوە: "سـانكیو ڤـەری مەك، ئـای لایك یوو، لایـك هـیم تـوو، زەی ئـــا ئەوەر فرێندس". (زۆر سوپاست دەكەم، منیش وەك تـۆ خـۆشیانم دەوێ، ئـەوانە هاوڕێمانن.).

كچۆڵەیەك دەستی دایكی گرتبوو، لە میوانەكە ترسا، گوتی: "دایكە ئەمە چـییە؟ منداڵـە دێوە، یا پیرە جنۆكەیە؟".

دایكە لە ناخی گیانییەوە هەستی بە هەژانی كیژەكەی كـرد، پـتر بـۆ خـۆی كـێش كـرد و سووڕاندییە ژێر باڵی لایەكەی دیكەیەوە بۆ دڵنەوایی: "مەترسە كچم! هەژار و بێچارەیە، ئەمە یا سەگسارە یا مەیموندار. لە تەلەفزیۆنەكەی خۆمان مەیموون و مەیموونەوانت نـەدیتون. چـۆن هەڵدەپەڕن و یاری دەكەن؟ دەبێت پارەش بدەین ئینجا سـەیریان بكـەین! (بـە نـەرمی بـۆ پـتر دڵنیاكردنەوە، دەستێكی بە سەری كچـە داهێنـاو بـە خۆشـییەوە) وا لێـرە خۆڕایـە. بۆخـۆت دەیبینی بەناو شاردا دەڕوات. بڕوانە گەورە و بچووك چاویان تێبڕیوە.".



## ٢٢- جەنگیز

جەنگیز (سەگسار، فیرۆ فینگۆ) دوو کلیل و مەدالیەکی بە ئەلقـەی، لـە پەنجـەی شـادەی دەستی چەپی کردبوو، هێدی هێدی بە دەم خەیاڵـەوە سـووڕی دەدا، بـە ئـاوازێکی خۆرئـاوایی فیکە فیکی لێوە دەهات. جارجار بە حەپەساوی هەنـدێك جـاریش بێبـاك بـە دەم ڕۆیشـتنەوە سەیری ئەملا و ئەولای دەکرد و دەیڕوانییە خەڵکەکە... بە پێـی شـارەزایی کـۆنی و زانیـاری بیستووی ئێستای نزیك (نووسینگەی ناخۆرە جەنگیز) بۆتەوە. بـە دەم وردە هەنگاونانـەوە بـە وردی تابلۆکانی ئەمبەر و ئەوبەری دەخوێندەوە.

لە ڕووی پێشەوەی باڵاخانەیەکی مەزنی دووڕوودا[٣٢٠]، تابلۆیـەکی چـاك بـە نووسـینێکی جوان و درشت، کە زۆرینەی پێشەوەی نهۆمی سێیەمی لە هـەردوو ڕوویـدا داپۆشـیبوو، بینـی لێـی نووسـراوە ((نووسـینگەکانی مـیر نـاخۆرە جـەنگیزی جیهادکـار بـۆ...)). لـە نهـۆمی بانەوەتریش نووسرابوو ((باڵاخانەی شەهید جەنگیزی جیهادکار)). چەکدارێك لە بـەر دەرگاکـە چەك بەشان و وشت دەیڕوانییە دەوروبەری. جەنگیز ماوەیەك بە حەپەساوی رامـا. چـەکدارەکە چاوی تێبڕی، ویستی دەنگی بدات، بەڵام ئەو بـە نەرمـە دوودڵییـەوە بـۆی چـووە پـێش و بـە خەندەوە سڵاوی لێی کرد. پاسەوانی مۆن، بە گرژییەوە: "بلـێ!... چـیت دەوێـت؟ سـواڵکەری هەندەرانی؟ کوردی دەزانیت؟.. هەر نۆرەی ئێوە مابووو! ئەوەی نەشبیستراوە لێرە دەبینـدرێت، کەس نازانێ، ئەم نموونەیە ڕۆبۆتە، یا گیانەوەری هەسارەیەکی دیکەیە!؟. بڕۆ لێـرە دوورکـەوە. (نەوەك کوردی تێنەگات بە دەست و بە دەم) سـەگی سـەگباوك! گـۆ گـۆ گۆئـەوەی، ئیمشـی ئیمشی، روح ئەوەی، گێت، هەڕە، بڕۆ لیرە، گۆ ئەوەی.".

جەنگیز ئێسکی کەللەسەر و دوو لوولاقی ڕاست و چەپی تێکپەڕیوی سەر سنووری هاتەوە بەرچاو. وەئاگا هاتەوە، خۆی ئاسایی نواند: گوتی: "من من من باوکی مستەر می می میر نا

---

٣٢٠- دووڕوو: دوو لا شەقام. سیلە، روکن.

تا نـــاخۆرەی خا خا خاوەنی ئەم ئەپارتمانــە و ئــەم نووســینگەیەم، تــا تــا ت،ازە لــە هــە هــە هەندەران هاتوومەتە...".

دەرگاوان شیرێکی ئەوتۆی بۆ کێشا کە زەوی ژێر پێــی و دەرگــا و پەنجــەرەی دوو نهــۆمی بالاخانەکەی لەگەڵ هەژایەوە. پتر چاوی تێبڕی، ویستی بیداتە بەر شاپان. نازانم چۆن بــوو دڵــی گۆڕا و مگێژی گالتــەی کەوتــە ســەر. بــە گەپــەوە: "پشــت پشــت پشــتەکۆڵ و هــەگ هــەگ هەگبەکەت لێرە دانێ! شەپقە کەشتی بخەسەر، پۆتینەکەشت لەپێت داکەنە و بیخــە تەکیانــەوە سك و سینگوڕکیشت داپۆشە! لــە شــێرەی بــەر دەرگاکــە، بەبــەر چــاومەوە دەســت و پێــت و دەموچاوت خاوێن خاوێن بە ســابوون بشــۆ! (بــە پێکــەنینێکی ئاشــکراوە) بــە بــەر ئــاو ئــاو ئاوێنەکەی تەکی، پشتەملەکەت ڕێکخە و ریش و سمێڵەکەت جوان جوان شانەبکە ئینجابڕۆ!. نا نا وەرە (دەستی بۆ تابلۆکان درێژکرد) نووسینی تابلۆی سەر دیواری پێشەوەی نهــۆمی چــوارەم بخوێنەوە. ئەگەریش نازانی بۆتی دەخوێنمەوە.".

جەنگیز: "خوێ خوێ خوێندمە، ئە ئە ئەوە کۆن بوو، نەزانی من بە زنــدووەتی بزربــووم.". جەنگیز لەم دوایانەدا هەر کاتێك هەستی بە تەنگاوی و ترسێك بکردایە، زمــانی پــتر دەگــیراو کوردیەکەشی لە یاد نەدەما.

پاســەوان: "کەواتــە چــیم پــێ گــوتی وابکــە، ئینجــا بــە کــرِی و بێــدەنگی ڕووەو دەرگــا دوودەرییەکە بچــۆ! دەرگای ژووری دووەمی دەستە راستت، بێی لە دەرگادان، بیکەوە و خێرا و بێ ترس خۆت بکە بە ژوورەکەوە، بێ شەرم و نیگەرانی بە خاتوونەکە بڵێ دەمەوێت بچــمە لای ناخۆرەی خزمەتکارت.".

جەنگیز ماوەیەك داما. لەبەرخۆیەوە: "ئەوە بۆ ئەمانە هێندە دڵڕەق و کــرمنن؟ بــۆ لێــرە هەست بە مافی مرۆڤ و دەرد و دەروونی خەڵك ناکــەن؟! منداڵــە وردکــەی کــۆلان، پاســەوان و چەکدار وام پێبکەن! دەبێت کوڕی دەڵە قۆڕێ چیم لێ بکات؟". دوو جار بە دەم بیرکردنەوە و بە بەرچاوی پاسەوان لە شوێنی خۆیەوە خولی خواردەوە، بە نابــەدڵی، ئــەوەی لێــی ویســت، ئــەو کردی. دەرگاکەی کردەوە: ئەسپە ژنێکی کەحێل لە شوێنی خــۆی راپــەڕی و زیــرەی کــرد، کــە پاسەوانیان گەیشتێ، کەحێل خەریك بوو ببورێتەوە. لەگەڵ هاتنــە ژوورەوەی پاســەوان خــاتونی فیلەتەن ژیانی وەبەرهاتەوە. پاسەوان پتر خۆی بۆ کەنین سازدابوو، بەلام کەچــاوی بــە ڕەنــگ و

رووی سکرتێرە کەوت، وەك ئەوەی شتێکی زۆر نرخداری جەنگیزی لە دەستدا شکابێت، ئـەوها لە شوێنی خۆیەوە لە ساردییان تەزی. لە ترسی ئەوەی شـتەکە گـەورە ببێـت، بـە شـێوەیەکی ئاسایی گوتی: "خاتوون! ئەمە باوکی نۆیەمی ناخۆرە بەگە!. دوێنێ لە گۆڕسـتان گەڕاوەتـەوە. دەیەوێت ناخـــۆرۆکەی کوڕی ببێنێت ئەگەریش بڕوا ناکەی وەرە لە دەرەوە خـەڵات و هەگبـەی بۆن گۆڕی ببینە!."

چاوی جەنگیز بە حەپەساوییەوە لە نێوان خاتوون و پاسەواندا هاتووچۆی بوو.

خاتوون بە دڵەکوتە و دەنگی لەرزۆکەوە: "ئەمەش گاڵتە بوو، تۆ کـردت؟ ئەمــە چ گـەڕێك بوو بە منت گێڕا؟ هەی خودا گەڕ و گوڵت بکات!".

پاسەوان بە ترسەوە: "ئێوە هەر لە ژوورەوەن، نازانن لە دەرەوە چ باسە؟. دەبا رۆژێك یەکێك ببێتە پەند، ئەوکاتە ئەم هەموو بـاوك و خـاڵوان و پلتوورانــە وازدێــنن!". سـکرتێرە نـەختێك هۆشی گەڕاویەوە سەری و کەمێك رەنگی هاتەوەبەر، بـە بێزارییــەوە: "تـۆ و هــەموو خـەڵکی خودا دەزانن باوکی میری بەرێزی گەورەمان چەند ساڵە شـەهیدی گۆڕنادیـارە. مــن نەبـــــوویم دایکی مێردی کردۆتەوە! بۆچی کەسێك لە ژنەکەی پەیدا نابێت و بڵێت من کۆنـە هاوسـەرینی تۆم؟ بە گرژینەوە بیستوومە دەڵێن ((ئەوەی دێت لە دایکم دەپرسێت کەس نەهاتووە لـە بـاوکم بپرسێت)) ئێوەش ناوونیشانی دایکیـانی بدەنێ و پێیان بڵێن: بـڕۆن کـە کۆنـە هاوسـەرەکەتان ئێوەی ناسییەوە، ئەوکاتە وەرنەوە لای کوڕەکـەتان. ئەگـەریش هــەژارن و بــەدوای یارمــەتی و زەکاتدا دەگەڕێن، ئەوە شتێکی دیکەیە!. ئێرە شوێنی خێرات و بەردەرگای مزگەوت نییە!".

پاسەوان لێی وەرگرتەوە: "بەڵام ئێمە ناوونیشانی دایکی بەرێزیان نازانین، ئەویش زۆر روون نییە ئاخۆ ماوە یانە نا؟ نەمان زانیوە لە نێوان ئەم دایك و کوڕەدا سەردانێك، لەیەك پرسـینێك هەبووبێت!. (بە نیمچە کەنینێکەوە) بەڵکو تـۆ بـە ژیـری و زمانـە شـیرینەکەی خۆتـەوە، بـۆ خۆتان و بۆ ئێمەیش ناوونیشانەکەی لە بەرێزیان دەردێنیت!.".

خاتوون بە دەستی، پەنای لە دەمی خۆی دەکات، بە چاوی پـڕ ترسـەوە دەکـەنێت و دەڵـێ: "هەر ئەم گۆبەندەیەتان ماوە پێمی بکەن.".

جەنگیز بە ڕشتییەوە هەڵدەداتێ: "ئێو ئێو ئێوە ئێوە رێگە بدەن بە من، ئەو ئـەو ئەوکاتـە دەزانن کێ کـێ کـێ بـاوکی راسـتەقینەیەتی. (هــەردووکیان لــە پێکەنینـدا کـولآن، کەوتنـە

سەرپشت. جەنگیز بە دڵنیاییەوە) دە دە دەڵێی باوەڕ پێم ناکەن؟ لێم لێم لێم گـەڕێن بـا بچـمە لای، یا بۆم بۆم بۆمی، بۆ بۆ بۆ ئێرە با بانگ بکـەن، بـب بـب ببیـنن چـۆن بەبـەر چـاوتانەوە (دەستی لە ناو گەڵی خۆیدا) پیێ پیێ پێی دەڵێم ناخۆرۆك دەڵێی شەرمت بەم بەمە و بە هـین هین هین هینەکەی دایکتە؟ ئەگ ئەگ ئەگەر کەس نەتناس دەڵێی لە ئاسمان دابـەزی بۆمـان.". دووبارە بە شەرمەوە خاتوون پێکەنی.

پاسەوان چوو بە توندی پشتە ملی جەنگیزی گرت، ویستی بەدەری بنێت. ئەویش کەوتـە خۆ پچڕینەوە، خانم بووە بەڕەوانکار و گوتی: "بۆرەی کەتنکەر! بۆمنی لیێ گەڕیێ! بـە تەلـەفۆن شتێکی بۆ دەکەم. (گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و تەلەفۆنی راستەوخۆی هەڵگرت): گەورەم پـیرە هەژارێکی کورتەڵەی سەر رووتاوە و پێخواسی جلشڕی سەیر هاتووە شتێکی بـدەینیێ. وادیـارە زۆر بێچارە و نەدارە بۆیە خۆی دەکاتە مامی میرم... جەنابتان.". پاسەوان بە هێمنی ((پێشی بلێ بە پاڵدانیش ناڕوات، دەکرێت لـە ژوورەوە یـا بـە بەرچـاوی خەڵکـەوە دارکـاری بکـەین؟ هەرچەندەی دەکەین وازناهێنێت، لە دڵەوەش خۆی بـە بـاوکی راسـتە قینـەی تـۆ دەزانێـت!)) "بەرێزتان چ فەرمانێك دەفەرموون!".

جەنگیز خۆی لە دەست پاسەوان دەردەکرد و بە مکوڕییەوە دەیگـوت: " تـە تـە تـە تـە تەلەفۆنەکە بدە بەمنیێ! بز بز بز بزانم ئەم بیژووە...؟".

گەورەیان لە ژوورەوە لێوی خۆی گەستەوە، نەختێك بیری کردەوە: بانگی ژوورەوەی بکەم و خۆی لیێ نەنـاس بکەم؟ بە بەرچاوی ئەمانەوە ببینێنم و ئەو ئـابڕووم ببـات و بڵێـت ((بـاوکتی دیار و شەهید نەکراوتم؟)) (ئەو کات دەنگی تەلەفۆنەکە دەبیسترا، بـە سـاردییەوە): "خـاتوون ئەمڕۆ شتێکی بەردەستی بدەنیێ ناوونیشانەکەی بۆمن وەبگرن دواتر چارەی... مەبەستمە بلـێم لێیدەکۆڵمەوە و بەگوێرەی بارەکەی و بە پێی پێویست باروبووی[321] دەکەم."

جەنگیز گوتەکانی ناخۆرەی بیست و راسپاردەی پیرە ژنێی هاتەوە یاد. لە مەبەستی دڵـی ناخۆرەیش گەیشت. بە رەنگی هەڵبزڕکاوەوە لەقەی لە زەوی دەکوتا و دەستی دەوەشاند: "مـن من من من تا تا تازە، ئیێ ئیێ ئیێ ئیێ ئێستا، هە هە هە هەنووکە لە هە هە هەندەران گەڕامە،

---

٣٢١- بـاروبوو کردن: یارمەتی دان، دەستگرتن.

هێ هێ هێشتا شوێنم نا دیار، که که که له شوێنێك جێ جـێگیر دەبم، ئـەو ئـەو ئەوکاتـە سەردەدەمە لاتان. (بۆ ئەوەی پتر نەناسرێتەوە دەستی پانکردەوە و بە پاڕانەوە) من من من من لە ئەوروپا هاتمە، ئەو ئەو ئەوە ئەوەی خانمەکەی من، دەیدات بەمن، بب بب ببێتە بەڵاگیڕەوەی جوو جوو جووا جوانکەڵەیی.".

جوانکیلە دەرگای خەزینە چکۆڵەکەی کردەوە و سەری بردە ژوورەوە، بڕە پارەیەکی ژمارد. دەریکرد، خەزینەکەی داخستەوە و لـە مێزەکـەی وەرسـووڕا و دراوەکـەی نایـە دەسـتی، بـە زەردەوە: "خۆ یەکەم جار بە سووك و ئاسانی داوای یارمەتیت بکردایە، نە خۆت و نە ئێمەشـت هێندە هەراسان دەکرد.".

لەو کاتەی جەنگیز پارەکەی دەخستە پانتۆڵە کورت و تەڕەکەیـەوە، پاسـەوان بەگاڵتـەوە: "مام جەنگیز ناوی ئەوروپاییت چیە؟".

جەنگیز: "ناو ناو ناوم تەیموور بەگ، هەندێك برادەر بۆ خۆشەویستی بە فیڕ فیڕ، (فـیڕۆ فێنگۆ) بانگم دەکەن.".

پاسەوان بە دەمی بەشییەوە: "مام فیڕ فیڕ فیڕفیڕە فینگۆڵ، لەوێ ژن و منداڵ و جێگـە و ڕێگەت هەیە؟ کار و بارت چۆنە؟".

جەنگیز: "یە، یە، یەس، پێ پێ پێش بیست و یەك ساڵ یەك باخ زۆر گـەورە، گـوو گـوو گوڵ... میوە...کە کە کەپر سە سە سەکۆی دانس و گۆرانی و شا شـا شـانۆ... گـۆ گـۆ گـۆم مەلەوانی... ئێ ئێ ئێمە چوار ژنی جـوان، چ چ چـوار سـەگ بـە قیمـەت، چ چ چـوار پیـاوی سەرڕەش عەیار نیو داشت، بە نۆ نۆ نۆرە دەگۆڕین.".

پاسەوان: "پلە و عەیاری پیاوی سەرڕەش چۆن دەزانن؟".

جەنگیز: "من من منداڵ پلە یەکەم، ژن دووەم، سە سە سـەگ سـێیەم، پیـاوی ئـەورووپی چوارەم، مە مە مـەیموون و پێنجـەم-ا، پ پ پشـیلەش پێنجـەم- ب، پ پ پیـاو سـەرڕەش شەشەم، بە بە بەڵام لە ماڵ ئێمەدا، من من منداڵ و پیاو ئەورووپی و مـەیموون نییـە، بـۆ بـۆ بۆیە ئێمە پلە سێ، نیوداشت...".

پاسەوان "ئەدی عەیاری پیاوی سەرڕەش لای ژنانی ئەولا؟".

جەنگیز: "مە مـە مەقبـــووله، لا لا لاوێکـی قـــۆز و چ چ چـــوارشانه، رەشـئەسمەر و زمانزان بیّ، عەیار بیست و یەك.".

پاسەوان: "مستەر فیڕفیڕە! ئەدی عەیاری ئافرەت چۆنە؟"

مستەر: "جوو جوو جوان و جحێڵی ئەوان هەم عەیار بیست و یەك، ئاسـیاییەکان لـە لای سەرڕەشان هەژدەن، بەڵام ژنانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە تایبەتی تایلاند و دەوروپشتەکەی لە لای پیرەپیاوانی خۆرئاوایی عەیار چل و دوو.".

پاسەوان: "مستەر ڤیڕڤینگ! ئاخۆ ئەتۆ لە دەرەوە لەگەڵ کوردانی پەڕاگەندە پشـتیوانیتان لە دۆزی ڕەوای کورد و کوردایەتی کردووە؟ کورتەی چالاکییەکانت؟".

ڤیڕ ڤینگۆ: "لە لە لە پێشدا کار من لە دەرەوە: بەراز ئالیکدان و ما ما مانگا شوشـتن و کل کل کلینەری شوقەق و نەخۆشخانە بوو. لە باخی گەورەی شارەوانی کارکردم، تـا چـووم بـۆ ڤیلەی میس (...) بە بە بەڵام ئەوکاتەش شا شا شانازی بە کورد کردم. لە لـە لـە بـان مێـزی مەی، لەناو خەڵك، بە ئاشکرا ناوی کورد بردم، باسی کورد کردم. لە لە لە جەژنی سەری سـاڵ دانس کـوردی کـردم... لە نەورۆزدا گوێم لە گۆرانی کورد گرت، شـایی کوردانـە مـن کـردم. کفتە و دۆڵمە و نانی کورد خواردم. ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد، گـوتم. نـەورۆز سـاڵی تازەیە بە دەنگی بڵند لە ناو کوردان گوتم... کوردانی دەرێ نەبوونایە ئێـوە نـە نـە نـەدەمان، ئەمڕۆ...".

پـاسەوان: "نەتگوت ئەتۆ بۆ خۆت چەند تووله و ژنەکەشت چ جۆرە سەگێکی هـەیە؟".

ڤیڕڤینگۆ: "ئە ئە ئەدی. گوتم: چوو چوو چوار ژن، چوار سـەگ، چـوار پیـاوی سـەرڕەش، ناوی سەگەکانیش ((های لیّ لۆ، هێی کیۆتۆ، ئۆی سایکۆ... سـەلیمۆکۆ))یە.".

سکرتێرە تاکو ئەوکات پـڕ بـە دڵ پێدەکـەنی و زاری وێـك نەدەهاتـەوە، کەوتـەوە قسـە: "هەیەڕۆ ئەوانیش سەلیمۆکی سەگیان هەیە!؟ هەر سەلیمۆکەکەی خۆمان نـەزانێت دەنا.".

جـەنگیزیش تـا ئـەوکات لەگـەڵ ئەوانـدا خـۆی لـەبیرکردبوو، بـەڵام لەگـەڵ گـۆکردنی (سەلیمۆکی)، (ناخۆرۆکی) پیرەی کوێری بیرکەوتەوە. لەشوێنی خۆیدا سارد بوو. بێـی دەرفـەت خواستن، بە خێرایی گەیشتەوە سەر هەگبە و پێڵاوەکانی.

جەنگیز بەدەم رۆینەوە ئاوڕی لە دواوەی خۆی دەدایــەوە، لەبــەر خۆیــەوە دەیگــوت: "وای باوکە، میر، ماڵ و میراتی زۆە. ئەگەر بفەوتێت، ئێمەش بە پشکەکەی خۆمــان خــەنی دەبــین. دەبمە پاشــا. لە دادگادا دەیسەپێنم من بــاوکی راســتەقینەی ئــەوم. ئەمــە روون و ئاشــکرایە، کەس نکــۆڵی بــۆ نــاکرێت، پیرەژنیش دەمناسنەوە و راستییەکە دەزانن... دەم و لووتیشی لــە دەم و لووتی من دەچێت، کۆمەڵەی خوێنیشما یەکە. وای باوکە لەم سکرتێرە نازدار و نیانــەی! چەند شەوێك لە باخەڵی بخەویت!. ئەگەر ئەو لەناوبچــێت... ئەوکاتــە دایکــە نـــــادیارەکەشی پەیــدا دەبێتەوە، هەینیّ وەك خاتوونی نازدار و ناســك و نیــان فــەرمووی: منــیش لــە دایکــی دەپــــرسمەوە.".

چوار شەوان جەنگیز لە ئوتێلێکی ئاسایی لابەلای نەختێك دوورە باژێڕ مایەوە. دەیزانی بــە ناو ناناسرێتەوە مەگەر... لە ئێوارەی سێیەمدا، دوو رۆژنامەی پەرپووتی بە زمانی ئینگلیــزی و کۆنە کۆمپیوتەرێکی باخەڵی لە سەر مێزی ژوورەکەیدا دانــابوو. ســنگەگولە بــە دیاریانــەوە خۆی تەنیا کــردووە و وەســتاوە و بــە دەنگێکــی کــزەوە: "تاکــەکانی کۆمەڵگــەی رۆژهــەڵات داخراون. نەگەڕ و نەبینیون. شەو و رۆژ بە دوای ورگیانەوە راکە راکەیانە. ملیان بە نــۆ بیــوران نابڕێتەوە و تریشیان بە دە تەورداسی تیژ نابڕێت. بەرغەبابە و بەرگــەردنیان گۆشــتی ملــی دوو کەڵی ئەوروپایی پێوەیە، بەڵام ساڵانە دوو ژەم دەرخــواردی کەللــەی لــە برســا وشــکبوویەوەیان نادەن!. رۆڵی ئەنتەرنێت و رۆژنامە و سیمینار و ریکلام و پابەند بــــوون بە یاسا و مافی مرۆڤ، خاوێنی پاراستن و بایەخی ژینگە و ئینفۆڕمێشــن[٣٢٢]، بەرنامــەی کــار و کاتــەکانی (رێســت و ســـپۆرت) و ســەیران و گــەڕان و تراڤلــی دەرەوە و خوێندنــەوە و چــاڵاك کردنــەوەی جەســتە و زاخکردنەوەی مێشك هەر نازانن چییە!... لە کاتێکدا ئەم بێسەرانە لێرەدا بەرسنگی یەکــدیان گرتبوو و دەستیان نابووە بێنەقاقای یەکدییــەوە، بــە حــەزەوە یەکــدییان دەکوشــت، ئێمــە لــە هەندەران کوردایەتیمان بۆیــان دەکــردن. ژیــان و نــان و گیــانی خۆمــان بــۆ ئەمانــە دەخســتە مەترسییەوە. لەویّ هەموو شتێك بە پێی کات و تەمەن رێکخراوە. هەموو شتێك رێکوپێــك و خۆکارە. لێرە کێشەی ئــاوی خواردنەوە و شوێنی ریتن و وەرکەوتن و دەرکەوتن و هاتووچۆشــیان

٣٢٢- ئینفۆڕمێشن: زانیاری.

بۆ چارە ناکرێت! لەوێ یاسا سەروەرە، سەگ و مەیموون و پشیلە و مشکیش لە یاسا دەرناچـن. (لەم ساتەدا کارەباکە دەکوژێتـەوە)... بـە دەنگـتر لـە تاریکیـدا: فـەرموو! ئەمـەش بووەتـە کێشەیەکی بێچارە. ئێمەش بۆ ئەم ورگن و خەواڵوانە، بۆ ئەم گەدگنە زەغەل و تەوەزەلانە، بـۆ ئەم دەمە بێگوێ و بێچاوانە، خۆمان دەخستە سەر خەنجەر. هێی هێی... ((کـێ کـردی و کـێ بردی؟) ئێمە نەبووینایە، کێ دەنگ و رەنگی ئێوەی لـە هەنـدەران دەبیسـت؟ کـێ ئاگـای لـە قڕکردن و بنە بڕکردنتان دەبوو!. ئێستاش کە لە دەربەدەری و قوڕبەسەری دێینەوە گاڵتەمان پێ دەکەن. ئێمە لە هەردوو لایان دۆڕاوین، هەردوو لایان بە چاو چرووکی دەمان بینن. بڕوامان پێ ناکـەن، کەچـی دەبوایـە هـەردوو لایـان بەشـانازییەوە خۆیـان بـە مـەمانان هەڵکێشـابوایە. ئەوکارانەی لەوێ، ئەوان بۆیـان ناکرێـت یـا هـەر نایکـەن، ئێمـە بۆیـان دەیکـەین. ئێـرەش، خەڵکێکی رۆشنبیر و شارەزای ئەوروپا و جیهانی پێشکەوتوو، نوێ زان و ئامادەکراوی دێتـەوە بەردەست. پێویستە بە مەمنوونییەوە کارە گرنگەکانی بـەڕێوەبردنی وڵاتیـان بدرێتـە دەسـت. نازانم! من لەوەتەی هەم لەم وێرانەیـەدا هەمیشـە شـتەکان ئـاوەژوون، هەمیشـە هـەر سـەراو کنگن، کلکیان بە تەوێڵیان وەیە و چاویان لە کنگیانە".

جەنگیزی سەگسار لە ترسـی نۆبـاوکی کـوڕی، سـەر و ریـش و سمێڵـی پـاك دەتراشـێت و باڕووکەیەکی رەش دەکاتە سەری و تەسبێحێکی دەنك درشتی سەد و یەك قڵی دەکاتـە ملـی و کورتـەك و شـەرواڵێکی بـۆر و گـەورە و شـەپڕێو دەکـــاتە بـەری، بـە کڵاوێکـی کوردانـە و مەندیلێکی سپی سەرەکەی نەختێك دادەپۆشـێت و خـۆی لـە گۆڕسـتانی کـەنار شـار حەشـار دەدات. پیس و چڵکن، سینگوڕك رووت. خۆی بە شێت دەنـوێنێ. لەگـەڵ کتکـان چاوشـارکێ دەکات. چەندین جاریش گۆڕهەڵکەنەی[٣٢٣] وشت وشت دەبینێت گۆڕەکان دەکۆڵن: "ئـەی خـودا بە پشیلەکان کەیفساز بووم دەمگوت مشك و ماری گۆڕستان دەخـــۆن، ئەدی چـی لـەم گـوێ مووت و کلك ئـەستوورانە بکەم؟ ئەمانە هێسکیشت دەخۆن.".

هەرچەندە جەنگیز نەیدەزانی نوێژ و دەستنوێژ گرتن چین، بەڵام چوار گـۆڕی نـوێ و جـوان و چاك هەڵندراوی نیشان کردبوو، لە رۆژانی چوارشەمە و هەینیدا کەس دیار بوایـە یـا نـا، وای

**٣٢٣- گۆڕهەڵکەنە: کوڕەبەشە ،گیانداریکی کلکەستوورە، لە پشیلە گەورەترە، گۆڕی نوێ هەڵدەکـەنێت و گۆشـتی تەرم دەخوات.**

دەنواند کە لە ژێر لێوەوە قورئانیان بۆ دەخوێنیێ، پیرە ژنی دیکـە بانگیـان دەکـــرد: "دەلـووە وەلی! بە خێری مردووت یاسینیك بۆ مردووەکەی ئێمەش بخوێنە! کرێت دەدەینێ.".

وەلیە دەلوو وەلامی نەدەدانەوە.کە خاوەن گۆڕە هەڵنراوەکان بەمەیان زانی دەلـوو تیکـەی وشکی بوو بە ناسکەنان و هەرمیشك.

وەلییە دەلوو لە بەرە خۆیەوە: "وا باوبوو، باوکە ئەوروپییەکان بەرامبەر منداڵەکانیان بێ-بەزەیی و کەم سۆزن، خۆم بینـیم وابـوون. کـە لێـرەش بـووم دەمبینـی کـوڕانی ڕۆژهـەلاتی، بەردەستی دڵسۆزی دایك و باوکانیان بوون، دەیانکردنە پشتیان، بە نەخۆشی و بـەبێ نەخۆشـی بە دیاریانەوە دادەنیشتن، کنگیان دەشوشتن. بەوان بوایە خۆیان لە جێگەی پیرەکانیان بنێـژرێن، نەك ((سەری گەورەیان)) بمرێت... کەچی من لە ڕۆژئـاواوە بـە دڵـی پـڕ سـۆز و خۆشەویسـتی هاتوومەتەوە لای کوڕەکەم، ئەویش بۆ خواردنی خـوێنی بـاوکی بـە نـاو شـەهیدی، دەیـەوێت بمفەوتێنێ. لەترسی کوڕی ڕۆژهەلاتی بە ویستی خۆم هانام بۆ گۆڕستان هێنـاوە. چـونکە دەزانم ناخۆرە و پیاوەکانی بە زندووەتی بەلای مزگـەوت و گۆڕسـتاندا نـاڕۆن... باشـە کولـەوەیباب! ئەگەر تۆ نەتبوایە و من هەمبوایە هاوکێشەکە چۆن چۆنی دەبوو؟. گوجیلـە گـورگ، ئـەتۆ زۆر چاك دەزانی ئەمن باوکتم! دەبێت دنیا بزانێت کوڕی کێیـت و باوکیشـت زنـدووە! لـە ونگـەدا سەری هەڵداوەتەوە. لە پێشدا قەوارەی خۆتت پێ پیشان دەدەم، ئەوجا بە پیلانـی ئەوروپاییانـە. نا نا وەك فیلمە پۆلیسـییەکانی ئیجاساکریسـتی، وەك خەیاڵییـەکانی لـە هۆلیـود دەردەچـن، چارەت دەکەم. هەر خودا خـۆی دەتناسـێ، لـە سـێ ژنـان بێچـووە مەیموونێکیشـت پـێ ڕەوا نابینێت. ئەو میرات و ناودەنگەت هەر بۆ جەنگیزی جیهادکار باشە.".

چونکە میر تەیموور (جەنگیز) لـە دەرەوە کـەتنی گـەورە گـەورەی کردبـوو، بۆیـە کـەلکی گەڕانەوەی نەمابوو. بە دوای پلانـی فـەوتانی نـاخۆرە و مـیرات و شـوێنگرەوەی ئـەوبوو. بـە نەهێنی وێڵی دۆزینەوەی دەستە پیاوێکی بکوژی تاوان پیشەو و کڕینی چـەکی ریـز و سـووك، دانانەوەی پلانی تۆکمە و کەسنەکردە بوو.

لە ملایشەوە میر ناخۆرە هەمیشە گیرفانی پڕ دۆلار و جانتای پڕ دیاری جۆراوجۆری بەنرخی بۆ پیاوان و خشڵ و جل و بۆنی ژنان و منداڵان، سویچی ئۆتۆمبێـل و کلیلـی شـوقە و خـانووی نوێی لە ژێر دەستدابوو. وانەکە کـەمتیار و هێسـکە پەپووسـلێمانە و جگـە گورگیشـی لـەبیر

نەدەکرد، بە پێی هەلوێست و خواستی بەرژەوەندی، هەر یەکەی لە کات و شوێنی خۆیدا بەکاری دەهێنا. بە شانازییەوە لە لای چەند کارمەندێکی گوتبووی: "خەڵك زەکات دەداتە پیرە کەر و گوێرەکەی لەڕ و لاواز. من بە چارێگی زەکاتەکەم زلانی ورگن و یاساکان دەکەمە پێم.".

ناخۆرە لە کۆڕی بادەنۆشیدا لەگەڵ هاوکارانیدا دەڵێ: "براینە، پێشتر کەمزان و چاو بەستراو بووین، بۆیە لە کەنار رووبارەکانماندا ئاومان بە ناعوور، لە کۆل و بیر بە کندر و دەولك سەر دەخست. بەڵام کارەساتەکەی ئێستای سەردەمی ئامێرکاری جیهانگەریمان لەوەدایە رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر کۆڵ و بیر ناسن، هزرکورت و بەرچاو تاریکن، هەر دەستگێڕ و دێوەرەی بێ پێوەرن... پاسەوانانی مێگەل، نێرییانی شاخدار و زەنگوڵ لە مل، چەشی بەدنمەك و بێ ئەمەکن، بەدەست بیانی و دژخوێنانمانەوە جۆکەرن... جۆ و کەری گوێ شۆڕ و بارەبەر و کارەکەرن. هەرچەندە زۆرینەیان پەردە و پەنا پەردە دەبینن، بە چاو نوقاویشیانەوە کاغەزی سپی دەخوێننەوە. سەرە بابەت ببینن سەرلەبەری نێوان دێڕەکان هەڵدێنن، بەڵام بۆ پڕکردنی گەدە و گیرفان، بۆ پڕکردنی خۆیان و قڕکردنی هاوەڵ و بەردەستانیان، چاو دادەخەن. پێ دەخەنە سەر حەز و ویست و پەیام و پەیماننامەکانی رابردوویانەوە. پاشگرن[٣٢٤] بە دڕییەوە بۆ خێوی خۆیان دەچن. خوێنی گەشی خۆبەختکاران، گیانی شەهیدانی شکۆدار، دەکەنە پوولی پۆستە، بیللی و کیللی بەڵفە و دەرچەیان. چلەی زستانی ساردکردنەوەی یەکدی، بەهاریانە، دەزەڕن و دەزۆڕن[٣٢٥]. ئەوان یاریزانی گانگۆڕکێ و بازرگانی بزرکارین، بەڵێندەری بێبەڵێن دەرچوون...".

سەهۆڵی ناو بەرداخی کۆکتێلەکەی سووڕاند، لەبەر خۆیەوە چڕیۆیەکی کرد و هەڵی قۆڕی. بە زمان، دەم و لێوی لستەوە، بە گرانییەوە گوتی: "دەوجا ئاو بێنن، خاوێن باتۆیان بشۆن!".

---

٣٢٤- **پاشگر: سەگێك بەدزی لە پاشەوە خەڵك بگرێت. کەسێك بە نەهێنی دەست لە گەورەکەی خۆی بوەشێنێت.**

٣٢٥- **دەزەڕن و دەزۆڕن: زەڕە بۆ نێرەکەرە و زۆڕەیش بۆ دێرەکەر.**

## ٢٣- یاسای هەموارکراوی بازاڕ

(ئەسرین خەمزەدە)ی دایکی (راستان رابین)، لە لارا بیستبووی، مام هەژی پیاوێکی راستکار و رەواویستە، گوێ لە قسەی دەگیرێت. بۆ دامەزراندنی راستانی کوڕی، لەگەڵ ژنێکی خزمی دەچێتە لای. داوای لێ دەکات، ئەگەر بلوێت ئیشێك بۆ کوڕەکەی بدۆزێتەوە، بەڵکو نانێکی ئاسایی بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی دابین بکات. هەژی، بە ناودەنگ، خەمزەدە و شەهید رابوون (رابین)ی هاوسەری دەناسی. سەردێنێ و سەر دەبات، چارەیەکی بۆ ناکرێت. حەزی دەکرد ئەم ژنە شەهیدە داوای گیانی بکردایە، سووك و ئاسان دەیخستە دەستی، بەڵام... بە هەستێکی خنکاوەوە: "خوشکی شیرینم لێتەوە دیارە رۆژ بە رۆژ پتر کێش کەم و بێ سێبەرتر دەبم. حەزناکەم... بەڵام بۆتۆی سووتاوی رووسووریی، خێزانی شەهید و دایکە هەتیو، دەبێت خۆم رەشبکەم و پێ- لە ئابرووم بنێم".

ئەسرین بە پەرۆشەوە دەیڕوانییە دەمی پیرە و چاوەڕوان بوو ئەویش وەك ئەوانی دیکە پێی بڵێت: "زووتر هاتبایت ئاسان بوو، بەڵام ئێستا لە بەختی تۆ هیچم بۆ ناکرێت. لەبیرم دەبێت. بڕۆوە خوا گەورەیە. هەر هەندکۆکەکم پێبکرێت، بە چاوان بۆتۆی دەکەم.".

دوای بەینێك رامان، مام هەژی، (گەنجۆ گراوی) بە ناو خوارزای (ناخۆرە نۆ باوك)ی بیرکەوتەوە. ئەو ئێستا لە پۆلیسدا گەورە و دەسترۆیشتووە. بەزاری خۆیشی لێی خواستوە: "هەر کارێکت بەمن بکەوێت بۆتی پێکبێنم، بە چاوان بۆتی دەکەم، بە گەورە بوونی خۆشمی دەزانم.".

هەرچەندە مام هەژی زۆر لە دڵی گران بوو، پەیوەندی لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە هەبێت، بەڵام بۆ خۆی نییە و بۆ زارۆکی برسی و تێنوویەتی. بەنا بەدڵییەوە "خوشکە ئەسرین کوڕەکەت تا چەندی خوێندووە؟".

ئەسرین بەهەناسەیەکی خۆشەوە: "قوربان بەخۆت دەزانی لە ترسی هەڵاتن و خۆ وەشاردنێ و ئەمدیو و ئەودیوکردنێ، شەشی زانسی بۆ تەواو نەکرا. دوو پۆلی لە هەولێر بە کوردی و پێنجی بە فارسی لە ئێران و چواریشی بە عارەبی لە باشووری ئێراق لە (دیوانیە) بڕیوە،

هەرچەندە زۆر سەخت بوو و دوارۆژی خۆی لەسەردانا و لە شەشەکە سەر نەکەوت، بەلاّم چوار زمانان (کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی) بە نووسین و بە گوتن دەزانێت. لە کارکردنیشدا دڵسۆز و دەستگەرم و خۆکوژە. چی بکەم و روو لە کێ بنێم؟. خۆزگە ئیشێکی نەخوێندەوارانی دەبوو، بەلاّم هێندە لە برسانا بێبڕست نەدەکەوتین!. چەندەی لە بێکاریدا لەولا و لەملا بسووڕێتەوە ئەوەندەش مالّوێران و نزیکە بەلاّترە. لە جەنابتان دیارە لەم ولاّتەدا، ئەگەر گەورەی مالّێ خۆی کردە قوربانی خەلّکی، ئەوا خاو خێزانیشی دەکەونە ژێر پێلاّوی بۆرە پیاوان.".

هەژی بە دلّێکی پڕ بەزەییەوە: "چاکە، لە پێشدا هەولّدەدەین ببێتە پۆلیسی هاتووچۆ، با بۆخۆشی هەولّبدات شەشەکە تەواو بکات، بەشکە ئەو کاتە خولی بەهێزکردن و پلە بەرزکردنەوەیان بۆ دەکرێتەوە، ئەو کاتە ئەگەر ماین ئەوا... ئەگەر ئازابێت ئەوا ئەستێرە دەخاتە سەر شانی خۆی". ئەسرین ویستی پێلاّوەکانی ماچ بکات بەلاّم ئەو نەیهێشت و سەریشی ماچکرد.

خەمزەدە لە مالّەوە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات: "راستان کوڕم! گفتم لە کۆنە ناسیوێکمان وەرگرتووە لەگەلّم بێت، بۆت بچینە لای پیرەپیاوێکی بەویژدان و دەستڕۆیشتوو. پەنا بەخوا بەلّکو لە پەنایەك داتبمەزرێنێت. ئەگەر خواکردی و کرا، ئەوا دەبێت چاپووك و چاوکراوەبی، نابێت من و پیاوەکە زمان کورت بکەیت.".

راستان کوڕێکی سادە و دلّپاك و خۆشباوەڕ و کارایە، بەلاّم تەوێلّ رەش و سەربەگۆبەندە. ئەگەر نەلّێین لە دوو پەلکەییەوە، ئەوا لەوەتی لەبیریەتی، نە حەساوەتەوە. بە تێری ژەمێکی باشی بە ئارامییەوە لە مالّی خۆیاندا نەخواردووە.

درەنگی شەوە، راستان لە مالّی مام هەژی دانیشتوە، پیرەپیاو: "راستان گیان! کاکی باوکم! لە یادم ماوە. باوکت لەگەلّ مەردە تێپەڕیوەکانی دیکە، لە بەهەشتدا دلّ ئارام بن. لەگەلّ هەموو رەتبووەکانی بەر لە ئێمە بکەونە بەر بەزەیی یەزدانەوە، نوقمی دلّۆڤانی گەورەی گەوران بن. دەیانفەرموو: ((ژیان ململانێیە!. مەزنان، ورە بەرزانی تێربڕوا، رووەو هەوراز هەلّدەزنێن، وادەبێت لە رێگەدا بگلێن، بکەونە خەرەند و بە شکۆمەندی سەربنێنەوە. یا تۆکمە و بتەوتر رابن و پێدا هەلّبچنەوە. بگەن یان نا، هەرگیز نابەزن، بیریش لە خۆشی نشێو و

لێژبوونەوەی خۆشخوری ناکەنەوە. کەچی تەوەزەلانی زلحۆ، چلێسـانی سـکن، زلکـوێرانی ڕۆژ و سەردەم، یەکباد و دوو ئاخورِ و سێ هەلۆێستان، بەرگەی تەقلَ و تەقلەی تەوژمی گـەردەلوولی گەرمی ڕۆژگار، زریان و بەستەڵەکی یەلدا ناگرن. لێناگەرێن شـانیان گەرمـدابێت و هەنیـەیان تەربێت، کە سەربەرەوژێر، لێژاولێژ دادەگەرێن[٣٢٦])). ئەتۆش کە کورِی باوکتی و بـرازای منـی، دەبێت لە ڕێچکەی ئەوان لانەدەیت. ڕۆژەکەی تـووشە[٣٢٧]، بـۆ ئەوەی تووشی بەدبەختی نەبیت، توند و تۆڵ و چاوکراوە و خۆ پارێز بە. ئاگاداری نانی مندالەکانت بـە!. چـونکە خێزانـدارێکی نـەداریت، دەبێـت هـەر شـتێك پەیوەنـدی بـە خۆتـەوە نـەبێت پشـتی تێبکـەیت!. ئەگـەر کێشەیەکیشت کەوتە پێش، ئـەوا خـۆگر و پشوو درێـژ بە، کە زانیت دەروەستی نایـەی، ئـەوا زوو من و دایکت ئاگادار بکەوە.".

راسـتان لـە مـاوەی ڕاهێنانیـدا زۆر بـە چـالاکی و بـە وردی کارەکـانی ئـەنجام دەدا، لـە مامۆستاکانی دەبیسـت: "دەبێـت لـە خۆبەخشـیدا، گیانبـازی بێنموونـەبن. دەبێـت نموونـەی یاساپەروەری و ڕێساپارێزی بن. ئەگەر ماف بەدەسـت و ڕەواکـاربن، ئـەوا هـەرگیز لـە کـەس نەترسن. لە هیچ مرۆڤێك سلنەکەنەوە. جیاوازی لە نێوان دەسەلاتدار و بێدەستان، لە شـەقام و لە مافی گشتی و لە بەرامبەر یاسادا نییە. بۆ ئەوەی لێکاولێـك بـزانن یاسـا سـەروەرە و لـە سەرووی هەمـوومانە، دەبێت ئێوەی خوێن گەرم و لێهاتوو و ولاتپەروەر، نموونەی هـەرە بـەرزی ڕەواکاری و سوونبولی یاساپارێزی شارەکەمان بن.".

... ... ...

((پیشانگەی شێرزاد بۆ فرۆتنـی جلـی خانمـان)) ڕێـك بەرامبـەر سـێرِیانەکەی باشـووری خۆرئاوای قەلاتی هەولێرە، ڕاستەوخۆ، بەرلەوەی بگەیتە ((بات))ەی پێشان، لە نزیـك شـوێنی پەرینەوەی پیادەرِۆ و تێپەرِین و پێچدانەوەی ئۆتۆمبێلەکانە. دوو دەستەژنی بـالا پـۆش دەچـنە ژوورەوە. ڕوودەکەنە کاك شێرزاد: "کاکە گیان پێرێ ئەم بلووزەمان لە تۆ کرِیوە، گوتـت لەبـەر یەك ناچێ و ڕەنگیش ناداتەوە. خزمێکمان کتومت لەمەی تۆ، هەر لەتۆشـی کرِیـوە، بەیەکـەم شوشتن ڕەنگـی چـۆتەوە و چنینەکەیشـی بووەتـە پەتـەی ڕووت. وەك کـورِێکی بـاش لێمـانی

٣٢٦- دادەگەرێن: نشێو دەبنەوە، سەربەرەو خوار دەبنەوە.

٣٢٧- تــــووشە: سەختە. نزیکە بەلایە.

وەربگرەوە و نرخی کڕینەکەی (مایەکەی) مان بدەوە، ازانجی فرۆشتنەکـەی خـۆتی بە حـەلاڵی لیّ دا بشکیّنە.".

شێرزاد بە چاوزەقییەوە: "ئەم بلووزە لە من نەکڕاوە. بـڕوانن لـە دوکانەکەمـدا ئـەم جـۆرەم نییە، من خۆم شەرمەزار ناکەم، شتی وەها تخلیت[٣٢٨] نافرۆشـم، دوکانەکـەم بـە پـارەی ئێـوە حەرام ناکەم.".

ژنە بە تەمەنەکەیان: "کوڕی باش! ئەو کاتەش گوتت زۆر نایابە و تەنیا ئەمەیانت مـاوە. (چاوی گێڕا، دەستی درێژکرد) ها لە شوێنی ئەم هەناریيە داتگرت.".

شێرزاد: "بە هەڵە چووین! خۆتان شوێنەکە ناناسنەوە.".

ژنەکە: "ئەگەر دەستمایەی کڕینەکشتمان نادەیتەوە، ئەوا شتێکی بـاش و جوانمـان بدەیـە. توند و خۆگر بێت (بە زەردەوە) کاکە پارەشت لەسەر دەدەینێ و گەردەنیشت ئازاددەکەین .".

شێرزاد بە مکوڕییەوە: "دەڵێم لەمنتان نەکڕیوە، لێرەشتان بردبێت! ئەگـەر شـەو و ڕۆژێـك بەسەر فرۆتەنیماندا تێپەڕێ، ئەوا ئێمە فرۆشراو بۆ کەس ناگۆڕینەوە. فرۆتەنی پێرێمان کراوەتـە لیست و داخـراوە، پارەکەیشی کـراوەتە سێ بەش و هـەربەشەی بـەلای خـۆیدا ڕۆیشـتووە".

ژنە: "ئەدی چارە؟".

شـێرزاد: "چارە لای خۆتانە! هەرکەسـێك شـتێك بکڕێـت و تێـر لەبـەری بکـات، دواتـر بیهێنێتەوە و بەسەرمانی دابداتەوە، دەبێت هەمووسان دوکانەکانمان بکەینە لەنگە فـرۆشی".

ژنە بە گرژییەوە: "سەری خۆت و دڵـی ئێمـەش مەیەشـێنە ئێمـە خـوایی و دڵ نـەرمین. لایەکمان لەگەڵ نەکەیت پەژیوان دەبیتەوە!.".

شێرزاد بە ناخێکی لەرزۆك و بە ڕوویێکی بێباکەوە: "لێرە جێی بـێلن چـەندی کـرد بۆتـانی دەفرۆشمەوە، بۆ پارەکەشی ناوە ناوە سەرم لێبدەنەوە.".

ژنەکان بە بلووزەوە دەردەچوون. شێرزاد خەریك بوو بانگیان بکات و پارەکـەیان بداتـەوە، بەڵام کچێکی خڕیلەی سنگ و ران نیوە ڕووت وەژوور کەوت، بێهەڵوەستە چوو لـە شـوێنەکەی شیـّرزاد دانیشت. شـێرزاد سەری لێ شێوا. لە جامخانەکەیەوە ڕوانییە شەقام و خێـرا گەڕایـەوە

---

٣٢٨- تخلیت: تەقلید. خراپ، ناباش. بێکەلك.

لای خرێ و بە هەنجەتی دەستبردن بۆ چەکمەجەی مێزەکەی دەستێکی لە نەرمە رانی رووت خشاند، بۆنێکی بچووکی دەرهێنا. لە دەست کێشانەوشیدا دەستێکی نەرمتری پێدا هێنایەوە. کچە بە سڵییەوە و رانەکانی خۆی بەیەکەوە گوشین و کراسەکەی داکێشا. شێرزاد، ران و سنگ و بەرگەردنی کچەی گوڵاو پژێن کرد. گوڵاو بەدەستەوە سەیرێکی دەرەوەی کردەوە و بە دەم گەڕانەوەوە: "چاك بوو پەیدا بوویت، لە داخی ئەم دوو غۆرێلایەی لەگەڵ هاتنت دەرچوون، وەختابوو دڵم بتەقێت. (لە کاتی دانانەوەی بۆنەکە دەستی لە رانی و ئانیشکی لە سینگی خشاندەوە. بە سازییەوە) نازانم ئەتۆ بەم بۆنە، یا دوکانەکەم بەتۆ بۆنخۆشتر دەبن.".

کچە بە دەم خەندەوە چاوی بە دوکاندا دەگێڕا و گوتی: "بلووزەکەی هەفتەی پێشوو بردم زۆر جوان بوو، بەڵام لێیان ستاندم. بزانم چی جوانترت نەهێناوە؟".

شێرزاد بە گلەمەندی گاڵاوییەوە: "ئەتۆ لەمنی دەستێنیت و خەڵکیش لە تۆ دەبات! بۆ نابێت جارێکیش من لە تۆی بستێنم؟. بۆ هەر دەبێت کردەی من و بردەی (با) بێت؟ ئەتۆ بیبەیت و بەدوایدا بێیتەوە، غۆریلاکانیش بیکڕن و بۆمی بگێڕنەوە! زۆر ناخایەنێت ((قازانج سەری مایە دەخوات.)) دەبێت بچم لە شارەوانی شەش دابمەزرێم.".

کچە بە ناز و گاڵتەکردنەوە: "منیش دەڵێم بۆ هەر بردەی من و کردەی (با) بێت؟. تۆ جیاوازی لە نێوان غۆریلای خەڵك و گوڵ و گوڵاوی خۆت ناکەیت؟". سێبەری تارماییەك لە جامخانەکەوە بەرەو ژوور هات...

... ... ...

راستان چوار پلیتەی لەشانە و لە سێڕیانەکەی بەرامبەر ((پیشانگەی شێرزاد)) ئاماژە بۆ تێپەڕینی ئۆتۆمبێل و پەڕینەوەی پیادەڕۆیەکان بە شوێنی پەڕینەوەیاندا دەکات. دوو مانگانەی وەرگرتووە. بە شوێن و نانەکەی مەمنوونە و بە دڵسۆزییەوە، بەبێ گوێدانە سەرما و گەرما و شەکەتی، ئەرکەکەی دەباتە رێوە. مکوڕە کە دەبێت دایکی و مامۆستا هەژی و بەرپرسەکانی شانازی پێوە بکەن. کاتژمێر نۆ و نیوی سەرلە بەیانیی لاندگرۆزەرێکی نوێی سپی و جام رەشی بێنمرە هات، راستەوخۆ لە پێش شوێنی پەڕینەوە (هێلەکانی پێستەی کەرەکێوی)ەکە رایگرت. دەستە ژنێکی خڕیلە و کیژۆڵەیەکی باریکەڵە و ئەسپە ژنێکی گەنجی لێ دابەزین، کە لە جلك و خشڵ و بۆیەدا دەبریسکانەوە. چەکدارێکی تووند و تۆکمەی جامانە بەسەر، خێراتر، بەر لەوان

دابـەزی بـوو و دەرگـەی بـۆ کردنـەوە. کەوتـە دوایانـەوە. تـا راسـتان لـەو بـەرەوە گەیشـتە ئۆتۆمـبێلەکە، لێخوڕەکەی دەرگای ئۆتۆمـبێلەکەی داخستبوو و دەمانچەیەکی رووتـی دەخسـتە بەر پژدێنەکەیەوە. راستان، بەرپرسی هاتووچۆ بە ڕێزەوە: "کاکی بـرا! شـوێنی راوەسـتانەکەت گونجاو نییە، وەستان لێرە قەدەغەیە. رێگەی پەڕینەوەی خەڵك تەنگ دەکـەیت؟. لێخوڕەکـانی ئۆتۆمـبێلیش ئەو کەسانە نابینن کە لە پەنای ئۆتۆمـبێلەکەت دەردەچن، بۆیە لە وانەیە کیشە و سەرئێشە بۆ خۆت و بۆ من و بۆ خەڵکەکەیش بنێتەوە.".

لێخوڕ بەبێ باکییەکی نیمچە تووڕەوە: "من لە کێشەی خۆم و خەڵك ناترسم! سەرئێشـەی تۆش، کێشەی خۆتە.".

راستان بە سەرسـامییەوە: "بەڕێـز! ئەوە ئۆتۆمـبێلەکەشت تابلۆی نمرەی پێشـەوەی نییە؟".

لێخوڕ بە گاڵتە پێ کردنەوە: "ئەوەی دواوەشی هەر نییە!. دەزانی بـۆ؟ تـا قـازی وەك تـۆ نەقیڕێنیێ و خۆڕا نمرەم نە گرێت!.".

کاکەی پۆلیسی هاتووچۆ، زانی کابرایەکی لووت بەرز و بێمنەتە، بە نەزان، یا بە بەڵایـەکی لابەلا و چاوسووری زانی. لە دڵەوە گـوتی "هەرچـی هەیـە و نییـە بۆخۆیـەتی، بـەڵام نابێـت هاوڵاتی هێندە یاسا شکێن و رێگـەگربێت. ئـەدی کـە جـەختیان دەکـردەوە و دەیـانگوت بـە دڵنیاییەوە ((یاسا سەرەوەرە، یاسا لە سـەرووی هەمـــوانە)) مانـای چـییە. (بـە نەرمییـەکی مەیلە و پاڕانەوە) براگیان بە فەرمانی منی مەزانە! ئەوە ڕێزگرتنی یاسایە! یا ئۆتۆمـبێلەکـەت ببە گەراجەکەی ئەو بەر، یا ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکە و دەرفەتنامەی لێخوڕینەکەتم بدەیە!. ئەگەر پارەدانی گەراجیشت لا ناخۆشە، ئەوا پێی بڵێ کرێیەکەی لە راستان رابـین کاروانچـی وەرگـرە. دەمناسێت!".

لێخوڕ بە تەوسەوە: "بەڵام من دەبینم تۆ نەخۆت دەناسیت، نە هیچ کەسیش!؟ تۆ دەزانـی من کێم!؟ تۆ خەڵکی ئەم شارە نیت؟ چۆن هێندە گەمژە و بێئاگـای ئێمـە نەناسـیت؟ بـڕۆ لـە بەرپرسی بەرپرسەکەت بپرسە. ئەویش لە سێ چوار بەرپرس لـە سـەرووی خۆیـەوە بپرسـێتەوە، ئینجا لەبری ناسین، بە راکردن بێن، داوای لێبـووردن لـە مـن و لـە گەورەکـەم بکـەن. سـەگە هارێکی وەك تۆش راپێچی گرتووخانە بکەن. پێم بڵێ تۆ حەزت لە پەستانەوەیەی سەر شەقامە یا لە بەستانەوەی زیندان؟ ئەگەر وانییە بۆ بەرۆکم بەرنادەیت؟!. دەترسم پتر لەگەڵت پێدا بـڕۆم

دەروەستی خۆم نەیەم، تووشی ئەو گیان ئێشەیەت بکەم کە تۆ لێی دەترسی. من ئەرکم هەیە، ئەوانەی لەگەڵیاندا هاتووم توشی شتێك بن، ئەوکاتە بە خـوت و خاوخێزانتەوە نـابنە نینۆکێکی پەنجەیەکی ئەوان. تاکو دەگەڕێمەوە ئاگاداری ئۆتۆمبێلەکەم بە! دواتریش خـۆت بـۆ بەندیخانە ئامادە بکە. پۆلیسی پۆخڵ! ئەگەر من تەمبێت نەکەم، ئەوا فێرنابی ڕێـزی یـەکێکی لە سەرووی خۆتەوە بگریت!".

راستان: "برا گیان! بۆچی خۆت و منیش ماڵوێران دەکەیت؟ دەبێت بزانین یاسا لە سەرەوەی هەموانەوەیە.".

لێخوڕ بە دەم ڕۆیشتن و بە دەنگی بەرزەوە "من پتر لەگەڵت پێدا ناچم تا ئەو کاتەی پێت دەڵێم، کێ سەروەری کێیە!".

خەڵکێکی ئاسایی و پۆلیسانی دیکەی هاتووچۆ دوور و نزیك دەیان روانیە دیمەنەکە. بـەڵام لێیان نزیك نەدەکەوتنەوە.

راستان لە ترسی ڕووداني ترسناکی لەناکاو و خـەڵك بـوون بـە ژێـر ئۆتۆمبێلـەوە، زۆر بـە وشیاری ئاگاداری شوێنەکەی بوو. بۆ چرکەیەکیش نەدەوێرا بستێك دوور بکەوێتەوە. چـاوەڕوان بـوو بەرپرسێکی باڵایان بە وێدا تێپەڕێت بەڵکـو ئەم یاساشـکێنە تێـك بشـکێنێت و دەیـان لۆتی و بەرەڵای دیکەش پەند بدات.

راسـتان لێخوورەکـەی بینـی لـە کـاتی گەڕانەوەیانـدا توورەگـە نـایلۆنێکی ((پیشـانگەی شێرزاد...)) گەورەی لێواو لێوی هەڵگرتووە، شان بە شانی ژنە کورتەڵەکە دەڕوات و لەو پـەڕی شادییەوە قا قا پێدەکەنن. ژنە بلوزێکی بـە دەموچـاوی لێخورەکـە داهێنـاو دایـەوە دەسـتی. ئەسپە ژنەکەش لە دواوە، نقورچـەیەکی[٣٢٩] لـە جامانـە لەسـەر دا، کـە ئـەمیش بـاری ئـەوی هەڵگرتبوو. هەندێك پارەی خستە دەستی و مەچەکی لە مەچەکی خشـاند، بـەڵام نـەوێران بـە دەنگ پێبکەنن. کە گەیشتنەوە ئاستی راستان، لێخوڕ گوتی: "وا پێدەچێت پاسەوانێکی چاك بوویت، بۆیە ئەگەر بە بەرچاومانەوە دەستی ئەم کیژۆڵەیە ماچ بکەیت ئەوا...". هەر چواریان ئاگاداری کێشەکە بوونەوە. کیژۆڵەکە گوتی: "بەڵام من رازی نیم چونکە من پۆلیسی هاتووچۆم

**٣٢٩- نقورچە: سیخورمە.**

خۆشدەوێت، ئەو مامەیەش شێوەی لە باوکی دەستە خوشکێکم دەچێت، هەر بۆیە دەڵێم: نابێت ئازاری بدەن، یا زیانی پێ بگەیەنن، دەنا منیش قسەتان لێ دەکەم.".

ئەم رۆژە بە شەویشەوە زۆر گران و تەوەزەل لە ژیانی راستاندا تێپەڕی. ترس و دڵەڕاوکێ تەنگیان پێ هەڵچنیبوو. دوودڵ بوو ئاخۆ لە لای دایکی و خێزانەکەی بیدرکێنێ؟ پەنا بباتە بەرکێ؟ ئاخۆ قسەی کچۆڵەکە دەخوات؟ کە کێشەکەی لە دەست دەربچێت، ئەو کاتە چی بۆ دەکرێت؟ بیری لەسەر تروسکە ئومێدێك گیرسایەوە، ئەویش ئەوەیە: بەیانی، دانی ئێوارە نۆرە کاریەتی، پێش نیوەڕۆ دەرفەتی هەیە بڕواتە لای بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان، تێیان بگەیەنێت، ئەگەر لەم جۆرە هەڵوێستانەدا داکۆکیان لێ نەکەن، ئەوا ئەوانیش ناتوانن ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن.

بەیانی کاتژمێر نۆ جلی فەرمی دەکردەبەر. دایکی لێی پرسی "کوڕەکەم! گرژت دەبینم. چییە؟ کات و شوێن و شێوازی کارکردنت گۆڕاوە؟ کارەکەت ناخۆشتر بووە؟.". راستان خۆی دڵخۆش نواند و گوتی: "هیچ شتێك نەگۆڕاوە، بۆ کاری پێویست سەردانی فەرمانگەکەمان دەکەم". کە دایکی چووە دەرەوە گوتیە خەمڕەوینی خێزانی "ئەگەر تا نیوەڕۆ نەهاتمەوە، ئەوا بەهۆی ئەرکەکەمەوە گیراوم. دوێنێ سەگەهارێك رێی پێگرتووم.".

ماڵیان لە گەڕەکی دێرینی جوولەکان بوو، لە شوێنی کارەکەیەوە گەلێك دوور نەبوو.کاتژمێر نزیکەی نۆ و نیو بوو لە سەر رێگەکەیەوە سەری لە هێڵەکانی پەرینەوە هەڵکێشا. بینی دوو پۆلیس و ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە و ئۆتۆمبێلێکیان لەوێ وەستاوە. خەریك بوو لێیان نزیك دەکەوتەوە، یەکێکیان گوتی: "ئەوەتە کاك راستان وا بە پێی خۆی هات.".

راستان لە ژووری بەڕێوەبەرە، سوپاسی کرد کە بە تەنگ ئەوەوەن، سەریشی سووڕما کە چۆن هێندە خێرا ئاگادار کراونەتەوە و هێندەش خەمی یاسا پەروەری و بوێری و کارچاکی ئەویان بووە!

بەڕێوەبەر: "راستان! رانەبی!... وەك دەڵێن لە گێلی و سەرڕەقی و بێڕیزیدا تاکت نییە. کێشە هەر بۆ خۆت نانێیتەوە، بەڵکو ئێمەشی تێوەدەگلێنیت. کوڕم با ساڵێك بەسەر دامەزراندنت تێپەڕیت. نەختێك شارەزای کۆندر و دەلاقەی یاسا ببە. خەڵك بناسە! ئینجا

گێچەڵ بفرۆشە و داوای بەرتیل بکە!. سەد دەستت ماچکرد تا ناوت داندرا. کەچی بە بێباکی و بە بەدکاریتەوە ناچارت کردین لەکار دەرت بکەین، بە تۆمەنی گەندەڵی و ناپاکی بتدەینە دادگا! ئینجا لەوێ چۆن بەرامبەر ئەم شاخەی پێیدا هەڵشاخاویت خۆت دەرباز دەکەیت؟ ئەوە کێشەی خۆتە.".

راستان کەوتە ناورانەوە و گوتی: "من بە پێی یاسای خۆمان داوام لێکرد لە شوێنی قەدەغەکراودا نەوەستێ، ئەگەر کەسێك لە پەنای ئۆتۆمبێلەکەی دەرچووبایە و بکەوتایەتە ژێر ئۆتۆمبێلێکی دیکەوە ئەو کاتە کێشەکەمان گەورەتر و نایاساییتر دەبوو". بە هەموو توانایەوە دەکۆشا بەرێوەبەر تێبگەیەنێت، بەڵام ئەو بایەخی پێی نەدا. دواجار پێی گوت: "ئەم چیرۆکانەت بۆ دادوەر بخوێنەوە. کە ئۆتۆمبێلێك تابلۆی ژمرەی نەبێت و چەکدار بە ئەنقەست بۆ ئاگاداری لە شوێنی نایاسایی لە تەك تۆدا رایبگرێت، تۆش هەندە کەربیت بتەوێت یاسا بیگرێت!؟ تۆ دەستی کاری ئێمە نادەیت. ئێستا ناتنێرمە بەندیخانە، برۆ لە ماڵەوە چاوەڕوانبە کەی دادگا بە دوایدا ناردیت، لەوێ ئەوان تێبگەیەنە.".

راستان بە ساردی هاتە دەرەوە. بە لۆژەلۆژ چووە سەر شەقام و بە تەکسییەك چووە لای ئەو مامۆستایەی کە لە خولی فێرکردندا پێی دەگوتن: "ئەگەر مرۆ رەوا بەدەست و یاسا پەروەر بێت، نابێت لە نارەوایان سڵبکاتەوە، یاسا، سەروەری هەموانە. ئەگەر هەرکەسە و لە ئاستی خۆیەوە بە پێی یاسا بجوولێتەوە، ئەوا وڵاتی ئێمەش بە ئاشتی و ئارامی دەحەمێت.". مامۆستا بە پەرۆشەوە گوێی دایە. لە کۆتاییدا گوتی: "کورم دەبوو بزانی، لە هەموو کاتێك یاسا لە هەموو کەس باڵادەستتر نییە. دیتت بزن و مەڕ نییە! زانیت گەلە گورگ و رەوە کەمتیار و گارانە بەرازە، ئەتۆش خۆتی لێ لادە!. لێیان گەڕێ ((سەری سەگی بە دەمی بەرازی)) .".

راستان: "گەورەم ئەمجارە تێکەوتم، دەربازم بکە، جارێکی دیکە خۆم لە کەر و کەروێشك و کاریلەش دەپارێزم. تکا دەکەم ئەتۆ مامۆستا و گەورەمی، یاسا زانیت، رێگەیەکم... بە گەورەیی خۆتان چارەیەکم بکەن.".

مامۆستا: "ئەوەی کێشەکەتی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە من نازانم لەگەڵ کێ لێت قەوماوە. برۆ ئەوەی بەرێوەبەرەکەتی ئاگادار کردۆتەوە، بیدۆزەوە و خۆت و پیرە دایکت و منداڵێکی

ساوات برۆنە لای، داوای لێبووردنی لێ بکە، بەڵکو دڵی نەرم بێت. ئەو نەبێت کەسێکی دیکە ناوێرێت باسی یاسا و ڕێسا لە ئاستی ئەودا بکات، یا ناوی داد و دادوەر بێنێت. چیت بۆ کرا ئاگادارم بکەوە.".

کە راستان هاتە دەرەوە، نێوچەوانی شەڕخوازی لێخوڕەکەی و هەڕەشەکانی هاتەوە بەرچاو. نەی ویست بچێتەوە پێش چاوی، بە چ روێکیش بچێتە لای مامۆستا هەژی؟ پیرە دایك چی لەدەست دێت؟ بە نابەدڵییەوە رووی کردە بارەگای سەرهەنگ سیلە گەنجۆ گراوی. پاش ماوەیەکی باش پاڕانەوە و چاوەڕوانی و نائارامی توانی بچێتە ژوورەوە، لەوکاتەدا دوو پیاوی تەمەندار و ڕێکپۆش و خاوێنی لە لا دانیشتبوون. راستان خۆی پێی ناساندەوە و کێشەکەی تێگەیاند و داوای بەهاناوەهاتن و دەربازکردنی لێ خواست. ئەویش رووی کردەوە میوانەکان و بە عارەبی گوتی: "فەرموون، ئەمە کاری رۆژانەمانە. گشت گیانی ئەم وڵاتە، بگرە گۆشت و خوێن و هێسکەکەیشی، سەرتاپای گەندەڵی و گرفتە. بەشێکی خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردنە و نایەوێت کاربکات، دوو بەشەکەی دیکەشی خۆی بە خاوەن بڕوانامە و شایستەی کورسی بەرزتر دەزانێت، کەچی گا و گامێش لە یەکدی ناکاتەوە.". بەبەر چاوی میوانەکانەوە، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت: "هەتیو ئەوە بۆ راستانی خزمەنت نیگەران کردووە؟". وەڵامی دەدرێتەوە: "ناماقوڵی بەرامبەر لێخوڕی منداڵەکانی (بەدی مام بەگ)ی کردووە. بۆ خاتری ئەو ویستم کەمێك گوێی رابکێشم و بیترسێنم، بەڵکو کەمێك پەند خواردوو ببێت. مادام تۆ هاتوویتە ناو کێشەکەوە، ئەوا با بەیانی بچێتەوە سەر کارەکەی خۆی، بەڵام تێیبگەیەنە چیدی ئاریشە بۆ خۆی و بۆ ئێمە نەنێتەوە. بەدی مامەیشم بزانێتەوە کە ڕێزی تایبەتی لەلای ئێمە هەیە. خۆت دەزانی ئێمە هاوڕێ و هاونشینی شەوانین. ئەوەی راستی بێت، ئەو فەرمووی: لەبەر خاتری کچەکەم نابێت دەری بکەیت یا سزای سەختی بدەیت، هەر قیچۆکەك بیتۆقێنن.".

گەنجۆ گراوی بە رووێکی خۆشەوە دەڵێتە راستانی: "ماڵمیرات کەس نەما، بەگژ منداڵی (بەدی مام بەگ)ی خزمم دادەچیت؟. مێروولە و فیلت بینوە! خۆت و نێوچەوانت لەگەڵ یاریدەدەرێکی خاڵم (ناخۆرە) لێت قەوماوە. بۆ خاتری گۆڕەکەی باوکی شەهیدت و چاوی مامۆستا هەژی و ڕێزی ئەم دوو خۆشەویستەم، ئەمجارە چارەی کێشەکەت دەگرمە ئەستۆی خۆمەوە، پسوولەیەکی بۆ نووسی و گوتی: با ئەمرۆکەت لە منەوە مۆڵەت بێت، بەیانیش

بچۆوە سەرکارەکەی خۆتەوە، بەڵام چاکەکەم لەبیر نەکەیت! (بە قاقای پێکەنینەوە) ئەتۆش لێمان نەبیتە ئۆپۆزیسیۆن. دواتر لە شێنەیی سەرم لێ بدەوە. ئاگاداری سەر و نانی خۆت بە! ئەمجارە بەخت یارت بوو، جارێکی دیکە هەر هەڵەیەکت کرد، خەم و تاری دەبنە یارت، دەبێت بە پێی یاسای هەموارکراوی بازاڕ، باجەکەی بدەیت و سزایەکەشی بخۆیت.".

کە راستانی ستەم خواردوو و ئازارکێژ لەم سەرمەقوڵانێیە دەرباز بوو، کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ بوو. سەری لە شوێنکارەکەی هەڵکێشا، دوو پۆلیسی دیکە لە جێگەکەی ئەو وەستابوون، کە گەیشتەوەماڵ، کەسیان لەماڵدا نەمابوو.

## ٢٤- پاسەوانی یاسا

کاتژمێر دەی سەر لەبەیانیی رۆژی پێنجشەممەیە، راستان بە تەنها لە هەمان سێریاندا کارەکەی بە ترس و بە دڵسۆزییەوە دەکات، ئەم رۆژە چوار پۆلیس بۆ ئەو دوو خاڵە تەرخان کرابوو. یەکێکیان بە کاری خزمێکی چووبووە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ. دووەمیان چوبوو هەندێك پێویستی قوتابخانە لە دووکانەکانی نزیکیانەوە بۆ منداڵەکانی بکڕێت. سێیەمیشیان بۆ کاری پێویست چووبووە مزگەوتەکەی بەرامبەریان. راستان بە تەنیا هەردوو شوێنی پەڕینەوەکانی (پەڕینەوەی پیادە لەم رێگەیەی لەچاپخانەی مەچکۆوە بەرەو کۆنە شوێنی پارێزگە دەچێت. ئەوەیش لە کۆنە باڵەخانەکەی پارێزگاوە، بەرەو گۆڕەپانی ئاشتی دەڕوات، ((لە نزیك کۆنە بات))ەوە بەڕێدەکرد... لە ناوچەوانی رەشی ئەودا، لەم چرکە ساتەدا هەمان لاندگرۆزەر، یا کتومت وەکو ئەوەی گۆرین، بێتابلۆی نمرە. لە هەمان جێگەدا وەستایەوە. دوو ئەسپەژنی لێ دابەزی. لێخوڕەکە خەریك بوو دابەزێت. راستان گەیشتە پێشی (لێخوڕەکەی جارەکەی پێشوو نەبوو، بەڵام بە رووخسار و بەخوێن لەو دەچوو). بە پاڕانەوە گوتی: "مام لێخوور! قوربانت بم! شوێنەکەت زۆر مەترسیدارە، منیش ئێستا بە تەنیا هەردوو خاڵم لە ئەستۆ دایە... دەکرێت هەشت نۆ مەترێك بکشێیتەوە یا بڕۆیتە پێشتر تا هاوکارەکانم دێنەوە. من بەخۆم چاوم لە ئۆتۆمبێلەکەت دەبێت.".

لێخوڕ هیچی بۆ دانەنا. کە ژنەکان لایان لێ کردەوە، فیتە ژنەکەی پێشتری ناسییەوە، پێی پێدەکەنی.

راستان زمانی بەسترا و لە شوێنی خۆیەوە بووە پەیکەر. روانییە رێگەکەی خوارەوە، بینی ئۆتۆمبێل و پیادەڕۆ تێك گیراون و وەستاون، دیدەدیدی تێکەڵاوی ئۆتۆمبێلان شەقام و قەڵات و بازاڕەکەی هەراسانکردووە. بەڕاکردن گەیشتە ئەوێ و بە پەلە هەندێکیانی بەڕێکرد. چاوی بە رێگەکەی تەك قەڵاوە بوو، ئۆتۆمبێلێك وەختابوو دەستە قوتابییەکی کچ پان بکاتەوە. لە پێشدا چەند هەنگاوێکی بە پەلەی بۆ مزگەوت نا. لای لە کچۆڵەکان کردەوە هاتبوونە

پێشتر. دوو ژنی ڕەوەندی کوردەواری، بنپیلی پیرە پیاوێکیان گرتووە. دادەبەزینــە ســەر هێلــی پەڕینەوەکە. بە ڕاکردن گەیشتە لایان. بە چـاپووکی ئۆتۆمبێلـەکانی ڕاگـرت و خۆشــی لەگـەڵ ژنەکان پەڕیەوە. دیسان لە خاڵی دووەمدا دیدە و گاڵە و هاوار هەڵستایەوە. گەیشتەوە ئــەویّ. لای لە خاڵی یەکەم کردەوە. بینی ئافرەتێك سیّ منداڵی بەدواوەیــە و عارەبانەیــەکیش داژوات دوو منداڵی تێدایە. چاوی تاریك داهات و هاواری لیّ هەڵستا. ویستی بەوان ڕابگـات. لەگـەڵ قەڵەمبازیدا پێی لەسەر شۆستە لووسەکە وەرگەڕا، خزی و سووڕا، ڕواوروو کەوت. بـە تــەکانی بە ئازارەوە، تەوێڵ و دەم و لووت بە خوێنەوە ڕابووەوە. کڵاو بەدەستەوە، بـە شـەلە شـەل دوو نیوە هەنگاوی تژی ترس و ئازاری بە ئاستەنگ هەڵێنا. لـووتی بـەر لـووتی پـیرە ژنێکـی لـە تەمەنی دایکی کەوت. بە پاڕانەوە: "دایکە گیان بە هانام وەرە!. ئاگاداری هێلی پەڕینەوەی بن قەڵات بە! ئاگاداربە کەس نەکەوێتە ژێر ئۆتۆمبێلەوە. ئاگاداری ئۆتۆمبێلە وەسـتاوەکەش بـە، چونکە ئەو لە سەرووی یاساوەیە. لێخوڕەکەی تووڕە ببێت، بە پێی یاسای هـەموارکراوی بـازاڕ نانم دەبڕێت، سەریشم وەك بارە قەڵ پەلدەدات. (ڕووی کردەوە لای ژێری، پیرێکـی لـە تەمــەنی هەژی کەوتە پێشی. بە ناورانەوە): مامە گیان! بۆ خـاتری یاسـا سـەروەری، دوو خولـەك، تـا پۆلیسەکە لە مزگەوت دێتەوە چاوت بەم هێلی پەڕینەوە بێت!". سیّ هەنگاو بـەرەو مزگـەوت ڕۆیشت. مێردمنداڵێکی بینی جووتە پێڵاوێکی بۆیەکراوی بە دەستەوە بوو. گوتی:-

"باوکەکەم! من پاسەوانی یاسام و ئەتۆش یاسات لەدەسـتە. تکایـە لـەبری مـامی خـۆت سەربکە بەم مزگەوتە و بڵیّ پێڵاوەکە، ببوورە بڵیّ پۆلیسەکەی هاتووچۆ خێرابێت، دەنـا گیـانی ئێمە و کەپووی یاسا دەبڕن. (گەڕایەوە لای ژێری. گوتیە گۆڤار فرۆشـەکە): بـبم بـە نۆکـەرت، دوو خولەك لە پێناوی گۆڤار ویستیدا واز لە یاسافرۆشی بێنە. دوو خولەك، لـە بـری مـن، تـا خولەی سەگ باوك لە ئاودەستخانە دێتەوە لەم هێلی یاسا تێپەڕین و سوارە و پیادە پەڕینەوەدا یارمەتیمان بدە!". هەندێك پێی پێکەنین. هەندێکیش بەزەییان بـە دەروونــی شـڵەژاوی و ڕووی رووشاوی و کڵاوی خوێناوی یاسایی دەستی هاتەوە. بەڵام لە ســەیرکردن بـەم لاوە کاردانــەوەی دیکەیان نەبوو. ئەویش فیشەکەشێتە ئاسا هەڵقۆزییــەوە ڕووەو قــەڵات بایدایــەوە. منــداڵێکی ڕووتەڵە لە شوێنکی قەدەغەکراودا دەپەڕییەوە. ڕاستان بە تووڕەییــەوە هــاواری کـرد: "هــەتیو ئەوە بۆ یاسا پێشێل دەکـەیت.".

منداڵەکە رووەو ئەو هات و بە چاو زەقییەوە دەستی بۆ راوەستانی نایاسایی ئۆتۆمبێلەکە راهێشت. راستان ترسا، وای زانی ئەویش خزمی لێخوڕەکەیە. بە نەرمییەوە: "باوکەکەم دڵگران مەبە، دەبێت هەموومان لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی، بۆ سوودی خۆمان پابەندی پاسا بین. ئەننا...".

دوو ئافرەتی قەڵەوی نیوە رووتی بینی، بە ناوەڕاستی شەقامدا دەڕۆن و سێکس ورووژانە ئایسکریم بە زمان دەلێسنەوە و دەیمژن. ئاوڕێکی لە مزگەوت دایەوە: "ئەم کەرباوکە گوو گوریسە، مردووە؟ یا نۆرەی ئاودەستخانەی بەر نەکەوتووە؟. لەم شارەدا نۆرەی بەندکردن و مردن لە هەموو شتێك نزیکترە.".

سیرەی راگرتنی ئۆتۆمبێلێك لە هێڵی پیادە پەڕینەوەی تەك قەڵا، رووی پێ وەرگێڕا. لەگەڵ خەڵکەکە گەیشتە سەر رووداوەکە: ژنێکی سکپڕ گیانی سپاردووە. کچێکی شەش ساڵیی لاق شکاویش دەزیرێنێ. سەیری ژمارەی تەکسییەکەی کرد(٥٤٣٢١ / هـ. ك)ە لێخوڕەکە (سەپان ساکە میراو)ی بینی لە تاوان هەڵدەپەڕێ و بە هەردوو دەست مشت و شەقی لە سەر و سەکوت و ئەژنۆی خۆی دەکوتێ. کچۆڵە بریندارەکەش دەڵێ: "باوکە... باوکە... بزانە دایکم... باوکە تۆ من و دایکمت نەبینی بوو؟ ئەدی بڕیار نەبوو تۆش نیوەڕۆ بێتە ماڵی خەمخۆری خاڵۆم!".

لێخوڕی ئۆتۆمبێلە بێنمرەکە و دوو ژنەکەی پێشتر هاتن، وەك ئەوەی نە (با)یان دیبێت نەباران... سوار بوون. پاشەو پاش کشایەوە و بە سیرەوە رووی ئوتۆمبێلەکەی وەرسووڕاند و بە پێچەوانی ئاراستەی یاسا پێی لێنا و بێپەروا بۆی دەرچوو.

پۆلیس و ئەفسەرانی فریاکەوتن و هاتووچۆ دەرکەوتن. کچۆڵە بریندارەکە و تەرمی ژنە دووگیانەکەیان خستە ناو ئۆتۆمبێل و بە پەلە بەرەو نەخۆشخانەی فریاکەوتن... لێخوڕەکە بە کەلەپچەکراوی و راستان و هاریکارێکی بە خێرایی بردرانە چاوەڕوانگە و بەندیخانە، مۆبیلەکانیان لێستاندن. هەرچەندە لێخوڕ هاواری کرد، پاڕایەوە، کێشای بە سەری خۆیدا. کە "ژنە مردووەکە هاوسەری خۆیەتی دەبێت بەشداری ناشتن و پرسەکەی بکات. کەسێکیشی لە نەخۆشخانە ئاگای لە کچە لاق شکاوەکەی نییە". خۆ و بەختی ناسیاوێکی لە کاتی رووداوەکەدا دەیانبینێ و کاك خەمخۆری برای ژنەی مردوو ئاگادار دەکاتەوە. وەك گوتمان

نەگبەتەکە لە رۆژی هەینیدا دەستی نایە بێنەقاقایانەوە. رۆژانــی هــەینی و شــەممەیش وچـانی یاسایی فەرمانگە فەرمییەکانە ...

هەر سێ گیراو لە ژوورێکی بەندیخانەدا بــە کڵـۆڵی و داماوییــەوە، سێکوچـکەیی بـە دەم کلۆمدراوییەوە دانیشتوون، بە نیگەرانی هەڵدەستن، دەڕواننــە دەرگاکــە و بــە نــا ئومێدییــەوە دەگەڕەێنەوە شوێنەکەی خۆیانەوە. باوکی منداڵەکە منگەیەکی لێوەهات: "مــن ئۆتۆمبێلەکــە دەناسم، هی ((بەدە سەگی مامــە بەگــە)). لێخوڕەکەشــی ((ســلێمانۆکە تڕبرێشــکەیە،(نــاوی راستەقینەشی) سلێمانی عــەوکۆ کــانۆی تڕبۆمبایــە.)). نــازانم لــە ناســنامەکەیدا ((ســلێمان عەبدوڵا کانەبی)) نووسراوە یا بە جۆرێکی دیکەیە. من ((بەدی مامــەی گیشــەدز)) دەناســم. ((تڕ برێشکە))ش بە رەچەڵەك پیشەیان هەر سیخوڕییە، ((تڕ بۆمبا))ش وێڕای سیخوڕیەتی لــە تاوانکاری ناو خێزانی خۆشیدا بــێ ئەنــدازە پیســە. لەگــەڵ دوو دزان رێــك کــەوتبوو، شــوێنی حەشاردانی خشڵ و دراوی ژنەکەی خۆی پێگوتبوون. کە بە نوێژی نیوەڕۆ بچنە ماڵیان، خۆی و ژنەکەی بکەنە ژوورێك و دەرگایان لەسەر دابخەن. خشڵ و دراوەکە ببەن. دواتر نیــوەی بدەنــەوە ئەو. خوشکەکەشی ((ئەڵماس خاڵس)) مێردەکەی خۆی ((عەدنان هاشم کۆڵخانچی)) لە خەودا کوشت. پارچە پارچەی کرد و خستیە نــاو بــیری ئاودەســتخانەوە، بــۆ ئــەوەی بــۆ بەرژەوەنــدی تایبەتیان مێرد بە پیرێکی دەوڵەمەند، برادەرێکی دەسەڵاتداری (بەدی مام بەگ)ی بکاتەوە.".

راستان بە سەرسامییەکی خەماوییەوە: "من ناوی نازانم، بەڵام دڵنیام بیبێــنم دەیناســمــەوە. دەشزانم بەدی مامە گورگێکە لە خواردنی بێچووی خۆشی سڵ ناکاتەوە. بەڵام چــارەمان نییــە. داواکارم خـــودای مەزن بە هـــانامانەوە بێت. ئەویش بە مافی خــۆی بگەیەنێت".

سێیەمیان: "ئەگەر دەمزانی لەســەر چــوونە ئاودەســتێك، گــووم پــێ دەخــۆن، لــە برســانا بمردمایە پۆلیسیم نەدەکرد!".

رۆژی یەکشەممە خەریك بوون بە دەستەبەر تا کاتی داواکردنەوەیان لە لایەن دادگاوە، ئــازاد بکرێن، بەڵام دوای تۆمارکردنەوەی گوتەکانیان بۆ جاری دووەم، دوو رۆژی دیکە دواخران، تــاکو لێخوڕی لانــدگرۆزەری گومــان لێکراویــان بــە ئۆتۆمبێلــەوە، لەگــەڵ پــازدە پیــاوی دیکــە بــە ناسنامەوە هێنایانە بەرامبەریان. بۆ ئەوەی بزانن ئــاخۆ دەیناســنەوە یــا لەترســی خۆیــان ئــەم چیرۆکەیان هەڵبەستووە. ساکە و پولیسی دووەم نەیان ناسییەوە. بەڵام بە سێ جار گۆڕینی جــل

و بەرگ و جێگەیان لـە ریزەکـەدا، رووبـەڕوو، راسـتان کـابرای دەردەکـرد و دەیگـوت خزمـی ئەمەیانە.

دواجار پیاوێکی ناو ((سلێمان عەوکۆ کاك نەبی))یان بە ناسنامە و ئۆتۆمبێلێکەوە هێنایە پێش سەپان ساکە میراو و کاك راستانەوە.

سەپان ساکە سەیری وێنـەی ناسـنامە و رووخسـاری خـاوەن ناسـنامەکەی کـرد و گـوتی: "دڵنیام ناوەکە هەوە، بەڵام ئەم پیاوە و وێنەی سەر ئەم ناسنامەیە هەو نییە.".

راستان بە مووکڕییەوە: "من دڵنیام ئۆتۆمبێلەکە ئەوەیە کە جاری پێشتر ژن و منداڵەکانی ((بەدی مام بەگ))ی هێنابووە بـازاڕ. بـە نایاسـایی، لـە پـێش هێلـی پەڕینـەوە وەسـتا. لـە پیشانگەی شێرزاد... جلیان کڕی و منیان تووشی کێشـەیەك کـرد. خێرخـوازان بـە هانامـەوە هاتن، نەوەك لەکار دەرکرابووم و لەکونە رەشەشیان پەستابووم. سوێند بە قورئان و بەخودا و بە پێغەمبەر، ئەمجارەش ژنە گەنج و بەخۆوەکەی لەگەڵدا بوو، لێخوڕەکەش خزمی ئەوەی ئەوسایە، دیسان لە هـەمان شـوێنی ئـەوجاریان وەسـتان. بـۆ گۆڕینـەوەی جـل چـوونەوە پیشـانگەکەی شـــێرزادەوە.".

لێخوڕ بە ئۆتۆمبێلەوە و ئەوانی دیکەش بەڕێکران.

لە کۆنووسەکەدا هاتبوو: ((سەپان ساکە میراوی لێخوڕ، فەرمانگـەی ناسـنامەدان و بـاری کەسیەتی بەنارەوا و بەبێ بەڵگە بە سەختەکار تاوانبارکردوون. گومان دەکرێت بە ئەنقەسـتیش ژنەکەی خۆی کوشتبێت. راستان رابینیش تۆمەتبارە کە بە زمانی خۆی گوتویـەتی لێخوڕەکـە هەو نییە، بەڵام خزمی لێخوڕێکە کە نایناسی و پێشتر لە هەمان شوێندا بە نا یاسایی وەستاوە هەروەها بە ئەنقەست و بە مەبەستی سووککردن ویستوویەتی ژنە گەنج و پاکەکەی (بەدی مـام بەگ)ی تێوە بگلێنێ و بانگی دادگای بکەن و بیهێنن و بیبەن.)).

لە رۆژی سێشەمەدا بـە بیـانووی ئـەوەی سـەپان سـاکە مـیراو ژنەکـەی لـە دەسـتداوە و منـداڵێکی لاق شـکاوی بـێ دایـك و بـاوکی لـە نەخۆشـخانەدا کـەوتوە. راسـتانیش کـوڕی شەهیدێکی ناودارە و لە ئەرکی خۆشیدا شتی ناشیاوی نەکردووە، بە دەستەبەریی، بـە شـێوەی کاتی تا رۆژی ئاگادارکردنەوەیان بەرهەڵدران.

ناخۆره نۆ باوك چۆنیەتی ڕووداوەکە و ئەنجامەکەی زانی. بە بنەچەی ڕاستان ڕابین و سەپان ساکە میراو کەوت. بە هەلی زانی لەم بارە دەروونییە نالەبارەیانـدا بیانگرێتـە ئـامێز، پتریـش پێویستی بە ناوی ڕاستان و شەهیدی باوکی هەبوو. هەفتەیەك دواتـر بـە دوایـدا نـاردن، پێـی گوتن: ((چونکە کۆست کەوتە و باڵ شکاون، بۆیە دەیەوێت بە کـەلکیان بێـت و لـە لای خـۆی کاریان پێ بکات، وێڕای ئەوەی مووچەی پۆلیسییەتی بۆ ڕاستان مانگانە وەر دەگرێت، ئـەویش موچە و نیوێکی دیکەی لە لای خۆیەوە بۆ دەخاتە سەر و هـەموو کۆتـایی مانگـان دەیـداتێ، ئەگەر سەپان ساکە میراویش لە لای ئەو کار بکـات، ئـەوا وەکـو ڕاسـتان مووچـە و نیـوێکی دەداتێ و هەفتانەش چوار ڕۆژ بۆ خۆی بە تەکسییەکەی خۆی کاربکـات، بـەڵام دەنگـۆ و مقـۆ مقۆی شار بداتە ڕازگرەکەی. خەمی دادگا و وردە کێشەی دیکەشیان نەبێت.)).

سەپان ساکە میراو بە چاوی پڕگریانـەوە یەکسـەر داوایەکـەی ڕەتکـردەوە، بـەڵام ڕاسـتان پرسی: "کارەکەی چی دەبێت؟". ئەویش بە خەندەوە: "بە دڵـی خـۆت بێـت، لێمـان دیاربـە و چـاوت پێمانـەوە بێـت. ئەگـەر بـە گرانـی دەزانیـت، ئـەوا کـارێکی ئاسـانترمان پـێ بڵـێ؟ هەرکاتێکیش لێمان بێزار بوویت ئەوە بچۆوە پۆلیسییەکەی خۆت. مـن خـۆم کـوڕە شـەهیدم، خودا دەوڵەمەندی کردووم. دەزانم ئێوە هەردووکتان کوڕە شەهیدن و وەك ژیانی ئەوسای ئێمەش بارخوار و نەدارن.".

نـاخۆره نۆ باوك، ((بەخی خرێنـە))ی سـەرکار و ((بـازەی عـەولاّ عـارەبی)) ڕاوێـژکار و پارێزەر و کۆنە برادەری باوکی ((بەدی مام بەگ)) ی ڕازگری ڕادەسپێرێت ئاگایـان لـە ڕاسـتان ڕابین بێت و دەڵێـت: "ئەمـە ئـەم جـامی جـەم و ئەلەسـتیەیە مـن بەدوایـدا دەگـەڕام، بـۆن تسەکەیشی گوڵاوە. مەتاڵێکی سووك و شیر و تیر نەبڕە. لەگەڵیدا نیان و خۆشڕوو بن. بـە بـێ هەستی و لابەلا، فێرە ڕاوی بکەن. پێی کرایـەوە و ڕاهـات... لـە پێشـدا لـە کـاری ئاسـان و ئاشکراو ئاسایدا پێکی بکەن[٣٣٠]. دەست لە پشـتی بـدەن، سـەرتوێژ و هـەنگوین لـە دەمـی و سابوون لە ژێر پێی بسوون. قوڕقوشم و کل بکەنە گوێ و چاوییەوە. بە زانایی و بە دانایی، پـێ بە پێ، بیخەنە سەر ڕێچکەکەی خۆمانەوە. لە دڵەوە بیشڵەژێنن. لـە ناخـەوە بـڕوای پێبێـنن،

٣٣٠- پێککردن: ڕەگەڵ خۆ خستن، کردنە لا و هاوبەش. بوون بە هاوکار.

ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی ڕووباری ڕۆژگاردا مەلەنەکا، لەگەڵ دەوروبەر نەگونجێت، نـەزانێت سـەردەم سەردەمی پێشینە و پاشەڵ و ویژدان خەواندن، بەری و سـك و گـەڵ بێدارییـە. چـوار چـاویی و پێستەستووری دەوێـت. ئـەوەی چـنیار و پنەچـی و پنجکـار[٣٣١] و پیێچـکاری کارامـە و کـارا نەبێت... گوڵەبەڕۆژەیی لەگەڵ ڕۆژدا نەسوورێت، ئەوا دەستی چەرخی نویٚ نادات، بـەر لـەوەی بپشکویٚ وشك دەبێت. زوو هەڵدەپرووکێت. ئەو و ئەوانی دیکەش سەر لـە نـویٚ تێبگەینـەوە: ئەوەی دەبێتە دەست و بەردەستمان، ئاگـاداری ناوکار و تاوکـارمان بێـت، دەبێـت لـە پێشـدا خۆی و زیندوو و مردووەکانی لە حەوت تاقیکردنەوە و نۆ هەڵسـەنگاندن دەربچـێت. بـە گیـان دڵسۆزی کار و نانەکەی خۆی و ماڵەکەی ئێمە بێت، ئینجا سەولّی بەلـەمی دەدرێتـە دەسـت. ئەگەر بلیمەت و خۆگر، هۆگری کار و چاوگەورە و خۆشبەز نەبین. زوو دەبەزین. ئێمە لە پەلاری دوور هاوێژ ناترسین. گاشەی گەورە لە نزیکەوە کاسمان دەکات، لە پەلۆپۆمان دەخات. دەرفـەتی پەل کوتین و پەلەقاژەمان نادات. بۆیە دەبێت بزانن بەر لـەوەی ئـەوان بمانفرۆشـن، ئێمـە بـەبێ کڕین، هەر بە خاوی دەیانخۆین. (بە سووری و جەختکردنەوەوە) ئەوانەش کـە دڵگـرانن، باسـی مرۆڤایەتی و ویژدان و یزدان دەکەن، بە هۆی گونجاو و بـە هەنجـەتی شـیاوەوە بـەرێیان بکـەن. بابچن لە کویٚ ئەوەی ئەوان دەیانەوێت دەستیان بکەوێت، با لەوی بکۆشن و سـکیان بکوشـن. ئێمە لە بری بەزەیی و ویژدان. تەنیا جزدانمان گەرەکە!

دەبێت هەموو کارکەر و هاوکارانمان لە کانگای دڵیانەوە، بە متمانە و بە دڵنیاییـەوە بـزانن کە: نیشتمانپەروەری، گۆڕی شـەهیدی شـکۆدار، ئاسـۆی روونـی ئـازادی، سـەرفرازی، چـینی چەوساوە و تاکی خۆبەخش، بەرچنەی دیموکراسی و ویستی زۆرینە، تا و تریانی سۆشـیالیزمی، باڵی کۆتری سپی، پشتێك پترە بوونەتە قەرتاڵەی ریخ رشتن و بەرگـە چـوکلێت، بـادەی چـنگ سوورانە، لەگەڵ کچۆڵەی رووت، لە گۆشەی لاچەپی باڕی نیمچـە تاریکـدا، لـە رابواردنخانـەی شەواندا، لە سەماگە و بە دیار سـەمای خۆرهـەڵاتی و جـاز و دانسـی خۆرئاواییانـەوە هـەڵی دەدەن. بە بۆنی دەمی شێخانیان خەڵکی خاکی سەرگەرم و مەدهۆش دەبن، سۆز و دڵسـۆزییان گڕدەگرێت، بە کوژاندنەوەی ڕەوانیان نەبێت ناکوژێنەوە. چونکە ئەوان هەر گوێیان هەیە و گوتە

**٣٣١- پنجکار: خەوش داپۆشەر.**

شەکرین و شەبەنگ و تریسکەدارەکانی مەمانان و بەرپرسانی چرووکیان دەبیستن، کـە دەڵـێین: مرۆ دەبێت خزمەتکاری نەتەوە و نیشتمانی بێت، بەرژەوەندی باڵای وڵاتەکەی بکاتـە گلێنـەی چاوی. دەبێت هـەموان دەسـتگری هـەژار و پشـتی چـینی چەوسـاوە و توێـژی بـارگران و لێ قەوماوان بین... ئەم گوتانە بۆ بەنگکردن دەرخوارد دەدرێن. بـە کـردار ورەفتـاریش تـەواو بـە پێچەوانەوە رابکەن.".

بازەی عەولا عارەبی راوێژکار پارێزەر و کۆنە برادەری باوکی ناخۆرە و ((بەخی خرێنـە))ی سەرکار و بەدی مام بەگی رازگر و نزیکەکانی دیکەیان، بە کردار زۆر شەیدای گوژمـەی پـرۆژە خەیاڵییەکان بوون، بە دەمیش لە نـاخۆرە بـەگ باشـتر بـە زمـانی هەنگوینـەوە دەیانگـوت: "سـامان و دەسـەڵات چـڵکی دەسـتن. ئێمـە کـە بـەردێك دەخەینـە سـەر بـەردێك، پردێـك، نەخۆشخانەیەك... دروست دەکەین، دەبێت لە ناخەوە بزانین ئێمە کـار بـۆ ئێسـتا و نـەوەکانی داهاتوو و ئایندەیەکی رووناکتر دەکـەین. گـەلان بـە کـارکردن و دڵسـۆزی و خـۆبەخشییەوە پێشکەوتوون. چیمان لەوان کەمترە؟.

هەمیشە ناپاك و گزیکاران روورەش و شەرمەزاری هەردوو دنیـان. دەبێـت هـەموان بـزانن ئێستا هەزاران کەس لە لای ئێمە کاردەکەن نانی خێزانەکانیان فەراهەم و وڵاتەکەشیان ئـاوەدان دەکەنەوە، ئەمە باشترین سەرمایە و دەسکەوتی ئێمەیە. لە دڵیشـەوە دەیـانگوت ئەگـەر هـەر پرۆژەیەك دوو هێندە و نیوی تێچوونەکەی قـازانج نـەکات ئـەوا دەسـکەوت سـەری سـەرمایە دەخوات. داری سەوز، تیشکی خۆر و خاك و پەین و ئاوی نـەبێت، نـەك هـەر گەشـە ناکـات، بەڵکو وشکیش دەبێت، رادەقەنێت... ئاو ئارەقە و خوێنی کارکەرانە، پەین گۆشت و هێسك و پروسکی کۆنینەی ناو خاکە، تیشکی خۆریش هونەری گەڕاندن و هەڵسووڕاندنە.".

ناخۆرە بەگ بە دڵی پـڕ داخ و بەزەییـەوە: "کـە بـاوکم لـە چـیا بـوو، هـەتیو و بێبـاوك کراوبووین، نەك هەر پەناگە و ماڵ و ناوماڵمان نەبوو. بەڵکو دوو ژەمە نـانی ساردیشـمان لـە تەشتێ نانی نەدەدیت. ئەم خەڵکە نەتـرس و خـۆ راگـرە، لـە کـاتی نـەبوونی و زۆری تـرس و تۆقاندندا دالدەیان داین، دەستیان گرتین، مەردانە بەخێویان کردین. چی دەبێت ئەگەر ئەمڕۆ لە دۆخی هەبووەییدا هاریکاری بارخوارەکانیان بکەینەوە. ئـەم دەسـتبارگرتنە، پیـاوەتی کـردن و نیشتمان پەروەری نییە، بەڵکو دانەوەی کەمێکی وامەکـانمانە. لـە وڵاتانـدا خـەڵك بـە کـاری

پوخت و داهێنان و بەخشندەیی ناو دەکات، بەڵام لە هەوارگەی ڕەوەندەکانی ئێمەدا، خەڵك بە خێڵ و هۆز و هۆبە و ڕەشماڵ و ماڵە باوان و خەزووران، بە کورسی و سێبەری کەس و پارتەکانیان دەناسرێن. بریا...! چیبکەم داری بریای هیچ کەس لەم دنیایەدا بەری نەگرتووە.".

نۆ باوك دەیزانی کە ((ڕابین کاروانچی)) باوکی ڕاستان، بوەتە قوربانی دەربازبوونی جەنگیزی ملحیز و چەند پیاوێکی وەك ئەو. گوتەیەکی دیکەش هەبوو، گوایە ((چەند ساتێك بەر لە دەرچوونیان جەنگیز و بازەی عەولاّ عارەبی بە دەستی خۆیان ڕابینیان کوشتووە و سەریان بڕیوە، ویستوویانە سەرەکەی بە دیاری بۆ دەزگای سیخوڕی ڕژێم بیننەوە چونکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە بۆ کوشتنی ڕابین ڕەوانەی شاخکرابوون. کەچی ڕووداوەکان هێندە خێراو باز گەورەبوون دەرفەتی گەڕانەوەیانی بڕی. هەرچەند تەپوتۆزی ڕۆژگار لەسەر سەربڕدەکان نیشتووە، بەڵام نۆباوك دەیەوێت بەر لەوەی کەسێکی دیکە ئەم سەربڕدە خنکاوانە سەرئاو بخاتەوە، هەرچۆنێك بێت ڕاستان ڕابین کاروانچیش لە کوشتنی پیاوە شێتەکە (جەنگیز) بگلێنێ. ئەوکاتە ترس و تارمایی جەنگیزی لە خەونیدا نامێنێت، کوڕی شەهید ڕابوونی ناواداریش بۆ هەتا هەتایە دەکاتە بەندەی داخمە لێدراوی خۆی... زۆر بە نەهێنی دوو پیاوی خۆی و ڕاستان دەبینێت و ورد و باریك تێیان دەگەیەنێت:

"شێتێکی بەدرەوشت هەیە، مردوان لە گۆڕ دەردێنێ، کچۆڵان دەڕفێنێ، منداڵی ساوا سەردەبڕێت و گۆشتەکەیان دەخوات. ڕاستترە بگوترێ ئەهریمەنێکە و چوەتە شێوەی پیرە هەرزەکارێکی بودەڵەی شێتەوە. لەناوبردنی پیرۆزترین کاری سەرزەویە. ئەگەر ئەم خێر و چاکەیە زۆر بە نەهێنی بکەن ئەوا وێڕای پاداشتی خودا لەو دنیادا، ئەویش یەك و ئۆتۆمبێلی نوێیان بە خەڵات دەداتێ. بەڵام دەبێ سەر و بناوانی کارەکە وەها هەڵبەستین، نۆینکارییەکی ئەوتۆی بکەین، کەس قووناوەکەشی[٣٣٢] نەدۆزێتەوە.

ئەگەر لە کاتی ئەنجامدانی کارەکە ئاشکرا بوون، یا گیران ئەوا نۆباوك بە دڵ و گیان هاریکار و خەمخۆریانە، دەستی دەڕوا و دەستبەجێ بەریان دەدات، بەڵام ئەگەر دواتر لە دەمی خۆیانەوە دەرچوو، ئەوا خۆیان بەرپرسن و ئەو ئاگای لێیان نەبووە، لەگەڵ لەسەردانیشیاندا

٣٣٢- قووناوەکەشی: پاشاوەکەیشی.

دەبێت. بە ورد و باریکیش تێیان دەگەیەنێت کە ژیرانە بیفەوتێنن و دەموچاوی وەها بشـێوێنن نەناسرێتەوە، سەرەکەی چاك ببرژێنن و بە هاڕدراوی بە دوو جار بیکەنە ناو تانکەری چیمەنتۆ و چـەگل ولمی گیراوە. گۆشت و هێسـکی لاشـەکەی ورد ورد بکـەن و بیدەنـە سـەگ و گـورگ و ماسی و بێچووە دۆلفینەکانی. جلەکانیشی لە جێگەیەکی بەلاوە لەگەڵ هەندێك کۆنەی خۆیـان بسووتێنن. لە دڵەوە (نەوەك وەك ئەفەندی گـوتی شـیکاری بۆمـاوەییی و سـێ پـێ ئـاڕی بـۆ بکەن.). راستان تێدەگەیەنێت: زۆر زۆر وریابێت، بە هیچ جۆرێك نەهێلێت هـیچ کەسـێك، بـە دایکی و خێزانەکەشیەوە، بەم رێکەوتنـەی نێوانیـان بـزانن. چـونکە زۆرن ئەوانـەی چـاودەبڕنە شوێنەکەی ئەو و ئێرەیی پێدەبەن و کێشـە و ئـالۆزیی بـۆ دەنێنـەوە و بـێ سەریشـی دەکـەن. ئەسرینی دایکی راستانیش لە زۆری مووچە و دەسـکەوتی ئـەو دەترسـێت. وادەزانێـت ئەگـەر نەختێك ببوژێنەوە لێیان تێك دەچێت!".

کە ئەسرین خەمزەدە بـە ئاگادێـت، راسـتان ئاموشـۆی نـاخۆرە دەکـات، لـە پێشـدا بـە ئامۆژگاری: "کوڕم! لەم گوجیلە کەمتیارە دوورکەوە! ئەوە لە باوکێکـە هـەتا گـوم بـوو هـەر ئالوودەی بەنگ و متووی پەلخوڕخۆری و خولیای سـیخوڕی و خـەریکی خـەڵك سـەربڕین بـوو. بۆخـوت بزانە ئەتۆ کـوڕی کێت پێدەڵێن؟ باوکت، خوێندەوار بەزێنێکی، دەست گەرم و مێشك فێنك، وردبین و دوور ڕوان، راستگـۆ و راسـتـڕۆ، خـەڵك ویسـتی خـۆبەخش، ئـازا و نەترس و بەکار...

دایکێ خۆشت دیوە؟ بێـوە ژنێکـی خۆشـی نـەدیوی شـەکەت و خـۆگر. تاڵـژیانی شـیرین پەروەردەکار، وەك دایکی بێچووە پشیلان نەم هێشتووە هێلانەتان بۆنی تێبگەڕێت، یا بکەونـە بەردەستی گۆردە و گوربان. بەدرێژایی تەمەنتان ئـەتۆ و خوشـکی جوانەمـەرگت بـە زارمـەوە بوون. بەیەکدەستی و بە رووسووری لەم پەناگە بۆ ئەو پەسارگە، لـەم شـاخ و لـەو شـار ئێـوەم گێڕاوە. دەڵە دامەن پیسەکەی دایکی نەفرەتی ئەو زۆڵە نۆبـاوك و بیسـت بـارەیش... زەنـدۆڵ تەڕی بێدەرپێی تەبەڕا[٣٣٣]، ئێستاش ژنە پیرە جاش، ساڵ دوازدە مـانگ بەبایـە[٣٣٤]، چـاوی بـە

---

**٣٣٣- تـەبەڕا: خۆڕا. لەوانەیە تەبەڕا لە (تبرع، مجاناً)ی عەرەبییەوە هاتبێت. ((لەبۆ باوکت جاربەجار و بۆ جحێلان تەبەڕابووم)) فۆلکلۆر.**

**٣٣٤- بەبایە: بەفاڵە، بە تەڵەبە، نێرخوازە.**

جاش نێرەکەرێك، کـۆرەبژێکی بەرەڵا بکـەوێت، هــەر دوور بــە دووری پـیرە ماکــەر دەکەوێتــە زۆریـــن و لەوچین.

بارەکەی لە ئەستۆی گۆتیاران بێت، لە گەلێك دەمــی گــەورە و بچــووك، لــە زارهــەراش و کەمدوانەوە بیستوومە کە: ((چەندین سەرگەورەی ملشۆڕ، شەوان خۆیان دەکەن بــە ماڵیــدا))، دیسان ئۆباڵ بە ملی بگۆی، دەڵێن: ئەو سینەم سینە رووتە لەگەڵ چــەندی دیکــەی وەك خــۆی، ئاموشۆی ماڵە وەزیرانیش دەکەن.".

رۆژێك ناخۆرە لە سەردەمی هەرزەییدا لەگەل کـوڕی بەرپرســێکی نــاوداری شــاردا دەبێتــە قڕەیان. دەیگرن و دەیخەنە زیندانەوە. سینەمی دایکی ئاگــادار دەکرێتــەوە، ئــەویش بــە پەلــە دەگاتە بەر دەرگای گرتووخانە و لەناو ئاپۆرایەکە بە شەپ لە نێو لنگی خــۆی دەدات و دەڵــێ: "ئەدی ئــەوەم بـــۆ چــییە؟ ئەگـــەر هــەر ئەمـــڕۆ کــوڕی خــۆمم پــێ بەرنــەدرێت، ئــەوا بــۆ سەرتراشینێ چاکم.".

سینەمی سینە نەرم راستی دەفەرموو، دەیزانی تیری کەوانەکەی چــەند بڕدەکــات، چــونکە چەندین گەورەپیاوی رۆژ، ئەوانەی لە رۆژدا پێرانەدەگیشتن خۆیی و خــەڵکی نێوچــەوان ســووتاو ببینن، کاروباری بەردەستانیان رادەپەڕێنن. لایان کات بەفیڕۆدان کەمایەتیەکی گەورەبوو، ئەگــەر تخونی تخوبی برادەرێکی لێکەتووی رۆژانی تەنگانــەی بــەرائییان بکەونــەوە، کەچــی شــەوان بــە سەرگەرمی لەسەر سیسەم و سینەی سینەم و لەگەڵ سینەك و جۆکەردا رۆژیان دەکردەوە.

سینەم بە سازییەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: "مـن بە منداڵی شوومکرد، کە لەسەر ویســتی خۆم بەدڵی خۆم چوومە ماڵە مێردی هێشتا سینگم لووس لووس بوو، لە کــن مێــردی دووەمــم خۆم ناسی. خوشکە گەورەکەشم بە دڵ وشکی لە ماڵ کەوتەوە. خۆم دەزانم کچ سێوێکە، ماتــە بدات بیچنیتەوە، نەك بە دارەوە بپووکێتەوە و هەڵوەری. ئافرەتانی دڵمردوو و رەبەنان خۆیان بۆ ئەو دنیا هەڵدەگرن! کەس ئەو کەسە، کەیف لە هەرزەیی و لە گەنجایەتی بکــات و لێنەگــەڕێت خۆڕا بڕۆن... وەکی داکەوتی و لێکەوتی، هەینێ هەر بلێ ئەم نانە بەو دۆشاوێهێ. ئــەو کەســە لە بابی خۆی بکەوێت کە بە کەیفی دڵی خۆی رادەبوێرێت، کۆزێ خۆی ساوا ناکات، بە درێژایی

تەمەنی، لەبەر دەستی پیاویژگەیەك کڕناکەوێت. لـە منداڵییـەوە هـەرێم داوە [٣٣٥] لـە هـەموو پیاوان تێپەڕینم. دەبینێنم و ئاگـادارم، ئـەوان لـە هـیچ ناگەڕێنـەوە. هـەرگیز بێـدڵیی خۆیـان ناکەن... ئەگەر ئەوان چوار ژنان بۆخۆیان بە حەڵاڵ دابنێن، بۆ چی ئێمـەش بـە بیسـت و چـوار مێردان بینگێینەوە؟ ئەگەر ئەوان بەناو ساڵدا بچن، وشك و سست و کول بن، دەبێـت مـن بـە پیریش تەڕوبڕ و تیژبڕتر ببم. بابزانین کێ باری کێ دەبا؟".

خەمزەدە: "کوڕم ئەو باوك نادیارە هەر بە سەروسەکوت مرۆڤە، لە ناخدا گورگی گورگانـە! لێی نزیك بکەویتەوە نەك هەر ڕەشدەبیت بەڵکو دەسووتێی و لـە تەقـەڵۆ[٣٣٦] دەردێـت، مـن و باوکیشت وجاغکوێر دەکەیت... لێت دەپاڕێمەوە بە گوتەی لووسی ئەم زۆڵە نۆهەد و نۆ باوکـە هەڵنەخەڵەتێی، خۆت و منداڵەکانت ڕوورەش و ماڵوێران نەکەیت... من نازانم تۆ بەکێ چوویت هێندە ساویلکە و خۆشباوەڕیت؟ وا بە سانایی لە خشتە دەبرێیت؟ کوڕم لە سـەربردەی خـەڵکی نا، هەر لە بەسەرهاتەکانی خۆت پەند وەرگرە، فێری شتێك ببە! هەر نا ئەوەندە بە پەلە بڕیاری گرنگ و بەڵێنی چارەنووسساز مەدە. شەرمت پێ نەبێ، کاکە هەر لە نێوان من و تـۆدا بێـت، ژێراو ژێر پرسێکم پێ بکە. بەر لەوەی خۆت بخەیتە ناو چاڵە قـیڕی کـولاوەوە دایکـت ئاگـادار بکەوە. دەبێت من چاکەی تۆم نەوێت؟. لێت بقەومێت لە خۆت بێکەسـتر نابینیـەوە، لـە مـن بەملاوە خەمخۆرێکی دیکەت کێیە بە هاناتەوە بێت؟. خوا نەکردە تێبکەوی و لێبکەوی، هەر لە من و لەخۆت و لە منداڵەکانت دەچیت. ئەوانەی لەبن پاڵی برادەرایەتی و پەنای پیاوچـاکییەوە، بەناوی چاکە لەگەڵکردن پێ دەدەنە بەرپێت، هەڵتدەدێرێنن، ئەستۆت دەشکێنن، هەر ئـەوانیش دەتدەنە بەر پێنان و دەتخەنە بن پێیان و پێتپیدەکەنن... مرۆ هەتا ملی نەشکاوە ئاگای لە خـۆ بێ، نەك دواتر بێهودە بە دوای بەیتار و پەلووکەی هەڵبەستنەوەدا بگەڕێت.".

زۆری نەبرد بە بۆنەی سەرکەوتن و سوودمەندی زۆرییەوە لە پرۆژەیەکی زەبـەلاح و چـەندین کاریدیکەیدا، ئاهەنگێکی گـەورەی سـازکرد. سـکرتێرەکەی نـاخۆرە جـەنگیزی بـە بەرچـاوی ئامادەبوانەوە سویچی پێنج قەمەرەی چـینی و هینـدی بـە خـەڵات بەخشـییە دوو کارمەنـدی خۆیان و سێ کوڕە شەهیدان.

---

٣٣٥- هـــــــــەرێ: بەڵێن. قسەدان.

**٣٣٦- لە تەقەڵۆهاتن: سووتانی زۆر سەخت. کولانی زۆر، پتر بـۆ گـۆشت و پاقلەمەنییەکان. گۆشتەکە لە تەقەڵۆ هاتووە.**

بەر لــەوەی مۆڵــەتی لێخــوڕین بدەنــە راســتان و ئۆتۆمبێلەکــەی بباتــە ماڵــەوە. ئەســرین خەمزەدەی دایکی دەزانێت و بەر لــە کوڕەکــەی دەگرێــت. جــەنگی نێــوان ئەســرین و راســتان هەڵدەگیرسێت، دایکە بە سەر رەقیبیەوە: "باوکی ئەو باوکتی خستە ژێر گڵەوە، تۆش دەتــەوێت خۆت بکەیتە بەلاگێڕەوەی کوڕەکەی؟ ماڵی ئەم نگریسە پیس و خەلیسە، مارێکە بە هێمنی لە ملت دەئالێت، لە هیکرا بە سەری لووتت وەدەدات. کوڕم بە هەژاری و ئارامی خۆمان دەژیــن. تکات لێ دەکەم بۆ مــاڵی دنیــایێ خــۆت بەفــەتارەت مــەدە و منداڵــەکانت بێبــاوك و منــی خەمزەدەش بە پیری کوێر مەکە! لەم تەمەنەدا بەرگەی جەرگ سووتان ناگرم.".

خەمرەوێنی خێزانی راستان لاگیری پیاوەکەی دەکات و دەخزێتــە نــاو بابەتەکــەوە: "پــوورە خان! کابرا هەبووەیە، راستانی ناسیوە، دەزانێت دەستپاك و کاراو گوێکەرە، لەو باشتری دەست نەکەوتووە، بۆ بەرژەوەندی خــۆی دەیەوێت دەستمان بگرێــت و لــەم نــەبوونی و مەرگەســاتییە دەربازمان بکات. ئەتۆ بۆ پێنەی لێ دەدەیت؟ ئەمڕۆ ئۆتۆمبێل و مووچەی چــاکە، بــەیانی...، دوو بەیانیش دەبینە خاوەن خانوو و ناوماڵی جوان.".

پیرەژن: "کچی شیرینم هەموو کەس حەزی لە خۆشــخۆری و جوانپۆشــی و خــانووی چــاك و بەروماڵی رێك و رازاوەیە، بەلام دەبێت بۆ ئەوەبن بە شادییەوە پێیان بژین، هەرگیز نابێــت بــۆ پەیداکردنیان خۆمان کوێرکەین، لە پێناویاندا بە روو زەردییەوە بتلێینەوە. کیژم مــن نامــەوێت مەرگی کوڕەکەم بە ســووکایەتییەوە ببێــنم، نامــەوێت ئــەتۆ بــە بێــوەژنی و منداڵــەکانت بــە برسییەتی و هەتیوی لەبەر چاوم بن. خۆزیا هەموومان بفەوتێین".

خەمــرەوێن: "ئامۆژن! ئەتۆ بۆچی هــەمیشە رەشبین و گوماناویت؟ نــازانم بــۆچی هەمیشە حــەزت لە هــەژارییە؟".

خەمزەدە: "کچم ئەمن گەشبین و دوور روانم، لە دوورەوە گورگ و گۆڕستان و گۆڕ دەبیــنم. لەبەر من نا، بۆ خاتری خواو خۆت و منداڵەکانت لەمەدا ((مەبە هەسانی پیاوەکــەت و تیــژی مەکە)). با بەیەکەوە بەر لەم بەلایە لابەلایە بگرین، خێری هەر دوو دنیای تێدایە. هــەنگوینی ژەهرینت نەوێت: نانە رەقۆزەکەی[٣٣٧] خۆت بێ پێخۆر بجاوە شیرینترە... من رێ و رچەڵەکی ئەم

---

٣٣٧- رەقــــــۆزە: نان ساجی رەق و ناسك. نانی رەقی کوردی تەڕنەکراو، رەقورەواڵ.

گورگه دایك كەمتیار و باوك یەكانەیە دەناسم. چنكە نانێكی مەزرەقە ناداتە كەسێك، ئەگەر تەغارە گەنمێكی لێ دەرنەهێنێت! كاتێك ئێوەی دڵپاك دەیناسن، بوونەتە ژەمی سەگەلی سەیرانخانەكەی!".

نۆ باوك بە كێشەكە دەزانێتەوە و پێشتریش لە دڵەوە زۆر لە چاو و دەمی خەمزەدە دەترسا و دەیزانی زۆرینەی نەهێنییەكانی ئەو دەزانێت، لە لایەك بە سەرراستی و بوێری و خۆگری و دووربینی و سامداری ئەو ژنە سەرسام بوو، لەو لاشەوە ئێرەیی پێدەبرد و ركی لێیبوو. تاكو رۆژێك راستان تیدەكاتەوە[٣٣٨] پێی دەڵێت: "خۆت دەزانیت كە كاتەكەی من زۆر تەنگە، بەڵام بۆ بەرژەوەندی خێزانەكەت، لەم نزیكانە بەسەرتان دەكەمەوە، چەندین شتی دیكەی باشیشتان بۆ دەكەم.".

هەرچەندە راستان شەرمی بە رێگە و جێگەكەی خۆیان بوو و بە شیاوی میر ناخۆرەی نەدەزانی. ماڵی خۆیانی ئاگادار كردەوە. خەمرەوێن لە خۆشیان دەمە گەورەكەی داپچڕی، بەڵام پیرە خەمزەدە هەستی بە هاتنی تاریكی خەست و پەتایەكی زۆر سەخت كرد، هەر بە كەللە رەقییەكەی خۆیەوە: "بەبێ یەك و دوو، ئەو بێتە ئەم ماڵە من سەری خۆم هەڵدەگرم و بۆ یەكجاری بەجێتان دێلم، چونكە ناتوانم بە زەقەزەقی چاوان بە دیار تەرمی زیندووی ئێوە و ئابڕووچوونی خۆمەوە دانیشم.". راستان بە كزۆڵەیی و بێ بڕیاردان دەنگی لە خۆی بڕی.

كە نۆباوك دووبارەی كردەوە. راستان بە نابەدڵییەوە: " گەورەم! تۆ گەورەیی خۆتت كرد، بەڵام دایكم بە دیاری كردنی كاتی هاتنی جەنابتان رازی نییە. نازانم چی لێبكەم دەری بكەم؟ ناكرێت، لە ماڵیش بێت، بە قسەی رەق سەرودڵمان دەگرێت و دەنگمان دەر دێنێت.".

ناخۆرە بە دڵنیاییەوە: "مەترسە! هەی لەمنت نەكەوێت، ئێمەش گوتەكانی بە هەند وەرناگرین، بە شێواوی دادەنێین، با نەختێك دەردەسەری و تاڵی ژیانی رابردووی بەسەر ئێمە دابڕێژێت، دایكی تۆ دایكی منیشە. ئەوانە هێمنی و حەسانەوە و تێریان لە ژیانیاندا نەچێشتووە، نسكۆ و ساتمەكانی ژیان وای لێكردوون لە هەموو شتێك بە گومان بن و هەزار و یەك ئەگەری ناحەزی بۆ دابتاشن. با ئەو ئاگادار نەبێت، هەندە بزانێت لەبەر دەستانی

---

٣٣٨- تیكردنەوە: جوداكردنەوە، دوورخستنەوەی لە خەڵك. لابەلاكردن، تەنیایكردن. بینینی بە تەنیا بۆ مەبەستی نەهێنی.

وەستاوم. مەترسە کاری ئەم کەللە شەقانە هەر قسەی رەق و چاووڕاوە... پێم ناڵێیت، چیان لـە دەست دێت؟ ئەتۆ کێشەی پیرە دایکێت پێ چارەنەکرێت، منیش خەریکم دەتکەمە پیاوی پێش چاوانی خۆم، ئەو کاتە چۆن کارەکان بەڕێوە دەبەیت؟ ئەوکاتیش لە گەورە و بچووکدا پـرس بـە پیرە داکێ دەکەی؟. پێم ناڵێی لەچیت کەمە؟. بۆ بڕوات بە خۆت نییە؟".

ناخۆرە و بەدی مامـەی رازگـر لـە مـاڵی راسـتاندا وەسـتاون، خانووەکـە لـە کـۆڵانێکی تەنگەبەردایە، ژوور و هەیوانێکی بـەردین و قسـڵی کـۆن و بـەرزە، شـوێنی پەردەیـەك دیـارە ژوورەکەی دەکردە دووبەش. سەرتاپای ماڵەکەیان بە نوێن و هەرزاڵە و لانك و بوخچە و تەشتی نان و شتەکانی دیکەیشەوە باری دوو پیرە کەرانـە. نیمـدەرە راخـراوە... خـەمزەدە بەرسـنگی ناخۆرەی گرتووە و چاوی بڕیوەتە چاوی: "کاك ناخۆرە خـودام کـرد بەگـژتا، دەسـت لـە کـوڕە تاقانەکەم هەڵگرە! (رووی کردە کوڕەکەی چاوێکیشی لە رازگرەکـە کـرد): کـــوڕم بـۆ خـاتری خوای و کەزییە سپییەکانی من، سەرتاپای دنیا بۆتۆ و کاك ناخۆرە بە تـەنیا بـۆمن. تاقانـە و بێکەسیت، منداڵت وردن.".

ناخۆرە بە پێکەنینەوە: "پوورە ئەسرین منیش تاقانەم، ناکرێ دوو تاقانـەی دوو شـەهیدان ببنە برای یەکدی؟ من بە پێی خۆم هاتوومەتـە ماڵـت، تـۆش بەبـەر چـاوی ئەوانـەوە میـوان دەردەکەیت؟ جارێك ناوی خودا بێنە! کەمێك ساردبەوە و قومە ئاوێکی سارد بدە میوانەکانت. دایکی خۆم! بۆ خاتری تۆ هەر بە پێوە دوو قسەی خێر بۆ تۆ و بۆ تۆ و بۆ نەوە هەژارەکانت دەکەین.". بەدی بەگی رازگر: "کاك ناخۆرە پیکەبەکە لە سـەری کـۆڵانەکە وەسـتاوە، هەنـدێك دیـاری تێدایە با دایگرن."

ناخۆرە: "دایە ئەسرین دنیا گۆڕاوە، تۆ نەبی کێ بەم خانوو و ماڵ و ناوماڵە رازی دەبێـت، ئێستا ئۆتۆمبێلێکمان بۆ راستانی برامان دانـاوە، بـەیانیش خـانوێکی گونجـاوی بـۆ دەکـڕین، ئەوکاتە دێینە سەر ناوماڵی جوان. (رووی کردە خـەمرەوین): ئێـوە چـۆن چـۆنی تـاکو ئێسـتا لەگەڵتان دەربردووە؟ کاك راستان ناوە ناوە بە ئۆتۆمبێلەکەت دایکت و منداڵەکان ببـە دەرەوە، با چاویان بکرێتەوە و خەڵکی خوداپێـداو ببیـنن، بـزانن لـە دەرەوە چ باسـە. دوو ژەم لـە دوو سەیرانگاندا بخۆن، دوو شاری گەورە ببینن... منیش شەو و رۆژ لەم گۆڕە دەرنەکەوم لە دایکت خراپترم بەسەر دێت!".

خەمرەوێن: "پوورە خان کاک ناخۆرە ڕاست دەفەرمووێت، دەبا چەند ڕۆژێك بە قسەی بکەین، دیتمان خێر و چاکەی ئێمەی دەوێت لەگەڵی دەڕۆین، ئەگەر بە دڵیشمان نەبوو ئەوا ئەو لەماڵی خۆی و ئێمەش لە کاولەکەی خۆمان.".

پیرە ژن بەبێ بێنییەوە: "ئەگەر کوڕەکەی سینەم سینە رووتێ و جانگحیزی، بەرۆکی کوڕەکەم بەربدات، ئەوا هیچی خراپم بەسەر نایێ! ناخۆرەی بەدکار! باوکت پیاوەکەمی... ئەتۆش کوڕەکەم لێبستێنە. (ڕووی کردە بووکەکەی): کە وەك من بوویتە دایکی هەتیوان، ئەوکاتە لە کاولەکەی خۆت دادەکەویت؟".

خەمرەوێن: "ئەتۆ بۆ هەندە ڕەشبین و ترساوی. ئەو پیاوە مەردی خودایە، بە فەوتانی ڕاستان و سووتاندنی جەرگی تۆ و هەتیوکردنی منداڵەکانی من چی دەست دەکەوێت؟".

پیرەژن: "چاك دەزانم قسەکانم خۆڕا دەڕۆن، دەشزانم لە کاتی لێقەومانێ کەستان بەسەر ڕاناگات. کاك ناخۆرەیش لە من باشتر دەزانێت کە جەنگیزی باوکی شەهیدی گۆڕ گوم نییە، مەگەر پەڕاگەندەی دەستی ژنی و گۆڕگومی دەستی کوڕەکەی بێت.".

ناخۆرە بە قوتدانەوەی نیگەرانییەکەیەوە: "دایە ئەسرین! ئێستا کەمێك مێشکت سارد دەکەیتەوە؟ لە ماڵەکەت دانیشین و دوو قسەی فێنك بکەین یا دەرمان دەکەیت؟".

پیرەژن: "پیاوی باشبە گەڕی خۆت لە ئێمەی چارەڕەش لادە! دەتناسم کێی و کوڕی کێی، ئەتۆ کەتنێکی گەورەت لە ژێر سەردا نەبێت، هێندە پیاوچاکی بە دەست و دیاری و یارمەتی چاکەوە پێ بنێیتە ماڵی ڕاستانی ڕابین کاروانچی؟ ئەوچاوە کوێرە کە دۆست و غەنیمی خۆ ناناسێ... تۆ وەك میوان لە دەرگای ئێمە نادەیت، تا وەك خانەخوێ فەرمووت لێ بکەین. تۆ هاتووی تەرمی منداڵەکانم ببەیت! ئەگەر بۆم بکرێت نەك هەر ناهێلم لە ماڵم دابنیشی، بەڵکو هەمیشە دەبێت حەوت ساڵە ڕێ لێمان دوور بیت. وا نەزانیت خەوتووم؟ وا لێم دیارە ئەوەی بۆتان داناوە ئەوە خوێنی خۆی و ڕوو زەردکردنی من و ڕابینە.".

ناخۆرە نەرمتر و بە سۆزتر: "باشە دایە ئەسرین! من وەك تۆ خراپ نابم، بۆ خاتری ئەو منداڵە ڕووت و برسیانەت، هێندەی بڵێی پتر دوور دەکەومەوە. با ئەو کوڕەباشەی لە مێژە هاوڕێی ڕاستانی کوڕتە، هاتووچۆتان بکات. هەر پێویستییەکتان هەبوو بۆتانی چارەدەکات،

ئەو برادەری دێرینی کوڕەکەتە و هیچ پەیوەندییەکی دوور و نزیکی لەگەڵ منـدا نییـە. بـۆ ناتەوێت خێرخوازێك ئاوڕێك لەم رووت و برسییە ساوایانەت بداتەوە؟".

پیرەژن: "وەی سەرچاوان، بەڵام دەترسم فیتێکی تۆی تێدابێ، هەرکاتێك زانیم بۆنی تۆی لێ دێت، ئەوا هەر بەخۆم دەزانم چی پێدەکەم.".

بەدی بەگی رازگر: دایکی کاك راستانی! منیش لەگەڵ تۆدام. من بە هۆی راسـتانەوە ئـەوم ناسیوە، لەگەڵ من هاتبوو داوات لێ بکات رازی بـی راسـتان ئۆتۆمبێلەکـەی لێ وەربگرێـت. کۆڵانەکەشتان بگۆڕن بچنە خانوێکی گەورەتر و کۆڵانێکی فراوانتر تاترومبێلەکەی لـە حەوشـە رابگرێت، هەر خۆشم کرێیەکەی دەدەم... تاکو خانوێکیش بۆ راسـتانی بـرام دەکـرم. مـن بـە برسییەتی پێگەیشتووم. ئێستا خودا ئاوڕی لێداوەمەتەوە و خێر و خۆشـی بەسـەردا بارانـدووم، ئەگەر منیش ئاوڕ لە کەس نەدەمەوە لەوانەیە خودا لێمی بگرێتەوە... دڵنیابە دیارییـەکانیش من بۆ بـــرازاکانم کریومن، با کاك راستان دایان بگـــرێت.".

پیرەژن بە دوو دڵییەوە: "هیـوادارم دەستم نەشکێنیت. ئەگەر دیارییـەکان هـی ئـەو نـین و سووریشی لەسەر کارەکەت ئەوا ئومرۆ بیانبەوە کەی ویستت و بۆتکرا ئەوەندەی دەسـتت لێـی بەردەبێت، بیهێنەوە. بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل و خانووش... ئەگەر بەمن دەکات نایەوێت. چـونکە خۆرا نییە! ئەگەریش سوورە بە پەتکی ناخۆرەی خۆی بخنکێنێت، ئەوا من بۆخۆم دەچم لە پـەنا دیواران دەمرم، بەڵام لە ناو خانووی ئێوەدا بەدیار سووتان و رەشبوونی ئەودا ناژیم!".

... ... ...

بەدی بەگی رازگر کۆمەڵێك دیاری بە وەج و شتی بەکەلکی لە هەیوانە کنگـە گوێرەکەکـە داناوە، خەمرەوێن تێیان رادەمێنێت و نەدیتکانی هـەڵگێڕ و وەرگێڕیـان دەکـات، خۆشـی لـە ژوورەوە بەرامبەر خەمزەدە دانیشتووە، چاوە برسییەکانی تێ بڕیـوە، دەسـت بـە سمێڵـی بۆیـە کراوی دادێنێ، بە خەندەوە: "لە چـاوی پـیس بـەدووربی، هێشـتا زۆرت بـە بـەرەوەماوە. لـە هەندەران ژنیان لە تەمەنی ئێستای تۆدا شوو دەکات، ژن تەمەندار نەبێ، نرخی پیاو نازانێـت، نەخاسمە دنیای دیبێت و لێی بڕابێت. منیش ئێستا رەبـەنم.". خـەمرەوین بـەرداخێك ئـاو لـە دەست هاتە ژوورەوە، ئاوەکەی دایە دەست میوان. میوان هەڵی قۆڕی و بە بـەر چـاوی پـیرەژن لەگەڵ بەرداخ دانەوە دەستی، ماوەیەك دەستی گوشی. هەردووکیان خەندەیان گۆڕییەوە. رازگـر

به سەرسامی نواندن و به پێکەنینــەوە: "ئــەرێ هــەنگوین خــان ئــەتۆ نــاوت خەمرەوێنــە، یــا خەورەوێنی؟ سەد ئافەرین بۆ ئەوکەسەی ئەو ناوە شیاو و بەبەر براوەی لێناویت.".

پــیرەژن: "کاکە پێت نەگــوتین ناوت چییە و لەکــەیەوە لەگەڵ راستان یەکــدی دەناسن؟".

کاکە: "ناوم رازگر بەگە، چۆن چەند ساڵە راستان لە لای ئێوە باسی منی نەکــردووە؟".

پیرەژن: " ئەتۆ چی سینەمێی؟".

رازگر: "هیچ. (پیرەژن خەریکی خوێندنەوەی ناخی رازگر(بەدی بەگ)ی بوو. رازگر بە پەلە گوتی: "سینەم کێیە، ئەم ناوەم نەدیتوە و نەبیستوومە.".

پیرەژن: "ئەدی لە سەرەتادا نەمگوت بۆنی کوڕی سینەمێت لێ نەیەت! مەبەستم بــوو بــە چاوی ئەو و کوڕەکەی سەیری ئێمە نەکەیت! ئەوەی من دەتبێنم یا خوشــکزای ســینەمێی یــان دایك برای کوڕەکەی جەنگیزی؟ ئەو فێری کــردی بــە دوای ســووککردنی خەڵکــدا بگــەڕێیت؟. خوێن و بۆنی ئەتۆ و ئەو لە یەکدی جیا ناکرێنەوە.".

خەمرەوێن: "پوورەخان بۆ لە ماڵی ئێمەدا خۆڕا شەڕ بە خەڵکی خێرخواز دەفــرۆشیت؟".

پیرەژن بە تەنگە تاوییەوە هەڵستاو بە دەم چوونە دەرەوەوە: "ئێستا پێتان دەڵێم خێرخــواز کێیە و لە ماڵی کێ پەتکێ دەپسێنێت؟" هەتا لە دەرگــەی ((پلکــە ئایشــێ و مــام ســاهی)) دراوسێیان، هــــەرسێکیان، دەست بە کێرد و تــێلاو کوتکــەوە دەرکــەوتن، بــەدی رازگــر لــە و هەرێمان نەمابوو.

... ... ...

ناخۆرە دەڵێتە راستانی: "هێندە ناهێنێ دەری بکەیت، یا چاوەڕێی فەوتانی بین. ئاسانترین چارەی بە مێردانەوەیەتی! دڵنیام بە خۆشی زۆر پێــی خۆشــە، بــەڵام شــەرم دەکــات. ئــەو ژنــە دەستی بگاتە پیاوی خۆی، بە ساڵیش ئەتۆی بە بیردانایەتــەوە. خــەمت نــەبێت مــن پیــاوێکی چاکی بۆ پەیدا دەکەم. وادەکەم تۆڵەی ساڵانی رابردووشی بکاتەوە. من ئەوانە بە نــاڕەو نــازانم! بە درێژایی تەمەنیان جگە لە هەژاری و خەم و تاڵاو و نیگەرانی شتێکی دیکەیان نەچەشتووە!. ئەتۆ و ژنەکەت گەلێك گوێ رایەڵینە و زیــاد لــە پێویســتیش لەگــەڵی نیــانن. هەســت بکــات سەرکردایەتییەکەی لە دەست دەدات، ئەوا بە بنکردایەتی مەمنوون دەبێت و بە خــۆی بــەدوای مێرد و بەرژەوەندییەکی دیکەیدا دەگــــەڕێت!".

هەر راستانی کوڕ و ئەسرین خەمزەدەی دایك لەماڵن. خەمزەدە بە دەمارگیراوییەوە دەڵێتە راستانی: "ئەگەر دەمزانی کە تۆ پێدەگەیت، ئەوها دەردەچیت و بۆ خاتری خۆ بە تڕاندن دانێت، هەندە بەبێ شەرمی ئەم ڕێیەم لەبەر دەنێیت، دەبوو ئەتۆم بە ساوایی فڕێبدایە و بۆخۆشم بە جحێڵی مێردێکی قیت و قۆزم بکردبایەوە. ئێستا پلەی من و جێگەی تۆ دەردەکەوت! ئەتۆ نەدەژیای و منیش پێنج شەش کوڕ و کیژۆڵەی زیتەڵەم دەبوو. سێیانیشیان کەم کەلك و کەللە بەتاڵ بوونایە، ئەوا دوانیان هەر لە تۆ باشتر دەردەچوون. من بەڵێنم بە شەهیدی دابوو. ئێستاش لە پەلوپۆ کەوتووم، بەدەست پشتئێشە و ژانەئەژنۆوە شەو تا بەیانی دەناڵم و پێویستم بە یەکێکە بەردەستیم بکات. چۆن هەنوکە کەلکی ماڵ و مێردی نوێم ماوە؟. (بە پاڕانەوەوە) راستان گیان! تۆ و گۆڕی شەهید و سەری منداڵە پاکەکانت، ئەمە دانانی کوڕی سینەمێ نییە؟ ئەویش وەك رازگر بەگی برادەرت و کرێگرتەی ئەو، هەموو ژنێك لە پێستەی سینەم خانێدا دەبینێت. کوڕەکەم!".




## ٢٤- گەرگەرینی گەندەڵی

مامۆستا هەژی لەدوای گرتن و بەردانی راستاندا: "باوکەکەم! براکەم! کوڕەکەم! نەمگوت ئاگات لە نانی منداڵەکانت بێت؟ من چاوەڕوانی سەرکەوتنت بووم، کەچی تۆ رۆدەچی! هەرچەندە من دڵنیام و زۆر باشیش دەزانم کە ((نەمامی راست لە ژێر سێبەری لاردا گەشەناکات))، بەڵام... (بە رامانەوە): چۆن چۆنی لەم رۆژە تنۆك و لەم شارە چاوچنۆك و لەم وڵاتە برسی و ورگن و ترسنۆکەدا رووبەڕووی گەلەی دێوان دەبیتەوە؟ من کە ماوەیەکە لە ئاوەدانی دەرناکەوم، کەس منی بەبیرداناییەت. ئەزیش تووشی لەبیرچوونەوە بوویم. خەڵکی باش ناناسم... مام دینۆ گوتەنی مێشکم وەك دەست و پێی گەنجانی ئێستا سڕ و ساردە، زۆر جار بەدوای خۆمدا دەگەڕێم، خۆم نادۆزمەوە.".

کە هەژی، راستانی لە دەرگای ماڵەوەیان بەڕێکرد، پتر هاتە دەرەوە، بە دیار دیوارە خاوێنەکەی ماڵەوەیان وەستا، بەستر پێرێ پارەی بۆیەکردنەکەی درابوو. بینی لە لایەکی رووکاری پێشەوەیدا، چوار جار لە ژێر یەکدی بە رەنگی جیاجیا نووسراوە "تانکەری خاوێنکردنەوەی بیر و سپتیتەنگی ئاوەدەست- ژمارەی مۆبیل (....)". هەریەکە و ژمارەکەی پێشە خۆی سڕیبۆوە، تەنها ژمارەی دواین نووسینیان مابوو. بە رامان بەدیاریانەوە: "ئیوەش لە نێوان خۆتاندا ملە و بەربەرکانێی بێرەوشتی دەکەن؟. بۆ کرێیەکی کەم یەکتر دەسترنەوە؟ بە وردە هەنگاوان سووڕایەوە. سەیری لادیواری سەر شەقامە بەرینەکەی کرد، بینی چەندین نووسینی تایبەت بە خۆ پالآوتن و ژیاننامە و بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەندامانی شارەوانی و خشتە و پوختەی بەرنامەی کاری هاولیستانیان کوژاونەتەوە. وێنەکانیان دڕاوە یا شێوێندراوە، تەنیا ئەوەی دواییینیان وەك خۆی ماوە. سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، بە بۆڵەبۆڵەوە: "وا دامانننا پیسایی رێژەکان نەبووە و نەزان و نەخوێندەوارن، لەبێکاری و ناچاریدا ئەمە دەکەن. ئەدی ئێوە کە خۆتان بە پێشڕەو و بژاردە دەزانن! خۆتان بۆ پالێوران و هەڵبژاردن سازداوە! دەپرسم بۆچی: دەبێت ئەرك و فەرمانی ورگ و سەر و دەست و پێ ئاوکوف بن؟. بۆچی گێژکار و کاوێژکار و راوێژکار دەبێت هەمان رەوشت و هەمان رەفتاریان هەبێت؟ من دوور و

نزیك كارم بەسەر كاری ئێوەی ئەمڕۆ دانییە. ئێوەش هەرنەبێت كارتـان بەسـەر دەرگـا و دار و دیواری خەڵكەوە نەبێت.".

... ... ...

پیرە هەژی پێشتر وەها ڕووبەڕووی ژیان دەوەستایەوە، دەتگوت بە هیچ جۆرێك تێكشكان و بەزین، لە بیری ئەودا نین. هێندە بە بڕوای پتـەوەوە ڕەفتـاری دەكـرد، چـۆن بڵێـی یـاریزانێكی كارامەی بێهاوتایە، خڕۆكەی زەوی تۆپی ژێر پێیەتی. هەر خەریكی هێرشبردن و گۆلكردن بوو، بەڵام لەم دواییانەدا دەسەڵات و تەمەن دایانماڵاندبوو، پتر بەرگری دەكرد، بە ڕووكاریش هـەمان هەڕەشەوگوڕەشەی پێشانی پێشان دەدا. كەسانی دەوروبەری نزیكی، لـە زاخیـدا هەسـتیان بـە كەمی تین و تابشتی نەدەكرد، بەڵام بەخۆی لە تەنیاییدا خۆی لە سەرەتای ئـاوەژووی ڕۆژگـاری چەتووندا دەدیت. دەیزانی ئیدی هۆری بۆ ناكرێت، نەشی دەویست هۆری لێ بكرێت. ناخۆشترین سات و سەرسەختترین كاتی ژیانی لەو ماوەیە دابوو. هەستی دەكرد شتەكان بـە چـەوتی و بـە پێچەوانەی ویستی ئەوەوە بە بەرچاوی زەقیـەوە تێدەپـەڕن، نـەك هـەر بـۆی نـاگۆڕێن، بـەڵكو ناتوانێ كنگە بەرگرییەكیش بكات. فێریش نەببوو چاو لە ئاسـتیاندا بنـوقێنێ. وردە وردە لـە خواردن كەوت. كەوتە خواردنەوەی خۆی. نەیدەویست گەلێك بكەوێتە بەرچاوان، چونكە لـەلای خۆشەویستانی فرمێسكەكانی بۆ بەند نەدەكران. لە ڕووی نەیارانیشیدا هەر لە ناوخۆیـەوە. بـە هۆ و بێهۆ، گـڕی دەگرت و دەتەقیەوە. ڕكی لە جـلوبەرگە كۆن و فشـەكانی بـوو. ڕقـی لـە ئاوێنە و دەستنووسەكانی بوو، بەڵام دڵی لە پەرتووكەكانی بەرنەدەبوو.

ڕۆژێك هەژی بەڕێكەوت لە نزیك ((بازاڕی سیروان))ی ئێستادا دەڕۆیشت. ئـاپۆران و تێـك قژقژانی گەنجانی تیفتیفەدراوی [339] بێكار، دڵیان تونـدكرد. ویسـتی بگەڕێتـەوە و لـە ((بـاغی شار))دا پشوویەك بدات. لە ناو جەنجاڵەكە دەرنەچووبوو كە كوتـك و سـنگی ڕووبـەڕوو لـە د. شالیاری هەڵەنگوت. شالیار بە بزەوە دەستی مام هەژی گرت، لە جەنجاڵییەكـە دەرچـوون. لـە كەنار حەشاماتەكەدا بە گەرمی دەستی یەكدیان گوشییەوە.

---

٣٣٩- تیفتیفەدان: ڕازاندنەوە، جوانكردن. تاسولووسكردن. خۆ سازدان. لێخەفتن.

شالیار بە منەتبارییەوە: "مام هەژی تـۆ مـام و مامۆسـتای مـن بوویـت! تـۆ منـت لـە زۆنگاودا دەربازکرد، خاوێنت کردمەوە. تـۆ منـت لـە هـەرزەیی چـاولێکەری، لـە دڵڕەشـی و خۆپەرستی رزگارکرد. تۆ داهاتوومت ئازادکرد. تۆ...".

هەژی بە رووی گەشەوە دەستێکی خستە سەرشانی چەپی و گوتی: "هەمووومان، هەریەکـەو بەشی خۆمان، لەکاتی خۆیدا هەڵە و کەموکورتیمان هەبووە، گرنگ ئەوەیە بە ئاگـا بێینـەوە و چەوتەکانمان راستبکەینەوە، یا دووبارەیان نەکەینەوە! پەند و سوودیش لە یەکـدی وەربگـرین!. ئێی دکتۆر گیان! پێم بڵێ ئێستا چۆنی؟ لە ماڵەوە چۆنن؟ بە چـییەوە خـەریکیت؟ کـات چـۆن دەکوژیت؟ چۆن کات دەتکوژێت؟".

دکتۆر شالیار: "سوپاسگوزار و ستایشکارم. مـالی هـەردی و منداڵـەکانی دیکـەت هـەر یەکەو هەزارماڵی لێ بکەوێتەوە!. پێشتر بەم دووچاوە گەورانەمەوە هـەر خـۆم و سـەرە لـووتی خۆم دەبینی، بەڵام لە سایەی تۆوە، ئێستا، کات و شوێن و دەوروبەری دوور و نزیـك، خـەڵك و خۆم بە رۆشنی دەبینم. (بەدەم رۆیشتن بەرەو باغی شارەوە) ماوەیەکە مەزنایەتی تـۆ ئومێـدی گەورەم لە دڵدا دەروێنێت! پرۆژەی گەورەم لەلا دروست دەکات. گەلێکیش حەز لە چاکەکاری و کارایی دەکەم. هەست دەکەم تاکە پەنجەیەك کەم هێزە، بەڵام کە هـەر پێـنج پـەنجان بەیەکـەوە بنووقێنیتەوە، کۆڵە مشتێکی ئەوتۆ دێتە کایە، ئەگەر بەزانایی و لـەکاتی خۆیـدا بیوەشـێنیت ئەوا لووتی چەندین پێشگران دەشکێنیت و چەندین دەرگانیش دەخەیتە سەرپشت.".

هەژی: "ئافەرین بۆ لێکدانەوەکەت. بەڵام من گەلێك هەوڵمدا، پێنج نینۆکیشم بۆ بە یەك رەنگ بۆیە نەکران، ئێستاش تەمەن و تەندروستیم...".

دکتۆر: "دەڵێی چی لەگەڵ چەند کەسـێکی ئـاوکوفی خۆمـان رێکبکـەوین، خۆبەخشـانە رێکخراوێك بۆ خێری گشتی دابنێین و بە پێی توانا، بە کەلکی کەم دەرامەتانی داماو بێین؟".

هەژی سەری رەزامەندی هەژاند، گوتی: "وەك گوتم پێشتر کۆشام، بەڵام دیتم ئەم کارە پـتر بۆ ناودان و لێدان و لادانە. منیش ئەوەم نەدەویست، ئێستاکەش پیرێکی دەستبەردار و بێکارم. پێویستیشم بە ناودەنگ و دراو داکردن نەبووە و نەدەشبێت، چیم بۆ هەڵدەبەستن بێباکم. ئەگەر خەڵکی بەنیاز چاکەویسـت، بـە کـردە (راسـتکار)مـان گیربکـەوێت، ئـەوا لـە چـاکە کاریـدا ناپەنگێمەوە. لە بێکاری و لە دابڕانمدا زۆر هەراسان بوویم. ئەمڕۆ ئەمەیان بۆ ویست و تەمەنی

من لەبارترە. ڕەنگە بە شێوەیەکی کاتی شوێنکار و هەندێك پێویستی سەر پێیش دابین بکەم. دواتر بە تێروتەسەلی بابەتەکە هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکەین. پێم بڵێ تۆ بیرت لەچی کردۆتەوە!؟".

دکتۆر: "ڕێکخراوێك بە ناوی ((کۆمەڵەی دەستگرتنی بێدەرامەتانی کەم توانا))."

لەبەر دەرگای باغی شار لووتیان لە لووتی((لەپتینی بازرگان چەقی)). هەژی، دکتۆر و لەپتینی بە یەك ناساندن. ئەوانیش بە سۆزەوە یەکدیان ماچکرد. هەرسێکیان لەژێر پیرەدار سنەوبەرێك، بە دەوری مێزیك دانیشتن. لە دوای چەند گوتەیەکی گشتی، کاکڵەی بابەتەکە لە کەللەی هەژی سەری هەڵدایەوە، بە وردی باسی مەبەست و چۆنیەتی پەیوەندیکردن و لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکانی ڕوونکاری و پاکپارێزی و... کرا. هەرچەندە لەپتین بە خۆشحاڵییەوە هەرێێ پشتگیری و هاریکاری دراوی دا، گوتیشی"من وای دەبینم لەم وڵاتەدا مرۆی باش هیچی لە دەستدانییە، یا بۆیە باشە چونکە هیچی بە دەست نییە. بۆیە هەرچەندە لە هەڵبژاردندا وردبین هەر کەمە.

مامۆستا هەرمان و سێ خۆبەخشی دیکەشیان ڕەگەڵ کەوتن. ئافرەتێکی سعودیە و پیرێکی بەرازیلی و هەبووەیەکی کەنەدی و گەنجێکی سوێدی بە ئەنتەرنێت پەیوەندیان بە ڕێکخراوەکە کرد، بەمەرجی: ((هەبوونی بەڵگەنامەی بڕواپێکراو و پیشاندانی ڕوونی پاککاری، زانینی چۆنیەتی بڕیاری دەستگرتنیان. مەرجێکی دیکەشیان ئەوەبوو کە مەبەستی سەرەکی نەدارانی کەمهێز، فێری ماسیگرتن بکرێن، نەك ژەمێك و دوو ژەم تێربین و دواتر دەست بە سکی برسیان دابینن، ئەوکاتە لەبری چاکە لە نێوچەوانی ئێمە فێری دەستپانکردنەوەو خواستیاری گەڕۆکیش دەبن.)).

وەکو ویسترا، کۆمەڵە بە کۆمکاری، بە ئاشکرا و بە نەهێنی کەوتەکار. بەرلەوەی دەستبار لەگەڵ نەبووەیەکی کەم ئەندام، هەتیوێکی بێپەنا، دەردەدارێکی بێدەرمان، پیرێکی پەڕاوێزکراو بگرن، لیستی ناوی ژن و منداڵ و پیاوانی تێر و دەستڕۆیشتوو دەستبەستی کردن. دەبوو ئەو پارەیەی بەناوی هەژارانەوە کۆکراوەتەوە، بدرێتە هەنگڕاوان و دەست و پێیانیانەوە، یا کارەکە بدرێتە دەست چەتە و شەوگەردانی لایەنگرانیان، یان دوای ئابڕوو دانان و ڕووتکردنەوە، دەستە وازە خێرخوازەکان ببڕێن، یا لە شوێنی خۆیاندا قووچەکێك بکەن و بازنەیەك بە دەوری خۆیان و قووچەکەکەدا بکێشن، لە تەنیاییدا بۆ خۆیان بتلێنەوە. سەربەستن! ئازادن! سەرپشکن کامەیان

هەڵدەبژێرن؟!. ئاوها بەری ڕەنج بە (با) دەدرێت! لە شوێنی خۆتانەوە هەر هاوار بکەن و بڵـێن: ((میرم دوو گام دزراوە، نیر و ئاموور و مژانەم نـەماوە. ڕەزەکـەی سـورێشمەم سـووتاوە. کـێ دەیبیستێ؟ کێ لێت دەپرسێتەوە؟)).

... ... ...

هەژی بە دیار دیمەنەکەوە ڕادەما: چێشتەنگاوێکی نێرینەی بەهارێکی خـەملیوە، سروشـت زاوایەك بوو لە بەر تریفەی شەوستاندا ڕووبەڕووی بوکێکی دەم بە بزە سمێڵە خرتکـەی دەهـاتێ. کوێشکە و کەروێشك و مار و مارمیلکە، هەڵەمووت و هەلالووك، گوڵ و گوڵجاڕ. بگرە دار و بەردیش بە دەم سۆزی ژیان و کامی زاوزێکردنەوە گڕیان تێگەڕابوو، بە هەڵپەوە گڕوگاڵیان بوو. بە شێنەیی کەوتبوونە شنەشن و شینبوونەوە. شنەی باوەشێنەی فێنکی پەڕەنگ، بەبێ دەنگـی ئاونگی سەر بەرچەنە و پەڕەی کوڵمی ناسکە گوڵی جۆشـدەدا و گـوڵاوی نێـو دڵـی و ئـارەق و بەرامەی بـەردلکی[340] هەڵدەچـنی و لەگـەڵ ڕەوانـی بـــەندەوار[341]دا لێکـی دەدا و دەیکـردە هەتوان، هێدی هێدی هۆشی هۆشمەند و ئازاری بێئاوەزانی پێ دەهەنووی.

لە بستیاییەکدا، لە گولزار و نێرگزستاندا، لەسەر پشـت لێـی ڕاکشـا و پـەلی هاوێشـت. گوێی بە دەوروبەر و چاوی بـە بنمیچـی ئاسمانـەوە لکـا. چـەندین باڵنـدە لـە دەریـای قـووڵی سەراوبنی ئاسماندا باڵیان دەکوتا، نەرم نـەرم، نـزم دەبوونونـەوە، گـۆرانی دڵـدەر و دڵبـەرانیان دەشنی، لەنگەریان دەگرت، هەر لە شوێن و ئاراسـتەی خۆیانـەوە بـە تاسـەوە بـەرەو بـەرزایی هەڵدەکشانەوە. دەنگیان دوور و خۆیان بچووکتر دەبوونەوە. تاکو دەنگیان دەبـڕا و لـە هـەترەی چاودا دەردەچوون. بە دەم ڕامانەوە چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکرد. پاشـی کـەمێك بـە هـەمان مگێز، هەمان ئاوازژەن، هێدی هێدی دادەبەزینەوە بەر بـڕی چـاو. شـەپۆلی سـۆز و چـریکەی هەڵدانی باڵۆرەکەیان دەبیسترایەوە.

بـە هـەڵکردنی سـروەیەکی فێنـك لـە ڕووکـاری ڕووگـەوە، خـەیاڵی مـام هـەژی پچـڕا و وەخۆهاتەوە. سێبەری پیرە دار بەڕووەکە، لە سەر مافووری سەوزدا داپپۆشـتبوو، خـەریك بـوو

٣٤٠ - بـەردلك: مەمکدان، ستیان، سوخمە. کیفکە گوان.

٣٤١- بەندەوار: ئەویندار. دڵبراو. گیراو.

لەرز بیبهەژێنێت. ملی بەرەو لای هاتنی بای رێژنە وەرسووڕاند. لە کەناری[٣٤٢] رووگەوە هەستی کرد، شنەبای خەیاڵێکی نوێ، شەنەبای هەوری یادەوەرییە دوور و نزیکەکانی دەکاتەوە. لە ناکاو بیرەوەرییەکی گورچکبڕ، دەستەویەخەی بۆوە... لەم سەروبەندەدا رێژنەی گەواڵە اران، وەك کوندەی سەربەرەو ژێر دایدایە. بە دەم هەڵلەرزینەوە خۆی وێکهێنا و بە کوورەکوور خۆی خستە کلۆرایی قاپانی پیرە دارەکەوە.

زۆری نەبرد رۆژەکەی خۆشکردەوە، خۆردەرکەوت. خاك نێربوو[٣٤٣]، زەوی زوو چڕژا[٣٤٤]. شنە سەمای بە نەرمە قژی سەوز و رووەتی ئاڵی گوڵەبووك[٣٤٥] و کڵووکی دڵتەڕ دەکرد. چەند پێنگاڤێك بە رێچکەکەدا سەرکەوت. لە چەقێنی کەنار رێگاکە و لە ناو کێڵگەیەکی گەنمی هیشکاوزدا[٣٤٦]، دوو ژن و سێ پیاو و چوار مێردمنداڵی بینی، بژاری کێڵگەکەیان دەکرد. لە دوای سڵاو و دەستخۆشی، لێی پرسین: "بۆچی ئەم رووەکە سەوزانە وەها بە رکەوە هەڵدەکێشن و بێ بەزەییانە لە بەهاریان دەکەن؟".

پیاوە جحێڵەکەیان: "مامە! ئەوانە زیوان و سوارەدڕە و خەرەبەنگ و گۆگەم و خەرتەڵەن، لە کوڕەکانی باوکە ئادەمەوە بۆمان ماوەتەوە دەسکەوتی پاك و بڕشتی چاکی چێندراو، بژار و خاوێنراگرتنی دەوێت!".

هەژی: "بژارەکانیش هەر رووەکن، چ خراپییەکی هەیە ئەگەر دانی ئەوانیش رەگەڵ تۆی گەنمەکە بکەوێت؟".

پیرەپیاویان: "کاکە! زیانی ئەم بژارانە وێڕای تەنگکردنی جێگە و زەوتکردنی بەشە خۆراك و خۆر و ئاوی گەنمەکە، و کەمکردنەوەی بڕشتەکەی، بە کاکەی شاری بڵێم: زیوانەکە ئارد و نانی گەنمەکە تاڵ دەکات، سوارە دڕەکە ناهێڵێت تەڵە گەنمەکان بەیەکەوە بوەستن، بڵاویان دەکاتەوە و (با)ش لە لاڕا دێت پتر پەرتیان دەکات. خەرەبەنگەکەش ناوی خۆی بەخۆیەوە، (بە

---

٣٤٢- لە کەناری: لە لای، لە ئاراستەی.

٣٤٣- زەوی نێربوون: رۆژ درێژ بوون و ئاو و هەوا گەرم بوون لە بەهاردا، وادەکات زەوی زۆر ئاو هەڵنەگرێت و بە بارانی کەم یا بە خێرایی نەبێتە قووڕ.

٣٤٤- چڕژا: ئاوی لە خۆی بەردا. کزر بۆوە.

٣٤٥- گوڵەبووك: هەڵپاچان،گوڵی خاشخاش.

٣٤٦- هیشکاوز: زەوییەك لە هیشکە وەرزدا(بەر لە باران بارین تۆکرابیت)، زوو چێندراو، هەراش. پێچەوانەی ساوا و تەڕاوز.

نەرمە پێکەنینێکەوە) لە رووت نەڵێم خۆی کەربەنگە، رووەکێکــە کــەرێ مــەدهۆش دەکــات. ئایین رێگە نادا، دەنا هەندێکم خۆڕا بــۆ شــاریانی ســەرخۆش دەبــرد و وەك بــەنگ کێشــەکانی ئێستا فێرم دەکردن، ئیدی خوویان پێوە دەگرت، مەی فرۆشانی شــار ئەمــەیان زانیبوایــە ئــەوا پنجبڕیان دەکرد. ئێمە و کەرەکانیشــمان لێــی بێخــەم دەبــووین. پــتر بــە کاکــەی خــۆم بڵــێم: گۆگەمەکەش ژەهرێکی نادیارە، بە رێژەی کەم منداڵەکانمان دەکوژێت و دوامان دەبڕیێنێتــەوە، ئەگەر زۆریش بە خواردن یان وەك دووکەڵــە پیســەکەی دەســەڵاتدارانی بەغــدا بــۆ کوشــتنمان بەکــاریان هێنــا، ئــەوا ورد و درشــت، دووپــێ و چــوار پێیــان نابوێرێــت خــڕی قــڕ دەکــات. خەرتەلەکەیان، ناوی گــازی خەرتەلە (خردل)تان بیســتووە؟ کــە گــازە ژەهراوییــە بــۆن ســیر و سێوەکەیان لێ دەرهێنا و بە مەبەستی قڕکردن بەسەر دەشت و چیا و گوند و شارۆچــکەی ئــەم وڵاتەیاندا پڕژاند."

هەژی دەنگی ناڵ و پێی وڵاخێکی خۆشڕۆی بیست، ئاوڕی دایەوە: بینی سوار ماینێك، بزنە مامزێك و دوو کار و سێ تانجی بەدواوەیە. ئەوەی پتر سەرسامی کرد هەر هەشتیان یەك رەنگ بوون، زۆر بە جوانی و بە رێکی بە رێچکەکەدا دەرۆیشتن! بارانیش تەڕی نەکردبوون!. چاوی لــە وان بەردا و پتر بە هەورازەکەدا هەڵکشا، بەرزاییەکەی پێش لــووتی وشــك بــوو. دوور و نزیــك فیلە سەگێك و رێویە پیاوێکی بینی، بە وشتی و هەشیارییەوە دەیانڕوانییە پێشەی خۆیان. کــە پتر بۆیان سەرکەوت، بۆی دەرکەوت، سایەدی مێگەلە مەڕەکەیانن!.

لەم کاتەدا لە نا ئاگاییەوە بروسکەیەك هات: "کێ بەرپرسە؟ کــێ بەرپرســیاری بــژارکردنی کۆمەڵگە و یەکخستنی دەنگ و رەنگ و رێچکەی ئەم گەلەیە؟ کــوان شــوان و ســەگی گەلــە؟ دەبێــت ســەر و راوێــژکار و پرۆفیســۆرانی ســەرمێزە گــەورەکان، هێنــدەی پــیرە جوتیــارێکی نەخوێندەوار نەزانن بایەخی بژار چییە؟ هێنــدەی گــەنجێکی راوچــییان لــە دەســت نێــت؟ یــەك رەنگییەك، رێکوپێکییەك بکەن؟ هێنــدەی ســەگ و دوا شــوانێك هۆشــیان نــەبێت، چــاودێری گەلەکە بکەن؟.

(بە دەنگی بەرزتر): تا تامی شەکرە وردە و کەللە کەندی گەندەڵی نەچێژی، نازانی چەندە شیرین و مەزەدارن. کە چەشبوویت[٣٤٧]، ئیدی دەست و چاو و دڵت لێیان بەرنابێت. هەرگیز گەدە و کەللەی گەنیو لە شیرنەمەنی و گەزۆی گەندەیی تێرنابن، گیانکێشیش چاومان لێ زەقبکاتەوە و دەست بۆ هەوکمان بێنێ، هێشتا ناکارێین دەستی لێ هەڵبگرین.

(پتر بە ناخی خۆی و دەورەبەردا رۆدەچێت و دەبینێت): تێرنەخۆری، پەتایەکە مرۆ لە مرۆڤایەتی دەخات و دەیکاتە دڕندەترین دڕندەی هەرە دڕندە. دەیخاتە باخچەی ئاژەڵان. ئاژەڵی کەللە پووك و کەڵبە و رنە تیژ و چاوبرسی، ((دوو لاقەی پێ پان)) وەك ئەم دڕندەیە، نە بووە و نە دەبێت. دەیخەنە قەفەسی تۆکمەتر لە هینەکەی شێر و پڵنگ ورچانەوە. لێی دەترسن ئەو هارە دەربچێت، قەپ لە هەر کەسێکی دیکە بگرێت کەسەکە هار و هارتر دەبێت.

کە شەکراوی خەست دەگاتە دەمار و خانە و شانەکانی لەش، دەمار کزدەبێت. تەتەری هەست، تیرەمار، توولەڕێ بزردەکات. گەیشتنی نامە و ئیمێل لە نیوانی مێشك و چوار پەلدا سست و نا روون دەبێت. کابینەی کارەبا و هەستکار و کاردانەوە دادەهێزرێت، یا هەر دەبڕێت!. کارتی کارگوزاری دەسووتێت. کاپێلك کارگوڕی وەرچەرخانی نامێنێت. هزر و هۆش و گەروو گێژ و وشك و تەریفەدەبن. مرۆ ئاگای لە بەر پێی خۆی دەبڕێ. کەمترین برینی جەستە، بچووکترین برینی هۆش، تەشەنە دەکات و قەتماغە ناگرێت و سارێژنابێتەوە. مۆبێلی هەست دەوەستێت. کە قرتکێك دەکەوێتە ناو پێتاوەوە، تاکو پاژنە و سنگی پێ نەگوێ[٣٤٨] لێی وەئاگا نایێ. کاتێك هەست دەکات گۆشتەکەی رزیوە و هێسکەکەشی لاڕەشەی گرتووە. ئەگەر زوو هۆشیاربی و دڵ و چاوی لە شیرینی شەکر بەربدات. لە قولەپێوە، پێی ببڕن و پێی دروستکراوی بۆ ببەستن، ئەوا بەگەڕ دەکەوێت و رەگەڵ گەلە دەکەوێتەوە. ئەگەر گۆشت گەنین و گەرگەرین[٣٤٩] گەیشتبووە لوولاقی، ئەوا لە پشتی ئەژنۆ دەیبڕنەوە، بەڵام ئەگەر گەنین و گەرگەرین گەیشتە جومگەی ڕان و کلێنجەی[٣٥٠]، مۆخەکەی رەشداگەڕا، ئەوا ((مل بڕین))

٣٤٧- چەشبووی: رامبووی، دانەخۆرە کراو.

٣٤٨- گوان: هەوکردن. سنگەپێی کوڕەکە گواوە.

٣٤٩- گەرگەرین: شێرپەنجەی هێسك.

٣٥٠-کلێنجە: دواپین گەی بڕبڕەی پشت، خەڵك لە رۆژی پسلاندا لە کلێنجەوە دەڕوێنەوە. دەژیێنەوە.

نەبێت هیچ چارەیەکی دیکەی نییە!. گەندەڵیش تاکە هاوشێواز و هاوتای شەکرەیە، بەڵام ئەویان تەنیا دەمار و هەست سڕناکات، بەلکو:

یەکەمجار ویژدان کوێری دادێنێ، مرۆ لە خۆی بەملاوە کەسێکی دیکە نابێنێ. ئەگەر بەرلەوەی گەرگەرینی هێسك و هۆش لە پەنجە و سینگ و پاژنەی پێیەوە بپەڕێتەوە، گوێی نەگرن و کارەبا و تیشکی لێزەری لێ نەدەن، ئەوا گەنینی مۆخ و هێسکە رەشە و گۆشت رزین، نەك بە تەنیا تووشبووەکە، بەڵکو دەوروبەرەکەیشی دەفەوتێنێت.

گەرگەرینی شەکرە نادرمە دەردە، کەس لە کەسی ناگرێتەوە، کەچی گەرگەرینی گەندەڵی پەتایەکی بێهاوتایە، تابڵێی پتر و پتریش درم و ترسناك و کوشندەیە، ئاگر و رەشەبا و تەبارەی خەرمانانی کوردستانە.

جیاوازی سێیەمی نێوانیان لە لای ئێمە ئەوەیە: گەندەڵی لە کەللەی سەرگەورەکانەوە بەرەو بازوو و لوولاقی هاوڕێیانیان و لەوانیشەوە بۆ پێ و دەست و پەنجە و پلی رەشوڕووتانەوە دادەبەزێت، واتە بە تەواوی پێچەوانە و ئاوەژۆیە.

دوێنێ شەو، چەند بەڵێندەرێك هاتنە لام، گوتیان بۆمان بنووسە: ((جەنابی وەزیر هەموو کاری وڵات بۆخۆت و بێچووەکانت گڕمەدە! مامۆستای دەسەڵاتدار یا مووچە و دەرماڵە و و پارەی تەرخانکراوی وەزیری، یا بەڵێن و بەڵێندەرایەتی؟!. لایەکیان هەڵبژێرە!. دەمڕاستەکەیان گوتی: ((بنووسە! هەرچەندە ئێمە هەمووماں خاوەن خاوخێزانی زۆر و بۆرین، لەمنداڵییەوە ئەوە پیشە و کارمانە، بەڵام بە سێ پۆل و شەش هۆبەی بەڵێندەران، بە دەسکەوتیەکەی وەزیریت مەمنوونین. بە تانە و تەوسی مەزانە: لە کاری پرۆژەکانی تۆشدا خۆڕا کاردەکەین!)).

منیش گوتم: بۆ کێی بنووسم؟

گوتیان((بۆ لێژنە تایبەتییەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران- دەستەی باڵای پاکسازی- جڤاتی سەرکردایەتی چاکسازی.)).

گوتم: بۆ ئەوەی بەسەرچوو یا بۆ ئەوەی داهاتوو؟. بۆ پیرە بەرلەمانەکەی بەغدا کە کۆکە و دوو تری گرتووە؟ یان بۆ پێوەرۆکەکەی خۆمان، کەوا بیست ساڵە دارە دارە و لارە لارەیەتی؟ یا بۆ داڵ و چرگە گەورەکان؟.

یەکێکیان بە ڕەقییەکی بۆنسۆوە گوتی: ((نەمگوت ئەویش برابەشیانە! بە پوولی خۆمان سکالآیەکی ڕەوا و ڕەوامان بۆ نانووسیٚ!)). منیش بە پێکەنینێکی تەزیوەوە گوتم: ئەوەی نەبیستراوە و نەگوتراوە لەم وڵاتەدا ڕوودەدات!. ئێوە بۆ بەمنی دەنووسن؟ ئەگەر ڕاستن؟ خۆتان بینووسن و ((برۆنە ڕێی شێر و مەترسن!)) ئەگەریش ڕاستپۆشن، یا قەلەزراو، ئەوا بۆ هێور بوونەوەتان قەپ لەمن بگرن باشترە. من شتێکم نییە لێی بترسم، ئەوانیش نە دەترسن و نە شوێنێکیان هەیە بە گاز و بە تەوری دوو دەم و ددانی ئێوە بێشێت!".

... ... ...

د. شالیار بۆ دڵدانەوە هاتەوە لای پیرە هەژی و گوتی: "مامە دڵت ئاسوودەبێت! بەر لەوەی من داوای دامەزراندنی ڕێکخراوی خێرخوازی بە ئاشکرات لیٚ بکەم، دوانی نەهێنی لە ناوەخۆ و سێیانیشمان لە دەرەوە لەکاردابوون. لەم دەرفەتەیەشدا سەر نەکەوتین، بەڵام دڵنیابە کۆڵنادەین. یا بە یەکجاری سەردەکەوین، یا تێدەچین. ئێستاش تۆ و لەپتین و هەردی و هەرمان پشت و دەستگری ڕێکخراوەکانمان بن.".

... ... ...

ئەسپە ژنەکەی جاری پێشتر لە شێرزاد وەژوور دەکەوێت. دوو بلووزی لە توورەگەیەك دەرکرد کە ناوونیشانی (پیشانگەی شێرزاد...) بە ڕەنگاوڕەنگی لە سەر نووسرابوو. بە پێکەنینەوە گوتی: " پێش دوو سیٚ هەفتە لەمەوبەر ژنێك و کیژۆڵەیەك و دوو پیاوم لەگەڵدابوون. کۆمەڵێك شتی جۆراوجۆرمان لێرە کڕی! نازانم دەمناسیتەوە یانە نا؟".

شێرزاد: "بەڵیٚ تۆ سەیری قەوارەی جلەکانت نەدەکرد و بایەخیشت بە نرخەکەیان نەدەدا".

ژنە: "ئەی ئافەرین من بۆ دیاریم بوون. بەڵام ئەم دوانە بۆ من و بۆ تییەکەم[351] (سەیریان کردن، تییە و لێخووڕی لاندگرۆزەر لە نزیك دەرگاکەوە پستەپستیان بوو.) بچووك بوون. هێناومەتەوە. وەریبگریتەوە.".

---

**٣٥١ - تیی: هەوگیان. ژنی شووبرا.**

شـێرزاد بـە ڕووێکـی خۆشـەوە: "وەی بەسـەر چـاوان، پیشـانگەی خۆتـە، دەیبـەیت، دەیهێنیتەوە، تۆ کڕیاری بڕوا پێکراومی. چیت دەوێت خۆت خاوەنیت.".

ژنە پتر لێی چوە پێش، بە خەندەوە نەرمەی ڕوومەتی گوشی و بە نازەوە گـوتی: "شـێرزاد گیان تۆ زۆر ڕووخۆش و هەرزان فرۆش و لێزان دۆشی. ئەوەی ڕاستی بێـت مـن تـۆم چـووە بـە دڵدا، تۆ بە ناسك و تەڕی و خۆشپەڕی کەوتوویتە بەر دڵم. خەونت پێـوە دەبیـنم. چـی دەڵێـی هەردووکمان ببینە کڕیاری یەکدی. دەمەوێت بە دڵنیاییەوە بزانیت: من لە سەرەتای ژیانمـەوە، لە یەکەم مامەڵەمەوە تێکەوتم، بە زێڕ و پارە و ناوبانگ و ڕووخسار فریوم خوارد، بە درەنگەوە واگـاهاتمەوە، ئەوکاتیش وەك بـاڕە کەوان باڵم کرابوو و لە ناو قەفەسدا خۆ هـەڵکوتان کـەلکی نەدام. ڕۆژێ سەد جاران لە دڵەوە خۆزگە دەخوازم هاوسەرینێکی هەژار و ڕووخۆش و منداڵێکی ژیکەلەم دەبـــوو.

ڕۆژ و شەو پیاوەکەی من لە دەرەوەیە، چاولەدەرە، منیش بەستراوە و دابەستەی ماڵم. ئاخر هەی خوا نەناس، شەوێك، هەفتەیەك دوو هەفتە جارێك، ماڵەکـەم گـەرم دابێنـە! مـن بۆچـی شووم کردوە، بۆ بۆتۆ بـەرەڵایی ڕۆژ و شـەوانەی بـە ئاشـکرات ڕەوایـە، بـۆ بـۆمنیش لـەماڵ دەرچوون، لە ڕێچکە و نەریت لادان و تاوانێکی کەم هاوتایە؟ کە دەسەڵاتی تۆم نـەبێت، تـۆش بە بەندکردن و چەوساندنەوەم شاد و بێپەرواییت! بۆ دەبێت هەتا هەتایـە، هـەر مـن بـۆ نـان و ناودەنگ دەروەستی خۆم بێم؟. ئاوڕێکی لە دەرگاکـە دایـەوە. بینـی هـەردووکیان بـەو پـەڕی کامەرانییەوە شادە بزان دەگۆڕنەوە. ڕووی کردەوە شـێرزاد. ئەم نان و ڕۆنـە لـە دەسـت خـۆت مەدە، مەشترسە، خانوو و جێگـە و ڕێگـەی خـۆش و بێترسـی ڕۆژ و شـەوم هەیـە، وانـەزانی منداڵانە خۆم و تۆش، بە فەتارەت دەدەم. بڕوام پێبکە لـە ڕابـواردن و خۆشەویسـتیدا بترازێـت مەبەستێکی دیکەم نییە. تۆ من ناناسیت و نازانیت چی دەکـەم. بـەڵام چـونکە مـن هـەموو نەهێنییەکانت دەزانم، بۆیە بەبێ پێشەکی و ترس و لێکدانەوە، ڕاست ڕەوان، بێپەناو پێچ دڵـی خۆمم بۆت کردەوە. تۆش هێندەی ژنێك بـوێربە.".

شێرزاد واقی وڕما. تاکو ئێستا ئەو گێچەڵی بە چل کچ دەکرد. دوانیان بـە سـەرگرانییەوە بۆی نیوە ڕام دەبوون کەچی هەنووکە خۆی بە سەرگرانییەوە ڕامـدەکرێت. شـێرزاد بـە تـرس و گومانەوە: "من لەم شتانە دوورم، خەریکی نان پەیداکردنی خۆمم.".

ژنە: "نانت لە ئەستۆی من! (ناوی دۆستێکی جوانی شێرزادی بـرد گـوتی) تەلـەفۆنی بـۆ بکەم بێت. دەتەوێت ئێستا دووکانەکەت پڕ یار و کۆنە دۆستانت بکەم؟".

شێرزاد: "ئاخر من لە دووکان دەرنەکەوتووم و زۆریـش بـە نـەهێنی دەسـتبازی و گەمــەی سەرپێیمان کردووە.".

خاتوون: "بەڵام من لە تۆ بە نەهێنی تری دەکەم. خۆشیی بەدرێژایی شەوی سەر سیسەم لـە کوێ و ئەو پێدامیستنەی بە ترس و لەرزی پەنا پەردە لەکوێ؟ شتێکی دیکـەش هەیـە دەبێـت بیزانیت ئێمە دوانین، دەبێت یەکێکی دیکەی وەك خۆت تەڕ و ناسك و لێزانیش بۆ تیپەکەم (بە دەست و بە پێکەنینەوە ئاماژە بۆ هاوگیانەکەی دەکات) بۆ ئەم خاتوونەی لەگەڵ لێخوڕەکە لـە دەرگا وەستاوە، لەگەڵ خۆت بێنیت. ژمارەی تەلەفۆنی تایبەتی رابواردنم: (...) ژمارەی ئەوەی تۆشم وەرگرتووە. جارێکی دیکەش پێت دەڵێمەوە مەترسە. دوو خانووی رابواردنمـان لـە نێـوان دوو کۆڵانان دایە، کلیلی دەرگای پشتەوەت دەدەمێ بێترس لـە کـاتی نوێـژی خـەوتنان وەرنـە ژوورەوە. هەرگیز من یا ژنێکی دیکە لەم دەرگایەدا نەبیندراوین. لە دەرگـای پێشەوەشـدا لـە خۆم و (بە پێکەنینەوە)، هاوگیانەکەم بترازێت کەسێکی دیکە نابینن بـێن و بچـن. وەك گـوتم مانگانە یەك یا دوو شەو پیاوم لە هەولێر یا لە ماڵە، ئەویش هەر خەریکی نووسین و ژماردن و کۆکردنەوەی پارە و پەرتکردنی نارەوا و ئافرەتی پیس و بادەنۆشی و قومار کردنە، بۆیە دەبێـت ئێمەش چەندی بکرێت پەرتی بکەین، بنۆشین، رابوێرین. پێشم گوتوە یا نابێت تۆ گێـرِڵ فرێنـد (ئافرەتی دۆست)ت هەبێ، یا منیش دۆستی پیاو دەگرم و بێدڵی خۆم ناکەم!. گوتی: باشە بەڵام زۆر بە نەهێنی بێت، جارجارەش هـاوڕێی بیـانی خۆمـت بـۆ دەنێـرم، بێـدڵییان نەکـەیت، بـە پەیوەندی ئێمەش نەزانن.

داخوازی سێیەمیشمان ئەوەیە: بۆ ئەوەی رابواردنەکەمان چـێژ شـیرین و خۆشـی بـــەخش بێت، ئێمە تاکو نیوەی شەو بە پێی داوا و فەرمانی ئێـوە، چۆنتان بوێت بەرفـەرمانتان دەبـین. لەو کاتەش بەدواوە تا بەیانی دەبێت ئێوە خۆتان بدەنە دەستی ئێمــەوە.".

ئەسپە ژن وەرزانە دۆستێکی و ساڵانە چوار دۆست دەگۆڕی. لـە دوای نیـوە شـەوی یەکـەم جاری دۆستی نوێیەوە خۆی و دۆستەکەی بە رووتی و بە سەرخۆشی دەچوونە ژوورێکی دیکە کە دوو سیسەمی دوو نەفەری تێدابوو. هەوگیانەکەشی هەر وای دەکـرد، ژنـەکان دەهاتنـە دەرەوە

دەرگایان لە سەر پیاوەکان کلیل دەدا. یەکەو وانەکێکی دەستکردی پیاوانیان دەبەستا، هەردووکیان پیاوکوژی کارامە، دەست بە دەمانچە لە پیاوێك دەچوونە ژوورەوە و دەیانگوت: "لەم خانووەدا چەکداری تایبەتیشمان هەیە. ئێستا نیوەی شەو تێپەڕیوە، نۆرەی خۆمانە، بەڵام لە گەڵتان نیان دەبین، واناکەین ئازارتان پێ بگات.". بە نۆرە سواری پیاوێکیان دەبوون. ئەویان جێ دەهێشت و دەچوونە گژی ئەوەی دووەم. پاشپەڕیان بەویش دەکرد. ئینجا هەریەکە و دەچۆوە لای پیاوێك. پێشیان دەگوتن: "ژوورەکەمان کامیرای نادیاری تێدایە، مەترسن، هەندە، ئەمەشمان بۆ ئەوە بوو: بزانن ئاوەژۆ بوونەوەش هەیە، ئەوەی بۆ خۆتان بە راستی بزانن، بۆ ژنانیشی بە رەوای ببینن. ئیدی لە مرۆ بە دواوە لە ئێوارەوە تا بەیانی بەر فەرمانتانین. لە جاری دووەمدا وێنە و چەند گرتەیەکی سێکسی ناسروشتیان پیشاندەدانەوە.".

... ... ...

ئێوارەیە و خەپڵەی خۆر بەخۆرئاوای ئاسمانەوە زەردێکی نارنجی سوورباو هەڵگەڕاوە. لە سەر قەڵای هەولێرەوە، دوو هەڵۆ دوور لە یەکدی لە بنمیچی ئاسمان لەنگەریان گرتووە و دەبریسکێنەوە، لەژێر ئەوانیشەوە تاك و رەوەی بارانبڕە و کۆتری کێوی و ماڵی، کووکووختی و پاساری تێك دەسووڕێن. کە چاوت بەرەو ئارامگەی سوڵتان موزەفەرەدینی زاوای سوڵتان سەلاحەدین دادەگێڕی، جمەی خەڵکەکەت دەکەوێتە بەرچاوەوە، لەولایشەوە منارەی چۆلی لەناو حەشاماتەکەدا سەری شکاوی هەڵدەکێشێت... ئاماژە بۆ شوێنی شکانی ئەسکەندەری دوو شاخ و کەرخی گەزنەیفۆنی قەڵەمدار و جێگەی کەسیرەبوونی هۆلاکۆ و نوانگەی سەنحاریب دەکات.

لە تاریکی هەمان شەودا، حەوت جار بە دوای یەکدا، رووناکی گەورە گەورە بلاچەیان دا. سێبەری کفن لەبەرێك لە تەك دەرگاکەی باشووری پیرە قەڵاوە دەرکەوت، کە دەرگاکەی کردەوە، ئەو لە شوێنی خۆیدا داگیرسا و بووە یەك پارچە رووناکی سەوز، بەهاری قەڵا و منارە و کۆنە هەولێر بە تەواوی درەوشایەوە...

لە تەك شۆستە و دیواری رۆخ ئەو شەقامەی بووەتە جغزی دەوری قەڵاکە، رووەو سێڕیانەکەی کۆنە باتە، توونێلێکی ئەشکەوتانی دەمی داپچڕی. لێزمە رووناکییەکی لێوە

دەرچوو. لەگەڵ بریسکەداندا توولی دڕکاوی پنجە مارگرەکان[352] بە پێکەنینــەوە هەڵدەپــەڕین و تێك دەئاڵان و رێی مار و مرۆیان نەدەدا بە قەڵا هەڵبگەڕێن. بەهارەکەش لــە ((ئــاوی مــیری، کارێزەکانی خۆرهەڵات، گردی کلك مشك، قەڵامورتك و باداوە)) گیرسـایەوە.

کەتە ریشسپییەکی کڵاو لەسەر و کەرِك لەبەر، لەبان قەڵا و لــە ئاسـتی توونێلەکـەوە، تـا نیوەی سنگی، خۆی هەڵکێشا، بە هەردوو دەست و باسکی بــە کەلەنگوچـکی[353]، دوو تـابلۆی بەرزکردەوە. نازانم پیرە بوو یا تابلۆکان یا هەر دوو لایان؟ داگیرسان، شــەقام و بــازاڕی ســەوزی دەوروبەری ســوور و زەرد داگەڕانــد. تابلۆکــان گــەرم داهــاتن، ســووربوونەوە. ناڵــەیێك هــات، نەڕاندی، بەڵام نەزاندرا ئاخۆ دەنگی پیرە بوو یا تابلۆکان. نەڕینەکە نووسینی سەر تابلۆکەی بە حینجەیی دەخوێندەوە، لەگەڵ گۆکردندا وشــەکان تێکــەڵ و پێکــەڵ و رســتەکانیش پچرپچــڕ و نارِەوان دەبیستران، بەڵام هەموو ئەوانــەی گۆێیــان لێــی ببــوو، دەیــانزانی ئاوازەکــەی ئــاوازی سەردوولکەیەکی دێرینە، کوڕ مردووێکە و بە سەر جوانەمەرگەکەیدا هەڵدەڵێت.

ناوە ناوە سەگێك و ماینێك و شێرێك لە تەکیاندا دەحەپین و دەیانحیلانــد و دەبریســکانەوە. سەردوولکە بێژ پەیتا پەیتا هەڵدەچوو، تانی دەدان، وردە وردە دادەمرکایــەوە، بەهەنســکدان و قوڕگی بەگریان خنکاوییەوە، بە ئــاوازی نیمچــە ســەردوولکەوە، مێــژووی پشــتە کۆنینــەکانی ئەربائیلۆی دەخوێندەوە. لە پشووی نێــوان خوێندنەوەکانیــدا، لاوکــی قــۆز قــۆزی رەشــپۆش و نەبیستراوی بەسەر هەردوو دەرگای کۆنــە قــەڵا و شــوورەی پــان و بــەرزی مەڕمــەڕین و شــێرە پیاوانی ((سوڵتان مزەفەر، کوڕەکەی مســتەوفی، مــەلای خولــەکان، خــەیروڵڵا عەبدولکــەریم، رەمزی نافیع، مەلافەنــدی، ئەحمــەد پاشــا، یــەعقوبی، حەیــدەری، تەهاغــەی گــەورە، کــەریم بەغدایی، موفتی و فەیزی و ...)) هەڵدەگوت. ئــەوەی دەیگــوت، نەیدەگوتــەوە. لــە هــەموو دوابەندێکیدا: ((گوم بوون، گومتانکردن، گومتانکردین...)). (کە کفتایی دڵی دەکوشت ئەوجا دەکەوتەوە خوێندەوە. لە دوای هەر نۆرە خوێندنەوەیەکیشیدا دەیگوت: "دەوێتــانی دەوروبــەر، سپڵە و تەرەسانی خۆمان، هەر تەسمان دەکەنەوە".

---

٣٥٢ - مــــــارگر: رووەکی کەبەر. شەفەلە، شفلح.

٣٥٣- کەلەنگوچك: فەقیانە.

پیرە بە خۆی و بــە دەیــان تارمــاییی گــەورەوە ســێ جــار بەرەوپشــت بــە دەوری قەڵاکــەدا سوڕایەوە،. لە پشتی ئەوانیشەوە مام گیوی بە کەشیدەی رەشی ریشــدار و مـــرادخانی رەنــگ ئەفسەری دەرکەوت، کــۆمەڵە پیتێکی مســین و چـــەند دانەیــەکی دارینیشــی بەدەســتەوەبوو. تەنیا و خەماوی بەدیار چاپخانەکەی و کۆمەڵە پەرتووکێکەوە ئەســرینی ســێ ریــزی دەرِشــت. سەری بادەدا و بە تـــووڕەییەوە دەیفەرمـــوو: "حـــوزنی بــرام و ئــاپۆ هــێمن و مــام هــەژار و کاکەحەمە و یارۆ مەم و بەندەیش لە سابڵاغی قازییــەوە هــاتین، مــەرزی تەلــدرك و کارەبــا و مینمان بڕی، بە چیای داسنیان هەڵگەڕاین، لە تەك قەڵاو خەرەندی مــیری ســۆران، لــە گــەلی عەلیبەگەوە تێپەڕین، بە رشتی[٣٥٤] و رەشیدییەوە[٣٥٥] کۆشاین، بە خەمی گەرم و نانی ساردەوە، لەسەر پەنگر و لە ناو بەستەڵەکدا، بــە خــۆ نەویســتییەوە، بــە خــوێنی دڵ، بــۆ خۆشەویســتی ئێوەمان نووسی، بەڵام کە ئێوە پێگەیشتن، بە کردار هەر بە پێوە میزتان پێیانداکرد. کەچی لــە روو و رووخساردا لە خۆتان خوێندەوارتر، ئازا و کاراتر نەدیتراوە! لە وڵاتپارێزیی و گەلحــەزیی و رەشیدیی و پشت بەخۆبەستنی بە گفتاریش هەر خۆتانن؟".

---

**٣٥٤ - رشــت: مکوڕ، سوور. بە پێداگرییەوە.**

**٣٥٥ - رەشید: بوێر، ئازا و نەترس. بە مانای((رشید))ی عەرەبی نییە.**

## ٢٦- نەمروود بە تەمای نەمریی بوو

ناخۆرە ئەپارتمانێکی شێوە پێنج گۆشەیی، شەست و سێ نهۆمی، لە رووبەری جێگەی دوو گەڕەکان دامەزراندبوو، ئەپارتمان شار و باژێڕێکی هاوشێوە نەدیتراو بوو. رووبەری پارکەکەی دەورەشی دوو هێندە و نیو دەبوو. ژێرزەمینێکی بە قوولّی سەد مەتر لە ژێر زەوەیدا بۆ خۆپارێزی لە چەکی ناوەکی- تیشکی ئەتۆم دروستکردبوو، لە هەر چوار لاوەش روانگە و ژووری خۆشاردنەوە و چەکی تەڕدەستی بەردەست و پەیژە و رێگەی تایبەتی دەرچوونی نەهێنی و کامیرای شاراوە هەبوو. لە ترۆپکی بانەوەشیدا کۆشکێکی بە کارەبا سووڕێنی هەبوو، لەماوەی هەرکاتژمێکدا دووجار بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە. خۆی دەیزانی هاوشانی ئەپارتمانەکەی تاکو ئێستا لە ئاسیاو ئەفەریقاو ئوستralیا و ئەمەریکای باشووردا نییە، یا زۆر دەگمەنە. رووبەرێکی زۆری بەشی رۆژئاوای بالاخانەکە نەبیندرابوو، بە تایبەتی بۆ خۆی و میوانە ناودارە جیهانییەکانی تەرخانی کردبوو.

لە بەشی خۆرئاوای نهۆمی سێیەمینی ژێرزەوی گۆماوێکی کەوانەیی شووشەبەندی ژێر کلۆری دامەزراندبوو، بە چەند ناوبڕێکی شووشەیش دابەش و بەش بەشی کرابوو. بێچوە دۆلفین و تیمساحی بچکۆلە و دەیان جۆرە ماسی و قرژاڵ و مارماسی و هەشت- پێ و ماینی دەریا و گیانداری دیکەی دەریا و رووباری شیرناوی تێ کرابوو.

لە نهۆمی سێزدەمینی سەرزەوی لە ئاستی هەمان شوێنی گۆماوەکەوە، جیهانی باڵندان پێشاندرابوو: تاوس، تووتی گەورە و بچووك، کرکاك، هەڵۆی سپی، قەلەبەڵەك، قازی مل درێژ و قولنگی دامەن بە خوناو، کەودەری و شینەشاهۆ، پەنگوین، دارکونکەرە، کۆتری نامەبەر، کەڵەشێری شامی، قەلی سوور، مریشك و کەلەشێری بچکۆڵە، کۆجن[٣٥٦]ی زەبەلاح و چین و ماچین و پۆڕ، شالوور و چۆلەکە و بولبولەکانی جوانی و دەنگ و ئاواز خۆش، باڵندەی

---

٣٥٦- کۆجن: تیرەی هەرە گەورەی مریشك و کەلەشێرە، لە چین پەروەردەکراوە. هێندەی کاورێك گۆشتی هەیە.

ڕەنگـاوڕەنگی دەنــووك زۆر گــەورە و ســەربە پــۆت، لــۆقن و دەنــدووك درێــژ، ماســیگرە، نەورەس...دەبیندران

نهۆمی چواردەم تایبەت بوو بە مۆزەخانەی دەستنووس و شـاكارە هونەرییـەكانی جیهـان. لەنێو قەفەزە گەورەكانی نهۆمی پازدەمدا، پاندا و مەیموون و ئاسـكۆڵ و سمـۆرە.كوڕەبەشـە، و تـوولەی جۆراوجۆر دەخـولانەوە. نهۆمەكانی یازدە و دوازدەی هەمان بـەش، تایبـەت بـوون بـە گوڵ و رووەكەكانی جوانی، گیا و پنچك و دەوەنی ڕەنگاوڕەنگ، شێوە جۆراوجـۆری نەبینـدراو، بۆنخۆشەكان، رووەكە دڵگر و سەیر و سەمەرە و دەگمەنەكانی جیهانی تێدا بوو. نهۆمی هەشتەم جێگەی رابواردنی زۆر تایبەتە.

نهۆمەكانی دووەم و سێیەم و نۆیەم و دەیـەم چـۆلن... بـەڵام لـە نهۆمـەكانی چـوارەم تـا حەفتەمی هەمان بەشدا. لە خۆی و لە (بازە)ی راوێـژكار و (بـەدی بـەگ)ی رازگـری بـەملاوە كەسێكی دیكە نەیدەزانی چیان تێدایە و چیان تێدا دەكرێت.

لە دەرەوەی نهۆمەكانی شازدەمەوە تا دەگاتە بیست و دووەم، دارستانێكی هەڵواسراو بوو، لە شازدەمدا داری بەژن درێژ و لە بیست و دووەمیشدا چەندین جۆر دارە مێو و لاولاوەی سەیر چێندرابوون، بۆ یەكدی هەڵچووبوون و دابەزی بوون و لە نهۆمی نۆزدەمەوە تێك ئـاڵابوون، لـە لێوارەكانی دەرەوەی نهۆمی بیست و سێیەمیشدا ریـزە دارخورمـا و خورمـای جـوانی بـوو... ژوورەكانی تەك دارستانەكەیش باڕ و قومارخانەی مۆناكۆ و خواردنگەی ماگدۆلان و یاریگـە و شوێنی دەنس و ئاهەنگ گێران و رابواردنگە و نووسینگەی كاری جۆراوجۆر بوون. لە بەشەكەی خواردنگەدا، خاتوون و خۆراكی چـینی، رووسـی، تـوركی، ئیتـالی، فەڕەنسـی، ئەمـەریكی و بـەرازیلی هـەبوون. وەك نموونـە: كـە لـە فەڕەنسـییەكەیاندا دادەنیشـتم، دیكـۆر و رەفتـار و كەسەكان، بردمیانەوە پاریس و خۆم لە ماگدۆناڵەكەی كەناری رووباری سین و لەسێبەری ئیڤلدا دۆزییەوە. گوێم لە دەنگی مسیۆ مسیۆ دەبوو و فڕانسوا فڕانسواشم دەبینین.

میر ناخۆرە كێڵگەیەكی گەورەی لە دامێن چـیای سـەفیندا هـەبوو، داری گـەورە گـەورەی بەردار و بێبەری دەگمەنی تێدا چێندرابوو، چەندین ئاژەڵی دەگمەنی ماڵی و كێوی: وەك ماینی رەسەن، حوشتر، حوشترمل، حەزیا، شوور و فیل، كەركەدەن، شێر و پڵنگ، گورگ و هـەرس و سەگ و تاژی، چەقەڵ و رێوی، گورگ و كەمتیار...ی تێدا بوو. دەریاچەیەكیشی بـۆ گیانـدارە

گەورەکانی ئاویی، وەك قرش و نەهەنگ و دۆلفین و تیمساحی نەقـۆلاو چـەندین جـۆرە ماسـی زل و رەنگ و شێوە جیاواز دروستکردبوو، بـەلاّم ئەگـەر لەگـەلّ بەرپرسـان و شـاندە دیارەکـان نەبوایە ئەوا ئەو بە تەنیا کات و ئارەزووی بینینیانی نەبوو.

ناخۆرە، پەیوەندی لەگەلّ بانکەکانی سویسـری و فەرەنسـی و کەنـەدی هـەبوو. لـە خـۆی بەملاوە کەسێکی دیکە نەیدەزانی بەشی لـە چـەندین فابریکـەی ئەوروپیـدا هەیـە. بەشـدار و هاوبەشی چەندین کۆمپانیای ئـەوروپایی و ئوسـترالیی و باشـووری رۆژهـەلاّتی ئاسـیابوو. لـە باکووری ئیتالیاشدا لە شوێنێکی فێنك و دلّگـردا لـە دامێنـی چـیا و دارسـتانێکی چـڕ، کـە دەیڕوانییە رووبەرێکی فراوانی رەز و باخ لە کەناری دەریادا، ڤیلەیەکی لـە تـەك کەنیسـەیەکی تەمەن هەزار و پێنج سەد سالّی و لە بان شوێنەواری دێرینی ئیمپراتـۆرێکی رۆمـانی کڕیبـوو. ئوتێلێك و کۆشکێکیشی لە ئەسینا هەبوو. سەرەڕای ئەم کارنەی دەستێکی بالاّی لە هەوالّگری جیهانی و بازرگانی هێرۆین و جیوە و زێڕ و چەکی گرانیشدا هەبوو.

ناخۆرە بە دەگمەن لـە دەرەوە و لـە رێگـەی ئەپارتمانەکـەی دەبینـدرا، لـە زۆربـەی کاتـە ئاساییەکانیشـیدا لـەخۆی دەترسـا، هەمیشـە دەمانچـەیەکی رووتـی لەسـەرپێ لـە قـەدی، خەنجەرێکی نیوە هەلّکێشراوی لەبەر پشـتێنەکەیەوە دیـارە، سـێ پاسـەوانی نزیـك و حـەوتی نەختێك دووریشی بە دواوەیە.

کە شەپڕە لە نـاخۆرە نـۆ بـاوکی دا، ژنـەکانی یەکـەمین و دووەمینـی، بـە نیـوەی بەشـە میراتەکانیان، بۆ هەمیشە دەستیان لە دەستی بەردا و چوونە یۆنان، سێیەمیشیان لە دلّەوە بـۆ تۆلّە سەندنەوە و ئازاردانی لە لای مایەوە. سێیەمین ژنی، گەنج و شـاجوانی هـەرێم، خوشـکی ئەندازیارێکی کوردستانی ئەو دیو کە راوێژکار و سەرپەرشتیاری هونەری میر ناخۆرە بوو.

ژنە، ژن و پیاوێکی نەبووە و دلّڕەقی بۆ خزمەتکردنی ناخۆرەی نیوە مردوو بە کرێ گـرت، رۆژانە سێ جار ژێریان خاوێن دەکردەوە و سـێ ژەمـە خواردنیـان دەدایـێ و لـە کـاتی خۆیـدا دەرمانە تالّەکانیان دەکردە دەمیەوە، جارێك جلەکانیان دەگۆڕی، هەر رۆژێك نا رۆژێـك دەیـان

شووشت و سەر و قەڵەمیان دەکرد.[٣٥٧] بۆ ئەوەی کەلەکە و گرێی نێکی نەبێتــە بــرین لــە ســەر دۆشەکی پفدراو وەریان دەگێڕا و ئەمدیو و ئەودیویان پێ دەکرد.

شاجوان، بە ئەنقەست راستان رابوونی لەگەڵ خۆیدا دەباتە ماڵەوە و دەیەوێت بە بەر چــاوی نۆ باوکەوە بە یەکەوە ماچماچانێ و دەست لە ملانێ بکەن... رۆژانە چــەندین جــار چــاوی پــڕ کینەی تێدەبڕی و دەیگوتێ: "تۆ گەنجیمت کــڕی، بــە زینــدووەتی گورگــانیی هــەناومت دڕی، کەلکی هەردوو دنیامت بڕی. دەتەوێ بە کڕی لێتبگەڕێم؟ گەرەکتە بــە ئاســانی و بــە ئــارامی بمری؟ هەر تۆ نــەبووی دەزەڕی و دەتگــوت: مــن، جیهــانگرم. دنیــا دەخەڵــەتێنم! گــۆی زەوی دەخلچێنم!؟. دەستت لە سنگت دەدا و بە خۆ هەڵکێشانەوە دەتفەرموو: من تاکە ســوپەرمانی بێهاوتام، کڵاوفڕێنێکم لــە گورەگەشــەودا لــە نێــو دارســتانی ئەفســانەییدا فیــل و کەرکــەدەن دەخەسێنم. لەقەت لە ئاسمــان دەدا و مەیــدانت دەخواســت: خــۆت دەپچــڕییەوە، زیندەخــەونی سەرداران بوەڕێنم! ئەستێران وەشێرم! مــن نەڕەشــێرم شــێر و شــێری ئەڵماســی ســواوم. ئــەدی چۆنچۆنی هێندە بە ئاسانی ختت کرد گەڕە دێڵ؟ چۆنچۆنی داڕزای کۆنە تیخی تەنەکەی خــۆرك لێدراو؟. تۆ بە تەمای نەمری بوویت!. هەی نەمرودی شەپڕە لێکەوتوو! تۆ کە پاکی رابردووت ناپاکی بوو. ئایا رۆژێك مردنی خۆت بە بــیردا تێپــەڕیوە؟ نەتــدەزانی نــزای نیوەشــەوی ســتەم لێکراوێك. نووزانەوەی بەرەبەیانێ ئەو هەموو ئەسرینانە، دەبنە دەرد و ســاردە ســندانێك و لــە هەناوتا دەســرەوێت و لــە خــۆت دەڕی... نۆکــەرباوك! ئــەوەی منــی شــادکردووە و بــە مــژدە دەتیدەمێ: تــاکو کردەکــانی خــۆت نەبینییــەوە، برێــك کرێــی کارەکانــت لــە دنیــای رۆناکــدا وەرنەگریتەوە نامریت!"

ناخۆرە بەبێ هێزییەوە: هەموو ساتێکم مردنێکە، حەزدەکەم بە یەکجاری بمرم!.

ژنە: "دەزانم شادیت مردنتــە! بــەڵام بــە چ رووێــك داوای مــردن دەکــەیت؟. چــۆن چــاوت بەرامبەر گەنیوترین مــرۆ (جــانگحیز)ی باوکــت دەکەیتــەوە؟ باســی تاوانکــاری و دژایــەتی و لێپرسینەوەی خودا ناکەم، بەڵام ئاخۆ ژمارەی ئەوانەی خوێنــت مــژیون، کوشــتووینت دەزانــی

**٣٥٧- سەر و قەڵەمیان دەکرد: سەر و ریشیان دەتراشی. قەلەمی دەهێشتەوە: ژێرچەناگە و لا روومەتی دەتراشی و تەنکە ردێنێکی لە نووکە بسکەکانییەوە تاکو چەناگەیشی دەهێشتەوە. کارتە هێشتنەوە.**

چەندە؟ ئەوانە دەست بە بزۆت و تۆیزەوە بە بزێوی لە ژێر خاکەوە چاوەڕوانتن!... گیـانی پـوورە ئەسرین خەمزەدە، نەوە فرێندراوەکەی!. تۆ ئێستا لە ژیان و لـە مـردنیش بوویـت! بـەدانایی و زیرەکی خۆتەوە بیر لە چارەی سێیەم بکەوە؟ بە ماڵ و سامانەکەت هـەواری سـێیەم بـدۆزەوە!. ئاخۆ دەزانی من و یار و نەیارانت، چـی بـە سـامانەکەت دەکـەین؟ (بـە گـەرووی پڕگڕیـان و فرمێسك باراندنەوە) منی کەساس و بێکەس، بێمنداڵی لە منداڵ وەستاو... تۆ وەکو خۆتت لێ کردم. بە هیوای چی بژیم؟ چی لە ماڵ و سامانە گلاوەکـەت بکەم؟.

دەتەوێت بچیتە سەر کۆشکە خۆ سوور و سەر سوورێنەکەت، بەسەر هەموو شاردا بڕوانیت؟ یا ژێر زەمینـی دژە ئـەتۆمت دەوێـت؟. هـەی زۆرداری لـە زۆرداری!. گۆشـتی چـەند کەسـی بێتاوانت داوەتە سەگەل و گورگ و کەمتیارەکانت؟ لە خودا دەپاڕێمـەوە تەمـەنت سـەد سـاڵی دیکە درێژ بکاتەوە، بەڵام گوێ و چاو و هۆشت لە کار نەکەون!. تـۆش بپـاڕێوە رابـردووت لـە بیربچێتەوە، کەس نەناسیتەوە، بەڵام ئەوان ستەمەکانی تۆیان لەبـەر چـاو لاناچـێت. خـەڵك و خودا دەزانن تۆ هەر ئەهریمەنی نۆ باوك نەبوویت، بـەڵکو ئەهەریمـەنی مامۆسـتای گـەورەترین نۆهەد و نۆ ئەهریمەنانی!. پتر چاوی تێدەبڕێ و دەشریخێنێت: پێت چۆنە منیش بتدەمە سـەگ و گورگەکانت؟ دەترسم ئەوان لە تۆ بە وەفاتر بن، نەتخۆن!".

ناخۆرە بە نووزەوە: "خێرت پێ دەگات، دەربازم دەکەیت!".

ژنە بە گاڵتەوە: "وەیش، چـاوی دایکە تێر پیاو نەبووەکەت کـوێر بێـت!.. چـەند هـەژار و بەستەزمان و خێر لەخۆ نەدیوە!. شتێك تۆ بە خێری بزانیـت، نـەکردنی حـەوت سـەد ئەوەنـدە خێرترە! مـن دەپاڕێمـەوە: تەمـەنت سـەد سـاڵی دیکـە درێـژبێت، بـەڵکو نـەختێك پیسـی و گلاوییەکەت لەسەر دنیادا کاڵببێتەوە، بۆ ئاوکوفانیشت ببیتە پەندێکی لـەبیر نـەکراو. بوونـە پەندیش خێرە وەنا؟ مەترسە، گەلێك بە رك و سووکایەتیەوە ناوی برسی پۆخڵانت دەبرد، بە لام تۆ چی دەخوازیت، ئەو دەکرێتە دەمتەوە. رۆژانە سێ جار پاشەڵت پاك دەکرێتەوە، چی دیکەت دەوێت؟ بە چاوان بۆتی دەکەین. نامەوێت دڵت گەرد بگریت و وا بزانیت هەر بە ساغی خزمەت دەکرای، کە کەوتی و لێبڕای لە بیرکرایـت!... دەبێـت هـەموو دەمشـڕان بـزانن ژنـە گـەنج و جوانەکەت بە دیار لێکەوتەیی و پەککەوتەیی و گەنیویتەوە رونیشتووە!. بۆ ئەوەی نەڵێن: هـەر

بۆ نان و ناوجیّ[358] دەیان ویستی!. چی دیکە دەخوازیت، جگە لە مردن هەتا وەك ژنێكی ئەمەكدار بۆتی بكەم. تا زمانت ماوە پێم بڵێ چی لەسەیرانخانە و تەلار و كێڵگە و ئاژەڵ و سامان و دراوەكەت بكەم؟ گۆڕ و گومەزی تایبەتیت لە كویّ بۆ...".

ناخۆرەی مراز نەخۆر، وردە وردە گوێی تەپ و زمانی گراندەبوو. لە بەخت نەیاریانیدا، چاوی، لە چاو تەمەن و نەخۆشییەكەی، زۆر چاك بوو. رۆژ بە رۆژ لەبیرچوونەوە پتر دەستی لیّ دەستاند، تا وای لێهات تەنیا تەمەنی منداڵی، حەسار و شەڕەجنێو و تیتكدەرهێنانی دایكی و ژنانی حەسار، سەرخۆشی و چاوسووری گریانی باوكی، پیاوە ملەستوورەكانی میوانی دایكی و ئافرەتە خۆ تاسدەر و بە بۆیە و گوڵاو رازاوەكان. كوڵان و بز و جنێوی منداڵانی بزێو و داكۆكییەكانی مامۆستا هەژی. خوێندن و خوێندنگەكەیانی تا پۆلی سێی سەرەتایی بە كاڵی لە مێشكدا مابۆوە. تاكە دەنگێك كە هەمیشە لە گوێیدا دەزرینگایەوە دەنگی ئەسرینی خەمزەدە بوو. تاپۆی (كرێدی توركی تائیش)یش بەرچاوی بەرنەدەدا.

358 - ناوجیّ: ناونوێن، جووتبوون.

**ناوی کارئەکتەرە بەرچاوەکان:**

**د. شالیار کالیار: دکتۆری نوێخواز، هاوسەری شەونم. بۆرە برادەری دکتۆر شینۆ باڵداری: پرۆفیسۆری سێبەردار و راوێژکاری دەربار.**

**هەردی هەژی: خوێندکار... هەرمان: کوڕەخاڵی هەردی.**

**هەژی هاژۆ شێرەوان: پیری ژیری کۆن و سەردەم. هاوسەری هاژە و باوکی هەردی.**

**د. ئەبرەش بارێژە بابۆك: راگری کۆلێژ.**

**د. جۆمەرد جمدان کافرۆش: حەنەکباز**

**د. فاروق فەیسەڵ پێستەخۆر: یاریدەدەر، بریکار، جێگری راگری کۆلێژ.**

**کەژێ: بێوەژن، بەردەستی، سەردوولکەبێژ.**

**لەپتێن مەحلان لانەواز: بازرگانی جیهانیی کۆنە هاوڕێی هەژی.**

**هەژار بەلەنگاز: بازرگانی سەر راست و وڵاتپەروەر.**

**گەنجۆ گڕاوی، گەنە گەڕ- ئەفسەر.**

**بازین پەشمکاك باڵباز: ئەفسەری دووەم .**

**ناخۆرە نۆ باوك ( ئارام ئازا ) راوێژکار، بەڵێندەر، گەورە پیاو و دەسەڵاتداری رۆژ. کوڕی سینەم سینە رووتێ و جەنگیز مەنیجی.**

**جەنگیز مەنیج (تەیموور بەگ) باوکی ناخۆرە نۆ باوکی، لە رێ دەرچووی، پەناهەندە و گەڕایەوە .**

**دیندار دینۆ دەروێش: پیرەمێردی خاوەن زەوی و گۆڕستان، پیری زانای ئابووری و کۆنەخواز.**

**ئەسرین خەمزەدە: خێزانی شەهید رابین کاروانچی و دایکی راستان رابوونی شەهید.**

**خەمڕەوێن مامەسوورە: خێزانی راستانی.**

**بەخی خرێنە: سەرکاری ناخۆرەی. بازەی عەولا عارەبی: راوێژکاری ناخۆرەو کۆنە برادەری جەنگیزی.**

**بەدی مام بەگ: رازگری ناخۆرە**

**سەپان ساکە میراو: لیخوڕی تەکسی .**

**کرێدی تورکی تایش: بەردەستی فەرمانگەی ئایسایشی گوێڕ.**

**٢٠٠٨/٩/٢٨ – هەولێر**